# کوشتنی ئیسلام !!

[ وأن هـــذه ( الأحزاب ) تعني : **قتل الإسلام** ] ( پێشەوا عوسە یمین )

## وەڵامێك بۆ چەواشەكاران سەبارەت بە حیزبایەتی
## و ئاشكراكردنی هەندێك لە چەواشەكاریەكانیان


نووسین و ئامادەكردنی : عدنان بارام كەلاری

پێداچوونەوەی

م . عبدالكريم محمد ـ سليمانی

پێشەكی بۆ نووسینی

م . عبداللطيف أحمد ـ چوارقورنە

م . عبدالكريم محمد ـ سليمانی



چاپی یەكەم ١٤٣٢ ك ـ ٢٠١١ ز

---

لەبڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

كتێبی ژمارە ﴿ ٩٤ ﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی مامۆستای بەڕێزم

## مامۆستا ( عبداللطيف أحمد الأمين )

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ... سوپاس بۆ خوای پەروەردگار کە هیدایەتی داوین بۆ دینی ئیسلام لە نێوان گشت ئایینەکان .

وە داوای لێ دەکەین کە هیدایەتیشمان بدات بۆ ڕێبازی ڕاستەقینەی سەلەف لە نێوان گشت ڕێچکەکانی ناو بازنەی ئیسلام کە دراونەتە پاڵ ئیسلام .

بەڕاستی ئەم دوو هیدایەتە گەورەترین نیعمەتی خوای پەروەردگارن بە سەرمانەوە ، چونکە بە هیدایەتی یەکەم لە کافربوون و مانەوەی هەتاهەتایی دۆزەخ پاراستوونی ، وە بە هیدایەتی دووەم لە گومڕابوون و چونە ناو دۆزەخ بەندەکانی دەپارێزێت ، خوای گەورە هەردوو هیدایەتەکەمان بۆ تەواو بکات بە فەزڵ و کەرەمی خۆی ، وە لەو هیدایەت دراوانە بین کە کۆمەڵی ڕزگار بوون لە بیدعە و ئاگر .

هەروەك موجاهید دەیفەرموو : (( لا أدري أي النعمتين أعظم : أن هداني للإسلام ، أم عافاني من هذه الأهواء )) ( رواه الدارمي ) .

وە ( أبو العالية ) دەیفەرموو : (( ما أدري أي النعمتين عليَّ أعظم : أن أخرجني الله من الشرك إلى الإسلام ، أو عصمني في الإسلام أن يكون لي فيه هوى )) ( أحاديث في ذم الكلام وأهله ) .

ئەم پەرتوکەی بەردەستیشمان لە نوسینی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست ( مامۆستا عدنان بارام ) هاوکاریەکە لەم بوارەدا بۆ هیدایەت دانی خەڵك . هداية الإرشاد . بۆ ڕێبازی ڕاست ئەو تاکە ڕێگا ڕاستەی ئیسلام کە سەلەفی صالح ( پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم . و هاوەڵانی ) لە سەری بوون .

وه تیایدا نووسەر ڕوونی کردۆەتەوە کە پێویستە تەنها لە سەر ئەم ڕێگایە بڕۆین و نەکەوینە شوێن ڕێچکە کورتە تازە دروست بوو و داهێنراوەکان ، وە بە بەڵگە سەلماندوویەتی کە ڕێچکە داهێنراوەکان بەرەو ڕەزا بوونی خوا و بەهەشت نامان بەن ، بەڵکو بەرەو تووڕە بوونی خوا و پەرتەوازەیی و ناکۆکی و فەشەل و دۆزەخ خەڵکی ڕادەکێشن ، بێ ئەوەی بە خۆشیان بزانن ، هەرچەند نیەت و مەبەستیشیان پاک و ڕاست بێت !!! چونکە تەنها نیەت پاکی کاری بێ شەرعی ناکاتە شەرعی ، و (( كَمْ مِنْ مُرِيْدٍ لِلْخَيْرِ لَـمْ يُصِبْهُ )) !!

وە نووسەر زۆرێك لەو شوبهانەی هەڵوەشاندوونەوە کە هەندێك لە چەواشەکاران بڵاویان دەکەنەوە بۆ دیفاع کردنیان لە فرە حزبێتی .

خوا پاداشتی بەخێری مامۆستا عدنان بداتەوە لەسەر ئەم هەوڵە شەرعیەی ، وە پەرتوکەکەشی بکاتە هۆی هیدایەت و ڕێنمایی گشتی و نیەتمان خالیس بکات و لێمان قەبوڵ بکات ... والحمد لله رب العالمين .

**عبداللطيف أحمد الأمين**

## پێشەکی مامۆستای بەڕێز
## مامۆستا ( عبدالكريم محمد قادر )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

(( دَعُوها فإنَّها خَبيثة )) : وازی لێبێنن ، چونکە شتێکی بۆگەنە [(١)] .

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وآله وأصحابه أجمعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

**خوێنەرانی بەڕێز :** السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ... **بەرپەرچدانەوەی سەرپێچی کاران لە پێویستیە شەرعیەکانە ، بەڵکو تێکۆشانە لە ڕێگای خوادا .**

**پێشەوا ( ابن القيم ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . فەرمویەتی : تێکۆشان دژی سەرپێچیکاران چاکترە و گەورەترە لە تێکۆشان و شەڕکردن دژی دوژمن [(٢)] .**

**پێشەوا ( ابن تيمية ) ـەش . ڕەحمەتی خوای لێبێ . فەرمویەتی : هەندێ لە خەڵکی پرسیاریان کرد لە ( إمام أحمد بن حنبل ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . ، وتیان : زۆر قورسە لەلام کە بڵێم : فلاَن کەس ئاوایە ، و فلاَن کەس ئاوایە ، فەرموی : ئەگەر تۆ بێ دەنگ بیت بەرپەچی نەدەیتەوە ، و منیش بێ دەنگ بم بەرپەرچی نەدەمەوە !!! ئیتر کەی نەزان ئەزانێت ڕاست و هەڵە لەیەك جیابکاتەوە ؟!!**

**نموونەی تاوانی پێشەوای بیدعەکاران ئەوانەی قسەکانیان پێچەوانەی ( قورئان و سوننەتە ) یان پەرستنیان پێچەوانەی ( قورئان و سوننەتە ) ئاشکرا کردنی هەڵەکانیان و وریاکردنەوەی موسوڵمانان واجبە بە بڕیاری کۆی موسەڵمانان .**

**هەتا بە ( إمام أحمد ) ـ ڕەحمەتی خوای لێبێ . وترا : کەسێك بە ڕۆژوو ئەبێت و شەو نوێژ ئەکات و إعتکاف ئەکات لە مزگەوتدا ، خۆشەویسترە لای تۆ ، یان کەسێك بەرپەرچی بیدعەکاران ئەداتەوە ؟ فەرموی : ئەگەر شەونوێژ بکات و بە ڕۆژوو ببێت و إعتکاف بکات خێرەکەی**

---

(١) ( البخاري : ٣٥١٨ ) .

(٢) ( مفتاح دار السعادة ) و ( زاد المعاد ) .

**تـەنها بۆ خۆیـەتی . بـەڵام ئـەوەی بەرپـەرچـی بیدعـەکاران ئەداتـەوە خێرەکـەی بۆ گـشت موسـوڵمانانه . ئەمەیان باشترە .**

**کەواتە ڕوونی کردەوە ئەوەی سوودی موسڵمانانی تێدایە بۆ دینەکەیان تێکۆشانە لە ڕێگای خوادا ، و پاك کردنەوەی ڕێگای ئیسلام و دینەکەی و دوورخستنەوەی خراپەکاران و دوژمنکاران واجبە لەسـەر کۆمەڵێك لە موسڵمانان بەبڕیاری تێکڕای موسوڵمانان ، لەبەر ئـەوەی ئەگـەر کۆمـەڵێك لـە نـاو موسڵمانان هەڵنەسن بەپەرچدانەوەی بیدعەکاران دینی ئیسلام ئاژاوەی تێدەکەوێت ، ئاژاوە و خراپـەی بیدعـەکاران گەورەترە لە خراپەی دوژمنانی ئیسلام . لەبەر ئـەوەی خراپـەی بیدعـەکاران پێش هـەموو شتێك دڵـەکان نەخۆش دەخەن ، بەڵام خراپەی دوژمنانی ئیسلام ناتوانن لەسەرەتاوە دڵەکان توشی نەخۆشی بکـەن تـا ماوەیەکی زۆر [٣] .**

**کەواتە شەری بیدعەکاران خراپ ترە ... و ئەو زانایانەی کە بەرپەرچی سەرپێچی کارانیان داوەتـەوە . لە مێژوودا و تا سەردەمانی ئێستا . زۆرن ، لەوانەش :**

**١ . ( الإمام أحمد ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . بەرپەرچی ( جهمیەکانی ) داوەتەوە .**

**٢ . ( الإمام ابـــن تیمیـــة ) . ڕەحمـەتی خـوای لێبێ . بەرپەرچی ( صـوفیەکانی ) داوەتـەوە لـە کتێبـی ( الاستقامة ) دا ... و بەرپەرچی ( الرازی ) یشی داوەتەوە لە کتێبی ( نقض التأسیس ) دا .**

**٣ . ( الإمام محمد بن عبدالوهاب ) . ڕەحمـەتی خـوای لێبـێ . بەرپـەرچی بیدعـەکارانی داوەتـەوە وەکـو لـە کتێبی ( کشف الشبهات ) دا هاتووە .**

**٤ . ( الإمام عبداللطیف بن عبدالرحمن ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . دوو جار بەرپەرچی ( داود بن جرجیس ) داوەتەوە .**

**٥ . ( الإمام عبدالعزیز بن باز ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . و چەندەها پێشەوای تری ئەم ئیسلامە .**

**کەواتـە : بەرپەچـدانەوەی بیدعـەکاران واجبێکـی شـەرعیە ، بۆیـە پێویـستە لـە نـاو موسـڵماناندا کەسانێك هەبن کە بەم واجبە شەرعیە هەڵسن ، و یەکێك لە بیدعەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە کە پێویستە بـەرپـەرچ بدرێتەوە ، بـە بـەڵگەی : قـورئـان و سوننەت و بـۆچـوونی زانـایانی شوێن کـەوتەی (**

[٣] ( مجموع الفتاوى : ٢٨ / ٢٣٠ ــ ٢٣٢ ) .

سەلـــەفی صـالّح ) بریتیـە لـە بیدعـەی ( حزبایـەتی ) کـە دەردێکـی کوشـندە و ترسـناکی نێـوان موسڵمانانە . و بۆتـە هـۆی پارچـە پارچـە کردنـی ڕیـزی موسـڵمانان . بۆیـە ئەگـەر مـوسڵمانـــان لـــەم نـــەخۆشیە کـــوشندەیە وریـــا نەکرێنـــەوە بێگومـــان خیانەتـە لـــە خـــودی ئیسلام و پـــاشان لـــە موسڵمانان ، چونکە ئـــەوانەی بەنـــاوی ئیسلامەوە حزبـــایەتیان حـەلاڵ کـردووە بـــۆ بـــەرژەوەندی خـــۆیـــان ، و بۆ گەشتنیان بە پلە و پایەی دنیای خۆیان لەسەر حسابی ئیسلام و موسڵمانان ، چونکە زۆری موسڵمانان لەگەڵ بەردەوام بوونیان لەسـەر تـاوان هـیچ سـودێك بە موسڵمانان ناگەیەنێت ، لەو تاوانانە . یەکگرتن لەگەڵ بیدعەکاران . چونکە واجبە بەرپەرچ بدرێنـەوە تادەست هەڵگرن لە بیدعە نەك یەکگرتن بکرێت لەگەڵیاندا !!! کەم ترین بەرپەرچـەدانـــەوە دوریێتیە لێیان نـــەك لـــەگەڵ دانشتننیان . خـــوای پـــەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ إِنَّكُمۡ إِذٗا مِّثۡلُهُمۡ ﴾ ( النـــساء : ١٤٠ ) . چارەسـەر بریتیـە لـە (( گەڕانەوەیان بۆ لای دینە حەقەکە ، کە بریتیە لە شوێنکەوتنی ( القرآن والسنة بفهم سلف الأمة ) .

یەکێك لـەو برایانەمان کە هەستاوە بەم واجبە برای بەڕێزمان ( مامۆستا عدنان بارام ) ـە ، خـــوا پـــاداشتی خێـری بـــداتەوە بـــۆ ئـــەم نووسـراوەی بـــەردەستان ، کـە بەڕاسـتی جێگـەی خۆیـەتی مـوسڵمانان بـەوردی بیخوێننەوە ، تـا پـارێزراوبن لە ( حزبایەتی ) کە بوەتە هۆی پارچە پارچەکردنی موسڵمانان ... وبالله التوفيق .

براتـان

عبدالكريم محمد قـادر

٢٦ـ ٢٧ / ١١ / ١٤٣١هـ

٣ـ ٤ / ١٠ / ٢٠١٠م

## پێشەكی نووسەر

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ باللهِ مِن شُرُوْرِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ ( النساء : ١ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٧٠ ــ ٧١ ) .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُها وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**گومان لەوەدا نیە كە بانگەشەی پێغەمبەران بە گشتی** علیهم السلام **و پێغەمبەری خۆشمان** ﷺ **بەتایبەتی لەسەر دوو ڕێساو بنەوای گەورە و مەزن دامەزراوە ، كە بریتین لە :**

**یەكەم : پەرستنی خوای پەروەردگار** ﴿ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ ﴾ .

**دووەم : خۆبەریكردن و كوفركردنە بە تاغوت** ﴿ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾ .

**خوای پەروەردگار فەرمویەتی :** ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾ ( النحل : ٣٦ ) **، واتە : بێگومان لە ناو هەموو گەل و ئوممەتێكدا پێغەمبەرێكمان ناردووە بۆ ئەوەی كە خوای پەروەردگار بە تاك و تەنهایی بپەرستن ، و دوریش بكەونەوە لە ( طاغوت ) كە هەموو پەرستراوێك دەگرێتەوە . كە خۆشی بەو كارە ڕازیە . جگە لە خوای پەروەردگار ، جا پەرستراو بێت یان كەسێك بێت شوێن كەوتراو بێت ، یان كەسێكی گوێڕایەڵی كراو بێت .**

جا هەر بانگەشەیەك متمانەی لە سەر ئەم دوو ڕێسا و بنەوایە نەبێت لە ئامانج و مەبەست و پەیڕەویدا ، ئەوا پێچەوانەی پەیڕەوی پێغەمبەرانە - علیهم السلام - ، و کەم و کوڕی تێدایە و بەرهەمی چاوەڕانکراوی چاکی لێناکەوێتەوە .

**بنەوای یەکەمیان :** بریتیە لە جێبەجێ کردنی یەکخواپەرستی و بیروباوەڕی دروست ، و گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و شوێنکەوتنی شەریعەتەکەی .

**بنەوای دووەمیش :** بریتیە لە دوورکەوتنەوە لە شوێنکەوتنی ئارەزوو و تەفریقە و پەرتەوازەکردن و بیدعە بەهەموو جۆرەکانی ، و ئەوانەش کە سەردەکێشن بۆ هاوەڵ بڕیاردان و ستەم و فاسقێتی ، و پشتکردن لە ئاینەکەی خوای پەروەردگار .

هەر ئەمەشە دوو بنەواکەی ئاین بەگشتی ، بۆیە دەبینین بانگەشە بۆ ئاین دوو مەبەست دەگرێتەوە ، کە بەبێ ئەو دوو بنەوایەی سەرەوە بەرپا نابێت ، کە ئەوانیش :

**یەکەم :** چەسپاند و پیادەکردنی ئایین و بیروباوەڕ و شەریعەت ، و فیربوونیان و فیرکردنیان ، و بڵاوکردنەوەیان و بانگەشە بۆ کردنیان .

**دووەم :** پارێزگاری کردن لە ئایین و بیروباوەڕ و شەریعەت ، و بەرگری لێکردنیان ، و ئاشکراکردنی ئەوەی کە پێچەوانەیان دەبێتەوە ، هەرهەموو ئەوەش پەیڕەوی قورئان بووە ، و کردەوە و کاری پێغەمبەری لەسەر بووە ﷺ ، خۆی و هاوەڵانی ، و پێشەوایانی پێشین و سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە ، هەر ئەوەشە ڕێگا و ڕێبازی باوەڕداران .

ئەوەتا قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار بایەخی داوە بە ئاگادار کردنەوەی موسڵمانان لە پەیڕەوی هاوەڵ بڕیاردان و بێباوەڕی و گومڕایی و بیدعەکاری ، و خستنە ڕووی گومان و پوچەڵ کردنەوەی ، و ئاشکرا کردنی پوچەڵیان .

خوای پەوەروردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا ﴾ ( الكهف : ٢٨ ) ، **واتە** : وە بە گوێی کەسێك مەکە کە دڵیمان لە یادی خۆمان بێ ئاگا کردووە ، و شوێنی هەوا و ئارەزووی خۆی کەوتووە ، و هەموو کار و کردەوەکانی خراپ و لە سنوور دەرچوون .

وه فەرموویەتی : ﴿ لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾ ( الأنبياء : ٢٢ ) ، **واتە : ئەگەر لە هەردووکیاندا . زەمین و ئاسمان . جگە لە خوای پەروەردگار پەرستراوی تر هەبوایە ، ئەوا بێگومان هەردوو کاول دەبوون ، جا پاکی و بێ گەردی بۆ خوای پەروەردگاری خاوەن عەرش لەوەی کە هاوەڵ بڕیاردەران وەسفی خوای پەروەردگاری پێ دەکەن .**

**هەروەها فەرموویەتی :** ﴿ وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ذَلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِؤُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ ﴾ ( التوبة : ٣٠ ) ، **واتە : جولەکەکان ووتیان : عوزەیر کوڕی خوایە ، خاچ پەرستانیش ووتیان : عیسا مەسیح کوڕی خوایە ، ئەوە ووتەی دەمی خۆیانە ، هاوشێوەی ووتەی بێ باوەڕانی پێش خۆیان دەڵێنەوە ، خوای پەروەردگار لەناویان بەرێت ، و نەفرینیان لێ بێت ، چۆن لە ڕاستی و ڕەوایی لادەدەن ؟!**

**دیسان فەرموویەتی :** ﴿ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ ﴾ ( آل عمران : ٧ ) ، **واتە : بەڵام ئەوانەی کە لادان و لاری لە دڵەکانیاندا هەیە شوێنی موتەشابیهەکانی ( هاوشێوەکانی ) قورئان دەکەون ، بە مەبەستی ئاشووب نانەوە و ڕاڤەکردنی نادروست بۆ ئایەتەکان بەپێی ئارەزووەکانیان .**

**وه سەدان ئایەتی تر کە لەو بارەیەوە هاتوون ، کە شوێنی باس و هێنانەوەیان ئێرە نیە .**

**هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا باس لە چەسپاندن و ئاشکراکردنی بیروباوەڕی دروست و ئاین هاتووە ، لە بەرامبەریشدا باس لە بیروباوەڕی ئارەزوو پەرستان ، و لاڕێ بووان و گومڕایانیش کراوە ، هەروەها باس لە پوچەڵی بنەواکانی بیروباوەڕیان ، و ئاشکرا کردنی گومان و شوبهە بێ بنەواکانیان کراوە .**

**ئەوەتا دەبینین سوننەتیش ئەو باسانەی تێدا بە فراوانی بەرچاو دەکەوێت ، لە کردەوە و گوفتاری پێغەمبەری خوا ﷺ ، بۆ نمونە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " لتتبعنَّ سنن من كان قبلكم "[1] ، **واتە : ئێوە ئەی ئوممەتی ئیسلام شوێنی ڕێگە و ڕێبازی ئوممەتانی پێش خۆتان دەکەون ، واتە شوێنی جولەکە و خاچ پەرستان دەکەون .**

---

[1] ( رواه البخاري ومسلم ) .

وه هەواڵێ پێداوین و فەرموویەتی : " وستفترق هذه الأمة على ثلاث وسبعين فرقـــة " [٢] ، واتـه : وه ئـەم ئوممەتەش دەبێت بە حەفتا و سێ گروپ و کۆمەڵەوه .

وه لە چەندەها فەرموودەیدا هەواڵی لاڕێبووان و گومڕایانی پێداوین ، لە خەواریج و جگە لـەوانیش ، وه ئوممەتەکەیشی لە خۆشوبهاندن بە جولەکە و خاچ پەرستان ئاگاردار کردووەتـەوه ، هـەروەرکو فەرموویـەتی : " لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد " ، قالت عائشة : يحذر ما صـــنعوا [٣] ، واتـه : نـەفرین ( لعنة ) لە جولەکە و خاچ پەرستان ، قەبری پێغەمبەرانیان کردووه بە مزگەوت و شوێن نوێژ ، دایکە عائیشە فەرمووی : ئاگادارمان دەکاتەوه لە کار و کردەوەی ئەوان بۆ ئەوەی وەکو ئەوان نەبین .

پاشان هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کۆتایی سـەردەمیان لـەو کاتانـەی کـە کۆمـەڵ و فیرقە گومڕاکـان دروسـت بـوون . وەك خـەواریج و شیعە و قەدەریـەکان . قسـەیان سـەبارەت بـە بیدعـە و کەسـایەتیەکانیان کردووه ، و موسڵمانانیان لێ ئاگاردار دەکردنـەوه ، و بەرپەرچیان دەدانـەوه بـە بەڵگـەکانی شـەریعەت ، وەك پارێزگاریەك لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و ئاشکراکردنێك بۆ ناڕەوایی و بێ بنەوایی گومانەکانیان ، و پتەوکردنی قەڵای پاراستنی ئوممـەت لـە بانگەشـەکارانیان ، بـە هـەجرکردن بێـت یـان بـە دوورخستنەوه و ناڕەحەت کردنیان .

دوابەدوای ئەوانیش شوێنکەوتوانی بەڕێزیان ، و شوێنکەواتوانی ئەوان وپێشەوایان لە سەر ئەم ڕێڕەو و پەیڕەوه بوون ، کە گرنگیـەکی زۆریـان بـەم بـوواره داوه ، و بـەزیاد بـوونی بیدعـە و بیدعـەکاران ، و گروپـە لاڕێ بووەکـان ، و گرنگـی پێـدانی ئـەوانیش زیـادی کـردووه ، هەریەکـە و بەشـێوەیەکی پێویـسـت ، و بـە ڕێگەیەکی جیاواز ئەو کارەیان ئەنجام داوه ، تاکو گەشتە ئەوەی کە چەندەها نووسـراو و کتێبیـان لـە سـەر بنووسـن ، هـەموو ئـەوەش تـەنها بۆ مەبەسـتی پاراستنی ئاین و نـەوەی موسڵمانان لـە گومڕابوون و بـەرەو هەڵدێر چون ، و فەوتان .

وه ئـەوەش بڕوانێتـە مێـژووی پێشین و سـەلەفی صـاڵحی ئـەم ئوممەتـە ، و نـاوداران و پێـشەوایانی ، دەبینێت بە شێوەیەکی بەرفراوان باسیان کردووه لە پارێزگاری کردن لە بیروباوەڕ و بەرگیری کردن لێی ، و

---

[٢] صححه العلامة الألباني في : ( سلسلة الأحاديث الصحيحة : ٣ / ٤٨٠ ، برقم : ١٤٩٢ ) ، و في : ( صحيح سنن ابن ماجه : ٢ / ١٣٢٢ ، برقم : ٣٩٩٢ ) .

[٣] ( رواه البخاري ومسلم ) .

بەرەنگار بوونەوەی بیدعەکاران ، و لارێ بووان ، ئەوەتە لە هاوەڵان : (( أبو بكر و عمر و عثمان ، و علـــي ، و ابن مسعود ، و ابن عباس ، و ابن عمر ، و عائشة ، و أسماء )) رضي الله عنهم و چەندەها هاوەڵی بەڕێزی تری پێغەمبەری خوا ﷺ بەو کارە هەستاون .

وە پاش ئەوانیش لە شوێنکەوتوان جگە لەوانیش : (( أبـــو العالية ، و ابن سيرين ، و ابن المسيب ، و عطاء ، و مجـــاهد ، و أوزاعي و ، أيوبي السختياني ، ابن المبارك ، و مالك ، و أحمد بن حنبل ، و البخاري ، و البربهـــاري ، ابن خزيمة ، و ابن بطة ، و الآجري ، و اللالكائي )) . بــە ڕەحـــمـــەت بـــن . ، و قوتابییانیان ، و سەدەهای تر کە لە ژماردن نایەن ... بەو کارە هەستاون .

تا سەردەمی پێشەوا ابن تيمية ، و قوتابییانی : ابن القيم ، و ابن كـــثير ، و الـــذهبي ، و ابـــن رجـــب . بە ڕەحمەت بن . ... پاش ئەوانیش سەردەمی پێشەوا محمد ی کوڕی عبدالوهاب ، و قوتابییانی ... تا دەگاتە ئەم سەردەمەی خۆمان : پێشەوایان (( ابن باز ، و الألباني ، و ابن العثيمين ، و الوادعي ، و الفوزان ، و المـــدخلي )) ڕەحمەتی خوای پەروەردگاریان لێ بێت ، و سەدان زانای تر بەو کارە هەستاون ، بۆیە هەستان بەم کارە بە درێژایی مێژووی پرشنگ داری ئەهلی ( الحديث ) ، و ئەهلی سوننە و جەماعە کار و کردارێکی نامۆ نەبووە ، چونکە بەرەنگار بوونەوەی بیدعە و بیدعەکاران ، و ئارەزوو پەرستان داواکاری ئاینە و ڕێباز و ڕێچکەی هیدایەت دراوانە ، وە بە بەشێك لە تێکۆشان دادەنرێت لە پێناوی خوای پەروەردگار و بەرزترین پلەی فەرمان کردنە بەچاکە و یاساغی کردنیشە لە خراپە ، وە یەکێکیشە لە مەبەستەکانی بانگەواز .

ئەوەتا پێشەوا يحيى ی کوڕی يحيى دەفەرموێت : (( الذَّبُ عَن السُّنَّةِ أَفْضَلُ الجِهَادِ )) (٤) ، واتە : پاراستن و پارێزگاریکردن لە سوننەت باشترین شێوەی تێکۆشانە .

بێگومان تێکۆشان بە نووسین بەشێکە لە تێکۆشانی زمان ، بۆیە لەم ڕوانگەوە ، و بەپشت بەستن بە خوای پەروەردگار دەستم دایە نووسینی ئەم پەرتوکە ، سەبارەت بە حزبایەتی ، و بەرپەرچ دانەوەی بانگەوازکارانی ، کە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان ئامادەن بۆ هەموو سەرپێچی و پێچەوانە بوونێکی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و ووتەی پێشەوایان و زانایانی گران قەدر و پایەبەرزی ئەم ئاینە پیرۆزە !!!

---

(٤) ( مجموع الفتاوى : ٤ / ١٣ ) .

وه ئەگەر کەسێك لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بڕوانێتە بار و حاڵی موسڵمانان : ترسناکی بارودۆخەکەی بەرچاو دەکەوێت ، کە چۆن لە ناوەوە بیدعەکاران و چەواشەکاران ، و لە دەرەوەش گەلانی کوفر و بێ باوەڕی چۆن دەمیان کردووەتە ناو لەشی پاکی ئەم ئوممەتە پارچە پارچە و پەرتەوازە کراوە !!! کەچی بانگەوازخوازانی حزبایەتی . بە گومانی چاکسازی . ئەوەندەی تر بارودۆخەکەیان شێواندووە و لە جیاتی چاو ڕەشتنی ئوممەتەکەیان و ڕازاندنەوەی هەستاون بە کوێرکردنی چاوی ئوممەتەکەیان ، و زیاتر لاوازکردنی ، بە شێوەیەك زیاتر و زیاتر دوژمنانی تەماحیان تێکردووە !!

لەولاشەوە نەوە و وەچەیەکی پاك و دڵسۆز بۆ ئاینەکەیان هاتووەتە کایەوە کە زیاتر لایەنی سۆز و عاتیفەت زاڵە بەسەریانەوە ، بێ ئاگا لە بنەواکانی بیروباوەڕ و پەیڕەوی سەلەفی صاڵحیان ، بۆیە دەبینیت هەردەمە و بەچەشنێك لە گەڵ هەموو بایەك دێن و دەڕۆن ، و دەکرێن بە سووتەمەنی مەبەستی کەسانی هەل پەرست وچەواشەکار ، وعاشقانی کۆشك وتەلاری حوکم ودەسەلات !!!

هاوشان بەوەش دەبینیت خەڵکانێك و لە ژێر چەندەها ناونیشانی جۆراوجۆر و زل زلی بێ ناوەڕۆك هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوە ، لە ڕاستیشدا درێژبوونەوەی گروپ و کۆمەڵە گومڕاکانی کۆنن ، و جگە لە ناوەکانیان لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازیەکیان نیە ، و خەڵکی موسڵمان لە خشتە دەبن ، و لە ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی لایان دەدەن !!! ولا حول ولا قوة إلا بالله [٥] .

بۆیە پێویستە لە سەر ئەو کەسانەی کە لە توانایاندا هەیە هەوڵی پاراستنی ئاینەکەیان بدەن لە هەموو ئەو شتانە . سەرەڕای ئەوەی کە خوای پەروەردگار خۆی کەفالەتی پاراستنی ئاینەکەی خستۆتە لای خۆی . چونکە هەموو نەخۆشیەك دەبێت چارەسەر بکرێت ، ئەگینا هەمووان دەگرێتەوە ، و تەڕ و وشکی موسڵمانان دەبنە سوتەمەنی ئەو ئاگرە ، بۆیە چارەسەری ئەم نەخۆشیەش . واتە تەفریقە و پەرتەوازەیی و حزبایەتی . بەوەیە کە زانایان و فێرخوازانی زانستی شەرعی هەستن بە :

یەکەم : بڵاوکردنەوەی سوننەت و ڕوونکردنەوەی بۆ موسڵمانان ، و فێرکردنیان ، و پەروەردەکردنی نەوە و وەچەکانی ئیسلام لە سەری ، لە گەڵ گرنگی دان بە سەرگوزشتەی هەڵگرانی و پەرتوك و نووسراوەکانیان ، بە فیربوون و کردەوە پێکردنیان .

---

[٥] ئەم پێشەکیە کورتکراوەی پێشەکی پەرتۆکی ( دراسات في الأهواء والفرق والبدع وموقف السلف منها ) یە ، لە نووسینی ( الدكتور ناصر بن عبدالكريم العقل ) .

دووەم : ئاشـكراكردنی پـەیڕەو و بەرنامـەی کۆمـەڵ و گروپـەکانی ئـەم سـەردەمە و چەواشـەکاری چەواشەکارانیان ، لە گەڵ خستنە ڕووی سیفەت و شێوازی کاریان ، و نیشانەی جیاکەرەوەیان ، بۆ ئەوەی موسڵمانان بیانناسنەوە و لێیان بە ئاگابن ، شاعر دەڵێت :

وأنـا المقارع خبثهم عن نفسه بالـرأي بالأسلوب والبرهـان

بعقيدة سلفيـة أثـريـة وصوارم مـن سنـة وقـرآن

وە شاعیرێکی تر دەڵێت :

فيَامَنْ أتَانـا عارضًا رُمـحه وفِـي بني العـم أقـوامٌ أشدُّ من الأُسُدِ

وقد سئِمتْ نفسي سِوَى مـا كتبته وكم في الزَّوَايا مـن خَبايَا بلا عـدِ

ومِثْلُكَ عنـدِي لا يـردُّ كلامُـهُ ولَكنْ دعَى داعٍ إلـى ذلك الـرَّدِّ

جا داواکارم لە پەروەردگاری میهرەبان ئەم نووسینە بە تێکۆشان دابنێت لە پێناو ئاینە پیرۆزەکەی ، و ببێت بە جێگەی وەرگرتنی ، و لە ڕۆژێك پاداشتی نووسەر و هاوکارانی بداتەوە کە سەبارەت بەو ڕۆژە خۆی فەرموویەتی : ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

باوکی سوننە
عدنان بارام کەلاری
کەلار . کوردستان . عێراق
(٥) ی ڕەمەزانی (١٤٣٠) ك

بسم الله الرحمن الرحيم

## دەستپێك

هەرچەندە ڕەنگە . ئەم دەسپێکە . درێژکردنەوەی باس بێت ، لە ڕواڵەتدا ، و خوێنەر چەند ساتێك دوابخات لە گەیشتن بە ڕاستی ئەو باسانەی کە ناوکرۆك و مەبەستی ئەم نووسینەیە لەم پەرتوکەدا ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەوەم بە پێویست زانی کە بنووسرێتەوە و چەند بنەوایەك . لە بنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعەی . تێدا بخەمە ڕوو ، ئەوەش بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە و هەر بابەتێکی تر لەم جۆرە باسە ، وە بۆ ئاسانکاری گەشتن بە ڕاستیەکان ، جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەڵێم :

### بنەوای یەکەم : زانایان هۆکار و پارێزەرن لە لاڕێ بوون و تیاچوون :

لە فەرموودە ( صحیح ) ەکانی سەروەرمان محمد ﷺ دا هاتووە کە زانایان میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەرانی خوان . علیهم السلام . ، ( أبو الدرداء ) رضي الله عنه لەو بارەیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : " إنَّ العلماءَ ورثةُ الأنبياء ، وإنَّ الأنبياءَ لـمْ يورِّثوا ديناراً ولا درهماً ، وإنَّما ورَّثوا العلمَ ، فمن أخذه أخذ بحظ وافر " [1] ، واتە : زانایان میراتگری پێغەمبەرانن . علیهم السلام . ، وە پێغەمبەرانیش . علیهم السلام . دینار و درهەمیان بە میرات بە جێنەهێشتووە ، بەڵکو زانستیان بە میرات بە جێهێشتووە ، جا ئەو کەسەی ئەو زانستە فێرببێت ، خێرێکی زۆر گەورەی بۆ خۆی بە دەست هێناوە .

لەبەر ئەمەیە دەبینین خوای پەروەردگار فەرمان دەکات . لە کاتی نەزانیندا . بگەڕێینەوە بۆ لای زانایان و پرسیاریان لێ بکەین : ﴿ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ ( النحل : ٤٣ ) ، واتە : ئەگەر شتێکتان نەزانی پرسیار لە زانایانی شەرع بکەن .

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە بە شێوەیەکی کرداری . واتە سەلماندنی ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ لای زانایان پارێزەرە لە تیاچوون و گومڕابوون . با بڕوانینە ئەم بەسەرهاتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ

---

[1] صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ( ٣٦٤١ ) .

سەبارەت بە پیاوێك بۆمان دەگێڕێتەوە كە (٩٩) كەسی كوشتووە ، بەڵام فەتوای زانایەك دەبێتە هۆی پاراستنی لە تیاچوون و سەرفرازی دواڕۆژ و ڕزگار بوونی و دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ بەدەست هێنانی سۆز و لێخۆشبوونی خوای پەروەردگار ، ( أبو سعيد الخدري ) بۆمان دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إنَّ عبداً قتل تسعةً وتسعين نفساً ، ثُمَّ عرضت له التوبة ، فسأل عن أعلم أهل الأرض ؟ فدُلَّ على رجل ( وفي رواية راهبٍ ) فأتاه ، فقال : إني قتلتُ تسعةً وتسعين نفساً ، فهل لي من توبة ؟ قال : بعد قتل تسعة وتسعين نفسا ؟! قال : فانتضى سيفه فقتله به ، فأكمل به مائة ، ثم عرضت له التوبة ، فسأل عن أعلم أهل الأرض ؟ فدُلَّ على رجلٍ [ عالم ] فأتاه فقال : إني قتلت مائة نفس فهل لي من توبة ؟ فقال : ومن يَحولُ بينك وبين التوبة ؟! أُخرُج من القرية الخبيثة التي أنت فيها إلى القرية الصالحة قرية كذا وكذا ، [ فإنَّ بها أناساً يعبدون الله ] ، فاعبد ربك [ معهم ] فيها ، [ ولا ترجع إلى أرضك فإنها أرض سوء ] ، قال : فخرج إلى القرية الصالحة ، فعرض له أجله في [ بعض الطريق ] ، [ فناء بصدره نحوها ] ، قال : فاختصمت فيه ملائكة الرحمة وملائكة العذاب ، قال : فقال إبليس : أنا أولى به ، إنه لم يعصني ساعة قط ! قال : فقالت ملائكة الرحمة : إنه خرج تائبا [ مُقبلاً بقلبه إلى الله ، وقالت ملائكة العذاب : إنه لم يعمل خيراً قط ] ـ فبعث الله عز وجل ملكا [ في صورة آدمي ] فاختصموا إليه ـ قال : فقال : انظروا أي القريتين كان أقرب إليه فألحقوه بأهلها ، [ فأوحى الله إلى هذه أنْ تقربي ، وأوحى إلى هذه أنْ تباعدي ] ، [ فقاسوه فوجدوه أدنى إلى الأرض التي أراد [ بشبر ] ، فقبضته ملائكة الرحمة ] [ فغُفِرَ له ] ... "[٢] .

واتە : بەندەیەك لە بەندەكانی خوای پەروەردگار ( ٩٩ ) كەسی كوشتبوو ، پاشان كە ویستی تۆبە بكات پرسیاری كرد سەبارەت بە زاناترین كەسی سەر زەوی ، دەستنیشانی پیاوێكی بۆ كرا ( لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە : دەستنیشانی پیاوێكی خواپەرستی بۆ كرا ) ئەویش ڕۆشتە لای و پێی ووت : من ( ٩٩ ) كەسم كوشتووە ئایا بۆم هەیە تۆبە بكەم ؟ ووتی : دوای كوشتنی ( ٩٩ ) كەس ؟! ڕاوی دەڵێت : شیرەكەی دەرهێناو ئەویشی كوشت و سەدەكەی پڕتەواو كرد ، پاشان جارێكی تر ویستی تۆبە بكات پرسیاری كرد سەبارەت بە زاناترین كەسی سەر زەوی ، دەستنیشانی پیاوێكی زانای بۆ كرا ، ئەویش ڕۆشتە لای و پێی ووت : من سەد (١٠٠) كەسم كوشتووە ئایا بۆم هەیە تۆبە بكەم ؟ ووتی : كێ ڕێگە لە تۆبەی تۆ دەگرێت ؟! بەڵام ئەبێ لەو لادێ خراپە دەرچیت كە تیایدایت ، بۆ ئەو لادێ چاكە

---

[٢] ( سلسلة الأحاديث الصحيحة للعلامة الألباني ، برقم : ٢٦٤٠ ) .

( چونكه خەڵكانێكى تێدايە تەنها خواى پەروەردگار دەپەرستن ) تۆيش لەوێدا ( لە گەڵيان ) سەرقاڵى پەرستنى پەروەردگارت بە ( نەشگەڕێيتەوە بۆ خاكەكەى خۆت چونكە شوێنێكى خراپە ) ، دەڵێت : دەرچوو بۆ لادێ چاكەكە ، بەڵام لە ڕێگادا ئەجەل ڕێگەى پێگرت و لە دواساتى مردنيدا بوو ڕووى لە لادێ چاكەكرد و خۆى بەرەو لاى فڕێدا ، لەوێدا فريشتەى ڕەحمەت و فريشتەى سزا هەريەكەيان دەيويست ڕۆحەكەى دەربێنێت ، ( ئيبليس ووتى : من لەپێشترم بە بردنى ، چونكە هيچ كاتێكى ژيانى سەرپێچى نەكردووم ، فريشتەى ڕەحمەتيش دەڵێت : ئەم پياوە لە شوێنى خۆى دەرچووە وەكو تۆبە كارێك ( بە هەموو دڵێكى ڕووى لە خواى پەروەردگار كردووە ، فريشتەى سزايش دەيووت : ئەمە لە ژيانيدا هيچ چاكەيەكى نەكردووە ) ، خواى پەروەردگاريش فريشتەيەكى ( لە سەر شێوەى مرۆڤێك ) بۆ ڕەوانەكردن ، ئەوانيش ڕۆشتنە لاى بۆ ئەوەى دادوەريان بۆ بكات ، ئەويش ووتى : بڕوانن لە هەر لادێ يەكيان نزيكتربوو ئەوا بە ئەهلى ئەوەيانى بزانن ( خواى پەروەردگاريش فەرمانى بەمەيان كرد كە نزيك بەرەوە ، و فەرمانى بەويتريان كرد كە دوور بەرەوە ) پاشان كە پێوايان بينيان پياوەكە ( بە بستێك ) لەو لادێيەى كە وويستى بۆى بڕوات نزيكترە ، بۆيە فريشتەكانى ڕەحمەت برديان ، و ( خواى پەروەردگاريش لێى خۆشبوو ) .

**شوێنى مەبەست و پێويست لە سودەكانى ئەم فەرموودەيە كە پەيوەستە بەم باسەمان ئەوەيە كە :** فەتواى كەسى خواپەرستى نەزان : بووە هۆى تياچوونى خۆى و گومڕا كردنى كابراى بكوژى پرسياركار ! و زيادكردنى تاوانەكەى ئەمەش لەبەر ئەوەى ( پرسياركار ) گەڕايەوە بۆ لاى نەزان ، و نەزانەكەش بە بێ عيلم و زانستى شەرعى فەتواى بۆ دا !!!

بەڵام كە گەڕايەوە بۆ لاى زاناى سەردەمى خۆى و فەتواى بۆدا ، بووە هۆى ڕزگاربوونى خۆى لە تياچوون و هيدايەت دانى كابراى پرسياركاريش لە تاوان وگومڕايەتى ، ئەوەش لە بەر گەڕانەوەى ( پرسياركار ) بۆ لاى زانا ، و فەتوادانى زاناكەش بە عيلم و زانستى شەرعيەوە .

**لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە :** گەڕانەوە بۆ لاى زانايان پارێزەرە لە تياچوون و گومڕابوون .

وە بەڵگە نەويستە ئەو زانستەى كە پێغەمبەرى خوا ﷺ بە ميرات بۆ ئوممەتەكەى بە جێ هێشتووە بريتيە لەو دوو سەرچاوە گرنگەى كە سەبارەتيان فەرموويەتى : " يا أيها الناس إنّــي قد تركتُ فيكم ما إنْ

اعتصمتم بهِ فلنْ تَضلُّوا أبداً : كتاب الله وسنتي " [٣] ، واته : ئەی خەڵكینە من دوو شتم لە دوای خۆم بۆتانم بەجێهێشتووە ، هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن : قورئانەكەی خوای پەروەردگار و سوننەتەكانی خۆمە .

زانایانیش ئەو زانستەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە ، بۆیە پارێزەرن لە تیاچوون و گومڕابوونی موسڵمانان ئەگەر موسڵمانان لە هەموو ڕووداو وفەتوایەكدا بگەڕێنەوە بۆ لایان .

كاری زانایان و هەڵگرانی زانستەكەی پێغەمبەری خواش ﷺ لە هەموو سەردەمێكدا هەروەكو ( إبراهيم ) ی كوڕی ( عبد الرحمن العـذري ) ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە ئەمەیە كە فەرموویەتی : " يَحملُ هذا العلمَ من كل خلفٍ عُدُولهُ : ينفونَ عنهُ تحريفَ الغالين ، وانتحـالَ المـبطلين ، وتأويـلَ الجاهلين " [٤] ، واته : ئەم زانستە لە هەموو سەردەمێكی دوای من ئەوانە هەڵی دەگرن كە دادپەروەرن : دەیپارێزن لە دەستكاری و گۆڕینی زیادڕەویكاران ، و لەو شتانەی كە پوچەڵكاران دەیدەنە پاڵی ، وە بە دووری دەگرن لە بەهەڵە ماناكردنی نەزان و نەفامكاران .

بنچینە و بنەمای گەڕانەوە بۆ لای زانایان ، دەبێت زیاتر لەو كاتانە پەیڕەو بكرێت كە فەتوادان پەیوەست بوو بە ئاسایش و ئارامی گشتی موسڵمانانەوە ، وەك خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی :

﴿ وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ ( النساء : ٨٣ ) .

واته : موونافیقە دوو ڕووەكان ئەگەر هەواڵی شتێكی پەیوەستیان بە ئاسایش و ئارامی و ترسەوە دەست بكەوتایە ، ئەوا بڵاویان دەكردەوە !! جا ئەگەر پێش بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵ و باسە بیان گێڕایەتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ وكاربەدەست و زانایان ئەوا ئەو زانایانەیان كە توانای وەرگرتنی حوكمەكانیان هەیە حوكمی ئەو كار و هەڵوێستەی كە پێویستە ئەنجام بدرێت دەردەهێنا و ڕوونیان

[٣] أخرجه الـحاكم : (١ : ٩٣) والبيهقـي : (١٠ : ١١٤) ، وصححه الإمام الألبانـي في ( صحيح الترغيب والترهيب ) ، برقم : (٤٠) وفي ( صحيح الـجامع الصغير ) ، برقم : (٢٩٣٧) .

[٤] رواهُ البيهقـي ، وصححهُ الألبانـي فـي ( مشكاة الـمصابيح ) ، برقم : (٢٤٨) .

**دەکردەوە بۆ خەڵك ، وە ئەگەر چاکە و ڕەحم و بەزەیی خوا نەبوایە بە سەرتانەوە ئەوا شوێنی شەیتان دەکەوتن جگە لە هەندێکتان نەبێت .**

**بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کە دەووترێت : گەڕانەوە بۆ لای زانایان پارێزەرە لە تیاچوون و گومڕا بوون ، نابێت موسڵمانان وا تێبەگەن کە ووتەی زانایان خۆی بۆ خۆی بەڵگەیە و پێویستی بە بەڵگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نیە ، بەڵکو دەبێت بووترێت : ووتەی زانایان بەبەڵگە ناهێنرێتەوە بەڵکو دەبێت بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە .**

**بنەوای دووەم : زانایان کێن و چۆن بناسرێنەوە ؟**

**لە بنەوای پێشوودا ئەوەمان لا جێگیر بوو کە : (( زانایان هۆکار و پارێزەرن لە لاڕێ بوون و تیاچوون )) ، ئەگەر موسڵمان لە هەموو کار و کردەوە و ڕووداوێکدا بگەڕێتەوە بۆ لایان ، بەڵام ڕەنگە لە مێشکی هەندێك لە خوێنەران ئەوە دروست بووبێت کە زانایان کێن ، و چۆن بناسرێنەوە ؟ بۆ ئەوەی کەسانی نەزانکار خۆبەزانا زان نەکرێت بە زانا ، و چەواشەکاران خۆیانی تێ هەڵنەقورتێنن ، خەڵکی چەواشە بکەن و کەسانێکیاك لێ بکەن بە زانا کەچی بیدعەکار و لاڕێبوون ، یەك گرتنەوەی مەبەستەکان کردوونی بە زانا لە لای خەڵکانی نەزان و فامکاڵ .**

**لە ڕاستیدا ـ نەك وەکو ئەوەی چەواشەکار و لاڕێبووان دەیخەنە ڕوو ـ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەووترێت :**

❑ **زانایان** : **میرات گرانی پێغەمبەرانن ـ** علیهم السلام **ـ ، نەك بەوەی کە پارە و سەروەت وسامانیان لێیانەوە بە میرات بۆ مابێتەوە ، بەڵکو میراتگری زانستەکەیانن ، ئەو زانستەی کە لە دەروون و مێشکیان و جێگیر بووە ، و بە گشتی لە کردەوەکانیان و ڕەنگی داوەتەوە ، و بانگەوازی خەڵکی بۆ دەکەن .**

❑ **زانایان** : **ئەوانەن کە عارف و پسپۆرن لە شەریعەتەکەی خوای پەروەردگار ، و شارەزان بە ئایینەکەی ، ئەوانەی کە کردەوە بە زانستەکەیان دەکەن لەسەر چاوڕۆشنی و هیدایەتەوە ، ئەوانەی کە خوای پەروەردگار دانایی پێبەخشیون ، هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی :** " يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ " ( البقرة : ٢٦٩ ) .

**واتە : خوای پەروەردگار دانایی دەبەخشێت بەو کەسانەی کە بیەوێت ، و ئەو کەسەش کە دانایی پێببەخشرێت ، ئەوا چاکە و خێرێکی زۆری پێبەخشراوە .**

❑ **زانایان** : **پێشەوایانی ئایینن بە هەوڵ و ئارامگرتنیان و تەواوی ئایینیان ئەو پلە و پایەیان بەدەست هێناوە کە هەیانە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴾ ( السجدة : ٢٤ ) .

واتە : ئێمە هەندێك لەوانمان . واتە لە نەوەكانی ئیسرائیل . كرد بە پێشەوا ، و هیدایەتیشمان دان و كردنمان بە زانا ، واتە هیدات دراوبوون لە خۆیاندا و هیدایەت دەری خەڵكیش بوون ، پێبەخشینی ئەو پلە و پایەش مەنزیلەیەش بەوە بوو كە ئارام گربوون ، و لە باوەڕ و زانینیشیاندا گەشتبوون بە پلەی یەقین و ئارامی .

❑ **زانایان** : ئەوانەن كە ڕۆڵی فەتوادان دەگێڕن و ووتەكانیان جێگەی متمانەیە لە وەرگرتنی حوكمە شەرعیەكان ، و هەوڵیان دانانی كۆمەڵە ڕێسایەكە بۆ دیاری كردنی سنوری حەلاڵ و حەرامەكان لە شەرعدا .

❑ **زانایان** : ئەو كۆمەڵەیەن كە ڕاپەڕیوون و هەستاوون بۆ فێربوون و شارەزابوون لە ئایین و پاشان هەستاوون بە فێركردن و بانگەشەكردنی موسڵمانان و ئاگاداركردنەوەیان لە خراپەكان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنْفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴾ ( التوبة : ١٢٢ ) .

❑ **زانایان** : ئەوانەن كە ڕێنیشاندەری خەڵكن ، و هیچ سەردەمێك نیە كە تیایدا نەبن ، تاكو ئەو ڕۆژەی كە فەرمانی خوای پەروەردگار دێت ، هەر ئەوانیشن سەروەر و پێشەنگی كۆمەڵەی سەرخراو و ڕزگاربوو تاكو ڕۆژی دوایی ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله لا يضرهم من خذلهم , أو خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس " [1] .

واتە : بەردەوام كۆمەڵێك لە ئوممەتەكەم لە سەر ڕەوایی و حەق هەر بەردەوامن ، سەرنەخستنی هەندێك بۆیان زیانیان پێ ناگەیەنێت ، و نەش ئەوانەی كە پێچەوانەیان دەبنەوە ، تاكو خوای پەروەردگار فەرمانی خۆی دەكات ، لە ناو خەڵكدا ئەوان هەر بەردەوامن لەسەر ئەو مەنهەجە ڕەوایە .

پێشەوا ( علي المديني ) فەرموویەتی : (( هم أهل الحديث )) ، واتە : ئەوانە ئەهلی حەدیسن .

وە پێشەوا ( أحمد ) ی كوڕی ( حنبل ) فەرموویەتی : (( إن لم يكونوا أهل الحديث فلا أدري من هم )) ، ئەگەر ئەوانە ئەهلی حەدیس نەبن ، ئەوا من نازانم ئەوان كێن .

---

[1] ( البخاري : ٧٣١١ ، و مسلم : ٥٠٥٩ ) .

وه پێشەوا ( البخاري ) لـه ( صحیح ) هكەیدا و لـه ( باب قول النبـي ﷺ : لا تـزالُ طائفةٌ مـن أمتـي ظاهرين علـى الـحق ) ، واتـة : بـەردەوام كۆمـەڵێك لـه ئوممەتەكـەم سـەركەوتوون و لەسـەر حـەقن ، فەرموویەتی : (( وهُم أهل العلم )) [٢] ، واته : ئەوانه ئەهلی عیلم و زانایانن .

❑ **زانایان** : پێشەنگ و سەری ئەو كۆمەڵەیەن كه فەرمانمان پێكراوه بەوەی كه دەستی پێوه بگرین ، و ئاگادار كراوینەتـەوه لـه ترسـناكی پێچەوانه بوونـەوه و دابـڕیین لێیـان ، بـۆ زیـاتر شـارەزابوون ، و زانینی سیفەتی زانایان بڕوانه پەرتوكی بەنرخی ( قواعد في التعامل مع العلماء : تأليف الشيخ عبد الرحمن بـن معلا اللويحق ) .

ئەمەبوو مشتێك لە خەرمانێك بۆ ناسینەوەی زانایـان ، كـه پێویـستە موسـڵمانان سیفەتیان بـزانن بـۆ ئەوەی بیانناسنەوه ، و بگەڕێنەوه بۆ لایان لە كاتی فەتوا و پرسیارەكانیاندا ، چونكه زانا ئـەوه نیـه كـه ووتەبێژ بێت و لە ووتار و دەرسەكانی ووتەی گەوره و بێ ناوەڕۆك و ڕەونەقدار بە كار بێنێت ، یـان هـەر كەسەو پەرتوكێك بنووسێت زانا بێت !!! یان نووسراوێك بلاوبكاتەوه ، یان دەسنووسێك تـەحقیق بكـات و بەچاپی بگەیەنێت !!! چونكه . بەداخەوه ئەمانه لە مێشك و بیری كەسانێكی زۆر لـه ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا بوونەته پێوەر بۆ كێشان و ناسینی زانا ، بەوەش كەوتوونەته ئەو هەڵەیەی كه كەسانی ووتـارخوێن !! و نووسـەریان لێببێتـه زانـا !!!! و دەبینیـت ئـەو جـۆره كەسـانه بوونـەتـه جێگـەی ئیعجابیـان ، و بوونـەتـه سەرچـاوەی فـەتوایان ... وەكـو : مامۆسـتا فـلان ... و سـەید فیـسار ... و حـاجی فلانـه ... و هـەزاران نازنـاوی تـر كـه تـەنها نـاوەی فریـودەره و هیـچی تـر ، بـەڵكو بەوەشـه ناوەسـتێت بـەڵكو لـه پێـشین و زانایانیش بە زاناتری دەزانێت !!! و تانه و تەشەرەش لە گەوره زانایانی ئیسلام دەدات !!!!

لێرەدا پرسـیارێك دێتـه پێشەوه و پێویـست بـەوەڵام دەكـات ، ئـەویش ئەوەیـه كـه گـرنترین ڕێگـه بـۆ ناسینەوەی زانایان چیه ؟

لە وەڵامدا دەووترێت : توێژەر و لێكۆڵەڕەوان دووای گەشت و گەڕانێك بە ناو پەڕەی پەرتۆكەكانی ( الرِّجَـال ) ، و ( الـسِّيَرْ ) دا دەبینێـت زانایـان چـەند شێوازێكیان لە كارەدا بـەكارهێناوه ، كردوویانەتـه پێوەری كاریان ، كه گرنگترینیان ئەمانەن :

---

[٢] ( فتح الباري : ١٣ / ٣٥٨ ) .

**یەکەم : ( الاستفاضة ) بەربەڵاوی و بڵاوبوونەوە : واتە بەربەڵاوبوونەوەی و زانست و ناو شۆرەتیان کە پێویست بەوە نەکات کە موسڵمانان بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە زانان یان نە ؟**

**بۆ نموونە زانایەتی : پێشەوایان (** أحـــمد **) ی کوڕی (** حنبل **) ، و (** شـــافعی **) ، و (** مـــــالك **) ، و (** أبو حنيفة **) ... و (** البخــــاري **) و (** مـــسلم **) و هەزارەها زانای تر پێویست ناکەن بەوەی کە موسڵمانان پرسیاری ئەوە بکەن کە ئەو پێشەوایانە زانا بوون یان نە ؟! چونکە بەربڵاوی شورەت و زانیاری و شوێنکەوتوانیان ، و بڵاوبوونەوەی ئەرکی ئەوەی لەسەر موسڵمانان خستووە ، و پێویست بە پرسیار ناکات دەربارەیان .**

**دووەم : گەواهی و شایەتی زانایانی تر لەسەریان ( الشهادة ) :**

**ئەم کارە . واتە شایەتی دانی گەورە زانایان لەسەر زانایانی تر کە زانان . کار و کردارێکی شوێنکەوتراوە بە درێژی مێژووی ئیسلام ، و تیایدا زانایان و پایەبەرزانی ئەم ئوممەتە . لە سەردەمانی کۆن و تازەشدا . شایەتیان بۆ فێرخوازان و زانایانی تر داوە ، و مەنزیلە و پلە و پایەیان دەرخستوە ، بۆ ئەوەی جێی متمانەی موسڵمانان بن و چەواشەکاران کە پۆشاکی درۆ و چەواشەکاری نەکەن بەبەر خۆیان و کەسانی تری نەزانەوە ، هەروەك لەم سەردەمانەدا ، و بێشەرمانە کەسانی چەواشەکار ئەو پلەیە بەخۆیان دەدەن کە وەکو زانایەك پاکانە و پلە و پایەی زانایەتی بەکەسانێکی بیدعەکار و حزبی بدەن ، نەك لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسانە شایستەی ئەوە بن ، بەڵکو تەنها لەبەر هاو حزب بوون یان لەبەر ئەوەی هاوبیری خۆیانە !!!!!**

**ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنج بێت لە کاری چەواشەکارانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە ئەو کارەیان . باسکردنی کەسانی تر بە زانا . ئەگەر ڕاستەوخۆ ئەوە دەرنەبڕن تێیدا ، بە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەردەبڕن کە خۆیان لە زانا زاناترن !!! چونکە ئەهلیەتی ئەوەیان بەخۆیان داوە کە زانایانی ئەهلی سوننە بە موسڵمانان بناسێنن !!!** ولا حول ولا قوة إلا بالله .

**پێشەوا (** محمـــد **) ی کوڕی (** صـــالح العثـــيمين **) . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بەو جۆرە کەسانە فەرموویەتی :** (( لكن مـــع الأسف الشـــديد ، إن كلمة الشهيد اليوم صارت رخيصة ، كمـــا صـــارت كلمـــة

الشيخ ، فـالآن كلمة الشيخ رخيصة ، يعني يقـال للإنسان الـذي لا يعرف كـوعه [٣] من كرسـوعه [٤] يقـال لـه : شيخ !!!!!!

وتجده يجلس في مجلس كله عوام ، ثم يقوم يتكلم بكلام فصيح بين ، وعن شجاعة ، فيقولون : هذا عالم ، لا نظير له ، فيكون عندهم شيخ الشيوخ !!!

وكذلك أيضا سهلت كلمة الإمام ، الآن لو صنف الإنسان كتابا مختصرا من أبسط ما يكون ، قالوا : هذا إمام !! سبحان الله تعالى ! الإمام لابد أن يكون عالما كبيرا متبوعا ، وليس كل إنسان يؤلف يسمى إماما ، ولهذا لـما اختلفـت المفاهيم هنا ، صارت الألقاب تشوش ، فعندما تقرأ كتابا صغيرا لأحد المؤلفين ، وتقول : قال الإمام فلان ابن فـلان ! ماذا يظن السامع ؟ ، يظن أنه إمام من أكابر العلماء ، وهذا لا يجوز ، أن نصف الإنسان بما لا يستحق ، لأن هذا فيـه شيء من الكذب )) [٥] .

**واته : بەڵام بەداخێکی زۆر گەورەوە دەڵێم : ووشەی شەهید لەم ڕۆژگارەدا بێنرخ بووە ، هەروەکو چۆن ووشەی شێخیش بێنرخ بووە ، ئیستا ووشەی شێخ بێنرخ بووە ، ئەوەش بەوەی کە بەکەسانێك دەووترێت : کە دوو سەری ئێسکەکەکانی باسکیان ( کوع و کرسـوع ) لە یەك جیاناکەنەوە !! کەچی پێیان دەووترێت : شێخ !!!!**

**وە دەبینیت لە مەجلیسی وا دادەنیشێت کە هەموو کەسانی عەوامن ، و ئەویش هەڵدەستێ بە ووتنی چەند ووتەیەکی ڕەونەق دار ، و ئازایەتی خۆی دەردەخات ، و خەڵکەکەش دەڵێن : ئەمە زانایە !! و هاوشێوەشی نیە !! بۆیە دەبینیت لای ئەوان بە شێخی هەموو شێخان دەژمێردرێت !!**

---

[٣] ( الفيومي ) **لە** ( المصباح المنير : ٢ / ٥٤٤ ) **دا فەرموویەتی** : (( الكُوعُ : طـرف الـزند الـذي يلي الإبهـام ، و الجمـع ( أَكْوَاعٌ ) ، مثل : قفل و أقفال و ( الكَاعُ ) لغة ، قال الأزهري : ( الكُوعُ ) طرف العظم الذي يلي رسغ اليد المحاذي للإبهام ، و هما عظمان متلاصقان في الساعد ، أحدهما أدقّ من الآخـر ، و طرفاهما يلتقيان عند مفصل الكفّ ، فالذي يلي الخنصر يقـال لـه ( الكُرسُـوعُ ) و الذي يلي الإبهام يقال له ( الكُوعُ ) وهمـا عظمـا سـاعد الذراع ، ويقال في البليد : لا يفرق بين ( الكُوعِ ) و ( الكُرسُـوعِ ) )) **وە بڕوانە** : ( تاج العروس من جواهر القاموس : ٢٢ / ١٤١ ) .

[٤] **وە لە** ( القاموس المحيط : ١ / ٩٨٠ ) **یشدا هاتووە** : (( الكُرْسُعَةُ ، والكُرْسوعةُ بضمهما : ... طَرَفُ الزَّنْدِ الذي يَلي الخِنْـصَرَ النَّاتِيءُ عندَ الرُّسْغِ أو عُظَيْمٌ في طَرَفِ الوَظِيفِ مما يَلي الرُّسْغَ من وظيفِ الشاءِ ونحوِها من غيرِ الآدميينَ )) .

[٥] ( فوائد من شرح عقيدة أهل السنة والجماعة " للشيخ ابن عثيمين : ١ / ٣٠ ) .

هەروەها ووتنی ووشەی پێشەواش ئاسان بووە ، دەبینیت ئەگەر کەسێك پەرتوكێكی كورت ، كە ئاسانترین شتە نووسیەوە ، دەووترێت : ئەوە پێشەوایە !!! پاكی و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگار !! پێشەوا دەبێت زانایەكی گەورە بێت ، و خەڵكی شوێنكەوتووی هەبێت ، نەك هەر كەس و نووسی پێی بووترێت پێشەوا !!!! وە لەبەر ئەوەی كە لێرەدا چەمكەكان تێكەڵ بوون ، دەبینیت نازناوەكان دەشێوێنرێن و ئاوەژوو دەكرێت ، چونكە پەرتوكێكی بچوكی یەكێك لە نووسەران دەخوێنێتەوە و دەڵێت : پێشەوا فلانی كوڕی فلان فەرموویەتی !!! بیسەر گومانی چی دەبات ؟!! گومانی ئەوە دەبات كە پێشەوایەكە لە زانایان ، ئەمەش نادروستە و نابێت كەسێك وەسف بكەین بە سیفەتێك كە شایستەی نیە ، چونكە بڕێك درۆی تێدایە .

هەر لەم بارەیەوە . واتە : هەستانی زانایان بە گەواهی دان بۆ زانایانی تری ئەهلی سوننە . شێخ ( مقبل بن هادي الوادعي ) . بە ڕەحمەت بێت . ئەم پرسیارە ئاراستە دەكات كە : (( إذا سئلنا من هـم العلمـاء السلفيون في هذا العصر ؟ فكيف نجيب ؟ )) ، واتە : ئەگەر پرسیارمان لێ بكرێت كە زانایانی سەلەفیەت لەم سەردەمەدا كێن ، چۆن جواب دەدەینەوە ؟

پاشان لە وەڵامیشدا دەفەرموێت : (( النبي ــ صلى الله عليه وعلى آله وسلم ــ يقول : " لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق لا يضرهم من خذلهم حتى يأتي أمر الله وهم كـذلك " ، **<u>فمن هؤلاء العلماء الشيخ ابن باز حفظه الله ، والشيخ الألباني حفظه الله ، والشيخ صالح الفوزان ، والشيخ ربيع بن هادي ، والشيخ عبدالمحسن العباد حفظهم الله ، ... فإن قال قائل : أنت لا تذكر الحزبيين ! قلت : لا أذكرهم ولا كرامة</u>** ﴿ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴾ ( الصف : ٥ ) )) [٦] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : بەردەوام كۆمەڵێك لە ئوممەتەكەم لە سەر ڕەوایی بەردەوامن ، سەرنەختنی هەندێك بۆیان زیانیان پێ ناگەیەنێت ، و هەروەها ئەوانەی كە پێچەوانەیان دەبنەوە ، تاكو فەرمانی خوای پەروەردگار فەرمانی دێت ، و ئەوان لەسەر ئەو مەنهەجە ڕەوایە بەردەوامن ، لەو زانایانەش : شێخ ( ابن باز ) خوا بیپارێزێت ، وە شێخی ( الألباني ) خوا

---

[٦] ( أسئلة البريطانيين من مدينة بارمنغهام عن جمعية إحياء التراث وحزب التحرير : تم التسجيل في ٢١ شوال ١٤١٧هـ ، السؤال : ١٦٢ ) .

بیپارێزێت ، وه شێخ ( ربیع بن هادي المدخلي ) ، و شێخ ( عبدالمحسن العباد ) خوا بیانپارێزێت ، ... وه ئەگەر یەكێك بڵێت : تۆ ناوی حزبیەكان ناهێنێت !! ئەوا دەڵێم : ناویان ناهێنم و هیچ ڕێزێكیشیان لەلام نیە .

**سێیەم : بە شوێنەوار و پاشماوەكانیان ( الآثار ) :**

مەبەست لە شوێنەواریان ئەو پەرتۆكانەیە كە دوای خۆیان دەبێت بە سەرچاوەی شەرعی بۆ موسڵمان ، و پاشماوە بۆیان ، وەكو : كتێبی ( الموطأ ) ی پێشەوا ( مالك ) ، و ( مسند ) ی پێشەوا ( أحمد ) ی كوڕی ( حنبل ) ، و هەریەك لە كتێبی ( الأم ، و الرسالة ، و المسند ) ی پێشەوا ( الشافعي ) ، و ( صحيح ) ی هەریەك لە پێشەوایان ( البخاري و مسلم ) پەرتوكەكانی سوونەت ، و ئەو كتێبانەی كە لە زانستی قورئان و سوننەتدا نووسراون ، و هەر هەمووشیان بە گشتی هەزارەها كتێبی تریش كە بە سەرچاوە دادەنرێن بۆ موسڵمانان ، و جێی متمانەیانن بە گشتی .

هەر ئەو سەرچاوانەشن كە زانایان ، و فێرخوازانی شەرعی لە هەموو سەردەمێكدا خۆیان و جگە لە خۆشیان لە سەر پەروەردە دەكەن ، و هانی گەڕانەوەی موسڵمان دەدەن بۆیان ، كەواتە زانایان با بەجەستەیان لە ناو موسڵمانان بڕۆن و نەمێنن ، بەڵام دڵنیان لەوەی كە شوێنەوار و پاشماوەكانیان لە ناویاندا دەمێنێتەوە .

پێشەوا ( علي ) كوڕی ( أبو طالب ) ﷺ لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (( العلماء باقون ما بقي الدهر , أعيانهم مفقودة , وآثارهم في القلوب موجودة )) ، واتە : زانایان بە مانەوەی زەمانە دەمێننەوە ، ڕاستە جەستە و تەنیان نادیارە ، بەڵام شوێنەوار كاریگەریان لە دڵەكاندا بوونی هەیە .

**جا خوێنەری بەڕێز :** پاش ئەم ڕوونكردنەوەیە ، وەك ئاشكراكردنێت بۆ هەندێك لە چەواشەكاریەكان وەك لەوەی كە كەسانێكی حزبی وەكو گەورە زانایانی ئەهلی سوننە و سەلەفیەت بە موسڵمانان دەناسێنرێت !!! لەم بەشەدا هەریەك لە ( عبدالرحمن عبدالخالق ) ی نیشتەجێی كوێت و بەڕەگەز میسری ، و ( عبدالمجيد الريمي ) یەمەنی وەكو نموونە دەهێنینەوە ، و ووتە و شایەتیدانی هەندێك لە زانایان لە سەریان دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی دەركەوێت كە ئەم دووە زانان یان چی ؟!!!! وە بەوەش

ئاشكرا دەبێت كە ئەو دووە لە زانـایـانی سەلـەفیەتن ، هەروەكو چەواشەكاران دەیڵێن ؟!!! یان حزبی و بیدعەكارن وەكو زانایان فەرموویانە ؟!!!

**كەسی یەكەم : ( عبدالرحمن عبدالخالق ) :**

( عبدالرحمن عبدالخالق ) كەسێكە بە ڕەچەڵەك و ڕەگەز میسریە و نیشتەجێی ولاتی كوێتە ، لە دوای خوێنـدنی زانكۆی لـە ولاتـی سعودیە لـە بـەر هەنـدێك كـار و كـرداری لـەو ولاتـە دوور خراوەتـەوە ، و نێردراوە بۆ ولاتی كوێت ... پاشان دەستی كردووە بە بانگەشە لەو ولاتەدا ... جا بۆ ناسینی ناوبراو با بڕوانینە ووتەی هەندێك لە زانایان سەبارەت بەم كەسە ... ئەوەش بۆ ئەوەی دەركـەوێت كـە ئـەم كەسـەی كە چەواشەكاران وەكو زانای سەلەفی !!! یان فێرخوازی زانایانی سەلەفی !!! بە موسڵمانانی دەناسێنن و پیشـانیان دەدەن !!! بـەو شێوەیەیە یـان یـەكێكی تـرە لـە چەواشـەكاری چەواشـەكاران ؟!!! جـا بـە پشتیەوانی خوای پەروەردگار دەڵێم :

**لەو زانایانەی كە لە فەتواكانیاندا باس لە ( عبدالرحمن عبدالخالق ) دەكەن :**

پێشەوا شێخ ( ابن باز ) ە . بە ڕەحمـەت بێت . كـە سـەبارەت بـە ووتـەكانی ( عبـدالرحمن عبـدالخالق ) دەرحەق بە زانایانی سعودیْ [٧] فەرموویەتی : (( <u>**هذا قول باطل**</u> ... <u>**ولا شكَّ أنَّ ما قلتَهُ في علماء السعودية غير صحيح وخطأ منكر**</u> )) [٨] .

واتە : ئەمە ووتەیەكی ناڕەوایە ... وە گومانیش لەوەدا نیە كـە ئـەو ووتانـەی كـە ووتووتن سـەبارەت بە زانایانی سعودیە ، ڕاست نین ، و هەڵەیەكی نادروست و ناقۆڵایە .

وە شێخی پایەبەرز ( الألبـاني ) یش . بە ڕەحمـەت بێت . سـەبارەت بـە ( عبـدالرحمن عبـدالخالق ) فەرموویەتی : (( <u>**في اعتقادي أنَّهُ غلبتْ عليه الناحية السياسية ، أظن انحرف في بعض الشيء عن الخط السلفي**</u>

---

[٧] ( عبدالرحمن عبدالخالق ) لە شریتی ( المدرسة السلفية ) دا دەڵێت : (( إنَّ طائفة العلماء في السعودية في عماية تامة وجهل عن المشكلات الجديدة وأنَّ سلفيتهم التقليدية لا تُساوي شيئاً )) !!!

واتە : بەڕاستی كۆمەڵی زانایان لە سعودیە سەبارەت بە كێشە نوێكان لە كوێرەوەریەكی تەواو و نەزانیدا دەژین ، وە بەڕاستی سەلەفیەتیەكەیان لاسایی كارانەیە و هیچ نرخێكی نییە !!!

[٨] ( دفع بغي الجائر الصائل ص ٢٠٣ ــ ٢٠٤ ) .

**<u>وهذا أمر ما هو بسهل</u> ))** [٩] ، **واته : به باوەڕی من ( عبدالرحمن عبدالخالق ) بواری ڕامیاری ( سیاسی !!! ) بەسەریدا زاڵ بووه ، وه گومانم وایه كه له هەندێك شتدا لایداوه له ڕێگای سەلەفییەت و ئەمەش كارێكی ئاسان نییه .**

**هەروەها له سەرزەنشتی ( عبد الرحمن عبد الخالق ) دا فەموویەتی : (( <u>أنَّهُ ليسَ إخوانياً لكن منهجهُ منهج الإخوان المسلمين ، كيف ذلك ؟ أولاً هو تحزَّبَ وتكتَّلَ ! هذا التحزُّب وهذا التكتُّل ليس على المنهج السلفي الذي نحنُ ندعو إليه</u> ... )) ، واته : ئەو ئیخوانی نیه ، بەڵام پەیڕەوی پەیڕەوی ( الإخوان المسلمين ) ه ، ئەوەش چۆن ؟ یەكەم جار : ئەو حزبایەتی كردووه و پارچەگەرێتی كردووه !! ئەم حزبایەتی و پارچەگەرێتیەش لە سەر پەیڕەوی ئەو سەلەفیەتە نییه كه ئێمه بانگەشەی بۆ دەكەین .**

**وه شێخ و زانای ئوصوڵی ( ابن العثيمين ) یش . به ڕەحمەت بێت . سەبارەت به ( عبدالرحمن عبدالخالق ) فەرموویەتی : (( كــذَّاب من وجه وضلال من وجه ... لا أنصح الشباب أن يرتبطوا بمثل هؤلاء ، يُحــذَّر منــه ، ويُحقق معه ))** [١٠] .

**واته : له ڕوویەكەوه درۆزنه ، و گومڕاكاریشه له ڕوویەكی ترەوه ... بۆیه من ئامۆژگاری لاوان ناكەم كه پەیوەست ببن به ئەو جۆره كەسانەوه ، و خەڵكی لێ ئاگادار بكرێتەوه ، و پشكنینی له گەڵدا بكرێت .**

**وه شێخ ( صالح الفوزان ) یش سەبارەت به ووتەیەكی ( عبدالرحمن عبـــدالخالق ) فەرموویەتی : (( <u>هذا الكلام يدل على حقد في قلبه على علماء الدعوة الموجودين الآن ، وهذا قليل من كثير مما قاله ـ عبدالرحمن عبدالخالق ـ عليه مسئوليته أمام الله</u> ... <u>على الطلبة أن يحذروا منه</u> ))** [١١] **، واته : ئەم قسەیه بەڵگەیه لەسەر ڕق و قینێك له دڵیدا بەرامبەر بەو زانایانەی كه ئێستا هەن ، ئەمەش كەمێكه لەو زۆرەی كه . عبـــدالرحمن عبدالــخالق . ووتویەتی كه بەرپرسیاره لێی لەبەرامبەر خوادا .. پێویسته لەسەر قوتابیانی زانستی شەرعی وریابن لێی . یان خەڵكی لێ به ئاگا بكەنەوه . .**

---

[٩] ( سلسلة الهدى والنور الشريط رقم : ١٧٣ ، الدقيقة : ١٩ ) .

[١٠] ( العلماء يتولون تفنيد الدعاوي السياسية المنحرفة ص ١٨ ) .

[١١] ( العلماء يتولون تفنيد الدعاوي السياسية المنحرفة ص ١٩ ) .

**وه زانای موجاهید شێخ ( مقبل بن هادي الوادعي ) یش . به ڕەحمەت بێت . لە وەڵامی پرسیارێکدا کــە ئەمــە دەقەکەیەتی : (( هل عبدالرحمن عبــدالخالق مبتــدع ؟ )) ، واتــه : ئایا ( عبــدارحمن عبــدالخالق ) بیدعەکارە ؟**

**وەڵام دەداتەوە و دەڵێت : (( __نعم مبتدع [ وليبلغ الشاهد الغائب ]__ [١٢] ، __مـادام يـدعو إلى الحزبيـة__** ، ورب العزة يقول : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ... **__فالتعصب لهـذه الحزبيـات الـساقطة يعتـبر بدعة__** ، ... )) [١٣] .

**واته : بەڵێ بیدعەکارە [ با ئامادەبووان ئامادەنەبووان ئاگادار بکەنەوە ] ، مادام بانگەشە بۆ حزبایەتی دەکـات ، خـوای بـەتوانا و دەسـەڵات فــەرمــوویـــەتی : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ... بــۆیـــه دەمارگیری بــۆ ئــەم حــزبایەتیە بێ نرخ و کەوتووانە بە بیدعە دادەنرێت .**

**وە لە فەتوایەکی تریدا فەرموویەتی : (( __الأمر الذي نعتقده : أن الإخـوان المسلمين مبتدعـة ، وأن جماعـة التبليغ مبتدعة ، وأن أصحاب سلفية عبـدالرحمن عبـدالخالق مبتدعـة ، وأي دعـوة تريـد أن تجمـع مجموعـة من الناس وتترك الباقين ، أو من انضم إليها تعتبر على بدعـة__** ؛ لأن الرســول ﷺ يقــول : " المسلم أخــو المــسلم لا يظلمه ولا يخذله ولا يحقره ، التقوى هاهنا بحسب امــرئ من الشر أن يحقر أخــاه " ، ورب العزة يقــول في كتابه الكريم : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ ( الحجرات : ١٠ ) ، ويقــول : ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ﴾ ( المائدة : ٢ ) )) [١٤] .

---

[١٢] هذه زيادة من شريط ( الشهاب الحارق ) فراجعه .

[١٣] ( إعلام الإخوان بما قاله المحدث العلامة مقبل الوادعي أبو عبدالرحمن في الداعية عبدالرحمن عبدالخالق وجمعيته ومجلته الفرقان ، جمعــه واعتنى به : أبو جويرية ) ( تحفة المجيب على أسئلة الحاضر والغريب ) ( نقلا عن : ( مجموع فتاوى علماء السنة الصادرة في التحذير من الفرق والأحزاب والجماعات المعاصرة : لأبي عبدالرحمن المصري : ص ٤٢ ــ ٤٣ ) .

**وە لە ووتەیەکیدا فەرموویەتی : (( وقد قلنا لعبدالرحمن عبدالخالق : ( سلفطي ) ، فالسين واللام والفاء سلفية ، والطاء واليــاء ديمقراطية ))** ( إعلام الإخوان بما قاله المحدث العلامة مقبل الوادعي أبو عبدالرحمن في الداعية عبدالرحمن عبدالخالق وجمعيته ومجلته الفرقــان ، جمعه واعتنى به : أبو جويرية ) .

[١٤] ( ص ٤٠٨ ــ ٤٠٩ : إجابة السائل ) .

واته : ئەوەی کە بیروباوەڕمانە : کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) بیدعەکارن ، وە کۆمەڵێ ( التبليغ ) یش بیدعەکارن ، و ئەو کەسانەی کە لەسەر سەلەفیەتەکەی ( عبدالرحمن عبدالخالق ) ن بیدعەکارن ، و هەر بانگەوازێك کە بیەوێت کۆمەڵێك لە خەڵکی کۆبکاتەوە و ئەوانی تر وازلێبێنێت ، یان ئەوانەی کە پەیوەندیان پێوە بکەن و بچنە ڕێزەکانیانەوە لەسەر بیدعەن ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : موسڵمان برای موسڵمانە ، ستەمی لێ ناکات ، پشتی لێ ناکات ، و ڕقیشی لێ نیە ، و ئاماژەی بۆ سینگی کرد و فەرمووی : تەقوا و لەخواترسان لێرەدایە ، بۆ تاوانباریێتی موسڵمان ئەوەند خراپەی بەسە ڕقی لە براکەی بێت ، وە خوای بەتوانا لە کتێبەکەیدا فەرموویەتی : بڕواداران برای یەکن ، وە فەرموویەتی : وە هاریکاری یەکتر بکەن لە چاکە و لەخواترسان ، و نەکەن هاریکاری یەکتر بن لە تاوان و ستەمدا .

وە سەبارەت بە کرداری ناقۆڵای ( عبدالحمن عبدالخالق ) ، و پەرتەوازەکردنی موسڵمانان لە جیهاندا بەهۆیەوە فەرموویەتی : (( فرّق - أي عبدالرحمن - أهل السنة بمصر ، وفرّق أهل السنة بأندونيسيا ، فلا بارك الله في عبدالرحمن عبدالخالق ، ... ، أما هذا - أي عبدالرحمن - فقد فرّق بين أهل السنة ... ولا تنسوا مدحه لصدام ... [ و ] هو وأتباعه [ يقولون ] في الشيخ الألباني وأخرى في الشيخ ابن باز ، وأنهما لا يفهمان الواقع )) .

واتە : ( عبدالرحمن عبدالخالق ) لە میسر و ئەندەنووسیادا ئەهلی سوننەی پەرتەوازەکردووە ، جا خوای پەروەردگار پێز و بەرەکەتی خۆی بەسەردا نەڕێژێت ، .... ، وە سەبارەت بەمە . واتە : عبدالرحمن . پەرتەوازەی لە نێو ئەهلی سوننەدا ناوەتەوە ... ئەو هەموو پێهەڵدانەیتان لە بیر نەچێت کە سەبارەت بە ( صدام ) ... ئەو و شوێنکەوتوانیشی سەبارەت بە شێخ ( الألباني ) ، و شێخ ( ابن باز ) دەڵێن : لە واقع تێ ناگەن !!!

وە سەبارەت بە دەرخستنی هەڵەکانی ، و بەرپەرچدانەوەی پێشەوا ( ربيع بن هادي المدخلي ) بۆ ئەم بەناو زانایەی کە چەواشەکاران کردوویانە بەزانا فەرموویەتی : (( ... ، ثم بعد ذلك انحرف ، وأعظم انحرافه هو تفرقة كلمة أهل السنة ، ... ، وأنصح بقراءة كتاب أخينا في الله ربيع بن هادي ( جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات ) فهو كاف وافٍ .

وأنا أشهد الله أنني أبغضه في الله لما افترى على دعوة أهل السنة فقد فرّق بين أهل السنة في اليمن ، وفي أشرطة الحرمين وفي السودان .

وأقول : **إنه لا يعتمد على أشرطته ولا على كتبه ، ... فلا أنصح بقراءة كتبه ولا باستماع أشرطته ولا أثق به ... ، بل الرجل أضلّ أمماً وفرّق كلمة أهل السنة ، وغرّ الناس بديناره لا بأفكاره** )) [١٥] .

واته : پاشان لایداوە و گەورەترین لادانیشی بریتیە لە پەرتەوازەکردنی ووتەی ئەهلی سوننە ، ... ، وە ئامۆژگاری دەکەم بەوەی کە کتێبی ( جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات ) بخوێنرێتەوە کە لە نووسینی برای بەڕێزمان شێخ ( ربيع بن هادي ) یە ، چونکە هەر ئەو کتێبە بەسە و مەبەستیش بەجێ دێنێت .

وە من پەروەردگار دەکەم بە شایەت کە لەبەر خوای پەروەردگار من ڕقم لێیەتی ، لەبەر ئەو درۆیانەی کە بە ناو ئەهلی سوننەوە کردوویەتی ، و بووەتە هۆی پەرتەوازەیی ئەهلی سوننە لە یەمەندا ، و ... ، وە دەڵێم : نابێت متمانە بکرێە سەر کاسێت و کتێبەکانی ، ... وە ئامۆژگاری ناکەم بە خوێندنەوەی کتێبەکانی ، و نەش بە گوێگرتن لە کاسێتەکانی ، و هیچ متمانەیەکیشم پێی نییە ... ، بەڵکو ئەو پیاوە ئوممەتانێکی گومڕا کردووە ، و ووتەی ئەهلی سوننەشی پەرتەوازە کردووە ، و خەڵکیشی بە دیناری کوێتی ، و بیروڕاکانی هەڵخوڵەتاندووە .

وە شێخ ( ربيع بن هادي المدخلي ) لە کتێبی ( النصر العزيز ) دا سەبارەت بە هۆکاری جیاوازی ( عبدالرحمن عبدالخالق ) لە گەڵ زانایانی سەلەفیەت فەرموویەتی : (( **إنَّ الخلاف بين عبدالرحمن وبين علماء المنهج السلفي وعلى رأسهم الشيخ ( ابن باز و الألباني ) إنَّما هو في تحريم التفرُّق أو جوازه ، فالكتاب والسنة والإجماع ، وما عليه أهل المنهج السلفي ومنهم ( ابن باز و الألباني ) تحرم التفرُّق والتحزُّب في هذه الأمَّة** )) [١٦] .

---

[١٥] ( إعلام الإخوان بما قاله المحدث العلامة مقبل الوادعي أبو عبدالرحمن في الداعية عبدالرحمن عبدالخالق وجمعيته ومجلته الفرقان ، جمعه واعتنى به : أبو جويرية ) .

[١٦] " النصر العزيز " ص : (١٦٩) .

شێخ ( ربيع المدخلي ) لە بەرپەرچدانەوەی سەبارەت بە ( عبدالرحمن عبدالخالق ) جگە لە کتێبی : ( النصر العزيز على الرد الوجيز لعبدالرحمن عبدالخالق ) کتێبی : ( جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات ، حوار مع عبدالرحمن عبدالخالق ) یشی نووسیوە .... شێخ ( صالح الفوزان ) لە پێشەکی نووسینیدا بۆ ئەم کتێبە فەرموویەتی : (( قد قام أخونا فضيلة الشيخ ربيع

**واته : جياوازى نێوان ( عبد الـرحمن ) و زانايانى مەنهەجى سەلەفيەت وە لە سەروى هەموويانەوە شێخ ( ابن باز و الألباني ) لەوەدايە كە ئايا پەرتەوازەى و پارچە پارچەگەرێتى حەرامە يان دروستە ؟!! جا ( قورئان و سوننەت و كۆڕاى زانايان ) و ئەو بەرنامەيەى كە ئەهلى مەنهەجى سەلەفيەتى لە سەرە لەوانەش ( ابن باز و الألباني ) بەڵگەن لە سەر حەرامێتى پەرتەوازەى و پارچە پارچەگەرێتى لە نێو ئەم ئوممەتەدا .**

**وە شێخ ( يحيى بن علي الحجوري ) ناوبراوى بە يەكێك لە بانگەشەكارانى حزبايەتى داناوە هەروەكو فەرموويەتى :** (( ١١ ــ **عبد الرحمن عبد الخالق : ذلك حزبي من كبار الحزبيين** كان من أصحاب إحياء التراث ، وقد أفسد أناسا كثيرين )) [١٧] .

**واته : ( عبدالرحمن عبـــدالخالق ) كەسێكى حزبيە و بەڵكو يەكێكە لە سەران و گەورەى حزبيەكان ، يەكێك بووە لە كۆمەڵەى ( إحياء التراث ) ، و خەڵكێكى زۆرى تێك داوە .**

**جا خوێنەرى بەڕێز : كـەواتـە دەركـەوت كـە ( عبــدالرحمن عبــدالخالق ) كەسێكى حزبى و هاوبيرى چەواشەكارانە نەك كەسێكى سەلەفى بێت ، وە ئاشوب گێڕ و پەرتەوازەكارى موسڵمانانە نەك زانايەك**

---

بن هادي مدخلي بالرد على عبدالرحمن عبدالخالق في هذا الكتاب الذي هو بعنوان ( جــماعة واحدة لا جــماعات وصراط واحد لا عشرات ) ، وقد وجدتهُ وافياً بالمقصود ــ والحمد لله ــ وأسألُ الله أن ينفع به )) .

**وە شيخ ( صالح السحيمي ) لە پێشەكى بۆ نووسينى بۆ ئەم كتێبەدا فەرموويەتى :** (( وصف ( عبدالرحمن عبـــدالخالق ) علماء الأمة بِما هم منه برآء بأساليب خطيرة تدع الحليم حيران ... وطعن في أخلاق العلماء ... إزاء هذه الطعون في المنهج الــسلفي والقائمين عليه تحت تأثير الحزبية المقيتة التي يتصدرها عبدالرحمن عبدالخالق قام فضيلة الشيخ الأستاذ الدكتور ربيع بن هادي مــدخلي بالرد على عبدالرحمن عبدالخالق بعد أن استفرغ وسعه وبذل جهده في مناصحتهِ سرًّا وجهاراً ، وذلك في كتابهِ الذي عنوانه ( جماعــة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات ) فقد قرأتُ الكتاب من ألفهِ إلى يائهِ فألفيتهُ كتاباً نافعاً قيماً وافياً بالغرض الذي أُلِّفَ فيه ، فيه عرض وتحليل دقيق لأقوال عبدالرحمن عبدالخالق التي أوردها في أشرطته وسطرها في كُتبه ، وبيان زيف تلــك الأقــوال بــالحجج الواضحة والبراهين القاطعة مع الأمانة العلمية في النقل والتوثيق من المصادر )) .

[١٧] ( التحذير من دعاة الجهل والتحزب والتلبيس والتغرير : للشيخ أبي عبدالرحمن بن علي الحجوري حفظه الله تعالى ، كانــت هــذه المحاضرة ليلة الجمعة الموافق ١٤٢٦/٠٢/٢٩ هــ ) .

که هەوڵی یەکبوونی موسڵمانان بدات ، وە زانایانیش بەرپەرچیان داوەتەوە نەك ئەوەی گەواهی ئەوەیان بۆ دابێت کە زانایە !!!

**کەسی دووەم : ( عبدالمجید الریمي ) :**

( عبدالمجید الریمي ) یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە چەواشەکاران لە گەورە زانایانی سەلەفیەتی دەزانن لە یەمەندا !!!! ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی کە هاوبیریەتی و کەسێکی حزبیە وەکو خۆی و هیچی تر !!! بەوەش سوود لە ووتەکانی وەردەگرێت بۆ پاڵپشت کردنی بۆچوونەکانی !!! بێ ئاگا لەوەی کە ئەم کەسە . واتە : الریمـــي . کەسێکە وەسف و ستایشێکی زۆری گروپی ( **القاعدة** ) دەکات لە سەر پەڕەکانی ئەنتەرنێت !!! وە ئەو هەموو ئاشووب و ڕەشبکوژی و شەڕوشۆڕ و ماڵ وێرانی و ئاوارەیەی کە لە عیراقدا بەگشتی و لە فەلوجەدا بەناوی تێکۆشان و جیهادەوە ڕوودەدات بەڕەوا دازانێت ، و پشتیگیری لێ دەکات !!!

ڕەنگە یەکێك بڵێت : خۆ ( الریمي ) فیرخوازی شێخ ( مقبل بن هادي الوادعي ) بووە . بە ڕەحمەت بێت . !!!! لە وەڵامدا دەڵێم : بەڵێ ڕاستە ( الریمي ) لە سەرەتادا فێرخوازی ئەو زانا بەڕێزە بووە ، بەڵام دواتر و دوای چاوپێکەوتنی بە ( عـــائض القـــرني ) ی حزبی لە ئەمریکا و ڕوودانی ووتووێژێك لە نێوانیاندا بۆچوونەکانی دەگۆڕێت و دەبێت بەوەی کە تانە بدات لە مامۆستاکەی و زانایانی تری ئەهلی سوننە ، هەروەکو زانایان باسیان لێوە کردووە !!!

شاعرێکی ئەهلی سوننە ( أبو رواحه الموري اليماني ) لە یەمەندا لە باس و بەسەرهاتی ( الریمـــي ) ، و گۆڕانەکەی دوای چاوپێکەوتنی بە ( عائض القرني ) ی حزبی لە ئەمریکا و تانەدانی لە مامۆستاکەی شێخ ( مقبل بن هادي الوادعي ) ، پێشەوا ( ابن باز ) فەرموویەتی :

وذا الريمي قـــد أبدى ودادا ... لأهـــل الحـــق حين أتى غلامـــا

وبعـــد لقائه القرني يـــومـــا ... بأمريكـــا فقـــد أرخى الخطامـــا

فعـــاد منظما يدعـــوا رويدا ... ويظهـــر فكره عـــامـــا فعامـــا

فـــذاك الانتخاب به اجتهادا ... ويبدو الطعن في شيخي سهامـــا

فـــذالك مقبل مـــأفون شعب　　　سيسأل عـــن مقـــالته لـــزامـــا

ويمـــدح منهج الإخوان جهرا　　　يعـــودهمـــو إذا وجـــدوا زكاما

**وه دهڵێت :**

الـــم يكن مقبل شيخـــا يعلّمه　　　حتى رمـــاه بمـــأفون واسفـــاف ؟

الـــم يقم مرة في الناس يخطبهم　　　بـــارض صنعـــاء بتلفيق واسراف

بـــأن ابـــن بـــاز ذو مـــداهنة　　　وأنـــه صار ذا طيش واخفاف ؟؟؟

حتى مضى الناس تبغضه قلـــوبهم　　　كـــذاك يرمـــونه بشر أوصـــاف

**وه بۆ زیاتر سهڵماندنی ئهوهی که ( عبدالمجيد الريمي ) کهسێکی حزبیه نهك زانایهکی سهلهفی ، بڕوانه که چۆن وهسف و سهنائی ( سلمان بن فهد العودة ) ی حزبی دهکات لـه کاتی سهردانی بۆ ناوهندی بهناو بانگهشه و زانستیهکهیهوه که تێیدا دهڵێت :**

أبـــا معاذ بقـــلبي الـــيوم مـــعـــترك　　　مـــن المشـــاعر والأشـــواق تضطرم

في القلب حب عظيم كيف أرســـمـــه　　　وكيـــف أنظمـــه شعـــرا فينتـــظم

في الـــنفس معنى كبير كيـــف أبـــرزه　　　في اللفظ يـــا رب إنـــي عاجز فـــدم

أهـــل البيـــان ويا أهـــل اللســـان ألا　　　معـــبر أسعـــفـــونـــا فالـــفـــؤاد دم

كيـــف المقـــال وسلمان لصحـــوتنـــا　　　هـــو المقـــال هو الأسماع والكـــلم

كيف البيـــان وسلمـــان لـــدعـــوتنـــا　　　هـــو البيـــان هو القـــرطاس والقـــلم

كيـــف الثـــنـــاء وسلمـــان لأمتـــنـــا　　　هـــو اللسان فنحـــن دونـــه عـــجم

كيـــف الحديث وسلمـــان لنهضـــتنـــا　　　هـــو العمـــود هو الفسطاط والخيـــم

كيـــف الكـــلام وسلمـــان لملتـــنـــا　　　نـــور تزاح لـــه الأســـداف والظـــلم

فالنـــور نـــور فقـــل لي كيف أمدحـــه　　　إلا بذكر اسمـــه باللـــفـــظ ينـــفهـــم

سلمـــان بـــحر من العلم الغزير لـــمن　　　يريد علمـــا فمـــن للبـــحـــر يقـــتحم

سلـــمـــان فـــكر وتـــاريخ ومعلمة　　　وقدوة يـــقتديهـــا العـــرب والعـــجم

لـــكل حـــزب إمـــام يهـــتدون بـــه ... لكن ســـلمـــان تستـــهدي بـــه أمـــم

سلمـــان منـــا شعـــار للجميع غـــدا ... كـــل الجـــماعـــات سلمـــان لها عـــلم

وسعت للنـــاس حتى قـــال قـــائلهـــم ... كـــأن هـــذا هـــــو الميقـــات والحـــرم

الكـــل يقصـــده مـــن كـــل طائفـــة ... ليهتدي هـــــكذا الأعـــــلام والعـــلم

نـــجم ولابـــد مـــن رفـــع الـــرؤوس ... إلى تلك النجـــوم ليستهدي بـــها الفهم

لكن سلمـــان لا يـــدنـــو لـــه بصـــر ... حتى يطـــأطئ عـــرفـــانـــا ويحـــتـــشم

وهـــذه قـــد خلت منهـــا النجوم فقـــد ... فـــاق النجـــوم وذلت عـــنده النـــجم

فمـــن ســـواك لـــه هـــذا المقام ومـــن ... له لدى الكل هذا الـــقـــدر والـــقـــدم

تنـــازع النـــاس كـــل يدعيـــك فهـــل ... تـــرى ســـيمـــكن تقـــسيم فنـــقـــتسم

كأنـــك المـــورد العـــذب الزلال وقـــد ... تجمع النـــاس حـــول المـــاء وازدحـــموا

سلمـــان يـــا أيهـــا الحـــادي لرحلتنـــا ... أنـــت النـــديم وأنت اللـــحن والنـــغم

شيـــخ الحـــداة لنـــا يحـــدو فينعشنـــا ... فـــننتشـــي ويـــزول الـــهم والألـــــم

أنت الـــذي صوتـــه مثـــل النسيـــم إذا ... هـــب النسيم يـــداوي مـــن به سقـــم

كـــم مـــن عليل تـــداوى بعـــد علتـــه ... وفـــجـــأة ذلـــك المـــعـــلول يبـــتسم

سلمـــان مـــا نلت هـــذا المجد عجرفـــة ... ولا مصـــادفـــة جـــاءت لـــك القـــيم

لكـــن بنصـــرك لـــلآثـــار تتبـــــعهـــا ... وســـنـــة المصطفى كـــانت هـــي الحكم

بقـــدر مـــا استمسك الـــداعـــون سنته ... يـــوفـــق الله مـــن يـــدعـــو فيعـــتصم

أبـــــا معـــاذ هنـــــا نـــحن أحبتكـــم ... حـــاشـــا وكلا لـــدينا الحـــب ينـــهدم

**خوێنەری بەڕێز : سەرەڕای ئەو هەموو پیاهەڵدانانەی ( الريمي ) بۆ ( سلمان بن فهد العودة ) ەی حزبی کەچی لەو لاوە تانە و تەشەرە لە دەستە گەورە زانایانی سعودیە دەدا بەوەی کە فیقهی واقع نازانن !!!** (١٨) .

---

(١٨) **بڕوانە** : ( تنبيهـــات الأفاضل على تلبيسات أهـــل البـــاطل ، محمد بن علي الصـــومعي : ص ١١ ، تقـــديم : الشيخ أحمـــد بن يحيى النجمي ) .

لــەوەش زيــاتر ئــەم كەسـەی بەناو گـەورە زانا سـەلەفيەی كە چەواشـەكاران بە پێشينی خۆيانی ئەزانن و دەڵێت : پێشەوا ئەحمەد فەرموويەتی : نەكەی فەتوا لە شتێكدا بدەی ئەگەر پێشينێكت نەبێت !!! يان دەڵێ : ئێمە . مەبەستی خۆيەتی . چين تاكو لە باسێكی ئاوادا قسە بكەين . واتــە : لـــە بـاسی حەلاڵێتی حزبايەتی . لـــە ووتەيەكی تريـدا بە دەستەی گەورە زانـايـانی سعوديە دەڵێت : (( دەستەی گەورە زانايانی سعوديە وا دەبينم كە جگە لە بيرۆچكەيەكی ماسۆنيەت نەبێ هيچی تر نييە !!!! )) [19] .

هەروەها يەكێكە لە بانگەوازكارانی دەرچوون لـەو كاربەدەستانەی كـە ستەم و زوڵميان هەيـە ، ئـەو كەسانە بە كەسانی خاوەن ڕەوا دەزانێ [20] !!!

جـا بـا بزانين زانـايـان چيان سەبـارەت بــە ( عبدالمجيد الــريمي ) حــزبی ووتــوە ؟!! ئـايا هاودەنگن لـــە گـەڵ ووتـە و بۆچوونی چەواشـەكاران !!!! يان بەرپەرچی دەدەنـەوە و چەواشـەكاريەكانی ئاشكرا دەكەن ؟!!!!

( أبو أسامة عادل السياغي الحليمي ) لە گێڕانەوەيەكی لە شێخ ( مقبل بن هــادي الــوادعي ) دەگێڕێتـەوە كـە سەبارەت بە ( ريمي ) فەرموويەتی : (( **حزبي ضال** )) [21] ، واتە : حزبيەكی گومڕايە .

وە هەريەك لە شێخ ( النجمي ) . بە ڕەحمـەت بێت . ، و ( عبيد الجابري ) بـە ديوانەكـەی شاعيری ئـەهلی سوننە ( أبو رواحة ) دا چوونەتەوە و ئەو دوو شيعرەی سەرەوەی تێدا بووە و ئيقراريان كردووە لـە سـەر ووتەكانی سەبارەت بە ڕيمی .

وە شێخ ( فالح الحربي ) ش سـەبراەت بـە ( ريمي ) فەرموويـەتی : (( **إخـواني محـترق** )) ، واتـە : كەسێكی ئيخوانی سووتاوە .

جا نازانم چەواشەكاران ئەم هەموو ووتانەيان نەزانيوە ؟!!! يان بەرژەوەندی و مەبەستەكان چاوەكان نابينا دەكات !!!! يان پێچەوانە بوونـەوەی كردەوەكانـە بۆ ووتـەكان ، و پێوانە كردنـە بـە دوو پێوەر !!! خۆ هـەموو جار ئێوەی چەواشـەكار داكۆكی لـەوە دەكـەن و لافی ئـەوە لێ دەدەن كـە هـەوڵتان گـەياندنی

---

[19] ( هەمان سەرچاوە : ٢٢ ) .

[20] ( هەمان سەرچاوە : ٩١ ) .

[21] ( المجروحون : عند الإمام الوادعي ــ رحمه الله ــ ، أبو أسامة عادل السياغي الحيمي ، تقديم أبي عبدالرحمن يحيى بن علي الحجوري ــ حفظه الله ــ ) .

ئەمانەتێکی عیلمیە !!! کە لە ڕاستیدا : ئەم کارەتان زیاتر جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە کارەکەتان خیانەتی عیلمیە ، و لە چەواشەکاری زیاتر هیچ بەدەر نیە !!!! ولا حول ولا قوة إلا بالله .

**بنەوای سێیەم : ووتـــەی زانـــایان بەبەڵگە ناهێنرێتەوە ، بەڵکو دەبێت بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە (( أقوال أهل العلم يستدل لها ولا يستدل بها )) :**

**ئەم بنەوایەی کە تێیدا هاتووە : (( أقوال أهل العلم يستدل لهـا ولا يـستدل بهـا )) ، واتـە : ووتـەی زانایـان بەبەڵـگە ناهێنرێتـەوە بـەڵکو دەبێـت بەڵـگەیان بـۆ بهێنرێتـەوە ، بنەوایەکـە لـە بنـەواکانی ئـەهلی سـوننە و جەماعە ، و لـە لایـەن زانایـانی ئـەهلی سـوننەوە داڕێـژراوە ، بۆ ئـەوەی کەسـانێکی نـەزانکار نـەبن بـە بەڵـگە هێنانەوەی ووتەی زانایان پێچەوانەی دەقی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان ببنەوە ، یان پێـچەوانەی فـەرموودە ( صـــحيح ) ەکـانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ببنـەوە ، بـەوەش بکەونـە فیتنـە و تاوانـەوە ، خـوای پـەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( النور : ٦٣ ) .**

**واتە : با ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی خوای پەروەردگار دەکەن یان لە فـەرمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ . چونکە (( ئامرازی ( ٥ ) لە ئایەتەکەدا ، واتـە : ﴿ عن أمره ﴾ دەگەڕێتـەوە بۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ ، یـان بۆ خـوای پـەروەردگار هـەردوو واتاکـەش یـەکن ، چـونکە فەرمانـەکان لـە خـوای پـەروەردگارەوەن ، وپێغەمبەری خواش ﷺ ڕاگەیەنەرە لێیەوە ))[1] . بترسن لەوەی فیتنەیـەکیان تـووش ببێـت لـە دونیـادا ، یان لە دواڕۆژدا تووشی سزایەکی سەخت بن .**

**پێشەوا ( أحمد ) . بە ڕەحمەت بێت . لەم بارەیـە فەرموویـەتی : (( عجبت لقوم عرفوا الإسـناد وصـحته ، يذهبون إلى رأي سفيان ، والله تعالى يقول : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ ﴾ أتدري مـا الفتنـة ؟ الفتنـة : الشرك لعله إذا رد بعض قوله أن يقع في قلبه شيء من الزيغ فيهلك ))[2] .**

**واتـە : سـەرم سوڕماوە لـە کـردەوەی ئـەو کەسـانەی کـە سـەنەدی فـەرموودەیان ناسیوە ، کەچـی بۆچوونی ( سفيان ) وەردەگرن ، لەو لاشەوە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ ﴾ ، دەزانـی فیتنـە یـانی چـی ؟! فیتنـە بریتیـە لـە هاوەڵبڕیاردان ، چونکە لەوانەیە هەنـدێک لـە ووتەکانی ڕەت بکاتەوە ، بەوەش هەندێک لە گومڕایی بکەوێتە ناو دڵیەوە و بەهەلاکەتدا بڕوات .**

---

[1] ( أضواء البيان في تفسير القرآن بالقرآن ، للعلامة الشنقيطي : ج ٦ / ص ٤١ ) .

[2] تفسير القرآن العظيم لأبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي [ ٧٠٠ -٧٧٤ هـ ] تحقيق : سامي بن محمد سلامة ، الناشر : دار طيبة للنشر والتوزيع ، الطبعة : الثانية ١٤٢٠هـ - ١٩٩٩ م ، عدد الأجزاء : ٨ .

**پێشەوا** ( ابن كثير ) **پاش هێنانەوەی ئەم ووتەیەی پێشەوا** ( أحمد ) **دەفەرمووێت** : (( **فطاعة** رسول الله ﷺ مقدمة على طاعة كل أحد ، وإن كان خير هذه الأمة أبا بكر وعمر ، كما قال ابن عباس : يوشك أن تنزل عليكم حجارة من السماء أقول : قال رسول الله ﷺ وتقولون : قال أبو بكر وعمر !! )) (٣) .

**واتە : كەواتە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ پێشترە لە گوێڕایەڵی هەموو كەسێكی تر ، با چاكترینی ئەم ئوممەتە بن ، كە** ( أبو بكر ، و عمر ) **ن** رضي الله عنهما **، هەروەكو** ( ابن عباس ) رضي الله عنه **فەرموویەتی : نزیكە لە ئاسمانەوە بەرتان بەسەردا دابباریێت من دەڵێم : پێغەمبەری خوا ﷺ وای فەرمووە ، كەچی ئێوە دەڵێن :** ( أبو بكر ، و عمر ) رضي الله عنهما **فەرموویانە !!!**

**وە فەرموویەتی** : (( وقوله : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ ﴾ أي : عن أمر رسول الله ﷺ سبيله هو ، ومنهاجه ، وطريقته ، وسنته ، وشريعته ، فتوزن الأقوال والأعمال بأقواله وأعماله ، فما وافق ذلك قُبل ، وما خالفه فهو مَرْدُود على قائله وفاعله ، كائنا ما كان )) (٤) .

**واتە : وە ووتەی خوای پەروەردگار كە فەرموویەتی :** ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ ﴾ **، واتە : لە فرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، كە ڕێبازەكەی ئەوە ، و پەیڕەوە ، و ڕێگا ، و سوننەت ، شەریعەتەكەیەتی ، بۆیە دەبێت هەموو ووتە و كردەوەكان بە ووتە و كردەوەكانی ئەو بپێورێت ، جا ئەوەی هاوكۆك و هاودەنگ بوون لە گەڵ ئەودا وەردەگیرێت ، ئەگەر پێچەوانەش بوو لە گەڵیدا ، ئەوە ڕەتكراوەیە بە ڕووی خاوەنەكەی و ئەنجام دەرەكەی ، هەر كەسێك بێت .**

**پێشەوا** ( ابن باز ) **. بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی** : (( أما العلماء فكل واحد يخطيء ويصيب ، فلا يجوز اتباع قول أحد من الناس كائنا من كان إلا إذا وافق شريعة الله ، وإن كان عالما كبيرا ، فقوله لا يجب اتباعه إلا إذا كان موافقا لشرع الله الذي جاء به محمد عليه الصلاة والسلام ، لا الصوفية ولا غير الصوفية ... فالطاعة الواجبة هي طاعة الله ورسوله ، ولا يجوز طاعة أحد من الناس بعد الرسول ﷺ إلا إذا وافق قوله شريعة الله فكل واحد يخطئ ويصيب ما عدا رسول الله ﷺ ... فعلينا جميعا أن نتبع ما جاء به عليه الصلاة والسلام وأن نعتصم بدين الله ونحافظ

---

(٣) ( نفسه ) .

(٤) ( تفسير ابن كثير : ج ٦ / ص ٨٩ ــ ٩٠ ) .

عليه وأن لا نغتر بقول الرجال وأن لا نأخذ بأخطائهم ، بل يجب أن تعرض أقوال الناس وآراؤهم على كتاب الله وسنة رسوله فما وافق الكتاب والسنة أو أحدهما قبل وإلا فلا ... فتقليد المشايخ واتباع آرائهم بغير علم وبصيرة ذلك أمر لا يجوز عند جميع العلماء بل منكر بإجماع أهل السنة والجماعة ، لكن ما وافق الحق من أقوال العلماء أخذ به ؛ لأنه وافق الحق ، لا لأنه قول فلان وما خالف الحق من أقوال العلماء أو مشايخ الصوفية أو غيرهم وجب رده ، وعدم الأخذ به لكونه خالف الحق لا لكونه قول فلان أو فلان )) [٥] .

واتە : بەڵام سەبارەت بە زانایان هەموو یەکێکیان هەڵەش دەکەن و دەیشی پێکن ، بۆیە نابێت ، شوێنی ووتەی هیچ کەسێك لە خەڵك بکەوین ، هەر کێیەك بێت ، جگە لەوەی کە ئەگەر تەبا و هاودەنگ بوون لە گەڵ شەریعەتەکەی خوای پەروەردگار ، با زانایەکی گەرەش بێت ، ئەوە نابێت شوێنی ووتەی بکەوین ، ئیللا ئەگەر هاودەنگ بێت لە گەڵ شەرعەکەی خوای پەروەردگار کە پێغەمبەر پێی هاتووە ﷺ ، نە سوفی و نە جگە لە سۆفیش ... ئەو گوێڕایەڵیەش کە پێویستە بریتیە لە گوێڕایەڵی بۆ خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە ناشبێت گوێڕایەڵی کەسێکی تر بکرێت لە خەڵك لە پاش پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئیللا ئەگەر ووتەکەی هاودەنگ بوو لە گەڵ شەریعەتەکەی خوای پەروەردگار ، چونکە هەموو کەسێك قابیلە بۆ کەوتنە هەڵە و پێکانیش ، جگە لە پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ ... بۆیە پێویستە لە سەر هەموومان شوێنی ئەوە بکەوین کە پێغەمبەر پێی هاتووە ، و دەست بگرین بە ئایینەکەی خوای پەروەردگارەوە و پارێزگاری لێ بکەین ، و هەڵیش نەخەڵەتێین بە ووتەی پیاوان ، و هەڵەکانیان وەرگرین ، بەڵکو پێویستە ووتەی خەڵك و بۆچوونەکانیان بخەینە ڕووی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، جا ئەوەی کە هاوکۆك و هاودەنگ بوو لە گەڵ قۆرئان و سوننەت ، یان یەکێکیان وەربگیرێت ئەگەرنا ڕەت بکرێتەوە ... لاسایی کردنەوە و شوێنکەوتنی بۆچوونەکانی زانایان و بەبێ زانست و چاوڕۆشنی ، شتێکە نابێت لە لای هەموو زانایان ، بەڵکو شتێکی خراپە بە کۆڕایی ئەهلی سوننە و جەماعە ، بەڵام ئەوەی کە هاودەنگ بێت لە گەڵ ڕەواییدا ، وەردەگیرێت ، چونکە هاودەنگە لە گەڵ ڕەواییدا ، نەك لە بەر ئەوەی کە ووتەی فلانە کەسە ، وە ئەوەش کە پێچەوانەی ڕەوایی

---

[٥] ( مجموع فتاوى ابن باز ( ٣٠ ) جزءا من برنامج نور على الدرب : ٥ / ٣٨٣ ــ ٣٨٥ ) .

بێت لە ووتەی زانایان ، و شێخانی سۆفیەکان یان جگە لەوان پێویستە ڕەت بکرێتەوە ، و وەرنەگیرێت ، چونکە پێچەوانەی ڕەوایی بووەتەوە ، نەك لە بەر ئەوەی کە ووتەی فلانە یان فلان .

ڕێباز و ڕێگەش بۆ دەرچوون لەوەی کە موسڵمان بکەوێتە پێچەوانە بوونەوەی ووتەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ . لە شوێنکەوتن و وەرگرتنی ووتەی زانایان . بەوەیە کە هەستێت بە کۆکردنەوەی ووتەی تازە و کۆنی زانایان بۆ تێگەیشتن لە فەتواکانیان و تاوتوێکردنیان لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە ... هەروەکو لە باسی داهاتوودا . بە پشتیوانی خوا . دەخرێتە ڕوو .

## بنەوای چوارەم : کۆکردنەوەی ووتەی تازە و کۆن ( القول الجديد و القديم ) ی زانایان باشترین ڕێگەیە بۆ تێگەیشتن لە فەتواکانیان :

ئاشکرایە لە لای فێرخوازانی زانستی شەرعی کە یەکێك لە داناییەکانی خوای پەروەردگار هەڵگرتن و گۆڕینی هەندێك لە ئەحکامە شەرعیەکانە بە ئەحکامێکی دوای خۆیان . کە لە لای زانایاندا بە زانستی ناسخ و مەنسوخ ( الناسخ والمنسوخ ) ناسراوە و ناوزەد کراوە . ئەوەش نەك لەبەر نادیاری چاك و خراپە لە هەردوو حوکمەکە ناسخ بێت یان مەنسوخ ، بەڵکو لە بەر داناییەك کە خۆی لێی بەئاگایە ، یان لە لای زانایان ئاشکرایە وەکو : تەدەروج لە ڕاهێنانی بەندەکانی لە سەر وازهێنان لە هەندێك تاوان و ئاسانکاری لە ڕاهاتن لە سەر ئەنجامدانی هەندێك ئەحکام ، بۆ نموونە ئەو ئایەتانەی کە خوای پەروەردگار لەسەر مەی خواردنەوە ( الخمر ) دایبەزاندوون ، کە دەبینین ئەم تاوانە بە سێ قۆناغ قەدەغەکراوە ، و ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

**ئایەتی یەکەم :** ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾ ( البقرة : ٢١٩ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە مەشروب ( واتە : الخمر ) ، و قومارکردن ، تۆش لە وەڵامیاندا بڵێ : ئەنجامدانی ئەو دوو شتە تاوانی گەورەیان تێدایە ، لەگەڵ هەندێك سوود ( وەکو بازرگانی پێکردن ، کڕین و فرۆشتنی ) کە خەڵك سودیان لێ وەردەگرێت ، بەڵام ئەوەش بزانن کە تاوان و زیانیان زیاترە لە سوودەکەیان .

**ئايەتى دووەم :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ﴾ ( النساء : ٤٣ ) ، **واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژەکانتان مەکەونەوە بە سەرخۆشیەوە ، بۆ ئەوەی بزانن لە نوێژەکانتان چی دەڵێن .**

**ئايەتى سێيەم :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( المائدة : ٩٠ ) ، **واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە ، دڵنیابن و بزانن کە مەی و قومار ، و ئەو بەردانەی کە حەیوانی لە سەر سەردەبڕن بۆ بتەکانتان ، لە گەڵ ئەو کوپ و گلاسانەی کە بەختی پێدەگرنەوە بۆ خەڵك هەموو پیسن و کردەوەی شەیتانن ، بۆیە لێیان دووربکەونەوە ، بۆ ئەوەی سەرفراز و سەرکەوتوو بن .**

**بەڵام سەرەڕای ئەو تەدەروج و حوکمە جیاکان ، و دوای جێگیر بوونی حوکمی حەرامێتی لە ئایەتی سێیەمدا ، نابێت و دروست نیە کەسێك بڵێت : ئێمە کار بە ئایەتی یەکەم یان دووەم دەکەین سەرەڕای بوونی ئایەتی سێیەم !!! چونکە حوکمەکەیان بە ئایەتی کۆتا کە ئایەتی سێیەمە نەسخکراونەتەوە و خواردنەوەی مەی قەدەغەکراوە !! ئەم کارەش پێی دەووترێت ناسخ و مەنسوخ .**

**ئەگەر ئێمە لەم بابەتە تێبگەین کە هەندێك ئایەت هەن بە هەندێك ئایەتی تر نەسخ دەکرێنەوە . بەهەمان شێوە فەرموودەش . ئەوە ئەم ناونیشان و باسەشمان لەلا ئاشکرا دەبێت ، سەرەڕای ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان ئەم باسە و بابەتی باسەکەماندا هەیە ، دەبێت ئەوەش بزانرێت کە باسکردنی ناسخ و مەنسوخ لێرەدا جگە لەوەی کە بۆ نزیك کردنەوەی بابەتەکەمان لە مێشکی خوێنەران نەبێت هیچ مەبەستێکی ترمان تێیدا نیە .**

**بۆیە دوای بەدوای ئەم باسە دەووترێت : لە ووتەی زانایاندا کارێك هەیە کە ڕەنگە هاوشێوەی ناسخ و مەنسوخ بێت لە ڕواڵەتدا ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمیان لە نەقصی بەشەریەتدایە کە ئەم ڕۆ ووتەیەك دەڵێن سبەینی دەیگۆڕن ، کە لە زاراوەی زانایان شەریعەت بە ووتەی تازە و کۆن ( القول الجديد و القديم ) ناوزەدکراوە ، هەروەکو لە فەتواکانی پێشەوامان شافعی . بە ڕەحمەت بێت . دەردەکەوێت ، کە ڕۆشتە میصر هەندێك لە فەتواکانی گۆڕی ئەوەش لە بەر چەندەها هۆکار وەکو دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی بەڵگەی تر ، ... هتد .**

نەك هەر بە كردووە زانايان ئەوەيان دووپات كردووەتەوە ، بەڵكو ئەوەتا بە ووتەكانيان ئەوەيان بە شوێنكەوتووانيان ڕاگەياندووە ، پێشەوا ( أبو حنيفة ) . بەڕەحمەت بێت . ئاماژە بەوە دەدات كە ئەوانيش وەكو هەموو مرۆڤەكانى تر ئەمڕۆ ڕەنگە ووتەيەك بڵێن سبەينى لێى پەشيمان ببنەوە ، كە فەرموويەتى : " فإننا بشر نقول القول اليوم ونرجع عنه غدا " ، واتە : چونكە ئێمەش مرۆڤين ، ئەمڕۆ ووتەيەك دەڵێين و سبەينێ لێ ى پەشيمان دەبينەوە .

وە لە ووتەيەكى تريدا فەرموويەتى : (( ويحك يا يعقوب ــ كە ( أبو يوسف ) ى قوتابييەتى ــ لا تكتب كل ما تسمع مني ، فإني قد أرى الرأي اليوم وأتركه غدا ، وأرى الرأي غدا وأتركه بعد غـــد ))[1] ، واتە : وەی بە حاڵت ئەی يەعقوب هەموو شتێك كە لە منەوە دەيبيستى مەينووسە ، چونكە لەوانەيە من ئەم ڕۆ ووتەيەك بە چاك دەزانم ، و سبينێ وازى لێدێنم ، و سبينێ ووتەيەك بە چاك دەزانم ، و پاش سبەينێ وازى لێدێنم .

وە پێشەوا ( أبو عمرو عثمان ) ى كوڕى ( عبد الرحمن ) ى كوڕى ( عثمـــان ) ناسراو بە ( ابـــن صـــلاح الشهرزوي ) لەم بارەيەوە فەرموويەتى : (( ليس للمنتسب إلى مذهب الشافعي في المسألة ذات القولين أو الوجهين أن يتخير فيعمل أو يفتي بأيهما شاء بل عليه في القولين إن علم المتأخر منها كما في الجديد مع القديم أن يتبع المتأخر فإنه ناسخ للمتقدم ))[2] .

واتە : بۆ هيچ كەسێك لە ئەو كەسانە نيە كە خۆيان بە پابەند بوو دەزانێت بە مەزهەبى پێشەوا شافعيەوە ، لەو بابەتانەی كە دوو بۆچوونيان تێدا ، يان دوو ڕووى هەيە ، بێت بە كەيفى خۆى يەكێكيان هەڵبژێرێت ، كردەوەى پێبكات يان فەتواى پێبدات ، ، بەڵكو پێويستە لە سەرى لە هەردوو ووتەكەدا ئەگەر دواييناني زانى ، هەروەكو لە ووتەى تازەيدا لە گەڵ ووتەى كۆنيدا ، پێويستە شوێنى ووتەى تازەيان بكەوێت ، چونكە ئەوەيان ناسخە بۆ پێشينيان .

---

[1] ابن عابدين في : ( حاشيته على البحر الرائـــق : ٢٩٣/٦ ) ، وەرگيراوە لە كتێبى : ( چۆنێتى نوێژى پێغەمبەر ﷺ لە تەكبيرەى ئيحرامەوە تاكو سەلامدانەوە هەروەكو چۆن لەپێش چاوتدا بێت ) لە نووسينى زاناى فەرمووده ناسى سەردەم : پێشەوا شێخ : ( محمد ناصرالدين الألباني ) و وەرگێڕانى : ( عدنان بارام كەلارى ) .

[2] ( أدب المفتي والمستفتي : ج ١ / ص ٦٠ ) .

ئەم باسە بۆ ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە ووتە و فەتوای زانایەك تێبگەین و بۆچوونی کۆتا و دواییینی بزانین ، ووتەی کۆن و تازەی کۆبکەینەوە ، نەك ئەوەی ووتەی کۆنی بێنینەوە ، و ووتەی نوێی پەراوێز بخەین !!! بەنەزانین بێت !! یان بە هەرمەبەستێك بێت !!!

جا ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی جوانتر لەم باسە تێبگەین ، و ووتەی چەواشەکاران و لاڕێیان کاریگەری لە سەرمان نەبێت با بە شێوەیەکی عەمەلی فەتوایەکی پێشەوا ( ابن بــاز ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ وەرگرین ، کە سەبارەت بە چەند گروپ و حزبێکی هاوچەرخ داویەتی :

لە هەندێك لەو پرسیارانەی کە پێشتر لێی دەکرێت سەبارەت بە ( الإخوان المسلمين ) و ( جماعة التبليغ ) ، کە دوو تاقمی ئیسلامین هاتووە :

**یەکەمیان :** (( في الساحة مَنْ يقول : إنَّ الفِرَقَ التي ورد الأمرُ باعتزالِها في حديث حذيفــة هــي الــــجماعات الإسلامية ، كالسلفيين والإخوان والتبليغيين ، فما قول سمــاحتكم في ذلــك ؟ )) ، واتە : لە گۆڕەپانی ئەمڕۆدا کەسانێك هەن دەڵێن : بەڕاستی ئەو گروپانەی کەوا لەبارەیانەوە فەرمان هاتووە بە دوورەپەرێز بوون لێیان لە فەرموودەکەی ( حذيفة ) دا بریتین لە کۆمەڵــە ئیسلامییەکان ، وەکو سەلەفییەکان و ئیخوان و تەبلیغییەکان ، ئایا وتەی بەڕێزتان چییە سەبارەت بەمە ؟

پێشەوا شێخ ( ابن بــاز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامی پرسیارەکەیاندا ـ کە ئەمەی خوارەوە هەندێك لە بڕگەکانێتی ـ دەفەرمووێت : (( هذا الحديث العظيم يُبين لنا أنَّ الواجب على المسلم : لزوم جماعــة المــسلمين والتعاون معهم في أي مكان سواء كانت جماعة توجد في الجزيرة العربية أو في مصر أو في الــشام أو في العــراق أو في أمريكا أو في أوربا أو في أي مكان ... فمتى وجد المسلم جماعةً تدعو إلى الحق ساعدهم وصار معهم وأعانَهم وشجعهم وثبتهم على الحق والبصيرة ، ... فعلى المسلم أنْ يطلب الحق ، فإذا وجد مركزاً إسلامياً يدعو إلى الحق ، أو جماعــةً في أي مكان يدعون إلى الحق ــ أي إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ وإلى العقيدة الطيبة ــ في أوربا أو في أفريقيا أو في أي مكان فليكن معهم يطلب الحق ويلتمس الحق ويصبر عليه ويكون من أهلهِ ، هذا هو الواجب علــى المــسلم ... وفي زماننا هذه ــ والحمدُ لله ــ توجد الجماعات الكثيرة الداعية إلى الحق ، كما في الجزيرة العربية ... فعلى المسلم الطالب للحق في أي مكان أنْ يَبحث عن هذه الجماعات ، فإذا وجد جماعة أو مركزاً أو جمعية تدعو إلى كتاب الله عــز وجــل

وسنة رسوله ﷺ تبعها ولزمها ، كأنصار السنة في مصر والسودان ، وجمعية أهل الحديث في باكستان والهند ، وغيرهم )) [٣] .

واته : ئەم فەرموودە گەورەیە بۆمانی روون دەکاتەوە کەوا پێویستە لەسەر موسڵمان پەیوەست بێت بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە وهاوکاری بکات لە گەڵیاندا لە هەر شوێنێکدا بن ، چی کۆمەڵێك هەبێت لە دوورگەی عەرەبیدا یان لە میصردا یان لە شامدا یان لە عێراقدا یان لە ئەمریکادا یان لە ئەوروپادا یان لە هەر شوێنێکی تردا بێت یەکسانە ... جا هەر کاتێك موسڵمان کۆمەڵێکی بینی بانگەواز دەکات بۆ لای حەق ئەوا یارمەتیان دەدات و لەگەڵیاندا دەبێت ، وە هاوکاریان دەکات و هانیان دەدات وجێگیریان دەکات لەسەر حەق وبەرچاوڕۆشنی ... بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان کەوا بە دوای حەقـــدا بگەڕێت ، جا ئەگەر بنکەیەکی موسڵمانانەی بینی بانگەواز دەکات بۆ لای حەق یان لە هەر شوێنێکدا کۆمەڵێکی بینی بانگەوازیان دەکرد بۆ لای حەق . واتە : بۆ لای کتێبەکەی خوا وفەرموودەی پێغەمبەرەکەی ﷺ . وە بانگەوازیان دەکرد بۆ لای بیروباوەڕی پاك لەئەوروپادا یان لەئەفریقیادا یان لەهەر شوێنێکی تردا بێت ئەوا با لەگەڵیاندا بێت وداوای حەق بکات وبە دوای حەقـــدا بگەڕێت وئارام بگرێت لەسەری ولەگەڵ ئەهلی حەقـــدا بێت ... وە لەم سەردەمی خۆماندا . سوپاس بۆ خوا . چەندین کۆمەڵی زۆر هەن کە بانگەواز دەکەن بۆ لای حەق ، هەروەکو لە دوورگەی عەرەبیدا ... بۆیە پێویستە لەسەر ئەو موسڵمانەی کە حەق خوازە لە هەر شوێنکدا بێت کەوا بگەڕێت بە دوای ئەم کۆمەڵانەدا ، جا ئەگەر کۆمەڵێك یان بنکەیەك یان کۆمەڵەیەکی دۆزیەوە بانگەوازی دەکرد بۆ لای کتێبەکەی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەوا شوێنی دەکەوێت و پەیوەست دەبێت پێیەوە ، وەکو ئەنصار سوننە لە میصر و سوداندا ، و ( جمعية أهل الحديث ) لە باکستان وهینددا ، وجگە لەوانەیش .

**دووەمیان :** لە وەڵامی پرسیارێکی تردا . کە ئەمەی خوارەوە هەندێك لە بڕگەکانیەتی . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( ... لا يضر كون هذه تُسمَّى : أنصار السنَّة ، وهذه تُسمَّى : الإخوان المسلمين ، وهذه تُسمَّى : كذا ، المُهم عقيدتهم وعملهم ، فإذا استقاموا على الحق وعلى توحيد الله والإخلاص له واتباع رسول الله ﷺ قولاً وعملاً وعقيدةً فالأسماء لا تضرهم ، لكن عليهم أنْ يتقوا الله ، وأنْ يصدقوا في ذلك ، وإذا تسمَّى بعضهم بأنصار

---

[٣] ( مجموع فتاوى ومقالات متنوعة للشيخ ابن باز : ٨ / ١٧٩ ــ ١٨١ ) .

السنَّة ، وتسمَّى بعضهم بالسلفيين ، أو بالإخوان المسلمين ، أو تسمَّى بعضهم بجماعة كذا ، لا يضرُّ إذا جاء الــصدق واستقاموا على الحق باتباع كتاب الله والسنَّة وتحكيمهما والاستقامة عليهما عقيدةً و قولاً وعملاً ❁ ، ... والمقصود : أَنَّهُ لا بُدَّ أنْ نتعاون على البِرِّ والتقوى ، ... الخ . )) [٤] .

واتـه : ئـەوەش زیـانی تێدا نیـە کـە ئەمـەیان ناونرابێـت ئەنـصار سوننە ، وە ئەمەشـیان ناونرابێـت ئیخوان موسلمین ، وە ئەوەشیان ناونرابێت فلانە شت ، گرنگ بیروباوەڕ و کردەوەکانیانـە ، جا ئەگـەر بـەردەوام ڕاسـت ڕۆیـشتن لەسـەر حـەق و لەسـەر تەنهاخواپەرسـتی و نییـەت پـاکی بـۆی و شـوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ بە وتە و کردەوە و بیروباوەڕەوە ئەوا ناوەکان زیانیان پێناگەیەنێت ، بەڵام پێویستە لەسەریان کەوا لە خوا بترسن و لەوەدا ڕاست بکەن ، وە ئەگەر هەندێکیان ناوی خۆیـان بنێن بە ئەنـصار سوننە ، وە هەندێکی تریان ناوی خۆیان بنێن بە سەلەفیەکان ، یـان هەنـدێکی تریـان نـاوی خۆیـان بنێن بە ئیخوا موسلمین ، یـان هەنـدێکی تریـان نـاوی خۆیـان بنێـن بـە فلانـە کۆمـەڵ ، ئەمـە زیـانی نیـە ئەگـەر ڕاست بکەن و ڕاست بڕۆن لەسەر حەق بە شوێنکەوتنی کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبـەر ﷺ و پـەیڕەو کردنیان و ڕاست ڕۆیشتن لەسەریان بە بەردەوامی بە بیروباوەڕ و وتە و کردەوە ... مەبەست ئەوەیە : کە بەڕاستی پێویستە ئێمە هاوکاری یەکتر بکەین لەسەر چاکە و لـە خـوا ترسـان و خۆپاراسـتن لـە تـاوان ... هند .

هەر کەس ئەگەر ئەم دوو وەڵامەی پێشەوا ( ابن بـــاز ) بخوێنێتـەوە بەدابڕانی لـە فـەتوا دواییـنەکانی دەبینێـت ڕوکەشـی هەنـدیك لـە بڕگـەکانی ئـەم دوو پرسـیارە . کـە چەواشـەکاران لـە ووتـار و دەرسـە پـڕ چەواشەکاریەکانیان دەیانخەنە ڕوو و بانگهێشی بۆ دەکەن . ئەوە دەگەیـەنێت کـە پێـشەوا ( ابن باز ) ـ بـە ڕەحمەت بێت . ڕەوایی دەدات بە کاری ئەو دوو کۆمەڵە و کاری حیزبایەتی و پارچە گـەرێتی موسـڵمانان ، و پەرتەوازە بوونیان . بەڵام ئەگەر وەکو لـە گەڵـدا چوونێك لـە گـەڵ چەواشەکاراندا . ووتـرا : باشـە ئـەم پێـشەوایە فـەتوای کـۆنی ( ووتـەی کـۆنی ) سـەبارەت بـەم دوو کۆمەڵـە بـەو شـێوەیەیە کـە ئێـوە لێـی

---

❁ مامۆستا عبدالكريم دەڵێت : ئایا ( الإخوان المسلمين ) و ئەوانەش کە لەوان جیابوونەتەوە بانگەوازیان بۆ شوێنکەوتنی قورئان و سوننەتە ، یان بانگەوازیان بۆ حیزبایەتی و بیدعەیە و پروپوچ و حەرام حەڵاڵ کردنە ؟!

[٤] مجموع فتاوى ومقالات متنوعة للشيخ ابن باز : (٨ / ١٨١ ــ ١٨٣) .

**تێگەیشتوون . کە لە ڕستیدا وا نیە ، هەروەك لــە بەشەکانی ئــەم نووسراوەدا دەردەکەوێت . ئــەی بــاشە ئەم پێشەوایە ووتەی دواتری ( فەتوای تازەی ) سەبارەت ئەم دوو کۆمەڵەیە چیە ؟!**

**ئایا دەیزانن یان نە ؟! دابڕتان کردووە لە فەتواکانی تری شێخ . کە پێشەی هەموو کاتێکتانە . ؟!!!**

**یـان بەدەردی کــابرا دەکــەن کــە بێشەرمانە وبە ڕاشکاوی ئایەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) **کردە بەڵگە بۆ دروستی حیزبایەتی ، کە گوایا ووتەی خوای پەروەردگار داوادەکات کۆمەڵ بین !!! بێ ئەوەی ئایەتەکە تەواو بکات و بڵێت :** ﴿ وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ **!!!**

**یان بە دەردی کابرا ڕاڕا و فرە تام و ڕەنگ و بۆن ، کـاتی خـۆی کە ئیخوان بـوو دەیـووت : پێویستە موسڵمانان ئیخوان بن !! بۆ ؟! چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) **!!!! خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ قَالَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ ( البقرة : ١١٨ ) .

**بـەهـەر حـاڵ ئەمەیـان بێن یـان ئـەوەیان ، ئـەو کـەسەی کـە بیەوێت بزانێت ووتـەی پێشەوا** ( ابن باز ) **لەم بارەیەوە چیە ، دەتوانێت هەموو فەتواکانی ئەم پێشەوا کۆ بکاتەوە . لە کۆن فـەرمووبێتی ، یـان لـە دواییـەکانی تەمەنیـدا ، پاشـان دەگاتـە ئـەنجامێك ، نـەك وەکـو چەواشـەکارانی ئـەم ڕۆی خۆمـان کـە فەتواکانی ئەم پێشەوایە و پێشەوایانی تری ئەهلی سوننە بۆ مەبەستە خراپەکانی خۆیـان بـەکار دێنن !!!**

**بۆیـە لێـرەدا دوو فـەتوای دواتـری ئـەم پێـشەوایە دەخەینـە ڕوو بـۆ ئـەوەی موسـڵمانان بتـوانن لـە مەبەست لە کردنە بەڵگەی ووتەی** ( ابن باز ) **، و جگە لەویش بگەن .**

**یەکەمیان : پرسیار کرا لە شێخ** ( عبد العزيز بن بــاز ) **- بە ڕەحمەت بێت . :** قال الــنبــي ﷺ : (( ... وستفترقُ أمتــي على ثلاث وسبعين فرقة ، كلها فــي النار إلاّ واحدة ... )) ، فهل جـــماعة التبليغ ... وجـــماعة الإخوان الـــمسلمين ... ، هل هاتين الفرقتين من الفرق الاثنتين وسبعين ؟

واته : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ... وە ئوممەتکەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ تاقم و فیرقە ، هەموویان لە ئاگری دۆزەخ دان تەنها یەکێکیان نەبێت ... ، ئایا کۆمەڵی ( تبليغ ) ... و کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ... ، ئایا ئەم دوو فیرقەیە لە حەفتاودوو تاقم و فیرقەکەن ؟

وەڵامی شێخ ( ابن بــاز ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەم جۆرە بوو : (( **مَنْ خالفَ عقيدة أهل السنة والجماعة دخل في الاثنتين وسبعين فرقة** ... .

**السائل : هل هاتين الفرقتين ـ التبليغ والإخوان ـ من الاثنتين وسبعين فرقة** ؟

**فأجاب سماحتهُ : من الاثنتين وسبعين فرقة ... والمرجئة والخوارج من الاثنتين وسبعين فرقة** ... )) [٥] ، واته : هەر کەسێك پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بکات ئەوا دەچێتە ناو ئەو حەفتاو دوو تاقم و فیرقەیەوە ...

پرسیارکار : ئایا ئەو دوو تاقم و فیرقەیە ( تەبلیغ و ئیخوان ) لە حەفتاودوو فیرقەکەن ؟

بەڕێزیان وەڵامیان دایەوە : بەڵێ لە حەفتــاودوو تاقم و فیرقەکەن ... وە مورجیئە و خەوارجیش لە (٧٢) حەفتاودوو فیرقەکەن .

جا نازانم ئەوانەی کە فەتوا یەکەمینەکانی شێخ بڵاو دەکەنەوە ، ئەم فەتوایەی شێخیان نەبینیوە ، یان بینیویانە و خۆیان لە کەودەنی دەدەن ؟!!!

دووەم فەتوایان : کەسێك تیلیفۆن دەکات بۆ شێخ پرسیارێکی لێ دەکات کە ئەمە دەقی عەرەبی پرسیارەکە و وەڵامەکەی شێخە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

(( المتصل : السلام عليكم . پەیوەندیکار : السلام عليكم .

الشيخ ابن باز : عليكم السلام ورحمة الله وبركاته . شێخ ( ابن باز ) : عليكم السلام ورحمة الله وبركاته .

المتصل : سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز ؟ پەیوەندیکار : بەڕێز شێخ ( عبد العزيز بن باز ) ە ؟

الشيخ : نعم ، شێخ : بەڵێ .

المتصل : يا شيخ عندي سؤال مهم ، ئەی شێخ پرسیارێکی گرنگم هەیە .

---

[٥] أسئلة الطائف في ( شريط مسجل ) سنة (١٤١٩ هـ) ( ضمن دروسه في شرح المنتقى في الطائف وهي في شريط مسجّل وهي قبل وفاته رحمه الله بسنتين أو أقل ) . نقلاً عن رسالة من إصدارات ( مكتبة الفرقان ) منشورة بعنوان : ( فتاوى العلماء السلفيين : وجوب تحذير الشباب والعوام من الجماعات والأحزاب والفِرَق ، لأنها من الاثنتين وسبعين فرقة ) .

الشيخ : أسأل الله أن ييسر ، **دواكارم خوا ئاسانی بکات .**

المتصل : سؤالي هو يا شيخ : أسألك بالله الذي لا إله إلا هو أن تقول لي كلمة الحق والعدل في الجماعات الإسلامية الموجودة على الساحة من سلفيين وتبليغ وإخوان المسلمين وغيرهم من الجماعات الإسلامية ، حيث أنهم يتجاذبونني فيما بينهم والذي قد عانيت منه الكثير والكثير ، وكل جماعة من هذه الجماعات تضايقني وتريد مني أن أكون في صفها وعلى منهجها وطريقتها التي رسمتها واختصتها لنفسها وأتباعها ، لأنها تعتقد كل جماعة من هذه الجماعات أن الحق معها وأن منهجها هو الصواب .

وأنا أريد أن أنضم مع أهل الحق منهم ، فبأي جماعة يا سماحة الشيخ تنصحني أن أنضمّ وأنتمي إليها ؟

وكذلك أريد منكم أن تذكروا لنا علماء الجماعة التي تنصحوننا بالانضمام والانتماء إليها .

**واته : ئەی شێخ پرسیارەکەم بریتییە لە : سوێندت دەدەم بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ئەو نەبێت کەوا وتەی حەق و دادپەروەریم پێ بڵێیت سەبارەت بەو ( جەماعاتە ئیسلامییانەی ) کە بوونیان هەیە لە گۆڕەپانەکەدا لە سەلەفییەکان و تەبلیغ و ئیخوان موسلمین و جگە لەمانەش لە جەماعاتە ئیسلامییەکان ، چونکە ئەمانە لە نێو خۆیاندا ڕامدەکێشن بۆ لای خۆیان بە شێوەیەك کە زۆر زۆرم چەشتووە بەدەستیەوە ، وە هەموو جەماعەتێك لەم جەماعەتانە تەنگم پێهەڵدەچنێت و لێمی دەوێت کەوا بچمە ڕیزیەوە و لەسەر ئەو بەرنامە و ڕێبازەی بم کە دایڕەشتووە و تایبەتی کردووە بە خۆی و شوێنکەوتەکانیەوە ، چونکە هەموو جەماعەتێك لەم جەماعەتانە باوەڕی وایە کەوا حەق لەگەڵ ئەودایە و بەرنامەکەی ئەو ڕاستە ، وە من دەمەوێت بچمە ریزی ئەهلی حەقەوە و لەگەڵ ئەهلی حەقدا بم لە نێو ئەمانەدا .**

**ئەی شێخی بەڕێز : ئایا بە کام جەماعەت ئامۆژگاریم دەکەیەت کەوا بچمە ریزیەوە و لایەنگیری بم ؟**

**وە هەروەها لێتانم دەوێت کەوا زانایانی ئەو جەماعەتەم پێبڵێن کەوا ئامۆژگاریم دەکەن بە چوونە ریزیەوە و لایەنگیری بۆ کردنی ؟**

الشيخ : أنت من أي بلد ؟ **واته : تۆ لە کام وڵاتیت ؟**

المتصل : نعم ؟ **واته : بەڵێ ؟**

الشيخ : من أي بلد ؟ **واته : لە کام وڵاتیت ؟**

المتصل : أنا ؟ **واته : مـــن ؟**

الشيخ : نعم ، **واته : بەڵـــێ .**

المتصل : أسكن في أي بلد ؟ ولا الآن بكلم ( أين أتحدث ) ؟ **واته : له كام وڵات نیشتەجێم ؟ یان ئێستا لـه کوێوه قسه دەکەم ؟**

الشيخ : من الطائف ؟ **واته : له ( طائف ) یت ؟**

المتصل : لا ، الكلام ؟ **نەخێر ، مەبەستت له کوێوه قسه دەکەم ؟**

الشيخ : نعم ، **واته : بەڵێ .**

المتصل : من الأنطاوية ، **واته : له ( أنطاوية ) وه .**

الشيخ : الأنطاوية ، **على كل حال التقيد بجماعة معينة لا يَجوزُ ، لابـدَّ للإنسان أن يتقيـد بالـشرع ، قـال الله وقـال الرسول ﷺ ، أي : يتقيد بالكتاب والسنة ، لكن أحسن الجماعات الإسلامية اليوم السلفيون وأنصار الـسنة ، المنتسبين للسلف الصالح ، مثل أنصار السنة في مصر وأنصار الـسنة في الـسودان ، وأشـباههم ممـن يتعلـق بالـسنة ويعظمها ، يعني يتعلق بالكتاب والسنة ، سواء سموهم بأنصار السنة أو سموهم بالـسلفيين أو سمـوهم بـأي شيء ، المهم أن يكون همّهم التعلق بالكتاب والسنة ، وتحكيمهما والحرص على العمـل بهمـا ، أمـا مجـرد التحـزب لجماعـة يرضى لرضاها ويغضب لغضبها !!! فهذا ما يصلح ، لابد من تحكيم الأدلة الشريعة ، الذي لا يعرف ما عندهم يسأل عمّا أشكل عليه ولا ينضمّ إلى هؤلاء بالإيمان الكلي ، بل ينضم معهم بالحق والخير والهـدى ، أمّـا الإخـوان المـسلمين وجماعة التبليغ لا ، هؤلاء عندهم بعض الأخطاء ، لكن مثل السلفيين الذين يعتنون بالكتاب والـسنة ، مثـل أنـصار السنة في البلاد المعروفة ، فالحاصل أن تنظر الإخوان الذين يعتنون بالقرآن والحـديث ابـق معهـم ، الـذين يعتنـون بالقران والحديث كن معهم ، تبحث معهم ، تدرس معهم ، تبحث عن الأثر معهم .**

**شێخ ابن باز : له ( أنطاوية ) وه ، به هەر حاڵ : پابەندبوون به جەماعەتێکی دیاری کراوەوه ڕاست نیه و دروست نیه ، لەپێشتر بۆ مرۆڤ ئەوەیه کەوا پابەندبێت به شـەرعەوە : خـوا فەرموویـەتی و پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی ، واته پابەندبێت به قورئان و سوننەتەوە ، بەڵام باشترینی جەماعاتـه ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ بریتیه لـــه : سـەلەفییەکان و ئەنـصار السُّنه ( السلفيون وأنصار السنة ) ئەوانـەی کـه خۆیـان دەدەنـه پـاڵ سەلەفی صاڵـح ، وەکو ( أنصار السنة ) لـه ( مصر ) و ( أنصار السنة ) لـه ( سودان ) و هاوشێوەکانیان**

لەوانەی کە پەیوەستن بە سوننەتەوە گەورەی ڕادەگرن ، واتە : پەیوەستن بە قورئان و سوننەتەوە .
یەکسانە ئەوەی کە ناوبنرێن بە ( أنصار السنة ) یان ناوبنرێن بە ( سەلەفیەکان ) ، یان بە هەر شتێکی تر .

گرنگ ئەوەیە کە ئەمانە خەمیان پەیوەست بوونە بە قورئان و سوننەت و دادوەری بۆ لاکردنیان و سوور بوونە لەسەر کردەوە کردن بە هەردووکیان ، بەڵام تەنها حزبایەتی و لایەنگیری بکات بۆ کۆمەڵ و جەماعەتێکی دیاری کراو ، ڕازی بوونی بەپێی ڕازی بوونی ئەو بێت ، تووڕە بوونیشی لە بەر تووڕە بوونی ئەو بێت !!! ئا ئەمە نابێت و دروست نیە ، پێویستە کەوا دادوەری بکات بۆ لای بەڵگە شەرعیەکان و پەیڕەویان بکات ، وە ئەوەش شتێکیانی نەزانی ئەوا پرسیار دەکات لەوەی کە بووەتە جێ گومانی ، نەك ئەوەی بە هەموو باوەڕێکەوە لە گەڵیاندا بێت ، لە هەموو شتێکیاندا ، بەڵکو لە گەڵیاندا بێت لە هەموو ڕەوایی و چاکە و هیدایەتێکدا ، وە سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ جەماعەتی ( الإخوان المسلمين ) یان ( التبليغ ) بیت ؟ نەخێر ، ئەوانە هەندێك هەڵەیان هەیە ، بەڵام وەکو سەلەفیەکان ئەوانەی کە خەریکی قورئان و سوننەتن ، وەکو ( أنصار السنة ) لە زۆرێك لە وڵاتە ناسراوەکاندا ، دەرئەنجام : پێویستە بڕوانیتە ئەو برایانەی کە بایەخیان بە قورئان و فەرموودەیە لەگەڵ ئەواندا بمێنەوە ، ئەوانەی کە گرنگی و بایەخ دەدەن بە قورئان و فەرموودە لەگەڵیاندابە و توێژینەوەیان لە گەڵدا بکە و دەرسیان لەگەڵدا بخوێنە ، وە بەدواگەڕانیان لە گەڵدا بکە .

<u>**المتصل : يعني ياشيخ أنضم - يعني - إلى المنهج السلفي**</u> ؟ واتە : لایەنگیری بکەم بۆ بەرنامە و پەیڕەوی سەلەفییەت ؟

<u>**الشيخ : نعم**</u> ، واتە : بەڵێ .

المتصل : نعم ؟ واتە : بەڵێ ؟

الشيخ : أصحاب النبي ﷺ واتباعهم بإحسان هذه هي السلفية ، واتە : سەلەفیەت بریتیە لە : هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ، و شوێنکەوتنیان بەچاکە .

<u>**المتصل : طيب ، يا شيخ : مُمكن أن توجهوا لنا أسماء مشايخ نتعاون معهم ونتكاتف على إحياء منهج السلف الصالح**</u> ؟ واتە : باشە ، ئەی شێخ : ئایا دەکرێت ڕێنماییمان بکەیت بۆ ناوی ئەو شێخانەی کەوا

هـــاوکاری و پشتگیری و هەمـــاهەنگیان لـــەگەڵدا بکـەین بـــۆ زیندووکردنـەوەی بـــەرنامەی سەلەفـی صالح ؟

**الشيخ : كأمثال الشيخ محمد بن صالح العثيمين وصالح الفوزان ، وصالح الغديان ، وعبدالعزيز آل الشيخ ، وجماعة كثيرة** ، واتـــه : وەکـــو شێخ ( محمد بن صالح العثيمين ) و ( صالح الفوزان ) و ( صـــالح الغـــديان ) و ( صالح آل الشيخ ) ، کۆمەڵێکی زۆرن .

المتصل : جزاك الله خيرا ياشيخ ... أثابك الله ياشـــيخ )) [٦] ، واتـه : خـوا پاداشـتی خێرتـان بداتـەوە ئـەی شێخ ، خوا پاداشتت بداتەوە ئەی شێخ .

پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . لە ووتەیەکی زێڕینی کە سەبارەت بەم باسە فەرموویـەتی : (( **ومعلوم أن مذهب العالم هو ما مات عليه معتقدا له ، لا ما قاله سابقا ثم رجع عنه ، فيجب التنبه لذلك ، والحذر مما يلبس الأمور ويضعها في غير موضعها ، والله المستعان** )) [٧] .

واته : زانراوە کە مەزهەب و بۆچوونی زانا ئەوەیە کە لەسەری مردووە ، و باوەڕی پێ بووە ، نەك ئەوەی کە پێشتر ووتوویەتی و پاشان لێی گەڕاوەتەوە ، بۆیە پێویستە ئاگامان لەوە بێت ، و ئاگاداری بکەین لەوەی کە تێکەڵاوی لە شتەکاندا دروست دەکات ، و شتنەکان لە جێگەیەك دادەنات کە جێگەی خۆی نیە ... تەنها خوای پەروەردگاریش پشت و پەنایە .

ئەی نازانم چەواشەکاران بەگشتی ، و بەتایبەتیانەوە !! سەبارەت بەم فەتوایەی شێخ چی دەڵێت !! بـەم نموونەیـە چەواشـەکاری کەسـانی چەواشـەکارمان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کـە چـۆن ووتـەی زانایـان بـۆ مەبەسـت و مەرامـە خراپـەکانیان خۆیـان بـە کـاردەهێنن و لاوان و موسـڵمانانی ئیـسلام پـەروەری پـێ چەواشە دەکەن !!! و بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن ، و لە تاکە ڕێگای ڕاستی ئیسلام لایان دەدەن ... جا پێویستە چیتر بە ووتەکانیان نەخەڵەتێن ، چونکە ئەوانە بە پێچەوانەی ئەهلی سوننە کە

---

[٦] شبكة سحـــاب السلـــفيـــة ــ المنـــابر ــ المنبر الإســـلامي : مـــادة صوتية : بمـــاذا نصح الشيخ ابـــن باز ــ رحمه الله ــ الســـائل الـــذي استفسر لأي جمـــاعة ينظم ( سلفيـــة أو تبليـــغ أو الإخـــوان ) ؟! والمـــادة الصـــوتية مـــوجـــودة على الـــرابط : ( ٧٣٣٠٠٧ = http://www.sahab.net/FORUMS/showthread.php?p ) .

وراجـــع : ( مجـــالس الأفلاج ، تحت عنوان : من آخر فتاوى ابن باز ــ رحمه الله تعالى ــ : أحسن الجماعات اليوم السلفيون ، و الرابط : [ httpwww.alaflaj.comvbshowthread.phpp=٨٦٦٠٤ ] ) .

[٧] ( مجموع فتاوى ابن باز (٣٠) جزءا : ٣ / ٧٣ ) و ( تنبيهات هامة على ما كتبه الشيخ محمد علي الصابوني في صفات الله عز وجل : ١ / ٢١ ) .

هەموو ئەوەی لە سەریانە و ئەوەش بۆیانە دەگێڕنەوە . ئەگەرچی لافی ئەوەش لێبدەن کە لەوانن !! ـ ، بەڵکو ئەو کارەیان تەباو هاوشێوەی ئەهلی بیدعەیە کە جگە لەوەی کە بۆیانە ناگێڕنەوە !!!

۞ ۞ ۞ ۞ ۞

**بنەوای پێنجەم : واتای زمانەوانی و زاراوەی ( حزب ) :**

جێی داخە کەسانێك خۆیان بکەن بەسیاسەت مەدار و پسپۆر لە بوارە ڕامیارییەکان و بەناوی ئیسلامەوە بۆ خەڵکی موسڵمان بدوێن سەبارەت بە سیاسەتی ئیسلامی و بوارە ڕامیاریەکان ، کەچی : (( قل و فل )) ی سیاسەت لە یەك نەکەنەوە !!! و ئەبجەدیاتی ئەم کارە نازانن ، و هەر ڕۆژە و بەزم و تەموورەیەك لێبدەن ، و با لە هەر کوێیەکەوە هەڵبکات شەنی خۆیان بکەن !!!

موسڵمانان کە دەڵێم : ئەو کەسانە ئەبجەدیاتی سیاسەت نازانن ، و (( قل و فل )) لە یەك ناکەنەوە بە ناڕەوام نەزانن ، چونکە جیاکردنەوەی ووشەی (( حزب )) لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیدا ئەبجەدیاتی سیاسەتە ، و بەردی بناغەیەتی ، جا ئەگەر کەسێك هەر لە بنەوادا کلۆڵ و نەزان بێت ، چۆن ڕێ بەخۆی دەدات موسڵمانان بە ووتەکانی چەواشە بکات و لە خشتەیان بەرێت ؟!!

یەکێك لەو چەواشەکاریانەی کە چەواشەکاران دەیانەوێت خەڵکی پێ قایل بکەن کە کاری ناڕەوایی حزبایەتی کارێکی دروستە و سەلەفیەکانیش وەکو ئەوان حزبن !!! هێنانەوەی واتای حزبە لە زمانەوانی و خستنەڕوویەتی بەوەی کە هەر ئەوەیە وواتای ( حزب ) لە زاراوەدا !!!! کەچی واش نیە !!

بێگومانم ئەو کارە ئەو پەڕی نەزانیە ، و بۆ فریودانی موسڵمانان ئەنجام دەدرێت !!! ڕاستی ئەم ووتەیەش لەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە تێیدا هەردوو وواتای زمانەوانی و زاراوەیی ( حزب ) دەخرێتە ڕوو ، پاشان و ئەوەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە کام وواتایان دەگرێـەوە ؟ ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

**واتای زمانەوانی ( حزب ) :**

**( حـــــزب ) لـە زمانەوانیـدا زیـاد لـە وواتایـەکی هەیـە ، پەرتوکـەکانی زمـان و فەرهەنگـەکان ئـەو وواتایانەیان ئاشکرا کردووە ، ئەوەتا لە** ( لسان العرب ) **دا هـاتووە :** (( الحزب : جماعة الناس والجمع أحزاب ، وحِزْبُ الرجل : أصحابه وجنده الذين على رأيه ... وكل قوم تشاكلت قلوبهم وأعمالهم فهم أحـــزاب وإن لم يلـــق بعضهم بعضًا ... والحِزْبُ : الوِرْد ، ووِرْدُ الرجل من القرآن والصلاة حِزْبُهُ ، والحِزْبُ : النصيب يقال أعطني حِزْبِـــي من المال أي حظي ونصيبي ، والحِزْبُ : النَّوْبَة في ورود الماء ، والحِزْبُ : الصنف من النـــاس ، والحِـــزْبُ : الطائفـــة ، وحازَبَ القوم وتحزَّبوا تجمعوا وصاروا أحزابا ، وحَزَّبَهُمْ جعلهم كذلك ، وحَزَّبَ فلان أحزابًا أي جمعهم ... الخ ))[1] ، **واتە :** ( حزب ) **: کۆمەڵە خەڵکێك دەگرێتەوە ، کۆکەشی** ( أحزاب ) **ە ، کە دەووترێت :** ( حِزْبُ الرجـــل ) **واتـە : هـاوەڵان و سـەربازەکانی کـە لـە سـەر بۆچـوونی ئـەوون ... وە بـە هـەموو کەسـانێك کـە دڵ و کردەوەیان هاوشێوەی یەك بوون ئەوا حزبن ئەگەر بە یەکتریش نەگەن ، حزب بە واتـای ویـردیش دێـت ، واتـە ویـری لـە قورئـان خوێنـدن و نوێژەکـەی پـێی دەووترێـت : حزبەکـەی ، وە حـزب بـە واتـای بـەش و نسیب دێت ، دەووترێت : بەشی خۆمم بدەری لە پارە ، واتـە : بەش و نسیبی خـۆم ، وە حزب واتـــە : نـۆرە و سـەرەی چـوون بـۆ سـەر ئـاو ، هەروەها حزب واتـــە : چین و جـۆرێك لـــە خـــەڵك ، یـــان کۆمەڵە خەڵکێك ، و** ( حازَبَ القوم وتحزَّبـــوا ) **واتـە : کۆبوونـەوە و بوون بە حزبێك ، و** ( حَـــزَّبَهُمْ ) **هـەمان واتای هەیە ، و** ( حَزَّبَ فلان أحزابًا ) **واتە کۆی کردنەوە ... هتد .**

**واتـای زاراوەیی ( حزب ) :**

**ووشـەی ( حـــزب ) لـــە زاراوەی کەســـانی سیاسـەت مـــەدار و ڕۆشنبیرەوە ، بـــە چەند شێوەیەك وواتـــا کراوە ، هەریەك لـــەو وواتـــایـــانەش بـــە پـێی ڕۆشنبیری ڕامیاری و کاریگەریە کۆمەڵایەتیـەکانی بێژەرانی دەگۆڕێـت . بێژەرانی ڕۆژهـەڵاتی بن یـــان ڕۆژئـاوایی . ، بۆیـە لێرەدا هەنـدێك لـەو پێناسـانە دێنینەوە بۆ ئەم زاراوەیە ، و پاشان بنەواکانی ( حزب ) لە ڕوانگەی گشتی بێژەرانەوە دیاری دەکەین :**

---

[1] **بڕوانە :** ابن منظور ، لسان العرب ، ج١ ، ص : ٣٠٨ ــ ٣٠٩ ، **بە هەندێك دەستکاریەوە .**

ئەوەتـا نـووسـەری بـەریتانی ( إدمـوند بيرك ) حـزبی سیاسی بـەم شێوەیە پێناسە دەكات كە :

(( **مجموعـة من الأفـراد اتحدت بجهـودهـا الذاتية لترقية المصلحة الوطنية على أسـاس مبدأ معين متفق عليـه بـين المجتمع** )) [٢].

واتە : كۆمەڵە كەسێكە یەكیان گرتووە بە تواناكانیان بۆ برەوپێدان و بەرزكردنەوەی بەرژەوەندیە نەتەوییەكان لە سەر بنەوایەكی دیاری كراو ، كە هەموو یەك دەنگن لە سەری .

وە ( Burdeau ) پێناسەی دەكات بەوەی كە : (( **تنظيم يضم مجموعة من الأفراد تدين بـنفس الرؤيـة السياسية وتعمل على وضع أفكارها موضع التنفيذ ، وذلك بالعمل على ضم اكبر عـدد مـن المـواطنين إلى صـفوفهم ، وعلى تولى الحكم أو على الأقل التأثير على قرارات السلطة** )) [٣] .

واتـە : ڕێكخستنێكە كۆمەڵـە كەسێك دەگرێتـەخۆ ، كـە هـەمان دیـد و ڕوانگـەی ڕامیاریـان هەیـە ، و كاردەكەن لـە پێنـاو بـەركاركردن و پراكتیك كردنـی بیرۆكـەكانیان ، ئـەوەش بـە كـاركردن بـۆ گرتنـەخۆی زۆرتـرین تـاكی جـەماوەر لـە ڕیزەكانیانـدا ، وە لەسـەر ئـەوەی كـە دەسـەڵات بگرنـە دەسـت ، یـان بـەلای كەمەوە بتوانن كاریگەریان هەبێت لە سەر بڕیارەكانی دەسەڵات .

وە ( لازويل : Harold Lasswell ) دەڵێـت : (( **المنظمة المختصة بتقديم المرشحين والقضايا الـسياسية تحت اسمها في الانتخابات** )) [٤] .

واتە : ئەو ڕێكخراوە تایبەتەیە كە پاڵێوڕاو و گرفتە ڕامیاریـەكان دەخاتـە ڕوو لـە ژێـر نـاوی خـۆی لـە هەڵبژاردنەكاندا .

بەڵام ( كولمان : J.S.Colman ) پێناسەی دەكات بەوەی كە بریتیـە لـە (( **اتحـادات وجمعيـات منظّمـة بصفة رسمية ولهـا هـدف واضـح ومعلن يتمثل في حصولهـا ، أو احتفاظهـا بالقيـادة أو الإدارة الـشرعية علـى الأشخـاص أو السيـاسة الحكومية لـدولة ذات سيـادة حـالية أو مـرتقبة ، سـواء حصلت على هـذه القيادة**

[٢] انظر : ( المدخل إلى العلوم السياسية ، د.صلاح الدين عبدالرحمن الدومة ، مطبعة جي تاون ، الخرطوم ، ط٢ ، ٢٠٠٣ ، ص ٣٧٨ ) .

[٣] ( العلوم السياسية ، علي محمد شمبش ، ، مطبعة الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع ، بنغازي ، ١٩٧٩، ص٨٦ نقلا عن بعض المـصادر الأجنبية ) .

[٤] ( العلوم السياسية ، علي محمد شمبش ، ، مطبعة الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع ، بنغازي ، ١٩٧٩، ص٨٦ نقلا عن بعض المـصادر الأجنبية )

**بمفردها أو عن طريق ائتلافي أو عن طريق المنافسة الانتخابية مع غيرها من الاتحادات أو الجمعيات المماثلة** )) [٥]

.

واتـه : چـەندەها یـەكێتی و كۆمەڵـەی ڕێكخـراوه بـه شـێوەیەكی یاسـایی ، و مەبەسـتی ڕوون و ئاشكراكراوی هەیە نوێنەرایەتی دەكات بۆ بەدەست هێنانی ، یان بۆ پاراستنیان بە سەرۆكایەتی ، بەڕێوه بردن یاسایی لەسەر كۆمەڵە كەسێك ، یان ڕامیاری حكومەتی وڵاتێك كە خاوەن سیادەتی خۆیەتی یان چاوەڕوانیەتی ، بەبێ جیاوازی لە نێوان ئەوەی كە بەدەست هێنانی بەڕێوه بردنەكە بەتەنها بێت یان لە ڕێگەی یەكگرتنی ، یان لە ڕێگەی پێشبڕكێی هەڵبژاردن لە گەڵ لایەنی تردا ، وەك یەكێتیەكانی تر یان كۆمەڵە هاوشێوەكانی تر .

ئەمە سەبارەت بە هەندێك لەو پێناسانەی كە نووسەر و پسپۆڕانی بواری ڕامیاری ڕۆژهەڵاتی خستوویانە ڕوو ، سەبارەت بە پێناسەی زاراوەیی ( حزب ) .

وە سەبارەت بە نووسەر و ڕۆشن فیكر و پسپۆڕانی بواری ڕامیاری وڵاتانی عەرەب لە پێناسەكانیان بۆ حزبی سیاسی زۆر جیاواز نیین لە گەڵ ڕۆژئاوایاندا ، سەرەڕای جیاوازی سەرچاوەكانی ڕۆشنبیریان ، ئەوەتا لە (( موسوعة السياسة )) دا هاتووه كە پێناسەی حزب بەم شێوه دەكات كە : (( **مجموعة من المواطنين يؤمنون بأهداف سياسية وإيديولوجية مشتركة وينظمون أنفسهم بهدف الوصول إلى السلطة** )) .

واتە : كۆمەڵە هاوڵایەتیەكە هاوبیروڕان بە هەندێك مەبەستی ڕامیاری ، بیروباوەڕی هاوبەش ، و خۆیان ڕێك دەخەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات .

وە یەكێكی تر لەوانەی كە پێناسەی حزبی كردووه (( الدكتورة نبيلة عبد الحليم )) ئەویش بەوەی كە : (( **تنظيم يضم مجموعة من الأفراد تدين بنفس الرؤية السياسية وتعمل على وضع أفكارها موضع التنفيذ ، وذلك بالعمل في آن واحد على ضم أكبر عدد ممكن من المواطنين إلى صفوفهم وعلى تولي الحكم أو على الأقل التأثير على قرارات السلطات الحاكمة** )) [٦] .

---

[٥] ( العلوم السياسية ، علي محمد شمبش ، مطبعة الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع ، بنغازي ، ١٩٧٩، ص٨٦ نقلا عن بعض المصادر الأجنبية ) .

[٦] ( انظر : الأحزاب السياسية في العالم المعاصر ، د.نبيلة عبد الحليم كامل ، دار الفكر العربي ، القاهرة ، ١٩٨٢ ، ص (٧١-٨٢) ) .

واتـه : ڕێكخراوێكـه كۆمەڵـه كەسـێك دەگرێتـه خـۆ كـه هـەمان دید و ڕوانگـەی ڕامیاریـان هەیـه ، و كاردەكـەن لـه پێنـاو بـەركاركردن و پراكتیـك كردنـی بیرۆكـەكانیان ، ئـەوەش بـه كـاركردن بـۆ گرتنـەخۆی زۆرتـرین تـاكی جـەماوەر لـه ڕیزەكانیانـدا ، وه لەسـەر ئـەوەی كـه دەسـەڵات بگرنـه دەسـت ، یـان بـەلای كەمەوه بتوانن كاریگەریان هەبێت له سەر بڕیارەكانی دەسەڵات .

دوای ئـەم خستنه ڕووه بـۆ پێناسەكـان - ڕۆژئـاوایی بن یـان ڕۆژهـەڵاتی - ئـەوەمـان بـۆ ئـاشكرا دەبێت كـه حزبی سیاسی پێویسته چـوار بنـەوای تێدا هـەبێت بـۆ ئەوەی پێی بووترێت ( حزب ) ، ئەوانیش :

یەكەم : <u>بوونی كۆمەڵـه كەسێك</u> : چونكه هـەرگیز ناكرێت به هیچ ڕێكخراوێك بووترێت حزب ئەگەر كۆمەڵه ئەندام و لایەنگر و جەماوەرێكی نەبێت ، وه ئاشكراشه كه به هیچ تاكه كەسێك ناووترێت حزب هەرچەنده بەرنامه و بیرۆچكەی هەبێت ئەگەر جەماوەری له دەور كۆنەبێـەوه .

دووەم : <u>چوارچـێوەیەكی فیكـری</u> : واتـه پێویـسته چوارچـێوەیەكی فیكـری ئـەو كەسـانەی بەیەكـەوه بەسـتبێتەوه ، بـه واتایـەكی ڕوونـتر پێویـسته ئەوانـه كۆببنـەوه لـه سـەر چـەند بنـەوا و بیروڕایـەك ، و پەیڕەوێكی ئاشكرایان هەبێت .

سێیەم : <u>چوارچێوەیەكی ڕێكخراوی</u> : ئەم چوارچێوه مەرج و پێویسته بۆ حزب ، چونكه پێویسته جۆره ڕێكخراوێك له نێوان تاكەكانی حزبەكەدا هەبێت ، لەبەر ئەوەی حزب هەوڵی كۆكردنەوه و كەسب كردنـی زۆرینه گەورەی خەڵكەكه دەكات بۆ ناو ڕیزەكانی خۆی ، ئەمـەش ئەوه پێویست دەكات كه چەندەها شێوه و چوارچێوه هەبێت - هەرەمی بێت یان عەنقودی هەروەكو له دەیەها ساڵه دەڵێن و ناشزانن واتای چیه !!! - بۆ ئەوەی ئەو جەماوەر و ئەندامانه بگرێته خۆی ، و ڕۆڵەكان دابەش بكات له نێوانیاندا .

چوارەم : <u>ئامانج و مەبەستی ڕامیاری ( سیاسی )</u> : كه بریتیـه لـه گەیشتن بـه فـەرمانڕەوایی ، كـه ئەمـەش گرنگترین جیاكەرەوەی حزبه له هەموو ڕێكخراوەكانی تر ، چونكه چەندەها ڕێكخراوی تر هەن هاوبەشن له گەڵ حزبدا له هەموو ئەو خاڵانەی پێشوو ، وەكو كۆمەڵـه و ڕێكخـراوه ڕۆشنبیری ، و پیشەییەكان ... هتد ، كه هەمووشیان بـریتین لـه كۆمەڵـه خـەڵێك لـه سـەر چـەند بنەوایـەك كۆدەبنـەوه ، جاری واش هەیـه پەیوەنـدی ڕێكخـراویش لـه نێوانیانـدا هەیـه . بـەڵام ئـەوەی كـه حـزب لـه هـەموو ئـەو ڕێكخراوانـه جیا

دەكاتەوە ئەوەیە كە ئەو ڕێكخراوانە هەوڵی گەشتنیان نیە بە فەرمانڕەوایەتی ، بەڵكو تەنها لە هەوڵی وەرگرتنی مافی توێژێكن لە كۆمەڵگا ، یان بۆ چارەسەر كردنی هەندێك كێشە و گرژی و دژواریە كاتیەكانن ، بۆیە لە سەر ئەم بنەوایە تەنها پێوەرێك كە جیاكەرەوەی حزبە لە ڕێكخراوەكانی تر ئامانج و مەبەستە ڕامیاریەكەیە .

بەمەش دەتوانرێت بە هەموو كۆبوونەوەیەك كە ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا بێت بووترێت : حزبی ڕامیاری ( سیاسی ) ، لە گەڵ ئەوەی كە چەندەها بنەوای تر هەن بۆ حزبی ڕامیاری ، وەك : سەركردایەتی ، و بەڕێوبەرایەتی ، و دارایی ، و بەیعەت و ... هتد .

وە ئەوەش ئاشكرا دەبێت كە . سەرەڕای بوونی پەیوەندیەك لە نێوان واتای زمانەوانی و زاراوەییدا . بەهەموو كۆمەڵە كەسێك ناووترێت حزب ئەگەرچی مەبەستێكی هاوبەشیش كۆیان بكاتەوە ، ئەگەر مەبەستەكە ڕامیاری نەبێت !!! چونكە ئەگەر وانەبێت ئەو كاتە بە هەموو كۆمەڵە كەسێكی تۆپێنچی ، یان هەر یاریەكی تر كە مەبەستێك كۆی كردوونەتەوە دەووترێت حزب !!! یان بە هەموو كۆمەڵە كارمەندێك كە لە ناوەندێكی خزمەت گوزاری ، قوتابخانە بێت یان نەخۆش خانە ، ... هتد دەووترێت حزب !!! چونكە هەموو ئەو كۆمەڵە كەسانە مەبەستێك كۆی كردوونەتەوە !!!!

بەمەش چەواشەكاری چەواشەكاران بۆ موسڵمان ئاشكرا دەبێت لەوەی كە دەڵێن : (( ووشەی حزب هەر برایەك ئەیەوێ بگەڕێ بڕوا بۆ ( لسان العرب . لە ماددەی : ح ز ب ) لە ( معجم الوسیط ) بگەڕێن لەبەر ئەوە سەرچاوە و مەصدەرەكان ئەتوانن بگەڕێن ( مجلدی ٢ لە مقایس اللغة ، لاپەڕەی ٥٥ لە تاج العروس ) ئەم كتێبانە معروفن كە هیچ حزب هەموویان تەقریبەن چەن كەلیمەیەك ئەهێنن ئەوەی كە ئێمە مەبەستمان لێرە بۆ نموونە حزب یانی ( الطائفة ) حزب ( الجماعة ) حزب ( الطائفة من كل شيء حزب ) حەتا لە كۆمەڵە ویردێك خۆت بۆ خۆت دیاری دەكەیت ئەوە پێی دەوترێت حزب ، حزب بریتییە لەوەی لە قورئان دا تەماشا ئەكەیت چەن ئایەتێك پێی ئەوترێت حزب ، حزب یانی ( نصیب ) ... ئەوە لە ( لسان العرب ) دا هاتووە .

بەلاّم ئەوەی كە ئێمە مەبەستمانە حزب : ( كل الطائفة هواه واحد ) حزب : ( أصحاب رجل معه علی رأي ) شەخسێك هەیە هاوەڵەكانی لەگەڵ ڕەییە لە زبانی عەرەبی پێی ئەوتریت حزب ، حزب هەروەها ( حزب

رجل الذين يميلون إليه والجمع الأحزاب ) وه لـه ( معجم الوسيط ) يشدا هاتووه جەماعه مرادفى حزبه وەك ( ئيمامى تەبەرى ) ئەفەرمووێ : ( طائفة من الناس يجمعهم غرض الواحـــد ) حزب تائيفەيەكە لە خەڵك يەك مەبەست كۆی كردوونەتۆ ، يەك عەقيدەيان هەيە ، يەك تەسەوريان هەيە ، يەك شێوازی ئيشكردن و بيريان هەيە ، جا مەبەستم ئەوە لێرە سەير ئەم پێناسە : ( طائفة من الناس يجمعهم غرض واحد ) ئەمە حزبە ، ئيتر ئەبينى ئەو شەخسە ئينسان كە كاتێك يەك غەرەز كۆی ئەكاتەوە لە مەجليسێك لەم سەری ئەرز قسەيەك بكە ئەو شەخسە ئەيباتە سەرخۆی لەو سەری ئەرز قسەيەك بكەی تەعەسوبی بۆی هەيە جاری وا هەيە و تەقليدی بۆی هەيە تاكۆتای ، كەوابوو ئا لێرە ئەمە لە ( اللغة و الاصـــطلاح ) كە ئێمە زانيمان حزب بريتی بوو لە چی ( طائفة من الناس يجمعهم غرض واحد ) )) .

چونكە ئەوەی كە چەواشەكاران لێرەدا هێناويانەتەوە وواتای زمانەوانيە نەك زاراوەيی ، ئەمەش بەڵگەيە لە بێ ئاگای ئەو كەسانە كە خۆيان بە سياسەت مەدار دەزانن !!!! كەچی ئەبجەدياتی كارەكەی خۆشيان لەيەك ناكەنەوە !!!!! ولا حول ولا قوة إلا بالله .

يان ئەوەی كە زياتر نەزانينيان دەردەخات ئەوەيە كە ووتەی كەسێكی حزبی وەكو خۆيان دەهێنيتەوە ( بەناو : عبدالمجيد الريمي ، كە گوايا يەكێكە لە زانا بەناوبانگەكانی سەلەفی لە يەمەن !!!! كە واش نيە ) كە تێيدا دەڵێت : (( لێرەدا ئەم شێخە ئەفەرمووێ : (( ورد في صـــحيح البخـــاري : ج ٥ : ص ٢٠٥ عـــن عائشة رضي الله عنهـــا أن نساء النبي ﷺ كـــنَّ حـــزبين ، فحـــزب فيه عـــائشة وحفصة و ســـودة ، والحـــزب الآخـــر أم سلمة وســـائر نســـاء الـــنبي ﷺ ... الحـــديث )) ... هتد ، لێرە كە باسمان كرد لە پێشدا تەماشا ئەكەين بەشێك لە قورئان حزبێكی پێ ئەوترێت !!! <u>خێزانەكانی پێغەمبەر ﷺ دوو حزب بوون</u> !!!! <u>كەوابوو ئەگەر وابێت ئينسان با زۆر بەدوای ئەوەدا نەگەڕێت بڵێ من حزب نيم ؟؟؟؟؟؟؟</u> )) .

بەبەڵگە هێنانەوەی ئەم فەرموودەيە لە لايەن ( مامۆستای بانگخواز !!! ) و ( شێخ و پێشينی !!! ) بەناو سەلەفی نيشانەی ئيفلاس و بێ بەڵگەيی هەردووكيانە ، چونكە فەرموودەكە ووشەی حزب بە واتا زمانەوانيەكەی بەكار دێنێت ، نەك زاراوەيی !!!

لە كۆتايی ئەم باسەش ئەوە لە لای خوێنەری موسڵمان ئاشكرا دەبێت كە ئايا سەلەفيەكانيش وەكو ئەوان لە تاوانی حزبايەتيدا دەژين يان سەلەفيەكان خەريكی دينداريێتين نەك حزبايەتی !!!

**بنەوای شەشەم : بنەوایەك لە پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعـە :** (( أهل السنة يقولون مالهم وما عليهم ، ولكن أهل البدعة لا يقولون إلا ما لهم )) **ئەهلی سوننە هەموو ئەوەی لە سەریانە و ئـەوەش بۆیانـە دەگێڕنـەوە ، بەڵام ئەهلی بیدعە جگە لەوەی کە بۆیانە ناگێڕنەوە :**

**خوای پەورەدگار پێویستی کردووە لـە سـەر زانایـان و بانگەشـەکاران فێرخوازانی زانستی شـەرعی ئەو زانستەی کە لایانە و دەیزانن بـە موسـڵمانانی بگەیـەنن ، نەکـەن کۆمـەڵێکی بگەیـەنن و بڕەکـەی تـری بشارنەوە بە هەر مەبەستێکی دونیاویستی ، یان بۆ چەواشەکاری و دوورخستنەوەی موسڵمانان بێت لە ڕاستیەکان ، یان بە هەرمەبەستێکی تر بێت ، هەروەکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی موسڵماناندا ڕوو دەدات ، لە لایەن کەسانی چەواشەکارەوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ ﴾ ( آل عمران ، ١٨٧ ) .

**واتـە : خـوای پـەروەردگار عەهـد و پـەیمانی لـە ئوممـەتانی پێـشتری خـاوەن کتێبـە ئاسمانیـەکان وەرگرتووە کە ئایینەکەیان ئاشکرا بکەن و نەکەن لێی بشارنەوە .**

**پێشەوا** ( ابن تيمية ) **هـەر لـەم بـارەیەوە و دوای هێنانەوەی ئایەتی :** ﴿ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ قَالُوا أَتُحَدِّثُونَهُمْ بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَاجُّوكُمْ بِهِ عِنْدَ رَبِّكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾ ( البقرة : ١٧٤ ) **فـەرمـوویەتی :** (( فوصف المغضوب عليهم بأنهم يكتمون العلم : تارة بخلا به ، وتارة اعتياضا عن إظهاره بالدنيا ، وتارة خوفا في أن يُحتج عليهم بمـا أظهروه منه .

وهذا قد يبتلى به طوائف من المنتسبين إلى العلم ، فإنهم تارة يكتمون العلم بخلا به ، وكراهة لأن ينال غيرهم مـن الفضل ما نالوه ، وتارة اعتياضا عنه ، برئاسة أو مال ، فيخاف من إظهاره انتقاص رئاسته أو نقص ماله ، وتارة يكـون قد خالف غيره في مسألة ، أو اعتزى إلى طائفة قد خولفت في مسألة ، فيكتم من العلم ما فيه حجة لمخالفه وإن لم يتيقن أن مخالفه مبطل .

ولهذا قال عبد الرحمن بن مهدي [١] وغيره : أهل العلم يكتبون ما لهم وما عليهم ، وأهل الأهواء لا يكتبون إلا ما لهم )) [٢] ، واته : خوای پەوەردگار وەسفی جولەکەی کردووە بەوەی کە ئەوان زانست دەشارنەوە ، جارێکیان لە بەر چاوچنۆکی و ڕەزیلیان ، وە جاری تریش ئاشکرانەکردنی لەبەر بەدەست هێنانی دونیا بەرامبەر ئەو ئاشکرانەکردنە ، وە جاری واش هەیە لە بەر ترسی ئەوەی کە نەکو بەرامبەرەکەیان بیکاتە بەڵگە بەسەریانەوە ئەگەر لێیان ئاشکرا کرد لە لایان .

هەر ئەمەشە ڕەنگە کۆمەڵانێك لەو کەسانەی کە دەدرێنە پاڵ زانست ، ئەو جۆرە کەسانە جارێکیان لە بەر چاوچنۆکی و ڕەزیلیان ، و جارێکی تریش نەك کەسانی تر ئەو چاکە و خێرەیان دەست کەوێت کە ئەوان دەسیان کەوتووە ، و جاری تریش ئاشکرانەکردنی لەبەر بەدەست هێنانی دونیا بەرامبەر ئەو ئاشکرانەکردنە ، سەرکردایەتی بێت یان پارە و پووڵ ، کە دەترسن بە ئاشکراکردنیان ئەو سەرکردایەتی و پارەیە لە دەست بدەن ، وە جاری واش هەیە لە بەر ئەوەیە کە ئەو کەسە پێچەوانەی جگە لە خۆی بووەتەوە ، یان سەربە کۆمەڵێکە پێچەوانەیە لە بابەتێکدا ، بۆیە دەبینین زانستێك دەشارێتەوە کە بەڵگەیە دژ بە خۆی ، با دڵنیاش نەبێت لەوەی کە بەرامبەرەکەی ناڕەوایە .

واتە : ئەهلی سوننە و زانایان هەموو ئەوەی لە سەریانە و دژیانە ، وە ئەوەش لایەنگریانە دەگێڕنەوە ، بەڵام ئەهلی بیدعە جگە لەوەی کە بۆیانە و لایەنگریانە ناگێڕنەوە .

هەر ئەم پێشەوایە و دوای هێنانەوەی ئایەتی : ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا . . . وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءَهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِمَا مَعَهُمْ ﴾ ( البقرة : ٩١ ) ە ، و ئایەتی : ﴿ وَكَانُوا مِنْ قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَمَّا جَاءَهُمْ مَا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْكَافِرِينَ ﴾ ( البقرة : ٨٩ ) ، فەرموویەتی : (( فوصف اليهود : بأنهم كانوا يعرفون الحق قبل ظهور الناطق به

---

[١] هو الإمام : عبد الرحمن بن مهدي بن حسان العنبري اللؤلؤي البصري ، ولد سنة (١٣٥ هـ) ، وكان من كبار أئمة السلف ، ومن أئمة الحديث الثقات المتقنين ومن أهل الورع والصلاح ، قال فيه الشافعي : « لا أعرف له نظيرا في الدنيا » توفي بالبصرة سنة ( ١٩٨ هـ ) ، ومولده ووفاته بالبصرة . انظر : اللباب في تهذيب الأنساب لابن الجزري ( ٣/ ١٣٥ ، ١٣٦) . وانظر : تهذيب التهذيب لابن حجر (٦/ ٢٧٩ - ٢٨١) ، (ت ٥٤٩) .

[٢] ( اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم : ج ١ / ص ٨٦ ) .

، والداعي إليه . فلما جاءهم الناطق به من غير طائفة يهوونها لم ينقادوا له . **وأنهم لا يقبلون الحق إلا من الطائفة التي هم منتسبون إليها** ، مع أنهم لا يتبعون ما لزمهم في اعتقادهم .

**وهذا يبتلى به كثير من المنتسبين إلى طائفة معينة في العلم ، أو الدين ، من المتفقهة ، أو المتصوفة ، ... أو غيرهم . أو إلى رئيس معظم عندهم في الدين ـ غير النبي ﷺ ـ فإنهم لا يقبلون من الدين رأيا ورواية إلا ما جاءت به طائفتهم ، ثم إنهم لا يعلمون ما توجبه طائفتهم ، مع أن دين الإسلام يوجب اتباع الحق مطلقا : رواية ورأيا ، من غير تعيين شخص أو طائفة ـ غير الرسول ﷺ ـ** )) [٣] .

**واتە : خوای پەروەردگار وەسفی جولەکەی کردووە بەوەی کە ڕەوایيیان دەزانی . کە پێغەمبەرایەتی محمد بوو ﷺ . پێش ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەرکەوێت ، کە ئەو ڕاستیەی ئاشکرا کرد و بانگەشەی بۆ کرد ، بەڵام جولەکە کە بینی پێغەمبەرەکە ﷺ لەو کۆمەڵە نیە کە خۆشیان دەوێت ، مل کەچ نەبوون بۆی .**

**هەر ئەمەشە کە زۆرێك لەوانە تووشی دەبێت کە دراونەتە پاڵ کۆمەڵانێکی دیاری کراو لە زانست ، یان لە ئایین ، لە شەرعزانان ، و سۆفیگەران ، ... جگە لەوانیش ، یان ئەو کەسانەی کە دراونەتەپاڵ سەرکردەیەکی بەگەورەدانراو لە ئاییندا لە لای ئەواندا . جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ . دەبینین هیچ شتێك وەرناگرن لە ئایین بۆچوون بێت یان ڕوایەت بێت ، جگە لەوەی کە لە کۆمەڵەکەی خۆیانەوە نەبێت ، پاشان ئەوان ئەوانە هەر نازانن کە کۆمەڵەکەیان چیان لە سەر پێویست دەکات ، لە گەڵ ئەوەی کە ئایینی ئیسلام وا پێویست دەکات کە دەبێت شوێکەوتەی ڕەوایی بین بە ڕەهایی ، ڕیوایەت بێت یان بۆچوون بێت ، بەبێ دیاریکردنی کەسێك یان کۆمەڵێك . جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ .**

**کەواتە ئەم کارە . واتە شاردنەوەی ڕاستیەکان دەرنەخستنی بە شێوەیەکی تەواو بە مەبەستی چەواشەکاری . سیفەتی ئوممەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانێکانی پێش ئوممەتی ئیسلامە ، خوای پەروەردگاریش هەڕەشەیەکی گەورەشی باس کردووە سەبارەت بەو کەسانەی دوای ئاشکرا بوونی ڕاستیە ئایینیەکان هەستن بە شاردنەوەیان ، ئەوەتا دەفەرمووێت :** ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ ﴾ ( البقرة : ١٥٩ ) .

---

[٣] ( اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم : ج ١ / ص ٨٧ ــ ٨٨ ) .

له ئەنجامدا بەوە دەگەین کە خوای پەروەردگار لەو ئایەتانەی سەرەوە ، وەسفی جولەکە و خاچ پەرستانی بەوە کردووە کە زانست دەشارنەوە ، بەهەر بیانویەکەوە بێت ، هەروەکو کەسانێك لەم سەردەمانەی خۆماندا تووشی بوون بۆ گەشتن بەمەستی گلاّویان ، و پارێزگاری کردنیان لە پلەو پایەی ڕامیاریان ، و خەڵکی دەوروو بەریان ، و پارە و پووڵی دونیا .

هەر لەبەر ئەمەیە زانایان لە بنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعەدا فەرموویانە کە یەکێك لە سیفەتەکانیان بریتیە لە (( ئەمانەتداریێتیان لە هەموو شتێکدا بە تایبەت لە گێڕانەوەی زانستە شەرعیەکان )) ، هەروەکو شێخ ( محمد بن إبراهيم الحمد ) : (( چونکە ئەمانداریێتی لە ڕازێنەر و جوانکاری زانستە ، وە ڕووحی زانسە کە وای لێ دەکات بە جوانترین شێوە بە بەرهەم بێت ، و بەرهەمی خۆش تام بێت ، ئەهلی سوننەش لەم کارەدا دەستی بالاّیان هەیە و لە چڵەپۆپ و لووتکەدان .

لە دیاریدەکانی ئەمانەتداریێتی زانستی لەلایان ، ئەمانەتداریێتیە لە گێڕانەوەدا ، و دووریان لە تەزویرکردن و وەرگێڕانی ڕاستیەکان ، و دابڕکردنی دەقەکان و قرتاندنی ، و لادانی لە واتای خۆی ، بۆیە دبینیت ئەگەر ووتەی لە بەرهەڵستکارانیانەوە بگێڕنەوە بە تواوی ووتەکەی دەیگێڕنەوە ، وە ناکەن ئەوەندەی لێ ببەن کە هاوکۆکە لە گەڵ ئەوەی کە بۆی دەڕۆن ، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەیانی پێ تاوانبار بکەن ، بەڵکو ووتەکەی بە تەواوی دەگێڕنەوە ، وە ئەگەر ڕەوایی بێت دانی پێدا دەنێن ، وە ئەگەر پووچەڵیش بێت ڕەتی دەکەنەوە ، وە ئەگەر ئەمەو ئەوەشی تێدا بوو ئەوا ڕەواییەکەی وەردەگرن و پووچەڵیەکەشی ڕەت دەکەنەوە ، هەرهەموو ئەوەش بەپێی بەڵگەی یەك لایی کار و ڕوون و ئاشکرا .

وە یەکێکی تریش لە دیاریدەکانی ئەمانەتداریێتی زانستیان ئەوەیە کە ووتە بە واتا و شێوەیەك لێك نادەنەوە کە ئەو واتایە هەڵنەگرێت ، وە ئەوان ئەوەی کە هاوکۆکە لە گەڵیاندا و ئەوەش کە دژیانە دەگێڕنەوە ، وە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەوایش ئەگەر بۆیان ئاشکرا بوو ، وە فەتوا و قەزاوەت ناکەن بەوەنەبێت کە دەیزانن )) [٤] .

وە سەبارەت بە سیفەتی چاکی ئەهلی سوننە لەم بارەدا و باسکردنی خراپەی ئەهلی کەلام و ئەهلی بیدەعدا زانایان دەگێڕنەوە کە : (( أهـل العلم يكتبون مـا لهم ومـا عليهم ، وأهـل الأهـواء لا يكتبـون إلا

---

[٤] **بڕوانە** : ( رسائل الشيخ محمد بن إبراهيم الحمد في العقيدة : ج ٧ ، ص ١١ ) .

مــا لهم )) [٥] ، واته : ئەهلی سوننه و زانایان هەموو ئەوەی له سەریانه و ئەوەش لایەنگریانه دەگێڕنەوە ، بەڵام ئەهلی بیدعه جگه لەوەی که بۆیانه و لایەنگریانه ناگێڕنەوە .

ئەگەر ئاشکرا بوو که شاردنەوەی ڕاستیەکان و چەواشەکردنی موسڵمانان لێیان ، کاری بیدکار و لاڕێبووانه ، دەبێت بزانین که بەرپەرچدانەوەی لاڕێبووان و ئاشکراکردنیان له فەرمانکردن به چاکه و یاساغیکردن له خراپەیە .

**بنەوای حەوتەم : بەرپەرچدانەوەی لاڕێبووان و ئاشکراکردنیان له فەرمانکردنه به چاکه و یاساغیکردنه له خراپه ، نەك له غەیبەتکردنی نادروست** ( الرد على المخالف من الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر ، لا من الغيبة المذومة ) :

ڕەنگه زۆرجار موسڵمان گوێبیستی چەندەها ووتەی سەیر و سەمەرە بێت له کەسانێکی بێ عیلم یان دەروون لاواز ئەوەش له کاتێکدا که دەبینن موسڵمانێك هەستاوە به ڕەخنه لێگرتنی کەسانێکی لاڕی و دەرخستنی چەواشەکاریەکانیان ، ئەوەش نەك بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی ، بەڵکو بۆ پاراستنی موسڵمانان له خراپەی پەرتەوازەیی و لاوازی و بڵاوبوونەوەی بیدعه له نێوانیاندا ... بۆیه دەبینین دێت و دەڵێت :

باهۆکاری پەرتەوازەیی و لێکداترازانی ڕیزی موسڵمانان نەبین !!!

با باروحاڵی پارچەپارچەیی موسڵمان بۆ دوژمنان ئاشکرا نەکەین !!!!

با نەبین به بزوێنەری جیاوازی له نێوان موسڵماناندا !!!!

خۆ ئێمه دتوانین (( هاوکاری یەکتر بین لەوەی که هاودەنگین لەسەری ، و لەوەشدا که پێچەوانه و جیاوازین عوزر بۆ یەکتر بێنینەوە )) !!!!

بێ ئاگا لەوەی که ئەو کارەی خۆشوبهاندنه به دوژمنانی خوای پەروەردگار و بکوژانی پێغەمبەران ـ علیهم السلام ـ که جولەکه و خاچ پەرستانه ، ئەوەتا خوای پەروەردگار له باس و سیفەتی جولەکەدا

---

[٥] ( أحاديث في ذم الكلام وأهله ـــ أبو الفضل المقرىء ، الناشر : دار أطلس للنشر والتوزيع ـــ الرياض ، الطبعــة الأولى ، ١٩٩٦ ، تحقيق : د.ناصر بن عبد الرحمن بن محمد الجديع ، عدد الأجزاء : ٥ ، ج ٢ / ص ١٨٨) برقم : ٣٣٨ ـــ عن وكيع .

**فەرموویەتی :** ﴿ بَأْسُهُمْ بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّى ﴾ ( الحشر : ١٤ ) ، **واتە : لە نێو خۆیاندا دوبەرەکی و دژایەتیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە ، کەچی لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەون یەك ڕیز و یەکگرتوون و یەك کۆمەڵ و یەك دڵن ، بەڵام لە ڕاستیدا دڵەکانیان پەرتەوازە و لێك داترازاون ... بۆیە نابێت موسڵمانانی ڕاستەقینە وا بیربکەنەوە کە ڕەخنەلێگرتن و دەرخستنی هەڵەی چەواشەکاران بەناو ئاینەوە دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی و لێك ترازانی یەك ڕیزی موسڵمانان !!! یان ئەو کارە بزوێنەری جیاوازیە و ئاشکراکاری موسڵمانانە لەلای بێباوەڕان !!! یان سەدەها بیانووی لە مانە سەیروسەمەرەتر کە لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نیە !!!**

**ئاخۆ دیارە ئەو کەسانە ووتەی خوای پەروەردگاریان بەرگوێ نەکەووتوە کە فەرموویەتی :** ﴿ لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ كَانُوا لاَ يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ ( المائدة : ٧٨ – ٧٩ ) ، **واتە : بێباوەڕانی بەنی ئیسرائیل لە لایەن پێغەمبەرانیانەوە .** عليهم السلام **. نەفرینیان لێکرابوو ئەوەش لەبەر ئەوەی یاساغی ئەو خراپانەیان نەدەکرد کە بەخۆیان ئەنجامین دەدا .**

**سەرەڕای ئەوەی کە فەرمان کردن بەچاکە و یاساغی کردن لە خراپە پێویستە و فەرمانی خوای پەروەردگار و باڵادەستە کە فەرموویەتی :** ﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٤ ) ، **واتە : با لە ئێوەدا ئوممەت و کۆمەڵێك هەبێت بانگەواز بکەن بۆ چاکە و خێر ، و فەرمان بکەن بە چاکە و یاساغیش بکەن لە خراپە ، ئەوانەش کە بەو کارانە هەڵدەستن بەڕاستی سەرفراز و سەرکەوتوون .**

**پێشەوا** ( ابن تيمية ) **فەرموویەتی :** (( **<u>والأمر بالسنة والنهي عن البدعة هو أمر بمعروف ونهي عن منكر وهو من أفضل الأعمال الصالحة</u>** ... )) [1] ، **واتە : فەرمانکردن بە سوننەت و یاساغی کردن لە بیدعە و تازەگەرێتی لە ئاییندا ، بریتیە لە فەرمانکردن بە چاکە و یاساغی کردن ، هەر ئەویشە بە باشترینی کردەوە چاکەکان دەژمێردرێت .**

---

[1] ( منهاج السنة النبوية : ج ٥ / ص ٢٥٣ ) .

چونکە ئاشکرایە کە بیدعە پەیوەستە بە تەفریقە و پەرتەوازەیی ، بە پێچەوانەی سوننەت کە پەیوەستە بە کۆمەڵ و بوون و یەك ڕیزی موسڵمانانەوە هەر ئەمەشە هۆکاری ئەوەی کە بە ئەهلی سوننە بووترێت ئەهلی سوننە و جەماعە ، و بە بیدعەکارانیش بووترێت : ئەهلی بیدعە و تەفریقە ، هەروەکو شێخ الإسلام ( ابن تیمیة ) ـ بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( **والبدعة مقرونة بالفُرقة ، كما أن السنة مقرونة بالجماعة ، فيقال : أهل السنة والجماعة ، كما يقال : أهل البدعة والفرقة** )) [٢] .

بەڵكو ئەم پێشەوایە ئەم کارە بە پێویست دەزانێ و دەفەرموێت : کۆڕای زانایانی لە سەرە ، هەروەکو فەرموویەتی : (( **وقال بعضهم لأحمد بن حنبل أنَّهُ يَثْقُلُ عَليَّ أنْ أقول : فلان كذا وفلان كذا ؟ فقال : إذا سكتَّ أنتَ وسكتُّ أنا فمتى يَعرِفُ الجاهلُ الصحيحَ مِنَ السَّقيم** .

ومثل أئمة البدع من أهل المقالات المخالفة للكتاب والسنة ، أو العبادات المخالفة للكتاب والسنة ، **فإن بيان حالهم وتحذير الأمة منهم واجب باتفاق المسلمين** ، **حتى قيل لأحمد بن حنبل : الرجل يصوم ويصلي ويعتكف أحب إليك أو يتكلم في أهل البدع** .

**فقال : إذا قام وصلى واعتكف فإنما لنفسه ، وإذا تكلم في أهل البدع فإنما هو للمسلمين هذا أفضل** ، **فبَيَّنَ أنَّ هذا نفع عام للمسلمين في دينهم من جنس الجهاد في سبيل الله ، ودينه ومنهاجه وشرعه ، ودفع بغي هؤلاء وعدوانهم على ذلك واجب على الكفاية باتفاق المسلمين ، ولولا من يقيمه الله لدفع ضرر هؤلاء لفسد الدين ، وكان فساده أعظم من فساد استيلاء العدو من أهل الحرب ، فإن هؤلاء إذا استولوا لم يفسدوا القلوب وما فيها من الدين إلا تبعاً وأما أولئك فهم يفسدون القلوب ابتداءً** .

**فلا بد من التحذير من تلك البدع وإن اقتضى ذلك ذكرهم وتعيينهم** ، بل ولو لم يكن قد تلقوا تلك البدعة عن منافق لكن قالوها ظانين أنها هُدى وأنَّها خير وأنها دين ولم تكن كذلك لوجب بيان حالها ... **وليس هذا الباب مُخالفاً لقوله ﷺ : " الغيبة ذكرك أخاك بما يكره "** [٣] **فإنَّ الأخ هو المؤمن ، والأخ المؤمن إن كان صادقاً في إيمانه لم يكره ما قلته من هذا الحق الذي يُحبه الله ورسوله ﷺ ... ومتى كَرِهَ هذا الحق كان ناقصاً في إيمانه ، ينقص من أخوته بقدر ما نقص من إيمانه ، فلم يعتبر كراهته من الجهة التي نقص منها إيمانه ، إذ كراهته لما لا يُحبه**

---

(٢) ( الاستقامة : ١/٤٢ ) .

(٣) ( صحيح مسلم رقم : ٢٥٨٩ ) .

قال ( ابن العثيمين ) : ( وأنّ هذه الأحزاب تعني : قتل الإسلام [redacted] الله ورسوله توجب تقديم محبة الله ورسوله ﷺ ، كما قال تعالى : ﴿ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا مُؤْمِنِينَ ﴾ ( التوبة : ٦٢ ) )) [٤] .

واته : وه هەندێك كەس بە پێشەوا ( أحمد ) ی كوڕی ( حنبل ) یان فەرموو : قورسە لە سەرمان كە بڵێین : فلانە كەس وایە و فلانە كەسیش ئاوا ؟ ئەویش فەرمووی : ئەگەر تۆ بێدەنگ بوویت ، و منیش بێ دنگ بووم ، چ كات كەسانی نەزان : نەخۆش و تەندروست لە یەك جیا بكەنەوە ؟!

وه هاوشێوە و نموونەی پێشەوایانی ئەهلی بیدەع لە كەسانی خاوەن ووتە و بیروباوەڕی پێچەوانە بە قورئانی پیرۆز و سوننەت ، یان ئەو پەرستنانەی كە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و سوننەتن ، بێگومان ئاشكراكردنی حاڵی ئەوانە و ئاگاداركردنەوەی ئوممەت لێیان پێویستە بە كۆڕای موسڵمانان ، بەو ڕادەیەی ووترا بە پێشەوا ( أحمد ) ی كوڕی ( حنبل ) : ئەو كەسەت لا خۆشەویست ترە كە ڕووژوو دەگرێت ، و لە مزگەوت دەمێنێتەوە بە مەبەستی پەرستن ، یان ئەوەی كە باسی ئەهلی بیدەع ( بیدعەكاران ) دەكات ، و بەرپەرچیان دەداتەوە ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : ئەگەر شەونوێژ و نوێژی كرد ، و لە مزگەوت مایەوە بە مەبەستی پەرستن ، تەنها بۆ خودی خۆیەتی ، بەڵام ئەگەر باسی ئەهلی بیدەع ( بیدعەكاران ) بكات ، و بەرپەرچیان بداتەوە ، ئەوا سوودەكەی گشتیە بۆ موسڵمانانە ، ئەمەیان چاكترە ، پێشەوا ( أحمد ) ئەوەی ئاشكرا كرد كە ئەمەیان سوودی گشتیە بۆ موسڵمانان ، و لە ئاینەكەیان لە جۆر و ڕەگەزی تێكۆشانە لە پێناوی خوای گەورە ، و ئاین و پەیڕەو و شەریعەتەكەی ، و ڕەتكردنەوەی خراپەی بیدعەكاران لەسەر ئەوانەی كە باسكرا پێویستە بەكۆڕای موسڵمانان ، لەسەر كۆمەڵێكیان واتە بە فەرزی كیفایە ، وە ئەگەر كۆمەڵانێك نەبایەن كە خوای پەروەردگار بەو كارەیان ڕاسپێرێت بۆ ڕەتكردنەوەی زیان و زەرەری ئەوانە ، ئەوا ئایین تێك دەچوو ، خراپی و زەرەر و زیانی ئەوانەش زیاتر دەبوو لە دەستگرتنی دوژمنانی بەرهەڵستكار بە سەر موسڵماناندا ، چونكە ئەوانە ئەگەر دەست بگرن بە سەر وڵاتی موسڵماناندا ناتوانن دڵەكان و ئەوەش كە تیایاندایە لە ئاین تێك بدەن ، جگە لە شوێنكەوتن نەبێت ، بەڵام ئەوانەی تر . واتە بیدعەكاران . لە پێشدا دڵەكان تێك دەدەن .

---

[٤] ( مجموع الفتاوى : ٢٨ / ٢٣١ ــ ٢٣٦ ) .

بۆیە پێویستە موسڵمانان ئاگادار بکرێنەوە لەو بیدعە و داهێنراوانە ، ئەگەر تەنانەت ئەوەشی پێویست کرد کە باسیان بکرێت ، و دیاریش بکرێن ، بەڵکو ئەگەر ئەو بیدعەیەشیان لە دووڕوانەوە وەر نەگرتبێت ، بەڵام ووتبێتیان بەگومانی ئەوەی کە هیدایەت ، چاکەکاریە ، ئەوە ئایینە ، و ئاواش نەبێت ، ئەو کاتە پێویستە حاڵیان ئاشکرا بکرێت ... وە ئەم بابەتەش پێچەوانەی ووتەی پێغەمبەری خوا نیە کە فەرموویەتی : غەیبەت کردن ، بریتیە لە باسکردنی براکەت بەوەی کە پێی خۆش نیە ، چونکە برا باوەڕداری تەواو دەگرێتەوە ، وە برای باوەڕداریش ئەگەر ڕاستگۆ بێت لە باوەڕەکەیدا ، ئەوا ڕقی نیە لەوەی کە باست کردووە لە ڕەوایی ، ئەوەی کە خوای پەروەدگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ پێی خۆشە ... وە هەر کاتێك کە ڕقی بوو لەو ڕەواییە باوەڕەکەی کەم دەکات ، وە براییەکەشی کەم دەکات بەپێی ئەوەی کە لە باوەڕەکەی کەمی کردووە ، حیساب کردنیش بۆ حەزنەکردنی لەو ڕووەی کە باوەڕەکەی کەم بووەتەوە ، لە بەر ئەوەیە چونکە حەز نەکردنی لەوەی کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ حەزیان لێیە ئەوە پێویست دەکات خۆشەویستی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ پێش بخرێت ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا مُؤْمِنِينَ ﴾ .

بەڵکو پێشەوا ( ابن تيمية ) فەرموویەتی : (( <u>الرَّادُ على أهل البدع مُجاهد ، حتى كان يحيى بن يحيى يقول : الذَّبُ عن السُّنَّة أفضلُ من الجهاد</u> )) [٥] ، واتە : بەرپەرچ دانەوەی بیدعەکاران تێکۆشانە لە پێناوی خوادا ، تەنانەت ( يحيى ) ی کوڕی ( يحيى ) دەیفەرموو : پاراستن و بەرگری کردن لە سوننەت باشترە لە تێکۆشان لە پێناوی خوادا .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ هەروەکو ( إبراهيم ) ی کوڕی ( عبد الرحمن العذري ) ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : " يَحملُ هذا العلمَ من كل خلفٍ عُدُولهُ : ينفونَ عنهُ تحريفَ الغالين ، وانتحالَ المبطلين ، وتأويلَ الجاهلين " [٦] ، واتە : ئەم زانستە . زانستی قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەف . لە هەموو سەردەمێکی دوای من ئەوانە هەڵی دەگرن کە عادل و دادپەروەرن ، گۆڕانی زیادەڕەویکاران ، و پوچەڵی پوچەڵ کاران کە دەیدەنە پاڵ دین ، و بە هەڵە ماناکردنی نەزان و نەفامەکانی ، لێ دوور دەخەنەوە .

---

[٥] ( مجموع الفتاوى : ٤ / ١٣ ) .

[٦] (لارواهُ البيهقي ، وصححهُ الألباني في " مشكاة المصابيح " رقم : ٢٨٤ ) .

كەواتـە فـەرمان كـردن بـە يـەكڕيزی موسـڵمانان ، و يـەكبوون و يـەكگرتنيان ، وە ياسـاغيكردن لـە پەرتـەوازەيی و پارچەپارچـەگەرێتی ، و حيزبايـەتی كـە هۆكـاری لاوازكـردن و بێدەسـەڵاتی و زاڵبـوونی دوژمنانی ئەم ئاينەيە بەسەر موسڵماناندا ، كارێكی پێويستە و بە شێكە لە فەرمان كردن بە چاكە و ياساغيكردنە لە خراپە .

ئەوەش نـەك لـە بـەر ئـەوەی كـە بـێ بـاوەڕان لـەوان باشـتربن !! يـان لـە پێشتر بـن !! بـەڵكو بێگومـان موسـڵمانێكی خراپـەكار و لاڕی لـە ميزانـی خـوای پـەروەردگار باشـتر و ئـەولاترە ... بـەڵام : ئـەم كـارە . بەرپەرچـدانەوەی لاڕێبـووان و ئاشـكراكردنيان . پاراسـتنی يەكخواپەرسـتی و يـەك ڕيـزی موسـڵمانان و پەرتەوازە نەبوونيانە ، و پاراستنيشە بۆ شوێنكەوتنی تەنها بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ .

ئەوەتا پێشەوا ( ابن هبيرة ) ـ بــە ڕەحمـەت بێـت . لـــە لێك دانـەوەی فـەرموودەی كۆمـەڵی لاڕێی ( الخوارج ) دا دەفەرمووێت : (( **وَفِي الْحَدِيث أَنَّ قِتَال الْخَوَارِج أَوْلَى مِنْ قِتَال الْمُشْرِكِينَ ، وَالْحِكْمَة فِيهِ أَنَّ فِي قِتَالهمْ حِفْظ رَأْس مَال الْإِسْلَام ، وَفِي قِتَال أَهْل الشِّرْك طَلَب الرِّبْح ، وَحِفْظ رَأْس الْمَال أَوْلَى** )) [٧] ، واتـە : وە ئەوەمان لە فەرموودەكەوە بۆ دەردەكەوێت كە جەنگان لـە گـەڵ خـەواريج ئـەولاترە لـە جـەنگان دژ بـە هـاوەڵ بڕياردەران ، داناييش لەوەدا ئەوەيە كە جەنگان لـە گـەڵ خەواريجدا هۆكـاری پاراسـتنی ئـەو سـەرمايەيە كـە ئيسلامە ، بـەڵام جـەنگان لـە گـەڵ هـاوەڵ بڕيـاردەران بۆ بەدەسـت هێنـانی سـود و قـازانجـە ، ئاشكرايشە كـە پاراستنی سەرمايە لە پێشترە لە بەدەست هێنانی سود ، و قازانج .

ئێستاش كـە دەبيـنين كۆمـەڵانێك بـەناوی ئيسلام و ئيسلامەتيەوە ، و لـە نـاو ڕيـزی موسـڵماناندا لـە هــەوڵی پەرتــەوازەيی و پارچەپارچــەگەرێتی و حيزبايــەتين ، بــەناوی زانسـت و زانايــانی پايــە بــەرزی ئيسلامەوە هەوڵی چەواشەكاری موسڵمانان دەدەن . كە لە ڕاستيدا لەو سيفەتەدا پيادەكاری سيفەتی بێ باوەڕان ، و دوژمنانی خوای پەروەردگارن بەخۆيان بزانن يان خۆيان لە كەودەنی دابێت . ئەمانە هۆكاری سەرەكی ئەو هەموو ناهەمواريەن كە بەسەر موسوڵماناندا دێت ، نـەك ئـەوەی هۆكـاری چاكسازی بـن !!! بۆيە نابێت بانگەشەكاران و ڕێبوارانی ڕێگای ڕاستی ئيسلامەتی متمانـەيان بكـەنە سـەر ، چـونكە خـوای

[٧] ( فتح الباري لابن حجر : ج ١٢ / ص ٣٠١ ) .

پەروەردگار فەرموويەتى : ﴿ لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلاَّ خَبَالاً وَلأَوْضَعُواْ خِلاَلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴾ ( التوبة : ٤٧ ) .

ئەوەتا پێشەوا ( ابن تيمية ) سەبارەت چەواشەكار و بيدعەكاران فەرموويەتى : (( وإذا كان أقوام ليسوا منافقين لكنهم سماعون للمنافقين قد التبس عليهم أمرهم حتى ظنوا قولهم حقا وهو مخالف للكتاب وصاروا دعاة إلى بدع المنافقين كما قال تعالى ﴿ لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلاَّ خَبَالاً وَلأَوْضَعُواْ خِلاَلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ ﴾ فلا بد أيضا من بيان حال هؤلاء بل الفتنة بحال هؤلاء أعظم ، فإن فيهم إيمانا يوجب موالاتهم وقد دخلوا فى بدع من بدع المنافقين التى تفسد الدين ، فلا بد من التحذير من تلك البدع وإن اقتضى ذلك ذكرهم وتعيينهم ، بل ولو لم يكن قد تلقوا تلك البدعة عن منافق ، لكن قالوها ظانين أنها هدى وأنها خير وأنها دين ولم تكن كذلك لوجب بيان حالها )) [٨] .

واتە : ئەگەر كۆمەڵانێك هەبوون نەك لە بەر ئەوەى دووڕوو بوون بەڵكو لە بەر ئەوەى كە گوێبيستى ووتەى دووڕووانن ، و كارى ئەوانيان لە لا ناديار و تێكەڵ بوو بوو ، تاكو گومانيان وابوو كە ووتەى دووڕووان بە ڕەوا بزانن ، كەچى لە ڕاستيدا پێچەوانەى قورئانى پيرۆزە ، بەوەش بوونەتە بانگەشەكار بۆ بيدعە و تازەگەرى دووڕووان ، هەروەكو خواى پەروەردگار فەرموويەتى : ﴿ لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلاَّ خَبَالاً وَلأَوْضَعُواْ خِلاَلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ ﴾ ، بۆيە . هەروەها . پێويستە حاڵ و بارى ئەوانەش ئاشكرا بكرێت ، بەڵكو تووش بوون بە فيتنەى ئەوانە زياترە و گەورەترە ، چونكە ئەمانە باوەڕيشيان تێدايە ، كە پێويست دەكات لە سەرمان موالاتيان بكەين ، كەچى لەولاشەوە كەوتوونەتە بيدعە و تازەگەريەك لە بيدعە و تازەگەريەكانى دووڕووان ، كە هۆكارى تێكدانى ئاينە ، بۆيە پێويستە موسڵمانان ئاگادار بكرێنەوە لەو بيدعە و تازەگەريانە ، كە ئەگەر ئەوەش پێويست بكات كە باس بكرێن و دياريش بكرێن ، بەڵكو ئەگەر ئەو بيدعەيەشيان لە دووڕووانەوە وەرنەگرتبێت ، بەڵكو بە گومانى خۆيان ووتبێتيان ، و وايان زانيبێت كە ئەو كارەيان هيدايەتە !! يان ئەو كارەيان چاكەيە !! يان ئەو كارەيان ئاينە كەچى واش نيە ، بەهەمان شێوە پێويستە حاڵ و باريان ئاشكرا بكرێت .

---

[٨] ( مجموع الفتاوى : ج ٢٨ / ص ٢٣٣ ) .

**ڕەنگە کەسێك لە بەر نیازپاکی خۆی و دڵ پاکی بڵێت : ئـەمــە ڕەقی و ستەمــە و پێشێل کردنی مــافی برایەتیــە !!!**

**ئەوە لە وەڵامیدا دەووترێت : ڕاستە بنەوا و بنەڕەت لە شەرعدا لە بانگەشە نەرم و نیانیە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴾ ( النحل : ١٢٥ ) .

**واتە : بە دانایی ، و بە ئامۆژگاری جوان ، بانگەشە بکە بۆ سەر ڕێگای ڕاستی پەروەردگارت ، و بە جوانترین شێوەش موجادەلەیان لە گەڵدا بکە ، پەروەردگاری تۆ دەزانێت کە کێ لە ڕێگاکەی ئەو گومڕا بووە و هەر ئەویش زانایە بەوانەی کە هیدایەت دراون .**

**وە بە پێغەمبەر موسا و هارونی برای .** علیهما السلام **. فەرمووە :** ﴿ اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى ﴾ ( طــه : ٤٣ ــ ٤٤ ) ، **واتە : بڕۆن بۆ لای فیرعەون ، چونکە ئەو سەرکەشی کردووە و لە سنوری خۆی دەرچووە ، وە بە نەرمی لە گەڵیدا بدوێن ، بەڵکو بیربکاتەوە یان بترسێ .**

**یان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إِنَّ الرِّفْقَ لاَ يَكُونُ فِى شَىْءٍ إِلاَّ زَانَهُ وَلاَ يُنْزَعُ مِنْ شَىْءٍ إِلاَّ شَانَهُ "** [٩] **، واتە : بە دڵنیاییەوە نەرم و نیانی لە هیچ شتێکدا نابێت ئیللا دەیڕازێنێتەوە ، وە لە هیچ شتێکیش دەرناکرێت ئیللا ناشرینی دەکاتەوە .**

**بەڵام ئاشکرایە کە هەندێك خراپە هەن بە جۆرێك لە توند و تیژی نەبێت چارەسەر ناکرێت ، با لە گەڵ موسڵمانیشدا بێت ، ئەوە نیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ ( الحجرات : ٩ ) .

**واتــە : ئەگــەر دوو کۆمــەڵ لــە بڕواداران بەگژیەکدا چوون ، و شــەڕیان لــە گــەڵ یەکدا کــرد ، ئــەوا ئیسلاحیان بکەن و پێکەوەیان بنێن ، بەڵام ئەگەر یەکێکیان زیادڕەوی کرد بە سەر ئەوی تریان ، ئەوا لــە**

---

[٩] ( صحيح مسلم : ٢٥٩٤ ) .

دژی ئەوەیاندا بجەنگن و بیانکوژن کە زیادڕەوی و ستەم دەکات ، تاکو دەگەڕێتەوە و ملکەچی فەرمانی پەروەردگار دەبێت .

پێشەوا ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (( **ولهذا أكثر السلف يأمرون بقتل الداعي إلى البدعة الذي يضل الناس لأجل إفساده في الدين سواء قالوا هو كافر أو ليس بكافر** )) [١٠] .

واتە : وە لەبەر ئەمەیە کە زۆرینەی زانایانی پێشین فەرمانیان بە کوشتنی بانگەوازخواز دەکرد بۆ بیدعە ئەوەی کە خەڵکی بەهۆیەوە گومڕا دەبن ، لەبەر ئەو ئاشووب و گەندەڵیەی کە دەیناتەوە لە ئاییندا ، بە یەکسانی لەوەی کە ئەو بیدعەکارەیان بە کافر دەزانی یان نە .

مەرج نیە کوشتنی بانگەشەکار بۆ بیدعە واتای کافرێتی بدات ، هەروەکو پێشەوا ( ابن تيمية ) فەرموویەتی : (( **وليس كل من أبيح قتله يكون كافرا فقد يقتل الداعي إلى بدعة لإضلاله الناس وإفساده مع إمكان أن الله يغفر له في الآخرة لما معه من الإيمان** )) [١١] .

واتە : ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ئەوانەی کە خوێنیان حەڵاڵ دەکرێت و دەکوژرێن کافر بن ، چونکە ڕەنگە بانگەوازکار بۆ بیدعە بکوژرێت لە بەر گومڕاکردنی بۆ خەڵکی و ئەو هەموو ئاشووب و گەندەڵیەی کە دەیناتەوە ، لە گەڵ ئەوەی کە لەوانەیە خوای پەروەردگار لە دواڕۆژیشدا لێی خۆش بێت ، لەبەر ئەو باوەڕەی کە هەیەتی .

لەو گومانەدا نیم کە کەسێك هەبێت ڕەخنەی لەم ئایەتە هەبێت ، و بڵێت : ئەمە ڕەقی و ستەم و پێشێلکردنی مافی برایەتیە !!!

چونکە زۆرجار پاك کردنەوە و پاراستن پێویستی بە توندیە ، هەروەکو ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : " فإن المؤمن للمؤمن كاليدين تغسل إحداهما الأخرى ، وقد لا ينقلع الوسخ إلا بنوع من الخشونة ، لكن ذلك يوجب من النظافة والنعومة ما نحمد معه ذلك التخشين " [١٢] ، واتە : نموونەی بڕوادار لە گەڵ بڕواداری تردا وەکو هەردوو دەستی مرۆڤ وان کە یەکێکیان ئەوی تریان دەشوات ، ڕەنگە ئەو

---

[١٠] ( مجموع الفتاوى : ج ١٢ / ص ٥٠٠ ) .
[١١] ( الاستقامة : ج ١ / ص ١٦٦ ) .
[١٢] ( مجموع الفتاوى : ج ٢٨ / ص ٥٣ ـــ ٥٤ ) .

پیسیەی کە بە یەکێکیانەوەیە لانەچێت ئیللا بە هەندێك توندی نەبێت ، بەڵام بەکارهێنانی ئەو توندیە پاکژی و نەرمی دەستەکە دێنێتە دی ، کە سەرەڕای ئەو توندیەش هەر بەباش دادەنرێت .

بەڵام دەبێت مەبەست لە یاد نەچێت . بۆ ئەو کەسانەی کە بەم کارە پیرۆزە هەڵدەستن . لە هەموو گوفتار وکردارێکدا کە ئەویش : ڕێگرتنە لە پەرتەوازەیی وپارچەپارچە گەرێتی موسڵمانان وڕزگار بوونیان لە نەخۆشی حیزبایەتی . کە هۆکاری لاوازی وژێردەستەیی وزاڵبوونی بێ بڕوایانە بە سەریاندا . لە گەڵ لە پێش چاوخۆگرتنی ئەوەی کە موسڵمان دەبێت دادپەروەر وبە بەزەی بێت لە ئەحکامەکانیدا ... بەمەش موسڵمانان . بە پشتیوانی خوای پەروەردگار . ڕزگاریان دەبێت لەو پەرتەوازەیی و تەفریقەیەی کە لە نێولنیاندا هەیە ... و دەگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست و سەرفرازی کە یەکە ونابێت بە دوو چ جای بە سەد !!!!!

وە ڕەنگە هەندێکی تر بڵێت : ئەم کارە غەیبەت کردنی موسڵمانانە ، و دروست نیە !!!! بێ ئاگا لە ووتەی زانایان لەو بارەیەوە ، هەروەك پێشەوا ( محمد بن صالح العثيمين ) لەو بارەیەوە ئەم پرسیارەی لێدەکرێت : (( الكلام في أهل البدع ، مثل أن يقال مثلاً : أهم يؤولون الآيات والأحاديث ، ويقولون : يفعلون كذا وكذا ... أيعتبر هذا غيبة إذا كان بين الطلبة ؟ )) .

واتە : قسەکردن سەبارەت بە بیدعەکاران ، وەکو ئەوەی بووترێت : ئەوان ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەگۆڕن ، و لێکدانەوەی نادروستی بۆ دەکەن ، وە دەڵێن : ئاوا و ئاوا دەکەن ... ئایا ئەمە بە غەیبەت دادەنرێت ئەگەر لە نێو قوتبیانی زانستی شەرعیدا بێت ؟

بەرێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : (( **<u>الكلام في أهل البدع ، و من عندهم أفكار غير سليمة ، أو منهج غير مستقيم ، هذا من النصيحة وليس من الغيبة ، بل هو من النصيحة لله ولكتابه ولرسوله وللمسلمين ، فإذا رأينا أحداً مبتدعاً ينشر بدعته ، فعلينا أن نبين أنه مبتدع حتى يسلم الناس من شره ، وإذا رأينا شخصاً عنده أفكار تخالف ما كان عليه السلف فعلينا أن نبين ذلك حتى لا يغتر الناس به ، وإذا رأينا إنساناً له منهج معين عواقبه سيئة علينا أن نبين ذلك حتى يسلم الناس من شره ، وهذا من باب النصيحة لله ولكتابه ورسوله ولأئمة والمسلمين وعامتهم</u>** .

**<u>وسـواء كان الكلام في أهل البدع فيما بين الطلبة أو في المجـالس الأخـرى فليس بغيبـة ، ومـا دمنـا نخشى من انتشار هذه البدعة ، أو هذا الفكر ، أو هذا المنهج المخالف لمنهج السلف ، يجب علينا أن نبين ، حتى لا يغتر النـاس بذلك</u> ))** [١٣] .

**واتـه : قسەکردن سەبارەت بە بیدعەکاران ، و ئەوانەی کە بیری نادروستیان هەیە ، یان پەیڕەوی ناڕێکیان هەیە ، ئەمە بواری ئامۆژگاریە ، و بە غەیبەت ناژمێردرێت ، بەڵکو ئامۆژگاریە لەبەر خوای پەروەردگار و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و بۆ موسڵمانانە بە گشتی ، جا ئەگەر کەسێکی بیدعەکارمان بینی بیدعەکانی بڵاو دەکاتەوە ، ئەوا پێویستە لە سەرمان ئەوە ئاشکرا بکەین بۆ ئەوەی موسڵمانان لە خراپەی پارێزراو بن ، وە ئەگەر کەسێکمان بینی بیری جیاوازی هەیە پێچەوانەی ئەوەیە کە سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە لەسەری بوون ، ئەوا پێویستە لە سەرمان ئەوە ئاشکرا بکەین بۆ ئەوەی موسڵمانان مەغرور نەبن پێیانەوە ، وە ئەگەر کەسانێکمان بینی پەیڕەوێکی نادروستی دیاری کراویان هەبێت ، و عاقیبەتی خراپیان هەبێت بۆمان ، ئەوا پێویستە لەسەرمان ئەوە ئاشکرا بکەین ، بۆ ئەوەی موسڵمانان لە خراپەیان پارێزراو بن ، وە ئەمەش لە باسی ئامۆژگاریدایە ، بۆ خوای پەروەردگار و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایان و موسڵمانان بە گشتی .**

**جا . ئەو قسانەی کە سەبارەت بە بیدعەکاران دەووترێت . لە نێوان فێرخوازانی زانستی شەرعی بێت یان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تر بێت ، ئەوا یەکسانە و بە غەیبەت دانانرێت ، تاکو ترسی ئەوەمان بێت ئەو بیدعەیە بڵاو دەبێتەوە ، یان ئەو بیروڕایە ، یان ئەو پەیڕەوەی کە پێچەوانەی پەیڕەوی سەلەفی صاڵحە ، پێویستە لە سەرمان ئەوە ڕوون بکەینەوە ، بۆ ئەوەی خەڵکیان پێ هەڵنەخەڵەتێت .**

**هەروەها پێشەوا شێخ** ( ابن باز ) **. بە ڕەحمەت بێت . لەم باسەدا فەرموویەتی :** (( وكل فرقةٍ عندها شيء يُخالف الشرع المطهر ، فعليها أن تتوب منـه ، وترجع إلى الصواب وإلى الحـق الـذي جـاء بـه نبينا محمد ﷺ ، وبِهـذا تَنجو مـن الوعيد ، **<u>أمَّـا إذا بقيت على البـدع التي أحـدثتها في الـدين ولم تـستقم علـى طريقـة الرسـول</u>**

---

[١٣] ( لقاءات الباب المفتوح : الكلام في أهل البدع هل هو من باب الغيبة ؟ ، ج ١٢٠ / ص ٨ ، سلسلة لقاءات الباب المفتوح : هـي عبارة عن سلسلة لقاءات كان يعقدها فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين ــ طيب الله ثراه ــ بمترله كل خميس . ابتدأ الشيخ هذه اللقاءات في أواخر شوال تقريباً في العام ( ١٤١٢هـ ) ، وانتهت هذه السلسلة في الخميس الرابع عشر من شهر صفر، عام (١٤٢١هـ) . قـام بتفريغها موقع الشبكة الإسلامية ) .

ﷺ **فإنّها داخلة في الفِرَق المتوعدة بالنار** ... بسبب ابتداعه في الدين وشرعه في الدين ما لم يأذن به الله سبحانه وتعالى ) [١٤] .

**واته : هەموو گروپێك كە شتێكی هەبێت پێچەوانەی شەریعەتی پاكی ئیسلام بێت ئەوا پێویستە تەوبەی لێ بكات ، و بگەڕێتەوە بۆ لای ڕاستی و ڕەوایی كە پێغەمبەرمان محمد ﷺ پێی هاتووە ، بەمەش ڕزگار دەبێت لەو هەڕەشانەی كە لێی دراوە ، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو بیدعانە مایەوە كە دایهێنابوو لە ئاییندا ، و لەسەر ڕێگا و ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ نەڕۆشت ، ئەوا دەچێتە ڕیزی ئەو گروپانەوە كە هەڕەشەی چوونە ئاگریان لێكراوە ... ئەمەش بە هۆی بیدعەكردنی لە ئاییندا ، و بڕیاردان تیایدا بە شتانێك كە خوای بەرز و بڵند ڕێی پێ نەداوون .**

**وە پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( ﴿ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَٰئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ **وقد أخذ الله على علماء أهل الكتاب الميثاق ليبيننه للناس ولا يكتمونه وذمهم على نبذه وراء ظهورهم وحذرنا من اتباعهم .**

**فإذا سكت أهل السنة عن بيان أخطاء من خالف الكتاب والسنة شابهوا بذلك أهل الكتاب المغضوب عليهم والضالين** )) [١٥] .

**واتە : ئەگەر ئەهلی سوننە بێ دەنگ بوون لە ئاشكرا كردنی هەڵەی ئەوانەی پێچەوانەی قورئان و سوننەت دەبنەوە ، بەو كارەیان هاوشێوە دەبن لە گەڵ كەسانی خاوەن كتێبە ئاسمانیەكان ( أهل الكتاب ) ئەوانەی كە خوای پەروەردگار لێیان توڕە بووە و گومڕایان .**

۞ ۞ ۞ ۞ ۞

---

[١٤] فتاوى نور على الدرب للشيخ ابن باز : (١ / ١٢ ــ ١٣) .

[١٥] ( مجموع فتاوى ابن باز ( ٣٠ ) جزءا : ٣ / ٧٣ ) .

**بنەوای هەشتەم : ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی یەکە و نابێت بە دوو ، چ جای بکرێت بە سەد !!!**

**ئاشکرایە کە سەرچاوەی متمانە پێکراوی موسڵمانان بریتیە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، کە سەرەکیترین سەرچاوەن بۆ هەموو گوفتار و کرداری موسڵمانان ... و پێویستن بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو کردار و گوفتارێك ... بۆیە ئەگەر بمانەوێت بزانین بنەوا و بنەڕەت لە موسڵماناندا یەك ڕێگا و ڕێبازە یان زیاتر دەبێت بڕۆینە خزمەت ئەو دوو سەرچاوەیە ، و گوێڕایەڵیان بکەین ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ﴾ ( النساء : ٥٩ ) ، **واتە : ئەی بڕواداران گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن ، لە گەڵ زانایان و کاربەدەستانتان ، وە ئەگەر بڕواتان بە خوای پەروەردگار و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا هەرکات لە هەر شتێکدا دووبەرکێ و مشت و مڕ کەوتە نێوانتانەوە ، بیگەڕێننەوە بۆ لای خوای پەروەردگار ( کە مەبەست پێی قورئانەکەیەتی ) و بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ، ئەو کارەشتان چاکەکاری و باشترین گەڕانەوەیە بۆ ڕەوایی .**

﴿ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٣٢ ) ، **واتە : گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ بکەن ، بەڵکو خوای پەروەردگار ڕەحمتان لێبکات .**

﴿ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَاحْذَرُواْ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلاَغُ الْمُبِينُ ﴾ ( المائدة : ٩٢ ) ، **واتە : گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ بکەن ، وە ئاگادار بن ، و ئەوەش بزانن کە ئەگەر پشت هەڵبکەن و تەوەلا ببنەوە ئەوا بزانن کە پێغەمبەری ئێمە ﷺ تەنها بەلاغ و ئاگادارکردنەوەی ئاشکرای لەسەرە .**

﴿ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ ( الأنفال : ٤٦ ) ، **واتە : گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن ، و دووبەرەکی و جیاوازی لە گەڵ یەکدا مەکەن و**

**پەرتەوازە مەبن ، چونکە بێ توانا و لاواز دەبن ، وە ئارامیش بگرن چونکە خوای پەروەردگار لە گەڵ ئارامگرانە** [1] .

﴿ مَّن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَن تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴾ ( النساء : ٨٠ ) ، **واتە : ئەو کەسەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بێت ، ئەوا گوێڕایەڵی خوای پەروەردگاری کردووە ، ئەو کەسەش کە پشت هەڵبکات و تەوەلا بێتەوە ، ئەوا ئێمە تۆمان بۆ ئەوە نەناردووە کە بەرپرس بیت لە کردەوەکانیان و پارێزەریان بیت ، و موحاسەبەیان بکەی لە سەری .**

﴿ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا ﴾ ( النساء : ٦٩ ) ، **واتە : ئەو کەسەی کە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ بێت ، ئەوا لە گەڵ ئەو کەسانە دەبێت کە خوای پەروەردگار نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون ، لە پێغەمبەران** - عليهم السلام - **و ڕاستگۆیان و شەهیدان و چاکەکاران ، بەڕاستیش ئەوانە باشترین هاودەم و هاوەڵن لە بەهەشتدا .**

**وە پێویستە ئەم باسەش وەکو هەموو باسێکی تر لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵبسەنگێنرێت ، بۆیە دەبینین :**

**خوای پەروەردگار سەرفرازی و ڕزگاربوونی بۆ تەنها حیزبێك و تاکە کۆمەڵێك داناوە کە فەرموویەتی** : ﴿ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ ( المجادلة : ٢٢ ) ، **واتە : بێگومان تەنها تاکە حیزب و کۆمەڵی خوای پەروەردگار سەرفراز و ڕزگاربوون .**

**هەروەها سەرکەوتن و بالادەست بوونیشی هەر تەنها بۆ تاکە کۆمەڵێك داناوە کە فەرموویەتی** : ﴿ فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ ( المائدة : ٥٦ ) ، **واتە : بێگومان تەنها تاکە حیزب و کۆمەڵی خوا سەرکەوتوون .**

---

[1] **شێخ سەعدی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی** : (( فأخبر أن ائتلاف قلوب المؤمنين وثباتهم وعدم تنازعهم سبب للنصر على الأعداء ، وأنت إذا استقرأت الدول الإسلامية وجدت السبب الأعظم في زوال ملكها ترك الدين والتفرق الذي أطمع فيهم الأعداء وجعل بأسهم بينهم )) ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ١٢٦ ) .

دەبینین لەولاشەوە پێچەوانەکەشی سەرزەنشت کردووە کە پەرتەوازەیی و پارچەگەرێتی و حیزبایەتیە ، و بە سیفەتی بێ باوەڕانی داناوە هەروەك فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( الروم : ٣١ ــ ٣٢ ) .

واتە : لە بێ باوەڕان مەبن لەوانەی کە ئاینەکەیان پەرتەوازە کرد و بەش بەش بوون ، هەموو حیزب و کۆمەڵێکیشیان بەوە دڵخۆشە کە لەسەریەتی . واتە ئەوەی کە خۆی دڵی پێ خۆشە نەك لەبەر ئەوەی کە گونجا و هاودەنگە لە گەڵ قورئان و سوننەتدا ، چونکە خۆی بە حەق ئەزانێت !!!! کەچی حەق لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەتدایە نە لەوەی کە ئەو ویستی لێیە !!!

وە پێغەمبەرەکەشی ﷺ بەری کردووە لەو کەسانەی کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن ، ئەوەتا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) ، واتە : ئەوانەی کە ئایینەکەیان پەرتەوازە کردووە ، و بەش بەش بوون ، ئەوا تۆ لەوان نیت و بێ بەریت لێیان لە هەموو شتێکدا [٢] ، ئەوانە کاریان بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ، و لە ڕۆژی دواییدا هەموو ئەوەیان بیردەخاتەوە کە لە دونیادا ئەنجامیان داوە .

کەواتە لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت : کە موسڵمانان یەك ڕێگایان هەبێت ، و دەبێت دوریش بن لە سیفەتی بێباوەڕان کە تەفریقە و پەرتەوازەییە ، با بانگەوازخوازانی حزبایەتی چۆنێك بیانەوێت خەڵکی چەواشە بکەن لەو ڕاستیە !!! ، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کەسانە نیە و بێبەریە لێیان لەو کردارەدا ...

---

[٢] قال فضیلة الشیخ صالح الفوزان : (( **الجماعة التي يَجبُ الانضمامُ إليها والسير معها والعملُ معها هي جَماعة أهل السنة التي تسيرُ على ما كان عليه الرسول ﷺ وأصحابُهُ ، أمَّا ما خالفها فإنَّهُ يَجبُ أنْ نَتَبَرّأ منه** )) ( الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة ، س ١٠٥ : ١ / ١٣٩ ) ، واتە : بنچینە و بنەوایەك هەیە : ئەو کۆمەڵەی کە پێویستە لە گەڵیاندا بیت و لە گەڵیاندا بڕۆیت و کاریان لە گەڵدا بکەیت بریتیە لە کۆمەڵی ( ئەهلی سوننە ) کە لە سەر ئەوە دەڕۆن کەوا پێغەمبەر ﷺ و صەحابەکانی لە سەری ڕۆیشتوون ، بەڵام ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەم پەیڕەوەیە ئەوا پێویستە ئێمە بەرائەتی خۆمانی لێ دەربڕین .

**لەو لاشەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ووتەی شیرین و کردەوەی موبارەکی خۆی موسڵمانانی لەم ئاکارە . واتە لە تەفریقە و پەرتەوازەیی . ئاگادارکردووەتەوە ... هەروەك لەو فەرموودەیەی کە فەرموویەتی : " أَلاَ إِنَّ مَنْ قَبْلَكُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ افْتَرَقُوا عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ مِلَّةً ، وَإِنَّ هَذِهِ الْمِلَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ ، ثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ وَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ ؛ وَهِيَ الْجَمَاعَةُ "** [3] **، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : " ما أنا عليه اليوم وأصحابي "** [4] **.**

**واتە : بزانن کە ئەوانەی پێش ئێوە لە ئوممەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان . کە جولەکە و خاچ پەرستانن . بوون بە حەفتا و دوو کۆمەڵەوە ، وە ئەم ئوممەتەی منیش دەبێت بە حەفتا و سێ کۆمەڵەوە ، حەفتا و دوو کۆمەڵیان لە ئاگری دۆزەخدایە و یەکێکیان لە بەهەشتدایە ، کە ئەویش ( الجماعة ) یە و کە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان دەگرێتەوە ، وە لە ڕیوایەتەکەی تردا دەفەرمووێت : ئەوانەی لە سەر ئەو ڕێگایەن کە من و هاوەڵانمی لە سەرە .**

**ئەوەی کە هاوەڵانی لە سەر بووە بە گوفتار و کردار ، نەك تەنها بە گوفتار و کرداری لە گەڵدا نەبێت !!! وەك حزبە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە !!! یان خراپتریش لەوە دەبینیت هەندێکیان لە گوفتار و کرداریشدا هەر پێچەوانەن !!!**

---

[3] قال الرمضاني الجزائري : (( رواه أحمد ( ٤ : ١٠٢ ) ، وأبو داود ( ٤٥٩٧ ) ، والدارمي ( ٢ : ٢٤١ ) والطبراني ( ١٩ : ٣٧٦ ، ٨٨٤ ، ٨٨٥ ) والحاكم ( ١ : ١٢٨ ) وغيرهم ، وهو حديث صحيح .

رواه أحمد ( ٢ : ٣٣٢ ) ، وأبو داود ( ٤٥٩٦ ) ، والترمذي ( ٢٦٤٢ ) ، وابن ماجه ( ٣٩٩٠ ) ، و أبو يعلى ( ٥٩١٠ ، ٥٩٧٨ ، ٦١٧ ) ، وابن حبان ( ١٤ : ٦٢٤٧ ) ، و ( ١٥ : ٦٧٣١ ) ، والحاكم ( ١ : ٦ : ١٢٦ ) ، وغيرهم من حديث أبي هريرة رضي الله عنه ، وله روايات أخرى كثيرة عن أنس ، وعبدالله بن عمرو بن العاص ، وغيرهما رضي الله عنهم .

وصححه الترمذي والحاكم والذهبي والجوزجاني في الأباطيل (١: ٣٠٢) ، والبغوي في شرح السنة (١ : ٢١٣) ، والشاطبي في الاعتصام (٢ : ٦٩٨ الهلالي) ، وابن تيمية كما في المجموع ( ٣ : ٣٤٥ ) ، وابن حبان في صحيحه ( ٨ : ٤٨ ) ، وابن كثير في تفسيره ( ١ : ٣٩٠ ) ، وابن حجر في تخريج الكشاف ( ص : ٦٣ ) ، والعراقي في المغني من حمل الأسفار ( ٣٢٤٠ ) ، والبوصيري في مصباح الزجاجة ( ٤ : ١٨٠ ) ، والعلامة الألباني في ( ٢٠٣ ) ، وغيرهم كثير جداً )) ( ست درر في مصطلح أهل الأثر للرمضاني الجزائري : ص : ٥١ — ٥٢ ) .

[4] رواه الطبراني في (المعجم الصغير) رقم : (٧٢٤) و (المعجم الأوسط) رقم : (٤٨٨٦) والحاكم في (المستدرك) رقم : (٤٤٤) وغيرهما ،وانظر : صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٤١) .

حالّ و باری موسڵمانانیش لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و لە کاتی کۆچکردنیدا بەو شێوە بووە کە پێشەوا ( البغدادي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( كانَ المسلمون عند وفاةِ رسول الله ﷺ على منهاجٍ واحدٍ في أصول الدين وفروعه ، غيرَ من أظهرَ وفاقاً وأضمرَ نفاقاً )) [٥] .

واتە : موسڵمانان لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەر یەك ڕێباز و پەیڕەو بوونە لە ئوصولّ و فروعدا ، جگە لەوانەی کە ئیسلامیان ئاشکرا کردبوو ، کەچی لە ناوەوەش دووڕوو و مونافیق بوون .

وە پێشەوا ( الشاطبي ) یش . بە ڕەحمەت بێت . لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (( استمر تزايدُ الإسلام واستقام طريقُه على مدَّةِ حياة النبي ﷺ ، ومن بعد موته وأكثر قرن الصحابة ، إلى أن نبغت فيهم نوابغُ الخروج على السنّةِ ، وأصغَوا إلى البدع المضلّةِ كبدعة القدر وبدعة الخوارج )) [٦] ، واتە : ئاییینی ئیسلام لە زیادبوون و بەردەوامیدا بووە بە درێژایی سەردەمی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و دوای مردنی ئەویش ، و زۆربەی سەردەمی هاوەڵانیش ، تاکو دەرچووان لە سوننەت تیایاندا سەری هەڵدا ، و کەوتنە شوێن بیدعە گومڕاکارەکان ، وەکو بیدعەی قەدەری و بیدعەی خەواریجەکان .

کەواتە : ڕێگای ڕاست و سەرفرازی تەنها یەکەو نابێت بە دوو ... کە ئەویش " کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان " ە ، یان " ئەوانەی کە لە سەر ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بوون " ، خوای پەروەردگار . بە ڕەحم و بەزەیی خۆی . من و ئێوەش لەو کۆمەڵە بگێڕێت ، و پارێزەریشمان بێت لەوەی کە لە لاڕێبووان بین ، بەڵام لە سەردەمەکانی دواییدا ئەم تەفریقە و حزبایەتیە هاتووەتە کایەوە .

پێشەوا ( الصنعاني ) . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی : (( أنه جمع السُّبُل المنهي عن اتباعها لبيان تشعب طرق الضلال وكثرتها وسعتها ، وأفرد سبيل الهدى والحق لوحدته وعدم تعدُّدِه )) [٧] ، واتە : باسکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ڕێچکەکان بە ( کۆ ) کە یاساغی کراوە لە شوێنکەوتنیان ، بۆ ئاشکراکردنی پەرش و بڵاوبوونی ڕێگەکانی گومڕایی و زۆری و فراوانیەتی ، وە لە بەرامبەریشدا

---

[٥] ( الفرق بين الفرق : ص ١٢ ) .

[٦] ( الاعتصام : ١ ص : ١٧ ــ ١٨ ) .

[٧] حديث افتراق الأمة إلى نيِّف وسبعين أمة : ص ٦٧ ــ ٦٨ ، نقلا عن ( ست درر في مصطلح أهل الأثر للرمضاني الجزائري : ص : ٥٢ ) .

**باسكردنی ڕێچكەی هیدایـەت و ڕەوایـی بە ( تـاك ) بۆ ئاشكراكردنی ئەوەیـە كـە تاكە و نابێـت پارچە پارچە بكرێتەوە .**

**وە بۆ دوپات كردنەوەی ئەم ڕاستیە . كە ڕێگای ڕاست و سەرفرازی یەكە ونابێت بە دوو . پێغەمبەری خوا ﷺ بەنموونە و شێوە و هێڵكاریەك . هـەروەكو ( ابن مـــسعود ) رضي الله عنه بۆمانی دەگێڕێتـەوە . ئـەوەی بـۆ ئاشكرا كردووین ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :** " خطَّ لنا رسول الله ﷺ خطـاً بيده ثُـمَّ قـــال : هــــذا سبيل الله مستقيماً ، ثُمَّ خط خُطوطــاً عن يمينه وشماله ثُمَّ قـــال : هـــذه سُبُلٌ مُتفرِّقَـــة ، علـــى كُـــلِّ سَــبيلٍ منـــها شَيطـــانٌ يدعـــو إليه ، ثُمَّ قـــــرأ : ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ " [٨] ، **واتـه : پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی هێڵێكی ڕاستی كێشا و پاشان فـەرمووی : ئەمـە ڕێگا ڕاستـەكەی خـوای پەروەردگار ، پاشان بە لای ڕاست و چەپی ئەو هێڵەدا چەند هێڵكـی تـری كێشا و فـەرمووی : ئەمانـەش ڕێچكە و ڕێبازی پەرتەوازەكارن ، هەر ڕێچكەیەك شەیتانێكی [٩] لە سەرە بانگـەوازی بـۆ دەكـات ، پاشـان ئەم ئایەتەی خوێندووە :** ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ .

**هەروەك ئاشكرایە . وەكو خـۆر لـە نیوەڕۆی ڕۆژی ڕوناكدا ، یـان وەكـو مـانگی چـواردە لـە شـەوێكی سامالدا . ئەم فەرموودەیە بە ڕاشكاوی و بێ هیچ پەنهانیەك ئاماژە بەوە دەكات كە ڕێگـای ڕاسـت یەكە . با چەواشەكاران هەوڵی سەلماندنی جگە لەم ڕاستیە بدەن بەهـەر بیانوویەكـەوە بێت . هـەروەك پێشەوا (** ابن القيم **) . بە ڕەحمەت بێت . دەفەرمووێت :** (( <u>**وهذا لأن الطريق الموصل إلى الله واحد ، وهو ما بعث به رسله ، وأنزل به كتبه ، لا يصل إليه أحد إلا من هذه الطريق ، ولو أتـى النـاس مـن كـل طريـق واستفتحوا مـن كـل بـاب ، فالطرق عليهم مسدودة ، والأبواب عليهم مغلقة إلا من هذا الطريق الواحد ، فإنه متصل بالله موصل إلى الله**</u> )) .

**واتـه : ئەمـەش لـە بـەر ئەوەیـە كـە ڕێگـای گەیـشتن بـە خـوای پـەروەردگار یـەكە ، هـەر بۆیـە بـۆ ڕوونكردنـەوەی ئـەوەش پێغەمبـەرانی .** عليهم السلام **. ناردووە ، و كتێبـە ئاسمانیـەكانی دابەزاندووە ، وە كەس جگە لەو ڕێگەیەوە نەبێت ناتوانێت پێی بگات ، ئەگەرچی خەڵكیش لە هەر ڕێگایەكی ترەوە بۆی**

---

[٨] أخرجه أحمد : ( ١/ ٤٣ و ٤٦٥ ) والطيالسي رقم : ( ٢٤٤ ) ، وحسنهُ الألباني في ( مشكاة المصابيح ) : ( ١ / ٥٩ ) .

[٩] ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾ ( الأنعام : ١١٢ ) .

بێن ، و لە هەر دەرگاریەکەوە لە دەرگای بدەن ، ئەوانە ڕێگاکانیان لە سەر گیراوە ، و دەرگاکانیان لە سەر داخراوە ، جگە لەم تەنها ڕێگایەوە نەبێت ، بێگومان هەر ئەویشە پەیوەستە بە خوای پەروەردگارەوە ، وە تەنها ڕێگەیشە بۆ گەیشتن بە خوای پەروەردگار .

جا نازانم لەمە ڕونتر دەبێت چی بێت ؟!!! هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ فَأَنَّى تُصْرَفُونَ ﴾ ( یونس : ٣٢ ) .

بەڵام ئەبێت بێ ئاگا نەبین لەوەی کە ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی بەپێی بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵحە ، نەك بە لاسایی کوێرانە بۆ جگە لەوان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ ( الأعراف : ٣ ) ، واتە : شوێنی ئەو پەرتۆکە بکەون کە لە لایەن خوای پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێنراوە ، و شوێنی هیچ کەسێك نەکەون ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەکەمی بیر دەکەنەوە .

پێشەوا ( ابن تیمیة ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( كلّ ما أوجبَ فتنةً وفرقةً ، فليس من الدين سواءٌ كانَ قولاً أو فعلاً )) [١٠] . واتە : هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی ئاشوب و تەفریقە ، ئەوا لە ئایین نیە ، بە یەکسان بوونی ئەوەی کە ئەو شتە گوفتار بێت یان کردار .

**بنەوای نۆیەم : دەستگرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ( لزوم الجماعة ) و دەرنەچوون لێی ( عدم الخروج ) بنەوایەکە لە بنەواکانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، بۆیە پێچەوانەکردنی دەرچوونە لە ڕێبازی ئەهلی سوننە و جەماعە :**

ئەگەر کەسێك بڕوانێتە پەڕەکانی مێژووی درێژی ئوممەتی ئیسلامی دەبینێت تووشی چەندەها ئاشووب و دژواری و فیتنە و دووبەرەکی بووە ، کە تێیدا تاڵی چەشتووە و ئاشووبی واشی هەبووە تاکو ئیستاش بە دەستیەوە دەناڵێنێت و تێیدا دەتلێتەوە ، هەر ئەو ئاشووب و فیتنانەشە تووشی سەدەها قەیرانی کردووە ، وای لێکردووە ببێت بە جێگای تەماحی هەموو داگیرکار و دوژمنێکی ، وە لە هەوڵی ئەوەدا بن کە هەموو جۆرە ژەهرەکانیان بڕێژنە سەری ، لە لایەکەوە بێباوەڕی و ئیلحادی تێدا

---

[١٠] ( الاستقامة : ١/ ٣٧ ) .

بلاوبکەنەوە ، لەولاشەوە ڕەوشتی تاکەکانی هەڵوەشێننەوە ، و لە لایەکی ترەوە بیکەن بە شوێنکەوتەی ئەم و ئەو ، و بە هەموو شێوەیەك لە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی خۆیان دووریان بخەنەوە ، بە جۆرێك چەندەها ڕێچکە و ڕێبازیان تێدا درووست بکەن . بە چەندەها بڕوبیانووی پوچەڵەوە . و هەریەکەیان بایی بێت بە بۆچوونی خۆی و تووشی فیتنەی ئارەزووەکانیان بن ، تا گەشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر بە بیر ڕۆشنیەوە بۆی بڕوانین دەبینین ئەمە نیشانەی تیاچوونیەتی ، نەك بەردەوامی .

هەر هەموو ئەوەش ڕوویداوە و دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی موسڵمانان لە دەست گرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمان ، و هەوڵدان بۆ پەرتەوازەیی و دووبەرکێ و پارچەگەرێتی بە بیانووی بێ بنەوا و پڕوپووچەوە ، تەنانەت گەشتووەتە ئەوەی کە کەسانێکی ساویلکەی موسڵمان هانی خەڵك دەدەن بۆ ئەو کارە ، کە گەشتووەتە ئەوەی کە بە ناو ئاینەوە نەفامی و نەزانی لە ناو موسڵماناندا بڵاو دەکرێتەوە ، لە گەڵ دوورکەوتنەوە لە تێگەیشتی درووست لە سەرچاوەکانی ئایین ، لە ڕۆشنایی ووتەی زانایانی پایەبەرز !!! کە ئەمەش بووەتە هۆی خراپکردن و لاوازکردنی بارودۆخی موسڵمانان لە خراپەوە بۆ خراپتر هەرچەندە کەسانێك لافی پێچەوانەی لێدەدەن !!! بەڵام ئەو خراپی و دژوارییە لە لای هیچ خاوەن هزر و ژیرییەك شاراوە نیە .

وە گومانیش لەوەدا نیە کە یەکگرتن و یەکبوون و یەك کۆمەڵی موسڵمانان و کۆڕا بوونیان ، کلیلی چارەسەری ئەو هەموو دژواری و لاوازی و پەرتەوازەیی یە ، و هۆکاری گەڕانەوەی سەروەری و پێشەنگی ئوممەتە ، بۆیە دەبینین خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ هانی موسڵمانانیان بۆ داوە ، بەوەی کە دەست بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، و لە ژێر سێبەریدا بژین ، و ئەوەی بۆ خۆی پێیخۆشە بۆ ئەویشی پێخۆش بێت ، ئەوەش کە پێیناخۆشە تووشی خۆی ببێت ، بە هەمان شێوە پێی ناخۆش بێت بۆ ئەویش ، ئامۆژگاریان بکات ، و پارێزەرییان بۆ بکات ، ئارامی و ئاسایش بێت بۆ دۆستانی ، دوژمن و بەرهەڵستکاری دوژمنانی بێت ، ئەم گرنگی پێدانەش لە بەر گرنگی گرنگی پێدراوەکەیە ، لە گەڵ گەورەیی پلە و پایەی لە ئاییندا ، و سودمەندێتی ، چونکە پەیوەندی موسڵمانانە و پتەویان لە پتەوی ئەوەدایە ، لاوازیشیان لە لاوازی ئەوەدایە ، تیایدا موسڵمان دەتوانی بە ئارامی پەروەردگاری خۆی بپەرستێت .

**دەبێـت ئـەوەش بزانرێـت کـە لـە هـەر فەرموودەیەکـدا باسـی دەسـت گـرتن هاتبێـت بـە کۆمـەڵی موسڵمانانەوە مەبەست پێی ئەو کۆمەڵەیە کە لە ژێر ڕێکف و فەرمانڕەوایی موسڵماندایە ، هەروەکو (** ابن جرير **) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( والصواب أنّ المراد من الخبر بلزوم الجماعة ، الذين في طاعة مـن اجتمعوا على تأميره ، فمن نكث عن بيعته خرج عن الجماعة )) [1] .

**سـەلماندنی ئـەم واتایـەش لـە پێشەوایەکی پایەبـەرزەوە بەڵگەیـە لـە سـەر ئـەوەی کـە کۆڕابـوون ، و هاودەنگی ، و یەکبوونی موسڵمانان ، و پاراستنی وەچە و نەوەی موسڵمانان ، و ئایینەکەیان ، لە گەڵ ناموسی موسڵمانان ، لە ژێر ڕێکفی فەرمانڕەوایی موسڵماندایە لە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ، کە هیچ نـاو و ناتۆرەیـەکی نیـە جگـە لـە ئیـسلام و موسـڵمانان ، هـەر ئـەو کۆمەڵەشـە کاربەدەسـت و ڕەعیـەش دەگرێتـەوە ، زانـا و نـەزان ، و چاکەکار و خراپـەکاریش ، هـەر ئەویشە کـە دەبێـت هـەموو ئـەو گـروپ و کۆمەڵە بچوکانەی تێدا بتوێتەوە ، و نابێت لە گەڵ بوونی ئەودا هیچ پەیوەندی و بەیعەتێکی تر هـەبێت ، هەر ئەوەشە ئایەت و فەرموودەکان هانی دەستپێوەگرتنی داوە و باسیان لێوەکردووە ، نـەك ئـەوەی کـە هەر کەس و بۆ خۆی چۆنی بوێت لێی تێبگات و ڕەنگ و ناو و ڕووخسارێکی بۆ دیـاری بکـات ، و خـۆی بەو بزانێت و موسڵمانی تریش بە دەرچوو لە خۆی !!! وەکو هەندێك نەفام و نەزان لێی تێگەیشتوون ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە سەلەف و پێشینی ئەم ئوممەتە لێی تێگەیشتوون .**

**هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا** ﷺ ، ( ابن عباس ) **فەرموویـەتی :** (( **<u>الجماعـة ، الجماعـة ، إنّمـا هلكـت الأمم الخالية بتفرّقها</u>** ، أما سمعت الله عزّ وجلّ يقـول : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ )) [2] **، واتـە : ئامـان دەس بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ، ئامان دەس بگرن بە کۆمـەڵی گـەورەی موسـڵمانان ، وە ئـەوەش بزانن کە ئوممەتانی ڕابردووی پێش ئێوە بە پەرتەوازەیی و تەفریقەکردنیان لە ناوچوون ، ئایا نەتبیستووە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ .

**بۆیە دەبینین زانایـانی ئـەهلی سوننە و جەماعـە لـە پەرتۆکەکـانی فـەرموودە و بیروباوەڕدا چەندەها ناونیشان و بابەتیان لـەو بارەیـەوە نووسیوە ، بۆنموونـە پێشەوا (** الـدارمي **) لـە پەرتۆکەکەیـدا (** سـنن

---

[1] ( فتح الباري : ١٣/٤٧ ) .

[2] ( تفسير ابن أبي حاتم : ٢ / ٤٥٥ ) **مامۆستا عبدالکريم دەڵێ : تەنها ئەم ئایەتە بەسە بۆ حەرامێتی حزبایەتی .**

الدارمي ) دوو ناونيشان و بابەتی نووسيوە ، ئەوانيش يەكەميان : ( كتاب السير / باب في لزوم الطاعة والجماعة ) ، وە دووەميان : ( كتاب الرقاق / باب في الطاعة ولزوم الجماعة ) ، وە پێشەوا ( الآجري ) لە پەرتۆكی ( الشريعة ) دا بە هەمان شێوە دوو بابەت و ناونيشانی نووسيوە ، ئەوانيش ، يەكەميان : ( باب ذكر الأمر بلزوم الجماعة ) ، وە دووەميان : ( باب ذكر أمر النبي ﷺ أمته بلزوم الجماعة، وتحذيره إياهم الفرقة ) ، وە جگە لەوانيش هەستاوون بە هەمان كار ، بگرە هەندێكيان فەرموويانە : ( كتاب تحريم دم المسلم / باب قتل من فارق الجماعة ) هەروەكو لە نووسراوەكان پێشەوا ( النسائي ) دەبينرێت ، وە پاشان ئەو فەرموودانەيان هێناوەتەوە كە لەوبارەيەوە هاتوون ، كە ئەمەی خوارەوە هەندێكيانن :

**يەكەم** : لە ( أبو ذَرٍّ ) ەوە رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە كە فەرموويەتی : " مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْرًا فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإِسْلاَمِ مِنْ عُنُقِهِ " [3] ، واتە : ئەوەی كە بستێك لە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان دووربكەوێتەوە و جيابێتەوە ، ئەوا تەوقی ئيسلامی لە گەردنی خۆی داماڵكاندووە ( داكەندووە ) .

**دووەم** : وە لە ( عبدالله ) ی كوڕی ( عمر ) ەوە . خوای پەروەردگار لە خۆی و باوكی ڕازی بێت . فەرموويەتی كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : " إن الله لا يجمع أمتي على ضلالة ، ويد الله مع الجماعة ، ومن شذ شذ إلى النار " [4] ، واتە : بە دڵنيايەوە خوای پەروەردگار ئوممەتەكەم لە سەر گومڕای كۆناكاتەوە ، وە خوای پەروەردگار پارێزەر و سەرخەر و پشتيوانی ئەو كۆمەڵە گەورەيەی موسڵمانانە كە موسڵمانان لە سەری هاودەنگن ، ئەو كەسەش كە تاك بێتەوە ، دەڕواتە دۆزەخەوە .

**سێيەم** : لە ( أبو هريرة ) ەوە رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە كە فەرموويەتی : " من خرج من الطاعة وفارق الجماعة ، فمات ميتة جاهلية " [5] ، واتە : ئەو كەسەی كە لە گوێڕايەڵی كاربەدەستی موسڵمانان دەربچێت ، و جيابێتەوە لە كۆمەڵی گەورەيان ، و بەو شێوەيە بمرێت ، ئەوا مردنێكی نەفاميانەی كردووە .

---

[3] ( أبو داود : ٤٧٦٠ ، باب في قتل الخوارج ) .

[4] ( رواه الترمذي ، وصححه العلامة الألباني : في صحيح سنن الترمذي برقم : ٢١٦٧ ) .

[5] ( رواه مسلم ١٨٤٨) .

**چوارەم : لە ( عرفجة الأشجعي ) ەوە ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی :** " من أتاكم وأمركم جمع على رجل واحد يريد أن يشق عصاكم ، أو يفرق جماعتكم ، فاقتلوه " **وە لە ڕیوایەتێکی تریدا هاتووە** " فاضربوه بالسيف كائنا من كان "[٦] ، **واتە : ئەگەر کەسێك لە بارودۆخێك هات کە ئێوە هاودەنگ بوون لە سەر کەسێك کە کردبووتان بە کاربەدەست ، و ویستی تەفریقە و پەرتەوازەییتان تێدا بناتەوە ، یان کۆمەڵەکەتان پەرتەوازە بکات ، ئەوا بیکوژن هەر کێیەك بێت ، یان بە شیر بدەن لە گەردنی .**

**پێنجەم : وە لە فەرموودەی ( حذيفة ) ەی کوڕی ( اليمان ) هاتووە کە** " ... فقلت : هل بعد ذلك الخير من شر ؟ قال : " نعم ، **<u>دعاة على أبواب جهنم من أجابهم إليها قذفوه فيها</u>** " فقلت : يا رسول الله صفهم لنا قال : " نعم ، قوم من جلدتنا ويتكلمون بألسنتنا " . قلت : يا رسول الله فما ترى إن أدركني ذلك ؟ قال : " **<u>تلزم جماعة المسلمين وإمامهم</u>** " فقلت : فإن لم تكن لهم جماعة ولا إمام ؟ قال : " **<u>فاعتزل تلك الفرق كلها ولو أن تعض على أصل الشجرة حتى يدركك الموت وأنت على ذلك</u>** "[٧] .

**واتە : ووتم : وە ئایا دوای ئەو خراپەیە خێر و چاکە هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، بانگەوازکارانێك دەبن لە سەر دەرگاکانی دۆزەخ ڕاوەستاون ، هەرکەسێك وەڵامیان بداتەوە ئەوا فڕێی دەدەنە ناویەوە .**

**ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفیان کە بۆمان ؟ فەرمووی : ئەوانە لە خۆمانن و بە زمانی خۆمان قسە دەکەن . ( مەبەستی ئەوەیە هەر لە موسڵمانانن ) .**

**ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە چ شتێك فەرمانم پێ دەکەیت ئەگەر گەیشتم بەو سەردەمە ؟ فەرمووی : دەست بگرە بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان و پێشەواکەیانەوە ، ووتم : ئەی ئەگەر موسڵمانان نە کۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا ؟ فەرمووی : دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرقە و کۆمەڵانەی ئەو سەردەمە ، ئەگەر بە قەپ گرتنیشت بێت بە ڕەگی درەختێکەوە تاکو مردن پێت دەگات ، هەر لە سەر ئەوە بە .**

---

[٦] ( رواه مسلم : ١٨٥٢ ) .

[٧] ( أخرجه البخاري : ٧٠٨٤ ، ومسلم ١٨٤٧ ، واللفظ له ) .

**كەواتە دەستگرتن بە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ( لزوم الجماعة ) و دەرنەچوون لێی ( عدم الخروج ) بنەوایەكە لە بنەواكانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، وە ئەو كەسەش كە لە كۆمەڵی موسڵمانان دەرچێت . بە بستێك . تەوقی ئیسلامی لە گەردەنی خۆی داماڵكاندووە و ڕێخۆشكاریشە بۆ كەوتنە ئاگری دۆزەخەوە و ئەنجامدەری شایستەی كوشتنە و وەسیّتی پێغەمبەری خواش ﷺ دەستگرتنە بە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان و دووركەوتنەوەیە لە تەفریقە و پەرتەوازەیی ، خوای پەروەردگاریش پشتیوان و سەرخەری ئەوانەیە كە دەستیان گرتووە بە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە و لە گەڵیایەنە .**

**لەو لاشەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ووتەی شیرین و كردەوەی موبارەكی خۆی موسڵمانانی لەم ئاكارە . واتە لە تەفریقە و پەرتەوازەیی . ئاگاداری كردووینەتەوە ... هەروەك لەو فەرموودەیەی كە فەرموویەتی : " أَلاَ إِنَّ مَنْ قَبْلَكُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ افْتَرَقُوا عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ مِلَّةً ، وَإِنَّ هَذِهِ الْمِلَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ ، ثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِى النَّارِ وَوَاحِدَةٌ فِى الْجَنَّةِ ؛ وَهِىَ الْجَمَاعَةُ "** [8] **، وە لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە : " ما أنا عليه اليوم وأصحابي "** [9] [10] **.**

---

[8] قال الرمضاني الجزائري : (( رواه أحمد ( ٤ : ١٠٢ ) ، وأبو داود ( ٤٥٩٧ ) ، والدارمي ( ٢ : ٢٤١ ) والطبراني ( ١٩ : ٣٧٦ ، ٨٨٤ ، ٨٨٥ ) والحاكم ( ١ : ١٢٨ ) وغيرهم ، وهو حديث صحيح .

رواه أحمد ( ٢ : ٣٣٢ ) ، وأبو داود ( ٤٥٩٦ ) ، والترمذي ( ٢٦٤٢ ) ، وابن ماجه ( ٣٩٩٠ ) ، و أبو يعلى ( ٥٩١٠ ، ٥٩٧٨ ، ٦١٧ ) ، وابن حبان ( ١٤ : ٦٢٤٧ ) ، و ( ١٥ : ٦٧٣١ ) ، والحاكم ( ١ : ٦ : ١٢٦ ) ، وغيرهم من حديث أبي هريرة رضي الله عنه ، وله روايات أخرى كثيرة عن أنس ، وعبدالله بن عمرو بن العاص ، وغيرهما رضي الله عنهم .

وصححه الترمذي والحاكم والذهبي والجوزجاني في الأباطيل (١: ٣٠٢) ، والبغوي في شرح السنة (١ : ٢١٣) ، والشاطبي في الاعتصام (٢ : ٦٩٨ الهلالي) ، وابن تيمية كما في المجموع ( ٣ : ٣٤٥ ) ، وابن حبان في صحيحه ( ٨ : ٤٨ ) ، وابن كثير في تفسيره ( ١ : ٣٩٠ ) ، وابن حجر في تخريج الكشاف ( ص : ٦٣ ) ، والعراقي في المغني من حمل الأسفار ( ٣٢٤٠ ) ، والبوصيري في مصباح الزجاجة ( ٤ : ١٨٠ ) ، والعلامة الألباني في (٣ : ٢٠٣ ) ، وغيرهم كثير جداً )) ( ست درر في مصطلح أهل الأثر للرمضاني الجزائري : ص : ٥١ ــ ٥٢ ) .

[9] رواه الطبراني في (المعجم الصغير) رقم : (٧٢٤) و (المعجم الأوسط) رقم : (٤٨٨٦) والحاكم في (المستدرك) رقم : (٤٤٤) وغيرهما ، وانظر : صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٤١) للعلامة الألباني .

[10] أخرجه الترمذي : (٢٦٤١) ، واللالكائي في " شرح اعتقاد أهل السنة " : (١٤٧) ، والآجري في " الشريعة " ص ١٥، و المروزي في السنة ص ١٨، وابن بطة في " الإبانة الكبرى " : (٢٦٤، ١٦٥) من حديث عبد الله بن عمرو بن العاص ــ رضي الله عنهما ــ . وفيه عبد الرحمن بن زياد الأفريقي : ضعيف . لكن الحديث يصح بشواهده ، ومنها :

١ ــ حديث أبي هريرة رضي الله عنه :

رواه الإمام أحمد في مسنده : (٣٣٢/٢) ، وأبو داود : (٤٥٩٦) ، والترمذي : (٢٦٤٠) ، وابن ماجه : (٣٩٩١) ، والآجري في " الشريعة " ص ٢٥ ، وابن بطة في " الإبانة الكبرى " : (٢٥٢) ، وابن أبي عاصم في " السنة " : (٦٦) ، والحاكم في " مستدركه " :

واته : بزانن كه ئەوانەی پێش ئێوه لە ئوومەتانی خاوەن كتێبە ئاسمانیەكان . كە جولەكە و خاچ پەرستانن . بوون بە حەفتا و دوو كۆمەڵەوە ، وە ئەم ئوممەتەی منیش دەبێت بە حەفتا و سێ كۆمەڵەوە ، حەفتا و دووی كۆمەڵیان لە ئاگری دۆزەخدایە و یەكێكیان لە بەهەشتدایە ، كە ئەویش ( الجماعة ) یە كە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان دەگرێتەوە ، وە لە ڕیوایەتەكەی تردا دەفەرمووێت : ئەوانەن كە لە سەر ئەوەن من و هاوەڵانمی لە سەرە .

كەواتە : ڕێگای ڕاست و سەرفرازی و ڕزگاربوون تەنها یەكەو نابێت بە دوو ... كە ئەویش " كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان " ە ، یان " ئەوانەن كە لە سەر ئەوەن پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لە سەر بووە

---

(١٢٨/١) وقال : " هذا حديث صحيح على شرط مسلم ، ولم يخرجاه " ووافقه الذهبي . وصححه ابن حبان : (٢٦١٤) ، ورواه ــ أيضا ــ أبو يعلى الموصلي في مسنده : (٥٤١ - ٥٤٢) ، والمروزي في السنة ص ١٧.

٢ ــ حديث معاوية بن أبي سفيان ــ رضي الله عنهما ــ :

رواه أحمد : (٢٠١/٤) ، وأبو داود : (٤٥٩٧) ، وأبو داود الطيالسي : (٢٧٥٤) ، والدرامي : (٢٥٢١) ، واللالكائي في " شرح أصول اعتقاد أهل السنة " : (١٥٠) ، وابن أبي عاصم : (١) (٦٥) ، والآجري في " الشريعة " ص ١٨ ، والمروزي في السنة ص ١٤ ــ ١٥، وابن بطة في " الإبانة الكبرى " : (٢٦٦) ، والطبراني في " الكبير " : (٨٨٤/١٩ - ٨٨٥) . كتب المناهج والفرق : (ج ٢ / ص ١١) .

٣ ــ حديث أنس بن مالك رضي الله عنه :

أخرجه أحمد : (١٢٠/٣، ١٤٥) ، والآجري في " الشريعة " ص ١٦ ، واللالكائي في " شرح أصول اعتقاد أهل السنة " : (١٤٨) ، وابن بطة في " الإبانة الكبرى " : (٢٦٩ ــ ٢٧٠ ــ ٢٧١) ، وابن أبي عاصم في " السنة " : (٧٤) .

٤ ــ حديث عوف بن مالك رضي الله عنه :

رواه ابن ماجه : (٣٩٩٢) ، والبزار : (١٧٢) ، واللالكائي : (١٤٩) ، وابن أبي عاصم في " السنة " : (٦٣) ، وابن بطة في " الإبانة الكبرى " : (٢٧٢) " ، والحاكم في " مستدركه " : (٤٣٠/٤) .

٥ ــ حديث ابن مسعود رضي الله عنه :

أخرجه ابن جرير في تفسيره : (٢٣٩/٢٧)، والطبراني في " الكبير ": (١٠٣٧٥) (١٠٥٣١)، وابن أبي عاصم: (٧٠ - ٧١)، والمروزي في السنة ص ١٦.

٦ ــ حديث أبي أمامة رضي الله عنه :

أخرجه اللالكائي في " شرح اعتقاد أهل السنة " : (١٥١ - ١٥٢) ، والمروزي في السنة ص ١٦ وص ١٧ ، وابن أبي عاصم : (٨٦) ، والطبراني في " الكبير " : (٨٠٣٥ - ٨٠٥١) ، والبيهقي : (٨٨/٨) .

٧ ــ حديث علي بن أبي طالب رضي الله عنه :

رواه المروزي في السنة ص ١٩ ، وابن وضاح ص ٨٥ ، وابن بطة في " الإبانة الكبرى " : (٢٧٤ - ٢٧٥) .

٨ - حديث سعد بن أبي وقاص رضي الله عنه :

رواه ابن بطة في " الإبانة الكبرى " : (٢٦٣) (٢٦٦) (٢٦٧) ، والمروزي في السنة ص ١٧ ، والآجري في " الشريعة " ص ١٧. وفيه : موسى بن عبيدة الربذي : ضعيف ) .

" ، خوای پەروەردگار . بە ڕەحم و بەزەیی خۆی . من و ئێوەش لەو کۆمەڵە بگێڕێت ، وە پارێزەریشمان بێت لەوەی کە لەناوچوان بین .

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە تاوانی ئەو کەسەی کە تەفریقە دەناتەوە و لە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان جیا دەبێتەوە فەرموویەتی : " **<u>ستكون بعدي هنات وهنات ، فمن رأيتموهُ فارق الجماعة أو يريد أنْ يفرق أمر أمَّة محمد كائناً من كان فاقتلوهُ ، فإنَّ يَدَ اللهِ مع الجماعة ، وإنَّ الشيطانَ مع من فارق الجماعة يركض</u>** " [11] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئوممەتەکەی ڕادەگەیەنێت کە دوای خۆی باروودۆخێکی ناڕەحەت و گەورە و شتانێکی قێزەوون و ناقۆڵا ، ڕەوشتی نا دروست دەبینن ، کە لەبەر خراپیان پێغەمبەری خوا ﷺ ناویان ناهێنێت بە کینایە ( واتە : درکە ) نەبێت ، وە دەفەرموێت : جا ئەگەر کەسانێکتان بینی لە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان دەرچوون ، و جیا بوونەوە ، یان ویستیان کۆمەڵی موسڵمانان و ئوممەتی ( محمد ) ﷺ پەرتەوازە و بکەن و تەفریقەی تێدا بنێنەوە ، ئەوا بیانکوژن ( وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە بە شیر بدەن لە گەردنیان ) هەرکێیەك بن ، چونکە خوای پەروەردگار لە گەڵ کۆمەڵی موسڵماناندایە ، و شەیتانیش لە گەڵ ئەو کەسە ڕاوڕاوان دەکات . واتە دێت و دەڕوات . کە لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا بووەتەوە .

لە ڕوانگەی ئەم فەرموودانە و دەیەها فەرموودەی ترەوە زانایان لە داڕشتن و نووسینی بنەواکانی ئەهلی سوننە و جەماعەدا فەرموویانە : دەستگرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ( لزوم الجماعة ) و دەرنەچوون لێی ( عدم الخروج ) بنەوایەکە لە بنەواکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە ، دەرچوون لێی سیفەتی تاقم و گرووپە گومڕا و لاڕێکانە ، وەکو خەواریج و موعتەزیلە و هاوشێوەکانیان ، پێشەوا ( البربهاري ) . بە ڕەحمەت بێت . لەو بارەیەوە فەرموویەتی : (( اعلم أن الإسلام هو السنة ، والسنة هي الإسلام ، ولا يقوم أحدهما إلا بالآخر ، **<u>فمن السنة لزوم الجماعة ، و من رغب غير الجماعة ، وفارقها ، فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه ، وكان ضالا مضلا</u>** .

---

[11] ( رواه مسلم : ( ١٨٥٢ ) ، وأبو داود : ( ٤٧٦٢ ) باب في قتل الخوارج وانظر : ( صحيح الجامع ، برقم : ٣٦٢١ ) .

**والأساس الذي يبنا عليه الجماعة هم أصحاب محمد ﷺ رحمهم الله أجمعين ، وهم أهل السنة والجماعة ، فمن لم يأخذ عنهم فقد ضل وابتدع ، وكل بدعة ضلالة ، والضلال وأهله في النار ))** [١٢] .

**واته : بزانه که ئیسلام بریتیه له سوننه ، و سوننەش بریتیە لە ئیسلام ، هیچ یەکێکیان بێ ئەوی تریان نایکرێت ، دەست گرتنیش بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە بەشێکە لە سوننە ، ئەو کەسەش لە سوننە لابدات و دوور بکەوێتەوە ، ئەوا تەوقی ئیسلامی لە گەردنی خۆی داکەندووە ، کەسێکی گومڕا و گومڕاکار دەبێت .**

**وە ئەو بنەوایەش کە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانی لە سەر بنیات دەنرێت ، بریتیە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( محمد ) ە ﷺ . ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لە هەموو هاوەڵانی بێت . هەر ئەوانیشن ئەهلی سوننە و جەماعە ، ئەو کەسەش لەوانەوە ئایینەکەی وەرنەگرێت ئەوا گومڕا بووە و گومڕاکاریشە ، بیدعەشی کردووە ، و هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە ، گومڕایی و خاوەنەکانیشیان لە ئاگری دۆزەخدایە .**

**هەروەها پێشەوا و شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) فەرموویەتی :** (( **من أصول أهل السنة والجماعة لزوم الجماعة** وترك قتال الأئمة ، وترك القتال في الفتنة ، وأما أهل الأهواء ــ كالمعتزلة ــ فيرون القتال للأئمة من أصول دينهم )) [١٣] ، **واتە : لە بنەواکانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، دەست گرتنە بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان و دوورکەوتنەوە لە جەنگان لە گەڵ پێشەوا و کاربەدەستان ، بەڵام لە لای ئەهلی بیدەع . وەکو موعتەزیلە . جەنگان لە گەڵ پێشەوا و کاربەدەستان بە ڕەوا دەزانن و لە بنەوای ئایینەکەیان دەیزانن .**

**وە پێشەوا** ( أبو بكر الآجري ) **ش . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( فلا ينبغي لمن رأى اجتهاد خارجي قد خرج على إمام ، عدلا كان الإمام أو جائرا ، فخرج وجمع جماعة وسل سيفه ، واستحل قتال المسلمين ، فلا ينبغي له أن يغتر بقراءته للقرآن ، ولا بطول قيامه في الصلاة ، ولا بدوام صيامه ، ولا بحسن ألفاظه في العلم ، إذا كان مذهبه مذهب الخوارج )) .

---

[١٢] ( شرح السنة : ج ١ / ص ٢١ ) .
[١٣] ( الفتاوى ( ٢٨/ ١٢٩ ) .

واتـه : نابێت ئـەو کەسـەی کـە بۆچـوونی خـەوارجی هەیـە ، و دەرچـووە لـە پێشەوای موسڵمانان . دادوەر بێـت یـان سـتەمکار . کـە بینـرا ئـەو کەسـە لـە کۆمـەڵی موسـڵمانان دەرچـووە و کۆمـەڵێکی دروستکردووە ، و شمشێری لە ڕوویاندا کێشا ، و جەنگانی لە گەڵ موسڵماندا بە ڕەوا زانی ، نابێت موسـڵمانان بخەڵـەتێن بـە خوێنـدنیان بـۆ قورئـان ، یـان بـە درێـژی شـەونوێژیان ، وە نـە بـە زۆری ڕۆژووگرتنیـان ، وە نـە بـە جوانی ووشـەکانی لـە کـاتی باسـکردنی زانسـت ، مـادام بۆچـوونی بۆچـوونی خەواریجەکانە .

هەروەکو شێخ ( صالح آل الشيخ ) . خوا بیپارێزێت . فەرموویەتی : (( **وأما الجماعات الإسلامية الموجـودة الآن ، هي تختلـف في طريقتهـا ، وتختلـف في أصـولها ، وتختلـف في مبادئهـا وأهـدافها إلى آخـر ذلـك ، والأصل الواجب على كل مسلم أن يلزمه هو لزوم جماعة المسلمين قبل أن يَحدث الافتراق ، فإنَّ الافتراق الحادث في الأمـة ، لا يجوز إقراره ، ومعالجته بإحداث جماعات جديدة ، فالواجب على المسلمين جميعـا لـزوم الجماعـة قبـل أن تفسد الجماعة** )) [١٤] .

واتە : بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیەکان کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هـەن ، جیاوازن لـە ڕێگا ، و بنەوا ، و هەڵوێست و ئامانجەکانیاندا ، تاکو کۆتایی ئەو جیاوازیانە ، وە ئەو بنەوایـەش کە پێویستە لـە سەر هەموو موسڵمانێك پەیڕەوی بکەن ئەوەیە کە دەست بگرێت بـە کۆمـەڵی گـەورەی موسـڵمانانەوە ، پێش ڕوودانی جیاوازی لە نێوانیان ، چونکە ئەو تەفریقەی کە ڕوویداوە و هێنراوەتەکایەوە لەم ئوممەتـەدا نابێت و دروست نیە دانی پێدا بنرێت ، و بەوە چارەسـەر بکرێـت بـە دروسـتکردنی چـەندەها کۆمـەڵی نـوێ ، بۆیـە پێویـستە لـە سـەر هـەموو موسـڵمانان ، دەسـت بگـرن بـە کۆمـەڵی گـەورەی موسـڵمانانەوە پـێش ئـەوەی کـە کۆمەڵەکەیان تێك بچێت .

---

[١٤] ( شرح العقيدة الطحاوية ، للشيخ صالح آل الشيخ : ج ١ / ص ٣٤٧ ) .

**بنەوای دەیەم : سەلەفیەت : شوێنکەوتنە بۆ قورئـان و سوننەت بەتێگەیشتنی سەلەفی صالح ، نەك لاسایی کردنەوە و تەقلیدی کوێرانەی جگە لە قورئان و سوننەت :**

**لەو باوەڕەدا نیم کە کەسێك هەبێت خۆی بەموسڵمان بزانێت و نەڵێت من شوێنکەوتەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوام ﷺ ؟!! تەنانەت بگرە کۆمەڵ و گروپە لاڕێکانی کۆن و تازەش لافی هەمان شت لێدەدەن !!! و هەمان شت دووپات دەکەنەوە !!! بەڵام ئەوەیان لەیاد چووە ، یان ئەوەیان لە یادی خۆیان بردووەتەوە کە دەبێت تێگەیشتنیان لەو دوو سەرچاوەیەی ئایین . واتە : قورئان و سوننەت . بریتی بێت لە تێگەیشتنی پێشین و سەلەفی صالحی ئەم ئوممەتە بۆی ، سەرەڕای ئەوەی کە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە سوننەتەکانیدا بە ڕاشکاوی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە ، بۆ نموونە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ ( النساء : ١١٥ ) .

**واتە : هەر کەسێك سەرپێچی پێغەمبەر ﷺ بکات و پشتی لێهەڵکات لە پاش ئەوەی ڕێگای ڕاست و هیدایەتی بۆ ڕوون بوبێتەوە ، وە شوێنی ڕێگا و بەرنامەی جگە لە باوەڕداران ( پێشینە چاکەکان ) بکەوێت ئەوا ئێمە لە دونیادا ڕووی وەردەگێڕین بۆ لای ئەوەی کە ئەو ڕووی لێکردووە و لە قیامەتیشدا دەیخەینە ناو دۆزەخەوە کە خراپترین سەرئەنجامە بۆیان .**

**وە فەرموویەتی :** ﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ ( التوبة : ١٠٠ ) .

**واتە : پێشینە سەرەتاکان لە کۆچەران و پشتیوانان و ئەوانەش کە بە چاکی شوێنی ئەوان کەوتوون : خوایان لێ ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون و خواش لە بەهەشتدا چەندین باخچەی بۆ ئامادە کردوون ، کە چەندین ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات و بە هەتاهەتای تێیدا دەمێننەوە و ئەمەش گەورە ترین سەرکەوتنە .**

**وە لە چەندەها ئایەتی تریشدا ئەم ڕاستیە دووپات کراوەتەوە .**

وە سەبارەت بە فەرموودەکانی پێغەمبەریش ﷺ کە ژماردنیان جێگەی ئێرە نیە ، بەڵام وەکو نموونە هێنانەوە دەتوانین ئەم فەرموودەیە بە بەڵگە بێنینەوە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ... " [١] .

واتە : چاکترینی خەڵك لە ئوممەتەکەم هاوەڵان و هاودەمانی سەردەمی منن ، پاشان ئەوانەی کە بە دوایاندا دێن ، پاشان ئەوانەی کە بەدوای ئەواندا دێن .

جا پێویستە لە بەر ئەو چاکە وخێریەیان هەموو موسڵمانان ئەوە دووپات بکەنەوە کە ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود ) رضي الله عنه فەرموویەتی : (( <u>**من كان متأسيا فليتأس بأصحاب رسول الله ﷺ ، فإنهم كانوا أبر هذه الأمة قلوباً ، وأعمقها تكلفاً ، وأقومها هدياً ، وأحسنها حالاً ، اختارهم الله لصحبة نبيه ﷺ ، وإقامة دينه ، فاعرفوا لهم فضلهم واتبعوهم في آثارهم فإنهم كانوا على الهدى المستقيم**</u> )) [٢] ، واتە : هەر کەسێك ئەیەوێت شوێنی یەکێك بکەوێت ، ئەوا با شوێنی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا بکەوێت ﷺ ، چونکە ئەوانە خاوەن چاکترین و پاکترین دڵ بوون لەم ئوممەتە ، ( وأعمقها تكلفاً ) وە هیدایەت دراوترینیان بوون ، وە باشترین حاڵیشیان هەبوو ، خوای پەروەردگار هەڵیبژاردن بۆ هاوەڵێتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، و بەرپاکردنی ئایینەکەی ، جا چاکەیان ڕەچاو بکەن ، و شوێنیان بکەون لەوەی کە دوای خۆیان بەجێ یان هێشتووە . کردەوە بێت یان گوفتار . ، بێگومان ئەوانە لە سەر ڕاستە ڕێی هیدایەت بوون .

پێشەوا ( الأوزاعي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( اصبر نفسك على السنة ، وقف حيث وقف القوم ، وقل بما قالوا ، وكف عما كفوا عنه ، واسلك سبيل سلفك الصالح ، فإنه يسعك ما وسعهم )) [٣] ، واتە : ئارام بگرە و دان بەخۆتدا بگرە لە سەر پیادەکردنی سوننەتدا ، وە لەو سنوورەش بووەستە کە ئەوان تێیدا وەستاوون ، وە ئەوەش بڵێ کە ئەوان فەرموویانە ، وە وازیش بهێنە لەوەی کە وازیان لێهێناوە ، وە شوێنی ڕێبازی پێشینە پیاوچاکانت بکەوە ، ( فإنه يسعك ما وسعهم ) .

---

[١] ( البخاري ومسلم ) .

[٢] ( التحفة السنية شرح منظومة ابن ابي داود المسماة بالحائية : ج ١ / ص ٤٦ ) ( وانظر : لماذا ص ١٠٠ ) .

[٣] ( شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة من الكتاب والسنة وإجماع الصحابة المؤلف : هبة الله بن الحسن بن منصور اللالكائي أبو القاسم الناشر : دار طيبة – الرياض ، ١٤٠٢ تحقيق : د. أحمد سعد حمدان عدد الأجزاء : ٤ ) .

**کەواتە موسڵمانان دەبێت : شوێنکەوتەی قورئان و سوننەت بن بەتێگەیشتنی سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتـە ، نـەك تەقلیـدی کوێرانـە بـۆ جگـە لـەو دوو سەرچـاوەیە ، هـەر ئەمەشـە پـەیڕەو و ڕێبـازی پێشەوایانی ئیمە ، کە بە ووتە و کردەوە سەلماندویانە .**

**خـــوای پـەروەردگـارە کـــە فەرموویـەتی :** ﴿ اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ ( الأعراف : ٣ ) ، **واتە : شوێنی ئەو پەرتۆکە بکەون کە لە لایەن خوای پەروەردگارتانەوە بۆتـان دابەزێنراوە ، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە پەروەردە ببن ، باشترین ڕەوشت و کردار ئەنجام بدەن ، و شوێنی هەوا و ئارەزووی هیچ کەسێك نەکەون ، بەکەمیش بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەنجامی دەدەن ، چونکە ئەگەر بیرتـان لەوە بکردایەتەوە ، وازتان لە ڕەوایی چاکەکاران نەدەهێنا بۆ شتی خراپ و گومڕاکاران .**

**پێشەوا ( القرطبي ) لـــە ڕاڤـــەی ئـــەم ئـایەتەدا فـــەرموویەتی : (( فەرمایشی خوای پـەروەردگار :** ﴿ اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ ، **دوو باسی تێدایە :**

**یەکەمیان : کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ ﴾ ، **واتـە : قورئـان و سـوننەت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ .

**وە کۆمەڵانێك ووتوویانە : ئەمە فرمانێکە پێغەمبەر ﷺ و ئوممەتەکەشی دەگرێتەوە .**

**وە ئاشکراشە کە فەرمانەکە بۆ هەموو خەڵکە جگە لە پێغەمبـەر ﷺ ، واتاکەشی ئەوەیە کە شـوێنی ئوممـــەتی ئیـــسلام و قورئـــان بکـــەون ، حـــەڵاڵی بەحـــەڵاڵ بـــزانن ، و حەرامەکانیـــشی بـــە حـــەرام ، فرمـانەکانیشی جێبەجێ و پیادە بکەن ، دووریش بکەونەوە لــەو شتانەی کە یاساغی لێکردوون ، وە ئـایەتەکـەش بەڵگـەیە لـە سـەر دورکـەوتنەوە لـە شـوێنکەوتنی بۆچوونەکان لـە کـاتی بـوونی دەقی شـــەرعی ))** [٤] .

**وە شێخی ڕاڤەوانی قورئانی پیرۆز شێخ ( الشنقیطي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( قال الله تعالی :** ﴿ اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ ( الأعراف : ٣ ) ، **والمراد بما أنزل إلیکم هـــو القـــرآن**

---

[٤] ( تفسير القرطبي : ج ٧ / ص ١٦١ ) .

والسنة المبينة له ، لا آراء الرجال )) [٥] ، واتە : کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ ، مەبەستی پێی ئەوەی کە بۆتان دابەزێنراوە ، کە قورئان و سوننەتە کە ڕوونکەرەوەیەتی ، نەك ڕاو بۆچوونی کەسایەتیەکان .

وە پێشەوایانی بەڕێزی چوار مەزهەبەکە جەختیان لە سەر ئەوە کردووەتەوە کە نابێت لە ئاییندا لاسای کەس بکرێتەوە ، بەڵکو دەبێت بڕوانینە بەڵگەکانیان ، و ئەوەی کە فەتوا و حوکمەکانیان لە کوێوە وەرگرتووە ، لەوانەش :

**یەکەم : پێشەوا ( أبو حنيفة ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :**

ئەم پێشەوایە فەرموویەتی : (( لا يحل لأحد أن يأخذ بقولنا ما لم يعلم من أين أخذناه )) [٦] ، واتە : حەڵاڵ و ڕەوا نیە بۆ هیچ کەسێك ، ووتەی ئێمە وەرگرێت ، ئەگەر نەزانێت لە کوێوە وەرمانگرتووە .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : (( حرام على من لم يعرف دليلي أن يفتي بكلامي )) ، واتە : حەرام و قەدەغەکراوە لە سەر ئەو کەسەی کە نازانێت بەڵگەی ووتەکەم چیە و فەتوای پێبدات .

وە زیاد لە سەر ئەوەش فەرموویەتی : (( فإننا بشر نقول القول اليوم ونرجع عنه غدا )) ، واتە : ئەمڕۆ ووتەیەك دەڵێین و ڕەنگە سبەینێ لێ ی پەشیمان دەبینەوە ، چونکە ئێمەش مرۆڤین .

وە لە یەکێکی تردا هاتووە : (( ويحك يا يعقوب ( هو أبو يوسف ) لا تكتب كل ما تسمع مني فإني قد أرى الرأي اليوم وأتركه غدا وأرى الرأي غدا وأتركه بعد غد )) .

واتە : وەی بە حاڵت ئەی یەعقوب ( واتە : أبو يوسف ) هەموو شتێك کە لە منەوە دەیبیستی مەینووسە ، چونکە لەوانەیە من ئەم ڕۆ ووتەیەك بە چاك دەزانم ، و سبەینێ وازی لێدێنم ، و سبەینێ ووتەیەك بە چاك دەزانم ، و پاش سبەینێ وازی لێدێنم .

---

[٥] ( أضواء البيان في تفسير القرآن بالقرآن : ج ٧ / ص ٣٨٥ ) .

[٦] ابن عابدين في : ( حاشيته على البحر الرائق : ٢٩٣/٦ ) .

وه فەرموویەتی : (( إذا قلتُ قولا يخالف كتاب الله تعالى ، وخبر الرسول ﷺ ، فاتركوا قولي )) [٧] ، واتە : ئەگەر ووتەیەکم ووت پێچەوانەی قورئانەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتەکانی پێغەمبەر بوو ﷺ ، ئەوا واز لە ووتەکەی من بێنن .

**دووەم : پێشەوا مالکی کوڕی ئەنەس ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :**

پێشەوا مالکی کوڕی ئەنەس . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( إنما أنا بشر أخطيء و أصيب ، فانظروا في رأيي : فكل ما وافق الكتاب والسنة فخذوه وكل ما لم وافق الكتاب والسنة فاتركوه )) [٨] .

واتە : منیش وەکو ئێوە مرۆڤم هەڵە دەکەم و ڕاستیش دەپێکم ، بۆیە بڕواننە ووتەکانم ، هەرکامەیان هاودەنگ بوو لە گەڵ قورئانی پیرۆز و سوننەتدا ئەوا وەریگرن ، وە ئەگەر پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و سوننەت بوو ئەوا کاری پێ مەکەن .

وه فەرموویەتی : (( ليس أحد بعد النبي ﷺ إلا ويؤخذ من قوله ويترك ، إلا النبي ﷺ )) [٩] ، واتە : هیچ کەسێك دوای پێغەمبەری خوا ﷺ نیە ئیللا لە ووتەکانی وەردەگیرێت ، و وازیش لە هەندێکی دەهێنرێت ، جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ .

**سێیەم : پێشەوا شافعی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :**

وه سەبارەت بە پێشەوا شافعی . بە ڕەحمەت بێت . ووتەیەکی زۆرتر و خۆشتری لێوە دەگێڕنەوە ، و شوین کەوتوانیشی لە شوێن کەوتوانی پێشەوایانی تر کردار بەو ووتانە دەکەن ، و بەختەوەرترن لەوانەش : (( أجمع المسلمون على أن من استبان له سنة عن رسول الله ﷺ لم يحل له أن يدعها لقول أحد )) [١٠] ، واتە : موسڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر موسڵمانێك سوننەتێك لە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوای ﷺ لە لا جێگر و ئاشکرا بوو ، ئەوا بۆی حەڵاڵ نیە وازی لێ بێنێت ، لە بەر ووتەی هیچ کەسێك .

---

[٧] الفلاني في : ( الإيقاظ : ص ٥٠ ) .

[٨] ابن عبد البر في : ( الجامع : ٣٢/٢ ) .

[٩] ابن عبد البر في : ( الجامع : ٩١/٢ ) .

[١٠] ( الفلاني : ص ٦٨ ) .

**چوارەم : پێشەوا أحمدی کوڕی حنبل ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :**

**بەڵام سەبارەت بە پێشەوا أحمدی کوڕی حنبل ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەوا کۆکەرەوەترین و پابەندترینیانە بە سوننەتەوە ، ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لە ووتە بە نرخەکانی :**

**ئەم پێشەوایە ـ بەڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :** (( لا تقلدني ، ولا تقلد مالكا ، ولا الشافعي ، ولا الأوزاعي ، ولا الثوري ، و خُذ من حيث أخـذوا )) [11] **، واتە : نە تەقلیدی من بکەن ، و نە تەقلیدی مالك ، و نە شافعی ، و نە ئەوزاعی ، و نە ( الثوري ) یش ، بە ڵکو لەو شوێنەوە وەریگرن کە ئەوان وەریان گرتووە . کە قورئان و سوننەتە . .**

**وە جارێکیان فەرمووی :** (( الإتباع : أن يتبع الرجل ما جاء عن النبي ﷺ وعن أصحابه ثم هو من بعد التابعين مخـير )) [12] **، واتە : شوێنکەوتن : بریتییە لەوەی کە مرۆڤ شوینی ئەوە بکەوێت کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگر و سەلمێنراوە ، یان لە هاوەڵانی ، پاشان لە پاش شوێنکەوتوانیان ( التابعين ) ، سەربەخۆیە لە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی ووتەی کەسانی تر .**

**وە فەرموویەتی :** (( رأي الأوزاعي ، و رأي مالك ، و رأي أبي حنيفة ، كله رأي ، و هو عندي سواء ، و إنما الحجة في الآثار )) [13] **، واتە : ڕاو بۆچوونی ئەوزاعی ، و ( مالك ) ، و ئەبو حەنیفە ، هەموویان بۆچوونی مرۆڤن ، هەمووشیان لە لای من وەك یەکن ، بەڵام ئەوەی کە بکرێت بە بەڵگە تەنها فەرموودەیە .**

**ئەوەیە ووتەی پێشەوایان ـ بە ڕەحمەت بن ـ لە فەرمان کردنیان بە دەست گرتن بە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و لە گەڵ یاساغی کردنیان لە لاسایی کردنی کوێرانە بۆ ئەو زانا پایە بەرزانە بە بێ چاوپۆشنی و سەیرکردنی بەڵگەکانیان ، ئەو ووتانەش ئەوەندە ڕوون و ئاشکران ، بە هیچ شێوەیەك پێویستیان بە تاوتوێکردن نین ، و هیچ لێکدانەوەیەکی تری پوچەڵیش هەڵناگرن ، بۆیە لە سەر ئەو ووتانە : ئەگەر کەسێك دەست بگرێت بە هەموو ئەو فەرموودانەی کە جێگیر و سەلمێنراون لە سوننەتدا ، با پێچەوانەش بێت لە گەڵ هەندێك لە ووتەی ئەو پێشەوا بەڕێزانە ، ئەوا پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان**

---

[11] الفلاني ( ١١٣ ) ، وابن القيم في " الإعلام " ( ٢ / ٣٠٢ ) .

[12] رواه أبو داود في : ( مسائل الإمام أحمد : ص ٢٧٦ – ٢٧٧ ) .

[13] ابن عبد البر في : ( الجامع ١٤٩/٢ ) .

نابێت ، و دەرچووش نیە لە ڕێگە و ڕێبازی ئەوان ، بەڵکو لە ڕاستیدا بە شوێنکەوتوویان دادەنرێت ، و دەستیشی گرتووە بە پەتی پتەوی ئیسلامەتییەوە ، و هیچ کاتێکیش بچڕاندنی بۆ نیە ، ئەو کەسەش کە واز لە سوننەتێك دەهێنێت . سەرەڕای سەلماندن و جێگیر بوونی . تەنها لەبەر ئەوەی کە فەرموودەکە پێچەوانەی ووتەی ئەو پێشەوا بەڕێزانەیە ، ئەوا ئەو کەسە وەکو ئەو کەسەی پێشوو نیە کە دەستی گرتووە بە پەتی پتەوی ئیسلامەتییەوە ، بە ڵکو بەو کردارەی سەرپێچیکاریانە و پێچەوانەی ووتە بە نرخەکانیانە . کە لە پێشدا باسکران . خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ ( النساء : ٦٥ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( النور : ٦٣ ) .

پێشەوا ( ابن رجب ) . ڕەحمەتی خوای لێ بێت . فەرموویەتی : (( فالواجب على كل من بلغه أمر الرسول ﷺ وعرفه أن يبينه للأمة وينصح لهم ويأمرهم باتباع أمره وإن خالف ذلك رأي عظيم من الأمة فإن أمر رسول الله ﷺ أحق أن يعظم ويقتدى به من رأى أي معظم قد خالف أمره في بعض الأشياء خطأ ومن هنا رد الصحابة ومن بعدهم على كل مخالف سنة صحيحة وربما أغلظوا في الرد ، لا بغضا له بل هو محبوب عندهم معظم في نفوسهم لكن رسول الله أحب إليهم وأمره فوق أمر كل مخلوق فإذا تعارض أمر الرسول وأمر غيره فأمر الرسول أولى أن يقدم ويتبع ولا يمنع من ذلك تعظيم من خالف أمره وإن كان مغفورا له بل ذلك المخالف المغفور له لا يكره أن يخالف أمره إذا ظهر أمر الرسول ﷺ بخلافه ))[١٤] .

واتە : پێویستە لە سەر هەموو کەسێك کە فەرمانی پێغەمبەری خوای ﷺ پێبگات ، و بیزانێت ، ڕوونی بکاتەوە بۆ ئوممەت ، و ئامۆژگاریان بکات ، و فەرمانیشیان پێبکات بە شوێنکەوتنی فەرمانەکانی ، با پێچەوانەش بێت بۆ ووتەی هەر گەورەیەکی ئەم ئوممەتە ، چونکە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەولا ترە کە بە گەورە دابنرێت و چاوی لێبکرێت ، لە بۆچوونی هەموو کەسێکی بە گەورە دانراوێك کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بوو بێتەوە لە هەندێك لە بۆچوونەکانیدا ، لە سەر ئەم بنەوایەیە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ، و ئەوانەش کە بە دوایاندا هاتوون بەرپەرچی هەموو ئەوانەیان

---

[١٤] ( إيقاظ الهمم للفلاني : ص ٦٨ ) نقلا عن : ( الدر المنتقى في تبيين حكم إعفاء اللحى : ١ / ٥ ) .

داوەتەوە کە پێچەوانەی سوننەتە ( صحیح ) ەکانی پێغەمبەر ﷺ بونەتەوە ، ڕەنگە زۆریش بە توندی ڕەتیان کردبێتەوە ، نەك لە بەر ئەوەی کە ڕقیان لێ بێت ، بەڵکو ئەو کەسانە لە لایاندا خۆشەویست بوونە ، و بەڕێز و گەورەن لە دەروونیاندا ، بەڵام ڕەسول الله لە لایان خۆشەویست ترە ، و فەرمانیشی لە سەر فەرمانی هەموو دروست کراوێکە ، بۆیە ئەگەر فەرمانی پێغەمبەر ﷺ لە گەڵ فەرمانی جگە لەو بێتەوە ، ئەوا فەرمانی پێغەمبەر ﷺ پێشترە لەوەی کە پێش بخرێت ، وشوێن بکەوترێت ، ئەوەش ڕێگر نیە لەوەی کە ئەو پێشەوایەی کە پێچەوانەی بووەتەوە بە گەورە و ڕێزدار دابنرێت ، هەرچەند خوای پەروەردگار لێ ی خۆش بوو بێت ، بەڵکو ئەو کەسانە پێیان ناخۆش نیە کە پێچەوانەی ووتەکانیان ببیتەوە ئەگەر دەرکەووت کە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ پێچەوانەی ووتەکەیانە .

لەمەشەوە ئاکامی ترسناکی هاتنەکایەی شوێنکەوتنی ڕوخسەت و هەڵەی زانایانمان بۆ دەردەکەوێت ، هەروەکو پێشەوا ( الأوزاعي ) . بەڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( من أخذ بنوادر العلماء خرج من الإسلام )) [١٥] .

واتە : هەرکەسێك هەموو ئەو فەتوایانەی وەرگرێت کە زانایان تێدا نەیان پێکاوە ، و کرداریان پێ بکات ، ئەوا لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز دەچێتە دەر .

وە ( عبدالله )ی کوری پێشەوا ( أحمد ) ی کوڕی ( حنبل ) ـ بەڕەحمەت بێت . بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە باوکی بیستوویەتی کە فەرموویەتی : (( <u>لو أن رجلا عمل بكل رخصة : بقول أهل الكوفة في النبيذ ، وأهل مكة في المتعة ، لكان فاسقا</u> )) [١٦] .

واتە : ئەگەر کەسێك بە هەموو ڕوخسەتەکان کردەوە بکات : بۆ نموونە : بە ووتەی ئەهلی کوفە لە شەراب ، و ئەهلی مەککەش لە هاوسەرێتی سیخە یان کاتی ( واتە : زواج المتعة ) ، ئەوا ئەو کەسە فاسقە .

وە شێخ ( فوزان ) فەرموویەتی : (( <u>أما إذا كان الأخذ بمذهب في بعض الأحيان وبمذهب آخر في الحين الآخر ، وهكذا ينتقل الإنسان من باب التشهي ومن باب طلب الرخص ، فهذا لا يجوز ـ يعني ما وافق هواه من أقوال</u>

---

[١٥] سنن البيهقي الكبرى ج : ١٠ ص : ٢١١ .

[١٦] ( شرح قصيدة ابن القيم : ج : ٢ ص : ٥٢٤ ، و إرشاد الفحول ج : ١ ص : ٤٥٣ ــ ٤٥٤ ) .

**أهل العلم أخذ به ولو كان خلاف الدليل ، وما خالف هواه تركه ولو كان هو الذي يدل عليه الدليل ، هذا متبع لهواه ، والعياذ بالله ـ فالتنقل من مذهب إلى مذهب بدافع التشهي وطلب الأسهل والرخص هذا لا يجوز ))** [١٧] ، واته : بەڵام ئەگەر لە کاتێکدا بۆچونی زانایەك وەرگرێت و لە کاتێکی تردا بۆچونی زانایەکی تر وەرگرێت ، ئا بەو شێوەیە مرۆڤ ئاڵوگۆڕ بکات لە زانایەك بۆ زانایەکی تر لە بەر شەهوەت و ئارەزووەکانیەوە یان لە بەر شوێنکەوتنی بۆ وەرگرتنی ڕوخسەتی زانایان ، ئەمەیان نابێت . واتە : هەر ووتە و فەتوایەکی زانایان بە پێی ئارەزووەکانی بێت وەریبگرێت با پێچەوانەی بەڵگە شەرعیەکانیش بێت ، و ئەوەش کە پێچەوانەی ئارەزووەکانی بێت وازیان لێ بهێنێت ، با بە ڵگە شەرعیەکانیش ڕاستی ئەو ووتە و فەتوایانە بسەلمێنن ، ئەو جۆرە کەسانە شوێنکەوتەی ئارەزووەکانیانن ، خوا پەنامان بدات . بۆیە ئاڵوگۆڕکردن و گواستنەوە لە بۆچونێك بۆ بۆچونێکی تر لە بەر شەهوەت و ئارەزووەکان ، یان بۆ بەدەست هێنانی ئاسنتر ، یان لە بەر شوێنکەوتنی ڕوخسەتی زانایان ، ئەمە نابێت و دروست نیە .

بەڵام بە داخەوە گومڕایی هەندێك گەشتووەتە ئەو ڕادەیەی . پەروەردگار پەنادەرمان بێت لە گومڕایی وگومڕاکاران . کە بڵێت : ( ئێمە !! ) هەر ووتە ( واتە : قِيلَ ! ) هەیەك هەبێت شتێکمان بۆ بە ڕەوا دابنات ، با بێژەرەکەشی منداڵێك بێت !! یان تەنانەت نەناسراویش بێت . تەنها لە بەر ئەوەی لە پەرتۆکە شەرعیەکاندا هاتبێت . وەری دەگرین و کاری پێ دەکەین !!

لە کۆتایی ئەم ڕێخۆشکاریە کە چەند بنەوایەکی تێدا خرایە ڕوو ، با بزانین حوکمی حزبایەتی و پەرتەوازەیی و پارچەپارچەکردنی موسڵمانان چیە لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە ؟ وە بە گەڕانەوە بۆ فەتوای گەورە زانایانی ئەهلی سوننە لەم سەردەمەدا ، بەتایبەت پێشەوایان ( ابن باز ) و ( الألباني ) . بەڕەحمەت بن . چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەسانی لاڕێبوو و چەواشەکار هەندێك لە فەتواکانی ئەو دوو گەورە زانایە ، بە لێکداترازاندنی فەتواکانیان لە یەك ، و کۆنەکردنەوەیان لە گەڵ فەتواکانی تری ئەو دوو زانا بەڕێزە ، و بێ گوێدانە کۆن و تازەی فەتواکانیان ، و بە واتاکردنی فەتواکان بە شێوەیەکی نادرووست ، و پیادەنەکردنی تەنانەت ئەو مەرجانەی کە لە فەتوا کۆنەکانیاندا هاتوون ، و بەراورد کردنی ئەو مەرجانە

---

[١٧] ( المنتقى من فتاوى الفوزان : ٤٨٤ ) .

**له گەڵ واقع و حاڵی ئەو حیزبە ئیسلامیانەی کە لە واقعی ئەمڕۆی خۆماندا هەن کە دوژمن و دۆست بە ئاگان لە حاڵ و باریان !! ئەوەیان بە دەمەوە بڵاو دەکرێتەوە کە گوایا ئەم دوو زانایە باوەڕیان بە حیزبایەتی و پەرتەوازەیی و پارچەپارچەکردنی موسڵمانان هەیە !!! کە لە ڕاستیدا ئەم دوو زانایە بەرین لە حیزبایەتی و پەرتەوازەیی و پارچەپارچەکردنی موسڵمانان ، هەروەکو چۆن گورگ لە خواردنی پێغەمبەر یوسف ـ** عليه السلام **ـ بەری بوو !!!**

**نامەوێت لەوە زیاتر خوێنەری بەڕێز سەرقاڵ بکەم ، بۆیە خوێنەر خۆی دەکەم بە سەرپشك لە سەر ووتەی ئەو جۆرە کەسانە کە بەو شێوەیە فەتوای زانایان دەخەنەڕوو بۆ مەبەستی خۆیان موسڵمانان چەواشە دەکەن ، بەڵام داواکارم لەخوێنەری بەڕێز ئەم نووسراوە بەچاوی دادپەروەرانە و بێ دەمارگیری بخوێنێتەوە ، و پاشان حوکمی خۆی لەسەر ئەم باسە بدات ، مەبەستیش لەم نووسینە ئاشکرا کردنی ئایینی ڕاست و دروستە ، و جیاکردنەوەی لە کوێرە ڕێگاکانی ئەم سەردەمە کە زۆرن !!! وە بەرپەرچ دانەوەی ئەو کەسانەشە کە دەیانەوی ئایین بکەن بە پەیژە بۆ گەشت بەمەبەستەکانی خۆیان ، و بە دەست هێنانی پلە و پایەی دونیایی !!! جا ئەگەر ڕاستیم تێدا پێکابوو ئەوا فەزڵ وکەرەمی پەروەردگارە بە بەندەی خۆی وهیچی بەندەی تێدا نیە ، ئەگەر نەشم پێکابوو یان هەر هەڵەیەکی تێدا بوو ئەوە لە خۆم ونەفسی تاوانکارمەوەیە ، داواکارم کە پەروەردگار بە فەزڵ و کەڕەمەی خۆی قەڵەمی عەفوی خۆی بەسەردا بێنێت ،** ﴿ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴾ ( هود : ٨٨ ) .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَصَلَّى اللهُ عَلَى مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَسَلَّم

# بەڵگەکانی حەرامێتی تەفریقە و حیزبایەتی

## یەکەم : بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز

تەفریقە و حزبایەتی و پارچە پارچەگەرێتی و پەرتەوازەیی لە ئایینی خوای گەورەدا نیە ، بەڵکو خوای گەورە لە چەندەها دەقی قورئانە پیرۆزەکەیدا حەرام و قەدەغەی کردووە و یاساغی لێکردووە ، نەك هەر ئەمە بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگای ڕزگاربوونی بۆ موسڵمانان ئاشکرا کردووە و ڕاستە ڕێگای ئیسلامەتی پێناساندوون لە کاتی ڕوودانی جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی و حزبایەتی و تەفریقە لە نێوانیاندا ، ئەمانەی خوارەوەش کۆمەڵێکن لەو دەقانەی کە لە و بارەیەوە هاتوون ، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆمە سەر باسیان بەپێویستی دەزانم کە بڵێم : لەم بەشەدا هەوڵم نەداوە بەڵگەکان بە گشتی و یەك لە دوای یەك بخەمە ڕوو ، بەڵکو ئەوەم بەباش زانی کە هەر چەند بەڵگەیەك و لە ژێر ناونیشانکدا کۆبکەمەوە ، کە بە گومانی من باشتر و دوورترە لەوەی کە خوێنەری بەڕێز تووشی مەلەل بێت لە دووبارەبوونەوە و داڕشتنی یەك لەدوای یەکی بەلگەکان ، ئایەتەکانیشم لە چەند خاڵێك کۆکردوونەتەوە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

### یەکەم : داواکاری خوای پەروەردگار لە پێغەمبەران و ئوممەتەکانیشیان دوورکەوتنەوەیە لە تەفریقە و حزبایەتیە :

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) ، واتە : ئەمەی کە باسکرا بێگومان تاکە ئایینە بۆتان و ئێوە یەك ئوممەتن ، وتەنها منیش پەروەردگارتانم ، بۆیە بمپەرستن ، و هاوەڵم بۆ بڕیارمەدەن .

شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . لەم بارەیەوە ئەفەرموێت : (( قال قتادة : أي دينكم دين واحد ، وربكم رب واحد ، والشريعة مختلفة . وكذلك قال الضحاك عن ابن عباس : ﴿إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً﴾ أي : دينكم دين واحد . قال ابن أبي حاتم : وروى عن سعيد بن جبير ، وقتادة وعبد الرحمن بن

زيد نحو ذلك . وقال الحسن : بين لهم ما يتقون وما يأتون ، ثم قال : إن هذه سنتكم سنة واحدة . وهكذا قال جمهور المفسرين .

وأمر الله الرسل أن تكون ملتهم ودينهم واحداً ، لا يتفرقون فيه ، كما فى الصحيحين عن النبى ﷺ أنه قال : " إنا معشر الأنبياء ديننا واحد " ، وقد قال الله تعالى : ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ ( الشورى : ١٣ ) ؛ ولهذا كان جميع رسل الله وأنبيائه يصدق بعضهم بعضاً ، لا يختلفون ، مع تنوع شرائعهم )) [1] .

واته : قەتادە فەرموویەتی : واتە : ئایینەکەتان یەك ئایینە ، و پەروەردگاریشتان هەر یەکە ، تەنها جیاوازیتان لە شەریعەتدا هەیە ، هەمان لێکدانەوەش ( الضحاك ) لە ( عبدالله ) ی کوڕی ( عباس ) ەوە دەگێڕێتەوە سەبارەت بە ئایەتی : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً ﴾ واتە : ئایینەکەتان یەك ئایینە ، . ( ابن أبي حاتم ) فەرموویەتی : هاوشێوەی ئەم لێکدانەوەیە لە ( سعید بن جبیر ) ، و ( قتادة ) و ( عبدالرحمن بن زید ) گێڕراوەتەوە ، و ( الحسن البصري ) ش فەرموویەتی : ئاشکرای بۆ کردوون ئەوەی کە لێی دوورکەونەوە و خۆیانی لێ بپارێزن و ئەوەش کە ئەنجامی بدەن ، پاشان فەرمووی : ئەمەی کە باسکرا سوننەت و ڕێبازی ئێوەیە ، تەنها یەك ڕێبازیشە ، ئەمەش ووتەی زۆرینە و بەشی زۆری ڕاڤەوانانە .

وە خوای پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەران کردووە کە یەك میللەت و یەك ئایین بن ، و تەفریقە نەکەن ، هەروەکو لە ( صحیح ) ی ( البخاري ) و ( مسلم ) دا هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی : ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران ئایینمان یەکە ، وە خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ ئەوی فەرمان پێکردوون لە شەرعدا کە فەرمانی پێکردووە بە نوح و ئەوش کە بۆ تۆمان ناردووە ، لە ڕێگەی سروشەوە ، وە ئەوەش کە فەرمانمان پێکردووە بە پێغەمبەران : ئیبراهیم موسا و عیسا ، کە ئایینەکەتان پیادەبکەن و تەفریقەی تێدا نەنەوە ، لە بەر ئەمەیە هەموو نێردرا و پەیامبەرانی خوا

---

[1] ( مجموع فتاوى ابن تيمية ( التفسير ) : ج ٣ / ص ١٠٤ ) .

**هەريەكە و ئەوى تريانى بەراست دەخستەوە ، و بەڕاستى دەزانى ، و جياواز نەدەبوون ، سەرەڕاى جياوازى شەريعەتيشيان .**

**كەواتە فەرمانى خواى پەروەردگار بۆ پيغەمبەران ـ** عليهم السلام **ـ ئەوەيە كە تەفريقە دروست نەكەن و جياواز نەبن لە ئاينەكەياندا ، چونكە ئايينەكەيان يەك ئايين و يەك ميللەيە ، بەهەمان شێوە شوينكەوتوانيان ، بۆيە شايستە و لايق نيە پێيان كە جياواز بن ئيختيلافيان هەبێت .**

**وە شێخ ( سعدي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ڕاڤەى ئەم ئايەتەدا فەرموويەتى :** (( ولما ذكر الأنبياء عليهم السلام ، قال مخاطبا للناس : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾ أي : هؤلاء الرسل المذكورون هم أمتكم وأئمتكم الذين بهم تأتمون ، وبهديهم تقتدون ، كلهم على دين واحد ، وصراط واحد ، والرب أيضا واحد .

ولهذا قال : ﴿ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ ﴾ الذي خلقتكم ، وربيتكم بنعمتي ، في الدين والدنيا ، فإذا كان الرب واحدا ، والنبي واحدا ، والدين واحدا ، وهو عبادة الله ، وحده لا شريك له ، بجميع أنواع العبادة كان وظيفتكم والواجب عليكم ، القيام بها ، ولهذا قال : ﴿ فَٱعۡبُدُونِ ﴾ فرتب العبادة على ما سبق بالفاء ، ترتيب المسبب على سببه .

**وكان اللائق ، الاجتماع على هذا الأمر ، وعدم التفرق فيه ، ولكن البغي والاعتداء ، أبيا إلا الافتراق والتقطع** . ولهذا قال : ﴿ وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ ﴾ **أي : تفرق الأحزاب المنتسبون لاتباع الأنبياء فرقا ، وتشتتوا ، كل يدعي أن الحق معه ، والباطل مع الفريق الآخر** و ﴿ كُلُّ حِزۡبِۢ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ ﴾ .

وقد علم أن المصيب منهم ، من كان سالكا للدين القويم ، والصراط المستقيم ، مؤتما بالأنبياء وسيظهر هذا ، إذا انكشف الغطاء ، وبرح الخفاء ، وحشر الله الناس لفصل القضاء ، فحينئذ يتبين الصادق من الكاذب ، ولهذا قال : ﴿ كُلٌّ ﴾ من الفرق المتفرقة وغيرهم ﴿ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ ﴾ أي : فنجازيهم أتم الجزاء )) [٢] .

**واتە : خواى پەروەردگار كاتێك كە باسى پێغەمبەران دەكات ـ** عليهم السلام **ـ بە خەڵكەكە دەفەرمووێت :** ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾ **، واتە : ئەو پێغەمبەرانەى كە باس كراون ـ** عليهم السلام **ـ ئەوانە ئوممەتى ئێوەن و**

---

[٢] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٥٣٠ ) .

پێشەواشتانن کە پێویستە شوێنیان بکەون ، و لاساییان بکەنەوە ، هەموویان لە سەر یەك ئایینن ، و لە سەر یەك ڕێگان ، پەروەردگاریش هەر تاك و تەنهایە .

بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَأَنَا رَبُّكُمْ ﴾ ئەوەی کە خەڵقمکردون ، بە نیعمەتەکانی خۆم پەروەردەم کردوون ، لە ئایین و ژیاندا ، جا ئەگەر پەروەردگار یەك بێت ، و پێغەمبەریش ﷺ یەك بێت ، و ئایینیش هەر یەك بێت ، کە بریتیە لە پەرستنی خوای پەرەوەردگار ، کە هیچ هاوەڵێکی نیە ، و تاك و تەنهایە لە هەموو جۆرەکانی پەرەستندا ، کە پێویستە لە سەرتان ئەنجامیان بدەن ، لەبەر ئەمەیە فەرموویەتی : ﴿ فَاعْبُدُونِ ﴾ کە تێیدا پەرستنەکەی بە پیتی ( ف ) تەرتیب کردووە بە دوای پێش خۆیدا ، بە شێوەیەك ( ترتيب المسبب على سببه ) .

بۆیە شایستە ئەوە بوو کە کۆببنەوە لە سەر ئەم شتە ، و تەفریقە و پەرتەوازەیی نەکەن ، بەڵام زیادڕەوی و ستەم کردن ، ڕازی نەبوون بە جگە لە تەفریقە و پەرتەوازەیی ، لەبەر ئەمە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ ﴾ ، واتە : ئەو کۆمەڵ و حزبانەی کە درابوونە پاڵ شوێنکەوتوانی پێغەمبەران ـ عليهم السلام ـ بوون بە چەند فیرقە و کۆمەڵێکەوە ، و پەرتەوازە بوون ، و هەر یەکەیان لافی ئەوەی لێدەدا کە ڕەوایی لە گەڵ ئەودایە ، و ناڕەوایش لە گەڵ کۆمەڵ و فیرقەکەی تردایە ، و هەموو حزبێکیشیان دڵخۆشن بەوەی کە لە سەرین ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ .

وە زانراویشە کە ئەوەیان ڕەوایە و ڕاستیە دەپێکێت ، کە شوێنی ئایینی تێروتەسەل کەوتبێت ، لە سەر ڕێگای ڕاست بێت ، لەو کارەیدا شوێنکەوتەی پێغەمبەران بێت ، ئەمەش چ کات ئاشکرا دەبێت ، ئەو کاتەی کە پەردە ڕادەماڵرێت و شاراوەکان ئاشکرا دەکرێت ، وە کە خەڵکیش کۆکرایەوە بۆ یەکلایی کردنەوەیەکی دادپەروەرانە ، ئەو کاتە ڕاستگۆ لە درۆزن جیا دەکرێتەوە ، لە بەر ئەمەیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ كُلٌّ ﴾ هەر یەکێك لەو کۆمەڵە پەرتەوازانە ، و جگە لەوانیش دەگەڕێنەوە بۆ لامان : ﴿ إِلَيْنَا رَاجِعُونَ ﴾ ، واتە : تەواترین سزایان دەدەینەوە .

کەواتە ئێمەی موسڵمان لە بەر ئەوەی شەریعەت و ئاینمان یەکە و پەروەردگار و پێغەمبەریشمان ﷺ یەکە نابێت تەفریقە و حزبایەتی بکەین ، پێشەوا ( الشنقيطي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : ((

**فقوله ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً ﴾ أي : إن هـذه شـريعتكم شـريعة واحـدة ، وديـنكم ديـن واحـد ، وربكـم واحـد " فلا تتفرقوا في الدين ))** [٣] ، واته : ووتەی خوای پەروەردگار كە فەرموويەتی : ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً ﴾ واتـە : ئەمە شەریعەتی ئێوەیە و یەك شەریعەتە ، و ئایینەكەشتان یەك ئایینـە ، و پەروەردگاریشتان یەكە ، بۆیە تەفریقە مەنەنەوە و جیاوازی مەكەن لە ئاییندا .

وە كە پرسیار لە شێخ ( محمد بن صالح العثيمين ) كرا . بە ڕەحمەت بێت . : كە ئایا دەقەكانی قورئان و سوننەت پاڵپشتی فرە حزبێتـی ئیسلامی دەكـات ؟ لەوەڵامـدا ئـەم ئایەتـەی بە بەڵگە هێنایـەوە لـە سـەر ئەوەی كە نەخێر دەقەكانی قورئان و سوننەت پاڵپشتی فرە حزبێتی ئیسلامی ناكەن ، كە ئەمـەش دەقی وەڵامەكەیەتی : (( **ليس في الكتاب والسُنَّة ما يبيح تعدُّد الجماعات والأحزاب ، بل إنَّ في الكتاب والـسُنَّة مـا يَـذُمّ ذلك ... ولا شكَّ أنَّ هذه الأحزاب تنافي ما أمر الله** ، بل ما حثَّ الله عليه في قولــه : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) ، **ولا سيّما حينما ننظر إلى آثار هذا التفرُّق والتحزُّب حيث كان كُلّ حزب وكُلُّ فريـق يرمـي الآخر بالتشنيع والسبِّ والتفسيق ، وربما بما هو أعظم من ذلك** ❁ ، **لذلك فإنَّني أرى أنَّ هذا التحزُّبَ خطأً ))** [٤] .

واتە : هیچ دەق وبەڵگەیەك نیە لە قورئان وسوننەتدا كە ڕێگە بدات بەبوونی چەند كۆمەڵ و حزبێك ، بەڵكو لەقورئان وسوننەتدا بەڵگە لەسەر سەرزنشت كردن وزەمكردنی ئەوە هاتووە ، ... وە گومـانی تێـدا نیـە كـەوا بـوونی ئـەم حزبانـە پێـچەوانەی ئەوەیـە كـە خـوا پـەروەردگار فـەرمانی پـێكردووە ، بـەڵكو پێچەوانەی ئەوەیە كە خوای پەروەردگار هانی موسڵمانانی بۆ داوە لـەم ئایەتـەدا كـە فەرموویـەتی : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ ﴾ ئـەم ئوممەتـە ئوممـەتی ئێوەیـە و تـەنها یـەك ئوممەتـە و منـیش پەروەردگارتانم ، بۆیە تەنها من بپەرستن ، بە تایبەت ئەو كاتەی كە دەڕوانینە شوێنەواری ئەم تەفریقە و

---

[٣] ( أضواء البيان في تفسير القرآن بالقرآن : ج ٧ / ص ١٦٠ ) .

❁ **كەچی چەواشەكاران دەڵێن : (( سەیری ئاساری عەمەلی ئیسلامی بكە ، یانی : ئەوەی ئـەبینی لـە مصر لـە هـەموو شـوێنێك ئـەو خەڵكـەی گەڕاوەتـەوە و خوێندەوار و نەخوێنـدەوار ئیلتیزامێكی باشـی كـردە بەرهـەمی جەماعەتـە ئیـسلامی یەكانـە ، ئـەو كەسانەی خۆیان بانگ ئەكەن بۆ ئەو ئیشە خۆیان جەماعەكان بونەتە سەبەب گەڕانەوەیان )) !!**

**جا خوێنـەری بـەڕێز : بەراوردی ووتـەی چەواشەكاران بكە بە ووتـەی ئەو زانا بەڕێزە بۆت ئاشكرا دەبێت كە ووتـەی نـاڕەوا كامەیە و ووتەی ڕەواش كامەیە ؟!!! لە ئاساری ئەحزابی ئیسلامی !!!!**

[٤] ( مجلَّة الجندي المسلم ، العدد : ٨٣ ، ربيع الأوَّل / عام ١٤١٧ هـــ ) .

**حزبايەتیە ، دەبینیت هەموو حزب و کۆمەڵێك توانج و تانە لەوی تر دەدات و بە فاسقی دەزانێت ، لەوانشە لەوە زیاتر ببینیت ، و ببیستیت ، بۆیە من وای دەبینم کە ئەم حزبایەتیە هەڵەیە .**

**بۆیە موسڵمان ئەگەر بە کاری حزبایەتی هەستا و ئوممەتی پەرتەوازە و پارچە پارچە کرد ، دەبێت بترسێت لەوەی کە ئەو هەڕەشەیەی بەر بکەوێت کە پیشەوا ( سعدي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :**

(( يتوعد تعالى الذين فرقوا دينهم ، أي : شتتوه وتفرقوا فيه ، وكلٌّ أخذ لنفسه نصيبا من الأسماء التي لا تفيد الإنسان في دينه شيئاً ، كاليهودية والنصرانية والمجوسية . أو لا يكمل بها إيمانه ، بأن يأخذ من الشريعة شيئاً ويجعله دينه ، ويدع مثله ، أو ما هو أولى منه ، **كما هو حال أهل الفرقة من أهل البدع والضلال والمفرقين للأمة** .

**ودلت الآية الكريمة أن الدين يأمر بالاجتماع والائتلاف ، وينهى عن التفرق والاختلاف في أهل الدين ، وفي سائر مسائله الأصولية والفروعية** .

**وأمره أن يتبرأ ممن فرقوا دينهم** فقال : ﴿ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ أي **: لست منهم وليسوا منك** [٥] ، لأنهم خالفوك وعاندوك . ﴿ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ﴾ يردون إليه فيجازيهم بأعمالهم ﴿ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ )) [٦] .

**واتە : خوای پەروەردگار هەڕشە دەدات لەوانەی کە ئایینەکەیان پارچە پارچە کردووە ، واتە : پەرتەوازەیان لە ئایینەکەیدا کردووە ، و تەفریقەیان تێدا ناوەتەوە ، و هەر یەکەیان بەشێکی لە ناوەکان بۆ خۆی بردووە ، کە هیچ سوودێك بە مرۆۋ ناگەیەنن ، وەکو جولەکەیی ، و خاچ پەرستی ، و ئاگر پەرستی ، یان ئەو کارەی باوەڕەکەی پێ تەواو نابێت ، بەوەی کە هەندێك ( بەشێك ) لە شەریعەت بەرێت و بیکات بە ئایینی خۆی ، و وازیش لە هاوشێوەی ئەوە بێنێت ، یان لە ئەو پێشتر ، هەروەکو بار و حاڵی پەرتەوازکارنە لە بیدعەکاران ، و گومڕایان کە پەرتەوازکاری ئوممەتن .**

---

[٥] قال فضيلة الشيخ صالح الفوزان حفظهُ الله : (( الجماعة التي يَجبُ الانضمامُ إليها والسير معها والعملُ معها هي جَماعة أهل السنة التي تسيرُ على ما كان عليه الرسول ﷺ وأصحابُهُ ، أمَّا ما خالفها فإنَّهُ يَجبُ أنْ نَتَبَرَّأَ منها ... )) ( الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة ، س ١٠٥ : ١ / ١٣٩ ) .

**واتە : بنچینە و بنەوایەك هەیە : ئەو کۆمەڵەی کە پێویستە لە گەڵیاندا بیت و لە گەڵیاندا بڕۆیت و کاریان لە گەڵدا بکەیت بریتیە لە کۆمەڵی ( ئەهلی سوننە ) کە لە سەر ئەوە دەڕۆن کەوا پێغەمبەر ﷺ و صەحابەکانی لە سەری ڕۆیشتوون ، بەڵام ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەم بەرنامەیەن ئەوا پێویستە ئێمە بەرائەتی خۆمانی لێ دەربڕین .**

[٦] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٢٨٢ ) .

وە ئایەتەکەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئایین فەرمان دەکات بە کۆبوونەوە ، و هاوکۆك بوون لە گەڵ یەکدا ، و یاساغیش دەکات لە تەفریقە و جیاوازی لە ئەهلی ئاییندا ، وە لە هەموو بابەتە بنەڕەتی و فەرعیەکاندا .

وە فەرمانیشی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە کە تەبەڕای خۆی بکات لەوانەی کە ئایینەکەیان پەرتەوازە کردووە و فەرموویەتی : ﴿ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ ، واتە : تۆ لەوان نیت و ئەوانیش لە تۆ نین لە هیچ شتێکدا ، چونکە ئەوانە پێچەوانەت بوونەوە ، و بەرەنگار بوون ﴿ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ﴾ بەوەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لای و بەرامبەر بە کردەوەکانیان سزایان دەداتەوە ﴿ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ .

## دووەم : یاساغی کردنی خوای پەروەردگار لە تەفریقە و حزبایەتی :

**ئایەتی یەکەم :** خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) .

واتە : ئەمە ڕێگای ڕاستی منە ، شوێنی بکەون و بیگرنە بەر ، وە نەکەن شوێنی ڕێچکە و ڕێبازەکانی تر بکەون ، چونکە لە ڕێگاکەی خوای پەروەردگار لاتان دەدات و پارچە پارچە و پەرتەوازەتان دەکات ، و جیاوازی دەخاتە نێوانتانەوە ... ئەمەش ئامۆژگاری خوای پەروەردگارە بۆتان بەڵکو تەقوای خوا بکەن و خۆپارێز بن .

وە بە شێوەیەکی کرداری تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەنجام دراوە ، هەروەك لە فەرموودەکەی ( ابن مسعود ) رضي الله عنه دا هاتووە کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت : " خطَّ لنا رسول الله ﷺ خطاً بيده ثُمَّ قال : هذا سبيل الله مستقيماً ، ثُمَّ خط خُطوطاً عن يمينه وشماله ثُمَّ قال : هذه سُبُلٌ مُتفرِّقَة ، على كُلِّ سَبيلٍ منها شَيطانٌ يدعو إليه ، ثُمَّ قرأ : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ " [٧] .

---

[٧] أخرجه أحمد : (١/ ٤٣ و ٤٦٥) والطيالسي رقم : (٢٤٤) ، وحسنهُ الألباني في (مشكاة المصابيح) : (١/٥٩) .

**واتـه : پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە دەسـتی هێڵێکـی ڕاسـتی کێـشا و پاشـان فـەرمووی : ئەمـە ڕێگـا ڕاستەکەی خـوای پـەروەردگارە ، پاشـان بـە لای ڕاسـت و چـەپی ئـەو هێڵـەدا چـەند هێڵکـی تـری کێشا و پاشان فەرمووی : ئەمەش ڕێچکە و ڕێبازە پەرتەوازکارەکانە ، هەر ڕێچکەیەکیان شەیتانێکی لە سەرە بانگەوازی بۆ دەکات ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندووە :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ .

**پێشەوا ( السعدي ) . بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی :** (( ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا ﴾ أي : هذه الأحكام وما أشبهها ، مما بينه الله في كتابه ، ووضحه لعباده ، صراط الله الموصل إليـه ، وإلى دار كرامتـه ، المعتدل السهل المختصر . ﴿ فَاتَّبِعُوهُ ﴾ لتنالوا الفوز والفلاح ، وتدركوا الآمـال والأفـراح . ﴿ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ ﴾ أي : الطرق المخالفة لهذا الطريق ﴿ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ أي : **تضلكم عنه وتفرقكم يمينا وشمالا فإذا ضللتم عن الصراط المستقيم ، فليس ثم إلا طرق توصل إلى الجحيم** )) [٨] .

**واتـه :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا ﴾ **واتـه : ئـەم حوكمانـە و هاوشـێوەکانی ، کـە خـوای پـەروەدگار لـە کتێبەکەیـدا ڕوونـی کردووەتـەوە ، و ئاشـکرای کـردووە بـۆ بەنـدەکانی ، ئـەو ڕێگـا ڕاسـتەی خـوای پەروەردگارە کە دەمانگەیەنێت پـێی ، وە دەمانگەیەنێت بە مەنزڵگای ڕێز لێگرتنمان ، کە ڕێگایەکی ناوەند ، و ئاسان ، و کورتە بۆ گەیشتن پـێی ، جا** ﴿ فَاتَّبِعُوهُ ﴾ **شـوێنی بکـەون ، بۆ ئـەوەی سـەرکەوتن و سەرفەرازی بەدەست بێنن ، و بگەن بە ئاوات و خۆشیەکان .** ﴿ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ ﴾ **، واتـه : وە نەکەن شوێنی ئەو ڕێچکانە بکەون کە پێچەوانەی ئەم ڕێگایەن ، چونکە** ﴿ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ **، واتـه : گومڕاتـان دەکـات لەو ڕێگایە و پەرتەوازەتان دەکات بە لای ڕاست و چەپدا ، وە ئەگەر لە ڕێگای ڕاست گومڕا بوون ، ئەوا ئەو کاتە جگە لە ڕێچکەکان نەبێت کە شوێنکەوتوانی دەگەیەنن بە دۆزەخ ڕێگای تر نیە .**

**بەم ووتەیەی شێخ سەعدی . بە ڕەحمەت بێت . ڕێگاکان دوو جۆرن :**

**یەکەمیان : ڕێگای ڕاستە** ﴿ الصِّرَاطُ الْمُسْتَقِيمُ ﴾ **، کە شوێنکەوتوانی بە بەهەشتی بەرین دەگەیەنێت .**

---

[٨] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٢٨٠ ) .

**دووەمیان : ڕێچکەکانە ﴿ السُّبُلَ ﴾ ، کە شوێنکەوتوانیان دەگەنن بە دۆزەخ .**

**وە پێشەوا ( الطبري ) یش . بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا ووتەی ( ابـن عبـاس ) مان بۆ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (( أمر الله المؤمنين بالجماعة ، ونهاهم عن الاختلاف والفرقة ، وأخبرهم أنه إنما هلك مَنْ كان قبلهم بالمراء والخصومات في دين الله )) [٩] .**

**واتە : خوای پەروەردگار فەرمانی بە بڕواداران کردووە کە یەك کۆمەڵ بن ، وە یاساغیشی لێکردوون کە جیاواز و پەرتەوازە بن ، وە هەواڵی ئەوەشی پێڕاگەیاندوون کە ئوممەتانی پێش ئێوە بە هۆی دووبەرکێ و دژایەتی لە ئایینەکەی خوای پەروەردگاردا لە ناوچوون .**

**وە ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە لە ( ابن مسعود ) ەوە ﷺ کە پیاوێك پێی ووت : (( ما الصراط المستقيم ؟ قال : تركنا محمد ﷺ في أدناه ، وطرفُه في الجنة ، وعن يمينه جوادٌ ، وعن يساره جَوَادٌ ، وثَمَّ رجال يدعون من مرّ بهم . فمن أخذ في تلك الجوادِّ انتهت به إلى النار ، ومن أخذ على الصراط انتهى به إلى الجنة** . ثم قـرأ ابـن مسعود : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا ﴾ )) [١٠] .

**واتە : ڕێگای ڕاست چیە ؟ ئەویش فەرمووی : پێغەمبەری خوا ئێمەی ( واتە : هاوەڵانی ) لە سەرەتاکەی داناوە ، و کۆتاییەکەشی لە بەهەشتدایە ( واتە : دەگات بە بەهەشت ) ، وە بە لای ڕاستیدا ڕێچکەکان هەن ، وە بە لای چەپیشدا هەر ڕێچکەکان هەن ، وە هەر یەکە لەو ڕێچکانە کەسانێکی لە سەرە بانگەشە و بانگەوازی ئەو کەسانە دەکەن کە بە لایاندا تێپەڕ دەبن ، جا هەر کەسێك ئەو ڕێچکانە بگرێتەبەر ئەوا دەیگەیەنن بە ئاگر ( واتە : بە دۆزەخ ) ، وە ئەو کەسەش کە ڕێگا ڕاستەکە بگرێتەبەر ئەوا دەگەیەنێت بە بەهەشت ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا ﴾ تاکو کۆتایی ئایەتەکە .**

**لە هەموو ئەوانەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ڕێگای ڕاست یەکە ، و ڕێچکەکانیش زۆرن ، هەروەکو پێشەوا ( الشنقيطي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( وهذه الآية يفهم منها أن طرق الضلال متعددة ؛

---

[٩] ( تفسير الطبري : ج ١٢ / ص٢٣٠ ) .

[١٠] ( تفسير الطبري : ج ١٢ / ص ٢٣٠ ــ ٢٣١ ) .

لجمعه الظلمات ، وأن طريق الحق واحدة ؛ لإفراده النور ، وهذا المعنى المشار إليه هنا بينه تعالى في مواضع أخر كقوله :

﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ )) [١١] .

واته : وه ئهم ئایهته ئهوهی لێتێدهگهین که ڕێچکهکانی گومڕایی زۆرن ، چونکه خوای پهروهردگار تاریکیهکانی ( الظُّلُمَات ) به کۆ هێناوهتهوه ، وه ڕێگای ڕهوایی یهکه ، چونکه خوای پهروهردگار ( النُّور ) ی به تاك هێناوه ، وه ههر ئهم واتایهی که لێرهدا ئاماژهمان پێکرد خوای پهروهردگار له زۆر شوێنی تری قورئاندا ئاشکرای کردووه ، لهوانهش ووتهی خوای پهروهردگا که فهرموویهتی : ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ .

وه ئهو کهسهش که بیهوێت تهواوی شوێنکهوتنی ههبێت بۆ ڕێگای ڕاست دهبێت ئهم دوو خاڵهی تێدا بێت ، ههروهکو شێخی پایهبهرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) . به ڕهحمهت بێت . فهرموویهتی : (( وجماع ذلك بحفظ أصلين :

**أحدهما :** تحقيق ما جاء به الرسول ﷺ ، فلا يخلط بما ليس منه من المنقولات الضعيفة ، والتفسيرات الباطلة ، بل يعطي حقه من معرفة نقله ، ودلالته .

**والثاني :** ألا يعارض ذلك بالشبهات لا رأياً ولا رواية ... ، فلا يكتم الحق الذي جاء به الرسول ﷺ ، ولا يلبس بغيره من الباطل ، ولا يعارض بغيره )) [١٢] .

واته : وه کۆکهرهوهی ههموو ئهوهش دوو بنهوایه :

**یهکهمیان :** جێبهجێ کردنی ئهوهی که پێغهمبهرهکه پێی هاتووه ﷺ ، بهوهی که تێکهڵ نهکرێت له گهڵ ئهوهی که لهو نیه له گێڕدراوه ( ضعيف ) هکان ، و ڕاڤه نادروستهکان ، بهڵکو حهقی خۆی بدرێتێ له زانینی گێڕانهوهی ، و اتاو دیلالهتهوه .

---

[١١] ( أضواء البيان في تفسير القرآن بالقرآن : ج ١ / ص ١٨٦ ) .

[١٢] ( مجموع فتاوى ابن تيمية ( التفسير ) : ج ٣ / ص ٣٤٣) .

**دووەمیشیان : بە گومان و شوبهەكان دژایەتی نەكرێت ، نە بە بۆچوون و نەش بە ڕیوایەتێك ... ، وە ناشبێت ئەو ڕاستی و ڕەواییە بشارێتەوە كە پێغەمبەرەكە ﷺ پێی هاتووە ، و تێكەڵی نەكرێت لە گەڵ ناڕەواییدا ، و بەرهەڵستی نەكات بە جگە لە خۆی .**

**وە پێویستە موسڵمانان بزانن كە فاكتەری زۆرینەی پەرتەوازەیی و جیاوازیەكان لە نێو موسڵمانانداو هۆكاری هاتنەكایەیان هەوا و ئارەزووەكانە ، هەروەكو شێخی پایەبەرزی ئیسلام** ( ابن تيمية ) **ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :** (( واعلم أن أكثر الاختلاف بين الأمة ــ الذي يورث الأهواء ــ تجده من هذا الضرب )) [١٣] .

**دەرئەنجام بۆمان ئاشكرا دەبێت كە پەرتەوازەیی و پارچەپارچەگەرێتی و حزبایەتی كارێكی نادروستە و نابێت موسڵمانان ئەنجامی بدەن و توخنی بكەونەوە ، چونكە لەوكارەیاندا شوێنكەوتەی شەیتان دەبن ، و ڕێچكەكان دەگرنە بەر ، و لە ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی لایان دەدات ، وەسێتی خوای پەروەردگار دەشكێنن ، ئاكامیشیان دۆزەخ دەبێت نەك بەهەشت .**

**ئایەتی دووەم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ( عمران : ١٠٣ ) .

**واتە : ئەی موسڵمانان هەمووتان دەست بگرن بە ئایین و بەرنامەكەی خوای پەروەردگارەوە ، و با جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی لە نێوانتان نەبێت ، و تەفریقە مەكەن .**

**پێشەوا** ( القرطبي ) **. بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی :** (( **<u>فإن الله تعالى يأمر بالألفة ، وينهى عن الفرقة ، فإن الفرقة هلكة ، والجماعة نجاة</u>** )) [١٤] .

**واتە : خوای پەروەردگار فەرمان بە هاودەنگی دەكات ، و یاساغی لە تەفریقە ، و پەرتەوازەیی دەكات ، چونكە تەفریقە و پەرتەوازەیی لەناوچوونە ، و كۆمەڵ بوون و هۆگریش رزگاریە .**

**وە پێشەوا** ( ابن كثير ) **. بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( وقوله : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلا تَفَرَّقُوا ﴾ ، **قيل : ﴿ بِحَبْلِ اللّهِ ﴾ أي : بعهد الله ، ... ، وقيل : ﴿ بِحَبْلٍ مِنَ اللَّهِ ﴾ يعني : القرآن ، كما في حديث الحارث الأعور**

---

[١٣] ( اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم : ج ١ / ص ٣٥ ) .

[١٤] ( تفسير القرطبي : ج ٤ / ص ١٥٩ ) .

، عن عليّ مرفوعا في صفة القرآن : " هُـوَ حَبْلُ اللهِ الْمتِينُ ، وَصِرَاطُهُ الْمُسْتَقِيمُ " ... وقولــه : ﴿ وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ **أمَـرَهُم بالجماعة ونهاهم عن التفرقة ، وقد وردت الأحاديثُ المتعددة بالنهي عن التفرق والأمر بالاجتماع والائتلاف** كما في صحيح مسلم من حديث سُهَيل بن أبي صالح ، عن أبيه ، عن أبي هريرة ؛ أن رسول الله ﷺ قال : " إنَّ اللهَ يَرْضَـى لَكُمْ ثَلاثًا ، وَيَسْخَطُ لَكُمْ ثَلاثًا ، يَرْضى لَكُمْ : أنْ تَعْبُدُوهُ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَـيْئًا ، **وأنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعًـا وَلا تَفَرَّقُوا** ، وأنْ تُنَاصِحُوا مَنْ وَلاهُ اللهُ أمْرَكُمْ ؛ وَيَسْخَطُ لَكُمْ ثَلاثًا : قيلَ وَقَالَ ، وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ ، وإضَـاعَةَ الْمَـالِ " ( صحيح مسلم ، برقم : ١٧١٥ ) ) ) [١٥] .

**واتـه : ووتـەی خـوای پـەروەردگار کـە فەرموویـەتی : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ، ووتـراوە کـە واتـای : ﴿ بِحَبْلِ اللَّهِ ﴾ بریتیـە لـە پـەیمانی خـوای پـەروەردگار ، ... ، وە ووتـراوە : ﴿ بِحَبْلِ اللَّهِ ﴾ واتـە : قـورئانی پیرۆز ، هەروەکو لـە فـەرمـوودەی ( الحـارث الأعور ) دا هـاتووە ، لە ( علي ) یـەوە بـە ( مرفوع ) ی لە وەسفی قورئانی پیرۆزدا کە : پەتی پتەوی خوای پـەروەردگارە ، و ڕاستە ڕێگاکەیـەتی ، ... ، وە واتـای : ﴿ وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ش بریتیـە لـەوەی کـە خـوای پـەروەردگار فـەرمانی بـە موسـڵمانان کـردووە بـە یـەك کۆمـەڵ بـوون ، و یاساغیشی لێکردوون لـە تەفریقـە ، وە فەرموودەیـەکی زۆریـش هـاتوون سـەبارەت بـە یاسـاغی کـردن لـە تەفریقـە و پەرتـەوازەیی ، وە فـەرمان کـردن بـە یـەك کۆمـەڵ بـوون ، و هـاوکۆك بـوون ، هەروەکو لە ( صحيح مسلم ) دا ، و لە فەرموودەی ( سُهَيل ) کوڕی ( أبو صالح ) لە باوکیەوە ئەویش لە ( أبو هريرة ) ەوە ﷺ ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : خوای پەروەردگار ڕازیە بە سێ شت بۆ ئێوە ، وە بە سێ شتتان ڕازی نیە ، ڕازیە بەوەتان کە : بیپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نـەدەن ، وە بـەوەی کە هـەمووتان دەست بگرن بە پـەتی خـوای پـەروەردگار ، و پەرتـەوازە نـەبن ، وە ئامۆژگاری ئەو کەسـە بکەن کە دەبێت بە کاربەدەستان ، وە بە سێ شتان ڕازی نیە : بە ووتی ووتـی ، و زۆر پرسیارکردن ، وە بە فیڕۆدانی ماڵ و سامان .**

**کەواتـە تەفریقـە و حزبایـەتی شـکاندنی پـەیمانی خـوای پـەروەردگارە ، نـەك گوێڕایـەڵی خـوای پەروەردگار و چاکەکاری ، پێشەوا ( الطبري ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویـەتی :** (( قال أبو جعفر : يعني جل

---

[١٥] ( تفسير ابن كثير : ج ٢ / ص ٨٩ ) .

ثناؤه بقوله : ﴿ وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ، **ولا تتفرقوا عن دين الله ، وعهده الذي عهد إليكم في كتابه ، من الائتلاف والاجتماع على طاعته وطاعة رسوله ﷺ ، والانتهاء إلى أمره** )) [١٦] .

**واته : مەبەستی خوای پەروەردگار لەوە کە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ بریتیە لەوەی کە : تەفریقە و پەرتەوازەیی مەکەن لە ئایینی خوای پەروەردگار ، وە لەو پەیمانەی کە لە کتێبەکەیدا بۆی باسکردوون ، لە هاودەنگی و کۆبوونەوە لە سەر گوێڕایەڵی و تاعەتی خوای پەروەردگار و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی .**

**ئایەتی سێیەم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ ( الأنفال : ٤٦ ) .

**واته : گوێڕایەڵی و تاعەتی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن ، وە نەکەن دووبەرەکی و دژایەتی یەکتر و تەفریقە بکەن ، ئەگەر وابکەن لاواز و ترسنۆك دەبن ، شەوکەت و توانا و دەسەڵات و سەرکەوتنتان لە دەست دەدەن ، ئارامیش بگرن ، و دڵنیابن کە خوای پەروەردگار لە گەڵ ئارامگرانە .**

**پێشەوا** ( أبو جعفر الطبري ) **. بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی :** (( قال أبو جعفر : يقول تعالى ذكره للمؤمنين به : أطيعوا ، أيها المؤمنون ، ربَّكم ورسوله فيما أمركم به ونهاكم عنه ، ولا تخالفوهما في شيء : ﴿ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ ﴾ ، يقول : ولا تختلفوا فتفرقوا وتختلف قلوبكم ﴿ فَتَفْشَلُواْ ﴾ ، يقول : فتضعفوا وتجبنوا ، ﴿ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ )) [١٧] .

**واته : خوای پەروەردگار بەوانەی کە بڕوایان پێهێناوە دەفەرمووێت : ئەی بڕواداران گوێڕایەڵی پەروەردگار و پێغەمبەرەکەتان بکەن ، لەوەی کە فەرمانی پێکردوون ، و یاساغی لێکردوون ، و پێچەوانەشیان مەبنەوە لە هیچ شتێکدا ، وە** ﴿ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ ﴾ **دەفەرمووێت : جیاوازیش مەبن چونکە**

---

[١٦] ( تفسير الطبري : ج ٧ / ص ٧٤ ) .

[١٧] ( تفسير الطبري : ج ١٣ / ص ٥٧٥ ) **وە بڕوانە :** ( تفسير البغوي : ج ٣ / ص ٣٦٤ ) .

تەفریقـە و پەرتـەواز دەبـن ، و دڵـەكانتان جیـاوازی دەكەوێتـە نێوانیانـەوە ، بـەوەش ﴿ فَتَفۡشَلُواْ ﴾ دەفەرمووێت : لاواز و ترسنۆك دەبن ، ئەو كاتەش ﴿ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ ﴾ .

وە پێشەوا ( السعدي ) . بە ڕەحمەت بێت . دووبەرەكی و دژایەتی یەكتر كردن بە هۆكاری تەفریقە و لاوازی و ترسنۆكی و نەمانی شەوكەت و توانا و دەسەڵات و سەركەوتن دادەنێت ، هەروەكو فەرموویەتی : (( ﴿ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴾ في استعمال ما أمرا به ، والمشي خلف ذلك في جميع الأحوال . ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا ﴾ تنازعا يوجب تشتت القلوب وتفرقها ، ﴿ فَتَفْشَلُوا ﴾ أي : تجبنوا ﴿ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ أي : تنحل عزائمكم ، وتفرق قوتكم ، ويرفع ما وعدتم به من النصر على طاعة الله ورسوله ))[18] .

واتە : ﴿ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴾ گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ بكەن لە بەكارهێنانی ئەوەی كە فەرمانیان پێكردووە ، وە لە بەدواچوونی لە هەموو بوارەكانتاندا ، ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا ﴾ وە نەكەن دووبەرەكی بكەن ، چونكە دووبەرەكی دڵەكان پەرتەوازە دەكات ، تەفریقەیان تێدا دەناتەوە ، بەوەش ﴿ فَتَفْشَلُوا ﴾ واتە : ترسنۆك دەبن ، و ﴿ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ ، واتە : عەزیمەت و تواناكانتان لە ناودەچێت ، و پەرتەوازە دەبێت ، ئەوەشتان لە دەست دەچێت لە سەركەوتن كە خوای پەروەردگار پەیمانی پێداون ، ئەگەر گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەركەی بن ﷺ .

وە سەبارەت بە هۆكاری سەركەوتن دەفەرمووێت : (( <u>فأخبر أن ائتلاف قلوب المؤمنين ، وثباتهم ، وعدم تنازعهم سبب للنصر على الأعداء ، وأنت إذا استقرأت الدول الإسلامية وجدت السبب الأعظم في زوال ملكها ترك الدين والتفرق الذي أطمع فيهم الأعداء وجعل بأسهم بينهم</u> ))[19] .

واتە : هەواڵی ئەوەی پێداوین كە هاوپێكەوەیی دڵی باوەڕداران ، و دامەزرانیان ، و دژایەتی نەكردنیان بۆ یەكتر هۆكاری سەركەوتنیانە بە سەر دوژمنانیان ، وە ئەگەر بڕوانیتە مێژوی هەموو وڵاتە ئیسلامیەكان ، دەبینیت هۆكاری سەرەكی لەناوچوون و نەمانی دەسەڵاتیان وازهێنانە لە ئایین ، لە گەڵ

---

[18] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٣٢٢ ) .

[19] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ١٢٦ ) .

تەفریقـە و دوبـەرەکی نێوانیـان ، ئـەوەی کـە دژایـەتی خـستۆتە نێوانیـان و بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە دوژمنانیان تەماحیان تێ بکەن .

کەچی . بە داخەوە . هەندێك لە موسڵمانان . ئەوانەی کە لافی هێنانەوەی دەوڵـەتی ئیسلام لێدەدەن . لە ڕۆژگاری ئەم ڕۆیاندا پەرتوازەیی بە هۆکاری گەڕانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی دەزانن !!! و وادەزانن کە بە پـەرتوازەیی و تەفریقـە بوون بـۆ چەندەها حزب و گروپێکـی جیاواز و دژیـەك سـەرکەوتن بـە دەست دەهێنن !!! بۆیـە دەبینیت پەرتـەوازە بوون دەرئـەنجامیش بێ دەسـەڵات و لاواز و ترسنۆك و ژێردەستە بوون ، و دوژمنەکانیان بەسەریاندا زاڵ بوون .

**ئایەتی چوارەم : خوای پەروەردگار فەرمـوویەتـی :** ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾ ( الشورى : ١٣ ) .

واتە : ئەوی لە شەرعدا فرمانتان پێکراوە هەر ئەوەیە کە فرمانی بە ( نـوح ) پێکردووە و ئەوش کە بۆ تۆمان نـاردووە ، لـە ڕێگەی سروشەوە ، وە ئـەوەش کـە فـرمانمان پێکردووە بـە پێغەمبەران : ( إبـراهیم ) و ( موسی ) و ( عیسی ) ، کە ئایینەکەتان پیادەبکەن و تەفریقەی تێدا نەنەوە .

وە پێشەوا ( الطبري ) یش . بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتـەدا فەرمـوویـەتی : (( عن ابن عباس : ... وقوله : ﴿أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾ ( الشورى : ١٣ ) ، **ونحـو هـذا في القـرآن ، قـال : أمر الله المؤمنين بالجماعة ، ونهاهم عن الاختلاف والفرقة ، وأخبرهم أنه إنما هلك من كان قبلهم بـالمِراء والخصومات في ديـن الله** )) [٢٠] ، واتـە : لـە ( عبدالله ) ی کوڕی ( عبـاس ) ەوە . ڕەزای خوا لـە خۆی و باوکی بێت . ئەم ئایەتـە و هاوشێوەکانی سـەبارەت بـە قورئانـە ، کـە خـوای پـەروەردگار فرمانیـان پێدەکات بـە دەسـت گـرتن بـە کۆمـەڵی گـەورەی موسـڵمانانەوە ، و یاسـاغیش دەکـات لـە جیـاوازی و تـەفریقـە ، وە هـەواڵی ئەوەشـی پێداون کـە ئوممـەتانی پـێش ئێوە بـە جیـاوازی و دووبـەرەکێیان لـە ئایینەکـەی خـوای پـەروەردگار لـە ناوچوون .

---

[٢٠] ( تفسیر الطبري : ج ١١ / ص ٤٣٨ ) .

وه فەرموویەتی : (( عن السديّ ، في قوله : ﴿ أَنۡ أَقِيمُوا الدِّينَ ﴾ قـال : اعملوا به . وقولـه : ﴿ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ يقول : **ولا تختلفوا في الدين الذي أمرتم بالقيام به ، كما اختلف الأحزاب من قبلكم .** [ و ] **عن قتـادة ، قولـه :** ﴿ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ **تعلموا أن الفرقة هلكة ، وأن الجماعـة ثقة** )) [٢١] ، واتـه : لـه ( السديّ ) ەوە سەبارەت بە ووتەی خوای پەروەردگار ﴿ أَنۡ أَقِيمُوا الدِّينَ ﴾ فەرموویەتی : واتە کردەوەی پێ بکەن ، وە ﴿ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ فەرموویەتی : جیاواز مەبن لەو ئایینەی کە فرمانم پێکردوون کە کردەوەی پێ بکەن ، هەروەکو چۆن حیزبەکانی پێش ئێوە جیاوزیان کردووە ، وە لـە ( قتادة ) وە سەبارەت بە ﴿ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ فەرموویەتی : بزانن کە تەفریقە و پەرتەوازەیی لەناوچوونە ، و پەیوەست بوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە متمانەیە .

ئاشکرایشە کە ئەم فرمانە . بە دوورکەوتنەوە لە تەفریقە و دووبەرکێ و حزبایەتی ، و پەرتەوازەیی . فرمانە بۆ پیغەمبەران . عليهم السلام . پێش ئوممەتەکانیان ، ئەوەتا ڕاڤەوانانی قورئانی پیرۆز لە ڕاڤەی ﴿ أَنۡ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ دا فەرموویانە : (( ﴿ أَنۡ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ أي : **وصى الله سبحانه وتعالى جميع الأنبياء** . عليهم السلام . **بالائتلاف والجماعة ، ونهاهم عن الافتراق والاختلاف** )) [٢٢] ، واتە : خوای پەروەردگار وەسێتی بە هەموو پێغەمبەران کردووە . عليهم السلام . بە هاودەنگی و کۆمەڵ بوون ، وە یاساغیشی لێکردوون لە تەفریقە و جیاوازی .

یان فەرموویانە : (( وهـو قـوله : ﴿ أَنۡ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ **بعث الله الأنبياء كلهم بإقامة الدين ، والألفة ، والجماعة ، وترك الفرقة ، والمخالفة** )) [٢٣] ، واتە : خوای پەروەردگار پێغەمبەرانی ناردووە بۆ پیادەکردنی ئایین و کردەوە پێکردنی ، و هۆگری و کۆمەڵ بوون ، و دوورکەوتنەوە و وازهێنان لە تەفریقە و جیاوازی .

---

[٢١] ( تفسير الطبري : ج ٢١ / ص ٥١٣ ) .

[٢٣] ( تفسير ابن كثير : ج ٧ / ص ١٩٥ ) .

[٢٣] ( تفسير البغوي : ج ٧ / ص ١٨٧ ) .

وە زانا و پیشەوای پایەبەرزی ئیسلامیش ( ابن تيمية ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەمان ووتەی دووپات کردووەتەوە ، کە فەرموویەتی : (( **وأمر الله الرسل أن تكون ملتهم ودينهم واحداً ، لا يتفرقون فيه** ، كما في الصحيحين عن النبي ﷺ أنه قال : ( إنا معشر الأنبياء ديننا واحد ) )) [٢٤] ، واتە : خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە بە پێغەمبەران ـ عليهم السلام ـ بەوەی کە یەك میلەت بن و ئایینمان یەك بێت ، و تەفریقە و پەرتەوازەیی نەنێنەوە تێیدا ، هەروەکو لە هەردوو ( صحيح ) ی ( البخاري و مسلم ) دا هاتووە لە پێغەمبەرەوە کە فەرموویەتی : ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران ئایینەکەمان یەکە .

بەڵام خۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت فرمانەکە تایبەت بێت بە پێغەمبەران ـ عليهم السلام ـ ، هەروەکو پێشەوا ( ابن كثير ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( والظاهر أن الآية عامة في كل من فارق دين الله وكان مخالفًا لـه ، فإن الله بعث رسوله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ، وشرعه واحد لا اختلاف فيه ولا افتراق ، فمن اختلف فيه ﴿ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ أي : فرقًا كأهل الملل والنحل ـ وهي الأهواء والضلالات ـ فالله قد بَرَّأ رسوله مما هم فيه ... فهذا هو الصراط المستقيم ، وهو ما جاءت به الرسل ، من عبادة الله وحده لا شريك له ، والتمسك بشريعة الرسول المتأخر ، وما خالف ذلك فضلالات وجهالات وآراء وأهواء ، الرسل بُرآء منها ، كما قال : ﴿ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ )) [٢٥] .

واتە : ئەوەش ڕوون و دیارە کە ئەم ئایەتە گشتیە و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئایین جودا بوبێتەوە و پێچەوانەی بونەتەوە ، چونکە خوای پەروەردگار بە هیدایەت ، و ئایینی ڕەوایی پێغەمبەرەکەی ناردووە بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئایینەکاندا سەری بخات ، و شەرعەکەیشی یەکە و جیاوازی و تەفریقەی تێدا نیە ، وە هەر کەسانێك جیاوازی تێدا بکەن ، و ﴿ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ ، ببن بە چەند کۆمەڵێکی جیا لە یەك ، وەکو ( الملل والنحل ) ەکان ـ کە بریتین لە ئارەزوو پەرستان و گومڕاکان ـ ئەوانە خوای پەروەردگار پێغەمبەرکەی لێ بەری کردوون ... ئەمەش ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلامە ، و هەر ئەمەشە کە پێغەمبەران پێی هاتوون ، لە پەرستنی خوای پەروەردگار بە تاك و تەنهایی ، و دەستگرتن بە

---

[٢٤] ( مجموع فتاوى ابن تيمية ( التفسير ) : ج ٣ / ص ١٠٤ ) .

[٢٥] تفسير ابن كثير : ج ٣ / ص ٣٧٧ ) .

شەریعەتی کۆتا و دوایین پێغەمبەری ، وە پێچەوانە بوونەوەی ئەوە ڕێگایەش گومڕایی و نەزانیینە ، و بۆچوون و ئارەزوو پەرستیە ، پێغەمبەرانیش ـ علیهم السلام ـ لێی بێبەرین ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ ، واتە : تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت .

کەواتە ئەو کارەی کە ئیستا بە ناو ( خزمەتکردنی ئایینەوە !! ) هاتووەتە کایەوە و پیادەدەکرێت . کە ئەویش حزبایەتیە ـ پێچەوانەی فەرمانی خوای پەروەردگارە ، و کارێکی نادرووستە ، لە فروع و ئوصوڵدا ، ئەوەتا پێشەوا ( السعدي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( ﴿ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ ﴾ أي : أمركم أن تقيموا جميع شرائع الدين أصوله وفروعه ، تقيمونه بأنفسكم ، وتجتهدون في إقامته على غيركم ، وتعاونون على البر والتقوى ولا تعاونون على الإثم والعدوان . ﴿ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ أي : ليحصل منكم الاتفاق على أصول الدين وفروعه ، **واحرصوا على أن لا تفرقكم المسائل وتحزبكم أحزابا ، وتكونون شيعا يعادي بعضكم بعضا مع اتفاقكم على أصل دينكم** ))[٢٦] ، ﴿ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ ﴾ واتە : فەرمانی پێکردوون بەوەی کە هەموو دروشمەکانی ئایین پیادە بکەن ، فروعەکانی بێت یان ئوصڵەکانی ، لە خۆتاندا پیادەی بکەن ، و هەوڵی ئەوەش بدەن کە لە سەر جگە لەخۆشتان پیادەی بکەن ، وە هاریکاری یەکتر بکەن لە سەر چاکە و لە خواترسان ، و نەکەن هاریکاری یەکتر بکەن لە سەر تاوان و ستەمکاری ، ﴿ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ واتە : بۆ ئەوەی کە هاودەنگ و هاوپێك بن لە ئوصوڵ و فروعی ئاییندا ، وە لە خەمی ئەوەشدا بن کە بابەتەکان نەبنە هۆی تەفریقەتان و بتانکەن بە چەند حزبێکەوە ، بەوەش ببن بە چەند کۆمەڵێکەوە هەندێکتان دژایەتی هەندێکی ترتان بکەن ، سەرەڕای هاودەنگیتان لە سەر بنەوای ئایینەکەتان .

بۆیە موسڵمان دەبێت بەئاگابێت لێی ـ واتە لە تەفریقە و حزبایەتی ـ و توخنی نەکەوێت ، پێشەوا ( السعدي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( **لما أمر تعالى باجتماع المسلمين على دينهم ، ونهاهم عن التفرق ، أخبرهم أنكم لا تغتروا بما أنزل الله عليكم من الكتاب ، فإن أهل الكتاب لم يتفرقوا حتى أنزل الله عليهم الكتاب الموجب للاجتماع ، ففعلوا ضد ما يأمر به كتابهم ، وذلك كله بغيا وعدوانا منهم ، فإنهم تباغضوا وتحاسدوا ،**

---

[٢٦] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٧٥٤ ) .

**وحصلت بينهم المشاحنة والعداوة ، فوقع الاختلاف ، فاحذروا أيها المسلمون أن تكونوا مثلهم ))** [٢٧] ، واتە : کە خوای پەروەردگار فەرمانی بە موسڵمانان کرد بەوەی کۆببنەوە لە سەر ئایینەکەیان ، و یاساغیشی لێکردن لە تەفریقە و پەرتەوازەیی ، وە هەواڵی پێدان و فەرموون : بەوە مەخەڵەتێن کە خوای پەروەردگار کتێبی بەسەردا دابەزاندوون ، چونکە ئوممەتانی خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان پەرتەوازەیی و تەفریقەیان نەکرد تاکو ئەو کاتەی کە خوای پەروەردگار کتێبی بە سەردا دابەزاندن ، کە تێیدا ئەوەی لە سەر پێویست دەکرد کە کۆمەڵ بن ، کەچی ئەوان پێچەوانەی ئەوەیان ئەنجام دا کە کتێبەکەیان فەرمانی پێکردبوون ، هەموو ئەوەش بە زیادڕەویکرن و ستەم کردن لەوانەوە ، بۆیە دەبینیت ڕقیان لە یەکتر بووەوە ، و نەچەر ( حەسادەت ) یان بەیەك دەبرد ، وە دووبەرەکێ و دژیاتی کەوتە نێوانیانەوە ، بۆیە جیاوازبوون ، جا موسڵمانان بەئاگا بن لەوەی کە وەکو ئەوان بن .

## سێیەم : تەفریقە و حزبایەتی شوێنکەوتنی سەلەفی صالحی ئەم ئوممەتە نیە و پێغەمبەری خوا ﷺ لێی بەریە :

**ئایەتی یەکەم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ ( النساء : ١١٥ ) .

**واتە : هەر کەسێك خۆی لە پێغەمبەری خوا ﷺ جیا بکاتەوە لە پاش ئەوەی هیدایەت و ئەحکامەکانی بۆ ڕوون بووبێتەوە و پێچەوانە بێتەوە ، و بەرهەڵستی بکات ، و شوێنی ڕێگا و بەرنامە و پەیڕەوی جگە لە باوەڕداران بکەوێت ، ئەوا ئێمە لە دونیادا ڕووی وەردەگێڕین ( گومڕای دەکەین ) بۆ لای ئەوەی کە ئەو ڕووی لێکردووە و لە قیامەتیشدا دەیخەینە ناو دۆزەخەوە کە دۆزەخ یان ئەو ڕوو وەرگێڕانە خراپترین سەرەنجامە بۆیان .**

**پێشەوا** ( الألوسي ) . **بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی :** (( ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ ﴾ **أي يخالفه ، من الشق ، فإن كلاً من المتخالفين في شق غير شق الآخر** ، ... ، والآية نزلت كما قدمناه في سارق الدرع أو

---

[٢٧] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٧٥٥ ) .

مودعها ، وقيل : في قوم طعمة لما ارتدوا بعد أن أسلموا ، وأيًّا ما كان فالعبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب ، فيندرج فيه ذلك وغيره من المشاقين .

﴿ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الهدى ﴾ أي ظهر له الحق فيما حكم به النبي ﷺ ، أو فيما يدعيه ـ عليه الصلاة والسلام ـ بالوقوف على المعجزات الدالة على نبوته ﴿ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ المؤمنين ﴾ أي غير ما هم مستمرون عليه من عقد وعمل فيعم الأصول والفروع والكل والبعض ﴿ نُوَلِّهِ مَا تولى ﴾ أي نجعله والياً لما تولاه من الضلال ويؤول إلى أنا نضله ، ... ﴿ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ﴾ أي ندخله إياها ... ﴿ وَسَاءتْ مَصِيراً ﴾ أي جهنم أو التولية )) [٢٨] .

واته : پێچەوانەی بێتەوە ، لە بنەوای ( الشق ) ەوە وەرگیراوە کە بە مانای لا دێت ، چونکە هەریەك لە پێچەوانەبووەکان لە لایەکن کە لاکەی ئەوەی تر نیە ، ... ، وە ئایەتەکەش دابەزیوە هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد لە سەر دزەری درعێکە ، یان ئەو کەسەی کە بە ئەمانەت داینابوو ، وە ووتراوە سەبارەت بە خێڵی ( طعمـــة ) یە کە دوای موسڵمان بوونیان پاشگەزبوونەوە ، بەڵام هەرکامەیەکیان بێت پەند لە گشتێتی گۆکەیەتی نەك لە تایبەتی هۆکارەکەی ، بۆیە ئەوانە و جگە لەوانیش لە پێچەوانە بووەکان دەڕۆنە ژێر حوکمەکەیەوە ، و دەیانگرێتەوە .

وە واتای ﴿ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الهدى ﴾ ئەوەیە : کە ڕەوایی بۆ ئاشکرا بوو لەوانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ حوکمی داوە لە سەریان ، یان ئەوەی کە داواکاری دەکات بەو موعجیزانەی کە بەڵگەن لە پێغەمبەرایەتی خۆی ﷺ ، و ﴿ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ المؤمنين ﴾ واتــە : جگە لــەوەی کە ئەوان بەردەوامن لە سەری لــە بیروبــاوەڕ و کــردەوە ، بــۆیە هــەموو ئوصـوڵ و فــروع دەگرێتـەوە ، هــەموو و بەشـەکانیش ، ﴿ نُوَلِّهِ مَا تولى ﴾ ، واتـە : دەیکـەین بـە پشتگیریکاری ئـەوەی کـە شـوێنی کـەوتووە لـە گـومڕایی ، ئاکامەکـەیشی دەگاتـە ئـەوەی کـە گومڕای دەکەین ، ... ﴿ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ﴾ ، واتـە : دەیخەینـە دۆزەخـەوە ... ﴿ وَسَاءتْ مَصِيراً ﴾ واتـە : دۆزەخەکە ، یان ئەوەی کە شوێنی کەوتووە خراپترین ئاکامە .

---

[٢٨] ( تفسير الألوسي : ج ٤ / ص ٢٣٠ ) **وە بڕوانە** : ( تفسير البغوي : ج ٢ / ص ٢٨٧ ) .

**وه له ووتهيهكى تريدا سهبارهت به باسى** ﴿ غَيْرَ سَبِيلِ المؤمنين ﴾ **دا فهرموويهتى** : (( ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرسول ﴾ **أي يخالف ما جاء به النبي** ﷺ ، أو العقل ــ المسمى عندهم بالرسول النفسي ــ ﴿ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ المؤمنين ﴾ **أي غير ما عليه أصحاب النبي** ﷺ ، ومن اقتفى أثرهم من الأخيار أو القوى الروحانية ﴿ نُوَلِّهِ مَا تولى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ﴾ الحرمان ﴿ وَسَاءَتْ مَصِيراً ﴾ ( النساء : ١١٥ ) )) [٢٩] ، **واته : پێچهوانهى ئهوه بێت كه پێغهمبهرى خوا ﷺ پێى هاتووه ، يان عهقڵ . كه له لايان به پهيامبهرى دهروونى ناوزهد كراوه .** ، **و** ﴿ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ المؤمنين ﴾ ، **واته : جگه لهو ڕێگيه بگرێته بهر كه هاوهڵانى پێغهمبهرى ﷺ له سهر بووه ، و ئهوانهش كه شوێنكهوتهى ئهوانن ، له چاكهكاران و هێزه دهروونيهكان** ﴿ نُوَلِّهِ مَا تولى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ﴾ **و بيبهش ، و مهحرومى دهكهين ، و** ﴿ وَسَاءَتْ مَصِيراً ﴾ .

**ئايهتى دووهم : خواى پهروهردگار فهرموويهتى :** ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) .

**واته : ئهوانهى كه ئايينهكهيان پارچه پارچه كردوو و بوون به حزب و گروپى جياوازهوه تۆ له هيچ شتێكدا لهوان نيت ئهى پێغهمبهر ﷺ ، وه بهريت لێيان .**

( أبو حيان ) **له ڕاڤهى ئهم ئايهتهدا فهرموويهتى** : (( لما ذكر تعالى أن صراطه مستقيم ، ونهى عن اتباع السُّبُل ، وذكر موسى ـ عليه السلام ـ وما أنزل عليه ، وذكر القرآن ، وأمر باتباعه ، وذكر ما ينتظر الكفار مما هو كائن بهم ، انتقل إلى ذكر من اتبع السُّبُل فتفرّقت به عن سبيل الله ؛ **لينبه المؤمنين على الائتلاف على الدين القويم ، ولئلا يختلفوا كما اختلف من قبلهم من الأمم** بعد أن كانوا متفقين على الشرائع التي بعث أنبياؤهم بها ، ... ، وافتراق هذه الأمة إلى ثلاث وسبعين فرقة ، كلها في النار إلا من كان على ما عليه الرسول وأصحابه . وقيل : معنى ﴿ فَرَّقُوا دِينَهُمْ ﴾ آمنوا ببعض وكفروا ببعض ، وأضاف الدين إليهم من حيث كان ينبغي أن يلتزموه إذ هو دين الله الذي ألزمه العباد ، فهو دين جميع الناس بهذا الوجه ... وقيل : تركوه وباينوه ، ومن فرق دينه فآمن

---

[٢٩] ( تفسير الألوسي : ج ٤ / ص ٢٥٠ ) .

ببعض وكفر ببعض ، فقد فارق دينه المطلوب منه ... ، ﴿وَكَانُوا شِيَعًا﴾ **أي أحزاباً كل منهم تابع لشخص لا يتعداه** )) [٣٠] .

واته : كاتێك كه خوای پەروەردگار باسی ئەوەی بۆ كردین كه ڕێگاكەی ڕاستە ، و یاساغیشی كرد لە شوێنكەوتنی ڕێچكەكان ، و باسی پێغەمبەر موسای كرد و ئەوەش كە بۆی دابەزێنراوە ، و باسی قورئانیشی كردووە و فەرمانیشی كرد بە شوێنكەوتنی ، وە باسی ئەوەشی كرد كە چاوەڕێی بێباوەڕان دەكەن و تووشیان دەبێت ، هاتە سەر باسی ئەوانەی كە شوێنی ڕێچكەكان كەوتوون ، و بوونەتە هۆی پەرتەوازەیی و تەفریقە لە ڕێگای خوای پەروەردگار ، ئەوەش بۆ ئەوەی باوەڕداران ئاگادار بكاتەوە بۆ هاوكاری كردن لە ئایینەكەیان ، وە بۆ ئەوەی كە جیاوازی نەكەن وەكو چۆن ئوممەتانی پێشخۆیان جیاوازبوون لە ناو خۆیاندا ، دوای ئەوەی كە هاودەنگ و هاوپێك بوون لە سەر ئەو شەریعەتانەی كە پێغەمبەرانیانی پێدا نێردرابوو ، وە ئەم ئوممەتەش بوو بە حەفتا و سێ كۆمەڵ و فیرقەوە ، هەمووی لە ئاگردان جگە لە ئەوانە نەبن كە لە سەر ئەوەن كە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لە سەری بوون ، وە ووتراوە واتای ﴿فَرَّقُوا دِينَهُمْ﴾ ئەوەیە كە باوەڕیان هێناوە بە بڕێكی و بێباوەر بوون بە بڕەكەی تری ، وە خوای پەروەردگار لێرەدا ئایینی داوەتە پاڵیان ، لەو ڕووەوەیە كە پێویست بوو لە سەریان پابەند پێوەی بن ، چونكە ئایینی خوای پەروەردگارە پێویستی كردووە لە سەریان كە پابەند بن پێوەی ، ئا لەم ڕووەوە ئایینی هەموو خەڵكە ، وە ووتراوە : وازیان لێهێناوە و جیابوونەتەوە لێی ، جا ئەو كەسەی كە جیابێتەوە لە ئایینەكەی ، بەوەی كە باوەڕی بە هەندێكی هەبێت ، و بێباوەڕیش بێ بە هەندەكەی تری ، ئا ئەوە كەسێكە دوور كەوتووەتەوە لەو ئایینەی كە لێی داواكراوە ، ... ﴿وَكَانُوا شِيَعًا﴾ واتە : وە بوون بە چەند حزبێكەوە ، كە هەر یەكە لەو حزبانە شوێنكەوتەی كەسێكن و لێی لانادەن !!!

وە پێشەوا ( ابن كثير ) . بە ڕەحمەت بێت . لە تاوتوێ كردنی ئەم ئایەتەدا ، باسی ئەوانەی كە ئەم ئایەتەیان لە سەر دابەزیوە ، یان ئەوانەی كە ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوە فەرموویەتی : (( قال مجاهد ، وقتادة ، والضحاك ، والسُّدِّي : نزلت هذه الآية في اليهود والنصارى . وقال العَوْفي ، عن ابن عباس في قوله : ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا

---

[٣٠] ( تفسير البحر المحيط : ج ٥ / ص ٣٠١ ) .

دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ وذلك أن اليهود والنصارى ، اختلفوا قبل أن يبعث محمد ﷺ ، فتفرقوا . فلما بعث [ الله ] محمدا ﷺ أنزل : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ الآية .

وقال ابن جرير : **<u>والظاهر أن الآية عامة في كل من فارق دين الله وكان مخالفًا له ، فإن الله بعث رسوله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ، وشرعه واحد لا اختلاف فيه ولا افتراق ، فمن اختلف فيه</u>** ﴿ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ **<u>أي : فرقًا كأهل الملل والنحل ـ وهي الأهواء والضلالات ـ فالله قد بَرَّأ رسوله مما هم فيه</u>** ... **<u>فهذا هو الصراط المستقيم ، وهو ما جاءت به الرسل ، من عبادة الله وحده لا شريك له ، والتمسك بشريعة الرسول المتأخر ، وما خالف ذلك فضلالات وجهالات وآراء وأهواء ، الرسل بُرآء منها</u>** ، كما قال : ﴿ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ )) [٣١] .

**واته : ( مجاهد ) ، و ( قتادة ) ، و ( الضحاك ) ، و ( السُّدِّي ) فەموویانە : ئەم ئایەتە لە سەر جولەکە و خاچ پەرستان دەبەزێنراوە ، وە ( العوفي ) یش لە ( ابن عباس ) ەوە ، سەبارەت بە ووتەی خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ **ئەوە سەبارەت بە جولەکە و خاچ پەرستانە ، جیاواز بوون پێش ناردنی پێغەمبەر ﷺ ، و تەفریقە کەوتە نێوانیانەوە ، وە کە خوای پەروەردگار ( محمد ) ی نارد ﷺ ، ئەم ئایەتەی دابەزاند ، کە فەرموویەتی :** ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ **تاکو کۆتایی ئایەتەکە .**

**وە ( ابن جریر ) فەرموویەتی : وە ئاشکرایشە کە ئایەتەکە گشتیە و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە جیابوونەتەوە لە ئایینەکەی خوای پەروەردگار و پێچەوانەی بوونەتەوە ، چونکە خوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی ناردووە بە هیدایەت و ئایینی ڕەوا ، بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئایینەکاندا سەریبخات ، یەك شەریعەتی هەیە و هیچ جیاوازی و پەرتەوازەییەکی تێدا نیە ، جا ئەو کەسەی کە جیاوازی تێدا بناتەوە ، و** ﴿ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ **، واتە : ببن بە چەند فیرقە و پارچەیەکەوە ، وەکو ( أهل الملل والنحل ) کە ئارەزوو پەرستان و گومڕایان دەگرێتەوە ، ئەوانە خوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی بێ بەری کردووە لەوەی کە تیایدان ... ئا ئەمە ڕێگە ڕاستەکەیە ، و هەر ئەوەشە کە پێغەمبەرانی پێهاتووە ، لە پەرستنی خوای پەروەردگار بە تاك و تەنهایی ، بێ هاوەڵ بۆ بڕیاردان ، و دەست گرتن بە شەریعەتی دوایین**

---

[٣١] ( تفسير ابن كثير : ج ٣ / ص ٣٧٦ ــ ٣٧٧) .

پێغەمبەر ﷺ ، و ئەوەش کە پێچەوانەی ئەوە بێت ئەوە گومڕایی ، و نەزانین ، و بۆچوون و گومڕاییە ، و پێغەمبەرانیش لێی بێبەرین ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرمووپەتی : ﴿ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ .

کەواتە جیاوازی و تەفریقە سیفەتی جولەکە و خاچ پەرستانە ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : " من تشبه بقوم فهو منهم " [٣٢] ، واتە : هەر کەسێك خۆی بشوبهێنێت بە هەر گەڵ و ئایینێك ، ئەوا لەوان دەبێت .

وە لە تەفسیرەکەیدا پێشەوا ( أبو جعفـر الطـبري ) ـ بە ڕەحمەت بێت . ئەوە دوپات دەکاتەوە کە گشتێتی ئەم ئایەتە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئاینی ئیسلامدا بوون بە گروپ و حزبی جیاوازەوە ، لە گەڵ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لێیان بێبەریە ، و ئەو کەسە دوور کەوتووەتەوە لە ڕێگای ڕاستی ئیسلام بەو بیدعەیەی کە هێناویەتە ناو ئایینەوە ، و بە بیدعەکار دەژمێردرێت ، هەروەکو فەرموویەتی :

(( **والصواب من القول في ذلك عندي أن يقال : إن الله أخبر نبيه ﷺ أنه بريء ممن فارق دينه الحق وفرقه ، وكانوا فرقًا فيه وأحزابًا شيعًا ، وأنه ليس منهم . ولا هم منه ، لأن دينه الذي بعثه الله به هو الإسلام ، دين إبراهيم الحنيفية** ، كما قال له ربه وأمره أن يقول : ﴿ قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ ( الأنعام : ١٦١ ) .

**فكان من فارق دينه الذي بعث به ﷺ من مشرك ووثنيّ يهودي ونصرانيّ ومتحنّف ، مبتدع قد ابتدع في الدين ما ضلّ به عن الصراط المستقيم والدين القيم ملة إبراهيم المسلم ، فهو بريء من محمد ﷺ ، ومحمد منه بريء** ، وهو داخل في عموم قوله : ﴿ إن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعًا لست منهم في شيء ﴾ [٣٣] .

واتە : وە ووتەی ڕەواش لە ووتەکاندا لە لای من ئەوەیە کە بووترێت : خوای پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕاگەیاندووە کە ئەو بەریە لە هەموو ئەوانەی کە جیابووەتەوە لە ئایینە ڕەواکەی و تەفریقەی تێدا نایەوە ، و وە بوون بە چەند فیرقەیەك تیایدا ، و چەند حزبێکی شوێنکەوتە ، وە ئەوەش کە ئەو لەوان نیە ، و ئەوانیش لەو نین ، چونکە ئایینەکەی کە خوای پەروەردگار پێیدا ناردوویەتی

---

[٣٢] ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع الصغير : حديث رقم : ٦١٤٩ ) .

[٣٣] ( تفسير الطبري : ج ١٢ / ص ٢٧١ ) .

بریتیه له ئایینی ئیسلام ، كه ئایینی ( إبراهیم ) ە . علیه السلام . ، و دووره له هەموو هاوەڵ بڕیاردانێك ، هەروەكو خوای پەروەردگار پێی فەرمووه و فەرمانی پێكردووه كه بفەرمووێت : ﴿ قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ ، وه ئەو كەسەی كه جیا بووەتەوه له ئایینەكەی كه پێیدا نێردراوه ، جا ئەو كەسه هاوەڵ بڕیاردەرێكی بت پەرست بێت ، یان خاچ پەرست ، یان حەنیفی ، ئەوا بیدعەكاره و لە ئاییندا بیدعەیەكی داهێناوه كه لە ڕێگا ڕاستەكه وه له ئایینی تەواو كه میللەی پێغەمبەر ( إبراهیم ) ی موسڵمانه . علیه السلام . لایداوه و گومڕابووه لێی ، وه ئەو كەسەش بەریه له ( محمد ) ﷺ ، و ( محمـــد ) یش ﷺ بەریه لێی ، و ئەو كەسەش دەكەوێته ژێر واتای گشتی ووتەی خوای پەروەردگار كه فەرموویەتی : ﴿ إن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعًا لست منهم في شيء ﴾ .

وه ئەبێت ئەوەش بزانین كه ئەو تەفریقه و حزبایەتیەی كه جولەكه و خاچ پەرستان هەیانبووه لەم ئوممەتەشدا هاتۆته دی ، بۆیه نابێت هیچ كەسێك ئەم ڕاستیه ئینكار بكات ، بڵێت ئەو تەفریقەیەی كه له واقعی ئەمڕۆی موسڵماناندا هەیه ئەوه نیه كه ئایەتەكه مەبەستیەتی !!! بەڵكو ئەوه دیاریدەیەكی بەسوود و چاكه ، نەك به نەخۆشی دابنرێت ، چونكه سەردەم وا دەخوازێت !! ئەوتا پێشەوا ( ابن كثير ) . به ڕەحمەت بێت . لەم بارەیەوه فەرموویەتی : (( **<u>وهذه الأمة أيضًا اختلفوا فيما بينهم على نحل كلها ضلالة إلا واحدة ، وهم أهل السنة والجماعة ، المتمسكون بكتاب الله وسنة رسول الله ﷺ ، وبما كان عليه الصدر الأول من الصحابة والتابعين ، وأئمة المسلمين في قديم الدهر وحديثه</u>** ، كما رواه الحاكم في مستدركه أنه سئل ، ـ عليه السلام ـ عن الفرقة الناجية منهم ، فقال : " ما أنا عليه اليوم وأصحابي " ))[٣٤] ، واته : هەروەها ئەم ئوممەتەش جیاوازبوون له نێوانیاندا بۆ چەنده ڕێچكەیەك كه هەمووی گومڕاییه ، جگه له یەكێكیان نەبێت ، ئەوانیش ئەهلی سوننه و جەماعەن ، كه دەستگرتوون به كتێبەكەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، وه بەوەی كه سەرەتای یەكەمی ئەم ئوممەته له هاوەڵان و شوێنكەوتوان ، و پێشەوای موسڵمانانی له سەر بووه له كۆن و تازەدا ، هەروەكو پێشەوا ( الحاكم ) له ( المستدرك ) دەكەیدا ڕیوایەتی كردووه ، كه پرسیار كرا له پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت به كۆمەڵی

---

[٣٤] ( تفسير ابن كثير : ج ٦ / ص ٣١٧ ) .

ڕزگاربوو لەو کۆمەڵانە ، ئەویش فەرمووی : ئەوانەن کە لەسەر ئەو ڕێگایەن کە من و هاوەڵانمی لەسەرن .

وە پێشەوای ڕاڤەوانی قورئان شێخ ( سعدي ) . بە ڕەحمەت بێت . ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم ئایەتە هەڕەشەیە بۆ ئەو کەسانەی کە تەفریقە پەرتەوازەیی لە ئاییندا دەنێنەوە ، و هەریەکێکیان ناوێکیان بۆ خۆیان داناوە !!! کە ئەوەش کاری بیدعەکارانی ئەم ئوممەتەیە ، هەروەکو فەرموویەتی : (( **يتوعد تعالى الذين فرقوا دينهم ، أي : شتتوه وتفرقوا فيه ، وكلٌّ أخذ لنفسه نصيبا من الأسماء التي لا تفيد الإنسان في دينه شيئا ، كاليهودية والنصرانية والمجوسية . أو لا يكمل بها إيمانه ، بأن يأخذ من الشريعة شيئا ويجعله دينه ، ويدع مثله ، أو ما هو أولى منه ، كما هو حال أهل الفرقة من أهل البدع والضلال والمفرقين للأمة** .

**ودلت الآية الكريمة أن الدين يأمر بالاجتماع والائتلاف ، وينهى عن التفرق والاختلاف في أهل الدين ، وفي سائر مسائله الأصولية والفروعية** .

**وأمره أن يتبرأ ممن فرقوا دينهم** فقال : ﴿ لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ **أي لست منهم وليسوا منك ، لأنهم خالفوك وعاندوك** . ﴿ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ﴾ يردون إليه فيجازيهم بأعمالهم ﴿ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ )) [٣٥] .

واتە : خوای پەروەردگار هەڕشە دەدات لەوانەی کە ئایینەکەیان پارچە پارچە کردووە ، واتە : پەرتەوازەیان کردووە ، وتەفریقەیان تێدا ناوەتەوە ، و هەر یەکەیان بەشێکی لە ناوەکان بۆ خۆی بردووە ، کە هیچ سوودێك بە مرۆڤەکان ناگەیەنن لە ئایینەکەیاندا ، وەکو جولەکەیی ، وخاچ پەرستی ، وئاگر پەرستی ، یان ئەو کارەی باوەڕەکەی پێ تەواو نابێت ، بەوەی کە هەندێك ( بەشێك ) لە شەریعەت بەرێت و بیکات بە ئایینی خۆی ، و وازیش لە هاوشێوەی ئەوە بێنێت ، یان لە ئەو پێشتر ، هەروەکو بار و حاڵی پەرتەوازکارانە لە بیدعەکاران ، و گومڕایان کە پەرتەوازکاری ئوممەتن .

وە ئایەتەکەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئایین فەرمان دەکات بە کۆبوونەوە ، و هاوکۆك بوون لە گەڵ یەکدا ، و یاساغیش دەکات لە تەفریقە و جیاوازی لە ئەهلی ئاییندا ، وە لە هەموو بابەتە بنەڕەتی و فەرعیەکاندا .

---

[٣٥] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٢٨٢ ) .

وە فەرمانیشی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە کە تەبەڕای خۆی بکات لەوانەی کە ئایینەکەیان پەرتەوازە کردووە و فەرموویەتی : ﴿ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ ، واتە : تۆ لەوان نیت و ئەوانیش لە تۆ نین ، چونکە ئەوانە پێچەوانەت بوونەتەوە ، و بەرنگار بوون ﴿ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ﴾ بەوەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار و بەرامبەر بە کردەوەکانیان سزایان دەداتەوە ﴿ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ .

کەواتە موسڵمانی خواناس با ئەوە بووترێت کە زانایان فەرموویانە : (( ﴿ وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً ﴾ أي : إن هذه شريعتكم شريعة واحدة ، ودينكم دين واحد ، وربكم واحد فلا تتفرقوا في الدين )) [٣٦] ، واتە : ئەمە شەریعەتی ئێوەیە تاکە شەریعەتە و ئایینەکەتان یەك ئایینە ، و پەروەردگاریشتان هەر یەکە ، بۆیە تەفریقە لە ئاییندا مەنێنەوە .

## چوارەم : تەفریقە و حزبایەتی سیفەتی جولەکە و خاچ پەرست و هاوەڵ بڕیاردەرانە ، نەك ئوممەتی ئیسلام :

**ئایەتی یەکەم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( الروم : ٣١ ــ ٣٢ ) .

**واتە : موسڵمانان ئێوە وەکو موشریك و هاوبەش بڕیاردەران مەبن ، ئەوانەی کە ئایینەکەیان پارچە پارچە کردووە و بوون بە چەند گروپ و حزبێکەوە ، وە هەریەك لەو حزبانەش دڵخۆشن بەوە کە خۆیانی لەسەرە .**

پێشەوا ( الطبري ) . بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : (( وقوله : ﴿ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ يقول : **<u>ولا تكونوا من المشركين الذين بدّلوا دينهم ، وخالفوه ففارقوه</u>** ﴿ وكانوا شيَعًا ﴾ يقول : **<u>وكانوا أحزابا فرقا كاليهود والنصارى . وبنحو الذي قلنا في ذلك قال أهل التأويل</u>** ... قوله : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ ، **<u>وأن معناه</u>** : ﴿ من الذين فرّقوا دينهم وكانوا شيَعا ﴾ **<u>أحزاباً</u>** ... وقوله : ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ يقول : **<u>كل</u>**

---

[٣٦] ( أضواء البيان في تفسير القرآن بالقرآن : ج ٧ / ص ١٦٠ ) .

**طائفة وفرقة من هؤلاء الذين فارقوا دينهم الحقّ ، فأحدثوا البدع التي أحدثوا** ﴿ بِمَا لَدَيْهِم فَرِحُونَ ﴾ يقـول : **بما هم بـه متمسكون من المذهب ، فرحون مسرورون ، يحسبون أن الصواب معهم دون غيرهم** )) [٣٧] .

واته : خوای پەروەردگار لە ﴿ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ دەفەرمووێت : وەكو هاوەڵ بڕیاردەران مەبن كە ئایینەكەیان گۆڕیەوە ، و پێچەوانە و لێی جیابوونەوە ، وە لە ﴿ وَكَانُوا شِيَعًا ﴾ دەفەرمووێت : وە بوون بە چەندەها حزب و گروپەوە وەكو جولەكەكان و خاچ پەرستان ، وە هەر ئەمەشە ووتەی ڕاڤەوانان ... وە ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ واتاكـەی ئەوەیە كە ﴿ من الذين فرّقوا دينهم وكانوا شيعا ﴾ واتە نەبن بە چەند حزبێكەوە ... وە لە ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ دەفەرمووێت : هەموو تایفە و كۆمەڵێك لەوانە كە جیابوونەتەوە لە ئایینە ڕەواكەیان بوونەتەوە ، و بیدعەیان تێدا هێناوەتە دی ﴿ بِمَا لَدَيْهِم فَرِحُونَ ﴾ دڵخۆش و شادن بەوەی كە دەستیان پێوە گرتووە لە بۆچوونەكان ، و وادەزانن كە ڕەوایی لە گەڵ ئەواندایە جگە لە خەڵكی تر .

وە پێشەوا ( السعدي ) . بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی بۆ ئایەتی باسەكەمان ئەوە ڕادەگەیەنێت كە ئەم ئایەتە ئاگاداركردنەوەی موسڵمانانە لەوەی كە هاوشێوەی ئەوان بن لەوەی كە تەفریقە لە ئاییندا بنەنەوە و دەمارگێڕیان بۆ ئەو كۆمەڵانە هەبێت كە تیایدان ، و پەیوەستن پێیانەوە ، هەروەك فەرموویەتی : (( **وفي هذا تحذير للمسلمين من تشتتهم وتفرقهم فرقا ، كل فريق يتعصب لما معه من حق وباطل ، فيكونون مشابهين بذلك للمشركين في التفرق بل الدين واحد والرسول واحد والإله واحد** .

**وأكثر الأمور الدينية وقع فيها الإجماع بين العلماء والأئمة ، والأخوة الإيمانية قد عقدها الله وربطها أتم ربط ، فما بال ذلك كله يُلْغَى ويُبْنَى التفرق والشقاق بين المسلمين على مسائل خفية أو فروع خلافية يضلل بها بعضهم بعضا ، ويتميز بها بعضهم عن بعض ؟**

فهل هذا إلا من أكبر نزغات الشيطان وأعظم مقاصده التي كاد بها للمسلمين ؟

**وهل السعي في جمع كلمتهم وإزالة ما بينهم من الشقاق المبني على ذلك الأصل الباطل ، إلا من أفضل الجهاد في سبيل الله ، وأفضل الأعمال المقربة إلى الله ؟** )) [٣٨] .

---

[٣٧] ( تفسير الطبري : ج ٢٠ / ص ١٠٠ ــ ١٠١ ) .

[٣٨] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٦٤٠ ) .

واته : ئەمەش ئاگادارکردنەوەیە بۆ موسڵمانان لەوەی کە پەرتەوازە و بەش بەش بن بۆ چەند فریقە و کۆمەڵێك ، و هەریەکەیان دەمارگیری ئەوە بن کە پێیانە ، لە ڕەوایی و ناڕەوایی ، بەوەش دەبن بە هاوشێوەی هاوەبەش بڕیاردەران لە پەرتەوازەکردن ، بەڵکو ئایین یەکە و پێغەمبەریش ﷺ یەکە و پەروەردگاریش هەر یەکە !!!

وە زۆرینە بابەتە ئاینیەکانە زانایان و پێشەوایان کۆڕابوون تیایاندا ، وە برایەتی باوەڕیش خوای پەروەردگار بە تەواوترین شێوە دایڕشتووە ، چا نازانم بۆ هەموو ئەوانە هەڵدەوەشێنرێتەوە ، و تەفریقە و پەرتەوازەیی لە نێو موسڵماناندا دەنرێتەوە لە سەر چەندەها بابەتی شاراوە ، و لاوەکی ، بەشێوەیەك ئەمیان ئەویتریان بە گومڕا دادەنێت ، و ئەمیان لە ئەوی تریان جودا دەبێتەوە ؟!!!

ئەی ئایا ئەمە گەورەترین ناکۆکی و مەبەست نیە کە شەیتان توانیویەتی بە هۆیەوە پلان بۆ موسڵمان بگێڕێت ؟!!!

وە ئایا هەوڵدان بۆ یەکخستنی ووتەی موسڵمانان و نەهێشتنی ئەو تەفریقەیەی کە لە نێوانیاندایە ، کە لە گەورەترین جۆرەکانی تێکۆشان نیە لە پێناو خوای پەروەردگار ، و یەکێك نیە لە باشترین کردەوەکان کە بە هۆیانەوە لە خوای پەرەوەردگار نزیك دەبێەوە ؟!!!

وە پێشەوا ( ابن كثير ) . بە ڕەحمەت بێت . دوای دووپات کردنەوەی بوونی ئەو سیفەتە لە موشریك و هاوەڵ بڕیاردەران ، ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم ئوممەتەش بە دەردی ئەوان دەڕوات ، تەنها کۆمەڵێك ڕزگاری دەبێت ، هەروەکو فەرموویەتی : (( **وهذه الأمة أيضًا اختلفوا فيما بينهم على نحل كلها ضلالة إلا واحدة ، وهم أهل السنة والجماعة ، المتمسكون بكتاب الله وسنة رسول الله ﷺ ، وبما كان عليه الصدر الأول من الصحابة والتابعين ، وأئمة المسلمين في قديم الدهر وحديثه** ، كما رواه الحاكم في مستدركه أنه سئل ، عليه السلام عن الفرقة الناجية منهم ، فقال : " ما أنا عليه اليوم وأصحابي " )) [٣٩] .

واتە : هەروەها ئەم ئوممەتەش جیاوازبوون لە نێوانیاندا بۆ چەندە ڕێچکەیەك کە هەمووی گومڕاییە ، جگە لە یەکێکیان نەبێت ، ئەوانیش ئەهلی سوننە و جەماعەن ، کە دەستگرتوون بە کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە بەوەی کە سەرەتای یەکەمی ئەم ئوممەتە لە هاوەڵان و

(٣٩) ( تفسير ابن كثير : ج ٦ / ص ٣١٦ ـــ ٣١٧ ) .

شوێنکەوتوان ، و پێشەوای موسڵمانانی لە سەر بووە لە کۆن و ئێستاشدا ، هەروەکو پێشەوا ( الحاكم ) لە ( المستدرك ) ەکەیدا ڕیوایەتی کردووە ، کە پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە کۆمەڵی ڕزگاربوو لەو کۆمەڵانە ، ئەویش فەرمووی : ئەوانەن کە لەسەر ئەو ڕێگایەن کە من و هاوەڵانمی لەسەرن .

**ئایەتی دووەم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخۡتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ ) .

**واتە : ئەی موسڵمانان ئێوە وەکو ئەو کەسانە مەبن کە پارچە پارچەییان کرد و جیاواز و ناکۆك بوون لە نێوانیاندا ، لە پاش ئەوەی کە بەڵگە ڕوون و ئاشکراکانیان پێگەیشت لە سەر حەرامێتی ئەو کارە ، ئەوانە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە .**

**پێشەوا** ( أبو جعفر الطبري ) **. بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە لە تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی :** (( يعني بذلك جل ثناؤه : ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ ﴾ ، **يا معشر الذين آمنوا** ﴿ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ ﴾ **من أهل الكتاب** ﴿ وَٱخۡتَلَفُوا۟ ﴾ **في دين الله وأمره ونهيه** ﴿ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ ﴾ ، **من حجج الله ، فيما اختلفوا فيه ، وعلموا الحق فيه فتعمدوا خلافه ، وخالفوا أمرَ الله ، ونقضوا عهده وميثاقه جراءة على الله** ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمۡ ﴾ ، يعني : **ولهؤلاء الذين تفرقوا ، واختلفوا من أهل الكتاب من بعد ما جاءهم** ﴿ عَذَابٌ ﴾ **من عند الله** ﴿ عَظِيمٌ ﴾ ، **يقول جل ثناؤه : فلا تتفرقوا ، يا معشر المؤمنين ، في دينكم تفرُّق هؤلاء في دينهم ، ولا تفعلوا فعلهم ، وتستنوا في دينكم بسنتهم ، فيكون لكم من عذاب الله العظيم مثل الذي لهم** ... **عن ابن عباس ، قوله** : ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخۡتَلَفُوا۟ ﴾ ... **أمر الله جل ثناؤه المؤمنين بالجماعة ، فنهاهم عن الاختلاف والفرقة ، وأخبرهم أنما هلك من كان قبلهم بالمراء والخصومات في دين الله** )) [٤٠] .

**واتە : مەبەستی خوای پەروەردگار لە** ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ ﴾ **ئەوەیە کە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ،** ﴿ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ ﴾ **لەو ئوممەتانەی کە خاوەن کتێبی ئاسمانین ، و** ﴿ وَٱخۡتَلَفُوا۟ ﴾ **جیاوازن لە ئایینەکەی خوای**

---

[٤٠] ( تفسير الطبري : ج ٧ / ص ٩٢ ــ ٩٣ ) .

پەروەردگار ، و فەرمان و ياساغيەكانيدا ، ﴿ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ لە پاش ئەوەی كە بەڵگەكانی خوای پەروەردگاريان پێگەيشت سەبارەت بەوەی كە جياوازيان تێدا كرد ، و كەچی دوای ناسينيان بۆ ڕەوايی تيايدا پێچەوانەی بوونەوە ، و پێچەوانەی فەرمانی خوای پەروەردگار بوونەوە ، و بەبێ ترس و بوێرانە عەهد و پەيمانی ئەويان شكاند ﴿ أُوْلَئِكَ لَهُمْ ﴾ واتە : بۆ ئەوانەی كە تەفريقەيان نايەوە و جياوازبوون لە ئوممەتانی خاوەن كتێبە ئاسمانيەكان دوای ئەوەی كە هات بۆيان ﴿عَذَابٌ ﴾ سزايەكيان لە لايەن خوای پەروەردگارەوە بۆ هەيە ، كە ﴿ عَظِيمٌ ﴾ ە . خوای پەروەردگار بە كۆمەڵی باوەڕداران دەفەرمووێت : جا نەكەن تەفريقە بنەنەوە ، لە ئايينەكەتان وەكو تەفريقەی ئەوان لە ئايينەكەياندا ، و كردەوەی ئەوان دووپات مەكەنەوە ، وە لە ئايينەكەتان بيكەن بە پەيڕەوێك بە شوێنكەوتنتان بۆ ئەوان ، چونكە بەوە تووشی سزايەكی گەورەی خوای پەروەردگار دەبن ، هەر وەك ئەوەی كە بۆ ئەوان بوو ... لە ( ابن عباس ) ەوە . ڕەزای خوا لە خۆی و باوكی . دەگێرنەوە سەبارەت ﴿ وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ ﴾ فەرموويەتی : خوای پەروەردگار فەرمانی كردووە بە باوەڕداران بەوەی كە كۆمەڵ بن ، و ياساغيشی لێكردوون لە جياوازی و پەرتەوازەيی ، و هەواڵی ئەوەی پێداوون كە ئوممەتانی پێش ئێوە بەهۆی جياوازی و بەرهەڵستی كردنی يەكتر لە ئاييندا لە ناوچوون .

پێويستە لە سەر موسڵمانان بەپێی فەرمانی خوای پەروەردگار دوور بكەونەوە لە ئيختيلاف و جياوازيی و پەرتەوازەيی هەروەكو پێشەوا ( ابن كثير ) . بە ڕەحمەت بێت . ئەوەی بۆ ئاشكرا كردووين لە ڕاڤەی ئەم ئايەتەدا كە فەرموويەتی : (( <u>**ينهى هذه الأمة أن تكون كالأمم الماضية في تفرقهم واختلافهم ، وتركهم الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر مع قيام الحجة عليهم**</u> )) [٤١] .

واتە : ياساغی لەم ئوممەتە دەكات لەوەی كە وەكو ئوممەتانی پێشوو بێت ، لە تەفريقە و جياوازيياندا ، و وازهێنانيان لە فەرمان كردن بە چاكە و ياساغی كردن لە خراپە ، لە گەڵ جێگيربوونی بەڵگە لە سەريان .

---

[٤١] ( تفسير ابن كثير : ج ٢ / ص ٩١ ) .

وه پێشەوا ( السعدي ) . به ڕەحمەت بێت . ئەوەی بـۆ دووبات کردووینەتەوه لـه ڕاڤەی ئایەتەکەدا :

(( **ثم نهاهم عن التشبه بأهل الكتاب في تفرقهم واختلافهم** ، فقال : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا ﴾ ومن العجائب أن اختلافهم ﴿ مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ الموجبة لعدم التفرق والاختلاف ، **فهم أولى من غيرهم بالاعتصام بالدين** ، فعكسوا القضية مع علمهم بمخالفتهم أمر الله ، فاستحقوا العقاب البليغ ، ولهذا قال تعالى : ﴿ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ))[٤٢] ، واتـه : پاشـان یاسـاغی لێکـردن لـەوەی کـه خۆیـان بشوبهێنن بـه خـاوەن ئایینـه ئاسمانیـەکان ( ئەهلی کتاب : جولەکە و خاچ پەرستان ) لـه تەفریقه و جیاوازیان ، کـه فـەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا ﴾ ، ئـەوەش کـه جێگـەی سەرسوڕمانه جیاوازیەکـەیان ﴿ مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ دوای هـاتن و گەیشتنی بەڵگەکان بوو پێیان ، کە لە ڕاستیدا ئەوە پێویست دەکات کە تەفریقە نەنەوە و جیاواز نـەبن ، چونکە ئەوان لە هەمووان زیاتر لە پێشترن بۆ ئەوەی کە دەست بگرن بە ئایینەوە ، کەچی ئەو ڕاستیەیان پێچەوانە کردەوە ، سـەرەڕای زانینیـان بـه پێچەوانە بوونـەوەیان بۆ فـەرمانی خـوای پـەروەردگار !! بۆیـه شایستەی ئەوە بوون کە سزایەکی توند بدرێن ، بۆیـه خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ .

وه دەبێـت موسـڵمانی خـەمخۆر لـه سـەر دواڕۆژی خـۆی هـەوڵی ئـەوه بـدات و دوور بکـەوێتـەوه لـه پەرتـەوازەیی و حیزبایـەتی بۆ ئـەوەی لەوانـه بێـت کـه ( ابـــن عبـــاس ) رضي الله عنه سـەبارەتیان فەرموویـەتی ، ڕوخساریان سپی دەبێتەوە . کە ئەوانیش تـەنها و تـەنها ئـەهلی سوننەیە کـە لـەو سیفەتە دوورن . وه بۆ ئەوەی لەوانە نەبێت کە ڕوخساریان ڕەش هەڵدەگەڕێت ، و ڕوو ڕەشی حوزوری خوای پـەروەردگار دەبن ـ کـه ئـەوانیش تـەنها ڕوخـساری ئـەهلی بیدعـه و پەرتـەوازەکاران ، و پارچەپارچـه گـەرانن . خـوای پـەروەردگار پـەنامان بدات : (( قوله تعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ يَوْمَ

---

[٤٢] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ١٤٢ ) .

﴿ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥، ١٠٦ ) **قال ابن عباس : تَبْيَضُّ وجوه أهل السنة والجماعة ، وتَسْوَدُّ وجوه أهل البدعة والفُرْقَة ))** [٤٣] .

**پێشەوا ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . ئامۆژگاری موسڵمانان دەكات بە شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ و سەلەفی ئەم ئوممەتە ، و سەرزنشت كردنی ئیختیلاف و پەرتەوازەیی و پارچە پارچە گەرێتی ، ئەوەش دوای هێنانەوەی چەندەها ئایەت لە سەر حەرامێتی ئەو كارە ، لەو ووتەیەیدا كە فەرموویەتی : (( وهذا من التفرق والاختلاف الذي ذمه الله ـ تعالى ـ ونهى عنه ، فقال :** ﴿ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ ﴾ ( البقرة : ١٧٦ ) ، **وقال :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ ) ، **وقال :** ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ، **وقال :** ﴿ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ﴾ ( البقرة : ٢١٣ ) .

**فالواجب على المسلم أن يلزم سنة رسول الله ﷺ ، وسنة خلفائه الراشدين ، والسابقين الأولين من المهاجرين والأنصار ، والذين اتبعوهم بإحسان .**

**وما تنازعت فيه الأمة وتفرقت فيه ، إن أمكنه أن يفصل النزاع بالعلم والعدل وإلا استمسك بالجمل الثابتة بالنص والإجماع ، وأعرض عن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعًا " فإن مواضع التفرق والاختلاف عامتها تصدر عن اتباع الظن ، وما تهوى الأنفس ، ولقد جاءهم من ربهم الهدى ... والواجب أمر العامة بالجمل الثابتة بالنص والإجماع ، ومنعهم من الخوض في التفصيل الذي يوقع بينهم الفرقة والاختلاف ، فإن الفرقة والاختلاف من أعظم ما نهى الله عنه ورسوله ))** [٤٤] .

**واتە : وە ئەمەش لە ئەو تەفریقە و جیاوازیەیە كە خوای پەروەردگار سەرزنشتی كردووە ، و یاساغی لێكردووە ، هەروەكو فەرموویەتی :** ﴿ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ ﴾ ( البقرة : ١٧٦ ) ، **وە فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ ) ، **وە**

---

[٤٣] ( مجموع فتاوى ابن تيمية ( التفسير ) : ج ١ / ص ١٠٠) .

[٤٤] ( مجموع فتاوى ابن تيمية (التفسير) : ج ١ / ص ١٩٧) .

**فەرموویەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ، **وە فەرموویەتی :** ﴿ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ﴾ ( البقرة : ٢١٣ ) .

**بۆیە پێویستە لە سەر موسڵمان کە دەست بگرێت بە سوننەتی پێغەمبەری خواوە ﷺ ، و سوننەتی خەلیفە کامڵ و تەواوەکانی ، لە گەڵ پێشینە یەکەمینەکان لە کۆچەران و پشتیوانان ، ئەوانەش کە بەچاکە شوێنیان کەوتوون . وە ئەوەش کە ئوممەت تێیدا پێچەوانە و جیاوازن ، ئەگەر توانی ئەو جیاوازیە بە زانست و دادەوە یەك لا بکاتەوە ئەوا دەستی پێوە دەگرێت ، ئەگەر نا دەست دەگرێت بەوەی کە جێگیر و سەلمێنراوە بە دەقی قورئانی پیرۆز و سوننەت ، و کۆڕای زانایان ، و پشت هەڵدەکات لەوانەی کە لە ئایینەکەیان پەرتەوازە بوون ، و بوونە بە چەندەها کۆمەڵەوە ، چونکە شێوەکانی تەفریقە و جیاوازی بەگشتی لە شوێنکەوتنی گومانەوە سەرچاوە دەگرێت ، و ئەوەش کە نەفس حەزی لێیەتی ، سەرەڕای ئەوەی کە هیدایەتی خواوەندیان پێگەیشتووە ... وە پێویستیشە فەرمان بە خەڵکی عەوام بکرێت بەوەی کە جێگیر و سەلمێنراوە بە دەقەکانی قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان ، وە ڕێگریشیان لێبکرێت بەوەی کە خۆیان سەرقاڵ بکەن بە ووردەکاریەکان کە تەفریقە و جیاوازی لە نێوانیان دەناتەوە ، چونکە تەفریقە و جیاوازی یەکێکە لە گەورەترین ئەو شتانەی کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ یاساغیان لێکردووە .**

**ئایەتی سێیەم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٥٣ ــ ٥٦ ) .

**واتە : ئوممەتانی پێش ئێوە لە نێوان خۆیاندا ئایینەکەیان پارچە پارچە کرد و جیاواز بوون ، وەکو : جولەکە و خاچ پەرست و ئاگر پەرستان ، هەموو کۆمەڵ و حزبێکیش لەوانە دڵخۆش بوون بەوەی کە بۆ خۆیانیان دابڕکردبوو .**

**پێشەوا ( البغوي ) . بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتدا فەرموویەتی :** (( ﴿ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ ﴾ دينهم ، ﴿ بَيْنَهُمْ ﴾ أي : **<u>تفرقوا فصاروا فرقا</u>** ، يهودا ونصارى ومجوسا ، ﴿ زُبُرًا ﴾ أي : فرقا وقطعا مختلفة ، واحدها ( زبور )

وهو الفرقة والطائفة ، ومثله ( الزبرة ) وجمعها ( زبر ) ، ومنه : ﴿ زُبَرَ الْحَدِيدِ ﴾ ( الكهف : ٩٦ ) . أي : صاروا فرقا كزبر الحديد . وقرأ بعض أهل الشام : ( زبـرا ) بفتح الباء ، قال قتادة ومجاهد ﴿ زُبُرًا ﴾ أي : كتبا ، يعني دان كل فريق بكتاب غير الكتاب الذي دان به الآخرون . وقيل : جعلوا كتبهم قطعا مختلفة ، آمنوا بالبعض ، وكفروا بالبعض ، وحرفوا البعض ، ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ ﴾ بما عندهم من الدين ، ﴿ فَرِحُونَ ﴾ معجبون ومسرورون )) (٤٥) .

واته : مەبەستى خواى پەروەردگار لە ﴿ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ ﴾ ئايينەكەيانە ، وە ﴿ بَيْنَهُمْ ﴾ واتە : تەفريقەيان نايەوە و بوون بە چەند فيرقەيەكەوە ، وەكو جولەكە ، و خاچ پەرستان ، و ئاگر پەرستان ، وە ﴿ زُبُرًا ﴾ واتە : چەند فيرقە و پارچەيەكى جياوازەوە ، تاكەكەشى ( زبـور ) وە واتاكەشى : فيرقە و تايفەيە ، وە هاوشێوەى ئەم ووشەيە ووشەى ( الزبرة ) و كۆكەشى ( زبر ) ە و ﴿ زُبَرَ الْحَدِيدِ ﴾ يش لەوەوە وەرگيراوە ، واتە : بوون بە چەند فيرقەيەكەوە هەروەكو پارچەكانى ئاسن ، وە هەندێك لە قورئان خوێنان بە ( زبَـرا ) خوێندويانەتەوە ، وە ( قتادة ) و ( مجاهـد ) يش فەرموويانە : ﴿ زُبُرًا ﴾ واتە : چەند كتێبێك ، بەماناى ئەوەى كە هەريەكە و پابەند و ملكەچى كتێبێك بوون ، جگە لەو كتێبەى كە ئەوانى تر پابەند و ملكەچى بوون ، وە ووتراوە كتێبەكەيان كردووەتە چەند بەشێكى جياوازەوە ، باوەڕيان بە هەندێكى هێناوە و باوەڕيشيان بە هەندێكى تر نەبووە و هەندێكى تريان گۆڕيوە ، ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ ﴾ هەموو حزبێكيشيان دڵخۆشن بەوەى كە لەلايانە لە ئايين ، وە ﴿ فَرِحُونَ ﴾ واتە : پێى موعجيب و دڵخۆشن .

وە پێشەوا ( الطبري ) ش . بە ڕەحمەت بێت . فەرموويەتى : (( فتأويل الكلام : فتفرّق الـذين أمـرهم الله بلزوم دينه من الأمم دينهم بينهم كتبًا كما بيَّنا قبل .

وقوله : ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ يقول : كل فريق من تلك الأمم ، بما اختاروه لأنفسهم من الدين والكتـب ، فرحون معجبون به ، لا يرون أن الحقّ سواه )) (٤٦) .

(٤٥) ( تفسير البغوي : ج ٥ / ص ٤٢٠ ) .

(٤٦) ( تفسير الطبري : ج ١٩ / ص ٤٢ ) .

واته : ڕاڤەی ئەم ئایەتەش ئەوەیە : ئەوانەی کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردن بە دەست گرتن بە ئایینەکەیەوە لە ئوممەتان ، تەفریقەیان تێکەوت ، و پەرتەوازە بوون ، لە ئایینەکەیاندا لە نێوان خۆیاندا بۆ چەند کتێبێك هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد .

وە کە فەرموویەتی : ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ واتە : هەموو کۆمەڵێك لەو ئوممەتانە دڵخۆش بوون بەوەی کە بۆ خۆیانیان هەڵبژاردبوو ، لە ئایین ، و کتێبەکەیان ، پێی دڵخۆش و سەرسوڕماون ، وە وا نابینن کە جگە لەوە ڕەوا بێت .

وە دەبێت ئەوەش بزانرێت باسکردنی ئەو ئوممەتانە بەو شێوەیە لە لایەن خوای پەروەدگارەوە لە باری سەرزەنشت و خراپی کردارەکەیان ، و گومڕابوونیانە بە هۆی ئەو تەفریقەیەی کە ناویانەتەوە ، بۆیە دەبێت لەوەوە دەرس و عیبرەت وەربگرێت و نەکات بە دەردی ئەوان بڕوات ، ئەوەتا پێشەوا ( ابن کثیر ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ أي : يفرحون بما هم فيه من الضلال ؛ لأنهم يحسبون أنهم مهتدون )) [٤٧] ، واتە : دڵخۆشن بەو گومڕاییەی کە تیایدان ، و واش دەزانن کە هیدایەت دراوون .

وە پێشەوا ( الشنقيطي ) ش . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( **والمعنى : دينكم واحد وربكم واحد ، فلم تختلفون** ﴿ وتقطعوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ ﴾ **المعنى : جعلوا أمر دينهم فيما بينهم قطعاً كما يتوزع الجماعة الشيء ويقتسمونه . فيصير لهذا نصيب ولذلك نصيب . تمثيلاً لاختلافهم فيه ، وصيرورتهم فرقاً شتى** ... ﴿ وتقطعوا أَمْرَهُمْ ﴾ أي : **تفرقوا في أمرهم** ، ... **وما ذكره جل وعلا في هاتين الآيتين الكريمتين : من أن الدين واحد والرب واحد فلا داعي للاختلاف . وأنهم مع ذلك اختلفوا وصاروا فرقاً** ... **وزاد أن كل حزب من الأحزاب المختلفة فرحون بما عندهم** ... وقوله ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٥٣ ) **أي كل فرقة من هؤلاء الفرق الضالين المختلفين المتقطعين دينهم قطعاً فرحون بباطلهم ، مطمئنون إليه ، معتقدون أنه هو الحق** )) [٤٨] .

---

[٤٧] ( تفسير ابن كثير : ج ٥ / ص ٤٧٩ ) .

[٤٨] ( أضواء البيان في تفسير القرآن بالقرآن : ج ٤ / ص ٣١٢ ) .

واتـاكەشی ئەوەیە : كـە ئایینەكـەتان یەكە و پـەروەردگارتان یەكـە ، جـا بۆ جیاوازی دەكـەن : ﴿ وتقطعوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ ﴾ واتاكەی : ئایینەكەیان لە نێوان خۆیاندا كردووە بە چەند بەشێكەوە ، هەروەكو كۆمەڵە كەسێك شتێك لـە نێوان خۆیاندا دابەش بكەن ، بەوەش بەشێك دەدرێت بەمە و بەشێكی تـر دەدرێت بـەوی تـر ، ئـەوەش وەكـو نمونـە هێنانـەوە بـۆ تەفریقـە و پەرتەوازەییەكـەیان ، و بوونیـان بـە چـەند كۆمەڵێكی جیاوازەوە ، ﴿ وتقطعوا أَمْرَهُمْ ﴾ واتە : تەفریقەیان نایەوە ئایینەكـەیان ، ... وە ئـەوەی كە خوای پەروەردگار لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا باسی كردووە ، بۆ ئەوەیە كە : ئایین یەكە و پـەروەردگاریش هـەر یەكـە ، بۆیـە پێویـست بـە جیـاوازی ناكـات ، كەچـی سـەرەڕای ئـەوە جیـاوازبوون ، و بـوون بەچـەند فیرقەیەكەوە ... وە زیاد لە سەر ئەوەش باسی ئەوەی كردووە كە هەریەك لـەو حزب و كۆمەڵە جیاوازانـە دڵخۆشن بەوەی كە هەیانە ، و لە لایاندایە ... وە ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ئـەوە دەگـەیـەنێت : كە هـەموو كۆمەڵێك لەوانە لە كۆمەڵە گومڕا و جیاواز و پارچەكارانە بۆ ئایینەكـەیان بۆ چـەندەها پارچـەی جیـاواز ، دڵخۆشن بە ناڕەواییەكانیان ، و دڵ ئاسوودەن پـێی ، لەو باوەڕەدان كە ئەوە ڕەواییە .

**ئایەتی چوارەم : خوای پەروەردگار فەرموویەتـی :** ﴿ وَآتَيْنَاهُم بَيِّنَاتٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾ ( الجاثية : ١٧ ) .

واتە : ئێمە ڕوونكردنەوەی هەموو شتێكمان پـێ بەخشیون ، كەچی پاش ئەو ڕوونكردنەوە و زانست پـێ بەخـشینە جیـاوازی و دووبـەرەكێ كەوتـە نێوانیانـەوە !! ئـەوەش بـە هـۆی سـتەم و نـاكۆكی لـە نێوانیانەوە ، بەڵام دڵنیابە لەوەی كە پەروەردگاری تۆ لـە ڕۆژی دواییدا دادوەری لـە نێوانیانـدا دەكات ، دەربارەی ئەو شتانەی كە ناكۆكی و جیاوازیان لە سەری هەبوو .

پێشەوا ( سعدي ) . بـە ڕەحمەت بێت . لـە تەفسیرەكەیدا و لـە ڕاڤەی ئـەم ئایەتـەدا فـەرموویەتی : (( ﴿ وَآتَيْنَاهُمْ ﴾ أي : آتينا بني إسرائيل ﴿ بَيِّنَاتٍ ﴾ أي : دلالات تبين الحق من الباطل ﴿ مِنَ الأَمْرِ ﴾ القدري الذي أوصله الله إليهم .

وتلك الآيات هي المعجزات التي رأوها على يد موسى . عليه السلام ـ فهذه النعم التي أنعم الله بها على بني إسرائيل تقتضي الحال أن يقوموا بها على أكمل الوجوه ، وأن يجتمعوا على الحق الذي بينه الله لهم ، ولكن انعكس الأمر فعاملوها بعكس ما يجب . وافترقوا فيما أمروا بالاجتماع به ، ولهذا قال : ﴿ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ ﴾ أي : الموجب لعدم الاختلاف ، وإنما حملهم على الاختلاف البغي من بعضهم على بعض والظلم )) [٤٩] .

واته : ﴿ وَآتَيْنَاهُمْ ﴾ بەخشیمان بە نەوەکانی ئیسرائیل ﴿ بَيِّنَاتٍ ﴾ گەلێك بەڵگە کە ڕەوایی لە ناڕەوایی جیا بکاتەوە ، ﴿ مِنَ الأَمْرِ ﴾ کە بریتی بوون لە چەندەها ئەمری قەدەری کە خوای پەروەردگار پێی گەیاندوون . وە ئەو بەڵگانەش بریتیە لەو موعجیزانەی کە لە سەر دەستی پێغەمبەر موسا . علیه السلام . بینیبوویان ، وە ئەم نیعمەتانەش ئەوە پێویست دەکات کە بە باشترین شێوە پێی هەستن ، و لە سەر ئەو ڕەواییە کۆببنەوە کە خوای پەروەردگار بۆی ڕوون کردوونەتەوە ، بەڵام کارەکە پێچەوانە بوویەوە و بە پێچەوانەوەی پێویست هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا کرد .

وە تەفریقەیان نایەوە لەوەی کە فەرمانیان پێکرابوو کە لەسەری کۆببنەوە ، بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ ﴾ واتە : جیاواز نەبوون جگە لە پاش ئەوە نەبێت کە هۆکاری نەبوونی جیاوازیە ، وە ئەوەش کە وای لێکردن جیاواز بن زیادڕەوی هەندێکیان بوو لە سەر هەندێکی تریان لە ستەم کردنیان .

پێشەوا ( الطبري ) ـ بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە هۆکاری پەرتەوازەیی و جیاوازیان سەرەڕای ئەوەی کە شێخ ( سعدي ) . بە ڕەحمەت بێت . ئاماژەی پێکردووە ، دوو هۆکاری ترمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەوانیش بریتین لە :

**یەکەمیان :** حەزی سەرۆکایەتی ، دووەمیان : وازهێنان لە ئەوەی کە خوای پەروەردگار لە کتێبەکەیدا بۆی ئاشکرا کردوون ، کە بە ڕاستی دوو سیفەتی ئاشکرا و بەرجەستە و بینراوون لە هەموو سەردەمێکدا ، بەتایبەت لەم سەردەمەی خۆمان ، ئەو زانا پایەبەرزە فەرموویەتی : (( يقول تعالى ذكره :

---

[٤٩] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٧٧٦ ) .

وأعطينا بني إسرائيل واضحات من أمرنا بتنزيلنا إليهم التوراة فيها تفصيل كل شيء ﴿ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ﴾ **طلبا للرياسات** ، وتركا منهم لبيـــان الله تبـــارك وتعـــالى في تنزيلـــه )) [٥٠] ، **واتـه : خـوای پـەروەردگار دەفـەرمووێت : چـەندەها بەڵگـەی ڕوون و ئاشـكرامان بـە نـەوەكانی ئیـسرائیلمان بەخـشی ، ئـەوەش بـە دابەزاندنی تەورات كە ڕوونكردنەوەی هەموو شتێكی تێدایە ،** ﴿ فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ﴾ **وە دوای ئەوەی كە ئەو بەڵگە ڕوونانەمان پیشاندان كەچی هەر جیاوازی كەوتە نێوانیانەوە ، ئەوەش لەبەر سەرۆكایەتی ، و وازهێنانیان لەوەی كە خوای پەروەردگار بۆی ئاشكرا كردن لە كتێبەكەیدا .**

**ئەمە حاڵی ئوممـەتانی پـیش ئـەم ئوممـەتە بووە ، هـەروەكو خـوای پـەروەردگار بۆی گێڕاوینـەتـەوە ، بۆیـە دەبێـت بزانین ئـەو گێڕانـەوە بۆ ئـەوەیـە كـە نـەكو ئـەم ئوممەتـە بـەدەردی ئـەوان بـڕوات ، هـەروەكو پێشەوا** ( ابن تيمية ) **. بە ڕەحمەت بێت . لەم بارەیەوە فەرموویەتی :** (( **وقـال لأمـة محمـد** : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ ) . **فهذا بين أنهم تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءتهم البينات قبل محمد ، وقد نهى الله أمته أن يكونوا مثلهم** )) [٥١] .

**واتە : وە بە ئوممەتی ( محمد ) ﷺ فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ **وە ئەمەش ئاشكرایە كە ئەوان دوای ئەوەی كە بەڵگە ئاشكراكانیان پێگەشت تەفریقەیان تێكەوت و جیاوازبوون پێش ئوممەتی ( محمـــد ) ﷺ ، وە بـەوەش خـوای پـەروەردگار یاساغی لـە ئوممەتەكەی ئەویش كرد كە وەكو ئەوان بن .**

**بەمە و لە كۆتایی ئـەم چـەند ئایەتـەدا بـەوە دەگـەین كـە : ( تەفریقە و حزبایـەتی سیفەتی جولەكە و خاچ پەرست و هاوەڵ بڕیاردەرانە ، نەك ئوممەتی ئیسلام ) بۆیە نابێت موسڵمانان ئەو كارە ئەنجام بدەن و هەمان هەڵەی ئەوان دووبارە بكەنەوە ، و بە دەردی ئەوان بكەونە داوی شەیتانەوە ، و لە خشتەیان بەرێت .**

❁ ❁ ❁ ❁ ❁

[٥٠] ( تفسير الطبري : ج ٢٢ / ص ٦٩ ) .

[٥١] ( مجموع فتاوى ابن تيمية ( التفسير ) : ج ٤ / ص ٤٣٢ ) .

**پێنجەم :ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگار بۆ ئەو کەسانەیە کە تەفریقە و حزبایەتی ناکەن :**

**ئایەتی : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴾ ( هود : ١١٨ ، ١١٩ ) .

**واتە : دڵنیابە لەوەی کە ئەگەر پەروەردگاری تۆ بیویستایە ئەوا هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك میللەتەوە ، بەڵام ئەو خەڵکە لە ئایین و بۆچوون و ئارەزووەکانیان جیاوازن لە نێوان خۆیاندا ، جگە لەوانە نەبێت کە بەزەیی و ڕەحمی پەروەردگارت بیانگرێتەوە ، خوای پەروەردگاریش هەر بۆ ئەوە دروستی کردوون ، فەرمایش و ووتەی پەروەردگاری تۆ فەرمایش کراوە ، کە دۆزەخ پڕ دەکەم لە جنۆکە و خەڵکی بەگشتی .**

**پێشەوا** ( أبو جعفر الطبري ) **. بە ڕەحمەت بێت . دەفەرموێت :** (( وأولى الأقوال في تأويل ذلك ، بالصواب قولُ من قال : معنى ذلك : " ولا يزال الناس مختلفين في أديانهم وأهوائهم على أديان وملل وأهواء شتى ، إلا من رحم ربك ، فآمن بالله وصدق رسله ، فإنهم لا يختلفون في توحيد الله ، وتصديق رسله ، وما جاءهم من عند الله " .

وإنما قلت ذلك أولى بالصواب في تأويل ذلك ، لأن الله جل ثناؤه أتبع ذلك قوله : ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴾ ( هود : ١١٩ ) ، ففي ذلك دليلٌ واضح أن الذي قبله من ذكر خبره عن اختلاف الناس ، إنما هو خبرٌ عن اختلاف مذموم يوجب لهم النار ، ولو كان خبرًا عن اختلافهم في الرزق ، لم يعقّب ذلك بالخبر عن عقابهم وعَذابهم )) [٥٢] **.واتە : پێشترین و نزیکترین ووتە لە ڕاستی بۆ ڕاڤەی ئایەتەکە ووتەی ئەوەیە کە فەموویەتی : واتای ئایەتەکە ئەوەیە : بەردەوام ئەو خەڵکە لە نێوان خۆیاندا جیاوازن لە ئایین و بۆچوون و ئارەزووەکانیان ، بۆ چەند ئایین و ئوممەتێك و ئارەزووی جیاوازدا ، جگە لەوانەی کە پەروەردگاری تۆ ڕەحمی لێکردوون ، ئەوانە باوەڕیان بە خوای پەروەردگار هێناوە و پێغەمبەرانیان بە ڕاست داناوە ، بۆیە ئەوانە جیاوازی ناکەن لە یەکتاپەرستی خوای پەروەردگار ، و بە ڕاست دانانی پێغەمبەرانیان .** عليهم السلام **. ، و ئەوەش کە بۆیان هاتووە لە پەروەردگاریانەوە .**

---

[٥٢] ( تفسير الطبري : ج ١٥ / ص ٥٣٤ ــ ٥٣٥ ) .

وه ئەوەش كە تەنها بەهۆیەوە ووتوومە ئەمەیان لە ڕاڤەی ئایەتەكەدا لە پێشترە بە ڕاستی ئەوەش چونكە خوای پەروەردگار دوا بەدوای باسەكە فەرمووپەتی : ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴾ ، وە لەوەشدا بەڵگەیەكی ئاشكرا هەیە ئەوەی كە هەواڵی پێڕاگەیاندووین لە جیاوازی خەڵكەكە لە پێشیدا ، هەواڵدانێكە سەبارەت بە جیاوازیەكی سەرزەنشت كراو كە دۆزەخ پێویست دەكات بۆ ئەنجام دەرانی ، چونكە ئەگەر هەوڵدانەكە سەبارەت بە ڕزق و ڕۆزی بووایە ، ئەوا دوابەدوای ئەو هەواڵەدا باسی سزا و ئازاردانی نەدەكردن .

لەمەوە تێدەگەین كە ئیختیلاف و پەرتەوازەیی و حزبایەتی لە لایەن خوای پەروەردگارەوە سەرزنشت كراوە ، و بەشتێكی خراپ دانراوە ، وە بەچاك وەسفی ئەوانەش كراوە كە دوورن لەو كارە و توخنی ناكەونەوە ، بۆیە پێویستە موسڵمانان دووربن لەو كارە خراپە .

وە پێشەوا ( ابن كثير ) یش . بە ڕەحمەت بێت . لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : (( يخبر تعالى أنه قادر على جعل الناس كُلِّهم أمة واحدة ، من إيمان أو كفران كما قال تعالى : ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ﴾ ( يونس : ٩٩ ) . وقوله : ﴿ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ أي : ولا يزال الخُلْفُ بين الناس في أديانهم واعتقادات مللهم ونحلهم ومذاهبهم وآرائهم .

قال عكرمة : ﴿ مُخْتَلِفِينَ ﴾ في الهدى . وقال الحسن البصري : ﴿ مُخْتَلِفِينَ ﴾ في الرزق ، يُسخّر بعضهم بعضا ، والمشهورُ الصحيح الأول . وقوله : ﴿ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ أي : إلا المرحومين من أتباع الرسل ، الذين تمسكوا بما أمروا به من الدين . أخبرتهم به رسل الله إليهم ، ولم يزل ذلك دأبهم ، حتى كان النبي ﷺ الأمي خاتم الرسل والأنبياء ، فاتبعوه وصدقوه ، ونصروه ووازروه ، ففازوا بسعادة الدنيا والآخرة ؛ لأنهم الفرقة الناجية ، كما جاء في الحديث المروي في المسانيد والسنن ، من طرق يشد بعضها بعضا : " إن اليهود افترقت على إحدى وسبعين فرقة ، وإن النصارى افترقوا على ثنتين وسبعين فرقة ، وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، كلها في النار إلا فرقة واحدة " . قالوا : ومن هم يا رسول الله ﷺ ؟ قال : " ما أنا عليه وأصحابي " )) [٥٣] .

[٥٣] ( تفسير ابن كثير : ج ٤ / ص ٣٦١ ــ ٣٦٢ ) .

واتـه : خـوای پـەروەردگار ئـەوەمان پێڕادەگەیـەنێت کـە دەتوانێـت هـەموو خەڵکەکـە بکـات بـە یـەك ئوممەت ، لــە باوەڕداران یان بێباوەڕان ، هــەروەکو فــەرموویەتی : ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ﴾ ، وە ئەوەش کە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ ئەوە دەگەیـەنێت : کــە بــەردەوام جیــاوازی لــە نێوان خەڵکدا هەیە لــە : ئایین ، و بیروباوەڕ ، و ئوممەت ، و ڕێچکە ، و بۆچوون ، و ووتەکانیاندا .

( عكرمة ) فەرموویەتی : ﴿ مُخْتَلِفِينَ ﴾ جیاوازن لە هیدایەتدا ، و ( الحسن البصري ) یش فەرموویـەتی : ﴿ مُخْتَلِفِينَ ﴾ واتـە لە ڕزقـدا ، هەنـدێکیان هەنـدێکی تریـان بـەکار دەهێنن ، وە ئـەوەش کـە دروسـت بێـت یەکەمیانە ، وە ووتەی خوای پـەروەدگار ﴿ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ واتـە : جگـە لـە شوێنکەوتوانی پێغەمبـەران ، ئەوانەی کە دەستیان گرتووە بەوەی کە فەرمانیان پێکراوە لە ئایین .

ئـەوەی کـە پێغەمبـەرانی خـوای پـەروەردگار . عليهم السلام . پێـی ڕاگەیانـدوون ، وە بـەردەوام ئـەوە ئاکاریانە ، تاکو پێغەمبـەری نەخوێندەوار ﷺ و کۆتـای پێغەمبـەران ، هەواڵدەران هـات . عليهم السلام . جا ئەو کەسانە شوێنی کـەوتن و بەڕاستیان دانـا ، و پشتیوانیان کـرد و پشگیری بوون ، بۆیـە خۆشحاڵی هـەتا هـەتایی دونیـا و دواڕۆژیـان بەدەسـت هێنـا ، چونکە ئەوانە کۆمـەڵی ڕزگـاربوون ، و هـەروەکو لـەو فەرموویەدا هاتووە کە لە ( المسانيد ) ، و ( السنن ) گێڕدراوەتەوە ، لە چەندان ڕێگەوە پاڵپشتی یـەکتر دەکـەن ، : " إن اليهود افترقت على إحدى وسبعين فرقة ، وإن النصارى افترقوا على ثنتين وسبعين فرقة ، وستفترق أمتي علــى ثــلاث وسبعين فرقة ، كلها في النار إلا فرقة واحدة " . قالوا : ومن هم يا رسول الله ﷺ ؟ قال : " ما أنا عليه وأصحابي " .

کەواتە ئەوانەی کە خوای پەروەردگار مەبەستیەتی بەوەی کە فەرموویەتی : ﴿ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ ، واتـە : جگە لەوانەی کە خوای پەروەردگار ڕەحمی پێ کردوون ، مەبەست پێیان ئەهلی سوننە و جەماعە ، کۆمەڵی ڕزگار بووە (( الفرقة الناجية )) ، نەك ئەوانەی کە تەفریقە و پەرتەوازەیی وحزبایەتی دەکەن ، لە ( عکرمة ) وە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : (( ﴿ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴾ يعني في الأهواء ﴿ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ هم أهل السنة )) ، واتە : جیاوازکاران ئارەزوو پەرستانن ، و ئەوانەش کە خوای پـەروەردگار ڕەحم و بـەزەیی خـۆی بـۆ تایبەت کردوون بریتین لە ئەهلی سوننە .

## دووەم : بەڵگەکانی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ

دوابەدوای خستنە ڕووی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لە سەر حەرامێتی و قەدەغەکردنی حزبایەتی و تەفریقە لە ئیسلامدا ، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین کە هەندێك فەرموودە بێنینەوە کە دیسان بەڵگەن لە سەر حەرامێتی و قەدەغەیی ئەو کارە ، کە هەموو هاوکۆك و هاودەنگن لە گەڵ ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان . وە لێرەشدا پێویستە ئەوە بووتریت : لە سەر هەموو موسڵمانێکی خەمخۆری ڕاستەقینەی ئایینەکەی پێویستە پابەند بێت بە هەموو ئەو بەڵگانە و شوێنی چەواشەکاری ئەم و ئەو نەکەوێت ، چونکە پێشین و سەلەفی ئەم ئوممەتە لە ئاستی بەڵگەکاندا وەستاوون و فەرموویانە : ﴿ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ﴾ ( البقرة : ٢٨٥ ) ، گوێبیست بووین و گوێڕایەڵی فەرمانتین ئەی پەروەردگار ، هەر ئەمەش سیفەتی باوەڕدارانی ڕاستەقینەیە ، کە خوای پەروەردگار لە وەسفیاندا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ ( النور : ٥١ ) ، واتە : ئەگەر بانگ بکرێن بۆ لای خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆ ئەوەی فەرمانڕەواییان لە نێواندا بکەن ، تەنها ووتەی بڕواداران ئەوەیە کە دەڵێن : گوێبیست بووین و گوێڕایەڵی فەرمانتین ئەی پەروەردگار ، هەر ئەوانەشن کە سەرکەوتوو و سەرفرازی دونیا و دواڕۆژن .

لەولاشەوە دەبێت موسڵمانانی ئەهلی سوننە و جەماعە بەڕاستی . نەك ئەوانەی کە لافی ئەوە لێدەدەن کە ئەهلی سوننەن بە گوفتار !! کەچی کردار و کردەوەیان هەموو شتێکە تەنها ئەهلی سوننە و جەماعە نەبێت !!! جارێکیان خەوارجن و موسڵمانان کافر دەکەن تەنها بەتاوان !! جارێکی تر موعتەزیلەن دەبینیت عەقڵ و بۆچوونە چەواشەکارەکانیان پێش دەقەکانی قورئان و سوننە دەخەن !!! جارێکی تر هاوبیری ڕافیزەن لە تانەدان لە هاوەڵان و ئەصحابی پێغەمبەر ﷺ !!! کورد ووتەنی : بانێکە و چەند هەوان . لەوە بەئاگا بن کە کەسانی بیدعەکار و چەواشەکار بۆ ڕەواجدان بە کار و ووتە چەواشەکارەکانیان هەموو ڕێگەیەك دەگرنە بەر ، بۆ ئەوەی بگەن بەمەبستی خۆیان ، و تەفریقە لە نێو موسڵماناندا بنێنەوە !!!

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی چەند ئایەتێكمان خستە ڕوو لە سەر حەرامێتی و قەدەغە بوونی حزبایەتی و تەفریقە ، با بزانین لە سوننەتدا ئەو كارە چۆن هاتووە و باسكراوە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە ، بە هەمان پەیڕەوی داڕشتنی ئایەتەكان لە بەشی پێشوودا :

## هەواڵدانی پێغەمبەری خوا ﷺ
## بە ڕوودانی تەفریقە و حزبایەتی لەم ئوممەتەدا

**یەكەم : ئیختیلاف و پەرتەوازەیی و حزبایەتیەكی زۆر دەبینن :**

**پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەندان فەرموودەیدا ئەوەی پێ ڕاگەیاندووین كە تەفریقە و حزبایەتی لە ئوممەتەكەیدا ڕوودەدات ، لەوانەش فەرموودەكەی ( العرباض ) ی كوڕی ( سارية ) یە رضي الله عنه كە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموویت :** (( وَعَظَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ مَوْعِظَةً ذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ وَوَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ ، فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ هَذِهِ لَمَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَمَاذَا تَعْهَدُ إِلَيْنَا قَالَ : " قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاءِ لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا لاَ يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِى إِلاَّ هَالِكٌ **مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلاَفًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِى وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ [ تمسكوا بها و ]** [1] **عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ** وَعَلَيْكُمْ بِالطَّاعَةِ وَإِنْ عَبْدًا حَبَشِيًّا فَإِنَّمَا الْمُؤْمِنُ كَالْجَمَلِ الأَنِفِ حَيْثُمَا قِيدَ انْقَادَ ، وإيَّاكُم ومُحدثات الأمور ، فإنَّ كُلَّ مُحدثةٍ بدعة ، [ وكُلَّ بدعةٍ ضلالة ] [2] " )) [3]

.

[1] هذه الزيادة جاء في رواية أخرى للحديث في صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٦٠٧) .

[2] صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٦٠٧) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٣٥) ، والزيادة في صحيح سنن النسائي رقم : (١٥٧٨) من حديث جابر بن عبد الله رضي الله عنه .

فائدة : قال الشيخ سليم الهلالي : (( إنَّ الجماعة لا تكونُ إلاَّ بالسنة ، فلا يمكن أنْ تجتمع الكلمة إلاَّ بسنة النبي ﷺ وإلاَّ بمنهج رسول الله ﷺ ، فمن أراد الجماعة أو من أراد اجتماع الكلمة بغير السنة فهو يعملُ على تفريق الأمَّة ، ولذلك فالحزبيَّة تُفرِّقُ الأمَّة ، لا يُمكن أنْ يجتمعَ شَمْلُ الأمَّة على الحزبيَّة ، وإنَّما مذهبُ الحزبيين كمذهب أبي النُّواس : وداوني بالتي كانت هي الداءُ .

أرادوا إجتماعَ شَمْلِ الأمَّة فزادوها تفرُّقاً وزادوها تشتتاً ، فإنشاءُ حزبٍ جديد في الأُمَّة يعني أنْ تزدادَ الأمَّة تفرُّقاً وتزداد تشتتاً وتزداد ابتعاداً عن سنة النبي ﷺ ... )) ( قالهُ في شرحهِ لكتاب : ( أصول السنة ) للإمام أحمد رحمهُ الله / الدرسُ الأول ) .

**واتە : یەك ڕیزی و یەك دەنگی موسڵمانان نایەتە دی و بە دەست نایەت ئیللا بە سوننەت و بەرنامە و ڕێبازەكەی پێغەمبەر نەبێت ﷺ ، جا هەر كەسێك دەیەوێت ( یەك كۆمەڵی ) و ( یەك دەنگی ) موسڵمانان بهێنێتە دی بە بێ سوننەت و بەرنامە و ڕێبازەكەی پێغەمبەر ﷺ ئەوا ئەو كەسە كار دەكات بۆ پارچە پارچە كردنی ئوممەتی ئیسلام ،**

واتـه : پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئامۆژگـاری و وەعـزی کـردین ، ئامۆژگاریـەك فرمێسك بـه چـاوەکاندا دابـارین ، و دڵـەکان کەوتنـە ترسـەوە ، ئێمـەش پێمـان ووت : ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەکـو بڵێـی ئامۆژگاری ماڵئاوایی کارێکە ، جا ئامۆژگاری چیمان پێ دەکەیت ؟ ئەویش فـەرمووی : لـە سـەر بەرنامـە و دینێکـی ڕوون و ئاشـکرا بـەجێم هێشتوون ، شـەوی وەکـو ڕۆژی ڕوونـاکی وایـە ، لـە پـاش مـن هـیچ کەسێك لـێ‌ی لا نادات تەنها کەسێك نەبێت کە بە هیلاکدا چووبێت ، وە هەر کەسێك لە ئێوە ئەگـەر بژێت ئەوا جیاوازییەکی زۆر دەبینێت ، ئا لـەو کاتـەدا دەسـت بگـرن بـە سوننەتی مـن و سـوننەتی جێنیشینە کـامڵ و هیدایـەت دراوەکـانم ، و دەسـتی پێـوە بگـرن و بـە ددانـی کاکیلـەتان قـەپی لـێ‌بگرن و بەتونـدی بیگرن ، وە پابەندی گوێڕایەڵی بن بە کاربەدەستانەوە ، ئەگەر کاربەدەستەکەتان بەندەیەکی حەبەشیش بێت ، چونکە باوەڕدار وەکو ووشتری حەڵقە لە لووت وان ، بۆ هەرکوێ ببرێت دەڕوات ، وە ئامان نەکـەن تـوخنی تازەگەریـەکان بکـەون ، چونکە هـەموو تازەگەریـەك لـە ئاییندا بیدعەیـە و هـەموو بیدعەیـەکیش گومڕاییە .

کەواتە : پێغەمبەری خـوا ﷺ هەواڵی تەفریقە و حزبایەتی پێداوین کە فەرموویـەتی : " مَـنْ يَعِـشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافًا كَثِيرًا " ، وە ئـامۆژگاری هـاوەڵانی ئوممەتەکەشی کـردووە ، و چارەسەرەکەشی بۆ

---

جا لە بەر ئەمە حزبایەتی ئوممەتی ئیسلام پارچە پارچە دەکات ، بە هیچ شێوەیەك مومکین نیە شیرازەی ئەم ئوممەتـە لـە سـەر حزبایـەتی کۆببێتـەوە ، بـەڵکو بۆچـونی حزبیـەکان وەکـو بۆچـونی ( ئـەبو نـەواس ) وایـە کـە ووتویـەتی : ( چارەسەرم بکە بەوەی کە خۆی نەخۆشیە ) ، حزبیەکان ویستیان شیرازەی ئوممەت یەك خـەن بـەڵام زیاتر پـارچە پارچەیان کـرد و زیاتر پەرتەوازەیان کرد ، بۆیە دامەزراندن و داهێنانی ( حزبێکـی نوێ و تازە ) لە نێوان موسڵماناندا واتا ئوممەتی ئیسلام زیاتر پارچە پارچە ببێت و زیاتر پەرتەوازە ببێت و زیاتر دوور بکەوێتەوە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ .

[3] ( رواه أحمد في مسنده : (١٢٦/٤)، (١٢٧/٤)، والترمذي: (٢٦٧٦)، وأبو داود: (٤٦٠٧)، وابـن ماجـه: (٣٤) في المقدمـة، والدارمي في سننه : (٩٥)، وابن حبان في صحيحه : (٥)، والطبراني في الكـبير: (٦١٧/١٨، ٦١٨، ٦١٩، ٦٢٢، ٦٢٣، ٦٢٤، ٦٤٢)، والآجري في الشريعة ص: (٤٦ – ٤٧)، وابن أبي عاصم في السنة: (٢٧، ٣٢، ٥٧، ٥٤)، وابن بطة العكبري في الإبانة الكـبرى: (١٤٢) (٣٠٥/١)، واللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة: (٨١)، ومحمد بن نصر المروزي في السنة ص: ٢١، والبغوي في شـرح السنة : (٢٠٥) وفي تفسيره : (٢٠٩/٣)، والطحاوي في مشكل الآثار : (٦٩/٢)، والبيهقي: (٥٤١/٦)، والحاكم في المستدرك : (٩٦/١ – ٩٧). وانظر:صحيح سنن ابن ماجه رقم:(٤٣) ،وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم:(٩٣٧) ).

دیاری کردووین بۆ ئەو نەخۆشیە ، و ئاگاداریشی کردووینەتەوە کە فەرموویەتی : " فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ [ تمسكوا بها * و ] عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ [ وكُلَّ بدعةٍ ضلالة ] " .

وە پێشەوا ( ابـن رجـب ) لە باسی ئەم فەرموودەیەی ( العربـاض ) ی کوڕی ( سـارية ) يەدا رضي الله عنه فەرموويـەتی : (( هذا إخبارٌ منه ﷺ بما وقع في أُمَّته بعدَه من كثرة الاختلاف في أصول الدِّين وفروعه ، وفي الأقوال والأعمال والاعتقادات ، وهذا موافقٌ لما روي عنه من افتراقِ أُمَّته على بضعٍ وسبعين فرقة ، وأنَّها كلَّها في النَّار إلاَّ فرقة واحدة ، وهي من كان على ما هو عليه وأصحابُه ، وكذلك في هذا الحديث أمر عندَ الافتراق والاختلاف بالتمسُّك بسنَّته وسنَّةِ الخلفاء الرَّاشدين من بعده ، والسُّنة : هي الطريقة المسلوكةُ ، فيشمل ذلك التمسُّك بما كـان عليـه هـو وخلفاؤه الرَّاشدونَ مِنَ الاعتقادات والأعمال والأقوال ، وهذه هي السُّنةُ الكاملةُ ، ولهذا كـان الـسلف قديمـاً لا يُطلقون اسم السُّنَّةِ إلا على ما يشمل ذلك كلَّه ، ورُوي معنى ذلك عن الحسن والأوزاعي والفُضيل بن عياض )) [٤] .

واتە : ئەمە هەواڵدانێکە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەوەی کە دوای خۆی ڕوودەدات لە ئوممەتەکەی ، لە زۆری جیاوازی لـە بنـەواکانی ئایین و فروعەکانیدا ، وە لـە ووتـە و کردار و بیروباوەڕدا ، وە ئەمـەش هاودەنگە لە گەڵ ئەو فەرموودەیەی کە لە پێغەمبەری خوا ﷺ گێردراوەتـەوە سـەبارەت پەرتـەوازە بوون و پارچـەبوونی ئوممەتەکـەی بـۆ حـەفتا و چـەند کۆمـەڵ و فیرقەیەکـەوە ، وە ئـەوەش کـە هـەموویان لـە دۆزەخـدان جگـە لـە کۆمـەڵ و فیرقەیـەك نـەبێت ، ئـەویش ئەوانـەن کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ و هـاوەڵانی لەسەر بوون .

وە لـەم فـەرموودەدا فـەرمان کراوە بەوەی کە لە کـاتی تەفریقە و جیاوازیدا دەست بگیردرێت بـە سـوننەتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ وسوننـەتی جێنشینە کامڵەکـانی لـە دوای خـۆی ، سـوننەتیش : بریتیە لـە ڕێگایـەکی شوێنکەوتراو ، بـۆیە ئـەو دەست پێوەگرتنە ئەوەی کـە خـۆی و جێنشینە کامڵەکانی لەسـەر بوونە لـە بیروباوەڕ و کـردەوە و گوفتـاریش ، وە ئەمەشـە سـوننەتی تـەواو ، بۆیـە پێشین لـە ڕابردودا زاراوەی سوننەیان بـەکـار نەدەهێنا ئـەگەر بـۆ شتێك نەبێت کـە هـەموو ئەوانە

* مامۆستا عبدالکریم دەڵێت : ناڵێت : (( تمـسكوا بهـا )) ئەمـەش مانـای ئەوەیە ئەگـەر قسە و کرداری خولـەفای ڕاشدین پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بێت وەرناگیریت .

[٤] ( جامع العلوم والحكم : ج ٢٨ / ص ١٥ ) .

نەگرێتـەوە ، وە واتـــای ئـەوەش گێڕدراوەتـەوە لـــە ( لحسن ) و ( الأوزاعي ) و ( الفُـضيل ) ی كوڕی ( عياض ) . بەڕەحمەت بن . .

**دووەم : ئوممەتەكەم دەبێت بە حەفتا و سێ حزب و گروپەوە :**

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی پێ ڕاگەیاندووین كە ئوممەتەكەی دەبێت بە حەفتا و سێ گروپ و حزبەوە ، ئەوەش لەو فەرموودەیەی كە ( عوف ) ی كوڕی ( مالـــك ) ﵁ بۆمـان دەگێڕێتـەوە كە پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرموويەتی : (( افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، فواحدة في الجنة وسبعين في النار ، وافترقـت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة ، فواحدة في الجنة وإحدى وسبعين في النار ، والذي نفسي بيده لتفترقن أمــتي علــى ثلاث وسبعين فرقة [٥] ، فواحدة في الجنة وثنتين وسبعين في النار ، قيل : يا رسول الله من هم ؟ قال : هم الجماعـــة )) [٦] . وفي روايةٍ أخرى قال ﷺ : (( ما أنا عليه اليوم وأصحابي )) [٧] .

واتـە : جولەكـەكان بـوون بـە حـەفتا و يـەك گـروپ و كۆمەڵـەوە ، دانەيـەكيان لـە بەهەشـتدايە ، و حەفتاشيان لە دۆزەخدايە ، وە خاچ پەرستانيش بـوون بە حـەفتاو دوو گروپ و كۆمەڵـەوە ، دانەيـەكيان لە بەهەشتدايە ، و حەفتا و يەكيشيان لە دۆزەخدايە ، وە سوێند بەو خوايەی كە گيانی منی بە دەستە ، بێگومان ئوممەتەكەی منيش دەبێت بە حـەفتا و سێ گروپ و كۆمەڵـەوە ، يـەكێكيان لـە بەهەشت دايـە و حـەفتا ودووی لـە دۆزەخ دايـە ، ووتـرا : ئـەی پێغەمبـەری خوا ﷺ كێن ئەوانـەی كە ڕزگاريـان دەبێت ؟ فەرمووی : كۆمەڵی گەورەی موسڵمانانە . وە لە ڕيوايەتێكی تردا هاتووە فـەرمووی : ئەوانـەن كە لەسـەر ئەوەن كە ئەمڕۆ من و هاوەڵانمی لە سەرە .

---

[٥] **سودێك : ئيمامی ( <u>القرطبي</u> ) . بە ڕەحمەت بێت . لە تەفسيری ئايـەتی ﴿ ... وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ ...﴾ دا فەرموويـەتی : (( <u>وقد قال بعض العلماء العارفين : هذه الفرقة التي زادت في فِرَق أمَّة محمَّد ﷺ هُمْ : قَومٌ يُعادونَ العُلماءَ ويُبغضونَ الفقهاء</u> )) (٧ / ١٤١) ، واتە : هەندێك زانايانی شارەزا و خوا ناس فەرموويانە : ئەو فيرقەيـەی كـە زيادی كـردووە لـە فيرقـەكانی ئوممەتی محمَّد ﷺ ئەوانە بريتين لە : كەسانێك كە دژايەتی زانايان دەكەن و ڕقيانە لە شەرع ناس و فەقيهەكان .**

[٦] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٩٩٢) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة للألبانـــي رقم : (١٤٩٢) .

[٧] رواه الطبراني في (المعجم الصغير) رقم : (٧٢٤) و (المعجم الأوسط) رقم : (٤٨٨٦) والحاكم في (المستدرك) رقم : (٤٤٤) وغيرهما ، وانظر : صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٤١) .

كەواتە بەپێی ئەم فەرموودەیە : تەفریقە و حزبایەتی هۆکارێکە بۆ چوونە دۆزەخ و ڕزگاربوونیش لێی بەهۆی دوورکەوتنەوەیە لە تەفریقە و حزبایەتی ، با ئەنجامدەرانی هەر بیانوویەك بێننەوە بۆ ڕەوایی پێدانی کارەکەیان !!!

## وەسفی حزبایەتی لە سوونەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ

**یەکەم : تەفریقە و حزبایەتی بانگێشی نەفامیە (( دعوى الجاهلية )) :**

دوژمنانی ئیسلام و موسڵمانان لە کۆن و لە نوێیشدا هەوڵی ئەوەیان داوە کە دووبەرەکێ و دژایەتی بخەنە نێو موسڵمانانەوە ، و ئاگری شەر لە نێوانیان هەڵگیرسێنن ، بەبێ جیاوازی لە نێوان ئەوەی کە دوژمانیان جوولەکە بێت یان دروستکراوەکان و کلەکانیان لە نێو کۆمەڵگای موسڵماناندا ، ئەوەتا خوای پەروەردگار ئەو ڕاستیەی لە قورئانەکەیدا تۆمارکردووە ، ئەوەش کە فەرموویەتی : ﴿ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا ﴾ ( المائدة : ٨٢ ) .

یەکێکیش لە شێواز و هەوڵەکانیان بۆ پیادەکردن و بەکارکردنی دژایەتیان لە واقیعدا بەرامبەر بە موسڵمانان ، هەوڵدانیانە بۆ نانەوەی دووبەرەکی و دژایەتی لە نێوانیان بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانن وەکو پاروویەکی ئاسان بۆیان بخرێن ، بێ ئەوەی پێویست بە جووین بکات ، ئەوەتا پەڕەی کتێبەکانی فەرموودە و ڕاڤەکانی قورئانی پیرۆز یەکێك لەو هەوڵانی بۆمان تۆمار کردووە کە جوولەکە دوژمنانی خوای پەروەردگار و بکوژانی پێغەمبەران . عليهم السلام . ، و دووژمنانی مرۆڤایەتی هەوڵی پیادەکردنیان داوە بەڵام بە ویستی خوای پەروەردگار پاشان بە دانایی پێغەمبەرکەی ﷺ ئاگری ئەو کارە کوژراوەتەوە و خامووشکرا و هەر لە سەرتایدا لە گۆڕ نراوە ، بۆ ئەوەی ببێت بە پەند و ئامۆژگاریەك بۆ نەوە و ڕۆڵەکانی ئیسلام ، نەکەن بکەونە ئەو داوەی کە جوولەکە و خاچ پەرستان و دروستکراو و کلکەکانیان لە ناو کۆمەڵگای موسڵماناندا لە هەموو سەردەمێکدا پیادەی دەکەن .

پێشەوا ( الطبري ) . بە ڕەحمەت بێت . لە تەفسیرەکەیدا دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : لە ( زیـد ) ی کوڕی ( أسلم ) ەوە فەرموویەتی : (( مرّ شأسُ بن قيس ـــ وكان شيخًا قد عَسَا في الجاهلية ، عظيمَ الكفر ، شديد الضِّغن على المسلمين ، شديدَ الحسد لهم ـــ على نفر من أصحاب رسول الله ﷺ من الأوس والخزرج ، في مجلس قـد

**جمعهم يتحدّثون فيه . فغاظه ما رأى من جَماعتهم وألفتهم وصَلاح ذات بينهم على الإسلام ، بعد الذي كان بينهم من العداوة في الجاهلية ، فقال : قد اجتمع مَلأ بني قَيْلة بهذه البلاد ! [٨] لا والله ما لنا معهم ، إذا اجتمع ملأهم بها ، من قرار ! فأمر فَتى شابًّا من يهودَ وكان معه ، فقال : اعمد إليهم ، فاجلس معهم ، وذَكّرهم يَوْم بعاث وما كان قبله ، وأنشدْهم بعض ما كانوا تقاوَلوا فيه من الأشعار ــ وكان يوم بُعَاث يومًا اقتتلت فيه الأوس والخزرج ، وكان الظفرُ فيه للأوس على الخزرج ــ ففعل .**

**فتكلم القوم عند ذلك فتنازعوا وتفاخروا ، حتى تواثب رجُلان من الحيَّين على الرُّكَب : أوسُ بن قَيْظي ، أحد بني حارثة بن الحارث من الأوس ــ وجبّار بن صخر ، أحد بني سَلمة من الخزرج . فتقاولا ثم قال أحدهما لصاحبه : إن شئتم والله رَدَدْناها الآن جَذَعَةً ! [٩] وغضب الفريقان ، وقالوا : قد فعلنا ، السلاحَ السلاحَ !! موعدُكم الظاهرة ــ والظاهرةُ : الحَرَّة ــ فخرجوا إليها . وتحاوز الناس . [١٠] فانضمت الأوس بعضها إلى بعض ، والخزرج بعضها إلى بعض ، على دعواهم التي كانوا عليها في الجاهلية .**

**فبلغَ ذلك رسولَ الله ﷺ ، فخرج إليهم فيمن معه من المهاجرين من أصحابه حتى جاءهم ، فقال : " يا معشرَ المسلمين ، الله الله ، أبدعوى الجاهلية وأنا بين أظهُرِكم ؟! بعد إذْ هداكم الله إلى الإسلام وأكرمكم به ، وقطع به عنكم أمرَ الجاهلية ، واستنقذكم به من الكفر ، وألّف به بينكم ، ترجعون إلى ما كنتم عليه كفارًا ؟**

**فعرف القوم أنها نزغة من الشيطان ، وكيدٌ من عدوهم ، فألقوا السلاح من أيديهم ، وبكَوْا ، وعانقَ الرجال من الأوس والخزرج بعضُهم بعضًا ، ثم انصرفوا مع رَسول الله ﷺ سامعين مطيعين ، قد أطفأ الله عنهم كيدَ عدوِّ الله شَأس بن قيس وما صنع .**

**فأنزل الله في شأس بن قيس وما صنع :** ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا تَعْمَلُونَ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا ﴾ ( آل عمران : ٩٨ ــ ٩٩ ) **الآية . وأنزل الله عز وجل في أوس بن قَيْظيّ وجبّار بن صخر**

---

[٨] الملأ : الرؤساء وأشراف القوم ووجوههم ومقدموهم ، الذين يرجع إلى قولهم ورأيهم . وبنو قيلة : هم الأنصار من الأوس والخزرج ، وقيلة : اسم أم لهم قديمة ، هي قيلة بنت كاهل ، سموا بها .

[٩] ردها جذعة : أي جديدة كما بدأت . والجذع والجذعة : الصغير السن من الأنعام ، أول ما يستطاع ركوبه . يعني أعدناها شابة فتية .

[١٠] " تحاوز الناس" ، مثل " تحوز وتحيز وانحاز " ، أي تنحى ناحية وانضم إلى جماعته ، والذي يلي هذه الكلمة هو تفسيرها قوله : " فانضمت الأوس ... " وفي المطبوعة : " تحاور " بالراء ، ولا معنى لها هنا . والجملة كلها من أول قوله " وتحاوز ... " إلى "ا لتي كانو عليها في الجاهلية " مما أسقطه ابن هشام من نص ابن إسحاق ، وليس في السيرة . ونص الطبري هنا أتم من نص ابن هشام في مواضع من هذا الأثر .

ومَنْ كان معهما من قومهما الذين صنعوا ما صنعوا عما أدخل عليهم شأس بن قيس من أمر الجاهلية : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٠ ) إلى قــوله : ﴿ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ )) ( آل عمران : ١٠٥ ) [١١] .

واتـه : جارێکيـان ( شــــأسُ ) ی کوڕی ( قـــيس ) ـ کە پیاوێك بـوو تەمـەنێکی گـەورەی هـەبوو لـە سەردەمی نەفامیدا ، و بێباوەڕێکی سەرسەخت بوو ، زۆریش ڕق لــە دڵ بوو بەرامبـەر موسڵمانان ، و زۆریش لەچەری ( حـەسادەتی ) بە موسڵمانان دەبرد . بە لای کەسانێك لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوادا ﷺ تێپـەڕی لـە ئـــەوس و خـەزرەج بـوون ، لـە کۆڕێکدا کـە کۆی کردبوونـەوە ، و تیایـدا ووتوویـژیان دەکــرد ، ئەوەی بینی لێیان کە یەك کۆمەڵن ، و کۆکن ، و نێوان دروستیان لە سەر ئیسلام توڕەی کرد و ڕقی هەستان ، دوای ئەوەی کە دژایەتیان لە نێواندابوو لە سەردەمی نەفامی ، بۆیە ووتـی : دەبینم دەم سپی و پیاو ماقوڵانی نـەوەکانی ( قَيْلَــة ) لـەم وڵاتـەدا کۆبوونەتـەوە ، ئەگـەر دەم سپی و پیاو ماقوڵانی ئەوان لە گەڵ یەکدا کۆك بن ، نە بەخوا ئێمە لە گەڵیاندا نامانکرێت و مانـەوەمان نیـە ! بۆیـە فـەرمانی بـە لاوێك کرد لـە جولەکـەکان کە لـە گەڵیدا بوو ، و ووتـی : بـڕۆ لایـان و لـە گەڵیانـدا دانیشە و ڕۆژەکـانی جەنگی ( بُعاث ) و ئەوانەی پێش ئەویشیان بیربخـەرەوە ، وە هەندێك لەو هونراوانـەیان بیر بخـەرەوە کە لـەو سـەردەمانەدا دەیانووت . ڕۆژی ( بُعـــاث ) یش ڕۆژێك بـوو ئـەوس و خـەزرەج تێیدا جـەنگاوون ، و ئـەوس بەسـەر خـەزرەجدا سـەرکەوتوو بـووە . ئـەو لاوەش کـە پـێی ووتـرا ئـەنجامی دا ، ، خـەڵکەکـەش دەستیان کرد بە قسەکردن کرد و ناکۆکی کەوتە نێوانیان ، و دەستیان کرد بە فەخرکردن بـەوەوە ، تـاکو گەشتە ئەوەی کە دوو لە پیاوانی دوو گەڕەك و لاکە لە سەر چۆك دانیشتن و ئامادەباش بوون بۆ جـەنگ ، کە : ( أوسُ ) ی کوڕی ( قَيْظي ) کە یەکێك بوو لە نەوەکانی ( حـــارثة ) ی کوڕی ( الحارث ) و ئەوسی بوو ، لە گەڵ ( جبّار ) ی کوڕی ( صخر ) کە یـەکێك بوو لـە نـەوەکانی ( سَــلمة ) و خـەزرەجی بوو . ئـەو دووە دەســتیان بــە قــسەکردن و یــەکێکیان بــەوی تریــانی ووت : ئەگــەر بتانــەوێت والله ســەرلەنوێ تــازەی دەکەینەوە ! بەوەش هەردوو لا توڕەبوون ، و ووتیان : ئەوە ئەنجاممانـدا ، ئادەی چەك چەك !! شـوێنی

---

[١١] ( سيرة ابن هشام ٢ : ٢٠٤ – ٢٠٦ ) ، وانظر : ( تفسير الطبري : ج ٦ / ص ٥٥ ــ ٥٦ ، برقم : ٧٥٢٤ ، و تفسير البغوي : ج ٢ / ص ٧٥ ، و تفسير ابن كثير : ج ٢ / ص ٩٠ ، و فتح القدير : ج ٢ / ص ٥ ) .

**دیاریکراومانیش ( الظاهرة ) یە ، و هەردوو لاش دەرچوون بۆ ئەویّ ، و خەڵکەکە بوون بە دوو کۆمەڵی بەرامبەر بەیەك . ئەوسیەکان ڕۆشتنە لای یەك و خەزرەجیەکانیش بەهەمان شێوە ، لە سەر شێوازی بانگێشی سەردەمی نەفامی .**

**هەواڵی ئەوە گەشتە پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش لەگەڵ ئەوانەی کە لە کۆچەران لە گەڵیدا بوون دەرچوو بۆ لایان ، تاکو پێیان گەیشت ، و فەرمووی : ئەی کۆمەڵی موسڵمانان ، ( الله الله ) هێشتا من لە نێوانتانم و زیندووم بانگێشی نەفامی دەکەن ؟! ئەمە دوای ئەوەی کە خوای پەروەردگار هیدایەتی دان بۆ ئایینی ئیسلام ، و بەهۆیەوە ڕێزی لێگرتن ، و کرداری نەفامی لێدوورکردنەوە ، ڕزگاری کردن لە بێباوەڕی ، و خۆشی خستە نێوانتانەوە ، کەچی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە لە سەری بوون لە بێباوەڕێتی ؟!**

**خەڵکەکەش زانیان کە ئەو کارە هاندانی شەیتانە ، و تەڵەکەی دوژمنانیانە ، بۆیە چەکەکانیان لە دەست فڕێدا و دەستیان کرد بە گریان ، پیاوانی ئەوس و خەزرەج دەستیان لە ملی یەکتر کرد ، پاشان لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ ڕۆشتن بە گوێبیستی و گوێڕایەڵیەوە ، بەوەش خوای پەروەردگار ئاگری تەڵەکە و فێڵی دوژمنی خوا ( شأس ) ی کوڕی ( قیس ) ی لێ دوورکردنەوە ، لەگەڵ ئەوی کە ئەنجامی دا .**

**خوای پەروەردگاریش سەبارت بە ( شَأس ) ی کوڕی ( قیس ) و کردەوەکە ئەم ئایەتەی دابەزاند :** ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا تَعْمَلُونَ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا ﴾ **، وە سەبارەت بە هەریەك لە ( أوس ) ی کوڕی ( قَيْظِيّ ) ، و ( جبّار ) ی کوڕی ( صخر ) ئەوانەش کە لە گەڵیاندا بوون لە هاوعەشیرەتەکانیان کە ئەوەیان کرد کە کردیان و بووە هۆی ئەوەی کە ( شـأس ) ی کوڕی ( قیس ) بتوانێت کردەوەی سەردەمی نەفامی بخاتە نێوانیان !!! خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ ﴾ **تاکو دەگاتە** ﴿ وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ .

**هەروەها پێشەوا ( الطبري ) . بە ڕەحمەت بێت . لە تەفسیری ئایەتی :** ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنْتُمْ شُهَدَاءُ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ **فەرموویەتی : (( نزلت في رجل من اليهود حاول الإغراء بين**

**الحيَّين من الأوس والخزرج بعد الإسلام ، ليراجعوا ما كانوا عليه في جاهليتهم من العداوة والبغضاء . فعنَّفه الله بفعله ذلك ، وقبَّح له ما فعل ووبَّخه عليه ، ووعظ أيضًا أصحابَ رسول الله ﷺ ، ونَهاهم عن الافتراق والاختلاف ، وأمرهم بالاجتماع والائتلاف ))** [١٢] .

واته : ئەم ئایەتە سەبارەت بە پیاوێکی جولەکە دابەزێنراوە ، کە لە هەوڵی دووبەرەکێ نانەوەی بوو لە نێوان دوو گەڕەك و تایفە لە ئەوس و خەزرەج پاش ئیسلام بوونیان ، بۆ ئەوەی ئەو دووبارە بکەنەوە کە لە سەردەمی نەفامیدا لەسەری بوون لە دژایەتی و ڕقەبەرێ لە نێوانیاندا ، بۆیە خوای پەروەردگار بە توندی بەرپەرچی دایەوە لەبەر ئەو کردەوەیەی ، و ناشرینی کردەوەکەی بۆ دەرخست و سەرزەنشتی کرد لە سەری ، وە هەروەها ئامۆژگاری هاوەڵانی پێغەمبەری خوای کرد ﷺ ، یاساغیشی لێکردن لە تەفریقە و جیاوازی ، و فەرمانی پێکردن بە کۆمەڵ بوون و هاریکاری لە نێوانیاندا .

کەواتە ناولێنانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەو کارەی کە لە نێوان پشتیوانان و کۆچەران ڕووی دا بە ( **بانگێشی نەفامی** ) بۆ ئاشکراکردنی قێزەونی کارەکەیانە ، نەك بۆ ڕێپێدانی کارەکەیان ، هەروەکو پێشەوا ( النووي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( **وَأَمَّا تَسْمِيَته ﷺ ذَلِكَ دَعْوَى الْجَاهِلِيَّة فَهُوَ كَرَاهَة مِنْهُ لِذَلِكَ** )) [١٣] .

بۆیە ناو و زاراوەکان ئەگەر بنەواشیان لە سەرچاوەکانی شەریعەتدا هاتبێت . کە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەرە ﷺ . کە بوون بە جێگە و هۆکاری تەفریقە و لاسایی کوێرانە و دەمارگیری ، کار و کرداری سەردەمی نەفامیە ، ئەوەتا شێخ ( صالح آل الشيخ ) لەو بارەیەوە فەرموویەتی : (( **أَنَّهُ لا يُحدَثُ ألفاظ وأسماء يُجْمَعْ الناس عليها ويَتَعَصَّبُونَ لها ، وهي ليست من الألفاظ الشّرعية " لأنّ هذا نوع من الفُرْقَةُ والخلاف والافتراق** .

ولهذا قال العلماء : **الله ـ عز وجل ـ سَمَّى أتباع محمد ﷺ مسلمين ومؤمنين ، وَسَّمى منهم المهاجرين ، وسَمَّى منهم الأنصار ، وسَمَّى منهم الأعراب ، وسَمَّى منهم إلى آخره ، وهذه التسميات لأجل مجيئها في القرآن فهي شرعية ، وهذه التسميات الشرعية إذا تُعُصِّبَ لها مع أنَّها شرعية صارت مذمومةً حاشا اسم الإسلام**

---

[١٢] ( تفسير الطبري : ج ٦ / ص ٥٤ ) .

[١٣] ( شرح النووي على مسلم : ج ٨ / ص ٣٩١ ) .

**و الإيمان . لهذا لما قام رجل من المهاجرين لأجل خلاف وقال : يا للمهاجرين . ينتخي بهم !! وقام غلام من الأنصار فقال : يا للأنصار . ينتخي بهم !! فقال النبي ﷺ : أبدعوى الجاهلية وأنا بين أظهركم** (١٤) )) (١٥) .

واته : نابێت گۆ و ناوێلێك دابهێنرێت بەهۆیانەوە خەڵكانێكی لە سەر كۆبكرێتەوە ، و دەمارگیری بۆ بكرێت ، كەچی ناوێلێكی شەرعیش نین ، چونكە ئەمە جۆرێكە لە جۆرەكانی جیابوونەوە و جیاوازی و تەفریقە نانەوە .

بۆیە زانایان فەرموویانە : خوای پەروەردگار ناوی شوێنكەوتوانی محمدی ناوە بە موسڵمانان و باوەڕداران ، وە هەندێكی بە كۆچەران ناوبردووە ، و هەندێكی تریشیان بە پشتیوانان ، و هەندێكیان بە دەشتەكی ( الأعراب ) ناوبردووە ، وە ناوی هەندێكی تری ناوە بە ... هتد ، وە ئەم ناولێنانانەش لە بەر هاتنی لە قورئانی پیرۆز بە شەرعی دادەنرێن بەڵام ئەگەر ئەم ناونانانە شەرعیانە دەمارگێری لە سەر كرا ، سەرەڕای ئەوەی كە شەرعیشن ، ئەو كاتە لۆمەكراوون جگە لە ناوی ( ئیسلام و باوەڕ ) ، بۆیە ئەو كاتەی كە پیاوێك لە كۆچەران . لە بەر جیاوازی . ووتی : ئەی كۆچەران ، و فەخری پێوە دەكردن ، و لاوێك لە پشتیوانان هەستا و ووتی : ئەی پشتیوانان ، و فەخری پێوە دەكردن ، پێغەمبەری خواش ﷺ لەوكاتەدا فەرمووی : بانگێشی نەفامی دەكەن !! كەچی هێشتا من لە نێوانتانم و هێشتا زیندووم و نەمردووم .

لە كۆتایی ئەم تاو و توێكردنەدا بەوە دەگەین كە (( **كُلُّ مَا خَرَجَ عَنْ دَعْوَةِ الْإِسْلَامِ وَالْقُرْآنِ : مِنْ نَسَبٍ أَوْ بَلَدٍ أَوْ جِنْسٍ أَوْ مَذْهَبٍ أَوْ طَرِيقَةٍ : فَهُوَ مِنْ عَزَاءِ الْجَاهِلِيَّةِ** ؛ بَلْ لَمَّا اخْتَصَمَ رَجُلَانِ مِنْ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ فَقَالَ المهاجري : يَا لِلْمُهَاجِرِينَ وَقَالَ الْأَنْصَارِيُّ : يَا لِلْأَنْصَارِ ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ : " أَبِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ وَأَنَا بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ ؟ " . وَغَضِبَ لِذَلِكَ غَضَبًا شَدِيدًا )) (١٧) .

واتە : هەموو ئەوەی كە لە بانگێشی ئیسلام و قورئان بەدەر بێت : جا ئەوە دانەپاڵ و نیسبەت بێت ، یان شارێك بێت ، یان ڕەگەز یان بۆچوون یان ڕێچكەیەك بێت ، ئەوا لە بانگێشی نەفامیە ، بەڵكو كاتێكیان دوو پیاو لە كۆچەران و پشتیوانان دووبەرەكێیەكیان نایەوە ، و كۆچەرەكە

---

(١٤) ( البخاري (٤٩٠٥)/ مسلم (٦٧٤٨)) .

(١٥) ( شرح العقيدة الطحاوية للشيخ صالح آل الشيخ : ج ١ / ص ٥٠٠ ) .

(١٧) ( مجموع فتاوى ابن تيمية : ج ٦ / ص ٣٨٨) .

ووتی : ئەی کۆچەران ، و پشتیوانەکەش ووتی : ئەی پشتیوانان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بانگێشی نەفامی دەکەن !!! کەچی هێشتا من لە نێوانتانم و زیندووم و نەمردووم ، و زۆر بەو شتە تورەبوو .

**دووەم : تەفریقە و حزبایەتی لە ئیسلامدا نیە (( لا حِلْفَ في الإسلام )) :**

گومان لەوەدا نیە کە ئایینی ئیسلامی پیرۆز ئاینی خوای پەروەردگارە و ئایینێکی تێر و تەسەل و بێ کەم و کورییە ، پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی نەکردووە تاکو ئایینەکەی بۆ کامڵ کراوە ، خـــوای پـــەروەردگـار فـەرمـوویـەتی : ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلامَ دِينًا ﴾ ( المائـــدة : ٣ ) ، واتە : جا ئەمڕۆ . کە ڕۆژی عەرەفیە . ئایین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاند و کامڵ و تەوا بۆکردن ، و ناز و نیعمەتی خۆمم بەسەر ڕشتن ، و ڕازیش بووم بەوەی کە ئایینی ئیسلام ببێت بە ئایین و بەرنامەتان .

ئەو تێروتەسەلەی تەواویەش لە هەموو بوارەکاندایە ، بواری یەکخواپەرستی بێت ، یان بواری پەرستش و بەڕیوە بردنی وڵات و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ، و پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە و هەموو پەیوەندیەکانی تریش ، کە چاکەی موسڵمانان و پتەوکردنی پەیوەندیەکانی تێدایە ، لەوانەش هاریکاری و پشت یەکگرتن بۆ چاکەکاری بە هەموو شێوەکانی ، لە برایەتی ئیسلامەتی و پەیوەندیەکانی تر ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر پێویست نەبوونی ئایینەکەی بە دروست کردن و بەستنی پەیوەندی تر تیایدا قەدەغە کردووە ، هەروەکو ( جُبَیـــرِ ) ی کوڕی ( مُطْعِـــم ) رضي الله عنه فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **لاَ حِلْفَ فِى الإِسْلاَمِ** ، ... " [١٨] .

واتای ( الحِلْف ) یش هەروەکو پێشەوا ( ابن حجر ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( الْحِلْف بِكَسْرِ الْمُهْمَلَة وَسُكُون اللَّام بَعْدهَا فَاء : الْعَهْد )) [١٩] ، بریتیە لە : پەیماندان .

پێشەوا ( ابن حجر ) . بە ڕەحمەت بێت . ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە سەردەمی نەفامیدا بەم شێوە و مەبەستە پەیمانیان دەبەست ، هەروەکو فەرموویەتی : (( أهم كانوا يتعاقدون ، و يتحالفون على نصر

---

[١٨] ( رواه مسلم : ٢٥٣٠ ) .

[١٩] ( فتح الباري لابن حجر : ج ٧ / ص ١٣٦ ) .

بعضهم بعضا ، ويضعون أيديهم جميعا في جفنة فيها طيب أو غيره : ومنه : الحلفاء ، وحلفاؤهم ، وتحالفت ثم وغمس حلفا )) [٢٠] ، **واتە : ئەوان لە سەردەمی نەفامیدا ، گرێبەندیان دەبەست و هاوپەیمانیان دەکرد لە سەر سەرخستنیان بۆ یەکتر ، و هەموویان دەستەکانیان دەخستە ناو تەشتێکەوە ، کە بۆنی خۆشی تێدا بوو یان هەر شتێکی تر ، وە هەر لەوەشە هاتووە زاراوەی : هاوپەیمانان ، و هاوپەیمانانیان ، و هاوپەیمانی بەست ، پاشان چووە ناو پەیامانێکەوە .**

**کەواتە ئەو پەیماندان و گرێبەند و کۆمەڵ بەستنانەی کە لە سەردەمی نەفامیدا هەبوون و پێچەوانەی ئیسلامن نابێت لە ئیسلامدا ببەسترێن ، پێشەوا** ( النووي ) **. بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( وَأَمَّا قَوْله ﷺ : " لَا حِلْف فِي الْإِسْلَام " فَالْمُرَاد بِهِ حِلْف التَّوَارُث ، وَالْحِلْف عَلَى مَا مَنَعَ الشَّرْع مِنْهُ . وَاَللَّه أَعْلَم )) [٢١] .

**واتە : وە سەبارەت بە فەرموودەی : هیچ پەیمانێك لە ئیسلامدا نیە ، مەبەست پێی پەیمانی میرات گرێتیە ، یان ئەو پەیمان بەستنانەی کە شەرع ڕێگری لێکردووون .**

**وەڵامی ئەوەش ئاشکرایە کە ئەگەر کەسێك بڵێت بۆچی ؟! ئەوا لە وەڵامیدا دەووترێت چونکە :** (( أن الإسلام لا يحتاج معه إلى الحلف الذي كان أهل الجاهلية يفعلونه ، فإن في التمسك بالإسلام كفاية عما كانوا فيه )) [٢٢] ، **واتە : گومان لەوەدا نیە کە ئایینی ئیسلام لە گەڵ بوونی خۆیدا پێویستی بە هیچ پەیمانێك نیە کە لە سەردەمی نەفامیدا دەبەسترا ، و ئەنجامیان دەدا ، چونکە پابەند بوون و دەست گرتن بە ئیسلام بەسە و پێویست ناکات بەوەی کە ئەوانی تێدابوون .**

**دانای و حیکمەتیش لەوەدایە کە** (( أن الشرع جاء بالانتصار من الظالم وأخذ الحق منه وإيصاله إلى المظلوم ، وأوجب ذلك بأصل الشريعة إيجابا عاما على من قدر من المكلفين ، وجعل لهم السبيل على الظالمين فقال تعالى : ﴿ إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَٰئِكَ لَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( الشورى : ٤٢ ) .

---

[٢٠] ( مقدمة الفتح : ج ١ / ص ١٠٥ ) .

[٢١] ( شرح النووي على مسلم : ج ٨ / ص ٣٠٢ ) .

[٢٢] ( تفسير ابن كثير : ج ٤ / ص ٥٩٨ ) .

وفي الصحيح من قوله : " انصر أخاك ظالما أو مظلوما " قالوا : يا رسول الله ، هذا ننصره مظلوما فكيف ننــصره ظالما ؟ قال : " تأخذ على يديه ــ في رواية : تمنعه من الظلم ــ فإن ذلك نصره " .

وقد تقدم قوله عليه السلام : " إن الناس إذا رأوا الظالم ، ولم يأخذوا على يديه ، أوشك أن يعمهم الله بعقاب مـــن عنده " )) [٢٣] ، واتـه : شـەریعەت هـەموو ئـەوەی تێدایـە كـە دەبێت سـەربخرێت بەسـەر ستـەمكاراندا ، و مافـەكانیان لێ بـسەندرێتەوە ، و بگەڕێنرێنـەوە بـۆ سـتـەم لێكـراوان ، وە لـە بنـەواكانی شـەریعەتدا بـە شێوەیەكی گشتی ئەوەشی پێویست كردووە ، كە بە پێی توانا تەكلیف لێكراون ، و تۆڵە و سزای توند و سەختیشی داناوە بۆ ستەمكاران ، هەروەكو فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَٰئِكَ لَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ، وە لـە ( صــحیح ) یشدا هـاتووە كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرموویـەتی : براكـەت سەربخە ستەم كار بوو یان ستەم لێكراو ، ووتیـان : ئـەی پێغەمبـەری خـوا : ئەمـەمان زانـی كـە سـەری دەخـەین ئەگەر ستەم لێكراوبوو ، ئـەی چۆن سـەری بخـەین ئەگـەر ستـەم كـار بـوو ؟! ئـەویش فـەرمووی : دەستی دەگریت . یان : ڕێگری لێدەكەی لەوەی كە ستەم نەكات . ئا ئەوە سەرخستنێتی .

وە لە پێشیشدا ئەو فەرموودەیەمان هێنایەوە كە تێیدا هاتووە : ئەگەر موسڵمانان ستەمكاریان بینی و دەستیان نەگرت ، ئەوا نزیكە خوای پەروەردگار لە لای خۆیەوە سزایەك بەسەر هەموویاندا بدات .

كەواتە هەروەكو ( القارىء ) فەرموویـەتی : (( **فإن الإسلام أقوى من الحلف ، فمن استمسك بالعاصم القوي استغنى عن العاصم الضعيف** )) [٢٤] .

واتـە : پابەنـدبوون بـە ئیـسلامەوە لـە هـەموو پـەیمانێك پتـەوترە ، جـا ئـەو كەسـەی دەسـتبگرێت بـە پارێزەری پتەوەوە ، پێویستی بە پارێزەری لاواز نابێت .

بۆیە ئەو پەیوەندیانەی كە لە ئیسلامدا نەهاتووە ، یان قەدەغەی كردوون ، ئەوا دروست نیە و نابێت موسڵمانان ئەنجامی بدەن ، بە هەر بیانویەك بێت ، پێشەوا ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویـەتی : (( **فَمِثْلُ هَذِهِ الْمُؤَاخَاةِ وَأَمْثَالِهَا مِمَّا يَكُونُ فِيهِ تَعَاوُنٌ عَلَى مَا نَهَى اللهُ عَنْهُ كَائِنًا مَا كَانَ : حَرَامٌ بِاتِّفَاقِ الْمُسْلِمِينَ .**

---

[٢٣] ( تفسير القرطبي : ج ١٠ / ص ١٧٠ ) .

[٢٤] ( تحفة الأحوذي : ج ٥ / ص ١٧٤ ) .

وَإِنَّمَا النِّزَاعُ فِي مُؤَاخَاةٍ يَكُونُ مَقْصُودُهُمَا بِهَا التَّعَاوُنُ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى ، بِحَيْثُ تَجْمَعُهُمَا طَاعَةُ الله ، وَتُفَرِّقُ بَيْنَهُمَا مَعْصِيَةُ الله ، كَمَا يَقُولُونَ : تَجْمَعُنَا السُّنَّةُ ، وَتُفَرِّقُنَا الْبِدْعَةُ .

فَهَذِهِ الَّتِي فِيهَا النِّزَاعُ . فَأَكْثَرُ الْعُلَمَاءِ لَا يَرَوْنَهَا ، اسْتِغْنَاءً بِالْمُؤَاخَاةِ الْإِيمَانِيَّةِ الَّتِي عَقَدَهَا الله وَرَسُولُهُ " فَإِنَّ تِلْكَ كَافِيَةٌ مُحَصِّلَةٌ لِكُلِّ خَيْرٍ " فَيَنْبَغِي أَنْ يَجْتَهِدَ فِي تَحْقِيقِ أَدَاءِ وَاجِبَاتِهَا " إذْ قَدْ أَوْجَبَ الله لِلْمُؤْمِنِ عَلَى الْمُؤْمِنِ مِنْ الْحُقُوقِ مَا هُوَ فَوْقَ مَطْلُوبِ النُّفُوسِ )) [٢٥] ، واتە : هاوشێوەی ئەم برایەتیە و هاوشێوەکانی لەوانەی کە تیایدا هاوکاری دەکرێت لە سەر ئەوەی کە خوای پەرەوەردگار یاساغی لێکردووە ، هەر کەسێك بێت ، حەرامە بە کۆڕای موسڵمانان ، بەڵکو جیاوازیەکە لەو جۆرە برایەتیەدایە کە مەبەستیان پێی هاوکاریە لە سەر چاکە و لەخواترسان ، بەشێوەیەك گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار کۆیان دەکاتەوە ، و سەرپێچیان بۆ خوای پەروەردگار لە یەکیان جیادەکاتەوە ، هەروەکو دەڵێن : سوننەت کۆمان دەکاتەوە ، و بیدعەش لە یەك جیامان دەکاتەوە ، ئا ئەمەیە کە ناکۆکی لەسەرە ، ئا ئەم جۆرە زۆرینەی زانایان بە درووستی نازانن ، لەبەر بوونی ئەو برایەتیەی کە لە سەر باوەڕ لە لایەن خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ دامەزرێنراوە ، چونکە ئەوە بەسە ، و هەموو چاکەیەك بەدی دەهێنێت ، بۆیە پێویستە موسڵمانان هەوڵی ئەداکردنی پێویستیەکانی بکەن ، چونکە زیاد لە سەر ئەوەی کە خەڵکانێك داوای دەکەن خوای پەروەردگار چەندەها مافی لەسەر بڕواداران پێویست کردووە بەرامبەر بە برای بڕواداریان .

لە کۆتاییدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە : (( وَبِالْجُمْلَةِ فَجَمِيعُ مَا يَقَعُ بَيْنَ النَّاسِ مِنْ الشُّرُوطِ وَالْعُقُودِ وَالْمُحَالَفَاتِ فِي الْأُخُوَّةِ وَغَيْرِهَا تُرَدُّ إلَى كِتَابِ الله وَسُنَّةِ رَسُولِهِ ، فَكُلُّ شَرْطٍ يُوَافِقُ الْكِتَابَ وَالسُّنَّةَ يُوَفَّى بِهِ ، و " مَنْ اشْتَرَطَ شَرْطًا لَيْسَ فِي كِتَابِ الله فَهُوَ بَاطِلٌ ؛ وَإِنْ كَانَ مِائَةَ شَرْطٍ . كِتَابُ الله أَحَقُّ ، وَشَرْطُهُ أَوْثَقُ " فَمَتَى كَانَ الشَّرْطُ يُخَالِفُ شَرْطَ الله وَرَسُولِهِ كَانَ بَاطِلًا : مِثْلُ أَنْ يَشْتَرِطَ ... أَنَّهُ يُعَاوِنُهُ عَلَى كُلِّ مَا يُرِيدُ ، وَيَنْصُرُهُ عَلَى كُلِّ مَنْ عَادَاهُ ، سَوَاءٌ كَانَ بِحَقِّ أَوْ بِبَاطِلِ ، أَوْ يُطِيعُهُ فِي كُلِّ مَا يَأْمُرُهُ بِهِ ، ... وَنَحْوَ ذَلِكَ مِنْ الشُّرُوطِ )) [٢٦] ، واتە : وە بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو مەرجگیری و گرێبەند و پێکەوەبوونانە کە لە نێوان خەڵکدا ڕوو دەدات لە برایەتی و جگە لەویش ، ئەوا دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ لای قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، جا هەر مەرجێك گونجاو بێت لە گەڵ قورئان و

[٢٥] ( مجموع فتاوى ابن تيمية : ج ٩ / ص ٢١١ ) .

[٢٦] ( مجموع فتاوى ابن تيمية : ج ٩ / ص ٢١١ ) .

سوننەت ئەوا وەفای پێوە دەکرێت ، وە ئەو کەسەش کە مەرجێك بە مەرج بگرێت کە لە قورئانەکەی خوای گەورەدا نەبێت ، ئەوا پوچەڵە ، ئەگەر سەد مەرجیش بێت ، ڕەواترین کتێب کتێبەکەی خوایە ، و مەرجەکانی ئەویش پتەوترن ، جا هەر کاتێك مەرجەکە پێچەوانەی مەرجی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی بوو ﷺ ئەوا پوچەڵە ، وە ئەوەی کە مەرج گیری بکرێت لەوەی کە : ... ، وە لەوەی کە هاریکاری بکات لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیەوێت ، وە سەریبخات بەسەر هەموو ئەوانەی کە دژایەتی دەکەن ، بەبێ ئەوەی کە جیاوازی لە نێوان ئەوە بکرێت کە ڕەوایە یان ناڕەوا ؟! یان دەبێت گوێڕایەڵی بکات لە هەموو ئەوەی کە فەرمانی پێدەکات ، ... وە هاوشێوەکانی ئەم مەرجانە .

جا بابزانین شێخ ( علي الحلبي الأثــري ) یش سەبارەت بە پەیوەندی موسڵمانان لە گەڵ یەکدا ، و نادروستی حزبایەتی ، دروستکردنی پەیمانێکی تر لە ناو ئیسلامدا ، و بەبەڵگە هێنانەوەی ئەم فەرموودەیە چیمان پێ دەفەرمووێت ؟ شێخ فەرموویەتی : (( **من بدهيات الأمور عند المسلمين كافة ، أن الإسلام ربط المسلمين برابطة لا يمكن لأي تنظيم وضعي مهما حصل عليه من القوة والدقة أن يصل إلى مثلها ، وأن العلاقة أو الأخوة الإسلامية هي أساس الولاء والبراء في الإسلام ، فالمسلم ولي المسلم سواء عرفه أم لم يعرفه ، بل ولو كان أحدهما في المشرق والآخر في المغرب** .

**وهذا يعني أن الإسلام لا يتحمل في داخله تنظيماً آخر ، بحيث تكون أسس ذلك التنظيم وقواعده أساساً للولاء والبراء " لأن هذا النوع من التنظيم يقتضي أن من انتظم فيه يستحق العون والنصرة والإخاء وغيرها من الحقوق ، ومن لم ينتظم فيه لا يستحق تلك الحقوق !!! مع أن الإسلام أعطى المسلم جميع هذه الحقوق ، لمجرد كونه مسلماً ، لا لسبب آخر** .

ومن هنا يتبين معنى قوله ﷺ : " لا حلف في الإسلام ، وأيما حلفٍ كان في الجاهلية لم يزده الإسلام إلا شدةً " [٢٧] . وذلك أن الإسلام لما قضى على جميع المواد التي كانت أساس الولاء والبراء في الجاهلية ، وجعل الإسلام نفسه مادة الولاء والبراء وجعل جميع المسلمين سواسيةً في الحقوق ، لم يبق عنده مجال لتعدد الجماعات والكتلات المتفرقة بحيث لا يكون لإحداها حقوق وعلاقات بالأخرى حتى يحتاج إلى عقد التحالف بينهما .

---

[٢٧] ( رواه مسلم : ٢٥٣٠ ) .

فالحديث يفيد : **أن التحزب والافتراق إلى جماعات وأحزاب أمر لا يطابق معنى الإسلام ، ولا يتصور فيه " لأن مجرد التمييز بمحالفة خاصة يجعل غير الحليف في مكان أدنى من الحليف ، وهذا لا يجوز في شرع الله إذ الدنو والعلو مرده للطاعة لا لغيرها مما يخالف الائتلاف والجماعة** .

قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله : (( **وليس لأحد أن ينصب للأمة شخصاً يدعو إلى طريقته يوالي ويعادي عليها غير النبي ﷺ ، ولا ينصب لهم كلاماً يوالي عليه ويعادي غير كلام الله ورسوله ، وما اجتمعت عليه الأمة ، بل هذا فعل أهل البدع الذين ينصبون لهم شخصاً أو كلاماً يفرقون به بين الأمة يوالون به على ذلك الكلام أو تلك النسبة ويعادون** )) .

**وهذا حال كثير من الجماعات والأحزاب الإسلامية اليوم** ؛ **أنهم ينصبون أشخاصاً قادة لهم ، فيوالون أولياهم ، ويعادون أعداهم ، ويطيعونهم في كل ما يفتون لهم دون الرجوع إلى الكتاب والسنة ، ودون أن يسألونهم عن أدلتهم فيما يقولون أو يفتون** .

**ومثل هذه المناهج لا تصلح أن تكون أساساً للتغيير ، ووحدة صف المسلمين بل ولم يحدث أن توحدت كلمة المسلمين على مذهب من المذاهب ، أو على حزب من الأحزاب ، رغم المحاولات التي بذلتها بعض الدول من أجل فرض ذلك المذهب أو ذلك الاتجاه القبلي أو الحزبي** .

**وفي إطار هذا المعنى : يمكن فهم حكم الأحزاب السياسية في الإسلام ، فإن الأحزاب السياسية تنظم أهلها على أسس وقواعد تختارها** ، **ثم تجعل الانتماء إلى الحزب أساس الولاء والبراء ، فالحزب حينما يحسن إلى من لم يدخل فيه لا يتعامل معه إلا معاملة لا تزيد على البر والإقساط الذي سمح الله للمسلمين أن يعاملوا به المشركين في قوله :** ﴿ لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ﴾ ( الممتحنة : ٨ ) ، **أما الولاء الذي هو فوق هذا البر ، فإن الحزب لا يعامل به إلا من دخل فيه وانتمى إليه** .

**بعد ذلك أقول : إذا قلنا بتكوين الأحزاب السياسية في الإسلام ، فالحزب أما أن يجعل الإسلام هو أساس الولاء والبراء ، أو يجعل أمراً آخر غيره !!! فإن الإسلام هو الأساس ، فإن الإسلام لا يحتاج إلى إقامة حزب آخر ، أو تنظيم جماعة أخرى ، بل هو نفسه يكفي لذلك** .

**والمقصود : أن الشريعة المطهرة قد حرمت كل ما من شأنه أن يقطع صلة المسلم بأخيه المسلم ، كما أنها ألزمت وأوجبت كل ما يؤدي إلى ربط صلة المسلم بأخيه المسلم ومحبته له** .

**بذا يكون قد ظهر الحكم وبان القول واستقر المنع ، مؤيداً ذلك كله بوجوه كثيرة : عقلية ونقلية داخلية وخارجية ، مما لا يستطيع أحد دفعه ـ بإذن الله ـ إلا بالكلمات الجوفاء والنكير ، والتنفير ، وذا لا يسوى بالنقير !!**

والحمد لله رب العالمين ، وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم )) [٢٧] .

**واته : یەکێك لە شتە بەڵگە نەویستەکان لای هەموو موسڵمانان بە گشتی ئەوەیە کە ئاینی ئیسلامی پیرۆز موسڵمانانی بەیەکەوە پەیوەند کردووە بە پەیوەندکارێك ، کە هیچ ڕێکخراوێکی تری مرۆڤ کرد ناتوانێت . هەرچەندە هێز و وردەکاری بەدەست بێنێت . بگاتە هاوشێوەکەی ، وە ئەو پەیوەندیە یان برایەتیە ئیسلامیە بنەوای خۆشویستن و ڕق لێبوونە ( الــولاء والــبراء ) لە ئیسلامدا ، موسڵمان لە ئیسلامدا برا و دۆستی موسڵمانە بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەوەی کە دەیناسێت یان نە ، بەڵکو ئەگەر یەکێکیان لە ڕۆژهەلات بێت و ئەوی تریان لە ڕۆژئاوا .**

**ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسلام ئەوە هەڵناگرێت کە لەناویدا ڕێکخراوێکی تر هەبێت ، بەشێوەیەك بنەواکانی ئەو ڕێکخراوە و ڕێساکانی بنەوا بێت بۆ خۆشویستن و ڕق لێبوون ، چونکە ئەم جۆرە ڕێکخستنە ئەوە دەخوازێت کە ئەو کەسەی بڕواتە ناویەوە شایستەی یارمەتیدان ، و برایەتی ، جگە لە مافەکانی تری دەکات ، وە ئەوەش لە ڕیزەکانیان نەبێت ، ئەوا شایستەی ئەو مافانە نیە !!! ئەگەرچی ئیسلام هەموو ئەو مافانەی پێبەخشیوە تەنها بە موسڵمان بوونی ، نەك بۆ هیچ هۆکارێکی تر !!!**

**لەمەشەوە واتای ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوامان ﷺ بۆ دەردەکەوێت کە فەرموویەتی : هیچ جۆرە پەیماندانێك نیە لە ناو ئیسلامدا ، و هەر پەیماندانێکیش لە سەردەمی نەفامیدا درابێت ئەوا ئیسلام پتەوتری دەکات .**

**وە ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە ئیسلام هەموو ئەو شتانەی لەناودا کە بنەوای خۆشویستن و ڕق لێبوون هەبوون لە سەردەمی نەفامیدا ، و خۆشی کرد بەجێگری بە بنەوای خۆشویستن و ڕق لێبوون ، و هەموو موسڵمانانی تێدا یەکسان کرد لەو مافانەدا ، جێگەی ئەوەی تێدا نەما بۆ فرە کۆمەڵێ و پارچە**

---

[٢٧] ( الدعوة إلى الله بين التجمع الحزبي والتعاون الشرعي : ص ١٠٣ ــ ١٠٧ للشيخ علي حسن الحلبي الآثري ) .

پارچەگەرێتیە پەرتەوازکارەکان ، بەشێوەیەك چەند مافێکی پەوەست هەبێت بە یەکێکیانەوە و پەیوەندی بەوی تریانەوە نەبێت ئەوەش وابکات کە پێویستی بە بەستنی پەیوەندی تر لە نێوانیاندا .

فەرموودەکەی سەرەوەش ئەوەمان پێ فێردەکات کە : حزبایەتی و پەرتەوازە بوون بۆ چەندەها کۆمەڵ و حزبی جیاجیا کردارێکە هاوکۆك نیە و ناگونجێت لە گەڵ واتای ئیسلام و تێیدا نیە ، چونکە تەنها جیاکاریەکی تایبەت بە پەیوەندیکار و پەیماندەرەوە وادەکات کە کەسێك کە پەیوەندی نەکات و پەیمان نەدات لە پلەیەکی نزمتر بێت لە پلەی پەیماندەر و پەیوەندیکارەوە ، وە ئەمەش لە شەریعەتی خوای پەروەردگاردا نابێت ، لە بەر ئەوەی کە نزمی و بەرزی دەگەڕێتەوە بۆ گوێڕایەڵی ، نەك بۆ شتی تر کە پێچەوانەی هاوکاری و کۆمەڵەکەوە .

شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( ابن تيمة ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( بۆ هیچ کەسێك نیە کە جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کەسێك دابنێت بۆ ئوممەت ، و بانگەواز بکات بۆ ڕێگەکەی ، و خۆشویستن و ڕق لێبوونی لە سەر دابمەزرێنێت ، یان ووتەیەك . جگە لە ووتەکەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیان ﷺ و ئەوەی کە ئوممەت کۆڕای لەسەر کردوون . بۆ دابنێت و خۆشویستن و ڕق لێبوونی لە سەر دابمەزرێنێت ، بەڵکو ئەو کارە کردەوەی بیدعەکارانە ، ئەوانەی کە کەسێکیان بۆ دادەنێن ، یان ووتەیەکیان بۆ دادەنێن !!! بەهۆیەوە تەفریقە لە نێو ئوممەتدا دەنێنەوە و خۆشویستن لە سەر ئەو ووتەیە یان ئەو نیسبەتە دادەمەزرێنن و ڕق لێبوونیشیان !! )) .

ئەمەش بار و حاڵی زۆرێك لە کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆیە !!! کە دەبینیت کەسانێك دادەنێن بە سەرکردەی خۆیان ، دۆستایەتی لایانگرانی دەکەن و دژایەتی دوژمنانی ، وە گوێڕایەڵیان دەکەن لە هەموو ئەو شتانەی کە فەتوایان بۆ دەدەن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەت ، وە بێ ئەوەی پرسیاریان لێبکەن سەبارەت بە بەڵگەکانیان ، لەوەی دەیڵێن یان وەڵامی پێ دەدەنەوە !!!

بۆیە هاوشێوەی ئەم پەیڕەوانە ناگونجێت بکرێت بە بنەوایەك بۆ گۆڕانکاری ، و یەك ڕیزی موسڵمانان ، بەڵکو ڕووی نەداوە کە ووتەی موسڵمانان یەکی گرتبێت لە سەر مەزهەبێك لە مەزهەبەکان ، یان لە سەر حزبێك لە حزبەکان ، سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵانەی کە لە لایەن هەندێك وڵاتەوە دراوون ، بۆ ئەوەی ئەو مەزهەبە یان ئەو ئاراستە خێڵەکیە یان حزبیە بسەپێنن بەسەر خەڵکدا !!!

وە لە چوارچێوەی ئەم واتایەدا : دەتوانرێت حوکمی حزبە سیاسیەکان لە ئیسلامدا بزانین ، حزبە ئیسلامیەکان لایانگرانی خۆیان لە سەر کۆمەڵە بنەوا و ڕێسایەك ڕێك دەخات کە خۆی هەڵیان دەبژێرێت ، پاشان پەیوەندی کردن بۆ حزبەکە دەکاتە بنەوای خۆشویستن و ڕقلێبوون !! وە لە کاتێکیشدا کە حزب چاکە لە گەڵ یەکێکدا دەکات کە نەڕۆشتووەتە ڕیزەکانیەوە ، مامەڵەیەکی لە گەڵدا ناکات کە لەو مامەڵەیە زیاتر بێت کە چاکەکاری و دادپەروەری تێدایە و خوای پەروەردگار فەرمانی بە موسڵمانان کردووە بەرامبەر بە بێباوەڕان ئەنجامی بدەن ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ﴾ ( الممتحنة : ٨ ) ، بەڵام خۆشویستن کە لە سەروی ئەم چاکەکاریە ، ئەوا حزب مامەڵەی پێ ناکات لەگەڵ ئەوانە نەبێت کە هاتوونەتە ناویەوە و پەیوەندیان پێوەیە !!!

دوای ئەوە دەڵێم : ئەگەر بڵێن حزبی سیاسی دروست بکرێت لە ئیسلامدا ، ئەوا حزب یان دەبێت ئیسلام بکات بە بنەوای خۆشویستن و ڕق لێبوون ، یان شتێکی تر جگە لەو بکاتە بنەوا !!! ئاشکراشە کە ئیسلام خۆی بنەوایە و پێویستی بەوە نیە کە هیچ حزبێکی تری تێدا دروست بکرێت ، یان ڕێکخراوێکی تری تێدا دروست بکرێت ، بەڵکو خۆی بەسە بۆ ئەوە .

مەبەستیش ئەوەیە : کە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز هەموو شتێکی قەدەغە و حەرام کردووە کە بوونی دەبێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی موسڵمان بە برای موسڵمانیەوە ، و دەبێتە هۆی نەهێشتنی خۆشەویستی بۆی .

بەمەش حوکمەکە ئاشکرا بوو ووتەکەش دەرکەوت ، و حەرامێتی و ڕێگریەکەش جێگیر بوو ، بە پاڵپشتی کردنی هەموو ئەوە بە چەندەها ڕوو : ڕووی عەقلی ، و گواستراوە ( نقلیـة ) ، و ناوخۆیی و دەرەکی ، بەشێوەیەك کە ـ بە ویستی خوای پەروەردگار ـ کەس ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە ، جگە لە ووتەی بێ ناوەڕۆك و نکۆڵی لێکردن نەبێت ، و بە دوورلێکردنەوەی خەڵك نەبێت لێی ، وە ئەو کارانەش بێ نرخ و هیچ نین !! جا شوکر و ستایش بۆ پەروەردگاری جهانیان ، و صەڵات و سەلامیش لە سەر پێغەمبەرمان ( محمد ) و ئەهل و بەیت و هاوەڵانی بێت .

**سێیەم : تەفریقە و حزبایەتی لە شەیتانەوەیە نەك لە پەروەردگار (( إن تفرقكم في هذه الشعاب والأودية إنما ذلكم من الشيطان )) :**

**ئاشکرایە کە شەیتان سەرسەخت ترین دوژمنی مرۆڤی موسڵمانە ، و هەر لە مێژەوە سوێندی خواردووە کە نەوەکانی ئادەم** عليه السلام **لە خشتە بەرێت ، و بیانخاتە داوەکانیەوە ، ئەوەتا خوای پەروەردگار پێی ڕاگەیاندووین کە :** ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ ( فاطر : ٦ ) **، واتە : چونکە بە ڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە ، جا ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی بزانن ، بێگومان ئەو تاقم و کۆمەڵی خۆی بانگێش دەکات بۆ ئەوەی بیانکات بە ئەهل و دانشتووی دۆزەخ ، وە فەرموویەتی :** ﴿قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ ( الحجر : ٣٩ ) **، واتە : ئیبلیس دەڵێت : ئەی پەروەردگار مادام بەهۆی ئادەمەوە** عليه السلام **منت سەرگەردان و سەرلێشێواو کرد ، مەرج بێت لە زەویدا هەموو تاوانێکیان بۆ بڕازێنمەوە و هەموویان سەرگەردان و سەرلێشێواو بکەم .**

**بۆیە دەبێت موسڵمانان لەوە بەئاگابن کە شوێنی شەیتان نەکەون و بکەونە تاوانەوە ، وە ئەگەر تاکو ئیستاش کە سێك گوێڕایەڵی بۆی هەبووبێت ، و تەفریقەی لە نێو موسڵماناندا ناوەتەوە ، بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری و گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی بێت ، نەك گوێڕایەڵی شەیتان بێت ، و شوێنی ووتەکانی بکەوێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ ( النور : ٢١ ) ،
**واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە شوێنی هەنگاو و نەخشە و پلانەکانی شەیتان مەکەون ، چونکە هەر کەس شوێنی هەنگاو و نەخشە و پلانەکانی شەیتان بکەوێت ئەوا با بزانێت کە شەیتان هەمیشە فەرمان بە خراپە و تاوان دەکات ، وە ئەگەر چاکە و میهرەبانی خوای پەروەردگار نەبایە بەرامبەر بە ئێوە ئەوا کەسی لە ئێوە پاك نەدەکردەوە ، بەڵام خوای پەروەردگار ئەوەی کە خۆی بیەوێت پاکی دەکاتەوە ، خوای پەروەردگاریش بیسەر و زانایی ڕەهایە .**

**جا یەکێك لەو خراپەکاریانەی کە هەردەم شەیتان لە هەوڵدایە بۆ نانەوەی لە نێو موسڵماناندا ، تەفریقە و پەرتەوازەییە ، و کردنی موسڵمانانە بە چەندەها حزب و کۆمەڵی جیاواز و دژیەك ، لە پەیڕەو**

و بەرنامەی کاریاندا ، لە بیروباوەڕ و پەرستشیاندا ، لە ئوصولّ و فروعیاندا !!! ئەم هەوڵەی شەیتانیش لە هەموو بوارەکاندایە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ ئوممەتەکەی لە هەموو دیاریدەکانی پەرتەوازەیی و تەفریقە ئاگادار کردووەتەوە ، بۆ ئەوەی ڕێگە لە پلانەکانی شەیتانی لە ڕەحمەتی خوا دەرکراو بگرێت و ئوممەتەکەی لە یەك کۆمەڵی و نەبوونی پەرتەوازەیدا ، لەو پەڕی توانا و پتەویدا بژین ، ئەوەتا ( أبو ثعلبة الخشني ) ﵁ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : " كان الناس إذا نزل رسول الله ﷺ مترلا ، تفرقوا في الشعاب والأودية ، فقال رسول الله ﷺ : "**إن تفرقكم في هذه الشعاب ، والأودية ، إنما ذلكم من الشيطان** " ، **فلم ينزل بعد ذلك منزلا إلا انضم بعضهم إلى بعض ، حتى يقال : لو بسط عليهم ثوب ؛ لعمهم** " [٢٨] .

واتە : هاوەڵان کە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دەڕۆشتنە شوێنێك ، پەرش و بەڵاو دەبوونەوە لە ڕێگەوبان و دەشتەکاندا لە کاتی سەفەرەکانیان ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوە بینی ، فەرمووی : ئەو پەرش و بەڵاو بوونەتەوەتان لە ڕێگەوبان و دەشتەکاندا لە شیەتانەوەیە ، هاوەڵانیش پاش ئەوە لە هەر دەرچوونێکیاندا ئەوەندە کۆدەبوونەوە و دەچوونەوەیەکدا ، ئەگەر پارچەیەکت بەسەردا بدایەن هەموویانی دەگرتنەوە .

لێرەدا دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە پەرتەوازەیی و بڵاوەکردنیان تەنها لە ڕووکەشدا بوو ، سەرەڕای ئەوە پێغەمبەری خوا یاساغی ئەوی لێکردن بە گشتی ، چونکە پەرتەوازەیی و تەفریقەکردن بە گشتی زەمکراوە ، ئەم فەرموودەیەش بەڵگەی ئاشکرا و ڕوونە لە سەر ئەوەی با ئەو کارە لە ڕوکەشیشدا بێت نەك لە بیروباوەڕ و پەیڕەو و بەرنامەی کاردا ، هەروەکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینرێت ، بۆیە پێویستە لە سەر موسڵمانان . لە بواری تێکۆشاندا بن یان لە بواری بانگەشەدا . کە کۆببنەوە و لەگەڵ یەك بن بەشێوەیەك کە هاوشانێتی وهاریکاری لە گەڵ یەکدا دروست بکەن ، و تەنانەت ئەگەر لەڕواڵەتیشدا بێت وا دەرنەکەون کە جیاوازن ، چونکە ئەو کارە گاریگەری دەروونی لەسەر تاکەکان دەبێت ، وخواست و ویستەکانی شەیتان بەدی دێنێت .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لە بەر ئەوەی پێکەوە بوون و یەکبوون و یەك کۆمەڵی موسڵمانان توانا دەخاتە سەر توانای موسڵمانان ، و لاوازی لەسەر لاوازان لادەبات ، بە پێچەوانەشەوە تەفریقە و

---

[٢٨] ( صحيح سنن أبي داود : ج ٦ / ص ١٢٨ ) .

پەرتەوازەیی و دژیەك بوون ، و لە یەك دابڕان ئوممەتە بەهێزەكان لاواز دەكات ، و ئوممەتە لاوازەكانیش دەسڕێتەوە ، دەبینین ئاینی ئیسلامی پیرۆز هەوڵی ئەوەی داوە كە شوێنكەوتوانی دوور بخاتەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە بۆی هەیە تاكەكانی لە یەك دابڕێت ، پەیوەندیان بەیەكەوە نەهێڵێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر ڕقی لە تەفریقە و پەرتەوازەیی بووە ، و زۆریش ئوممەتەكەی لەم نەخۆشیە كوشندەیە ئاگادار كردووەتەوە ، ئاكامە خراپەكانی بۆ خستوونەتە ڕوو ، بۆیە دەبینین بە هەموو شێوەیەك بەگژ شێواز و جۆرەكانی تەفریقە و پەرتەوازەییدا چووتەوە ، تەنانەت ئەگەر ئەو تەفریقە و پەرتەوازیە لە ڕواڵەتدا بووبێت ، هەروەكو لەو سەفەرەی هاوەڵانیدا دەركەوتووە ، وە دەبێت موسڵمانان بزانن كە پارێزگاری كردن لە سەر یەك ڕیزی موسڵمانان ، و مانەوەیان بە یەك كۆمەڵ ، پەرستشێكە زۆر گەورەیە موسڵمان پێی نزیك دەبێتەوە لە پەروەردگاری خۆی ، بۆیە پێویستە هەموو شتێكی لە پیناودا ببەخشرێ و هەوڵی زیاتری بۆ بخرێتە گڕ بۆ ئەوەی جارێكی تر موسڵمانان ڕۆڵی خۆیان ببیننەوە هەروەكو لاپەڕە گەشەكانی مێژووی پڕ سەروەریمان تۆماری كردووە .

ئەم فەرموودەیەش دەچێتە ڕیزی ئەو فەرموودانەی پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا كە یاساغی دەكات لە تەفریقە و پەرتەوازەیی و حزبایەتی ، و پەرۆشی پێغەمبەری خواش ﷺ دەردەخات لە سەر یەك ڕیزی موسڵمانان ، و هەوڵدانی بۆ هاودەنگی و برایەتی و پەیوەست بوونیان بەیەكەوە ، بۆ ئەوەی موسڵمانان وەكو جەستەیەك بن ئەگەر ئەندامێكی ئازاری هەبوو ، هەموو بەشەكانی تری شەو نخوونی و بەئازار بن بۆی ، و موسڵمانان زیاتر و زیاتر دووربكەونەوە لە تەفریقە و حزبایەتی .

**چوارەم : حزبایەتی پەرتەوازكار و تەفریقەنەرەوەیە (( مُتَفَرِّقَة )) :**

ڕەنگە ناونیشانی خاڵی چوارەم جێی سەرسوڕمانی خوێنەر بێت . كە یەكەم جار بەرچاوی دەكەوێت . و بڵێت چۆن (( **حزبایەتی پەرتەوازكار و تەفریقەنەرەوەیە** )) ؟! بەڵام بەدڵنیاییەوە كە ئەم فەرموودەیەی ( ابن مسعود رضي الله عنه ) ببیستێت ئەو سەرسوڕمانەی دەڕەوێتەوە كە تێیدا هاتووە : " **خطَّ لنا رسول الله ﷺ خطاً بيده** ثُمَّ قال : " **هذا سبيل الله مستقيماً** " **ثمَّ خط خُطوطاً عن يمينه وشماله ثمَّ** قال : " **هذه سُبُلٌ مُتفَرِّقَة** ، **على كُلِّ سَبيلٍ منها شَيطانٌ يدعو إليه** " ثُمَّ قرأ : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ

عَن سَبِيلِهِ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) [٢٩] ، **واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ هێڵێکی کێشا و پاشان فەرمووی : ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورەیە ، پاشان بە لای ڕاست و چەپی ئەو هێڵەدا چەند هێڵکی تری کێشا و فەرمووی : ئەمەش ڕێچکە و ڕێبازی پەرتەوازکارن ، هەر ڕێچکەیەك شەیتانێکی لە سەرە بانگەوازی بۆ دەکات ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندووە :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ .

**کەواتە نەك هەر جێگەی سەرسوڕمان نیە بەڵکو خوێنەری ڕەوا بێژ دەبێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە پێشەوا** ( ابن تيمية ) **. بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( **أصل الدين أن الحلال ما أحله الله ورسوله ، والحرام ما حرمه الله ورسوله ، والدين ما شرعه الله ورسوله ، ليس لأحد أن يخرج عن الصراط المستقيم ، الذي بعث الله به رسوله ، قال الله تعالى :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ، **وفي حديث عبدالله بن مسعود** رضي الله عنه )) [٣٠] .

**واتە : بنەوای ئایین بریتیە لەوەی کە حەڵاڵ ئەوەیە کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ حەڵاڵیان کردووە ، و حەرامیش ئەوەیە کە خوای پەرەوەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ حەرامیان کردووە ، ئایینیش ئەوەیە کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ شەرعاندوویانە ، بۆیە بۆ کەس نیە لە ڕێگا ڕاستەکە لابدات ، ئەو ڕێگایەی کە خوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی ﷺ پێ ناردووە ، هەروەکو فەرموویەتی :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ **، وە لە فەرموودەکەی** ( **عبدالله** ) **ی کوڕی** ( **مسعود** ) **دا هاتووە** رضي الله عنه .

---

[٢٩] أخرجه أحمد : (١/ ٤٣ و ٤٦٥) والطيالسي رقم : (٢٤٤) وأخرجه الدارمي في سننه في المقدمة ، باب في كراهة أخذ الرأي ، وابن أبي عاصم في كتاب السنة ( ١ / ١٣ ) ، وابن حبان ( الإحسان ) ١ / ١٨٠ - ١٨١ تحت رقم ( ٦ - ٧ ) ، والحاكم في المستدرك ( ٢ / ٣١٨ ) . وأخرجه عن جابر بن عبد الله رضي الله عنهما ، ابن ماجه في المقدمة ، باب اتباع سنة رسول الله ﷺ ، حديث رقم ( ١١ ) ، وابن أبي عاصم في كتاب السنة ( ١ / ١٣ ) . والحديث صححه ابن حبان ، والحاكم ، وحسن إسناده محقق الإحسان ، وقال الألباني في ظلال الجنة ( ١ / ١٣ ) : صحيح لغيره ، وحسنهُ في (مشكاة المصابيح) : (٥٩/١).

[٣٠] ( مجموع الفتاوى : ج ١٠ / ص ٣٨٨ ) .

وه ئەوانەش كه له ڕێگا ڕاستەكه لادەدەن ، ئەهلی بیدەعن نەك ئەهلی سوننه [٣١] ، ئەوەتا پێشەوا ( الشاطبي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( ومن الآيات قوله تعـالى : ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ، **فالصراط المستقيم هو سبيل الله الذي دعا عليه وهو السنة ، والسُّبُل هي سبل الاختلاف الحائدين عن الصراط المستقيم ، وهم أهل البدع ، وليس المراد سبل المعاصي " لأن المعاصي من حيث هي معاص لم يضعها أحد طريقا تسلك دائما على مضاهاة التشريع ، وإنما هذا الوصف خاص بالبدع المحدثات** )) [٣٢] .

واته : لەو ئایەتانەش ووتەی خوای پەروەردگاره كه فەرموویەتی : ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ، كه ڕێگا ڕاستەكه ڕێگای خوای پەروەردگاره كه بانگەشەی له سەر كردووه و بریتیه له سوننەت ، ڕێچكەكانیش بریتیه لەو ڕێچكه جیاوازانەی كه له ڕێگا ڕاستەكه لایانداوه ، و بیدعەكاران دەگرێتەوه ، نەك ڕێچكەكانی تاوان ، چونكه تاوانەكان لەو لایەنەی كه تاوانن كەس داینەناوون وەكو ڕێگایەك بۆ ئەوەی بگیرێته بەر بەبەردەوامی ، وەكو هاوشێوەیەك بۆ شەریعەت ، بەڵكو تەنها ئەم وەسفه تایبەته به بیدعه و داهێنراوەكانەوه .

وه پێشەوا ( الشاطبي ) . به ڕەحمەت بێت . دوای ئەم ووتەیەی بەڵگه بەو ڕیوایەتەی سەرەوەی فەرموودەكەی ( ابن مسعود ) رضي الله عنه دەهێنێتەوه ، و پاشان ڕیوایەتێكی تری فەرموودەكەی دەهێنێتەوه كه تێیدا پێناسەی ڕێگای ڕاستی هاتووه بەوەی كه فەرموویەتی : (( **تركنا رسول الله ﷺ في أدناه وطرفه في الجنة وعن يمينه جواد وعن يساره جواد ؟ وعليها رجال يدعون من مر بهم : هلم لك فمن أخذ منهم في تلك الطرق انتهت به إلى النار ومن استقام إلى الطريق الأعظم أنتهى به إلى الجنة** ثم تلا ابن مسعود : ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ )) [٣٣] .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ له خوارەوەی ڕێگا ڕاستەكەوه بەجێی هێشتووین ، ئەو سەرەكەشی له بەهەشتدایه ، و لەلای ڕاستی چەند جاده ( ڕێگا ) یەك هەیه و لەلای چەپیشی چەند جادەیەك ، و له

---

[٣١] وعن مجاهد في قوله : " ولا تتبعوا السبل " قال : البدع والشبهات .

[٣٢] ( الاعتصام : ج ١ / ص ٣٨ ) .

[٣٣] ( الاعتصام : ج ١ / ص ٣٨ ) .

سەر هەریەکەیان چەندەها پیاو هەن و بانگەشەی ئەوانە دەکەن کە بەلایاندا تێپەڕێت ، وەرە ئەم ڕێگایە بگرە بەر بۆ تۆیە ، جا هەر کەسێك ئەو ڕێگایانە بگرێتە بەر دەتگەیەنێتە دۆزەخ ، وە ئەوەش بەردەوام بوو لە سەر ڕێگا ڕاستەکە ئەوا دەتگەیەنێتە بەهەشت ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾ .

کەواتە ئەو کەسەی کە دەیەوێت بڕواتە بەهەشت و دووربکەوێتەوە لە دۆزەخ ، دەبێت دووربکەوێتەوە لە حزبایەتی ، و تەفریقە و پارچە گەرێتی موسڵمانان .

**پێنجەم : بوونی تەفریقە و حزبایەتی عەزابە نەك ڕەحمەت (( الفرقة عذاب )) :**

پێغەمبەری خوا ﷺ بوونی تەفریقە و حزبایەتی بە عەزاب داناوە نەك بە ڕەحمەت ئەوەتا لە فەرموودەیەك لە فەرموودەکانیدا فەرموویەت : " **الجماعة رحمة ، والفرقة عذاب** " [٣٤] .

واتە : یەکبوون و یەك کۆمەڵێتی و جەماعەی موسڵمانان ڕەحمەتە ، و پەرتەوازەیی و پارچەگەریشتان سزا و عەزابە .

بێگومانم لەوەی کە موسڵمانی شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە بیستنی هەواڵی پێغەمبەرەکەی ﷺ دڵنیایە ، و پێویست بەهیچی تر ناکات ، خۆ ئەگەر لەواقیعیشدا ڕاستی ئەو کارە بەچاوی خۆی ببینێت ، ئەوا زیاتر دڵنیا ئەبێت لە ڕاستیەکان ، بۆیە دوای بیستنی ئەم فەرموودەیە ئەگەر بڕوانینی حاڵی موسڵمانان ئەو بار و دۆخە ناهەموارەی کە تێیدا دەژین ، دەبینین بەڕاستی پەرتەوازەیی و پارچەگەرێتی و حزبایەتی عەزاب و ناڕەحەتیە (( إن الفرقة عذابٌ ، عذابٌ للنفس ، وعذاب للجسم ، وعذابٌ مخيم في كل صورة من صور الحياة والتعايش بين الناس ، ولهذا لها أضرار كبيرة ، ومساوئ خطيرة منها : استبدال للأمن بالخوف ، واستبدال للشبع بالجوع ، وإراقة للدماء ، وهتك للأعراض ، وقطع للسبل ، وتسلط للسفهاء ، وانتشار للجهل ، ورفعةٌ للجهال ، ونقص في العلم ، وغربةٌ لأهله ، وضعف الدين وغربته )) [٣٥] ، واتە : بێگومان تەفریقە ئازارە بەگشتی ، ئازارە بۆ دەروون ، و ئازاریشە بۆ جەستە ، و ئازارێك کە باڵی کێشاوە بە سەر هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی ژیان و پێکەوە ژیانی نێوان خەڵکی ، بۆیە زەرەر و زیانێکی گەورەی

---

[٣٤] ( صحيح الجامع الصغير رقم : ٣١٠٩ ) .

[٣٥] ( المستطاب في أسباب نجاح دعوة الإمام محمد بن عبد الوهاب رحمه الله : ج ١ / ص ٥٧ ) .

**هەیە ، کۆمەڵە خراپەیەکی ترسناکیشی هەیە ، لەوانە : گۆڕینی ئەمن و ئاسایش بە ترس ، و گۆڕینی تێری بە برسێتی ، و خوێن ڕشتن ، و هەتك کردنی ناموس ، و ڕێگە بڕی ، و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن کەسانی سوك و هەرزە ، و بڵاوبوونەوەی نەزانی ، و بەرزی بۆ نەزان ، و کەمبوونی زانست ، و غەریبی هەڵگرانی ، و لاوازی ئایین و نامۆیی لە ناو خەڵکدا .**

**کەواتە ئەگەر زانیمان کە یەکبوون و یەك کۆمەڵێتی و جەماعەی موسڵمانان ڕەحمەتە ، و پەرتەوازەیی و پارچەگەرێتیشیان سزا و عەزابە ، بابزانین بنەوا چیە کە زانایان تێیدا خستوویانەتە ڕوو ، شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( ابن تیمیة ) فەرموویەتی : (( قَاعِدَةٌ فِي الْجَمَاعَةِ وَالْفُرْقَةِ وَسَبَبُ ذَلِكَ وَنَتِيجَتُهُ ،**

قَالَ اللهُ تَعَالَى : ﴿ شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ ... فَإِنَّ الَّذِي شُرِعَ لَنَا : هُوَ الَّذِي وَصَّى بِهِ الرُّسُلَ ، وَهُوَ الْأَمْرُ بِإِقَامَةِ الدِّينِ وَالنَّهْيُ عَنْ التَّفَرُّقِ فِيهِ ؛ ... وَإِذَا كَانَ اللهُ قَدْ أَمَرَ الْأَوَّلِينَ وَالآخرين بِأَنْ يُقِيمُوا الدِّينَ ، وَلَا يَتَفَرَّقُوا فِيهِ ، ... فَإِنَّمَا شَرَعَ لَنَا مِنْ الدِّينِ مَا وُصُّوا بِهِ ؛ مِنْ إقَامَةِ الدِّينِ ، وَتَرْكِ التَّفَرُّقِ فِيهِ ... ثُمَّ قَالَ بَعْدَ ذَلِكَ : ﴿ وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ﴾ فَأَخْبَرَ أَنَّ تَفَرُّقَهُمْ إنَّمَا كَانَ بَعْدَ مَجِيءِ الْعِلْمِ الَّذِي بَيَّنَ لَهُمْ مَا يَتَّقُونَ ؛ فَإِنَّ اللهَ مَا كَانَ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إذْ هَدَاهُمْ حَتَّى يُبَيِّنَ لَهُمْ مَا يَتَّقُونَ . وَأَخْبَرَ أَنَّهُمْ مَا تَفَرَّقُوا إلَّا بَغْيًا ، وَالْبَغْيُ مُجَاوَزَةُ الْحَدِّ ، كَمَا قَالَ ابْنُ عُمَرَ : الْكِبْرُ وَالْحَسَدُ ؛ وَهَذَا بِخِلَافِ التَّفَرُّقِ عَنْ اجْتِهَادٍ لَيْسَ فِي عِلْمٍ ، وَلَا قَصَدَ بِهِ الْبَغْيَ كَتَنَازُعِ الْعُلَمَاءِ السَّائِغِ ، وَالْبَغْيُ إمَّا تَضْيِيعٌ لِلْحَقِّ ، وَإِمَّا تَعَدٍّ لِلْحَدِّ ؛ فَهُوَ إمَّا تَرْكُ وَاجِبٍ ، وَإِمَّا فِعْلُ مُحَرَّمٍ ؛ فَعُلِمَ أَنَّ مُوجِبَ التَّفَرُّقِ هُوَ ذَلِكَ .

فَظَهَرَ أَنَّ سَبَبَ الِاجْتِمَاعِ وَالْأُلْفَةِ جَمْعُ الدِّينِ وَالْعَمَلُ بِهِ كُلِّهِ ، وَهُوَ عِبَادَةُ اللهِ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، كَمَا أَمَرَ بِهِ بَاطِنًا ، وَظَاهِرًا . وَسَبَبُ الْفُرْقَةِ : تَرْكُ حَظٍّ مِمَّا أُمِرَ الْعَبْدُ بِهِ ، وَالْبَغْيُ بَيْنَهُمْ . وَنَتِيجَةُ الْجَمَاعَةِ : رَحْمَةُ اللهِ ، وَرِضْوَانُهُ ، وَصَلَوَاتُهُ ، وَسَعَادَةُ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ، وَبَيَاضُ الْوُجُوهِ . وَنَتِيجَةُ الْفُرْقَةِ : عَذَابُ اللهِ ، وَلَعْنَتُهُ ، وَسَوَادُ الْوُجُوهِ ، وَبَرَاءَةُ الرَّسُولِ ﷺ مِنْهُمْ )) [٣٦] .

**واتە : ڕێسایەك سەبارەت بە کۆمەڵی موسڵمانان و تەفریقە و هۆکاری ئەوە و ئەنجام و ئاکامەکەشی : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ

---

[٣٦] ( مجموع فتاوى ابن تيمية : ج ١ / ص ٢ ) .

أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ ... **بێگومـان ئـەوەی کـە شـەرع کـراوە بۆمـان : ئەوەیـە کـە فـەرمانی پێکـراوە بـە پێغەمبەران ـ** عليهم السلام **ـ ، کە ئەویش فەرمانە بە بەرپاکردن و پیادەکردنی ئایین و یاساغیکردنیش لـە تەفریقەکردن تێیدا ، ... جا ئەگەر خوای پەروەردگار فەرمانی بە پێشین و پاشینیش کردبێت بەوەی کە ئایین پیادە و بەرپا بکەن ، و تەفریقـەی تیادا نەکـەن ... هەرئەوەشە کە شـەرع کـراوە بۆمـان ئـەوەی کە فەرمان بەوان کراوە ، لە بەرپاکردن و پیادەکردنی ئایین و وازهێنان و دورکەوتنـەوە لـە تەفریقـە تیایـدا ، پاشـان دوابــەدوای ئایەتەکە فەرموویەتی :** ﴿ وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ﴾ **، هـەواڵی ئـەوەی داوە کە ئەو پەرتەوازەیی و تەفریقەکەیان پاش هاتنی زانست بووە ، و ئەوەی بۆ ئاشکرا کـردوون کـە خۆیـان لەچی بپارێزن ، چونکە بێگومـان خـوای پـەروەردگار هـیچ گـەل و نەتەوەیـەك لـەناو نـادات دوای ئـەوەی هیدایەتی دابن تاکو ئەوەیان بۆ ڕوون نەکاتـەوە کـە پێویـستە خۆیـانی لێبپـارێزن ، وە هـەواڵی ئـەوەشـی پێڕاگەیاندووین کە تەفریقە و پەرتەوازیان بە هۆی ( البغي ) ەوە بــووە ، و ( البغي ) ش : سنور بەزاندنە ، هەروەکو ( ابــن عمــر )** رضي الله عنه **فەرموویەتی : فیز زلی و لەچەریەوە بووە ، وە ئەمـەش بـە پێچەوانەی ئـەو تەفریقـە و جیاوازیـەی کـە بـە هـۆی ئیجتهـادەوە بـووە نـەك لـە زانـستدا ، وە مەبەسـتیش تیایـدا سـنور بەزاندن نەبووبێت ، وەکو جیاوازی ڕێپێدراوی زانایان ، ئاشکراشـە کـە سنور بەزانـدن یـان ڕەوایـی تێـدا دەفـەوتێت ، یـان بەزانـدنی سنورە ، کەواتـە : یـان وازهێنانـە لـە پێویـستێك ، یـان ئەنجامـدانی قەدەغـە کراوێکە ، بەمەش زانرا کە هۆکاری تەفریقە و پەرتەوازەیی ئەوەیە کە باس کرا .**

**کەواتـە : ئاشـکرابوو کـە هۆکـاری کۆبوونـەوە و هـۆگری بریتیـە لـە کۆکردنـەوەی هـەموو ئـایین ، و کارکردن بـە هەمووی ، وە ئەوەش بریتیە لــە پەرستنی خـوای پەرەوەردگار بەتاك و تەنهایی و بێ هیچ هاوەڵ بڕیاردانێك بۆی ، هەروەکو فەرمانی پێکردووە ناوەڕۆك بێت یان ڕواڵەت ، وە هۆکاری تەفریقـەش وازهێنانە لە بەشێك لەوەی کە بەندەکانی خوای پەروەردگار فەرمانیان پێکراوە ، لە گەڵ سنور بەزاندن .**

**وە ئەنجام و ئاکامی کۆمەڵ بوون و یەکبوونی موسڵمانان ، بەدەست هێنانی ڕەحمەت و بەزەیی خوای پـەروەردگار ، و ڕازی بـوونی ، و صـەڵاواتی ، و خـۆش بـەختی دونیـا و دواڕۆژ ، و ڕوومـەت سـپێتییە . وە**

**ئـەنجام و ئاكـامى تەفريقـە و پەرتـەوازەييش ، سـزاى خـواى پـەروەردگار ، دەرچـوون لـە ڕەحمـەتى خـواى پەروەردگار ، و ڕوو ڕەشى ، و بەرى بوونى پێغەمبەرە ﷺ لێيان .**

**وە فەرموويـەتى :** (( قَالَ ﷺ فِي الْحَدِيثِ الْمَشْهُورِ فِي السُّنَنِ مِنْ رِوَايَةِ فَقِيهَيْ الصَّحَابَةِ : عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ ، وَزَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ : " ثَلَاثٌ لَا يَغِلُّ عَلَيْهِنَّ قَلْبُ مُسْلِمٍ إخْلَاصُ الْعَمَلِ للهِ ، وَمُنَاصَحَةُ وُلَاةِ الْأَمْرِ وَلُزُومُ جَمَاعَةِ الْمُسْلِمِينَ ؛ فَإِنَّ دَعْوَتَهُمْ تُحِيطُ مِنْ وَرَائِهِمْ " وَفِي حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ الْمَحْفُوظِ : " إنَّ اللهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلَاثًا : أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ، وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ، وَأَنْ تَنَاصَحُوا مَنْ وَلَّاهُ اللهُ أَمْرَكُمْ " . فَقَدْ جَمَعَ فِي هَذِهِ الْأَحَادِيثِ بَيْنَ الْخِصَالِ الثَّلَاثِ ؛ إخْلَاصِ الْعَمَلِ للهِ ، وَمُنَاصَحَةِ أُولِي الْأَمْرِ ، وَلُزُومِ جَمَاعَةِ الْمُسْلِمِينَ ، وَهَذِهِ الثَّلَاثُ تَجْمَعُ أُصُولَ الدِّينِ وَقَوَاعِدَهُ وَتَجْمَعُ الْحُقُوقَ الَّتِي للهِ وَلِعِبَادِهِ ، وَتَنْتَظِمُ مَصَالِحَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ .

وَبَيَانُ ذَلِكَ أَنَّ الْحُقُوقَ قِسْمَانِ : حَقٌّ لِلَّهِ وَحَقٌّ لِعِبَادِهِ ، فَحَقُّ اللهِ أَنْ نَعْبُدَهُ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا ، كَمَا جَاءَ لَفْظُهُ فِي أَحَدِ الْحَدِيثَيْنِ ؛ وَهَذَا مَعْنَى إخْلَاصِ الْعَمَلِ للهِ ، كَمَا جَاءَ فِي الْحَدِيثِ الْآخَرِ . وَحُقُوقُ الْعِبَادِ قِسْمَانِ : خَاصٌّ وَعَامٌّ ؛ أَمَّا الْخَاصُّ فَمِثْلُ بِرِّ كُلِّ إنْسَانٍ وَالِدَيْهِ ، وَحَقِّ زَوْجَتِهِ وَجَارِهِ ؛ فَهَذِهِ مِنْ فُرُوعِ الدِّينِ ؛ لِأَنَّ الْمُكَلَّفَ قَدْ يَخْلُو عَنْ وُجُوبِهَا عَلَيْهِ ؛ وَلِأَنَّ مَصْلَحَتَهَا خَاصَّةٌ فَرْدِيَّةٌ . وَأَمَّا الْحُقُوقُ الْعَامَّةُ فَالنَّاسُ نَوْعَانِ : رُعَاةٌ وَرَعِيَّةٌ ؛ فَحُقُوقُ الرُّعَاةِ مُنَاصَحَتُهُمْ ؛ وَحُقُوقُ الرَّعِيَّةِ لُزُومُ جَمَاعَتِهِمْ ؛ فَإِنَّ مَصْلَحَتَهُمْ لَا تَتِمُّ إلَّا بِاجْتِمَاعِهِمْ ، وَهُمْ لَا يَجْتَمِعُونَ عَلَى ضَلَالَةٍ ؛ بَلْ مَصْلَحَةُ دِينِهِمْ وَدُنْيَاهُمْ فِي اجْتِمَاعِهِمْ وَاعْتِصَامِهِمْ بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعًا ؛ فَهَذِهِ الْخِصَالُ تَجْمَعُ أُصُولَ الدِّينِ )) (٣٧) .

**واتە : پێغەمبەرى خـوا ﷺ لـەو فـەرمووده ( مـشهور ) ەى كـە لـە ( سـنن ) ەكاندا هـاتووە و لـە ڕيوايەتى هـەردوو هـاوەڵى شەرع زان ( عَبْدِالله ) ى كـوڕى ( مَسْعُود ) ﷺ ، و ( زَيْـد ) ى كوڕى ( ثَابِت ) ە ﷺ :** " ثَلَاثٌ لَا يَغِلُّ عَلَيْهِنَّ قَلْبُ مُسْلِمٍ إخْلَاصُ الْعَمَلِ للهِ ، وَمُنَاصَحَةُ وُلَاةِ الْأَمْرِ وَلُزُومُ جَمَاعَةِ الْمُسْلِمِينَ ؛ فَإِنَّ دَعْوَتَهُمْ تُحِيطُ مِنْ وَرَائِهِمْ " **، وە لە فەرموودەى** ( أَبو هُرَيْرَة ) **كە** ( مَحْفُوظ ) **ە :** " إنَّ اللهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلَاثًا : أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ، وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ، وَأَنْ تَنَاصَحُوا مَنْ وَلَّاهُ اللهُ أَمْرَكُمْ " **دەبينين پێغەمبەرى خوا ﷺ لەم فەرموودانەدا سێ سيفەتى كۆكردوونەتەوە :**

**يەكەم : ئيخلاص و تەنها ئەنجامدانى كردەوە لە بەر ڕەزامەندى خواى پەروەردگار .**

**دووەم : ئامۆژگارى كاربەدەستان .**

(٣٧) ( مجموع فتاوى ابن تيمية : ج ١ / ص ٢ ) .

**سێیەم : دەستگرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە .**

**وە ئەم سێیەش هەموو بنەوا و ڕێساکانی ئایین دەگرێتەوە ، و مافەکانی خوای پەروەردگار و بەندەکانی کۆدەکاتەوە ، لە گەڵ ڕێکخستنی هەموو بەرژەوەندیە دونیایی و قیامەتیەکانیش .**

**وە ڕوونکردنەوەی ئەوەش بەم پێیە : مافەکان دوو جۆرن :**

**یەکەمیان مافی خوای پەروەردگارە کە پێویستە بیپەرستین و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین ، هەروەکو گۆکەی لە یەکێك لە فەرموودەکاندا هاتووە ، ئەمەش واتای ئیخلاص و ئەنجامدانی کردارەکانە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە .**

**[ دووەمیان ] وە مافەکانی بەندەکانی خوا ، کە دوو جۆرە : تایبەت و گشتی ، تایبەتەکەیان وەکو چاکەکاری هەموو مرۆڤێك لە گەڵ دایك و باوکی ، وە مافی هاوسەر و دراوسێکەی ، ئائەمانە لە فروعی ئایینن ، چونکە ڕەنگە کەسی پێسپێردراو پێویستیەکەی لەسەر بکەوێت ، یان بەرژەوەندیەکەی تاکەکەسی و تایبەتە ، بەڵام مافە گشتیەکان ئەوا خەڵکی تیایاندا دوو جۆرن : کاربەدەستان و ژێردەستەکان ، مافی کاربەدەستانیش ئامۆژگاریکردنیانە ، وە مافی ژێردەستەکانیش دەستگرتنە بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، چونکە بە کۆبوونەوەیان نەبێت بەرژەوەندیەکانیان تەواو نایەتە دی ، و ئەوانیش لە سەر گومڕایی کۆ نابنەوە ، بەڵکو بەرژەوەندی ئایین و دواڕۆژیشیان لەوەدایە کە هەموویان کۆببنەوە و دەست بگرن بە پەتی پەتەوی خوای پەروەردگارەوە ( واتە : ئایینەکەی ) ، ئائەم سیفەتانەش هەموو بنەواکانی ئایین کۆدەکەنەوە و لەخۆ دەگرن .**

**کەواتە فەرمانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ دەستگرتنە بەکۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە نەك بە گرووپ و حزب و پەرتەوازکاران ، وە یاساغی کردنی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ دوورکەوتنەوەیە لە تەفریقە و پەرتەوازەیی و حزبایەتی و پارچەگەرێتی موسڵمانان ، ئەوتا پێشەوا و شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تیمیة ) فەرموویەتی : (( <u>وَقَدْ أَمَرَنَا اللهُ أَنْ نَتَّبِعَ هَذَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ وَلَا نَعْدِلَ عَنْهُ إِلَى السُّبُلِ الْمُبْتَدَعَةِ</u>** . فَقَالَ تَعَالَى : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ، وَقَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ مَسْعُودٍ رضي الله عنه **<u>خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ خَطًّا وَخَطَّ خُطُوطًا عَنْ</u>**

**يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ : هَذَا سَبِيلُ اللهِ وَهَذِهِ سُبُلٌ عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ** . ثُمَّ قَرَأَ : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ وَلِهَذَا أَمَرَنَا اللهُ أَنْ نَقُولَ فِي صَلَاتِنَا : ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴾ ﴿ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ . وَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ : " الْيَهُودُ مَغْضُوبٌ عَلَيْهِمْ وَالنَّصَارَى ضَالُّونَ " . وَهُوَ ﷺ لَمْ يَمُتْ حَتَّى بَيَّنَ الدِّينَ وَأَوْضَحَ السَّبِيلَ وَقَالَ : " تَرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاءِ النَّقِيَّةِ لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا لَا يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إِلَّا هَالِكٌ " . وَقَالَ ﷺ : " مَا تَرَكْتُ مِنْ شَيْءٍ يُقَرِّبُكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ إِلَّا وَقَدْ حَدَّثْتُكُمْ بِهِ وَلَا مِنْ شَيْءٍ يُبْعِدُكُمْ عَنْ النَّارِ إِلَّا وَقَدْ حَدَّثْتُكُمْ بِهِ " . وَقَالَ : " **إِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ مِنْ بَعْدِي تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ** " )) [٣٨] .

**واتە : خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین کە شوێنی ئەم ڕێگا ڕاستە بکەوێن ، و لێی لانەدەین بۆ ڕێچکەی بیدعەکاران ، هەروەك فەرموویەتی :** ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ **، وە ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود ) ﷺ فەرموویەتی : کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی هێڵێکی ڕاستی کێشا و بە لای ڕاست و چەپی ئەو هێڵەدا چەند هێڵکی تری کێشا و پاشان فەرمووی : ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوای پەروەردگارە ، و ئەوانەی تریش ڕێچکە و ڕێبازەکانە ، هەر ڕێچکەیەکیان شەیتانێکی لە سەرە بانگەوازی بۆ دەکات ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندووە :** ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ **ئا لە بەر ئەمەیە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین بەوەی کە لە نوێژەکانماندا بڵێین :** ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ **، وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : جولەکە ڕق لێبووان ، و خاچ پەرستانیش گومڕایان ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی نەکردووە تاکو ئایینەکەی بۆ ڕوون کردووینەوە ، و ڕێگاکەشی بۆ ئاشکرا کردووین ، وە فەرموویەتی : لە سەر ئایینێکی سپی و بێ خەوش بەجێم هێشتوون ، شەوی وەکو ڕۆژی ڕووناکی وایە ، هیچ کەسیش لێی لانادات جگە لە کەسێکی لەناوچوو نەبێت . وە فەرموویەتی : هیچ شتێکم نەهێشتۆتەوە کە نزیکتان بکاتەوە لە بەهەشت ئیللا پێم ڕاگەیاندوون ، وە نە**

---

[٣٨] ( مجموع فتاوى ابن تيمية : ج ٦ / ص ٢٨٣ ) .

شتێكیش كە دوورتان بكاتەوە لە دۆزەخ ئیللا پێم ڕاگەیاندوون ، وە فەرموویەتی : ئەوەتان كە لە پاش من بمێنێتەوە ئەوا جیاوازیەكی زۆر دەبینێت ، جا لەو كاتەدا دەست بگرن بە سوننەتی من و جێنشینە كامڵ و هیدایەت دراوەكانم لە دوای خۆم ، دەستی پێوە بگرن و بە كاكیلەكانتان بیگرن ، وە ئامان نەكەن توخنی تازەگەریەكان بكەون لە ئاییندا ، چونكە هەموو تازەگەریەك بیدعەیە و هەموو بیدعەیەكیش گومڕاییە .

تەفریقە و حزبایەتی خراپە و سزا و عەزابە ئەمە نەك هەر لە دونیادا ، بەڵكو لە دوا ڕۆژیشدا دەبێت بە هۆی ڕوو ڕەشی ئەنجامدەرانیە خوا پەنامان بدات ، ( عبدالله ) ی كوڕی ( عباس ) ــ رضي الله عنــهما ــ سەبارەت بە ئایەتی ﴿ يَوۡمَ تَبۡيَضُّ وُجُوهٞ وَتَسۡوَدُّ وُجُوهٞ ﴾ ( آل عمران : ١٠٦ ) فەرموویەتی : (( **<u>تبيض وجوه أهل السنة والجماعة ، وتسود وجوه أهل البدعة والفرقة</u>** )) [٣٩] ، واتە : ڕوخساری ئەهلی سوننە و جەماعە سپی دەبێت ، و ڕوخساری بیدعەكاران و تەفریقەكاران ڕەش دەبێت .

# سزای ئەو كەسەی كە تەفریقە دەكات :

**یەكەم : پرسیار سەبارەت بەو كەسە مەكە تەفریقە دەناتەوە :**

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە تاوانی ئەو كەسەی كە تەفریقە دەناتەوە و لە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان جیا دەبێتەوە فەرموویەتی : " **<u>ثلاثةٌ لا تسأل عنهم : رجلٌ فارق الجماعة وعصى إمامهُ ومات عاصياً</u>** ... " [٤٠] .

واتە : سەبارەت بە گەورەیی تاوانی كەسێك پرسیار مەكە كە خۆی جیاكردبێتەوە لە كۆمەڵی موسڵمانان ، و سەرپێچی پێشەواكەیان بكات ، و بەو تاوانەوە بمرێت .

( المناوي ) لە ( فيض القدير شرح صحيح الجامع الصغير ) دا سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی : (( قولهُ : " ثلاثةٌ لا تسأل عنهم " أي : فإنَّهم من الهالكين : " رجلٌ فارقَ " بقلبِهِ ولسانِهِ واعتقادِهِ أو ببدنِهِ ولسانِهِ ... "

---

[٣٩] ( ذكره البغوي في تفسيره : (٨٧/٢)، وابن كثير: (٨٧/٢) طبعة الأندلس ) .

[٤٠] ( صحيح الجامع الصغير ، برقم : ٣٠٥٨ ) .

الجماعة " المعهودين وهم جماعة المسلمين " وعصى إمامَهُ " إمَّا بنحو بدعةٍ كالخوارج ... وإمَّا بنحو بغيٍ أو صِيالٍ أو عدم إظهار الجماعة في الفرائض ، فكُلُّ هؤلاء لا يُسألُ عنهم لِحلِّ دمائهم ...)) [٤١] .

**واتە : سێ کەس هەن پرسیار دەربارەیان مەکە ، واتە : لە بە هەلاکەت چووەکانن : کەسێك جیاببێتەوە بە دڵ و زمان و بیروباوەڕی یان بە لاشە و زمانی لە ( الجماعة ) ئەوانەی کە زانراون و بریتین لە کۆمەڵی موسڵمانان ، و سەرپێچی پێشەواکەی بکات بە بیدعەیەك ، وەکو خەوارجەکان ... یان بە دەست درێژی ، یان کوتانە سەر ( جەردەیی ) یان دەرنەخستنی یەك کۆمەڵی لە فەرزەکاندا ، ئەمانە هەموویان پرسیار مەکە دەربارەیان ، چونکە خوێنیان حەڵاڵە .**

**بەم فەرموودەیەش وەکو هەموو فەرموودەکانی پێشوو دەردەکەوێت کە خۆجیاکردنەوە و پەرتەوازەیی و تەفریقە و حزبایەتی کارێکی نادروست و تاوانە لە ئاییندا .**

**دووەم : ئەو کەسەی کە تەفریقە دەناتەوە حەقی کوشتنە :**

**وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە تاوانی ئەو کەسەی کە تەفریقە دەناتەوە و لە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان جیا دەبێتەوە فەرموویەتی :** " ستكون بعدي هنات وهنات ، **فمن رأيتموهُ فارقَ الجماعة أو يريد أنْ يفرقَ أمرَ أمَّة محمد كائناً من كان فاقتلوهُ ، فإنَّ يَدَ اللهِ مع الجماعة ، وإنَّ الشيطانَ مع من فارقَ الجماعة يركض** " [٤٢] ، **واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئوممەتەکەی ڕادەگەیەنێت کە دوای خۆی بارودۆخێکی ناڕەحەت و گەورە و شتانێکی قێزەوون و ناقۆڵا ، ڕەوشت گەلێك نا دروست دەبینن ، کە لەبەر خراپیان پێغەمبەری خوا ﷺ ناویان ناهێنێت بە کینایە ( واتە : درکە ) نەبێت ، وە دەفەرموێت : جا ئەگەر کەسانێکتان بینی لە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان دەرچوو ، وە جیا بووەوە ، یان ویستی کۆمەڵی موسڵمانان و ئوممەتی ( محمد ) ﷺ پەرتەوازە بکات و تەفریقەی تێدا بناتەوە ، ئەوا بیکوژن ( وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە بە شیر لە گەردنی بدەن ) هەرکێیەك بێت ، چونکە خوای پەروەردگار لە گەڵ کۆمەڵی موسڵماناندایە ، و شەیتانیش لە گەڵ ئەو کەسە ڕاوڕاوێن دەکات کە لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا بووەتەوە .**

---

[٤١] ( ٣ / ٣٢٤ ــ ٣٢٥ ) ، **وە بڕوانە :** ( شرح صحيح مسلم : ١١ / ١٦٥ برقم : ١٢٠٢ ) .

[٤٢] ( صحيح الجامع ، برقم : ٣٦٢١ ) .

چونكە خوای پەروەردگار موسڵمانانی لە سەر یەك ئایین و شەریعەت كۆكردووەتەوە ، جا ئەوەش كە لێیان جیابێتەوە لەو كارەیدا فەرمانی خوای پەروەردگاری شكاندووە و گوێڕایەڵی شەیتانە ، بۆیە ئەوەندە تاوانەكەی گەورەیە كە شایستەی ئەو سزایە خوای پەروەردگار پارێزەرمان بێت لە هەموو تاوانێك .

ئەوەش كە ئەم واتا و سزایە دووپات دەكاتەوە ، و دەیسەلمێنێت ئەو ئایەتە قورئانیەیە كە خوای پەروەردگار تێیدا فەرموویەتی : ﴿ وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ ( الحجرات : ٩ ) ، **واتە : ئەگەر دوو تایفە و كۆمەڵ لە بڕواداران بەگژیەكدا چوون و تەفریقە و پەرتەوازەییان لە كۆمەڵی گەورەی موسڵماناندا نایەوە ، و شەڕیان لە گەڵ یەكدا كرد ، ئەوا ئیسلاحیان بكەن و بیاننەن بە یەكەوە ، بەڵام ئەگەر یەكێكیان بە سەر ئەوی تریان زیادەڕەوی كرد ، ئەوا لە گەڵ ئەوەیاندا بجەنگن و بیانكوژن كە زیادەڕەوی و ستەم دەكات ، تاكو دەگەڕێنەوە و ملكەچی فەرمانی پەروەردگار دەبن** ... لەو گومانەدا نیم كە كەسێك هەبێت ڕەخنەی لەم ئایەتە هەبێت ، و بڵێت : ئەمە ڕەقی و ستەم و پێشێل كردنی مافی برایەتیە !!!

## وەسێت و ئامۆژگاری پیغەمبەری خوا ﷺ

## لە كاتی تەفریقە و حزبایەتی و دووبەرەكیٰ

**یەكەم : دەست گرتن بە كۆمەڵی موسلمانان و دووركەوتنەوە لە تەفریقە و حزبایەتی :**

بێگومان لەوەی كە خوای پەروەردگار بۆ هەموو نەخۆشیەك عیلاجی و چارەسەری داناوە ، جا نەخۆشیەكە جەستەیی بێت یان كۆمەڵایەتی ، وە پێغەمبەرەكەشی ﷺ بە هەمان شێوە ئەو نەخۆشیانەی كە تووشی ئوممەتەكەی دەبن پێی ڕاگەیاندوون و ڕێگە چارەی بۆ دیاری كردوون ، وەسێتی پێ كردوون ، ئەوەتا لە فەرموودەیەكیدا لە وەسێتی دەربارەی تەفریقە و حزبایەتی بۆ ئوممەتەكەی فەرموویەتی : " أوصيكم بأصحابي ثُمَّ الذين يلونهم ثُمَّ الذين يلونهم ، ... **عليكم بالجماعة وإيَّاكم والفرقة ، فإنَّ الشيطانَ مع**

**<u>الواحد وهو من الأثنين أبعد ، فمن أراد بُحبوحة الجنَّة فليلزم الجماعة</u> " [٤٣] ، واتە : ئامۆژگاریتان دەکەم کە شوێنی هاوەڵانم بکەون ، پاشان ئەوانەی کە بەدوای ئەواندا دێن ، وە پاشان ئەوانەی کە بەدوای ئەوانیشدا دێن ... وە دەست بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، وە ئامان نەکەن توخنی تەفریقە بکەونەوە ، چونکە شەیتان لە گەڵ یەکێکدایە و لە دوانیش دوورە ، وە ئەوەش ( بحبوحة ) ی بەهەشتی دەوێت با دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە .**

**واتای** ( بُحبوحة الجنَّة ) **هەروەکو زانایان فەرموویانە :** (( في حديث النبي . عليه‌السلام . من سرّه أن يسكن بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة ؛ فإن الشيطان مع الواحد ، وهو من الاثنين أبعد . قوله : بحبوحة الجنة يعني : وسط الجنة ، وبحبوحة كل شيء وسطه وخياره )) [٤٤] ، **واتە : ئەوەی کە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە فەرموویەتی : ئەو کەسەی پێی خۆشە** ( بحبوحة ) **ی بەهەشت بەدەست بێنێت ، با دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، چونکە شەیتان لە گەڵ یەکێکدایە و لە دوانیش دوورترە ، واتای** ( بحبوحة ) **لە فەرموودەکە بریتیە لە : ناوەڕاستی بەهەشت ، وە** ( بحبوحة ) **ەی هەموو شتێك بریتیە لە ناوەڕاست ، و باشترینی ئەو شتە .**

**کەواتە واتای گشتی فەرموودەکە ئەوەیە : پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری ئوممەتەکەی دەکات کە شوێنکەوتەی هاوەڵانی بن ﷺ ، وە ئەوانەی دوای ئەوان دێن ( کە شوێنکەوتوانن /** التابعين **) ، وە ئەوانەی کە شوێنکەوتەی ئەوانن ( کە شوێنکەوتەی شوێنکەوتوانن /** تابع التابعين **) ... وە دەستیش بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، و ئاگاداری ئوممەتەکەی کردووە کە نەکەن توخنی تەفریقە و حزبایەتی و پەرتەوازەیی بکەون ، چونکە شەیتان لە گەڵ یەکدایە و لە دووەوە دوورترە ، وە ئەو کەسەش کە دەیەوێت لە ناوەڕاستی بەهەشتدا بێت ناز و نیعمەتەکانی بەهەشت بچێژێت با دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە کە** ( الجماعة ) **یە .**

---

[٤٣] ( أخرجه أحمد وسنده صحيح ، وانظر : صحيح سنن الترمذي رقم : (٢١٦٥) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٢٥٤٦) و " ظلال الجنة " رقم : (٨٩٧) للألباني ) .

[٤٤] ( غريب الحديث لأبي عبيد قاسم بن سلام : ج ٢ / ص ٢٠٥ ) ، **وە بڕوانە** : ( الفائق في غريب الحديث و الأثر : ج ١ / ص ٢٥ ) ، **وە** ( النهاية في غريب الأثر : ج ١/ص ٢٤٣ ، مادة : بحبح ) **وە** ( غريب الحديث لابن الجوزي : ج ١/ص ٥٦) .

وە پێشەوا ( محمد بن الحسين الآجري ) . بە ڕەحمەت بێت . لە کتێبی ( الشريعة ) ەدا فەرموویەتی : (( فهذا ما حضرني ذكره مما أمر الله عز وجل به أمة محمد ﷺ : أن يلزموا الجماعة ، ويحذروا الفرقة .

فإن قال قائل : اذكر لنا من سنن رسوله ﷺ أنه حذر أمته ذلك .

قيل له : نعم ، وواجب عليك أن تسمعه ، وتحذر الفرقة ، وتلزم الجماعة وتستعين بالله العظيم جل جلاله على ذلك ... وقال ﷺ : " عليكم بالجماعة ، وإياكم والفرقة ؛ فإن الشيطان معَ الواحد ، وهو من الاثنين أبعد ، ومن أراد بحبوحة الجنَّة ، فليلزم الجماعة " [٤٥] ، واتە : ئا ئەمەیە کە توانیم لێرەدا باسی بکەم ، لە فەرمان و فەرمایشی خوای پەروەردگار بە ئوممەتی ( محمد ) ﷺ کە دەست بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، و خۆیان بپارێزن لە تەفریقە و پەرتەوازەیی .

جا ئەگەر یەکێك بڵێت : ئەی دەتوانیت لە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ باسی ئەوەمان بۆ بکەیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئوممەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە و ترساندوونی لە تەفریقە .

ئەوا پێی دەووترێت : بەڵێ ، وە پێویستە لە سەر تۆش کە گوێبیستیان بیت ، و ئاگاداری موسڵمانان بکەیتەوە لە تەفریقە ، و دەست بگریت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، وە لەوەشدا پشتت ببەستیت بە خوای گەورەوە لە سەر ئەوە ... ئەوەتا فەرموویەتی : دەست بگرن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، وە ئامان نەکەن توخنی تەفریقە بکەونەوە ، چونکە شەیتان لە گەڵ یەکێکدایە و لە دوانیش دوورە ، وە ئەوەش خۆشیەکانی ناوەڕاستی بەهەشتی دەوێت با دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە .

وە فەرموویەتی : (( **رحم الله عبداً حذر هذه الفرق ، وجانب البدع ، واتبع ولم يبتدع ، ولزم الأثر وطلب الطريق المستقيم ، واستعان بمولاه الكريم** )) [٤٦] ، واتە : ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لەو کەسەی کە خۆی دەپارێزێت لەم کۆمەڵانە ، دووربکەوێتەوە لە بیدعە ، و شوێنکەوتە بێت نەك بیدعەکار ، شوێنی پاشماوە و شوێنەوار و ئەسەری پێشینانی بکەوێت ، و بەدوای ڕێگای ڕاستدا بگەڕێت ، و لەو کارەدا داوای یارمەتی لە پەروەردگاری خۆی بکات .

کەواتە : پێوەری ڕەوایی بریتیە لە دەست گرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، هەروەکو هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود ) ؓ فەرموویەتی : (( الجماعة ما وافق

---

[٤٥] ( أخرجه أحمد وسنده صحيح ) وانظر : ( الشريعة للآجري : ج ١ / ص ٦ ) .

[٤٦] ( الشريعة للآجري : ج ١ / ص ١٦ ) .

الحق ؛ ولـــو كنت وحـــدك )) [٤٧] ، واته : ( الجماعـــة ) ئەوەيە كە هاوكۆك و موافقەی ڕەوایی بیت ، ئەگەر خۆشت بە تەنها بیت .

**دووەم : دووركەوتنەوە لە هەموو ئەو كۆمەڵ و حزبانەی كە دروست دەبن :**

فەرموودەكەی ( حذيفة ) ﷺ لەم باسەدا بنەوایە و یەك لای كاری زۆرێكە لە باسەكان ، بۆیە زانایان لە كۆن و تازەشدا بایەخی تایبەتیان بەم فەرموودەیە داوە و لە كاتی توێژینەوە و لێكدانەوەیان بۆ فەرموودەكان هەموو ڕیوایەت و زیادەكانی ئەم فەرمودەیان كۆكردووەتەوە ، لە هەمووشیان ووردكارتر و نزیكتر لە سەردەمی فیتنە و حزبایەتی كە خۆی لە گەرمەی تەفریقە و پەرتەوازەیی موسڵمانان ژیاوە ، شێخ ( محمد ناصرالدين الألباني ) ـە . بە ڕەحمەت بێت . كە هەموو ڕیوایەت و زیادەكانی ئەم فەرموودەیەی لە كتێبە بەنرخەكەیدا ( سلسلة الأحاديث الصحيحة ) دا و لە ژێر ناونیشانی ( **لا فِرَقَ ولا أحزابَ في الإسلام وإنَّما جَماعةٌ وخليفةٌ** ) كۆكردووەتەوە ، و بەپێی پێویست ووتە بەنرخەكانی لە سەر ئەم فەرموودەیە فەرمووە ، كە بۆ خوێنەر ئاشكرا دەبێت چۆن ئەم زانایە ووتەی زانایانی پێش خۆی دووپات كردووەتەوە لە دووركەوتنەوە لە حزبایەتی و تەفریقە و پارچە پارچە كردنی موسڵمانان ، بە پێچەوانەی ئەوەی كە چەواشەكاران سات و تەمبوری پێلێدەدەن ، و لە خۆشیدا سەمادەكەن كە گوایا !!! ئەم زانا بەڕێزە ڕێی داوە بە كارە ناڕەواكانیان ، كەچی شێخی ئەلبانی بەریە لەو ووتەیە بەری بوونی گورگ لە خوێنی پێغەمبەر یوسف . عليه‌السلام . جا بالەوە زیاتر نەڵێم و با بزانین واتای فەرموودەكە چیە و ئەم زانا بەڕێزە سەبارەت بەم فەرموودەیە چی فەرمووە ؟

هەروەكو ووتمان ئەم زانا پایەبەرز ، و فەرموودەناسەی سەردەم . بە ڕەحمەت بێت . لە كتێبە بەنرخەكەیدا ( سلسلة الأحاديث الـصحيحة ) دا و لە ژێر ناونیشانی ( **لا فِرَقَ ولا أحزابَ في الإسلام وإنَّما جَماعةٌ وخليفةٌ** ) دا ئەم فەرموودەیەی كۆكردووەتەوە ، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە : (( قال حُذيفةُ بـــن

---

[٤٧] ( صحيح : أخرجه اللاكائي في ( شرح أصول الاعتقاد : ١ / ١٠٨ ( ١٦٩ ) ، و ابن عساكر في ( تاريخ دمشق : ١٣ / ٦٤٢ – ٦٤٣ ) من طريقين عن الأوزاعي ، عن حسان بن عطية ، عن عبد الرحمن بن سابط ، عن عمرو بن ميمون عنه به ، و رجاله كلهم ثقـــات أعلام . و رواه ابن عساكر أيضا بإسناد آخر حسن ، بلفظ نحوه فيه : ( ويحك إن جمهور الناس فارقوا الجماعة ، إن الجماعة ما وافق طاعـــة الله عز وجل ) .

اليمان ﷺ : " كـــان الناسُ يسألونَ رسولَ اللهِ ﷺ عن الخير وكنتُ أسألـــهُ عـــن الشرِّ مَخافــــةَ أنْ يُــدركني ، فقلتُ : يـــا رســـول الله إنَّـــا كُنَّا في جاهليةٍ وشرٍّ ، فجاءنـــا اللهُ بهـــذا الخير [ فنحنُ فيـــه ] ، [ وجاءَ بكَ ] ، فهل بعد هـــذا الخير من شرٍّ [ كما كـــان قبلهُ ] ؟ [ قـــال : " يا حُذيفة تعلَّمْ كتابَ اللهِ واتبع ما فيه " ( ثلاث مراتٍ ) ،

**واته : خەڵكی پرسیاریان دەكرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی خێر و چاكە ، بەڵام من پرسیاری شەڕ و خراپەم لێ دەكرد ، لە ترسی ئەوەی نەك تووشم ببێت و تێبكەوم ، پێم ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە لە نەفامی و خراپەدا بووین ، خوای پەروەردگار ئەم خێرەی بۆ هێناین كە ئیستا تێیداین ، و تۆشی بۆ هێناین ، ئایا دوای ئەم خێرە شەڕ و خراپە هەیە وەك چۆن لە پێشەوەیدا هەبوو ؟**

**پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ئەی ( حُذیفة ) فێری كتێبەكەی خوا ببە و شوێنی ئەوەش بكەوە كە تێیدایە ( سێ جار ) .**

قال : قلتُ : يا رسولَ الله أَبَعْدَ هذا الخيرِ من شرٍّ ؟ ] قال : " نعم " .

[ قلتُ : فما العِصمةُ منهُ ؟ قال : " السَّيفُ " ] .

**واتە : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا دوای ئەم خێرە خراپە هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ .**

**ووتم : چی پارێزەرە تێیدا ؟ فەرمووی : شیر ( شمشێر ) .**

قلتُ : وهل بعد ذلك الشرِّ من خيرٍ ؟ ( وفي طريقٍ : قلتُ : وهـــل بعد السيفِ بقية ؟ ) قال : " نعم ، وفيهِ ( وفي طريقٍ : تكونُ إمارة ( وفي لفظٍ : جماعة ) على أقذاء ، وهُدنة على ) دَخَنٍ " .

قلتُ : وما دَخَنُهُ ؟ قال : " قَومٌ ( وفي طريقٍ أخرى : يكونُ بعدي أئمةٌ ) [ يستَنُّون بغير سنتي و ] يهـــدونَ بغـــير هديي ، تَعرِفُ منهم وتُنكر ، [ وسيقومُ فيهم رجالٌ قلوبهم قلوبُ الشياطين في جُثمان الإنس ] " .

( وفي أخرى : الهُدنة على دَخَن ما هي ؟ قال : " لا تَرجِعُ قلوبُ أقوامٍ على الذي كانت عليه " ) .

**واتە : ووتم : وە ئایا دوای ئەو خراپەیە خێر و چاكە هەیە ، ( لە ڕێگایەكی تردا هاتووە : ووتم : ئایا دوای شیر ( شمشێر ) هكە خێر دەمێنێت ) ؟ فەرمووی : بەڵێ ، بەڵام لە ناویدا ( لە ڕێگایەكی تردا : فەرمانڕەواییەك دەبێت ( لە گۆیەكی تردا : كۆبونەوەیەك دەبێت لە سەر خەڵتە و كپبوونەوەیەك لە سەر ) ڕق و قین دەبێت .**

**ووتم : ئـەی خەڵتەکـەی چـیە ؟ فـەرمووی : خـەڵکانێك دەبێـت ( لـە ڕێگایـەکی تـردا : دوای مـن پێشەوایانێك دەبێت ) لـە سـەر بەرنامـە و ئاکـاری مـن نـاڕۆن ، چاکە و خراپەشیان لێدەبینیت ، ( وە پیاوانێك لە ناویاندا ڕاست دەبێتەوە دڵەکانیان دڵی شەیتانەکانە لە ناو لاشەی مرۆڤدا ) .**

**( وە لـە ڕێگایـەکی تـردا : ووتم : کپبوونـەوە لـە سـەر ڕق و قین و ناپـاکی چیە ؟ فـەرمووی : دڵـی خەڵکانێك ناگەڕێتەوە سەر ئەو حاڵەتەی کە پێش تر لە سەری بووە ) .**

قلتُ : فهل بعد ذلك الخير من شرٍّ ؟ قال : " نعم ، **[** فتنةٌ عَمياءُ صَماءُ عليها **]** دُعاةٌ على أبوابِ جَهنَّمَ من أجابهم إليها قَذَفوهُ فيها " [٤٨] .

قلتُ : يا رسولَ الله صِفهم لنا ؟ قال : " هُم من جلدتنا ويتكلمونَ بألسنتنا " .

**واتە : ووتم : ئایا دوای ئـەو خێرە شـەڕ هەیـە ؟ فـەرمووی : بەڵـێ ، فیتنـە و ئاشوبێکی کوێر و کـەڕ دەبێت ، بە سەریەوە بانگەوازکارانێك هەن لە سـەر دەرگاکـانی دۆزەخ ڕاوەسـتاون ، هەرکەسـێك وەڵامیـان بداتەوە ئەوا فڕێی دەدەنە ناویەوە .**

**ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفیان کە بۆمـان ؟ فـەرمووی : ئەوانـە لـە پێستی خۆمانـدان و بـە زمانی خۆمان قسە دەکەن . ( مەبەستی ئەوەیە هەر لە موسڵمانانن ) .**

قلتُ : **[** يا رسولَ الله **]** فما تأمُرني إنْ أدركني ذلك ؟ قال : " <u>**تَلْزَمُ جماعةَ المسلمين وإمامَهم**</u> ، **[** تَسمعُ وتُطيعُ الأميرَ وإنْ ضُرِبَ ظهرُكَ وأُخِذَ مالُكَ ، فاسمعْ وأطعْ **]** " .

**واتـە : ووتم : ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر گەیـشتین بـەو سـەردەمە بـە چ شـتێك فـەرمانم پـێ دەکەیت ؟ فەرمووی : دەست بگرە بـە کۆمـەڵی گـەورەی موسڵمانان و پێشەواکەیانەوە ، ( گوێ گر بـە و گوێ ڕایەڵی کاربەدەستەکەت بکە ئەگەر لە پشتی دایت و پارە و ماڵەکەشتی برد ، هـەر گوێ گر و گوێ ڕایەڵ بە ) .**

---

[٤٨] **لە ڕیوایەتێکی تری ئەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ثُمَّ تكـونُ دُعـاةُ ضـلالـة ..."** [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٧٩١)] ، **واتە : پاشان بانگەوازکارانی گومڕایەتی دێن !** ( " دعاةٌ " : أي إلى غير الحـق ، وقد جاء في روايةٍ أخرى : " دعاةُ ضلالةٍ " ، وقد قال اللهُ تعالى :[ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ ] .

" على أبواب جهنَّم " : قال الحافظ : ( أطلقَ عليهم ذلك باعتبار ما يؤولُ إليهِ حالهم ) [ الفتح : (١٣ / ٤٦ ] ، و قال الحافظ أيضاً : ( والمراد بالدعاة على أبواب جهنَّم : من قام في طلب الملك من الخوارج وغيرهم ) [ الفتح : (١٣ / ٤٦ ] ) .

قلتُ : فإنْ لمْ يكنْ لهم جَماعةٌ ولا إمام ؟ قال : " **فاعتزِلْ تلك الفِرَقَ كُلَّها ، ولو تعضَّ بأصلِ شجرةٍ حتَّى يُدرِكَكَ الموتُ وأنتَ على ذلك** " .

( وفي طريقٍ : " فإنْ تَمُتْ يا حُذيفة وأنتَ عاضٌّ على جِذْلٍ خيرٌ لكَ من أنْ تَتبعَ أحداً منهم " ) ، ( وفي أخرى : " فإنْ رأيتَ يومئذٍ للهِ عزَّ وجل في الأرض خليفةً فالزمْهُ وإنْ ضربَ ظهرَكَ وأخذَ مالَكَ ، فإنْ لمْ تَرَ خليفةً فاهرُبْ [ في الأرض ] حتَّى يُدركَكَ الموتُ وأنتَ عاضٌّ على جِذْلٍ شجرةٍ " [٤٩] .

**واتە : ووتم : ئەی ئەگەر موسڵمانان نە کۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا ؟ فەرمووی : دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرقە و کۆمەڵانەی ئەو سەردەمە ، ئەگەر بە قەپ گرتنیشت بێت بە ڕەگی درەختێکەوە تاکو مردن پێت دەگات ، هەر لە سەر ئەوەبە .**

**( وە لە ڕێگایەکی تردا ) : ئەی ( حُذيفة ) ئەگەر بمریت و قەپت گرتبێت لە دارێك ئەوا بۆت باشترە لەوەی شوێنی هیچ یەکێك لەو فیرقە و کۆمەڵانە بکەویت . ( وە لە ڕێگایەکی تردا ) : ئەگەر تۆ لەو ڕۆژەدا و لە زەویدا ( خەلیفە )یەی خوای گەورەت بینی ئەوا پەیوەست ببە پێیەوە ئەگەر لە پشتی دەدایت و ماڵەکەشتی دەبرد ، وە ئەگەر ( خەلیفەت ) نەبینی ئەوا بە سەر زەویدا ڕا بکە تاکو مردن پێت دەگات و قەپت گرتووە بە ڕەگی دارێکەوە .**

**بەم لێکدانەوە ئەوە ئاشکرا بوو کە ئەگەر موسڵمانان کۆمەڵ کۆمەڵ و پەرتەوازە و حزب حزب بوونەوە . وەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ . پێویستە لە سەر موسڵمانان شوێنی هیچێکیان نەکەون ، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەڵێن پێویستە شوێنی کۆمەڵێك لەو کۆمەڵانە بکەویت . کە مەبەستی کۆمەڵەکەی خۆیەتی نە هەر کۆمەڵێك لەو کۆمەڵە ئیسلامیانە !!! . !!!!**

**پێشەوا ( الألباني ) . بە ڕەحمەت بێت . دوای باسکردنی هەموو ڕیوایەت و زیادەکەنی فەرموودەکە لە سەرچاوەی ناوبراویدا ووتەی پێشەوا ( الطبري / ٢٢٤ ـــ ٣١٠ هـــ )) . بە ڕەحمەت بێت . هێناوەتەوە**

---

[٤٩] صحيح البخاري رقم : (٣٦٠٦) و (٧٠٨٤) ، وصحيح مسلم رقم : (١٨٤٧) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٣٩) . سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٣٩) (٦ / ٥٣٩ ـــ ٥٤١) ، وانظر تخريج الحديث والكلام على فوائده و زياداتِهِ : (٥٤١ ـــ ٥٤٦) .

صحيح سنن أبـي داود رقم : (٤٢٤٦) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٩٨١) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٧٩١) و (٢٧٣٩) ، وانظر : "فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١٣ / ٤٧) .

لەم بارەیەوە کە سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی : (( وفي الحديث : **أنَّـهُ متى لم يكن للناس إمامٌ فافترق الناس أحزاباً ، فلا يُتبع أحداً في الفُرقة ويُعتَزَل الجميع إن استطاعَ ذلك ، خشيةً من الوقوع في الشرّ ...** )) [٥٠] .

واتە : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە : هەر کاتێك خەڵکی پێشەوایان نەبوو ، وە دابەش بوو بوون بۆ چەند حزبێك ، ئەوا نابێت لەم پارچە پارچە گەرێتیەدا شوێنی هیچ کەسیك بکەوێت ، بەڵکو ئەگەر توانرا دەبێت خۆت لە هەموویان بە دوور بگریت ، لە ترسی کەوتنە ناو خراپەوە .

وە لە جێگەیەکی تردا سەبارەت بە فەرموودەی ( حذيفة ) ﷺ کە تیایدا هاتووە : (( فاعتزِل تلك الفرق كُلّها )) فەرموویەتی : (( في هذا الحديث : **أنَّ المسلم إذا أدرك مثل هذا الوضع : فعليه حينذاك ألاَّ يتحزَّب ، وألاَّ يتكتَّل مع أي جماعة أو مع أي فرقة ، مادام أنَّه لا توجد الجماعة التي عليها إمام مبايع من المسلمين** )) [٥١] ، واتە : وە لەم فەرموودەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە : بێگومان ئەگەر هەر موسڵمانێك گەشتە ئەم بارودۆخە ، پێوستە لە سەری لەو کاتەدا کە حزبایەتی نەکات ، و پارچەگەرێتی نەکات ، لە گەڵ هیچ کۆمەڵ و هیچ فیرقەیەکدا ، مادام کە ئەو کۆمەڵە نیە کە پێشەوای بەیعەت پێدراوی لە لایەن موسڵمانانەوە هەیە .

پێشەوا ( الحافظ ابن حجر ) یش . بە ڕەحمەت بێت . دوای گێڕانەوەی ووتەکەی فەموویەتی : (( ويُؤيدهُ رواية عبد الرحمن بن قرط المتقدم ذكرها )) [٥٢] ، واتە : ڕیوایەتی ( عبدالرحمن بن قرط ) کە پێشتر باس کرا پاڵ پشتی قسەکەی ئیمامی ( الطبري ) دەکات .

وە هەروەها ( ابن بطال ) یش . بە ڕەحمەت بێت . کە یەکێکە لە ووتاکارانی ( صحيح البخاري ) فەرموویەتی : (( **فإذا لم يكن لهم إمام ، فافترق أهل الإسلام أحزابًا ، فواجب اعتزال تلك الفرق كلها على ما أمر به النبي ﷺ أبا ذرّ ، ولو أن يعض بأصل شجرة حتى يدركه الموت ، فذلك خير له من الدخول بين طائفة لا إمام لها خشية ما يئول من عاقبة ذلك من فساد الأحوال باختلاف الأهواء وتشتت الآراء** )) [٥٣] .

---

[٥٠] **بڕوانە** : ( تحفة الأحوذي :ج ٥ / ص ٤٥٦ ) .

[٥١] ( الدَّعوة إلى الله لعلي الحلبي الأثري (٩٨ ) .

[٥٢] فتح الباري : (١٣ / ٤٧) .

[٥٣] ( شرح ابن بطال : ج ١٩ / ص ٤٢ ) .

واتە : جا ئەگەر لە ڕۆژگارێکدا موسڵمانان پێشەوایان نەبوو ، موسڵمانانیش بوون بە چەند حزبێکەوە ، ئەو کاتە دوورکەوتنەوە پێویستە لە هەموو ئەو کۆمەڵ و فیرقانە ، ئەوەش بەپێی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە ( أبو ذر ) رضي الله عنه پێکردووە ، ئەگەر بێت و قەپیش بکات بە ڕیشکە دارێکدا ، تاکو مردنی پێ دەگات و ئەویش هەر لە سەر ئەوە دەبێت ، ئائەوە چاکترە بۆی لە چوونی بۆ ناو یەکێك لەو کۆمەڵانە کە پێشەوایەکی شەرعی نەبێت ، لە ترسی ئەو ئەنجامەی کە بەهۆیەوە دەکەوێتەوە لە گەندەڵی بارودۆخ بەپێی ئارەزووەکان و پەرتەوازەیی بیروڕاکان .

وە ( ملا علي القاري ) ش هەمان واتا دووپات دەکاتەوە و دەفەرمووێت : (( قلت : فإن لم تكن لهم جماعة ــ أي : متفقة ــ ولا إمام ــ أي : أمير يجتمعون عليه ــ وهو يحتمل فقدهما أو فقد أحدهما ، قال : فاعتزل تلك الفرق كلها ــ أي : الفرق الضالة الواقعة على خلاف الجادة من طريق أهل السنة والجماعة ــ ولو أن تعض بأصل شجرة ــ أي : ولو كان الاعتزال بالعض ــ )) [٥٤] .

واتە : دەڵێم : ئەگەر موسڵمانان کۆمەڵیان نەبێت . کە هاودەنگ بن لە سەری . و پێشەواشیان نەبێت . کە لە سەری کۆببنەوە . کە ڕەنگە هەردووکیان نەبن ، یان یەکێکیان نەبێت ، ئەوا فەرموویەتی : دووربکەوە لە هەموو ئەو کۆمەڵە گومڕایانە . واتە : ئەو کۆمەڵە گومڕایانەی کە کەوتوونەتە پێچەوانە بوونەوەی ڕێگا ڕاستەکە کە ڕێگەی ئەهلی سوننە و جەماعیە . با ئەو دوورکەوتنەوەیش بە ددان گرتن بێت بە بنەوا و ڕەگی درەختێك . واتە : ئەگەر دوورکەوتنەوەکە بەو ددان پێوەگرتنەش بێت . .

لە هەموو ئەوانەی پێشووەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێویستە لە سەر موسڵمانان کە دوور بکەونەوە لە هەموو ئەو کۆمەڵ و حزبانەی کە دروست بوون ، ئەو کارش وەڵامدانەوە و گوێڕایەڵیە بۆ فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ .

---

[٥٤] ( مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح : ج ١٥ / ص ٣٤٢ ) .

# پاداشتی دوورکەوتنەوە لە تەفریقە کردن و دەستگرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە :

**ئەو کەسەی ناز و نیعمەت و خۆشی ناوەڕاستی بەهەشتی دەوێت با دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە :**

**پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە جوانی لە ووتەیەکی کورتیدا پاداشتی ئەو کەسەی دەربڕیوە کە دەست دەگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانان و دوور دەکەوێتەوە لە تەفریقە و حزبایەتی ، ئەوەش لەو فەرموودەیەی کە فەرموویەتی : " من أراد بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة "** [٥٥] **، لە باسەکەی پێشوودا ، و لە ووتەی زانایانەوە ووشەی** ( بُحبوحة الجنَّة ) **ەمان ئاشکرا کرد کە ووتمان زانایان فەرموویانە :** (( في حديث النبي ــ عليه السلام ــ : من سرّه أن يسكن بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة ، فإن الشيطان مع الواحد وهو من الاثنين أبعد . قوله : بحبوحة الجنة يعني وسط الجنة ، وبحبوحة كل شيء وسطه ، وخياره )) [٥٦] **، واتە : ئەوەی کە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە فەرموویەتی : ئەو کەسەی پێی خۆشە** ( بحبوحة ) **ی بەهەشت بەدەست بێنێت ، با دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، چونکە شەیتان لە گەڵ یەکێکدایە و لە دوانیش دوورترە ، واتای** ( بحبوحة ) **لە فەرموودەکە بریتیە لە : ناوەڕاستی بەهەشت ، وە** ( بحبوحة ) **ەی هەموو شتێك بریتیە لە ناوەڕاست ، و باشترینی ئەو شتە .**

**کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری ئوممەتەکەی دەکات کە ئەو کەسەی دەیەوێت لە ناز و نیعمەت و ناوەڕاستی بەهەشتدا بێت با دەست بگرێت بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە و دوور بکەوێتەوە لە تەفریقە و حزبایەتی .**

**بەمەش ئاشرا دەبێت : پێوەری ڕەوایی بریتیە لە دەست گرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە ، هەروەکو هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ** ( عبدالله ) **ی کوڕی** ( مسعود ) رضي الله عنه **فەرموویەتی :** (( الجماعة

---

[٥٥] ( أخرجه أحمد وسنده صحيح ، وانظر : صحيح سنن الترمذي رقم : (٢١٦٥) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٢٥٤٦) و " ظلال الجنة " رقم : (٨٩٧) للألباني ) .

[٥٦] ( غريب الحديث لأبي عبيد قاسم بن سلام : ج ٢/ص ٢٠٥ ) ، **وە بڕوانە** : ( الفائق في غريب الحديث و الأثر : ج ١ / ص ٢٥ ) ، **وە** ( النهاية في غريب الأثر : ج ١/ص ٢٤٣ ، مادة : بحبح ) **وە** ( غريب الحديث لابن الجوزي : ج ١/ص ٥٦ ) .

ما وافق الحق ؛ ولو كنت وحدك )) (٥٧) ، واتـه : ( الجماعـــة ) ئەوەیـە کـە هـاوکۆك و موافقـەی ڕەوایـی بیـت ، ئەگەر خۆشت بە تەنها بیت .

وە ئەوەش کە ئەم ڕاستیە پشت ڕاست دەکاتـەوە و دەیسەلمێنێت  ووتـەی خـوای پـەروەردگارە کـە فەرموویـەتـی : ﴿ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ﴾ ( هــــود : ١١٨ ، ١١٩ ) ، واتــە : ڕەحـم و بـەزەیی خـوای پـەروەردگار بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە تەفریقـە و حزبایـەتی ناکـەن ، ئـەوەش کـە ڕەحـم و بـەزەیی خـوای پەروەردگاری بەرکەوێت دەڕواتە بەهەشتەوە .

لەمـــەوە تێدەگـــەین کــە ئیختــیلاف و پەرتــەوازەیی و حزبایــەتی لــە لایــەن خــوای پــەروەردگارەوە سەرزەنشت کراوە ، وە بەشتێکی خراپ دانراوە ، وە بە باشی وەسفی ئەوانەش کراوە کە دوورن لـەو کـارە و تـوخنی ناکەونـەوە ، بۆیـە پێویسـتە موسـڵمانان دووربـن لـەو کـارە خراپـە ئـەوەش بـەوەی کـە فەرموویـەتی : ﴿ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ﴾ ، واتـە : جگـە لەوانـەی کـە خـوای پـەروەردگار ڕەحمـی پـێ کـردوون ، مەبەسـت پێیـان کۆمـەڵی ڕزگـار بـووە (( الفرقـــة الناجيـــة )) ، نـەك ئەوانـەی کـە تەفریقـە و پەرتـەوازەیی وحزبایەتی دەکەن .

هەر ئەم واتایەش لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاشکرا و ڕوون کرایەوە .

---

(٥٧) ( صحيح : أخرجه اللالكائي في ( شرح أصول الاعتقاد : ١ / ١٠٨ ( ١٦٩ ) ، و ابن عساكر في ( تاريخ دمشق : ١٣ / ٦٤٢ – ٦٤٣ ) من طريقين عن الأوزاعي ، عن حسان بن عطية ، عن عبد الرحمن بن سابط ، عن عمرو بن ميمون عنه به ، و رجاله كلهم ثقـــات أعلام . و رواه ابن عساكر أيضا بإسناد آخر حسن ، بلفظ نحوه فيه : ( ويحك إن جمهور الناس فارقوا الجماعة ، إن الجماعة ما وافق طاعـــة الله عز وجل ) .

## سێیەم : بەڵگە لە ووتەی زانایان ئەڵبانی و ابن باز بەڕەحمەت بن

لەم بەشەدا و دوای خستنە ڕووی بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لە سەر حەرامێتی و قەدەغەیی تەفریقە و حزبایەتی ، ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە کە هەمیشە و لە هەموو سەردەمێکدا گەڕانەوە بۆ لای گەورە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە پارێزەرە لە تیاچوون و فەوتان ، بەتایبەت لە سەردەمانێکی وەکو ئەمڕۆدا ، کە ئاشووب و فیتنە بەهەموو جێگایەکدا پەرش و بڵاو بووەتەوە ، بەتایبەت زانایانی پایەبەرز ( ابن باز و الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بن . ، ئەمە لە سەردەمی ژیانیاندا ، وە بۆ لای فەتوا نووسرا و دەنگیەکانیان لە دوای مردنیان ، بۆ ئاشنا بوون بە فەتواکانیان ، و خستنە ڕووی بۆ موسڵمانان ، بە مەبەستی فەتوا لێ وەرگرتنیان وەکو ئیش کردنێك بە فەرمایشتی خوای گەورە کە فەرموویەتی : ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ ( الأنبياء : ٧ ) . واتە : لەئیش و کاری دینتاندا هەرشتێکتان نەزانی ئەوا پرسیار لە زانایانتان بکەن و بگەڕینەوە بۆ لای ئەوان .

هەروەها بە فەرمایشی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ﴾ ( النساء : ٨٣ ) ، واتە : ئەگەر بیانگەڕاندبایەتەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و زانایان و هۆشمەندەکانیان ، ئەوا هۆشمەندەکانی ئەوان دەیانزانی چۆن ئەحکامەکان دەردەکەن ... جا لێرەدا و لەم بەشەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت کە فەتوای ئەو دوو گەورە زانایە بخرێتە ڕوو کە سەبارەت بە تەفریقە و حزبایەتی فەرموویانە ، بۆ ئەوەی موسڵمانان لێیان بە ئاگابن و کەسانێکی چەواشەکار نەتوانن فەتواکانیان بۆ چەواشەکاری بەکار بهێنن ، و بە هۆیانەوە لاوانی موسڵمانان لە خشتە بەرن ، و بە ناوی ئەو دوو زانایەوە و زانایانی تریشەوە کاری تەفریقە و حزبایەتی ئەنجام نەدەن ، و شەرعیەت بە کارەکەیان بدەن !!! کەچی بەرین لە تەفریقە و حزبایەتی وەکو بەری بوونی گورگدج لە خوێنی یوسف ـ علیه السلام ـ دەبا بزانین فەتوای زانایان سەبارەت بە تەفریقە و حزبایەتی چیە ؟

# فەتواى شێخ ( ابن باز )
# سەبارەت بە تەفریقە و حزبایەتی

فەتواکانی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . زۆرن و لەوەدا نیە هەموو فەتواکانی لەم بارەیەوە کۆبکرێتەوە ، بۆیە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێت کە کۆمەڵێك لە فەتواکانی ئەم زانا پایە بەرزە کۆبکرێتەوە و بخرێتە ڕوو ، وە بۆ ئاسانکاری و دوورخستنەوەی خوێنەر لە مەلەل و بێزاربوون لە دارشتنی یەك لە دوای یەك و ڕیزکردنی فەتوا . هەروەکو لە زۆربەی نووسینەکانی ئەم سەردەمەدا دەبینرێت . فەتواکانمان بە شێوەی پرسیار و وەڵام و بە سەر چەند خاڵێکدا دابەش کردووە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

**یەکەم** : بەگشتی هەڵوێست و ڕا و بۆچوونی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . دەربارەی تەفریقە و حزبایەتی .

**دووەم** : ڕا و بۆچوونی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . دەربارەی چەند کۆمەڵ و حزبێکی ناوداری هاوچەرخ کە ئەوانیش کۆمەڵی ( ئیخوان و تەبلیغ ) ن .

**سێیەم** : ڕا و بۆچوونی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . دەربارەی پەیوەندی کردن و کارکردن لە گەڵ چەند کۆمەڵ و حزبێکی ناوداری هاوچەرخ .

**چوارەم** : ئامۆژگاری پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . بۆ دوورکەوتنەوە و وازهێنان لەم ڕێکخستنە حزبیە بیدعی و تازانە .

## هەڵوێست و ڕا و بۆچوونی پێشەوا بن باز ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەربارەی تەفریقە و حزبایەتی بەگشتی

**یەکەم :** **پرسیارکرا لە شێخی پایەبەرز شێخ ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە :** (( ما واجب علماء المسلمين حيال كثرة الجمعيات والجماعات في كثير من الدول الإسلامية وغيرها ، واختلافها فيما بينها حتى إن كل جماعة تضلل الأخرى . ألا ترون من المناسب التدخل في مثل هذه المسألة بإيضاح وجه الحق في هذه الخلافات ، خشية تفاقمها وعواقبها الوخيمة على المسلمين هناك ؟ )) .

**واتە : چی لە سەر زانای موسڵمانان پێویستە بەرامبەر بە زۆری ئەم جەمعیە و کۆمەڵە ئیسلامیانەی ، لە وڵاتانی ئیسلامیدا ، و جگە لەوانیش ، و بەرامبەر بە جیاوازیان لە نێوان خۆیاندا ـ تاکو گەشتۆتە ئەوەی کە هەموو کۆمەڵێکیان ئەویتریان بە گومڕا دەزانێت !! ئایا بە پێویست و شایستەی نازانن کە فەتوای شەرعی ببێت لە لایەن زانایانەوە ، لەم بابەتەدا ئەوەش بە ڕوونکردنەوەی ڕووی ڕەوایی لەم جیاوازیانەدا ، لە ترسی ئەوەی نەکو پەرەبسێنێت و عاقیبەتێکی خراپتری هەبێت لە سەر موسڵمانان .**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (( **إن نبينا محمداً ﷺ بين لنا درباً واحداً يجب على المسلمين أن يسلكوه وهو صراط الله المستقيم ومنهج دينه القويم** ، قال الله تعالى : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ، **كما نهى رب العزة والجلال أمة محمد ﷺ عن التفرق واختلاف الكلمة ، لأن ذلك من أعظم أسباب الفشل ، وتسلط العدو** كما في قوله جل وعلا : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ، وقوله تعالى : ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ﴾ ( الشورى : ١٣ ) **فهذه دعوة إلهية إلى اتحاد الكلمة وتآلف القلوب** .

والجمعيات إذا كثرت في أي بلد إسلامي من أجل الخير والمساعدات ، والتعاون على البر والتقوى بين المسلمين ، دون أن تختلف أهواء أصحابها ، فهي خير وبركة ، وفوائدها عظيمة ، أما إن كانت كل واحدة تضلل الأخرى وتنقد أعمالها ، فإن الضرر بها حينئذ عظيم والعواقب وخيمة .

فالواجب على علماء المسلمين توضيح الحقيقة ، ومناقشة كل جماعة أو جمعية ، ونصح الجميع بأن يسيروا في الخط الذي رسمه الله لعباده ودعا إليه نبينا محمد ﷺ ، ومن تجاوز هذا و استمر في عناده لمصالح شخصية أو لمقاصد لا يعلمها

إلا الله ، فإن الواجب التشهير به والتحذير منه ممن عرف الحقيقة ، حتى يتجنب الناس طريقهم ، وحتى لا يدخل معهم من لا يعرف حقيقة أمرهم ، فيضلوه ويصرفوه عن الطريق المستقيم الذي أمرنا الله باتباعه في جل وعلا : ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ، **ومما لاشك فيه أن كثرة الفرق والجماعات في البلد المسلم مما يحرص عليه الشيطان أولاً ، وأعداء الإسلام من الإنس ثانياً ، لأن اتفاق كلمة المسلمين ووحدتهم وإدراكهم الخطر الذي يهددهم ويستهدف عقيدتهم يجعلهم ينشطون لمكافحة ذلك والعمل في صف واحد من أجل مصلحة المسلمين ودرء الخطر عن دينهم وبلادهم وإخوانهم ، وهذا مسلك لا يرضاه الأعداء من الإنس والجن ، فلذا هم يحرصون على تفريق كلمة المسلمين وتشتيت شملهم وبذر أسباب العداوة بينهم** ، نسأل الله أن يجمع كلمة المسلمين على الحق ، وأن يزيل من مجتمعهم كل فتنة وضلالة ، إنه ولي ذلك والقادر عليه )) [1] .

**واتە : بێگومان پێغەمبەرمان مُحمد ﷺ تاکە ڕێگایەکی بۆ ڕوون کردووینەتەوە ، کە پێویستە موسڵمانان بیگرنەبەر کە ئەویش ڕێگا ڕاستەکەی خوای پەروەردگارە و پەیڕەوی ئاینە تەواوەکەیەتی ، خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ، **هەروەها پەروەردگاری بەدەسەڵات یاساغی لە ئوممەتی مُحمد ﷺ کردووە لە پەرتەوازەیی و جیاوازی لە ووتەدا ، چونکە ئەوە یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی شکست و زاڵبوونی دووژمنان بەسەریاندا ، هەروەکو لە فەرمایشتی خوای گەورە و بەرز و بڵندا هاتووە کە فەرموویەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ، **وە فەرموویەتی :** ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ﴾ ، **ئەمە بانگەشەیەکی خواوەندیە بۆ یەکگرتنی ووتە و یەکخستنی دڵەکان .**

---

[1] ( مجموع فتاوى الشيخ عبدالعزيز بن باز ، ج ٥ ، ص ٢٠٢ ــ ٢٠٤ هذه الأسئلة والأجوبة تابعة لمحاضرة ألقاها سماحته في جامعة أم القرى بمكة المكرمة في شهر رجب ١٤٠٩هـ ) .

وه ئەگەر زۆربوونى كۆمەڵەكان ( الجمعيات ) ❁ لە هەر وڵاتێكى ئيسلاميدا لە پێناوى چاكەكارى و يارمەتى دان و هاريكارى كردنى يەكتر لەسەر چاكەكارى و لە خواترسان لە نێو موسڵمانانداا ، بەبێ جياوازى ويست و ئارەزووى خاوەنەكانيان ، ئەوا چاكە و پێز و بەرەكەتى خواى پەروەردگارە و سوودى گەورەيان هەيە ، بەڵام ئەگەر هەر يەكێكيان ئەوى تر بە گومڕا و هەڵە بزانێت و ڕەخنە لە كارەكانيان بگرێت ، ئەوا بەڕاستى لەو كاتەدا زەرەر و زيانيان گەورەيە و سەرئەنجامەكانيشيان مەترسيدار و خراپە .

بۆيە پێويستە لەسەر زاناى موسڵمانان ڕاستييەكان ئاشكرا بكەن و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو كۆمەڵ ( جماعة ) و كۆمەڵە ( جمعية ) يەك بكەن ، و ئامۆژگارى هەموويان بكەن بەوەى كەوا لەسەر ئەو ڕێگايە بڕۆن كە خواى پەروەردگار دياريكردووە بۆ بەندەكانى و پێغەمبەرمان مُحمد ﷺ بانگەوازى بۆ كردووە ، وە هەر كەسێكيش لەمە لايدا ، يان لە سەر دەمارگيرى خۆى بەردەوام بوو ، لەبەر بەرژەوەنديە تايبەتيەكانى خۆى ، يان لەبەر چەندين مەبەستى تر كە كەس نايانزانێت جگە لە خواى پەروەردگار نەبێت ، ئەوا بێگومان پێويستە لەسەر ئەوانەى كە ڕاستيەكان دەزانن ئاشكرايان بكەن ، و خەڵكيان لێ ئاگادار بكەنەوە : بۆ ئەوەى خەڵكى دووربكەونەوە لە ڕێگاكەيان ، وە بۆ ئەوەى ئەو كەسانەى كە ڕاستيەكانيان نازانن نەچنە ناويانەوە ، چونكە ئەگەر بچەنە ناويانەوە گومڕاى دەكەن و دوورى دەخەنەوە و لايدەدەن لەو ڕێگا ڕاستەى كە خواى پەروەردگار فەرمانى پێكردووين بە شوێنكەوتنى لەم فەرمايشەييدا كە فەرموويەتى : ﴿ وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ .

وە يەكێك لەوانەى كە گومانى تێدا نيە ئەوەيە : كە زۆرى گروپ و كۆمەڵەكان لە ناو كۆمەڵگاى موسڵمانانداا ، لەو شتانەيە كە شەيتان سوورە لە سەر پەيدابوونى ، ئەمە خاڵى يەكەم ، دووەميش : دووژمنانى ئيسلام سوڕن لە سەرى دروست كردنى ، چونكە ڕێك كەوتنى ووتەى موسڵمانان و يەكبوونيان و هەست كردنيان بەو مەترسييەى كە هەڕەشەيان لێدەكات و بيروباوەڕيان دەكاتە ئامانجى

---

❁ مامۆستاى بەرێزم ( خليل أحمد ) تێبينيەكى لە سەر ئەم ووشەيە نووسيووە و فەرموويەتى : (( وا باشترە جياوازى بكرێت لە نێوان ( جمعية ) و جەماعەت و حيزبدا ، چونكە بێگومان ( جمعية ) لە زاراوەى سياسەتدا جياوازە لە حيزبى سياسى ، لەبەر ئەوەى دەكرێت چەند ( جمعية ) يەك لە حيزبێكى سياسيدا كۆببێتەوە ، بەڵام ناكرێت چەند حزبێكى سياسى لە ( جمعية ) يەكدا كۆبكرێتەوە .

پێكاندنی خۆی وایان لێدەكات گورج ببنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نەهێشتن و لەناوبردنی ئەوانە ، و كاربكەن لە یەك ڕیـــــزدا لە پێناو بەرژەوەندی موسڵمانان ، و دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر ئایین و وڵات و براكانیان ، وە ئەمەش ڕێڕەوێكە دووژمنان . مرۆڤ بن یان جنۆكە . پێی ڕازی نابن ، بۆیە ئەوان هەمیشە سوورن لەسەر پەرتەوازەیی جیاوازی ووتەی موسڵمانان ، و پەرتەوازەكردنی شیرازەیان و چاندنی تۆوی هۆكارەكانی دووژمنایەتی لە نێوانیادا . داواكارین لە خوای پەروەردگار كە ووتەی موسڵمانان كۆبكاتەوە لەسەر ڕەوایی ، و هەموو ئاشووب و گومڕاییەك لە نێو كۆمەڵگاكەیاندا بنبڕبكات ، بەڕاستی هەر ئەوە خاونی ئەوەیە و بەتواناشە بەسەریدا .

**دووەم** : وە لە وەڵامی پرسیارێكدا دەفەرمووێت : (( **لا يجوز أن يتفرق المسلمون في دينهم شيعاً وأحزاباً يلعن بعضهم بعضا ويضرب بعضهم رقاب بعض ، فإن هذا التفرق مما نهى الله عنه ، وذم من أحدثه أو تابع أهله ، وتوعد فاعليه بالعذاب العظيم ، وقد تبرأ الله ورسوله ﷺ منه** ، قال الله تعالى : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ إلى قوله : ﴿ وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : 103 ــ ١٠٥ ) ، وقال تعالى : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعاً لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ ﴾ ، ( الأنعام : ١٥٩ ــ ١٦٠ ) .

وثبت عن النبي ﷺ أنه قال : " **لا ترجعوا بعدي كفارا ، يضرب بعضكم رقاب بعض** " ( رواه البخاري و مسلم ) .
والآيات والأحاديث في ذم التفرق في الدين كثيرة .

أما إن كان ولي أمر المسلمين هو الذي نظمهم ووزع بينهم أعمال الحياة ومرافقها الدينية والدنيوية ليقوم كل بواجبه في جانب من جوانب الدين والدنيا فهذا مشروع ، بل واجب على ولي أمر المسلمين أو يوزع رعيته على واجبات الدين والدنيا على اختلاف أنواعها ، فيجعل جماعة لخدمة علم الحديث من جهة نقله وتدوينه وتمييز صحيحه من سقيمه ... إلخ ، وجماعة أخرى لخدمة فقه متونه تدوينا وتعليما ، وثالثة لخدمة اللغة العربية قواعدها ومفرداتها وبيان أساليبها والكشف عن أسرارها ، وإعداد جماعة رابعة للجهاد وللدفاع عن بلاد الإسلام وفتح الفتوح وتذليل العقبات لنشر الإسلام ، وأخرى للإنتاج صناعة وزراعة وتجارة ... إلخ .

فهذا من ضرورات الحياة التي لا تقوم للأمة قائمة إلا بها ولا يحفظ الإسلام ولا ينتشر إلا عن طريقه ، هذا مع اعتصام الجميع بكتاب الله وهدي رسوله ﷺ وما كان عليه الخلفاء الراشدون وسلف الأمة ووحدة الهدف وتعاون جميع الطوائف الإسلامية على نصرة الإسلام والذود عن حياضه ، وتحقيق وسائل الحياة السعيدة ، وسير الجميع في ظل الإسلام وتحت لوائه على صراط الله المستقيم ، وتجنبهم السبل المضلة والفرق الهالكة ، قال الله تعالى : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) )) [٢] .

واتە : نابێت موسڵمانان لە ئایینەکەیاندا پەرتەوازە بن بۆ چەند پارچە و حزبێکەوە ، هەندێکیان نەفرین لە هەندێکی تریان بکەن ، یان هەندێکیان لە گەردنی هەندێکی تریان بدات ، بێگومان ئەم پەرتەوازەیی و تەفریقەیە ، لەو شتانەیە کە خوای پەروەردگار یاساغی لێکردووە و زەمی ئەو کەسەی کردووە کە دایهێناوە ، و شوێنی خاوەنەکانی کەوتووە ، و پەیمانی تۆڵە سەندنەوەی داوە بۆ ئەنجامدەرانی بە تۆڵەیەکی گەورە ، و پێغەمبەرەکەشی ﷺ لەوە بەدوور گرتووە و بەری کردووە لێی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ تاکو دەگاتە ئەوەی کە دەفەرمووێت : ﴿ وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : 103 ــ ١٠٥ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعاً لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ ﴾ ، ( الأنعام : ١٥٩ ــ ١٦٠ ) .

وە لە پێغەمبەری خواشەوە ﷺ جێگیر و سەلمێنراوە کە فەرموویەتی : " لا ترجعوا بعدي كفارا ، يضرب بعضكم رقاب بعض " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتە : پاش من جارێکی تر نەچنەوە سەر خووی بێ باوەڕان بەوەی هەندێکتان لە گەردنی هەندێکی ترتان بدات !! وە ئایەت و فەرموودەیەکی زۆر هاتوون لە بارەی زەمکردنی تەفریقە لە ئاییندا .

بەڵام ئەگەر کاربەدەست و سەرکردەی موسڵمانان خۆی هەستابێت بە ڕێکخستن و دابەشکردنی کار و کردەوەکانی ژیان ، و بەرژەوەندیە ئایینی و دونیایەکان لە نێوانیاندا ، بۆ ئەوەی هەر یەکە و هەستن

---

[٢] ( في فتوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء برئاسة الشيخ /عبدالعزيز بن عبدالله بن باز، وعضوية نائبه في الإفتاء الشيخ/ عبدالرزاق عفيفي والشيخ عبد الله بن غديان ، والشيخ عبد الله بن حسن بنقعود، برقم١٦٧٤ في ١٣٩٧/١٠/٧هـ ) .

به واجبی سەر شانیان ، لە بوارێك لە بوارەكانی ئایین و ژیان ، ئا ئەم جۆرە ڕەوایە و ڕێپێدراوە ، بەڵكو پێویستە لە سەر خودی كاربەدەست و سەركردەی موسڵمانان یان ئەوەی كە ژێردەستەكانی دابەش بكات بە سەر پێویستیەكانی ئایین و ژیاندا بە هەموو جۆرەكانیەوە ، ئەوەش بەوەی كە كۆمەڵێكیان لە خزمەت كردنی فەرموودەدا بن لە لایەنی گێڕانەوە و نووسینەوەی ، و جیاكردنەوەی ( صحيح ) ەكانی لە نادروستەكانیەوە ... هتد ، وە كۆمەڵێكی تریان لە خزمەتكردنی فیقهو نووسراوەكانی و كۆكردنەوە و فێركردنی ، وە سێیەمیانیش بۆ خزمەت كردنی زمانی عەرەبی و ڕێزمانەكەی بێت یان زاراوەكانی ، لە گەڵ ئاشكرا كردنی شێوەكانی و ئاشكرا كردنی نهێنیەكانی ، وە ئامادە كردنی كۆمەڵی چوارەمیان بۆ تێكۆشان لە پێناوی خوای پەروەردگار و پارێزگاری كردن لە وڵاتی ئیسلام ، وە دەست كردنەوە بە فتوحات و ئاسانكردن و لابردنی كۆسپەكانی سەر ڕێگەی بڵاوكردنەوەی ئیسلام ، وە یەكێكی تریان بۆ بەرهەم هێنان ، جا بواری پیشەسازی بێت یان كشتوكاڵ و بازرگانی ... هتد .

ئائەمانە پێویستیەكانی ژیانە كە هیچ ئوممەتێك دانامەزرێت بەمانە نەبێت ، و ئیسلامیش ناپارێزرێت و بڵاونابێتەوە لە ڕێگەی ئەمەوە نەبێت ، ئەمە لە گەڵ دەست گرتنی هەمووان بە پەرتوكەكەی خوای پەروەردگار و سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرەكەیەوە ﷺ ئەوەش كە خەلیەفە كامڵ و هیدایەت دراوەكانی ، و پێشینی ئەم ئوممەتەی لەسەر بووە ، لە گەڵ یەكخستنی ئامانجەكان و هاریكاری كردنی هەموو كۆمەڵە ئیسلامیەكان لە سەر سەرخستنی ئیسلام و پاراستن و بەرگیری كردن لە ژێردەستەكانی ، و بەدیٚ هێنانی ڕێگەكانی ژیانێكی بەختەوەر ، و بەڕێوە ڕۆشتنی هەمووان لە ژێر سیبەری ئیسلام ، و لە ژێر بەیداخیدا ، و لە سەر ڕێگا ڕاستەكەی خوای پەروەردگار ، لە گەڵ دووركەوتنەوە لە ڕێكە گومڕاكارەكان ، و گروپە لە ناوچووەكان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) .

كەواتە : لەم دوو فەتوایەدا بە ڕاشكاوی هەڵوێست و ڕا و بۆچوونی پێشەوا ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەردەكەوێت دەربارەی تەفریقە و حزبایەتی بەگشتی ، هەروەكو دەفەرمووێت : كە پێغەمبەرمان ﷺ یەك ڕێگای بۆ دیاری كردووین كە ئەویش ڕێگا ڕاستەكەیە ، و پێویستە لە سەر موسڵمانان بیگرنە بەر ، وخوای پەروەردگاریش یاساغی كردووە لە تەفریقە و حزبایەتی ، چونكە فاكتەر وهۆكاری

پەرتەوازەی وزەڵیلیە ، وەبەڕاشکاوی ئەوەشی فەرمووە : کە تەفریقە و حزبایەتی یاخی بووان وشەیتانەکانی جنۆکە ودوژمنانی ئیسلام سوڕن لە سەری لەناو ولاتی ئیسلامدا ، چونکە هۆکاری دووبەرەکیە لە نێوانیاندا ، بۆیە نابێت موسڵمانان لە ئایینەکەیاندا ببن بە چەند حزب و کۆمەڵێکەوە ، چونکە خوای پەروەردگار یاساغی لێکردووە و قەدەغەی کردووە .

بەمەش چەواشەکاری چەواشەکارانمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە بەدەم زانایانەوە قسە هەڵدەبەستن و لێکدانەوەی نادروست بۆ فەتواکانیان دەکەن .

## ڕا و بۆچوونی پێشەوا ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەربارەی چەند کۆمەڵ و حزبێکی ناوداری هاوچەرخ کە ئەوانیش کۆمەڵی ( ئیخوان و تەبلیغ ) ن

**یەکەم** : پرسیار کرا لە شێخ ( عبد العزيز بن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە دوو حزب و کۆمەڵی ناوداری هاوچەرخ کە : ( الإخوان المسلمين ، و جماعة التبليغ ) ن ، کە لە فەتواکەدا هاتووە : (( أحسن الله إليك ، حديث النبي ﷺ في افتراق الأمم : قوله : " ستفترقُ أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، إلاَّ واحدة " ، فهل جماعة التبليغ على ما عندهم من شركيات وبدع ، وجماعة الإخوان المسلمين على ما عندهم من تحزب وشق العصا على ولاة الأمور ، وعدم السمع والطاعة ، هل هاتين الفرقتين تدخل ؟

واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " ئوممەتکەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ فیرقە و گروپەوە ، و هەموویان لە ئاگری دۆزەخن تەنها یەکێکیان نەبێت " ، ئایا کۆمەڵی ( التبليغ ) لە سەر ئەو هەموو بیدعەیانەی کە هەیانە ، و کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) لە سەر ئەو حزبایەتیەی و تەفریقەیە و دەرچوونەی کە هەیانە دژ بە کاربەدەستانی وڵات ، و گوێڕایەڵی و تاعەت نەکردنەیان ، ئایا ئەم دوو فیرقەیە لەو حەفتادوو فیرقەیەن ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( <u>تدخل في الثنتين والسبعين ، مَنْ خالف عقيدة أهل السنة والجماعة دخل في الاثنتين وسبعين فرقة</u> . المراد بقوله ( أمتي ) أي : أمة الإجابة ، أي : استجابوا له وأظهروا اتباعهم له ، ثلاث وسبعين فرقة : الناجية السليمة التي اتبعته واستقامة على دينه ، واثنتان وسبعون فرقة فيهم الكافر وفيهم العاصي وفيهم

المبتدع أقسام )) ، **واته : بەڵێ هەر کەسێك پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بکات ، ئەوا دەچێتە ڕیزی ئەو حەفتاو دوو کۆمەڵ و فیرقەیەوە .**

**پرسیارکار : <u>یعني : هاتین الفرقتین ـ التبلیغ والإخوان ـ من ضمن الثنتین والسبعین</u> ؟ واتە : ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دوو فیرقەیە ( واتە : تەبلیغ و ئیخوان ) لە حەفتا ودوو فیرقەکەن ؟**

**بەڕێزیشان لە وەڵامدا فەرمووی : (( <u>نعم ، من ضمن الثنتین والسبعین والمرجئة وغیرهم ، المرجئة والخوارج ، بعض أهل العلم یرى الخوارج من الکفار خارجین ، لکن داخلین في عموم الثنتین والسبعین</u> )) [٣] ، واتە : بەڵێ لە ڕیزی ئەو حەفتا و دوو کۆمەڵ و فیرقەیەن ، لە گەڵ ( مورجیئە ) و جگە لەوانیش ، ( مورجیئە ) و ( خەوارج ) یش ، هەرچەندە هەندێك لە زانایان ( خەوارج ) یان بە کافر زانیوە و بەڵام بەگشتی دەچنە ڕیزی حەفتا ودوو فیرقەکەوە .**

**دووەم : وە لە پرسیارێکیشدا تایبەت پرسیاری لێدەکرێت سەبارەت بە کۆمەڵی** ( الإخوان المسلمین ) **کە ئەمە دەقی پرسیارەکە :** (( سماحة الشیخ : حرکة الإخوان المسلمین دخلت المملکة منذ فترة ، وأصبح لها نشاط بین طلبة العلم ، ما رأیکم في هذه الحرکة ؟ وما مدى توافقها مع منهج السُنة والجماعة ؟ )) ، **واتە : شێخی بەڕێز : بزووتنەوەی** ( الإخوان المسلمین ) **بۆ ماوەیەکە هاتوونەتە نێو ( مەملەکەتی سعودیە ) وە ، و چالاکیان هەیە لە نێو فێرخوازانی زانستدا ، ئایا ڕاتان چیە سەبارەت بەم بزووتنەوەیە ؟ وە ئایا تا چ ئاستێك گونجاون لەگەڵ پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعەدا ؟**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( <u>حرکة الإخوان المسلمین ینتقدها خواص أهل العلم</u> ، لأنه لیس عندهم نشاط في الدعوة إلى التوحید وإنکار الشرك وإنکار البدع .**

**لهم أسالیب خاصة ینقصها : عدم النشاط في الدعوة إلى الله ، ودعم التوجیه إلى تصحیح العقیدة الصحیحة التي علیها أهل السنة والجماعة ، فینبغي للإخوان المسلمین أن تکون عندهم عنایة بالدعوة السَلفیة ، الدعوة إلى توحید الله ،**

---

(٣) أسئلة الطائف في (شریط مسجل) سنة (١٤١٩ هـ) ( ضمن دروسه في شرح المنتقى في الطائف وهي في شریط مسجّل وهي قبل وفاته ــ رحمه الله ــ بسنتین أو أقل ) . وانظر ( حقیقة المنهج الواسع عند أبي الحسن ، ص٣٨-٣٩ للإمام ربیع ــ حفظه الله ــ ) ، ط. الأولى مجالس الهدى ــ الجزائر ، وأیضا مذکرته ــ حفظه الله ــ : ( أقوال علماء السنَّة في جماعة التبلیغ ) اهـ . نقلاً عن رسالة من إصدارات (مکتبة الفرقان) منشورة بعنوان : (فتاوى العلماء السلفیین : وجوب تَحذیر الشباب والعوام من الجماعات والأحزاب والفِرَق ، لأنَّها من الاثنتین وسبعین فرقة) .

وإنكار عبادة القبور ، والتعلق بالأموات والاستغاثة بأهل القبور كالحسين أو الحسن أو البدوي ، أو ما أشبه ذلك ، يجب أن يكون عندهم عناية بهذا الأصل الأصيل ، بمعنى لا إله إلا الله ، التي هي أصل الدين ، وأول ما دعا إليه النبي ﷺ في مكة دعا إلى توحيد الله ، إلى معنى لا إله إلا الله ، فكثير من أهل العلم ينتقدون على الإخوان المسلمين هذا الأمر ، أي : عدم النشاط في الدعوة إلى توحيد الله ، والإخلاص له ، وإنكار ما أحدثه الجهال من التعلق بالأموات والاستغاثة بهم ، والنذر لهم والذبح لهم ، الذي هو الشرك الأكبر ، وكذلك ينتقدون عليهم عدم العناية بالسنة : تتبع السنة والعناية بالحديث الشريف وما عليه سلفُ الأمة في الأحكام الشرعية ، وهناك أشياء كثيرة أسمع الكثير من الإخوان ينتقدونهم فيها ، ونسأل الله أن يوفقهم ويعينهم ويصلح أحوالهم )) [٤] .

**واته : بزووتنەوەی ( الإخوان المسلمين ) چەندین زانای بەناوبانگ ڕەخنەیان لێدەگرن ، چونکە هیچ چالاکیەکیان نیە لە بانگەوازکردن بۆ یەك خواپەرستی و بەرهەڵستی کردنی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە و بەرهەڵستی کردنی بیدعە .**

**شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە ، و کەم وکوڕی تێدایە ، لەوانەش : نەبوونی چالاکی لە بانگەوازیاندا بۆ لای خوای گەورە ، وە نەبوونی پشتیوانی بۆ ئاراستەکردن ڕاست کردنەوەی ئەو بیروباوەڕە ڕاستەی کە ئەهلی سوننە و جەماعەی لە سەرە ، بۆیە پێویستە لە سەر ( الإخوان المسلمين ) کە بایەخ دانیان هەبێت بەبانگەشەی سەلەفیەت ، و بانگەشەکردن بۆ یەکخواپەرستی ، وئینکارکردنی گۆڕپەرستی ، و خۆپەیوەست کردن بە مردوانەوە ، و هاناپێبردن بە مردوانی ناو ئەو گۆڕانە ، وەك ( حسن ) و ( حسين ) ﵄ ، یان ( البدوي ) و هاوشێوەکانیان ، پێویستە لە سەریان بایەخدانیان هەبێت بەم بنەوا پتەوە ، بەواتای : ( لا إله إلا الله ) کە بنەوای ئایینە ، و یەکەمین شتێکە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەدا بانگەشەی بۆ کردبێت ، بانگەشەی بۆ یەکخواپەرستی کرد ، بۆ واتای ( لا إله إلا الله ) ، زۆرێك لە زانایان ڕەخنەی ئەمەیان لە ( الإخوان المسلمين ) هەیە ، واتە : نەبوونی کۆششیان لە بانگەشەکردن بۆ یەکخوا پەرستی ، و ئیخلاص و تەنها ئەنجامدانی هەموو شتێك تەنها لە بەر ئەو ، لە گەڵ ئینکارکردنی ئەو شتانەی کە نەزانکاران دایانهاوردووە ، لە پەیوەست بوون بە مردوان و داوای یارمەتی لێکردنیان ، و**

---

[٤] مجلة المجلة ، العدد ( ٨٠٢ ) صفحة ( ٢٤ ) تاريخ ( ٢٥ / ٢ / ١٤١٦ ) ، نقلاً عن ( المجلة السلفية ) العدد ( ٧ ) ص : ( ٤٦ — ٤٧ ) ، ( نقلاً من مجلة المجلة عدد ٨٠٦ ) آخر فتوى لسماحة الإمام في التحذير من جماعة التبليغ ) .

**نەزر بۆكردن و سەربڕین بۆیان ، كە هاوەڵبڕیاردانی گەورەیە ، وە هەروەها ڕەخنەی ئەوەشیان لێدەگرن كە گرنگی نادەن بە سوننەت : شوێنی سوننەت ناكەون و گرنگی نادەن بە فەرمووده پیرۆزەكان و ئەوەی كە سەلەفی ئەم ئوممەتەی لە سەر بووە ، لە ئەحكامە شەرعیەكان ، وە زۆر شت دبیستم كە زانایان ڕەخنەیان لێدەگرن تیایدا ، دواكارم لە خوای پەروەردگار سەركەوتوویان بكات ، و یارمەتی دەریان بێت ، و بار وحاڵیان چاك بكات .**

**سێیەم : وە سەبارەت بە كۆمەڵی ( التبليغ ) پرسیار لە بەڕێزیان كرا ، كە ئەمە دەقەكەیەتی :** (( نسمع يا سماحة الشيخ عن جماعة التبليغ ، وما تقوم به من دعوة ، فهل تنصحني بالانخراط في هذه الجماعة ، أرجو توجيهي ونصحي ، وأعظم الله مثوبتكم ؟ )) ، **واتە : شێخی بەڕێزمان زۆر دەبیسین سەبارەت بە كۆمەڵی تەبلیغ ، ئەوەی كە پێی هەڵدەستن لە بانگەشە ، ئایا ئامۆژگاریم دەكەی بەوەی كە بچمە ڕیزی ئەم كۆمەڵەوە ، داواكارم ئاراستە و ئامۆژگاریم بكەی ، خوای پەروەردگار پاداشتی گەورەتان بداتەوە .**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (( كل من دعا إلى الله فهو مبلغ " بلغوا عني ولو آية " ، لكن جماعة التبليغ المعروفة الهندية عندهم خرافات ، عندهم بعض البدع والشركيات ، **فلا يجوز الخروج معهم** ، إلا إنسان عنده علم يخرج لينكر عليهم ويعلمهم . أما إذا خرج يتابعهم ، لا .

لأن عندهم خرافات وعندهم غلط ، عندهم نقص في العلم ، لكن إذا كان جماعة تبليغ غيرهم أهل بصيرة وأهل علم يخرج معهم للدعوة إلى الله .

أو إنسان عنده علم وبصيرة يخرج معهم للتبصير والإنكار والتوجيه إلى الخير وتعليمهم حتى يتركوا المذهب الباطل ، ويعتنقوا مذهب أهل السنة والجماعة )) (٥) .

**واتە : هەموو كەسێك ئەگەر بانگەشە بكات بۆ لای خوای پەروەردگار ، ئەوە گەیەنەری ئایینە ، هەروەكو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : لێمەوە بگەیەنن ئەگەر تەنها ئایەتێكیش بێت ، بەڵام كۆمەڵی تەبلیغ كە كۆمەڵێكی هندی ناسراوە ، و خورافیاتی زۆریان هەیە ، و هەندێك بیدعە و**

---

(٥) ( فُرِّغت من شريط بعنوان ( فتوى سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز على جماعة التبليغ ( وقد صدرت هذه الفتوى في الطائف قبل حوالي سنتين من وفاة الشيخ وفيها دحض لتلبيسات جماعة التبليغ بكلام قديم صدر من الشيخ قبل أن يظهر له حقيقة حالهم ومنهجهم ) .

هاوەڵبڕیاردانیان هەیە ، بۆیە نابێت کەس لە گەڵیاندا بۆ بانگەشە دەربچن ، جگە لە کەسێك نەبێت کە زانستی شەرعی هەبێت ، بۆ ئەوەی شتەناشەرعیەکانیان ئینکار بکات و فێریان بکات ، بەڵام ئەو کەسەی کە شوێنیان بکەوێت نەخێر .

چونکە ئەو کۆمەڵە خورافیات و هەڵەیان هەیە ، کەم و کوڕیشیان لە زانستی شەرعیدا هەیە ، بەڵام ئەگەر جگە لە کۆمەڵی تەبلیغ چاوڕۆشن و ئەهلی زانستی شەرعی بن ، ئەوا دەتوانێت لە گەڵیاندا بڕوات و بانگەشە بکات بۆ لای خوای پەروەردگار .

یان مرۆڤێك زانست و چاوڕۆشنی هەبێت ، دەتوانێت لە گەڵیاندا دەرچێت ، بۆ ئەوەی چاوڕۆشنیان بکات و ناشەرعیەکانیان ئنکار بکات ، و ئاراستەیان بکات و زانستیان فێربکات ، بۆ ئەوەی واز لە بۆچوون و مەزهەبەکە نادروستەکانیان بێنن و بگەڕێنەوە بۆ چاکە ، و دەست بگرن بە بۆچوون و مەزهەبی ئەهلی سوننە و جەماعە .

کەواتە بە کورتی : ڕا و بۆچوونی پێشەوا ( ابن باز ) دەربارەی هەر دوو کۆمەڵ و حزبی ناوداری هاوچەرخ . کۆمەڵی ئیخوان و تەبلیغ . ئەوەیە کە ئەم دوو حزبە لە ڕیزی کۆمەڵ و حزبە لاڕێبووەکانن ، و لە کۆمەڵی ڕزگار بوو نین ، چونکە لە بنەوا و بانگەوازیاندا پێچەوانەی بنەوا و شێوازی بانگەشەی ئەهلی سوننە و جەماعەن ، و بایەخیان لە بانگەشەدا بە یەکخوا پەرستی نیە و چاوڕۆشن نین بە زانستی قورئان وسوننەت ، نابێت موسڵمان لە گەڵیاندا دەربچێت بە مەبەتی بانگەواز و بانگەشە ، وە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە زانایان ڕەخنەیان لەم کۆمەڵانە هەیە .

## ڕا و بۆچوونی پێشەوا بن باز ـ بە ڕەحمەت بێت ـ
## دەربارەی پەیوەندی کردن و کارکردن
## لە گەڵ چەند کۆمەڵ و حزبێکی ناوداری هاوچەرخ

**یەکەم : وە لەو بارەشەوە کەسێك تیلیفۆن دەکات بۆ شێخ پرسیارێکی لێ دەکات کە ڕا و بۆچوونی بەرێزیان چیە دەربارەی پەیوەندی کردن و کارکردن لە گەڵ ئەم حزب و کۆمەڵە ئیسلامیە هاوچەرخانەدا کە ئەمەی خوارەوە دەقی پرسیارەکە و وەڵامەکەی بەڕێزیشیانە :**

(( المتصل : السلام عليكم . **پەیوەندیکار** : السلام عليكم .

الشيخ ابن باز : عليكم السلام ورحمة الله وبركاته . **شێخ** ( ابن باز ) : عليكم السلام ورحمة الله وبركاته .

المتصل : سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز ؟ **پەیوەندیکار : بەڕێز شێخ** ( عبد العزيز بن باز ) ە ؟

الشيخ : نعم ، **شێخ : بەڵێ** .

المتصل : يا شيخ عندي سؤال مهم ، **ئەی شێخ پرسیارێکی گرنگم هەیە** .

الشيخ : أسأل الله أن ييسر ، **دواکارم خوا ئاسانی بکات** .

المتصل : سؤالي هو يا شيخ : أسألك بالله الذي لا إله إلا هو أن تقول لي كلمة الحق والعدل في الجماعات الإسلامية الموجودة على الساحة من سلفيين وتبليغ وإخوان المسلمين وغيرهم من الجماعات الإسلامية ، حيث أنهم يتجاذبونني فيما بينهم والذي قد عانيت منه الكثير والكثير ، وكل جماعة من هذه الجماعات تضايقني وتريد مني أن أكون في صفها وعلى منهجها وطريقتها التي رسمتها واختصتها لنفسها وأتباعها ، لأنها تعتقد كل جماعة من هذه الجماعات أن الحق معها وأن منهجها هو الصواب .

وأنا أريد أن أنضم مع أهل الحق منهم ، فبأي جماعة يا سماحة الشيخ تنصحني أن أنضمّ وأنتمي إليها ؟

وكذلك أريد منكم أن تذكروا لنا علماء الجماعة التي تنصحوننا بالانضمام والانتماء إليها .

**واتە : ئەی شێخ پرسیارەکەم بریتییە لە : سوێندت دەدەم بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ئەو نەبێت کەوا وتەی حەق و دادپەروەریم پێبڵێیت سەبارەت بەو ( جەماعاتە ئیسلامییانەی ) کە بوونیان هەیە لە گۆڕەپانەکەدا لە سەلەفییەکان و تەبلیغ و ئیخوان موسلمین و جگە لەمانەش لە جەماعاتە ئیسلامییەکان ، چونکە ئەمانە لە نێو خۆیاندا ڕامدەکێشن بۆ**

**لای خۆیان بە شێوەیەك کە زۆر زۆرم چەشتووە بەدەستیەوە ، وە هەموو جەماعەتێك لەم جەماعەتانە تەنگم پێهەڵدەچنێت و لێمی دەوێت کەوا بچمە ڕێزیەوە و لەسەر ئەو بەرنامە و ڕێبازەی بم کە داڕەشتووە و تایبەتی کردووە بە خۆی و شوێنکەوتەکانیەوە ، چونکە هەموو جەماعەتێك لەم جەماعەتانە باوەڕی وایە کەوا حەق لەگەڵ ئەودایە و بەرنامەکەی ئەو ڕاستە ، وە من دەمەوێت بچمە ریزی ئەهلی حەقەوە و لەگەڵ ئەهلی حەقدا بم لە نێو ئەمانەدا .**

**ئەی شێخی بەڕێز : ئایا بە کام جەماعەت ئامۆژگاریم دەکەیەت کەوا بچمە ریزیەوە و لایەنگیری بم ؟**

**وە هەروەها لێتانم دەوێت کەوا زانایانی ئەو جەماعەتەم پێبڵێن کەوا ئامۆژگاریم دەکەن بە چوونە ریزیەوە و لایەنگیری بۆ کردنی ؟**

الشيخ : أنت من أي بلد ؟ **واتە : تۆ لە کام وڵاتیت ؟**

المتصل : نعم ؟ **واتە : بەڵێ ؟**

الشيخ : من أي بلد ؟ **واتە : لە کام وڵاتیت ؟**

المتصل : أنا ؟ **واتە : من ؟**

الشيخ : نعم ، **واتە : بەڵێ .**

المتصل : أسكن في أي بلد ؟ ولا الآن بكلم ( أين أتحدث ) ؟ **واتە : لە کام وڵات نیشتەجێم ؟ یان ئێستا لە کوێوە قسە دەکەم ؟**

الشيخ : من الطائف ؟ **واتە : لە ( طائف ) یت ؟**

المتصل : لا ، الكلام ؟ **نەخێر ، مەبەستت لە کوێوە قسە دەکەم ؟**

الشيخ : نعم ، **واتە : بەڵێ .**

المتصل : من الأنطاوية ، **واتە : لە ( أنطاوية ) وە .**

الشيخ : الأنطاوية ، **على كل حال التقيد بجماعة معينة لا يَجوزُ ، لابدَّ للإنسان أن يتقيد بالشرع ، قال الله وقال الرسول ﷺ ، أي : يتقيد بالكتاب والسنة ، لكن أحسن الجماعات الإسلامية اليوم السلفيون وأنصار السنة ، المنتسبين للسلف الصالح ، مثل أنصار السنة في مصر وأنصار السنة في السودان ، وأشباههم ممن يتعلق بالسنة ويعظمها ، يعني يتعلق بالكتاب والسنة ، سواء سموهم بأنصار السنة أو سموهم بالسلفيين أو سموهم بأي شيء ، المهم أن يكون همّهم التعلق بالكتاب والسنة ، وتحكيمهما والحرص على العمل بهما ، أما مجرد التحزب لجماعة**

**<u>يرضى لرضاها ويغضب لغضبها !!! فهذا ما يصلح ، لابد من تحكيم الأدلة الشريعة ، الذي لا يعرف ما عندهم يسأل عمّا أشكل عليه ولا ينضمّ إلى هؤلاء بالإيمان الكلي ، بل ينضم معهم بالحق والخير والهدى ، أمّا الإخوان المسلمين وجماعة التبليغ لا ، هؤلاء عندهم بعض الأخطاء ، لكن مثل السلفيين الذين يعتنون بالكتاب والسنة ، مثل أنصار السنة في البلاد المعروفة ، فالحاصل أن تنظر الإخوان الذين يعتنون بالقرآن والحديث ابق معهم ، الذين يعتنون بالقران والحديث كن معهم ، تبحث معهم ، تدرس معهم ، تبحث عن الأثر معهم</u>** .

شێخ ابن باز : له ( أنطاوية ) وه ، به هەر حاڵ : پابەندبوون بە جەماعەتێکی دیاری کراوەوە ڕاست نیە و دروست نیە ، لەپێشتر بۆ مرۆڤ ئەوەیە کەوا پابەندببێت بە شەرعەوە : خوا فەرموویەتی و پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ، واتە پابەندببێت بە قورئان و سوننەتەوە ، بەڵام باشترینی جەماعاتە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ بریتیە لە : سەلەفییەکان و ئەنصار السُّنه ( السلفيون وأنصار السنة ) ئەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ سەلەفی صالح ، وەکو ( أنصار السنة ) لە ( مصر ) و ( أنصار السنة ) لە ( سودان ) و هاوشێوەکانیان لەوانەی کە پەیوەستن بە سوننەتەوە گەورەی ڕادەگرن ، واتە : پەیوەستن بە قورئان و سوننەتەوە . یەکسانە ئەوەی کە ناوبنرێن بە ( أنصار السنة ) یان ناوبنرێن بە ( سەلەفیەکان ) ، یان بە هەر شتێکی تر .

گرنگ ئەوەیە کە ئەمانە خەمیان پەیوەست بوونە بە قورئان و سوننەت و دادوەری بۆ لاکردنیان و سوور بوونە لەسەر کردەوە کردن بە هەردووکیان ، بەڵام تەنها حزبایەتی و لایەنگیری بکات بۆ کۆمەڵ و جەماعەتێکی دیاری کراو ، ڕازی بوونی بەپێی ڕازی بوونی ئەو بێت ، تورە بوونیشی لە بەر تورە بوونی ئەو بێت !!! ئا ئەمە نابێت و دروست نیە ، پێویستە کەوا دادوەری بکات بۆ لای بەڵگە شەرعیەکان و پەیڕەویان بکات ، وە ئەوەش شتێکیانی نەزانی ئەوا پرسیار دەکات لەوەی کە بووەتە جێ گومانی ، نەك ئەوەی بە هەموو باوەڕێکەوە لە گەڵیاندا بێت ، لە هەموو شتێکیاندا ، بەڵکو لە گەڵیاندا بێت لە هەموو ڕەوایی و چاکە و هیدایەتێکدا ، وە سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ جەماعەتی ( الإخوان المسلمين ) یان ( التبليغ ) بیت ؟ نەخێر ، ئەوانە هەندێك هەڵەیان هەیە ، بەڵام وەکو سەلەفیەکان ئەوانەی کە خەریکی قورئان و سوننەتن ، وەکو ( أنصار السنه ) لە زۆرێك لە وڵاتە ناسراوەکاندا ، دەرئەنجام : پێویستە بڕوانیتە ئەو برایانەی کە بایەخیان بە قورئان و فەرموودەیە لەگەڵ ئەواندا

بمێنەوە ، ئەوانەی کە گرنگی و بایەخ دەدەن بە قورئان و فەرموودە لەگەڵیاندابە و توێژینەوەیان لە گەڵدا بکە و دەرسیان لەگەڵدا بخوێنە ، وە بەدواگەڕانیان لە گەڵدا بکە .

المتصل : **يعني ياشيخ أنضم ـ يعني ـ إلى المنهج السلفي** ؟ **واتە : لایەنگیری بکەم بۆ بەرنامە و پەیڕەوی سەلەفییەت ؟**

الشيخ : نعم ، **واتە : بەڵێ .**

المتصل : نعم ؟ **واتە : بەڵێ ؟**

الشيخ : **أصحاب النبي ﷺ واتباعهم بإحسان هذه هي السلفية** ، **واتە : سەلەفیەت بریتیە لە : هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ، و شوێنکەوتنیان بەچاکە .**

المتصل : طيب ، يا شيخ : مُمكن أن توجهوا لنا أسماء مشايخ نتعاون معهم ونتكاتف على إحياء منهج السلف الصالح ؟ **واتە : باشە ، ئەی شێخ : ئایا دەکرێت ڕێنماییمان بکەیت بۆ ناوی ئەو شێخانەی کەوا هاوکاری و پشتگیری و هەماهەنگیان لەگەڵدا بکەین بۆ زیندووکردنەوەی بەرنامەی سەلەفی صاڵح ؟**

الشيخ : كأمثال الشيخ محمد بن صالح العثيمين وصالح الفوزان ، وصالح الغديان ، وعبدالعزيز آل الشيخ ، وجماعة كثيرة ، **واتە : وەکو شێخ** ( محمد بن صالح العثيمين ) و ( صالح الفوزان ) و ( صالح الغديان ) و ( صالح آل الشيخ ) ، **کۆمەڵێکی زۆرن .**

المتصل : جزاك الله خيرا ياشيخ ... أثابك الله ياشيخ )) [٦] ، **واتە : خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە ئەی شێخ ، خوا پاداشتت بداتەوە ئەی شێخ .**

**دووەم : وە پرسیاری لێکرا کە** (( طُلاَّب العلم يرجعون إليكم وإلى العُلماء الكِبار يسألونهم : فبماذا تنصحونَهم ؟ **هل تُقرُّون الدخول في مثل هذه الجماعات : جماعة الإخوان ، جماعة التبليغ ، جماعة الجهاد جماعة كذا** ؟ أو تنصحونهم بالبقاء على طلب العلم مع طُلاَّب العلم من الدعوة السلفية ؟ )) .

---

[٦] شبكة سحاب السلفية ــ المنابر ــ المنبر الإسلامي : مادة صوتية : بماذا نصح الشيخ ابن باز ــ رحمه الله ــ السائل الذي استفسر لأي جماعة ينظم ( سلفية أو تبليغ أو الإخوان ) ؟! والمادة الصوتية موجودة على الرابط : ( ٧٣٣٠٠٧ = http://www.sahab.net/FORUMS/showthread.php?p ) .

وراجع : ( مجالس الأفلاج ، تحت عنوان : من آخر فتاوى ابن باز ــ رحمه الله تعالى ــ : أحسن الجماعات اليوم السلفيون ، و الرابط : [ httpwww.alaflaj.comvbshowthread.phpp=٨٦٦٠٤ ] ) .

**واته : قوتابیانی زانستی شەرعی دەگەڕێنەوە بۆ لای ئێوە و بۆ لای گەورە زانایان و پرسیاریان لێ دەکەن : ئایا بە چی ئامۆژگاریان دەکەن ؟ ئایا چوونە ناو ئەم کۆمەڵانەوە وەك : کۆمەڵی ئیخوان ، و کۆمەڵی تەبلیغ ، و کۆمەڵی جیهاد بەباش دەزانن ، و ڕێپێدەدەن ، یان ئامۆژگاری ئەوەیان دەکەن کە لە گەڵ فێرخوازانی زانستی شەرعی بن لە بانگەشەی سەلەفیەت ؟**

**بەڕێزیشیان بە ڕاشکاوی فەرمووی :** (( ننصحهم جميعاً بالاجتماع على كلمةٍ واحدة ، وهي طلب العلم والتفقُّه في الكتاب والسُنَّة والسير على منهج أهل السُنَّة والجماعة ، ننصحهم جميعاً بأن يكون هدفهم هو اتباع الكتاب والسُنَّة والسير على منهج أهل السُنَّة والجماعة ، وأن يكونوا جميعاً يُسَمُّون أنفسهم أهل السُنَّة ، أو أتباع السلف الصالح .

**<u>أمَّا التحزُّب للإخوان المسلمين أو جمعية التبليغ ، أو كذا وكذا ، لا ننصح به ، هذا غلط ، ولكن ننصحهم بأن يكونوا كتلة واحدة وجماعة واحدة يتواصون بالحق والصبر عليه ، وينتسبون لأهل السُنَّة والجماعة</u>** .

هذا هو الطريق السويّ الذي يمنع الخلاف ، وإذا كانوا جماعات على هذا الطريق ما يضر كونهم جماعة في ( إب ) وجماعة في ( صنعاء ) ، لكن كلهم على الطريقة السلفية اتّباع الكتاب والسُنَّة يدعون إلى الله وينتسبون إلى أهل السُنَّة والجماعة ، من غير تحزُّب ولا تعصُّب ، هذا لا بأس به وإن تعدَّدت الجماعات ، لكن يكون هدفهم واحد وطريقهم واحد )) [٧] .

**واته : ئامۆژگاری هەموویان دەکەم بە کۆبوونەوە لەسەر یەك ووتە ، کە بریتیە لە خوێندنی زانستی شەرعی و شارەزابوون لە قورئان و سوننەت ، و ڕۆشتن لە سەر پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعە ، وە ئامۆژگاری هەموویان دەکەین بەوەی کە ئامانجیان بریتی بێت لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت و ڕۆشتن**

---

[٧] ( من شريطٍ بعنوان " أسئلة أبي الحسن للشيخين ابن باز وابن العثيمين " سُجِّل بمكَّة المكرَّمة في السادس من ذي الحجة عام ١٤١٦ هـ ) .

يقول الشيخ ابن باز رحمه الله : (( إن الواجب على الداعية الإسلامي أن يدعو إلى الإسلام كلّه ولا يفرق بين الناس ، وأن لا يكون لمذهب دون مذهب أو لقبيلة دون قبيلة أو لشيخه أو رئيسه أو غير ذلك ؛ بل الواجب أن يكون هدفه إثبات الحق وإيضاحه واستقامة الناس عليه ، وإن خالف رأي فلان أو فلان )) ( ابن باز الدعوة إلى الله وأخلاق الدعاة ، ٥٢ ) ( رسالة عاجلة للدعاة : ج ١ / ص ٣٣ ) .

وسُئِلَ الشيخ ابن باز : بعض الطُّلاّب السلفيين يقولون : لابُدَّ أن نجتمع على عهد وعلى بيعة لأميرٍ لنا وإن كُنَّا على المنهج السلفي ، لسنا في الجماعات الأُخرى ؟ فأجاب الشيخ بقوله : (( ما يحتاج بيعة ولا شيء أبداً ، يكفيهم ما كفى الأولين . الأولون طلبوا العلم وتعاملوا بالبر مِن دون بيعة لأحد )) ( من شريطٍ بعنوان "أسئلة أبي الحسن للشيخين ابن باز وابن العثيمين" سُجِّل بمكَّة المكرَّمة في السادس من ذي الحجة عام ١٤١٦ هـ ) .

لـه سـەر پـەیڕەوی ئـەهلی سـوننه و جەماعـه ، وه هـەموویان نـاوی خۆیـان بنێـنن ئـەهلی سـوننه یـان شوێنکەوتوانی سەلەفی صالح .

بەڵام حزبایەتی کردن و لایەنگیری بۆ ( الإخـوان المـسلمين ) يان ( جمعيـة التبليـغ ) یان فلان و فلان ! ئامۆژگاری بەمه ناکەین ، ئەمه هەڵەیه ، بەڵکو ئامۆژگاریان بەوه دەکەین که یەك پارچه و یەك جەماعەت بن ، ئامۆژگاری یـەکتر بکـەن بـه شـوێنکەوتنی ڕەوایـی و ئـارامگرتن لەسـەری ، وه نیسبەتی خۆیـان بدەنـه پـاڵ ئەهلی سوننه و جەماعه .

ئا ئەمه ڕێگا ڕاستەکەیه که دەبێته ڕێگر لـه جیاوازی ، وه ئـەگەر چەندین کۆمەڵ بن لەسـەر ئـەم ڕێگایـه ئەوا زیانی نیه کۆمەڵێکیان له ( إب ) بێت و کۆمەڵێکی تریان لـه ( صـنعاء ) بێت ، بـەڵام هـەموویان لەسـەر ڕێبـازی سـەلەفییەت بـن ، واتـه : شـوێنکەوتەی قورئـان و سـوننەت بـن ، و بانگـەواز بکـەن بـۆ لای خـوای پەروەردگار ، و نیسبەتی خۆیان بدەنه پاڵ ئەهلی سوننه و جەماعـه ، بـەبێ حزبایـەتی و دەمارگیری ، ئەمه هیچی تێدا نیه ئەگەرچی چەندین جەماعەتیش بن ، بەڵام دەبێت ئامانجیان یەك بێت و ڕێگایان یەك بێت .

**سێیەم :** وه لـه بەرنامـه ( نور علـى الـدرب ) دا پرسیارکارێکی سودانی لـەم بارەیـەوه پرسیارێکی ئاراسته دەکات که تیێدا هـاتووه : (( السؤال : ما هي أهمية الجماعة في الإسلام ، وهل يشترط علـى المـسلم أن ينتمي إلى جماعةٍ معينة ؟ )) ، واته : گرنگی کۆمەڵ له ئیسلامدا چیه ، و ئایا مەرجه هەموو موسڵمان پەیوەندی هەبێت به کۆمەڵێکی تایبەتەوه ؟

بەڕێزیشیان لەوەڵامدا فـەرمووی : (( نعم الجماعة في الإسلام هي الاجتماع على شريعة الله عز وجل التي قـال فيها الرسول عليه الصلاة والسلام : " لا تزال طائفةٌ من أمتي على الحق ظاهرين لا يضرهم من خذلهم ولا من خـالفهم حتى يأتي أمر الله وهم على ذلك " هذه هي الجماعة التي يجب على الإنسان أن ينتمي إليها .

<u>**أمـا الجمـاعة الحـزبية التي لا تريـد إلا انتصـار رأيهـا سـواءٌ كـان بحق أم بباطل ، فـإنه لا يجـوز الانتماء إليها**</u> ؛ <u>**لأن ذلك متضمنٌ البراءة من الجمـاعة الإسـلامية ، والـولاية للجمـاعة الحـزبية التي فيها التفرق والاختلاف**</u> ، وقد قال الله تعالى : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) .

وقال تعالى : ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾ ( الشورى : ١٣ ) .

وقال تعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ ) .

وقال تعالى لنبيه ﷺ : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) .

**وهذه الجماعات الإسلامية التي تنتمي إلى الإسلام وهدفها انتصار الإسلام يجب عليها أن لا تتفرق يجب عليها أن تنحصر في طائفةٍ واحدة ، طائفة الجماعة التي كان عليها رسول الله ﷺ وأصحابه** ، كما أخبر بذلك النبي ﷺ حين قال : " ستفترق هذه الأمة على ثلاثة وسبعين فرقة ، كلها في النار إلا واحدة " ، قالوا : من هي يا رسول الله ؟ قال : " من كان على مثل ما أنا عليه وأصحابي " .

**وهذه الجماعات فرقت الأمة وشتتهم ، وألقت بينهم العداوة ، حتى صار الواحد منهم ينظر إلى الثاني نظر العدو البعيد !!! مع أن الكل منهم مسلم ينتمي إلى الإسلام ، ويريد أن ينتصر الإسلام به ، ولكن أنى وقد تفرقوا هذا التفرق وتمزقوا هذا التمزق !!!**

فالذي ينبغي أن أوجه إخواني إليه من هذا المنبر ( منبر نور على الدرب ، من إذاعة المملكة العربية السعودية ) أن يجتمعوا على الحق ، وأن يجتنبوا أوجه الاختلاف بينهم ، فيزيلوها بالرجوع إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ .

**والحقيقة أن هذا التفرق أصبحت فريسته هذه الوعي الذي نشاهده في الشباب الإسلامي ؛ فإن هذا الشباب بتفرق هذه الجماعات صار كل طائفةٍ منهم تنتمي إلى جماعة صار كل واحدٍ منهم كل واحدٍ منهم ينتمي إلى جماعة من هذه الجماعات وتفرقوا وصار بعضهم يسب بعضاً ويطعن في بعض وهذه ضربةٌ قاسية قاصمةٌ للظهر إلا هذه الصحوة التي بدأت ولله الحمد تظهر آثارها في شباب المسلين .**

**المهم أنني أنا أنصح بعدم التفرق ولو في ضمن هذه الجماعات وأرى أن تكون الأمة الإسلامية أمةً واحدة لا تختلف ولا تتسمى كل واحدةٍ منهم باسم ترى أنها ندٌ للجماعات الأخرى نعم ))** [٨] .

**واته : بەڵێ کۆمەڵ لە ئیسلامدا بریتیە لە کۆبوونەوە لە سەر شەریعەتەکەی خوای پەروەردگار ، ئەو شەریعەتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارتی فەرموویەتی : بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لە سەر ڕەوایی بەردەوامن ، سەرنەخستنی هەندێك بۆیان زیانیان پێ ناگەیەنێت ، و نەش ئەوانەی کە**

---

[٨] ( فتاوى نور على الدرب : ٣ / ٢٦٣ ــ ٢٦٥ ) .

بەمەش هەڵوێست و ڕا و بۆچوونی پێشەوا ئەلبانیمان . بە ڕەحمەت بێت . بۆ ئاشکرا دەبێت دەربارەی تەفریقە و حزبایەتی بەگشتی کە بە کورتی بریتیە لەوەی کە تەفریقە و حزبایەتی : پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە ، بەڵکو کار و کردارێکە کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ یاساغیان لێکردووە ، لە چەندەها ئایەت و فەرموودەدا ، وە خوای پەروەردگار بەزەی و ڕەحمەتی خۆی تایبەت کردووە بەو کەسانەی کە دوورن لە تەفریقە و حزبایەتی ، وە ئەو ڕێچکانەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەی ( ابن مسعود ) دا رضي الله عنه دیاری کردووە ، ئەم حزب و کۆمەڵە ئیسلامیانەی ئەم سەردەمە دەگرێتەوە ، هەر حزبێکیش حزبی خوای پەروەردگار نەبێت ئەوا حزب و کۆمەڵی شەیتانە ، بۆیە دڵنیان لەوەی کە ئەو حزبەی کە لە سەر قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و پەیڕەوی سەلەفی صاڵح نەبێت ، دواڕۆژی خەسارۆمەندێتیە ، و لە کۆمەڵی ڕزگاربوو نیە ، کە لە سەر ڕێگای ڕاستە ، ئەو ڕێگایەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی پێکردوون لە فەرموودە ( صحیح ) ەکانی ، وە باوەڕیشمان وایە کە ئەم حزب و کۆمەڵە ئیسلامیانە لە سەر ڕێگای ڕاست نین ، بەڵکو دڵنیاین و جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە کە لە سەر ئەو ڕێگایانەن کە لە سەر هەموو ڕێگایەکیان شەیتانێك هەیە بانگەشەی خەڵکی بۆ دەکات ، لەولاشەوە دور و نزیك دەزانێت کە بانگەوازی سەلەفیەت دژایەتی حزبایەتی دەکات بە هەموو شێوە و جۆرەکانی ، وە خەڵکیش باش دەزانێت کە ئێمە ڕازی نین بەم تەفریقە و حزبایەتیە ، بەڵکو بیروباوەڕمان وایە کە پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەتن ، وە ئەوەش دووپات دەکەینەوە کە ڕزگاربوون بەوەیە کە موسڵمان پەیوەست بێت بە تەنها کۆمەڵێکەوە ، نەك بۆ چەندەها حزب و کۆمەڵ ، تاکە ڕێگاکەش ڕێگەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و هاوەڵە بەڕێزەکانیەتی ، و پەیڕەوی سەلەفی صاڵحە ، وە ئەوەش بەباشی دەزانم کە تەنها کۆمەڵێك هەیە لە سەر ڕووی زەوی کە بانگەشە بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح دەکەن ، وە ئەوانی تر چەندەها

جياوازى هەيە لـــە نێوانيانـدا ، جياوازيەكان لـــە بيروباوەڕدا بێت يــان ، جگە لــە بيروباوەڕ ( واتـە لـە فروعدا ) .

جا نازانم چەواشەكاران ئەم هەموو ڕاستيانەی كە لە ووتە و فەتواكانی پێشەوا ( الألباني ) دا هەن . بە ڕەحەت بێت . ، نەبينيوە ؟!! يان بينيويانـە و خۆيـان لـە كـەودەنی داوە ؟!! وەكـو ئـەو تـەيری ووشـترمل ( النعامة ) كە دڕندەيەك دەبينێت ، سەر دەكاتە ناو خۆڵ بۆ ئەوەی دڕندەكە نەبينێت !!! لەو باوەڕەشدا نيم هـەر كەسـێكی دادپـەروەر و ڕەوا ويـست ئـەم ووتانـەی بەرچـاو بكـەوێت ، دێـت و دەڵێـت : ئـەی بـۆ چەواشەكاران وا دەڵێن ؟! چونكە ئاشكرايە كە چەواشەكاران ئەگەر بە ساختەش بێت . خوا پەنامان دات ـ تـەنها دەيانـەوێت بگەنـە مـەرام و مەبەستەكانيان !! ئەگـەر وانـەبێت ئـەبێت دوای بيستنی ئـەم ووتـە و فەتوايانە ناڕەوايی خۆيان بۆ موسڵمانان ئاشكرا بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاريان بە پەشيمانی و تۆبـەكاری بـەڵكو خـوای پـەروەردگار لێيـان خـۆش بێـت ، ئەگـەر نـە ئـەوا ڕاسـتی مەبەسـتەكان بـۆ موسڵمانان ئاشكرا دەبێت .

**نۆيەم** : هەروەها پرسيار كرا لە شێخ ( ئەلبانی ) . بە ڕەحمەت بێت . : (( هل ترون أنَّ أصـــل فكـــرة العمل الجماعي اليوم بدعة وحرام ؟ أو أنَّ نقدكم يتناول أخطـــاء التطبيـــق ؟ )) ، واتـە : ئايـا ئێـوە وا دەبيـنن كە بنچينەی بۆچوونی ( كاری بە كۆمەڵ ) بيدعە و حەرامە ؟ يان ئێوە تەنها ڕەخنە لەو هەڵانە دەگرن كە لـە بواری پراكتيكی و پيادەكردندا ڕوو دەدات ؟

شێخ ( ئەلبانی ) يش . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامی ئەم پرسيارەدا فەرمووی : (( **لا ، العملُ الجمـاعي ليس هناك مجالٌ لإنكارهِ إذا لم يقترن بالتحزُّب** ، **والعمل الجماعي يشملهُ عديدٌ من الآيـات الكريمـة** : ﴿ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ ﴾ ﴿ وَلَا تَحَاضُونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ ﴾ ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ ، **فمثلُ هذا التعاون الجماعي ليس هُناك مجالٌ لإنكارهِ إطلاقاً** ، **لأنَّ الإسلامَ قـائمٌ على هذا التعاون** ، **ولكن الظاهرة التي تبدو في العصر الحاضر قد انحرفت عن هذه الغاية من التعاون على البِرِّ والتقوى : هي التي خالطها كثيرٌ من التحزُّب والتعصُّب ، إلى درجة أنـهُ صار أمراً مهضوماً مقبولاً عند كثيرين من الدعاة كالتكتل باسم التحزُّب ، ونحن نعلم أنَّ الله عـزَّ وجل قـد نهى في كـثير من الآيات القرآنية ن التحزُّب والتعصُّب لطائفة أو لجماعة لها نظامها الخاص ، ولها منهجها الخاص** ، ولو لم يكن هذا النظام وهذا المنهج مُطابقاً للسنة من كل جانب أصبح التحزُّب اليوم فرقةً تُمثِّلُ ما حذَّر عنهُ النبي ﷺ في بعض أحاديثهِ

التي تُعتبر تبياناً وتفصيلاً لمثل قولهِ تبارك وتعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾

.

**<u>ولا يخفى على كُلِّ مسلمٍ اليوم كَثرَةُ الأحزاب المنتشرة في العالم الإسلامي ، وأنَّ لكُلِّ حزبٍ منهجهُ ونظامهُ ، وأنَّ هذه الأحزاب متنافرة متباغضة ـ على خِلاف المقصود من التكتل والتجمع الإسلامي ـ لكُلّ منهاجهُ ، ولكُلّ رئيسهُ ، ولكُلّ طائفتهُ ، وكلُّ هذه الطوائف لا تلتقي بعضها مع بعض ، وهذا بلا شك مما تشملهُ عموم الآية السابقة</u>** ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ...)) [11] .

**واتە : نەخێر ، هیچ بوارێك نیە بۆ قەدەغە كردنی ( كاری بە كۆمەڵ ) ئەگەر حزبایەتی لە گەڵدا نەبێت ، وە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز هەن وەكو :** ﴿ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ ﴾ **و** ﴿ وَلَا تَحَاضُّونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ ﴾ **و** ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ **كە ( كاری بە كۆمەڵ ) دەگرنەوە ، بۆیە هاوشێوەی ئەم كارە بە كۆمەڵە هیچ بوارێك نیە بە هیچ جۆرێك بۆ قەدەغە و ئینكاركردنی ، چونكە ئیسلام لە سەر هاوكاری كردن ڕاوەستاوە ، بەڵام ئەو دیاردەیەی كە لە سەردەمی ئێستادا دیارە لایداوە لەم مەبەستە لە هاوكاری كردن لە سەر كاری چاكە و لە خوا ترسان : چونكە زۆرێك لە حزبایەتی و دەمارگیری تێكەڵ بووە ، تا ئەو ئاستەی كە حزبایەتی و دەمارگیری بووەتە شتێكی هەزم كراو و پەسەند و قەبوڵ كراو لە لای زۆرێك لە بانگەوازكاران وەكو یەكخستن و كۆكردنەوەی خەڵك بە ناوی حزبەوە !!! وە ئێمە دەزانین خوای گەورە و بە توانا لە زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئاندا یاساغی كردووە و ڕێی نەداوە بە حزبایەتی و دەمارگیری بۆ كۆمەڵێك كە ڕێكخستن و پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەبێت ، وە ئەگەر ئەم ڕێكخستن و پەیڕەوە هاودەنگ نەبێت لە گەڵ سوونەتدا لە هەموو ڕوویەكەوە ئەوا حزبایەتی و داهێنانی حزب لەم ڕۆژگارەدا بووەتە پەرتەوازەیی و تەفریقەیەك كە پێغەمبەر ﷺ موسڵمانانی لێ ئاگادار كردووەتەوە ، لە هەندێك لە فەرموودەكانیدا ، كە دادەنرێن بە ڕوون كەرەوە و لێكدانەوەی ووردی نموونەی ئەم ووتەیەی خوای كار بەجێ و پایە بەرز كە فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ **، ئەوەش بۆ ئەوەی لێی بە دوور بین .**

---

[11] ( مجلة الأصالة ، العدد : (١٨) ص : ٧٠ ــ ٧١) "سلسلة الهدى و النور" شريط رقم ٦٩٨ دقيقة ١٥ ثانية ٥٨ . .

وە زۆرێتـی حزبـە بـەربڵاوەکان لـە جیهـانی ئیسلامیدا شـاراوە نیـە لـە لای هـیچ موسـڵمانێکی ئـەم ڕۆژگارە ، وە ئەوەش کە هەر حزبێك پەیڕەو و ڕێکخستنی تایبەت بەخۆی هەیە ، هـەروەها ئـەم حزبانـە دوورەپـەرێزن و ڕقیـان لـە یـەکترە ـ بـە پێچەوانەی ئـەو مەبەسـتەی کـە لـە ( یەکخستن و کۆمـەڵگیری ئیسلامیدا ) هەیە ، چونکە هەر حزبێك پەیڕەوی تایبەت بەخۆی هەیە ، وە سەرکردەی تایبەت بەخۆی هەیە ، هەروەها کۆمەڵ و پەیوەندیدارانی خۆی هەیە ، وە هەموو ئەم حزب و کۆمەڵانە لە گەڵ یەکدا یەك ناگرنەوە ، ئەمەش بێ گومان گشتێتی ئایەتەکەی پێشوو دەیگرێتەوە : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ .

**دەیەم : وە شێخی فەرموودەناس و زانای پایە بەرز ( الألبـــاني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ووتەیەکی زێڕینی تریدا فەرموویەتی :** (( ولأن كثيراً من الناس اليوم ممن ينتمون إلى حزب من الأحـــزاب الإســـلامية ، **ولا يجوز في الإسلام أن يكون هناك أحـزاب** ؛ لأن الله يقول : ﴿ فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ ( المائدة : ٥٦ ) ، فالمسلمون يجب عليهم جميعاً أن يكون حزباً واحداً ، لكن مع الأسف الظروف التي عاشها المسلمون تحت الإستعمار المتنوع في الأجناس من الإستعمار البريطاني إلى الإستعمار الفرنسي ، هولندي ، إسبانيولي إلى أخره ، كل هذه الإستعمارات أوحت بتقاليد المستعمر و بعاداتهم ، وهذه العادات قد يختلفون في بعضها و يتفقون في قسمٍ كبيرٍ منها ؛ من ذلـــك الأحـــزاب إلا في ضلالة الشيوعين الذين عطلوا بُرهاً من الزمن التحزب إلا حزباً واحداً ، وهـــو الشيوعية ، ثم بدا لهم بعد ... مصداق قوله تعالى : ﴿ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ ﴾ ( فصلت : ٥٣ ) ، أن الشيوعية بـــاطلٌ من أصلها ، ولعلكـــم جميعـــاً تستمعون الأخبار الآن في تراجـــع الشيوعيين عن ضلالهم .

الشاهد ؛ لكنهم جمهورهم وقبل الشيوعية يُقِّرون الحزبيات ، بل يعتقدون ذلك من الديمقراطية ، التي يسمونها أي : العدالة .

الشاهد ؛ لا يوجد في الإسلام إلا حزبٌ واحد ، وهم الذين يتمسكون بما قلنا آنفاً بكتاب الله و بحديث رسول الله ﷺ وعلى منهج السلف الصالح )) [١٢] .

---

[١٢] ( سلسلة الهدى والنور : شريط رقم ٣٠٦ ، دقيقة ٩ ، ثانية ٣٤ ) .

واتە : لەبەرئەوەی زۆرێك لە خەڵكی ئەم ڕۆژگارە لەوانەی کە خۆیان داوەتە پاڵ حزبێك لە حزبە ئیسلامیەکان ، وە ناشبێت لە ئیسلامدا چەند حزبێك هەبێت ، چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ . بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان هەموویان یەك حزب بن ، بەڵام بەداخەوە ئەو بارودۆخەی کە موسڵمانان تێیدا لەژێر دەستی داگیرکەرە جۆراو جۆرەکاندا بە چەندەها ڕەگەز ژیاون ، جا داگیرکەری بەریتانی تا داگیرکەری فەرەنسی ، هۆڵەندی ، ئیسپانی هتد ، هەموو ئەم داگیرکەرانە داب و نەریتی خۆیان هێناوەتە ناو موسڵمانانەوە ، لە گەڵ ئەوەی کە ئەو داب و نەریتانە جیاوازن لە نێوان یەکتردا لە هەندێك جۆریاندا ، وە کۆکن لەبەشێکی زۆری ئەو عاداتانەدا لەناویاندا حزبایەتیە ... ئەوەی مەبەستە : هەموو ئەو داگیرکەرانە لە پێش شیوعیەکاندا دان بە فرە حزبیدا دەنێن و بڕوایان پێیەتی ، بەڵکو بڕوایان وایە فرە حزبی یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسیەت کە خۆیان پێی دەڵێن و ناوی دەبەن بە دادپەروەری .

جگە لە گوڕایی شیوەعیەکان نەبێت کە دەمێك لە مێژوو بوو کە حزبایەتیان لە کار خستبوو جگە لە تەنها حزبێك نەبێت ، کە بریتیە لە شیوعیەت ، پاشان ڕاستی وتەی خوای پەروەردگاریان بۆ ئاشکرا بوو کە فەرموویەتی : ﴿ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ ﴾ ، وە ئەوەیان بۆ ئاشکرا بوو کە شیوعیەت بەتاڵە هەر لە بنەوایدا ، ڕەنگە هەمووتان گوێبیستی هەواڵەکان بن کە ئێستا شویعیەکان لە گومڕایی خۆیان دەگەڕێنەوە .

شوێنی مەبەست لە وتەکەم : ئەوەیە کە زۆرینەیان و پێش شیوعیەکانیش دانیان بە فرە حزبایەتیدا دەنا ، بەڵکو لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو کارە بەشێکە لە دموکراسیەت ، کە بە دادپەروەری دەزانن و ناوزەد کراوە !!

ئەوەی کە زیاتر مەبەستم بێت ئەوەیە کە : حزبایەتی لە ئیسلامدا نیە ، تەنها یەك حزب نەبێت ، کە ئەویش ئەوانەن پێش کەمێك باسمان لێوەکرد : کە ئەوانەن دەستیان گرتووە بە قورئانەکەی خوای پەروەردگار و فەرموودەی پێغەمبەرەوە ، وە لەسەر پەیڕەوی پێشینی چاکی ئەم ئوممەتە .

# ڕا و بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەربارەی چەند کۆمەڵ و حزبێکی ناوداری هاوچەرخ کە ئەوانیش کۆمەڵی ( ئیخوان و تەبلیغ ) ن

**یەکەم** : پرسیار لە شێخی پایەبەرز ( الألبـــاني ) . بـە ڕەحمەت بێت . کـرا سەبـارەت بــە کۆمـەڵی ( التبليـــغ ) ، ئەوەش بـەم شێوەیەی خـوارەوە : (( **ماراُيـك في جماعـة التبليـغ** ؟ )) ، واتـە : بیروڕات چیە سەبارەت بە کۆمەڵی تەبلیغ ؟

شێخی ( الألباني ) یش . بـە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فـەرمووی : (( **جماعـة التبليـغ : صوفية عصرية ، صوفية عصرية ، فإذا كان عندك معرفة عن الصوفية وأنها منحرفة عن الشريعة الإسلامية ، فهـي صـوفية ولكـن مبرزفـة شـوي في عـصر الحاضـر** )) [١٣] ، واتـە : کۆمـەڵی تـەبلیغ سۆفیگەریەکی سـەردەمین ، سـۆفیگەریەکی سـەردەمین ، بۆیـە ئەگـەر شـارەزاییت هەیـە دەربـارەی سـۆفیگەریەت و بـەوەی کـە لەشـەریعەتی ئیسلام لایـان داوە ، ئـا ئەمانـە کۆمـەڵێکی سـۆفین بـەڵام سـۆفیگەریەکەیان ڕازاندوەتـەوە و گونجاندویانە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا .

**دووەم** : وە لە وەڵامی پرسیارێکی تر سەبارەت بـە کۆمـەڵی ( التبليـــغ ) دا هـاتووە : (( **مـا رأيكـم في جماعة التبليغ ، هل يجوز لطالب العلم أو غيره أن يخرج معهم بـدعوى الـدعوة إلى الله** ؟ )) ، واتـە : ڕاتـان چیە سەبارەت بە کۆمەڵی تەبلیغ ، وە ئایا دروستە بۆ فێرخوازانی زانستی شەرعی یان جگە لەوان لە گەڵیانـدا دەرچن بەبیانووی بانگەشەکردن بۆ لای خوای پەروەردگار .

فەرموویەتی : (( **جماعـة التبليغ لا تقـوم على منهج كتاب الله ، وسنَّة رسولـه ـ عليـه الـسلام ـ ، ومـا كـان عليه سلفنا الصالح . وإذا كـان الأمر كذلك ، فلا يجوز الخروج معهم ، لأنـه ينافي منهجنا في تبليغنا لمنهج السلف الصالح** .

ففي سبيل الدعوة إلى الله يخرج العالِم ، أما الذين يخرجون معهم فهؤلاء واجبهم أن يلزموا بلادهم وأن يتدارسـوا العلم في مساجدهم ، حتى يتخرج منهم علماء يقومون بدورهم في الدعوة إلى الله . وما دام الأمر كذلك فعلى طالـب العلم إذن أن يدعو هؤلاء في عقر دارهم ، إلى تعلم الكتاب والسنَّة ودعوة الناس إليها .

---

[١٣] ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٨٣ ، دقيقة ٨ ، ثانية ٥٧ ) .

وهم ــ أي جماعة التبليغ ــ لا يعنون بالدعوة إلى الكتاب والسنَّة كمبدأ عام ؛ بل إنهم يعتبرون هذه الدعوة مفرقة ، ولذلك فهم أشبه ما يكونون بجماعة الإخوان المسلمين .

فهم يقولون إن دعوتهم قائمة على الكتاب والسنَّة ، ولكون هذا مجرد كلام ، فهم لا عقيـــدة تجمعهـــم ، فهـــذا ماتريدي ، وهذا أشعري ، وهذا صوفي ، وهذا لا مذهب له .

ذلك لأن دعوتهم قائمة على مبدأ : كتّل جمّع ثمّ ثقّف ، والحقيقة أنه لا ثقافة عندهم ، فقد مرّ علـــيهم أكثـــر مـــن نصف قرن من الزمان ما نبغ فيهم عالم .

وأما نحن فنقول : ثقّف ثمّ جمّع ، حتى يكون التجميع على أساس مبدأ لا خلاف فيه .

فدعوة جماعة التبليغ صوفيّة عصريّة ، تدعو إلى الأخلاق أما إصلاح عقائد المجتمع ؛ فهم لا يحركون ســـاكناً ؛ لأن هذا ــ بزعمهم ــ يفرق .

وقد جرت بين الأخ سعد الحصين وبين رئيس جماعة التبليغ في الهند أو في باكستان مراسلات ، تبيّن منـــها أنّهـــم يقرون التوسل والاستغاثة وأشياء كثيرة من هذا القبيل ، ويطلبون من أفرادهم أن يبايعوا على أربع طرق ، منها الطريقة النقشبنديّة ، فكل تبليغي ينبغي أن يبايع على هذا الأساس .

وقد يسأل سائل : أن هذه الجماعة عاد بسبب جهود أفرادها الكثير من الناس إلى الله ، بل وربما أسلم على أيديهم أناس من غير المسلمين ، أفليس هذا كافياً في جواز الخروج معهم والمشاركة فيما يدعون إليـــه ؟ فنقـــول : إن هـــذه الكلمات نعرفها ونسمعها كثيراً ونعرفها من الصوفيّة !!

فمثلاً يكون هناك شيخ عقيدته فاسدة ولا يعرف شيئاً من السنّة ، بل ويأكل اموال الناس بالباطل ... ، ومع ذلك فكثير من الفساق يتوبون على يديه ! فكل جماعة تدعو إلى خير لابد أن يكون لهم تبع ولكن نحن ننظر إلى الصميم ، إلى ماذا يدعون ؟ هل يدعون إلى اتباع كتاب الله وحديث الرسول ــ عليه السلام ــ وعقيدة السلف الـــصالح ، وعـــدم التعصب للمذاهب ، واتباع السنَّة حيثما كانت ومع من كانت ؟!

فجماعـــة التبليغ ليس لهم منهج علمي ، وإنمـــا منهجهم حسب المكـــان الـــذي يوجـــدون فيـــــه ، فـــــهم يتلونـــون بكل لـــون !!! )) [١٤] .

---

[١٤] ( الفتاوى الإماراتية للألباني : س٧٣ ، ص ٣٨ ) .

واتە : کۆمەڵی تەبلیغ دانەمەزراوە لە سەر پەیڕەوی قورئانەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ، وە لە سەر ئەوەی کە سەلەفی صاڵحی لەسەر بوونە ، جا ئەگەر کارەکە وابوو ، ئەوا دەرچوون لە گەڵیاندا دروست نیە ، چونکە پێچەوانەی پەیڕەوی ئێمەیە لە گەیاندنمان بۆ پرەیڕەوی سەلەفی صاڵح .

بێگومان زانایان لە پێناوی خوای پەوەردگار دەردەچن ، بەڵام سەبارەت بەوانەی کە لە گەڵیاندا دەردەچن پێویستە لە سەریان لە وڵاتەکانیان بمێننەوە ، و خەریکی خوێندنی شەرعی بن لە مزگەوتەکانیاندا ، تاکو زانایان لێهەڵدەکەوێت ئەوکات بەڕۆڵی خۆیان هەستن لە بانگەشە بۆ لای خوای پەروەردگار . جا کە کارەکە وابوو پێویستە لە سەر فێرخوازانی زانستی شەرعی بانگەشەی ئەوانە بکەن لە مەنزڵگای خۆیاندا ، بۆ فێربوونی قورئان و سوننەت ، و بانگەشەی خەڵکی بۆیان .

بەڵام ئەوان . واتە : کۆمەڵی تەبلیغ . بایەخ نادەن بە بانگەشە بۆ لای قورئانی پیرۆز و سوننەت ، وەکو ڕێسایەکی گشتی ، بەڵکو ئەوان ئەو جۆرە بانگەشەیە بە پەرتەوازەکار دادەنێن !! بۆیە ئەوان زیاتر لە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمین ) دەچن !!!

ئەوان ئەوە دەڵێن گوایا بانگەشەکەیان دامەزراوە لە سەر قورئان و سوننە ، وە لە بەر ئەوەی کە ئەمە تەنها گوفتارە ، بۆیە هیچ بیروباوەڕێك بەیەکیانەوە نابەستێتەوە ، دەبینیت ئەمەیان ماتوریدیە ، و ئەویان ئەشعەریە ، ئەویتریان صۆفیە ، ئەمەشیان هەر بێ مەزهەبە !!!

ئەوەش لەبەر ئەوەی کە بانگەشەکەیان دامەزراوە لە سەر بنەوای : ( كتّل جمّع ثمّ ثقّف ) کەچی لە ڕاستیدا هیچ ڕۆشنبیریەکیان نیە ، ئەوەتا نزیکەی نیو سەدەیان بەسەردا چووە ، کەچی زانایەکیان تێدا هەڵنەکەوتووە !!!!

بەڵام سەبارەت بە ئێمە ئەوا دەڵێن : ( ثقّف ثمّ جمّع ) تاکو کۆکردنەوەکە لە سەر بنەوایەك بێت کە هیچ جیاوازی تێدا نەبێت .

بانگەشەی کۆمەڵی تەبلیغ سۆفیگەرێتیەکی سەردەمە ( مۆدرنە ) !! بانگەشە دەکات بۆ چاکسازی لە ڕەوشت ، بەڵام سەبارەت بە چاکسازی بیروباوەڕی کۆمەڵگا ، ئەوا ئەوان وەستاوێك ناجوڵێننەوە ، چونکە بەپێی گومانی ئەوان ئەمە پەرتەوازکارە !!!!!

وه له نێوان برای بەڕێز ( سعد الحصين ) ، و پێشەوای کۆمەڵی ( التبليغ ) له هندا ، یان له پاکستاندا نامەگۆڕینەوەیەك کرا ، لەو کارەوە ئاشکرابوو کە لایان ئاساییە کە تەوەسل بکرێت ، یان هاوار بکرێت بە جگە لە خوای پەروەردگار ، و چەندەها شتی تر کە هەر لەم بارەیەوە بوون ، وە داوا لە ئەندامەکانیان دەکەن بەیعەت بدەن لە سەر چوار تەریقەی سۆفیگەرێتی !!! لەوانە تەریقەی نەقشەبەندیە ، وە هەموو کەسێکی پەیوەندیکار بە کۆمەڵی تەبلیغەوە دەبێت لە سەر ئەم بنەوایە بەیعەت بدات .

وە پرسیارکارێك ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکات کە : ئەم کۆمەڵەیە بەهۆی کۆششی ئەندامەانی چەندەها کەس گەڕاونەتەوە بۆ لای خوای پەرەرودگار ؟! بەڵکو ڕەنکە لە سەر دەستیان کەسانێ جگە لە موسڵمانانیش ( بێ باوەڕان ) یش موسڵمان بووبێت ؟!! جا ئەمە بەس نیە بۆ ڕەوایی و دروستی دەرچوون لە گەڵیاندا ، هاوبەشیکردنیان لەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن ؟!!! ئێمەش دەڵێن : ئەم ووشانە زۆرجار لە صۆفیگەران دەیبیستین ، و دەیزانین !!!

بۆنموونە لەوێدا شێخێك هەیە بیروباوەڕێکی نادروستی هەیە ، و هیچ دەربارەی سوننەت نازانێت ، بەڵکو ماڵ و سامانی خەڵك بە ستەم دەخوات ... ، بەڵام لە گەڵ ئەواشدا خەڵکانێکی فاسقی زۆر لە سەر دەستی تۆبە دەکەن !!! بۆیە هەموو کۆمەڵێك کە بانگەشە بۆ خێر و چاکە دەکەن دەبێت کەسانێك هەبن شوێنکەوتەیان بن ، بەڵام ئێمە سەیری ناوەڕۆکی شتەکان دەکەین ، بانگەشە بۆچی دەکات ؟ ئایا بانگەشە بۆ شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر ، و بیروباوەڕی سەلەفی صالح دەکات ، لە گەڵ نەبوونی دەمارگیری بۆ مەزهەبێك ، لە گەڵ شوێنکەوتنی سوننەت لە هەرکوێیەکەوە بێت ، و لە لای هەرکیەکەوە بێت ؟

کۆمەڵێ تەبلیغ هیچ پەیڕەوێکی زانستیان نیە ، بەڵکو پەیڕەویان دەگۆڕێت بەپێی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەبن ، بە هەموو شێوەیەك دەگۆڕێن !!!!

**سێیەم** : وە هەر ئەم پێشەوایە . کە خەڵکانێکی چەواشەکار ئەوەی بە دەمەوە دەڵێن کە گوایە ئەم زانایە ڕێ دەدات بە تەفریقە و حزبایەتی . سەبارەت بە دوو حزبی ناوداری جیهانی ئیسلامی پرسیاری ئاراستە دەکرێت ، و ئەویش بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقی پرسیارەکەیە لە گەڵ وەڵامی بەڕێزیان :

**له پرسیارەکەدا هاتووە :** (( هل الإخوان والتبليغ من الفرق التي أخبر عنها النبي ﷺ ؟ )) ، **واتە : ئایا ( ئیخوان و تەبلیغ ) لەو فیرقانەن کە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەوان هەواڵی پێداین ؟**

**بەڕێزیشیان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمووی :** (( لا ، لا ، الإخوان المسلمون فيهم من جميع الطوائف ، فيهم سلفيون .. فيهم خلفيون .. فيهم شيعة .. فيهم كذا وكذا ، فلا يصح أنْ يُطلَقَ عليهم صفةٌ واحدة ، **وإنَّما نقول** : **مَنْ تبنَّى منهجاً خِلاف الكتاب والسنة مِنْ أفرادهم فهو ليسَ من الفرقة الناجية بل من الفرق الهالكة** ، **أمَّا الجماعة** : **فأنا لا أقول عنهم أنَّهم من الفرقة الناجية السلفيين** .

[ أحد السامعين ] : **ولا نقولُ منهجهم منهج سلفي** ؟ الشيخ الألباني : أي **طبعاً** .

[ السائل ] : الحُكمُ على الأفراد ؟ الشيخ الألباني : الحُكمُ على الأفراد أحسنتَ )) [١٥] .

**واتە : نەخێر ، نەخێر ، ( الإخوان المسلمون ) لە هەموو چین و گروپەکانی تێدایە ، سەلەفیان تێدایە .. خەلەفیان تێدایە .. شیعەیان تێدایە .. وە چی و چیان تێدایە ... ، بۆیە نابێت یەك سیفەت بەسەر هەموویاندا بدرێت ، بەڵکو دەڵێین : هەر کەسێك لە تاکەکانیان پەیڕەوێك پەیڕەوبکات و بیگرێتەبەر ، بەپێچەوانەی قورئان و سوننەت ، ئەوا ئەو کەسە لە کۆمەڵی ڕزگاربوو نیە ، بەڵکو لە کۆمەڵە بە هیلاکدا چووەکانە ، بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵی ئیخوان بە گشتی : ئەوا من دەربارەیان ناڵێم لە کۆمەڵی ڕزگاربوون و سەلەفین .**

**[ یەکێك لە گوێگران ] : وە ناڵێین : پەیڕەویان پەیڕەوێکی سەلەفیانەیە ؟ [ شێخ ئەلبانی ] : بەڵی بێگومان .**

**[ پرسیارکار ] : واتە ئەو حوکمەی کە باست کرد بۆ تاکەکانە ؟ [ شێخ ئەلبانی ] : بەڵێ زۆر باشە ئەو حوکمە بۆ تاکەکانە ، چاکت ووت .**

**کەواتە : پەیڕەوی ئیخوان لە لای ( شێخ ئەلبانی ) - بە ڕەحمەت بێت . ئەوەیە کە بەپێی پەیڕەوی ئەهلی سوننە و کۆمەڵی ڕزگاربوو نیە ، وە تاکەکانیان بە گشتی ئەم حوکمە نادرێت بە سەریاندا چوونکە تێکەڵ و هەمە جۆرن .**

---

[١٥] ( تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة " سلسلة الهُدى والنور " رقم : (٦٦٦ / ١) تمَّ تسجيلهُ بتاريخ : (٧ / شعبان / ١٤١٣ هـ ـ ٣١ / ١ / ١٩٩٣ م ) .

**هەر لەم بارەیە و سەبارەت بە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمون ) فەرموویەتی :** (( ... أنَّ الإخوانَ المسلمين قد يكون فيهم أُناسٌ طيبين وصالحين ومخلصين ، ولكنْ شُبِّهَ لهم ... **<u>فنحنُ نُعَبِّر عن واقعهم : أنَّهم ليسوا على المنهج السلفي القائم على الكتاب والسُّنَّة وعلى منهج السلف الصالح</u>** ... )) [١٦] .

**واتە : ڕەنگە هەندێك جار لە نێوان ( الإخوان المسلمون ) دا کەسانێکی دڵ پاك و صاڵح و نیەت پاك هەبن ، بەڵام چەواشەکراون بە شوبهە ... بۆیە ئێمە واقع و حاڵی ئەوان دەردەبڕین : کە ئەم کۆمەڵە لە سەر پەیڕەوی سەلەفیەت نین ، کە بنیات نراوە لە سەر قورئان و سوننەت و بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح . بە ڕەحمەت بن . .**

**وە شێخ لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ یەکێك لە ( سروریەکان ) دا فەرموویەتی :** (( لي ملاحظتان : وصفتَ الإخوان المسلمين كحزب أنَّهم من أهل السنة ، هذا أولاً .. ثُمَّ قُلْتَ : يقول الشيخ سرور بأنَّ الخلاف في الفروع وليسَ في الأصول ، أنتَ شخصياً مقتنِع بهذا الكلام ؟! ... هل الإخوان المسلمين كحزب هُم يعني على السنة ؟! ويتقبلونَ السنة ؟! )) ، **واتە : دوو تێبینیم لە سەر ووتەکانت هەیە : لە ووتەکانتدا وەسفی** ( الإخوان المسلمين ) **ت کرد وەکو ( حزب ) بەوەی کە لە ئەهلی سوننەن ئەمە یەکەم شت ! پاشان ووتت : کە شێخ ( سرور ) دەڵێت : جیاوازی لە فروعدایە نەك لە بنەواکاندا بێت ! ئایا تۆ خۆت باوەڕ و قەناعەتت بەم قسەیە هەیە ؟! ... وە ئایا** ( الإخوان المسلمين ) **وەکو ( حزب ) لە سەر سوننەتن ؟! و سوننەت وەردەگرن ؟!!**

**کابراش لە وەڵامدا ووتی :** (( الخِلاف في الأصول ، لكن الشباب الطيبين فيهم : ملتبَسٌ عليهم ، لا يعرفونَ التفاصيل عنهم فانساقوا معهم وانتضموا في صفوفهم )) .

**واتە : جیاوازیەکان لە بنەوادا ( الأصول ) ن ، بەڵام ئەو گەنجە دڵ پاکەکانی نێوانیان : چەواشەکراوون و خەڵەتێنراون ، ئەو گەنجانە ئەم جیاوازی و ووردەکاریانە نازانن سەبارەت بەوان ، و لە گەڵیاندا ڕۆیشتون و پەیوەندیان کردووە بە ڕیزەکانیانەوە .**

**پاشان شێخ ( ئەلبانی ) . بە ڕەحمەت بێت . پرسیاری لێکرد دەربارەی سەرکردەکان و فەرمووی :** (( لماذا تركتَ [ ذكرَ ] الرؤوس المُوجهين وذكرتَ الشباب ؟ لماذا تركتهم ؟ لماذا لا تتكلمُ عن جماعة

---

[١٦] ( الشريط رقم : (٦٠٠) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور " ) .

القـــادة الـــذين يُوجهون هـــؤلاء الأفـــراد الطيبي القلوب الذين لـــو انفصلت الحزبية عنهم لكانوا مع الحـــق المُبين ؟! **<u>فأنا أقول حينئذٍ : ليسَ صواباً أنْ يُقال إنَّ الإخوان المسلمين من أهل السنة ، لأنَّهم يُحاربونَ السنَّة</u>** )) [١٧] .

**واته : بۆچی وازت هێنا له باس کردنی سەرکردە ڕێ پیشاندەرەکان و باسی گەنجەکانت کرد ؟ بۆچی وازت هێنـا لـه بـاس کردنـی سـەرکردەکان ؟ بۆچـی دەربـارەی سـەرکردەکانیان نادوێیـت ، ئەوانـەی کـه ئاراستەکار و ڕێنمایکاری ئەو تاکه دڵ پاکانەن ، ئەوانەی که ئەگەر حزبایەتیان لێ جودا بکەیتەوە ، بێگومان لەگەڵ ڕەواییدا دەبوون ، که ئاشکرایه ؟!! بۆیه لەوکاتەدا من دەڵێم : ڕاست نیه بووترێت ( الإخوان المسلمين ) له ئەهلی سوننەن ، چونکه ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن .**

**کەواته شێخی پایەبەرز . بەڕەحمەت بێت . سەبارەت به ( الإخوان المـــسلمين ) و پەیڕەویان و دژایەتی کردنیان بۆ سوننەت فەرموویەت : ڕاست نیه که بووترێت : ( الإخوان المسلمين ) بەشێکن له ئەهلی سوننه ، چونکه ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن .**

**له کۆی ئـەم فـەتوایانەوە بـۆمان ئاشکرا دەبێت کـه : پـەیڕەوی کۆمـەڵەی ( التبليـــغ ) و کۆمـەڵێ ( الإخوان المسلمين ) له سەر قورئان و سوننەت دانەنراوە ، بەپێی تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح ، بۆیه نابێت موسـڵمانان لـه گەڵیانـدا دەربـچن بەمەبەسـتی بانگەشـه بـۆ لای خـوای پـەروەردگار ، وە بایـەخیش بـه بانگەشه نادەن بۆ لای قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، بەڵکو لـەوەش خراپتر دژایـەتی دەکـەن و به پەرتەوازکاری دەزانن !!! ئەم دوو کۆمەڵەش هاوشێوەی یەکن له دید و بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی . به ڕەحمەت بێت . ، وە کۆمەڵی تەبلیغ هاوارکردن به زۆر شت به درووست دەزانن ، و داوا له ئەندامانیان دەکەن که بەیعەت بدەن له سەر چەندەها تەریقەی سۆفیگەران !! وەکو نەقشەبەندیەکان !! بۆیـه پێشەوا ئەلبانی ئەم کۆمەڵـه بـه سـۆفیگەرێتی هاوچـەرخ نـاوزەد دەکـات ، لەبـەر ئـەم هۆکارانـه و چـەندەهای تـر پێشەوا ئەلبانی دەفەرموێت : ئێمه لەو بڕوایەداین که ئەم کۆمەڵانه لـه سـەر مەنهـەجی سـەلەفیەت نین ، که له سەر قورئان و سوننەت ، به تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح دامەزراوە ، وە له ئەهلی سوننه و جەماعە**

---

[١٧] ( " سلسلة الهُدى والنور " الشريط رقم : (٣٥٦) ) . من شريط مسجّل بعنوان (فتوى حول جماعة التبليغ والإخوان) تسجيلات (( مناهج السنة )) في الرياض .

نین ، چونکە پێچەوانەی سوننەن و دژایەتی دەکەن ، وە ئەو کەسەش کە پەیڕەوی لەسەر ئەوە نەبێت لە کۆمەڵی ڕزگار بوو نیە ، بەڵکو لە کۆمەڵە گومڕاکانە ، وە دوو شتیش بە نادروست دەزانێت :

**یەکەمیان :** ئەوەیە کە کەسێك وا بیربکاتەوە کە سەلەفیەت و ئەم کۆمەڵە ئیسلامیانە لە یەك خانەدا کۆبکاتەوە و بیانکات بە یەك !!! وە ئەو کارە دەشوبهێنێت بەوەی کە کەسێك هەوڵبدات دروستی ونادروستی ، یان هیدایەت وگومڕایی لە گەڵ یەکدا کۆبکاتەوە .

**دووەمیشیان :** نابێت موسڵمان بەوە بخەڵەتێن کە ئەم کۆمەڵە ئیسلامیانە بوون بە هۆکاری هیدایەت دانی چەند کەسێك !!!! یان چەندەها بێ باوەڕ لە سەر دەستیان باوەڕی هێناوە ، چونکە ئەوە ووتەی سۆفیەکانە و لەوانە دەبیسترێت !!!

## ڕا و بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی
## دەربارەی پەیوەندی کردن و کارکردن
## لە گەڵ کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیە هاوچەرخەکان

**یەکەم :** لە پرسیارێکدا کە سەبارەت بە حوکمی پەیوەندی کردن و کارکردن لە گەڵ کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیەکان کرا لە شێخ کە ئەمە دەقەکەیەتی : (( **ما حكم الانضمام إلى الجماعات والأحزاب السياسية** ؟ واتە : حوکمی پەیوەندی کردن وچوونەناو کۆمەڵ وحزبە سیاسیەکان چیە ؟

**بەڕێزیان لە وەڵامیدا فەرمووی :** (( الذي أراه والله أعلم أن السلفيين يجب أن يقوموا بواجب الدعوة إلى الله ، إلى كتاب الله ، و إلى سنة رسول الله ﷺ ، و على منهج سلفنا الصالح ، **ولاينبغي لهم أن ينضموا إلى الأحزاب السياسية ، ذلك لأن الأحزاب السياسية حتى هذه الساعة ـ فيما اطلعنا وفيما علمنا ـ لا يوجد حزبٌ على وجه الأرض تهيأ ليكون حزباً إسلامياً بمعنى الكلمة ، سياسياً على مقتضى الإسلام الصحيح ، وبلا شك أن كلامي هذا صريحٌ في أن العمل السياسي ليس مخالفاً للشرع ، بل السياسة من الشرع** ، فلا غرابة أن يكون بعض المؤلفات التي ألفها بعض أئمتنا السابقين والذين بهم توجهنا وعليهم تعلمنا هذا الإسلام الذي وصفناه بأنه المستقى من الكتاب والسنة و على منهج السلف الصالح ، أُشير بهذا إلى كتاب شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله الذي سماه بـــ ( السياسة الشرعية )

[١٨] ، فلذلك **<u>أعني ما أقول : السياسة من الشرع ولا شك</u>** ، ولكن من الذي يستطيع أن يَسوسَ المسلمين إذا كان أو إذا تيسر له أن يكون حاكماً ، تكون سلطة الحكم في يده ، من الذي يستطيع أن يَسوس الأمة أو الشعب المسلم ؟ **<u>السياسة الشرعية لاشك أنه يجب أن يتوفر فيه خصالٌ جمَّة ، من أهمها " أن يكون عالماً بالكتاب والسنة</u>** ، لذلك لما نجد حتى اليوم جماعة تأسسوا وتربَّوا أيضاً على هذا المنهج الصحيح ، ثم هَيئوا للعمل السياسي الإسلامي الصحيح ، لما لم نجد لاننصح إخواننا السلفيين في أرض الله الواسعة في كل بلدٍ إسلامي أن يعملوا عملاً سياسياً ولو كان هذا العمل نابعاً من أنفسهم فضلاً أن يكون فيه أو أن تكون في هذا العمل تبعاً لغيرهم ، ما ننصح بهذا أبداً ، ذلك لأن العمل السياسي يحتاج في الحقيقة إلى مقدمات كثيرة وإتخاذ أسباب جمَّة ليتمكن هؤلاء الذين أسسوا وتربوا على هذا المنهج أن يقوموا بالسياسة الشرعية )) [١٩] .

**واتە : ئەوەی من دەیبینم و خواش زاناترە ، کە پێویستە لەسەر سەلەفیەکان هەستن بە واجبی بانگەوازکردن بۆ لای خودا ، بۆ لای قورئانەکەی خوای پەروەردگار و بۆ لای سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و لەسەر پەیڕەوی پێشین و سەلەفی صالح ، وە دروست نیە بۆیان کە پەیوەندی بکەن و بچنە ناو حزبە سیاسیەکان ، لەبەر ئەوەی حزبە سیاسیەکان هەتا ئەم کاتژمێرەش ئەوەی ئێمە بینیومانە و بیستومانە حزبێك نیە لەسەر ڕووی زەویدا گونجاو و ڕەخساو بێت بۆ ئەوەی کە حزبێکی ئیسلامی بێت بەمانای وشەکە ، وە سیاسی بێت بەپێی داخوازی و خواستەکانی ئیسلامی ڕاستەقینە ، بێگومان ئەم وتەیەی من ڕاشکاوانەیە لەسەر ئەوەی کە کاری سیاسی پێچەوانەی شەرع نیە ، بەڵکو سیاسەت بەشێکە لەشەرع ، هیچ نامۆش نیە کە هەندێك لەنوسراوەکانی پێشەوایانی پێشینمان کە ئێمە لە ڕێگەی ئەوانەوە چاوڕۆشن و شارەزا بووین بەم ئیسلامەی کە باسمان لێوەکرد ، بەوەی کە وەرگیراو و هەڵقولاوی قورئان و سوننەت بێت ، لەسەر پەیڕەوی سەلەفی صالح ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەرتوکێکی شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . کە ناوی ناوە ( السياسة الشرعية ) .**

**لەبەر ئەوە دەزانم مەبەستم لەووتەکەم چیە : سیاسەت بەشێکە لە شەرع ، هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە ، بەڵام کێیە ئەو کەسەی کە دەتوانێت سیاسەتی موسڵمانان بەڕێوە ببات ؟! ئەگەر هەبێت ؟ یان**

---

[١٨] **ئەم کتێبەی پێشەوا ( ابن تيمية ) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی لە ژێر ناونیشانی : ( سیاسەتی شەرعی لە چاککردنی بەرپرسان و خەڵکی ) ، لە لایەن برای بەڕێزمان : مامۆستا عثمان أحمد حاتم .**

[١٩] ( بداية شريط سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٢٧٠ ، الوجه أ ) .

**ئەگەر ئەوەی بۆ ڕەخسا ببێت بە کاربەدەست ، و دەسەڵات و حوکمی بەدەستەوە بێت ، کێیە ئەو کەسەی دەتوانێت سیاسەتی ئوممەت یان نەتەوەی موسڵمانان بەڕێوەببات ؟**

**ئەو کەسەی کە سیاسەتی شەرعی بەڕێوە دەبات ، بێگومان پێویستە خەسڵەتێکی زۆری تێدا بێت ، گرنگترینیان ئەوەیە : پێویستە زانا بێت بە قورئان و سوننە . لەبەر ئەمەیە . هەتاکو ئەمڕۆ . نەمان بینیوە کۆمەڵێکمان بنیات نرابێت ، و پەروەردەکرابێت لەسەر پەیڕەوە ڕاستەکە ، پاشان ئامادەکرا بێت بۆ بەشداری کردن لە کاری سیاسی ئیسلامی ڕاستەقینە ، لەبەر ئەوەی ئەمەمان نەبینیوە بۆیە ئامۆژگاری برا سەلەفیەکان ناکەم لەزەوی فراوانی خودا لەهەموو شارێکی ئیسلامیدا کە هەستن بەکاری سیاسی ، ئەگەرچی ئەم کارەشیان لەناو خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبێت خۆیان پێی هەستن ، چ جای ئەوەی لە ئەم کارەیاندا شوێکەوتەی کەسی تربن ، هەرگیز ئامۆژگاری برا سەلەفیەکان ناکەم بەمە ، لەبەر ئەوەی کاری سیاسی لەڕاستیدا پێویستی بە پێشەکی وهۆکار گرتنەبەرێکی زۆر هەیە ، تاکو ئەوانەی پەروەردەکراون لەسەر ئەم پەیڕەوە بتوانن هەستن سیاسەتی شەرعی ئەنجام بدەن .**

**دووەم : وە بە تەلەفون ئافرەتێك لە وڵاتی ( جەزائیر ) ەوە ئەم پرسیارە ئاراستەی شێخ ( ئەلبانی ) دەکات . بە ڕەحمەت بێت . کە باس لە دروستی و نادروستی پەیوەندی کردن و کارکردن دەکات لە گەڵ حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان ، وە ئەمەش دەقەکەیەتی :** (( هُناك جماعة من المسلمين لهم أمــير قد أعطوهُ بيعةً بالسمع والطاعة [20] ما زالت في طاعة الله عَزَّ وجل ، ولها نفس الأصول التي تقوم عليها جماعة الإخوان

---

[20] **پرسیارکرا لە شێخ** ( الألباني ) : (( البيعة ليس بمعنى المعاهدة ، شيخنا هل هذا صحيح ؟ )) ، **واتە : بەیعەت دان بەمانای هاوپەیمانی** ( المعاهدة ) **نایەت ، ( شێخ ) مان ئەمە ڕاستە ؟ بەڕێزیان لە وەڵامدا فەرمووی :** (( مئة بالمئة صحيح ، وأزيد من باب التفننِ في التعبير إن صح التعبير؛ صوفيةٌ عصرية )) ، **واتە : سەد لەسەد ڕاستە ، وە ئەوە زیاد دەکەم لە ڕوانگەی هونەری دەربڕینەوە ئەگەر دەربڕینەکە ڕاست بێت : ( بەیعەتدانی حزبیەکان ) صۆفی گەرییەکی سەردەمیە ))** ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٨٤٩ الوجه ب دقيقة ١ ثانية١ ) .

**وە پێشەوا (الفوزان ) فەرموویەتی :** (( مما يتساهل به الناس قضيّة البيعة ؛ فهناك من يرى جواز أخذ البيعة لجماعة من الجماعات مع وجود بيعة أخرى ، وقد لا يكون المُبايع في هذه الجماعات معروفًا بدواعي السّرّيّة ؛ ما حكمُ هذا ؟ ثم هل يختلف الحكم في بلاد الكفّــار أو تلك التي لا تحكم بما أنزل الله ؟ البيعة لا تكون إلا لوليّ أمر المسلمين ، وهذه البيعات المتعدِّدة مبتدعة ، وهي مــن إفــرازات الاخــتلاف ،

ولها الأمير ، ولهذا الأمير سُلطة مُطلقة على الأفراد ، ويُطبقون على بعضهم البعض أصل الولاء والبراء ، ولا يجوزُ لأحدٍ من الأفراد أنْ يقوم بأيِّ عملٍ إلاَّ يستأذن الاستئذان . فهل يجوز الانضمام إلى هذه الجماعة ؟ وما حكم هذه الجماعة شرعاً ؟ )) .

واتـه : لای ئێمـه لـه ( جـهزائیر ) دا كۆمهڵـه موسـڵمانێك هـهن ئـهمیر و فهرمانبـهرێكیان هه‌یـه پـه‌یمان بهیعهتیان پێداوه بهوهی گوێی بۆ بگرن و گوێڕایهڵی بكهن تا لـه گوێڕایـهڵی خـوای گـهورهدا بێـت ، وه ئـهم ( جهماعـهیه ) هـهمان بنمایـان هه‌یـه كـه كۆمـهڵ و جهماعـهتی ئیخـوانی لـه سـهر بنیـات نـراوه ، وه ئـهمیریان هه‌یـه و ئـهم ئـهمیرهش دهسـهڵاتی تـهواوی هه‌یـه بـه سـهر تاكهكانـدا ، وه هـهندێكیان لـه گـهڵ هەندێكیانـدا بنـهمای ( دۆسـتایهتی و دورهپـهرێزی ) بـه سـهر یـهكتردا جێبـهجێ دهكـهن ، وه ڕهوا نیـه و نابێت هیچ تاكێك هەڵبسێت به هیچ كردارێك ئیللا دهبێت ڕێپێدان بخوازێت بۆ ئهنجام دانی .

ئایا دروسته بچیته ڕیزی ئهم ( جهماعهته ) و پهیوهندیان پێوه بكهیت ؟ وه ئایا حوكمی شـهرعی ئـهم ( جهماعهته ) چیه ؟

جهنابیشیان لهوهڵامیٰ ئهم پرسیارهدا به ڕاشكاوی دهفهرمووێت : (( <u>لا يجـوزُ الانـضمام إلى جمـــاعةٍ يلتزمــون مثل هـــذه الأحكام التي خصَّها الشـــارع الحكيم بالإمـــام الأعلى وهـــو الخليفة ، أمَّــا أميرٌ يُبايَع هُنا وأميرٌ يُبايَعُ عندكم هُنـاك وهكذا ، ويشترطون مـــا ذكرت من الطاعة العَميـاء ! فهـذا لـيسَ مـن الإسـلامِ في شيء ، ولا يجـوزُ الانـضمـام إلـيهم</u> )) [٢١] ، واتـه : دورسـت نیـه پهیوهنـدی كـردن بـــه كۆمهڵێكـهوه كـــه پابهند بن بـــهم ئهحكامانهی كـــه شهرع دانهری دانا تایبهتی كردوون به گهوره پێشهواوه كـــه مهبهست پێی خهلیفهیه ، بـــهڵام ئهمیرێك لێرهوه بهیعهتی پێبدرێت و ئهمیرێكی تـــر لـــه لای ئێوهوه بهیعهتی پێبدرێت وه بهم شێوه بڕوات ! و گوێڕایهڵیهكی كوێرانـهش بـه مـهرج دابنێن هـهروهكو باسـت كـرد ! ئا ئهمه له ئیسلامدا نیه به هیچ شێوهیهك ، وه دورستیش نیه پهیوهندیان پێوه بكرێت .

**سێیهم** : هەروەها له ووتهیهكیدا كه سهرزهنشتی ( عبد الرحمن عبد الخالق ) ی تێدا دهكات ، له سـهر ئهوهی كه كار له سنوری حزبدا دهكات ، و پـهیڕهوی ئیخوانیانهیـه ، فهموویـهتی : (( هذا ليسَ إخوانياً لكن

---

والواجب على المسلمين الذين هم في بلد واحد وفي مملكة واحدة أن تكون بيعتهم واحدة لإمام واحد ، ولا يجوز المبايعات المتعدّدة ، وإنما هذا من إفرازات تجوّزُ المبايعات من اختلافات هذا العصر ، ومن الجهل بالدّين )) ( المنتقى من فتاوى الفوزان : ج ٢٦ / ص ٦) .

[٢١] ( مُفرَّغ من إحدى أشرطة " سلسلة الـهُدى والنور " رقم : ٣٣٨ ) .

منهجهُ منهج الإخوان المسلمين ، كيف ذلك ؟ أولاً هو تحزَّبَ وتكتَّلَ ! **هـذا التحـزُّب وهـذا التكتُّـل لـيس علـى المـنهج السلفي الذي نحنُ ندعو إليهِ** ... )) [٢٢] .

واتـه : ئا ئەمـه ئیخـوانی نیـه ، بـەلام پەیڕەوەکـەی ئیخـوان موسـلمینه ، ئـەوه چـۆن دەبێـت ؟ یەکـەم : حزبایەتی پارچەگەرێتی دەکات ! ئەم حزبایەتیە و پارچەگەرێتیەش لە سەر پەیڕەوی ئەو سەلەفیەتە نیە کە ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین .

**چوارەم** : وە شێخ ( الألباني ) . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە فەرموودەی ( حذیفــة ) ﷺ کە تیایـدا هاتووە : (( **فاعتزِل تلك الفرق كُلّها** )) فەرموویەتی : (( في هذا الحديث : **أنَّ المـسلم إذا أدرك مثـل هـذا الوضـع " فعليه حينذاك ألاَّ يتحزَّب ، وألاَّ يتكتَّل مع أي جماعة أو مع أي فرقة ، مادام أنَّه لا توجد الجماعة التي عليهـا إمـام مبايع من المسلمين** )) [٢٣] ، واتە : وە لەم فەرموودەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە : بێگومـان ئەگـەر هـەر موسڵمانێك گەشتە ئەم بارودۆخە ، پێوستە لە سەری لەو کاتەدا کە حزبایـەتی نـەکات ، و پارچـەگەرێتی نەکات ، لە گەڵ هیچ کۆمەڵ و هیچ فیرقەیەکدا ، مادام کە ئەو کۆمەڵە نیە کە پێشەوای بەیعـەت پێـدراوی نیە لە لایەن موسڵمانانەوە .

کەواتە : پەیوەندی کردن و کارکردن لە گەڵ کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیە هاوچەرخەکان دروست نیە ، و حزبایەتی و پەرتەوازەیی پەیوەندی بە سەلەفیەتەوە نیە .

---

[٢٢] ( من شريط مسجل مع ناصر العمر ) .

[٢٣] ( الدَّعوة إلى الله لعلي الحلبي الأثري (٩٨ ) .

## بەڕا و بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی
## ئەو فەرموودانەی کە سەبارەت بە تەفریقە و حزبایەتی هاتوون
## حزبە هاوچەرخەکان دەگرێتەوە

❑ **فەرموودەی ( حذیفة )** رضي الله عنه **:**

پرسیار کرا لە شێخ ( محمـــد ناصــرالدين الألبـــاني ) ـ بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت ئەوەی کە ئایا فەرموودەی ( حُذيفـــة ) رضي الله عنه حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان دەگرێتەوە یان نە ؟ ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە : (( **هـل ينطبـق هـذا الحـديث علـى واقعنـا المعاصـر** ؟ )) ، واتە : ئایا ئەم فەرموودەیە . واتە : فەرموودەی ( حذيفة ) رضي الله عنه . جێبەجێ دەبێت بە سەر ڕۆژگاری ئەم سەردەمەدا ؟ واتە : حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان دەگرێتەوە ؟

ئەویش لە وەڵامدا . بە ڕاشکاوی . فەرمووی : (( **نعم ، لا شَكَّ أنَّ هــذا الحديث ينطبق تمام الانطباق على كُــلِّ فِرقةٍ وجماعةٍ أو حــزبٍ تتكَتَّل بعضها على بعضٍ ولا تتعامل مع الجماعات الإسلامية الأخرى على مـا أمـر اللهُ عزَّ وجل بهِ من الإخوة الإسلامية الصادقة وبخاصة إذا ما اقترن بهذه الجماعات أو هذه الفِرَق مُبايعات يُبـايَع لكُلِّ طائفةٍ منها أميرٌ يُطاعُ كما يُطاع الإمام الأعظم الذي يَجِبُ أنْ يُبايَع من جماهير المسلمين** ... **الآن هذه الأحزاب وهـذه الجماعات تَسَلَقَتْ وأخذَتْ مرتبةَ الإمام الأعظم الذي يُبايَع من كُلِّ المسلمين ! ومن هُنا تزدادُ الفُرقة ويـزداد الخِلاف بينَ المسلمين** ، **لأنَّ أميرَ هذه الجماعة يأمر بخِلاف ما يأمر به أمير تلك الجماعة ! وهكذا تزدادُ الفُرقة بـين المسلمين بسبب ما يُسمونَهُ اليوم التنظيم وبسبب ما يُسمونهُ بالتأمير المؤقت ولكن يُرتبونَ عليهِ الأحكام المتعلقة بالأمير الذي هو الإمام** ... **ولذلك فضَرَرُ هذا التكَتُّل الحزبـي لـو لمْ نلمسْهُ لَمْسَ اليَـد لكَفَـى دلـيلاً لُمخالفتهـا للشرع مثـل هـذا الحديث ومثل الآية الكريمة** : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ... لهذا فالحديث حديثُ حُذيفة هذا ـ المُتفق على صحته ـ يَنطبِقُ تَماماً على كُلِّ الأحزاب التي تتقوقع ـ هذه عبــارةٌ مُناســبة لهــؤلاء ــ يتكتلون بعضهم على بعض وكأنَّهم هُم المسلمون ولا شيءَ آخر ! لذلك نحنُ نقول : هذا الواقع ـ والواقع يشهد ـ لهذه الحقيقة التي نقولها بكُلِّ صراحة نقول :

**الدعوة الإسلامية الصحيحة ـ وليستْ هي إلاَّ الدعوة السلفية ـ تتسعُ لِكُلِّ أفراد المسلمين وتسعُهم ولا عكس** . **ولا يوجَدُ هُناك جماعة لا حزب التحرير ولا جماعة الإخوان المسلمين ولا جماعة التبليغ تتسعُ لِكُلِّ أفراد المسلمين . ذلكَ لأنَّ منهجُنا منهج الكتاب والسنة وعلى منهج السلف الصالح** .

ولا يُمكن لُمسلمٍ أنْ يتجَرَّدَ عن أنْ يتبع الكتاب والسنة ، لكن هُنا الحجَّة الثالثة والأخيرة ( وعلى منهج السلف الصالح ) هُنا يظهرُ الفَرق بين كُلُّ المسلمين الذين يَدَّعون أنَّهم على الكتاب والسنة ! لكنَّهم لا يلتقونَ معنا على منهج السلف الصالح .

ولذلك أنا أُدَندِنُ دائماً وأبداً على هذه الحقيقة وهي : لا يكفي أنْ تكون دعوةُ الدعاة الإسلاميين حَقاً اليوم لا ينبغي أنْ تكون دعوقم محصورة بـ ( الكتاب والسنة ) فقط ، لا بُدَّ أنْ يضموا إلى دعوقم ( وعلى مهج السلف الصالح ) . فأنا أردتُ أنْ أقول : **أنَّ الأحزاب القائمة اليوم هي تقوم على مُخالفة الشرع في كثير من الأحكام** منها حديث حُذيفة حيث قال : (( فاعتزلْ تلك الفِرَق كُلَّها ولو أنْ تَعَضَّ على جِذْلِ شجرةٍ حتَّى يدركَكَ الموتُ وأنتَ على ذلك )) [٢٤] .

**واته : بەڵێ ، گومانی تێدا نیە کە دەتوانرێت ئەم فەرموودەیە . واتە : فەرموودەکەی ( حُذيفة ) ـ جێبەجێ بکرێت . جێبەجێ بوونێکی تەواو . بە سەر هەموو فیرقە و کۆمەڵ و حزبانە کە هەر یەکێکیان بۆ خۆی کۆدەبێتەوە و لەگەڵ کۆمەڵ و جەماعاتە ئیسلامیەکانی تردا هەڵس و کەوت ناکەن بە پێی ئەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لە برایەتیەکی موسڵمانانەی ڕاستەقینە ، وە بە تایبەت ئەگەر لە گەڵ ئەمەشدا ئەم کۆمەڵ و فیرقانە بەیعەتیان هەبێت ، کە هەر یەکێکیاندا بەیعەت دەدرێت بە ئەمیرێك کە گوێڕایەڵی بۆ بکرێت هەر وەك چۆن گوێڕایەڵی پێشەوای گەورە دەکرێت !!! کە پێویستە بەیعەتی پێبدرێت لە لایەن هەموو موسڵمانانەوە ... ئێستا ئەم ئەحزاب و ئەم کۆمەڵانە خۆیان هەڵواسیوە و پلەوپایەی پێشەوای گەورەیان بۆ خۆیان داناوە کە بەیعەتی پێ دەدرێت لە لایەن هەموو موسڵمانانەوە !! لێرەوە پارچەگەرێتی و جیاوازی نێوان موسڵمانان زیاد دەکات ، چونکە ئەمیری ئەم کۆمەڵە فەرمان بە شتێك دەکات پێچەوانەی فەرمانی ئەمیری ئەو کۆمەڵەکەی ترە ! ئا بەم شێوەیە پارچە پارچە بوون زیاتر پەرەدەسێنێت لە نێوان موسڵماناندا ، بە هۆی ئەو شتەوە کە لەم ڕۆژگارەدا پێی دەڵێن ڕێکخستن ، وە**

---

[٢٤] ( مُفَرَّغ من الشريط رقم : (٦٩٩ / ١) من أشرطة " سلسلة الـهُدى والنور " ) . **لە ساڵی (١٩٩٣)** .

بەهۆی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن ڕابەرایەتی ( ئەمیرایەتی ) ، بەڵام ئەو ئەحکامانەی بە سەردا دەسەپێنن کە پەیوەستە بە ئەمیرەوە کە پێشەوا و خەلیفەیە ... لە بەر ئەمە زەرەر و زیانی ئەم پارچەگەرایەتیە حزبیە ئەگەر بە دەستیش هەستی پێ نەکەین ، ئەوا تەنها بە نموونە هێنانەوەی ئەم فەرموودەیە و ئەم ئایەتە پیرۆزە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ بەس بوون کە بەڵگە بن لە سەر پێچەوانەبوونەوەیان بۆ شەرع ... لە بەر ئەمە ئەم فەرموودەیە : کە فەرموودەی ( حُذيفة ) ەیە . کە فەرموودەناسان ڕیککەوتوون لە سەر ( صحيح ) ی . جێبەجێ دەبێت . جێبەجێ بوونێکی تەواو . بەر سەر هەموو حزبەکاندا کە قۆزاخەدەکەن بۆ خۆیان . ئەمە دەستەواژەیەکی گونجاوە بۆ ئەوان . و لە گەڵ یەکتردا یەك پارچە وکۆمەڵ دەکەن وەکو بڵێت تەنها ئەوان موسڵمانن وکەسی تر نیە لە ئارادا !

لە بەر ئەوە ئێمە دەڵێین : ئەمە ڕاستیەکە . واقعیش شاهیدی ئەوە دەدات بۆ ئەم ڕاستیە . کە ئێمە دەیڵێین بە هەموو ڕاشکاویەکەوە دەڵێین : بانگەوازی دروستی ئیسلامی . کە هیچ بانگەوازێکی تر نیە جگە لە بانگەوازی سەلەفیەت نەبێت . گشت گیرە و جێی هەموو تاکێکی موسڵمانان دەکاتەوە ، و دەیانگرێتەوە بەبێ پێچەوانە ، وە هیچ کۆمەڵێکیش نیە : نە ( حزب التحرير ) و نەش ( جماعة الإخوان ) وە نە ( جـــماعة التبليغ ) گشت گیر بێت و جێی هەموو تاکێکی موسڵمانان بکاتەوە !! ئەوەش لە بەر ئەوەیە پەیڕەوی ئێمە بریتیە لە پەیڕەوی : قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح .

وە هیچ موسڵمانێکیش ناتوانێت خۆی بێ بەشبکات ، بان بێ بەری بکات لە شوێن کەوتنی قورئان و سوننەت ، بەڵام لێرەدا بەڵگەی سێیەم و کۆتای هەیە کە ئەویش : بە پێی تێگەیشتنی سەلەفی صاڵحە ، ئا لێرەدا جیاوازی نێوان هەموو ئەو موسڵمانان دەردەکەوێت کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەسەر قورئان و سوننەتن !! کەچی لە گەڵ ئێمەدا یەك ناگرنەوە لەوە کە دەیڵێین بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح . لە بەر ئەوەیە من هەمیشە و بەردەوام ئەو ڕاستیە دووبارە دەکەمەوە کە بریتیە لەوەی : بانگەوازی بانگەوازکاری ئیسلامی ڕاستەقینەی ئەمڕۆ ئەوەندە بەس نیە و نابێت بانگەوازەکەیان کورتهەڵچنن لە ( قورئان و سوننەت ) دا بە تەنها ، بەڵکو پێویستە ( بە پێی تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح ) یش بخەنەپاڵ بانگەوازەکەیان .

من دەمەوێست بڵێم : ئەم حزبانەی کەوا ئەمڕۆ دامەزرێنراوون هەموو لە سەر پێچەوانە بوونەوەی شەع لە زۆرینەی ئەحکامەکانیدا دامەزرێنراوون لەوانە : فەرموودەکەی ( حُذيفـــة ) کە پێغەمبەری خوا

ﷺ تێیدا فەرموویەتی : دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرقە و حزبانە ئەگەر بە قەپگرتنیشت بێت بە ڕەگی دارێك تاكو مردن پێت دەگات هەر لە سەر ئەوە دەبیت .

هەر لەم بارەیەوە و سەبارەت بەم فەرموودەی ( حذيفة ) ەو لە ( سلسلة الأحاديث الصحيحة ) دا و لە ژێر ناونیشانی ( لا فِرَقَ ولا أحزابَ في الإسلام وإنَّما جَماعة وخليفة : لە ئیسلامدا چەندین گروپ و حیزب نییە بەڵكو كۆمەڵی موسڵمانان و خەلیفە هەیە ) دا ، فەرموودەكەی ( حُذيفة ) ی بە تەواوی هێنانەوەتەوە و فەرموویەتی : (( قلتُ : **هذا حديثٌ عظيمُ الشأنِ من أعلام نبوتهِ ونصحهِ لأمتهِ ﷺ ، ما أحوجَ المسلمينَ إليهِ للخَلاص من الفُرقة والحزبية التي فَرَّقَتْ جَمعَهم وشَتَّتْ شملَهم وأذهبَتْ شوكتَهم ، فكان ذلك من أسباب تَمكُّن العدو منهم** ، مِصداقَ قولهِ تباركَ وتعالى : ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ ))[٢٥] .

واتە : دەڵێم : ئەمە فەرموودەیەكی پلەوپایە گەورەیە و یەكێكە لە نیشانەكانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ و ئامۆژگاریەكیشە بۆ ئەممەتەكەی .

ئاخۆ موسڵمانان چەندێك پێویستیان بەم فەرموودەیە هەیە بۆ ڕزگار بوونیان لە پارچە پارچەگەرێتی و حزبایەتی كەوا یەك ڕیزی موسڵمانانی پارچە پارچە كردووە و شیرازەیانی پەرتەوازە كردووە و توانا و هێزیانی نەهێشتوە ، وە ئەمەش بۆتە هۆیەك لە هۆكارەكانی زاڵ بوونی دوژمنان بە سەریانەوە و ڕاستێتی ئەم فەرموودەیەی خوای كار پڕ بەرەكەت و پایە بەرزی جێبەجێ بووە : ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ .

وە لە لێكدانەوەی فەرموودەكەدا ووتە بەنرخەكەی ئیمامی ( الطبري ) گێڕاوەتەوە كە فەرموویەتی : (( وفي الحديث : أنَّهُ متى لم يكن للناس إمامٌ فافترق الناس أحزاباً ، فلا يُتبع أحداً في الفُرقة ويُعتَزَل الجميع إنْ استطاعَ ذلك ، خشيةً من الوقوع في الشرّ ... )) ، واتە : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە كە : هەر كاتێك خەڵكی پێشەوایان نەبوو ، وە دابەش بوو بوون بۆ چەند حزبێك ، ئەوا نابێت لەم پارچە پارچەگەرێتیەدا شوێنی هیچ كەسیك بكەوێت ، بەڵكو ئەگەر توانرا دەبێت خۆت لە هەموویان بە دوور بگریت ، لە ترسی كەوتنە ناو شەڕ و خراپەوە .

---

[٢٥] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٦ / ٥٤١) .

**دووەم** : وە لە پرسیارێکی تردا سەبارەت بە هەمان فەرمووده هاتووه : (( حديث حذيفة الذي قال لـه رسول ﷺ : " عليك بخاصة نفسك و لو تعض بأصل شجرة ، وأن يدركك الموت وأنت على ذلك " هل ينطبق علينا في عدم الإنتماء للأحزاب ؟ )) ، واته : فەرموودەی ( حذيفة ) كە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموو : خۆت بپارێزه لەو فیرەقه و كۆمەڵانه ئەگەر بەقەپ گرتنیشت بێت بە ڕەگی درەختێكدا ، تاكو مردن یەخەت پێ دەگرێت و تۆ هەر لەسەر ئەوه بە ، ئایا ئەم فەرموودەیه دەمانگرێتەوه ، لە كاتێكدا كە پەیوەندی نەكەین ، و خۆ نەدەینە پاڵ حزبەكانی ئەم سەردەمە ؟

شێخیش . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامدا فەرمووی : (( **هذا الحديث من جملة الأدلة : أنه لا حزبية في الإسلام ، أي : لا تتكتل مع جماعة أبداً ، ما فيه أي تكتل .** لكن ربنا يقول : ﴿ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ ﴾ ( التوبة : ١١٩ ) )) [٢٦] ، واته : ئەم فەرموودەیه یەكێكە لەو كۆمەڵە بەڵگەیەی ئەوه ڕوون دەكەنەوه : كە حزبایەتی لە ئیسلادا نیه ، واته : هاتاهەتایه بەهیچ شێوەیەك حزبایەتی و پارچەگەرێتی لەگەڵ هیچ كۆمەڵێكدا مەكە ، ئیسلام پەرتەوازەیی و پارچەگەرێتی تێدا نیه ، بەڵام خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ ﴾ ، واته : لە گەڵ ڕاستگۆیان بە ❁ .

❑ **فەرموودەی ( الفرقة الناجية ) و ( عرباض ) ی كوڕی ( سارية ) رضي الله عنه :**

**یەكەم** : ئەم پرسیاره ڕاشكاوه لە شێخ كرا : (( **شيخنا ، هل ينطبق حديث " ستفترف أمتي إلى ثلاثة وسبعين فرقة ... " على الأحزاب الموجودة** ؟ )) ، واته : شێخمان ، ئایا ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێت : ئوممەتەكەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاو سێ فیرقە ... هتد ، جێبەجێ دەبێت بەسەر حزبەكانی ئەمڕۆدا ؟

شێخیش . بە ڕەحمەت بێت . بە ڕاشكاوی وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوه و فەرمووی : (( هذا السؤال أجبنا عليه مراراً ، **ونقول : كل حزب يتبنى له منهجاً غير منهج الكتاب ، والسنة ، و منهج السلف الصالح ، فهو لاشك داخل في عموم تلك الفرق** )) [٢٧] ، واته : ئەم پرسیاره چەند جارێك وەڵامان

---

[٢٦] ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٣٥٨ ، دقيقة ٢٤ ) .

❁ كە بریتیه لە شوێنكەوتوانی مەنهەجی سەلەفی صالح لە هەموو ڕۆژگارێكدا ( مامۆستا عبدالكريم ) .

[٢٧] ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٣٠٨ ، دقيقة ٢١ ، ثانية ٢٦ ) .

داوەتەوە . وە لێرەشدا جارێکی تر دەڵێین : هەر حزبێك پەیڕەوەکەی بنیات بنێت لە سەر پەیڕەوێك جگە لە پەیڕەوی قورئان و سوننە ، وە پەیڕەوی سەلەف صالح ، ئەوە بێگومان ئەو حزبە دەچێتە ڕیزی گشتی ئەو گروپ و کۆمەڵانەوە کە لە فەرموودەکەدا باس کراوە .

**دووەم** : وە شێخ . بە ڕەحمەت بێت . هەر لە درێژەی فەتوایەکی پێشووتریدا ئاماژە بۆ هەر یەك لە فەرموودەی ( الفرقــة الناجية ) و فەرموودەی ( عرباض ) ی کوڕی ( سارية ) ﷺ دەکات ، و دەفەرموێت : (( الآن الطوائف .. الأحزاب .. فضلاً عن المذاهب القديمة والجديدة لا تُلفِتُ ولا تَلْتَفِتُ مُطلقاً إلى اتبــاع ﴿ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ الذي تأيَّدَ ببعض الأحاديث ــ وأنا أشيرُ إليها لأنَّها معروفة لديكم ــ أولاً : حديث الفِرَق الثلاث والسبعين حيث قال [ رسول الله ﷺ ] : " كُلُّها في النار إلاَّ واحــدة ، قالــوا : مَنْ هي يا رسول الله ؟ قال : " هي التي علــى ما أنا عليهِ وأصحابي " ، نَجد هُنا قوله ﷺ : ( وأَصْحَابِي ) على نَمَط قوله تعالى : ﴿ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ تمامَــاً . إذَن لا يجوزُ لمسلمٍ اليوم أنْ يقول : أنا أفهمُ من الكتاب والسنة كذا ! ثُمَّ لا يَلْتَفِتُ إلى مَا كَانَ عَلَيْهِ سَلَفُنَا الصَّالِحُ .

يُضافُ إلى هذا الحديث : حديث العرباض بن سارية : " فعليكم بسنتي وسُنَّةَ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِيِنَ ... " إلى آخــرهِ ، إذن هُناك سُنَّتانِ : سنة الرسول ﷺ وسُنَّةُ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِيِنَ ﷺ .

فلا بُدَّ إذَن بالنسبة لأمثالنا نحنُ المتأخرين بعد هذه القرون الطويلة : أنْ نَرجعَ إلى : الكتاب والسنة و سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ . هُنا يَظهَرُ الاختلاف بيننا وبين الجماعات الأخرى القائمة اليوم ، أمَّا الخوارج .. أمَّا المُعتزلة .. أمَّا الروافض فهــؤلاء قــد خالفوا ﴿ سَبِيلَ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ وهُم في قُرْبٍ منهم فيما كانوا عليهِ في السابق ، لكن نحنُ اليوم علينا كما قيل : ( مَنْ رأى العبرةَ بغيرهِ فلْيعتبرْ ) لماذا كانت هذه الفِرَق قديماً ؟! لأنَّهم اتبعوا أهوائهم ولَمْ يلتزموا هذا المنهج الذي هو اتباعُ ( الكتاب والسنة وعلى مَنْهَجِ السَّلَفِ الصَّالِحِ ) ... )) [٢٨] ، واتــە : ئێستا کۆمەڵ و حزابەکان سەرەڕای مەزهەبە کۆن و تازەکان ، بە هیچ شێوەیەك هۆگر نین و لاناکەنەوە بە لای شوێن کەوتنی ﴿ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ دا کەوا پشت گیری کراوە بە هەندێك فەرموودە . کە من لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەم چونکە زانراون لای ئێوە . یەکەمینیان : فەرموودەی حەفتاوسێ فیرقەکەیە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەموویان لە ناو ئاگردان تەنها کۆمەڵکیان

---

[٢٨] ( مُفَرَّغ من الشريط رقم : (٦٩٩ / ١) من أشرطة : سلسلة الــهُدى والنور ) .

نەبێت ، ووتیان : کێن ئەوانە ئەی پێغەمبەری خـــوا ﷺ ؟ فەرمووی : ئەوانەن کە لە سەر ئەوەن کەوا من و هاوەڵانمی لە سەر بووە .

لێرەدا دەبینین " وأصحابي : واتە : هاوەڵانمی " بە تەواوی لە سەر شێوازی ﴿ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ە . کەواتە دروست نیە بۆ هیچ موسڵمانێك لەم ڕۆژگارەدا بڵێت : من لە ( قورئان و سوننەت ) بەوشێوەیە تێدەگەم ! ئەنجا لانەکاتەوە بەلای ئەوەی کە سەلەفی صاڵحمانی لە سەر بووە .

فەرمووەدەکەی ( العرباض بن سارية ) ش دەدرینە پاڵ ئەم فەرموودەیە : دەست بگرن بە سوننەتەکەی من و سوننەتی جێنیشینە هیدایەت دراو کامڵەکانمەوە رضي الله عنهم .

کەواتە لێرەدا دوو سوننەت هەیە : سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، وە سوننەتی جێنیشینە هیدایەت دراو و کامڵەکانی رضي الله عنهم . بۆیە پێویستە بە نیسبەت کەسانێکی وەکو ئێمە کە دوای ئەم هەموو سەدە دوور و درێژە هاتوین کەوا : بگەڕێینەوە بۆ لای ( قورئان و سوننەت ) و ( ڕێگای بڕواداران ) .

ئا لێرەدا جیاوازی نێوان ئێمە و کۆمەڵەکانی تری ئەم ڕۆژگارە ئاشکرا دەبێت : بەڵام سەبارەت بە ( خەوارج ) و ( موعتەزیلە ) و ( رافضة ) ئەمانە هەموویان پێچەوانەی ( ڕێگای بڕواداران ) یان کردووە ، لە کاتێك ئەوان نزیك بوونە لێیانەوە لەوەی کە لە سەری بوون ، بەڵام ئێمە لەم ڕۆژگارەدا پێویستە لە سەرمان وەك ووتراوە : ( هەر کەسێك پەندێك ببینێت بە جگە لە خۆیەوە ئەوا با پەند وەربگرێت ) ، لە بەرچی لە کۆندا ئەم هەموو فیرقانە هەبوون ؟! لەبەر ئەوەی هەموویان شوێنی ئارەزووەکانیان کەوتن ، و پابەند نەبوون بەم پەیڕەوەوە کەوا بریتیە لە شوێن کەوتنی : ( قورئان و سوننەت : بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح ) .

**سێیەم** : وە هەر لەم بارەیەوە و سەبارەت بە فەرموودەکانی پێشوو و گرتنەوەیان بۆ کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیەکان ، ئەو کۆمەڵەیەی کە ڕزگاری دەبێت ، و لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێدراوە ، ئەم پرسیارەی لێکراوە : (( **ما هي الجماعة التي تُعَدُّ مفارقها مفارقاً للجماعة ، في حديث الفرق** ؟ )) ، واتە : ئەو کۆمەڵە کامەیە کە جیابوونەوە لێی ، جیابونەوەیە لەو کۆمەڵەی کە لە فەرموودەی فیرەق و حزبەکاندا هاتووە ؟

بەڕێزیشیان بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامدا فەرمووی : (( لاشك ليس المقصود الجماعات الحالية ؛ لأن شأن هذه الجماعات مع الأسف كما قال شاعر قديماً :

وكـــلٌ يـــدعي وصلاً بليلى          وليلى لا تقر لهـــم بـــذاك

إذا فارق هذه الجماعة ( الأحزاب الإسلامية ) ما فارق هذه الجماعة ( أهل السنة ) ، فإذاً حديث طبق عليه إذا فـــارق هذه أو تلك ؟! لا ؛ الجماعة التي يريدها الرسول ﷺ في هذا الحديث هي الجماعة التي أرادها في حديث معروف لديكم ، فأذكر الشطر الأخير منه : " وستفترق أمتي على ثلاث و سبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة ، قالوا من هي يا رســول الله ﷺ ؟ قال : هي الجماعة ، هذه هي الجماعة ، ( وفي الرواية الأخرى موضحاً للجماعة ، قال : ما أنا عليه و أصـــحابي ... **فإذا كل جماعةٍ على وجه الأرض اليوم لا تنتسب إلى الجماعة الأولى ، فهي أولاً : في خطر " خطر أن تكون من الفرق الهالكة غير الناجية** ، و ثانياً : **ليست هي الجماعة التي يحل دم ـ قتل ـ من خرج عنها و فارق الجماعة** .

الحقيقة هذا الحديث حديث الفرق ينبغي أن يكون منهج كل مسلم خاصة في هذا الزمن الذي كثر فيه الجماعـــات و الفـــرق وكل فرقـــةٍ منهـــا تـــدعي أنهـــا على الحـــق !! )) [٢٩] .

**واته : بێگومان مەبەست لەو کۆمەڵە ئەم حزبانەی ئێستا نیە ، لەبەر ئەوەی حاڵی ئەم حزبانە بەداخەوە زۆرەوە وەکو ئەوە وایە کە شاعیر لەکۆندا وتویەتی :**

وكـــلٌ يـــدعي وصلاً بليلى          وليلى لا تقر لهـــم بـــذاك

**ئەگەر کەسێك لەم کۆمەڵ و حزبانە جیابێتەوە ، ئەوە لەو کۆمەڵەی گەورەی موسڵمانان جیانەبووەتەوە ، کە لە فەرموودەکەدا باس کراوە ، کەوابوو ئەوەی : کە فەرموودەکە بەسەریدا جێبەجێ بێت ئەگەر لەم حزبە یان لەو حزبە جیابێتەوە ؟!! ئەوە نەخێر ، کەواتە ئەو کۆمەڵەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستێتی لەم فەرموودەیەدا هەمان ئەو کۆمەڵەیە کە مەبەستێتی لەو فەرموودەیەی کە زانراوە لاتان ، بۆیە دێری کۆتای لێ باس دەکەین وەك دەفەرموێت : وە ئوممەتەکەی منیش دابەش دەبێت بۆ حەفتاو سێ گروپ ، هەمووی دەڕواتە ئاگرەوە جگە لە کۆمەڵێکیان نەبێت ، ووتیان ئەو کۆمەڵە کێیە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی : جەماعەتە ، لە ڕیوایەتێکی تردا کە هاتووە و ئەو کۆمەڵەیە ڕوون دەکاتەوە ، فەرموویەتی : ئەوانەن کە لەسەر ئەو پەیڕەوەن کە من و هاوەڵانمی لەسەرە ... کەوابوو هەر حزب و کۆمەڵێکی ئەمڕۆ لە سەر ڕووی زەویدا خوی نەداتە پاڵ کۆمەڵی یەکەم ، ئەوە ئەو کۆمەڵە :**

---

[٢٩] ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٧٠٥ الوجه أ البداية ) .

**یەکەم : لە بار وحاڵێکی ترسناك دایە ، ترسی ئەوەی هەیە کە ببێت بە گروپێکی گومڕا بەدەر لە گروپی ڕزگاربوو .**

**دووەم : ئەو کۆمەڵە نیە کە ئەوەی لێی دەربچێت خوێن و کوشتنی حەڵاڵ دەبێت ، و بەکەسێك دابنرێت لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابوبێتەوە .**

**لە ڕاستیدا ئەم فەرموودەیە ( حديث الفرق ) پێویستە ببێتە پەیڕەوی هەموو موسڵمانێك بەتایبەت لەم سەردەمەدا ، کە تیایدا کۆمەڵ و گروپ زۆربوون ، وە هەموو گروپێك لەو گروپانەش لاف ئەوە لێ دەدات کە گوایا خۆی لەسەر ڕەواییە !!!**

## چوارەم : بەڵگەی ووتەی زانایانی تری ئەهلی سوننە

**دوابەدوای خستنە ڕووی فەتوای هەردوو زانای پایە بەرز ( ابن باز ) و ( الألباني ) . بە ڕەحمەت بن . لەم بەشەدا فەتوای کۆمەڵێك لە گەورە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە دەخرێتە ڕوو ، بۆ ئەوەی موسڵمانان بزانن کە زانایانیان هاودەنگن لە سەر حەرامێتی قەدەغەیی تەفریقە و حزبایەتی ، و چی تر چەواشەکاران نەتوانن هەوڵی خەڵەتاندنیان بدەن ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :**

### ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز ( محمد بن صالح العثيمين ) . بە ڕەحمەت بێت . :

**یەکەم** : پرسیار لە شێخ ( محمد بن صالح العثيمين ) . بە ڕەحمەت بێت . کە (( **هل هناك نصوص في كتاب الله وسنة نبيه ﷺ فيهما إباحةُ تعدد الجماعات الإسلامية ؟** )) ، واتە : ئایا هیچ دەق و بەڵگەیەك لە قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ هەیە کە حەلاڵێتی بوونی چەند کۆمەڵ و حزبێکی ئیسلامی تێدا هاتبێت و ڕێگە بە فرە حزبی ئیسلامی بدات ؟

بەڕێزیشیان . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامدا فەرمووی : (( **ليس في الكتاب ولا في السنة ما يُبيح تعدد الجماعات والأحزاب ، بل في الكتاب والسنة ما يذم ذلك** ، قال تعالى : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ ، وقال تعالى : ﴿ كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ .

**ولا شكَّ أنَّ هذه الأحزاب تُنافي ما أمر اللهُ به ، بل ما حَثَّ اللهُ عليهِ** في قوله : ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ ﴾ ... **وقول بعضهم أنهُ لا يُمكن للدعوة أنْ تقوى وتنتشر إلاَّ إذا كانت تحت حزبٍ** ؟!

**نقول : إنَّ هذا الكلام غيرُ صحيحٍ ، بلْ إنَّ الدعوة تقوى وتنتشر كُلَّما كان الإنسانُ أشدُّ تمسكاً بكتابِ الله وسُنَّةِ رسول الله ﷺ ، وأكثر اتباعاً لآثار النبي ﷺ وخلفائه الراشدين** )) [1] .

واته : نه له قورئان و نهش له سوننهتدا هیچ دهق و بهڵگهیهك نیه كه حهڵاڵێتی بوونی چهند كۆمهڵ و حزبێكی تێدا هاتبێت ، بهڵكو له قورئان و سوننهتدا بهڵگه له سهر زهمكردنی ئهمه هاتووه ، خوای بڵند وپایهبهرز فهرموویهتی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴾ ، وه فهرموویهتی : ﴿ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ .

وه گومانیش لهوهدا نیه كه بوونی ئهم حزبانه پێچهوانهی ئهوهیه كه خوای پهروهردگار فهرمانی پێكردووه ، بهڵكو پێچهوانهی ئهوهیه كه خوا هانی موسڵمانانی بۆ داوه لهم ئایهتهدا كه فهرموویهتی : ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ ﴾ .

وه ووتهی ههندێكیان كه دهڵێن : ناتوانرێت بانگهوازی ئیسلام به هێز بكرێت و بڵاوبكرێتهوه ئیللا مهگهر له ژێر دهسهڵاتی حزبێكدا نهبێت ؟!

له وهڵامیدا دهڵێین : بێگومان ئهم ووتهیه ڕاست نیه ، بهڵكو بانگهوازی ئیسلام به هێز دهبێت و بڵاودهبێتهوه چهندێك مرۆڤ زیاتر و توندتر دهستگر بێت به قورئانه پیرۆزهكهی خوای پهروهردگار و سوننهتی پێغهمبهری خواوه ﷺ ، وه زیاتر شوێنكهوتهی فهرموودهكانی پێغهمبهر ﷺ و جێنیشینه كاملهكانی بێت .

**دووهم** : وه ئهم پرسیارهشی لێكرا كه (( **ما حكم الإنتساب إلى الجماعات الإسلامية الموجودة على الساحة** ؟ )) ، واته : حوكمی پهیوهندی كردن و خودانهپاڵ ئهو كۆمهڵ و حزبه ئیسلامیانهی كه ئهمڕۆ چیه كه له گۆڕهپاندا ههن ؟

---

[1] الصحوة الإسلامية ضوابط وتوجيهات للشيخ ابن العثيمين نفسهُ رحمه الله ص : (١٥٥) ( مجلّة الجندي المسلم ، العدد ٨٣ في ربيع الأوَّل عام ١٤١٧ هــ ) .

ئەویش . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامدا فەرمووی : (( **أولاً** : **يا أخي أنا لا أقر ولا أوافق على التكتل الديني بمعنى أن كل حزبٍ يرى نفسه أنه منفرد عن الآخرين** ، لأن هذا يدخل في قوله تعالى : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) ، ولهذا تجد هؤلاء المتفرقين عندهم من كراهة بعضهم لبعض أشد من كراهة الفاسقين الذين يعلنون بفسقهم كما نسمع ، حتى إن بعضهم يضلل الآخر ويكفروه بدون سببٍ للتكفير ، **فأنا لا أرى التكتل الديني والتحزب الديني** ، **وأرى أنه يجب محو هذه الأحزاب** ، وأن نكون كما كان الصحابة أُمةً واحدةً ، وما أخطأ منا في طريق ، عقدي أو قولي أو فعلي ، فعلينا أن ننصحه ونلده إلى الحق فإن اهتدى فهذا هو المطلوب وإن كان الصواب معه وجب الرجوع إلى ماكان عليه هو وإذا كان الصواب معنا وأصرَّ على ما هو عليه بلا تأويلٍ سائغ فحينئذٍ نحذر من رأيه ومما ذهب إليه دون نعتقد أننا في حزب وهو في حزب ، فنشقق الأمة الإسلامية إلى شطرين أو أكثر ، **فأرى أن ينبغي علينا بل يجب علينا أن نكون ضد هذه الأحزاب أي ضد التحزب** ، و الحمد لله الأمة كما اتفق أولها على جادةٍ واحدة و طريقٍ واحد يمكن أن يتفق آخرُها )) [٢] .

واتە : یەکەم شت : براکەم من ئیقرار و ڕازی نیم بەم تەفریقە لە ئاییندا ، بەو مانایەی کە هەر حزبێك خۆی واببینێت کە جیابووەتەوە لە خەڵکانی تر ، لەبەر ئەوەی ئەم کارە ئەم ووتەیەی خوای پەروەردگار دەیگرێتەوە کە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴾ .

لەبەر ئەمە دەبینین ئەوانەی پارچە پارچە بوونە هەندێکیان ڕقیان لەهەندێکی تریانە ، زیاتر لەو ڕق و دوژمنایەتیەی کە پێویستە بەرامبەر فاسقەکان هەبێت !! ئەو کەسانەی کە فاسقێتی خۆیان ئاشکرا کردووە ، تاکو گەشتووەتە ئەو ئاستەی هەندێکیان هەندێکی تریان بە گومڕا دابنێن !! و هەندێکیان هەندێکی تریان کافربکەن بەبێ هۆکارێك بۆ کافربوونیان !!! بۆیە من وانابینم پارچەگەرێتی ئایینی و حزبایەتی بەناو ئاینەوە دروست بێت ، وە وادەبینم پێویستە ئەم حزبانە بنەبڕ و قەڵاچۆ بکرێن و بسڕێنەوە . وە هەموومان وەکو هاوەڵان یەك کۆمەڵ بین ، وە ئەوەی هەڵەی کرد لەناوماندا لەو ڕێگایەدا هەڵەکە لە بیروباوەڕدا بێت ، یان لە ووتە و لە کرداردا بێت ، بۆیە ئەوە پێویستە لەسەرمان ئامۆژگاری و ڕێنمویی بکەین بۆ حەق ئەگەر ئەو حەقەی وەرگرت ئەوە مەبەست و ئامانجە ، وە ئەگەر حەق و ڕاستی

---

[٢] ( سلسلة لقاء باب المفتوح : شريط رقم٤٥ ، الوجه أ دقيقة ٢٣ ، ثانية ٢١ ) .

لای ئەو بوو ئەوە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەو حەقەی لای ئەو هەیە ، وە ئەگەر حەق لای ئێمە بوو ، وە ئەو سووربوو لەسەر هەڵەکەی خۆی !!! بەبێ ئەوەی لێکدانەوەیەکی گونجاوی پێ بێت ، ئەو کاتە خەڵکی ئاگادار دەکەینەوە لە بیروبۆچونەکەی ، وە لەو پەیڕەوەی ڕێگایەی کە ئەم پێیدا دەڕوات ، بەبێ ئەوەی بڕوامان وابێت ئێمە لە ناو حزبێك داین و ئەویش لەناو حزبێکی تر دایە ، بەمەش ئوممەتی ئیسلامی دابەش بکەین بۆ دوو بەش یان زیاتر ، بۆیە دەبێت بەڵکو واجبە لەسەرمان کە دژی ئەم حزبانە بین ، واتە دژی حزبایەتی و پەرتەوازەیی ، سوپاس بۆ خوا وەکو چۆن سەرەتای ئەم میللەتە لەسەر یەك ڕێگا و یەك ڕێڕەو بوونە ، ئاوەهاش دەشگونجێ کۆتایەکەی یەك دەنگ و لەسەر یەك ڕێگا بن .

**سێیەم** : وە لە پرسیارێکی هاوشێوەی پرسیارەکانی پێشوو هاتووە (( **ما حكم التحزب** ؟ )) ، واتە : حوکمی حزبایەتی چیە ؟

وەڵامی بەڕێزیشیان بەهەمان شێوەی پێشوو بوو کە ئەو کارە دروست نیە هەروەکو فەرموویەتی : (( **الآن ، الآن أعطيتك فتوى صريحة ، صريحة ، أولاً : أنا أرى [ أنه ] لا يجوز التحزب أبداً** )) ، واتە : ئێستا هەر ئێستا فەتوایەکی ڕوونی ڕوونت دەدەمێ : یەکەم شت : من وادەبینم حزبایەتی بەهیچ شێوەیەك دروست نیە .

پرسیارکار : (( **ولا الإنتساب إليهم** ؟ )) ، واتە : تەنانەت پەیوەندی کردن و خودانەپاڵیشان دروست نیە ؟ شێخ ( ابن العثيمين ) : (( **ولا الإنتساب ، الإنتساب ما معنى أنك تشعُر بأنك منفرد عن الآخرين** )) [3] ، واتە : تەنانەت پەیوەندی کردن و خودانەپاڵیشیان دروست نیە ، خودانەپاڵ واتە تۆ هەست دەکەیت کە جیابویتەتەوە لە خەڵکی تر .

**چوارەم** : شیخ ( ابن العثيمين ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وتەیەکی تریدا حزبایەتی بە کەوتنە پێچەوانەبوونەوەی یاساغی لێکراوەکانی خوای پەروەردگار ، و بە بکوژی ئیسلامی ناو دەبات ، بۆیە دروست نیە ، هەروەك دەفەرموێت : (( **ولهذا نرى أن التحزب وقوع في ما نهى الله عنه من التفرق ، وأنه لا**

---

[3] ( سلسلة لقاء باب المفتوح" شريط رقم٤٥ الوجه ب دقيقة ١ ثانية ٨ ) .

**يجوز للأمة الإسلامية أن تتخذ أحزاباً** ، **و أن هذه الأحزاب تعني قتل الإسلام** ؛ لأن الله تعالى قال : ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ ( الأنفال : ٤٦ ) )) [٤] .

**واتە : لەبەر ئەمە وا دەبينين : حزبايەتی توشبوونە بەوەی خودای گەورە ياساغی لێکردووە لەپەرتەوازەبوون و تەفرەقە ، وە دروست نيە بۆ ئوممەتی ئيسلامی كە ببن بە چەند حزبێكەوە ، وە ئەم حزبانە واتە كوشتنی ئيسلام ، لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار دەفەرموێت :** ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ .

**پێنجەم : وەلە فەتوايەكی تريدا لە كتێبی** ( الصحوة الإسلامية ضوابط وتوجيهات ) **دا ، كە لە ئامادەكردنی** ( علي بن حسين أبو لوز / ص : ١٥٤ ) **دا دەفەرمووێت :** (( **ليس في الكتاب والسنة ما يبيح تعدد الجماعات والأحزاب ، بل إن في الكتاب والسنة ذماً لذلك** ، قال الله تعالى : ﴿ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٥٣ ) ، **ولا شك أن هذه الأحزاب تُنَافي ما أمر الله به ، بل ما حث الله عليه** في قوله تعالى : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) )) .

**واتە : لە قورئان و سوننەتدا هيچ بەڵگەيەك نيە كە ڕێگەبدات بە فرە كۆمەڵی و فرە حزبايەتی ، بەڵكو لە قورئان و سوننەتدا زەم و سەرزنشتی ئەو كارە هاتووە ، خوای پەروەدگار فەرموويەتی :** ﴿ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ **، وە گومانيش لەوەدا نيە كە بوونی ئەم حزبانە پێچەوانەی ئەوەيە كە خوای پەروەردگار فەرمانی پێكردووە ، بەڵكو پێچەوانەی ئەوەيە كە خوای پەروەردگار هانی لەسەر داوە ، لەو ئايەتەی كە تێيدا فەرموويەتی :** ﴿ إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ ﴾ .

**شەشەم : وە پرسياری هەڵوێستيان كرا سەبارەت بەوەی كە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕوو دەدات ، لە تەفريقە و حزبايەتی لە نێو موسڵماناندا ، ئەوەش بەم شێوەيەی خوارەوە :** (( **ما توجيهكم حول ما يحصل**

---

[٤] ( ملتقى أنصار الهدى ) **كە سايتێكی جەزائيريە** ، ( قسم زاد طالب العلم الشرعي ، منتدي الصوتيات ، تجميع صوتيات عن جماعة الإخوان المسلمين ، أقوال الإمام ابن عثيمين ، ٣ ـــ كلام الشيخ العثيمين في التبليغ والإخوان : الرابط : http://www.el houda.net/vb/showthread.php?t=327 ) .

**من البعض من التفرُّق والتحزُّب ؟ )) ، واته : ڕێنمایتان چیه سەبارەت بەوەی ڕوو دەدات لە هەندێکەوە لە تەفریقه و پارچه پارچەگەرێتی و حزبایەتی ؟**

**ئەویش ـ بە ڕحمەت بێت ـ بۆ ئاشكرا كردنی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەو واقع و حاڵەی كە موسڵمانان تیایدان فەرمووی : (( لا شَكَّ أنَّ التحزُّبَ والتفرُّق في دين الله مَنهِيٌ عنهُ مُحَذَّرٌ منهُ** لقوله تعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ ) ، **وقوله تعالى** : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) ، **فلا يجوزُ للأمَّة الإسلامية أنْ يتفرَّقوا أحزاباً لِكُلِّ طائفةٍ مَنهجٌ مُغاير لمنهج الأخرى ، بل الواجب اجتماعهم على دين الله على منهجٍ واحد وهو هَديُ النبي ﷺ وخلفائه الراشدين والصحابة المرضيين لقول النبي ﷺ** : " عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ ، وإياكم ومُحدثات الأمور ، فإنَّ كُلَّ بدعةٍ ضلالة " .

**وليس من هَدي النبي ﷺ وخلفائهِ الراشدين أنْ تتفرَّقَ الأمَّةُ أحزاباً لِكُلِّ حزبٍ أميرٌ ومَنْهَج !! ))** (٥) .

**واته : هیچ گومانی تێدا نیه كە حزبایەتی و تەفریقه لە ئایینی خوای پەروەردگاردا یاساغی لێكراوە و موسڵمانانی لێ ووریا كراوەتەوە ، لەوانەش خوای بڵند و پایەبەرز فەرموویەتی** : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ، **وە ووتەی خوای بڵند و پایەبەرز كە فەرموویەتی** : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ .

**بۆیە دروست و ڕەوا نیه بۆ ئوممەتی ئیسلامی پارچه پارچه ببن بۆ چەند حزبێك ، بە شێوەیەك هەموو كۆمەڵێك پەیڕەوێكی جیاوازی هەبێت لە پەیڕەوی ئەوی تریان ، بەڵكو پێویستە هەموو موسڵمانان كۆببنەوە لە سەر ئایینەكەی خوای پەروەردگار ، و لەسەر یەك پەیڕەو كە ئەویش بریتیه لە : ڕێباز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و جێنیشینە كامڵەكانی و هاوەڵە خوا لێ ڕازی بووەكانی ، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی : دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە**

---

(٥) كتاب العلم للشيخ ابن العثيمين ص : (٢١٧) ، نقلاً عن إحدى منشورات ( مكتبة الفرقان ) السلفية بعنوان : ( فتوى فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله في **بدعية تعدد الجماعات** ) .

کامڵەکانم ، دەستی پێوە بگرن و قەپی لێبگرن بە کاکیلەکانتانەوە ، و ئامان ووریای شتە تازە داهێنراوەکان ، چونکە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە .

وە لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و جێنیشینە کامڵەکانیدا ئەوە نیە کە ئوممەتی ئیسلام پارچە پارچە ببن بۆ چەند حزبێك ، بە شێوەیەك کە هەموو حزبێك ئەمیر و پەیڕەوی تایبەتی هەبێت !!

**حەوتەم** : وە شێخ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا (( سماحة الشيخ العلامة محمد بن صالح العثيمين حفظه الله ... السلام عليكم ورحمة الله وبركاته وبعد : **لا يخفى على فضيلتكم كثرة الأحزاب في الساحة ، فما توجيهكم حفظكم الله تعالى** ؟ )) ، واتە : شێخی پایەبەرز محمد ی کوڕی صالح ( العثيمين ) خوا بیپارێزێت ... السلام عليكم و رحمة الله وبركاته ، وە پاشان : لە لای بەڕێزتان شاراوە نیە کە حزبەکان زۆر بوون لە گۆڕەپانی ئەمڕۆدا ، جا ڕێنموی بەڕێزتان چیە لەو بارەیەوە ؟

فەرموویەتی : (( بسم الله الرحمن الرحيم ، وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته ... **لا شك أن تحزب المسلمين إلى أحزاب متفرقة متناحرة ، مخالف لما تقتضيه الشريعة الإسلامية من الائتلاف والاتفاق ، موافق لما يريده الشيطان من التحريش بين المسلمين ، وإيقاع العداوة والبغضاء ، وصدهم عن ذكر الله وعن الصلاة** .

قال الله تعالى : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) ، في الآية الأخرى : ﴿ وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ ﴾ ( المؤمنون : ٥٢ ) .

وقال تعالى : ﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) .

وقال تعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ . **فاجتهدوا في جمع الكلمة ، وترك التنابذ ، والتفرق فإن التنازع والتفرق ، سبب للخذلان والفشل** .

أسأل الله تعالى أن يصلح أمور المسلمين ويجمع كلمتهم على الحق إنه على كل شيء قدير .

كتبه محمد الصالح العثيمين في ١٣ صفر سنة ١٤١٩هـ )) [٦] .

واتە : بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان ، وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته ... گومان لەوەدا نیە کە کردنی موسڵمانان بە چەند حزبێکی پەرتەوازە و دژیەك ، پێچەوانەی داواکاریەکانی شەریعەتی ئیسلامیە لە هاوکۆك بوون و هاودەنگ بوون ، و گونجاوە لە گەڵ داواکاریەکانی شەیتان لە نانەوەی

---

[٦] ( كتاب العلم لابن عثيمين : ١ / ٢٢٠ ، تحت عنوان : رسالة : في التحزّب خطره وضرره ) .

**دووبەرەکی لە نێو موسڵمانانندا ، دژایەتی کردن و ڕق لێبوونیان بۆ یەکتر ، و دوورخستنەوەیان لە یادی خوای پەروەردگار و لە نوێژەکانیان .**

**خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ إِنَّ هَـٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) ، **وە لە ئایەتەکەی تردا فەرموویەتی :** ﴿ وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ ﴾ ( المؤمنون : ٥٢ ) .

**وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) .

**وە فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ ۚ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : ١٠٥ )

**. جا هەوڵێ یەك ووتەیی بدەن تا دەتوانن ، و دووریش بکەونەوە لە ناو وناتۆرە بەیەکەوە نان ، و تەفریقە ، چونکە دووبەرەکی و تەفریقە هۆکاری ژێر سەرشۆڕی و فەشەل هێنانە .**

**داواکارم لە خوای پەروەردگار بار و حاڵی موسڵمانان چاك بکات و ووتەیان لە سەر ڕەوایی کۆبکاتەوە ، هەر ئەویشە بەتوانا بەسەر هەموو شتێکدا .**

**لە نووسینی** ( محمد بن صالح العثيمين ) **لە بەرواری ( ١٣ صفر سنة ١٤١٩هـ ) .**

**هەشتەم : وە لە وڵامی پرسیارێکی تردا فەرمووی :** (( أما السؤال الأول : فهو الجماعات المتفرقة المتحزبة التي طفحت على سطح الماء في هذه الآونة الأخيرة ، بينما كان الشباب قبل سنوات اتجاههم سليم لا يعتقد أحدهم أن الآخر مضاد لله ، أو أنه في جانب وهو في جانب ، لكن بدأت في الآونة الأخيرة ما نزغ الشيطان بين شبابنا من التحزب والتحمس لطائفة معينة أو لشخص معين ، حتى صار الولاء والبراء موقوفاً على من يحب هذا الشخص أو لا يحبه ، ولا شك أن هذه وصمة عظيمة ومرض فتاك يذيب الأمة ويمزق شملها ويفرق شبابها ، **فنصيحتي لأبنائي الشباب وإخواني** : **أن يدعوا هذا التحزب وأن يدعوا تصنيف الناس وألا يهتموا بالشخص المعين ، ويجعلوا الولاء والبراء موقوفاً على الموالاة أو البراءة منه** ، **وأن يأخذوا بالحق أينما كان ويدعوا الباطل أينما كان** ، ومن أخطأ من العلماء فخطؤه على نفسه ، ومن أصاب فإصابته لنفسه ولغيره .

ولا يجوز إطلاقاً أن نعتقد أن أحداً معصوماً من الخطأ في دين الله إلا رسول الله ﷺ ، فما بالنا نمتحن الناس الآن ونقول : ما تقول في كذا ؟ ما تقول في الرجل الفلاني ؟ ما تقول في الطائفة الفلانية ؟ أكان الرسول عليه الصلاة

والسلام يمتحن الناس بهذا ؟ أم كان الصحابة يمتحنون الناس بهذا ؟ إن هذا من شأن الشعب الضالة التي تريد أن تفرق الناس حتى لا يكون جبلاً راسياً أمام التحديات التي نسمعها كل يوم ونشاهدها في الصحف والمجلات ممن يحاربون هذا الدين وأهل الدين . إذا تفرق الشباب الذي يقول : إنه يعتني بالإسلام ويغار للإسلام ، إذا تفرقوا فمن الذي يجادل عن الإسلام ومن الذي يحاج هؤلاء المبطلين ؟

أقول : **أيها الشباب ! ألم تعلموا أن هذا التفرق قرة عين الملحدين من العلمانيين وغيرهم " لأنهم يقولون : كفينا بغيرنا ، لو أن أحداً من هؤلاء الملحدين ، بل لو أن أمة من هؤلاء الملحدين أرادوا أن يفرقوا شباب الإسلام هذا التفريق وهذا التمزيق ما استطاعوا إلى ذلك سبيلاً لو خلصت النية وصلح العمل ، أما الآن فالشباب في وضع يؤسف له ، لهذا أنا أناشدهم الله عز وجل أن يكفوا عن هذا التحزب ، وأن يكونوا أمة واحدة** ، قال الله عز وجل : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) **وألا يهتم الإنسان بالتحزب لفلان أو لفلان ، أو للطائفة الفلانية أو الطائفة الفلانية** فلينظر طريقه وليشق طريقه إلى الله ، **وهذه التحزبات وهذه المجادلات لا شك أنها تصد الإنسان عن دين الله** ، لو فتشت عن قلوب هؤلاء الذين يغالون في بعض الأشخاص ، ويعتقدون فيهم العصمة ، وإذا وقع الخطأ منهم قالوا : لعلهم رجعوا عن هذا الخطأ ؛ لأن الأخطاء التي تقع من بعض الناس إن كانت تحتمل التأويل أولوها على المعنى الصحيح ، وإن كانت لا تحتمل قالوا : رجع عنه ، وهذا غلط ، ما عليهم من هذا الرجل الذي أخطأ خطؤه على نفسه ، والله هو الذي يحاسبه .

على الإنسان أن ينظر طريقه إلى الله عز وجل كيف يعبد الله ؟ وكيف يصل إلى دار كرامته ؟ وليس له شأن في الناس . هذا باعتبار السؤال الأول . أرى أنه يجب أن يتحد الهدف ويتحد العمل وألا يكون همنا التعصب لحزب أو طائفة أو شخص ، ليكن همنا الوصول إلى شريعة الله عز وجل وأن نتحد عليها ونتفق عليها )) (٧) .

**واته : سەبارەت بە پرسیاری یەکەم : کە بریتیە لەو کۆمەڵ پەرتەوازەکار و حزبایەتی کەرانەی کە لەو ڕۆژانەی دواییدا کەوتوونەتە سەر ئاو ، لە کاتێکدا کە لاوان لە پێش چەند ساڵێکدا ئاراستەیەکی تەن دروستیان هەبوو ، بە شێوەیەك هیچکامەیەکیان باوەڕی وا نەبوو کە ئەوی تریان دژی ئەوە !!! یان ئەو لە لایەکە و ئەمیش لە لایەك !!! بەڵام لەم دواییانەدا شەیتان توانیویەتی بە شت بخاتە دڵی لاوانمان بەوەی کە حزبایەتی و حەماسەتیان بۆ کۆمەڵێك یان کەسێکی دیاری کراو بێت !!! تاکو گەشتۆتە**

(٧) ( لقاءات الباب المفتوح : ١٤٩ / ٧ ، توجيه لقادة وأفراد الجماعات الإسلامية العاملة في الساحة ) .

ئەوەی کە خوش ویستن و ڕق لێبوونیان لە سەر ئەوە بووەستێت کە ئەو کەسە کێی خۆش دەوێت یان خۆشی ناوێت ، وە گومانیش لەوەدا نیە کە تانەیەکی گەورەیە و نەخۆشیەکی کوشندەیە ئوممەت دەتوێنێتەوە و کۆبوونەوەی پارچە پارچە و لاوانی پەرتەوازە دەکات ، بۆیە ئامۆژگاری ڕۆڵە لاوەکان و برایانی خۆم دەکەم : کە واز لەم حزبایەتیە بهێنن ، وە وازیش لە پۆلێنکردنی خەڵکیش بێنن ، وە بایەخ نەدەن بە کەسی تایبەت ، وە خۆشویستن و ڕق لێبوون لە سەر خوشویستن و ڕق لێبوونی ئەو ڕابووەستێنن ، وە ڕەوایش وەرگرن لە هەر کوێیەك بێت ، و وازیش لە نارەوایی بێنن لە هەر کوێیەك بێت ، وە ئەو زانایەش کە هەڵە دەکات ئەوا هەڵەکەی لە سەر خۆیەتی ، وە ئەوەش کە ڕەوایی دەپێکێت ئەوا بۆ خۆی و جگە لە خۆیەتی ... جا ئەگەر ئەو لاوانە پەرتەوازە بوون کە دەڵێن : بایەخ بە ئیسلام دەدەن ، و غیرەتیان بۆ ئیسلام هەیە ، ئەگەر ئەوان پەرتەوازە بوون ، ئەوە کێ پارێزگاری لە ئیسلام دەکات ، و کێ بەڵگە لە دژی ئەو ستەمکارانە دێنێتەوە ؟!!

دەڵێم : ئەی لاوان ! ئایا نەتانزانیوە کە ئەم تەفریقە ئۆقرە و بیبیلەی چاوی بێ باوەڕان و عەلمانیەکان و جگە لەوانیشە ؟! چونکە ئەوان دەڵێن : جگە لە خۆمان بەکاری ئێمە هەڵدەستێت ، ئەگەر یەکێك لەو بێ باوەڕانە ، بەڵکو ئوممەتێك لەو بێ باوەڕانە بیانەوێت لاوانی ئیسلام پەرتەوازە بکەن بەم شێوەیە پەرتەوازە بوون ، و پارچە بوونە هەرگیز هیچ ڕێگا چارەیەکیان بۆ نەبوو ، ئەگەر نیەتەکان پاك بن و کردەوەکانیش صاڵحان بن ، بەڵام ئێستە لاوان لە بار و حاڵێکدان شوێنی ئەفسوز و تەئەسوف بۆ خواردنە ، جا من داوایان لێدەکەم کە بۆ خاتری خوا واز لەم حزبایەتیە بهێنن ، ببن یەك ئوممەت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) ، وە مرۆڤ بایەخ نەدەن بە حزبایەتی بۆ فلانە کەس یان فیسارە کەس ، یان بۆ فلانە کۆمەڵ یان فیسارە کۆمەڵ ... ئەمە سەبارەت بە پرسیاری یەکەم : من وا دەبینم کە مەبەست یەك بخرێت ، کرداریش یەك بخرێت ، و هەممیشمان دەمار گیری نەبێت بۆ حزبێك یان کۆمەڵێك یان کەسایەتیەك ، بەڵکو هەممیشمان گەشتن بێت بە شەریعەتەکەی خوای پەروەردگار ، لە سەر ئەوە یەك بگرێن ، هەر لە سەر ئەوەش هاودەنگ بین .

**نۆیەم** : وە بەڕێزیان دیاریدەی تەفریقە و حزبایەتی و فرە حزبیەیەتی بە دیاریدەیەکی نەخۆشی داناوە لە کۆمەڵگادا ، نەك بە دیاریدەیەکی چاك و تەندروست ، هەروەکو فەرموویەتی : (( **تعددُ**

**الجماعات : ظاهرة مَرَضية ، وليس ظـاهرة صحيَّة** ، والذي أرى أنْ تكون الأمة الإسلامية حِزباً واحداً ، ينتمـــي إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ ... )) [٨] .

واتە : بوونى چەند كۆمەڵێك : دیاردەی نەخۆشیە نەك دیاردەیەكی تەندروست ، وە وادەبینم و من وادەبینم كە ئوممەتی ئیسلام دەبێت هەمووی یەك حزب بێت ، و پەیوەند بێت بە قورئانە پیرۆزەكەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ .

**دەیەم** : وە هەروەها سەبارەت بە هاتنەدی هەواڵی ئەو فەرموودانەی كە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێمانگەشتوون سەبارەت بە تەفریقە و پەرتەوازەیی و حزبایەتی ، و زەمكردنی ئەو كارە ، و ئەوەی كە ئەو كەس و كۆمەڵانەی كە پێچەوانەی پەیڕەوی هاوەڵان ببنەوە دەچێتە ڕیزی حەفتا و دوو فیرقەكەوە فەرموویەتی : (( **نقول : إنَّ هذه الأمَّة ستفترق على ثلاث وسبعين فرقة كُلها في النار إلاَّ واحدة ، ثمَّ نقول : كُلُّ مَنْ خالفَ ما كان عليهِ النبي ﷺ وأصحابهُ فهو داخل في هذه الفِرَق** )) .

واتە : دەڵێین : ئەم ئوممەتە پارچە پارچە دەبێت بۆ (٧٣) حەفتاوسێ فیرقە هەموویان لە ناو ئاگردان تەنها یەك دانەیان نەبێت ، پاشان دەڵێین : هەموو ئەوانەی كە پێچەوانەی ئەوە بێتەوە كە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لەسەر بووە ، ئەوا دەچنە ڕیزی ئەم فیرقانەوە .

**یانزەیەم** : وە سەبارەت سەركردە و ئەمیرەكانی كۆمەڵی ( التبليغ ) فەرموویەتی : (( كذلك بلغني عن زعماء لهؤلاء الجماعة في الأقطار الإسلامية ، خارج بلادنا ، أهم على انحراف في العقيدة ، فإذا صح ذلك ، فإن الواجب التحذير منهم ، والإقتصار على الدعوة داخل بلادنا على الوجه المشروع )) [٩] .

واتە : هەروەها پێمگەیشتووە كە سەرانی ئەو كۆمەڵانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا . لە دەرەوەی وڵاتی خۆمان . لاریان هەیە لە بیروباوەڕدا ، جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ، پێویستە خەڵكیان لێ ئاگادار بكرێتەوە ، وە خۆسەرقاڵكردن بەبانگەشە بە شێوازە شەرعیەكەی لە وڵاتی خۆماندا .

**دووانزەیەم** : وە هەروەها پرسیاری لێكرا كە (( **هل المنتمي إلى حزب الإخوان أو التبليغ في بلادنا على صواب أم على خطأ** ؟ )) ، واتە : ئایا ئەو كەسەی كە هالە ڕیزەكانی حزبی ئیخوان یان تەبلیغ لە وڵاتی خۆماندا ڕاستە یان لەسەر هەڵە ؟

---

[٨] الصحوة الإسلامية ضوابط وتوجيهات ص : (١٨٢) ، و "جماعة واحدة لا جماعات" ص : (١٥٤ ــ ١٥٥).

[٩] ( جماعة التبليغ ( ص٤٣٥) .

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : (( **<u>الذي أرى أنَّهُ على خطأ</u> ، وأنَّـهُ <u>لا ينبغـي أن تُفـرِّق الأمـة</u>** ... )) [١٠] ، واتـە : ئـەوەی کـە مـن بـۆی دەچـم ئـەو کەسـە لەسـەر هەڵەیـە ، وە نابێـت ئوممـەتی ئیسلام پارچەپارچە بکرێت .

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز ( مُقبل بن هادي الواد عـي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

**یەکەم :** هەر لە سەر هەمان پەیڕەوی پێشووی زانایانی تر ، شێخ ( مقبل بن هادي الوادعي ) یش . بە ڕەحمەت بێت . ، ڕای وایە کە حزبایەتی و تەفریقە کارێکی قەدەغەیە و حەرامە ، بۆیە حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان بە فیتنەی ئەم سەردەمەیان ناوزەد دەکات ، ئەوەتا لە یەکێك لە ئامۆژگاریەکانی بۆ ئـەهلی سوننە و جەماعە لـە عێراق ، ئامۆژگاری ئەوەیان دەکات کە دوور بگرن لـە فیتنـە و پاشـان یـەکێك لـەو فیتنانـە ئاشـکرا دەکـات کـە بریتیـە لـە حزبایـەتی ، و ئـەو هـەموو حیزبـەی کـە دروسـت بوونـە بـەناو ئیسلامەوە ، وە ئەوەشیان پێ ڕادەگەیەنێت کە موسڵمانان دەبێت یـەك کۆمـەڵ بن و تەفریقە نەکەن ، هەروەکو لە ووتەکەیدا هاتووە و دەفەرمووێت : (( **<u>طلب الأخوة أن أوجه النصيحة لإخواننـا ( أهل السنة ) في العراق</u>** ، **<u>والذي أنصحهم به</u>** هو : ... (٥) **<u>بعد هذا الإعتزال للفتن ، ولأهل الفتن</u>** : نعم فالرسول ﷺ يحذر من الفتن ، ويقول : " يوشك أن يكون خير مال المرء المسلم غنم يتسكع به شعث الجبال ، ومواقع القطر ، يفرُّ بدينه من الفـتن " [١١] .

والنبي ﷺ يقول كما في سنن أبي داود : " إن السعيد لَمَن جُنِّبَ الفِتَن ، إن السعيد لَمَن جُنِّبَ الفِتَن ، إن السعيد لَمَن جُنِّبَ الفِتَن ، ولَمَن ابتلي فصبر فواها " [١٢] .

**<u>نعم</u>** ، **<u>ومن الفتن الأحزاب المنتشرة والجماعات المنتشرة</u>** [١٣] ، رب العزة يقول في كتابه : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) .

---

[١٠] ( الصحوة الإسلامية ص : ٢٦٥ ) .

[١١] رواه البخاري .

[١٢] وصححه العلامة الألباني في : صحيح سنن أبي داود ( ٤ / ١٠٢ ) ، برقم : ٤٢٦٣ .

**ونبينا محمد ﷺ يقول : " افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة وافرقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة وستفترق هذه الأمة على ثلاث وسبعين فرقة " ، جاء في حديث معاذ : " كلها في النار إلا فرقة " ، فسئل عن الفرقة من هم ؟ قال : الجماعة** [١٤] .

**أي : جماعة المسلمين ، فالمسلمون هم جماعة واحدة ، رب العزة يقول في كتابه الكريم :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ، **جميعاً ، لسنا نقول كما يقول الحزبيون !! كل يصدر بيانه بهذه الآية :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ **!!!! ومعناها : كونوا معنا !!! تعالوا معنا !!!**

**لا ، نحن نقول : تعالوا إلى كلمة سواء بيننا وبينكم ألَّا نتبع إلا كتاب ربنا وسنة نبينا محمد ﷺ . القائل رب العزة :** ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ ( الحشر : ٧ ) ، **والقائل نبينا محمد ﷺ كما في صحيح مسلم في حجة الوداع : " إني تارك فيكم ما ان اعتصمتم به لن تضلوا كتاب الله ... " ))** [١٥] .

**واته : برايان داوايان لێكردم كە ئامۆژگاريەك ئاراستەى ئەهلى سننە بكەم لە عێراق ، ئەوەش كە من ئامۆژگاريان پێبكەم ئەوەيە : ... ( ئامۆژگارى پێنجەمم بۆيان ئەوەيە كە ) : دواى ئەمە دوور بكەونەوە لە ئاشوب و فيتنەكان ، و خاوەن فيتنەكان ، بەڵى چونكە پێغەمبەرى خوا ﷺ ئاگادارى كردووينەتەوە لە ئاشوب هەروەكو فەرموويەتى : نزيكە واى لێبێت كە باشترين ماڵ و سامانى موسڵمان ئەوە بێت كە بركە مەڕێك بێت بەدوايدا بە شاخ هەردەدا دەڕوات ، و بەدواى لەوەڕدا دەگەڕێت ، ئايينەكەى ڕزگار دەكات لە ئاشوب ، و فيتنە ، وە پێغەمبەرى خوا ﷺ هەروەكو لە ( سنن أبي داود ) دا هاتووە فەرموويەتى : خۆش حاڵ و خۆش بەخت ئەو كەسەيە كە لە فيتنە پارێزراو بێت ، خۆش حاڵ و خۆش بەخت ئەو كەسەيە كە لە فيتنە پارێزراو بێت ، خۆش حاڵ و خۆش بەخت ئەو كەسەيە كە لە فيتنە پارێزراو بێت ، وە ئەوەش تووشى ئاشوب بوو و ئارامى گرت ئاى چەند پاداشتى هەيە !**

---

[١٣] (( **من أعظم الفتن ... ، فتنة دخلت كل بيت ، هي فتنة الحزبية** )) ( كتاب رحلات دعوية للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ومقتطفات من أقواله وفتاويه : ص ١١٠ ــ ١١٧ ، تأليف : أبي رمزي ناصر بن علي محمد الدب الوادعي . تقديم ومراجعة : الشيخ يحيى بن علي الحجوري . مكتبة صنعاء الأثرية باليمن – الطبعة الأولى ١٤٢٥ هـ ) .

[١٤] وصححه العلامة الألباني في : سلسلة الأحاديث الصحيحة ( ٣ / ٤٨٠ ) ، برقم : ١٤٩٢ ، وصحيح سنن ابن ماجه ( ١٣٢٢/٢ ) ، برقم : ٣٩٩٢ .

[١٥] ( شريط : نصيحتي لأهل السنة في العراق للشيخ العلامة مقبل بن هادي الوادعي ) .

بەڵێ ، لەو ئاشوبانەش ئەو حزب و ئەو کۆمەلە بڵاوبوانەیە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴾ .

وە پێغەریشمان محمد ﷺ فەرموویەتی : جولەکەکان بوون بە حەفتا و یەك گروپ و کۆمەڵەوە ، و خاچ پەرستانیش بوون بە حەفتاو دوو گروپ و کۆمەڵەوە ، وە ئەم ئومەتەش دەبێت بە حەفتا و سێ گروپ و کۆمەڵەوە ، هەمووی لە دۆزەخدایە جگە لە یەکێکیان نەبێت ، ووترا : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێن ئەوانەی کە ڕزگاریان دەبێت ؟ فەرمووی : ( الجماعـــة ) ەیە ، واتە : کۆمەڵی موسڵمانان ، بیگومان موسلمانان یەك کۆمەلن ، خوای پەروەردگار لە کتیبە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ، هەمووتان ، ئەوەش نالێین هەروەکو حزبیەکان دەیڵێن !! هەموویان بەیاننامەکانیان بەمە دەست پێ دەکەن : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ !!!! واتاکەشی لای ئەوان ئەوەیە : واتە لە گەڵماندا بن !!! وەرن لە گەڵماندا !!!

نەخێر ئێمە دەڵێین : وەرن با کۆبینەوە لە سەر ووتەیەك کە یەکسانە لە لای ئێمە و ئێوەش ، ئەویش ئەوەیە کە شوێنی جگە لە کتێبەکەی پەروەردگارمان و سوننەتی پێغەمبەرەکەمان ﷺ نەکەوین ، ووتـــەی خوای پەروەردگار و بەتوانایە کە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ ، وە پێغەمبەری خوایە ﷺ کە لە ( صحیح ) ی ( مسلم ) دا و لە حەجی ماڵئاواییدا فەرموویەتی : دووشتم لە ناوتاندا بەجێ هێشتووە لە پاش خۆم هەرگیزگومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن ، کە ئەوانیش کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتەکانم .... .

وە هەمان واتای لە ووتەیەکی تریدا دووپات کردووەتەوە کە فەرموویەتی : (( **وَمِنْ فِتَنِ آخِرِ الزمان : كَثْرَةُ الجماعات الإسلامية واختلافها** ... )) [١٦] ، واتە : یەکێك لە فیتنە و ئاشوبەکانی ئاخر زەمان بریتییە لە : زۆربوونی کۆمەڵە ئیسلامییەکان و جیاوازی نێوانیان .

---

[١٦] المخرج من الفتنة للشيخ مقبل بن هادي الوادعي رحمه الله ص : ( ٧٠ ) .

**دووەم** : وە بەڕێزیان پرسیارێکی تری هەر لەم بارەیەوە لە لایەن موسڵمانانی کوردستان ئاراستەکراوە کە ئەمە دەقەکەیەتی : (( سؤال ٦ : **هل هذه الفرق المعاصرة كالإخوان والنهضة والسرورية وغيرها تعد من الفرق الخارجة عن جماعة المسلمين ( أهل السنة والجماعة ) أم أنها من فرقة الناجية ؟ وجودها شرعي والمبايعين بها هم من أهل السنة** ؟ )) ، واتە : ئایا ئەم فیرقە هاوچەرخانە وەکو : ( الإخوان ) ، و ( النهضة ) ، و ( السرورية ) ، و جگە لەوانەشە لە ڕیزی ئەوانە دەژمێردرێن کە لە کۆمەڵی موسڵمان ( أهل السنة والجماعة ) دەرچوون یان لە کۆمەڵێ ڕزگاربوون ؟ بوونیان شەرعیە و بەیعەت پێدەرانیان لە ئەهلی سوننەن ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( **أقول هذه الفرقة وغيرها لا تُعَدُّ من أهل السنة ولا كرامة** ، بقي الحكم على الأفراد ؛ لا نستطيع أن نحكم على فرد من الأفراد في أنه خارج عن الفرقة الناجية ، فربما يكون جاهلاً لايفرق ، [ **فأما** ] **الرأس الذي يفرق دعوة الأخوان المفلسين أوالدعوة السرورية أو** ... **دعوة الجماعات الأخرى التي هي مخالفة لسنة ، ويدعوا إليها وينتسب إليها ، نستطيع ان نقول : أنه ليس من الفرقة الناجية** ، والله المستعان )) [17] ، واتە : دەڵێم ئەم فیرقانە و جگە لەمانەش لە ئەهلی سوننە و جەماعە ناژمێردرێن ، و هیچ ڕێزێکیان نیە ، بەڵام دەمێنێتەوە حوکم دان لە سەر تاکەکان ، ناتوانین حوکم بدەین لە سەر تاکێك لە تاکەکان بەوەی کە لە کۆمەڵی ڕزگاربوو دەرچووە ، چونکە لەوانەیە نەزان بێت ، و جیاوازی نەکات ، بەڵام سەبارەت ئەوانەی بانگەشەی ( الأخوان المفلسين ) یان ( الدعوة السرورية ) ، یان کۆمەڵەکانی تر جیادەکەنەوە ، کە کۆمەڵانێکن پێچەوانەی سوننەتن ، و بانگەشەشی بۆ دەکات ، و خۆی دەتا پاڵ ، ئەوا دەتوانین بڵێین : ئەوە لە کۆمەڵی ڕزگاربوو نیە ، خوای پەروەردگاریش پشت و پەنایە .

**سێیەم** : وە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە تێیدا هاتووە : (( **هل جماعة الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين من أهل السنة والجماعة أو لا** ؟ )) ، واتە : ئایا کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين ) بەشێکن لە ئەهلی سوونە و جەماعە یان نا ؟

فەرموویەتی : (( **أمَّا جماعة الإخوان والتبليغ والقطبيين ، فالأولى أنْ يُحكمَ على مناهجهم ، فمناهجهم ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة [ أي : الفرقة الناجية ]** ، أمَّا الأفراد فأنتم تعرفون أنَّ بعض الناس مُلَّبسٌ عليه ويكون

---

[17] ( شريط : التبيان في أجوبة أسئلة أهل كوردستان : للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ) .

سلفياً ويأتونه من باب نصر دين الله ويمشي معهم لا يدري ما هم عليه ، فهم خليط ، الأفراد خليط لا يُستطاع الحكم عليهم بحكم عام ، لكن المناهج ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة )) [١٨] .

واتە : کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين ) چاکتر وایە کە بڕیار و حوکم بدرێت بە سەر پەیڕە و بەرنامەکانیاندا ، جا پەیڕەویان پەیڕەی ئەهلی سوننە و جەماعە [ واتە : کۆمەڵی ڕزگاربوو ] نیە ، بەڵام تاکەکانیان ئێوە دەزانن کە هەندێك لە خەڵکی لێی تێك دراوە و خەڵەتێنراوە و بێ ئاگایە لە پەیڕەوەکانیان و لەوانەیە سەلەفیش بێت و ئەوان بۆی دێن و هەڵی دەخەڵەتێنن لە ڕێگای سەرخستنی ئاینی خوای پەروەردگارەوە و ئەویش شوێنیان دەکەوێت و لە گەڵیاندا دەڕوات و نازانێت ئەوانیش لە سەر چ پەیڕەوێکن .

ئەندامەکانیان تێکەڵن ، بۆیە ناتوانرێت بڕیار و حوکمێکی گشتی بدرێت بە سەریاندا ، بەڵام پەیڕەوەکان پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعە نیە .

**چوارەم** : وە لە پرسیارێکدا . کە لە بەڕێزیان کرا . سەبارەت بە ڕای زانایانی ئەهلی سوننە دەربارەی پەیڕەوی کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ، و حزبی ( التحرير ) دا هاتووە کە : (( **ما هو موقف أهل السنَّة والجماعة من الإخوان المسلمين وحزب التحرير ؟! بيِّنوا لنا وجه انحرافهم** ، وجزاكم الله خيرًا ؟ )) ، واتە : هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە چیە لە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ، و حزبی ( التحرير ) ؟ لە گەڵ ڕوونکردنەوەی لادانەکانیان ، خوای پەروەردگار پاداشتی خێرتان بداتەوە .

ئەویش . بەڕەحمەت بێت . بە ڕشکاوی فەرمووی : (( **موقف أهل السنَّة والجماعة من الإخوان المسلمين : أنهم يحكمون على منهجهم بأنه منهج مبتدع ، وعلى أفرادهم بأنه من كان يعلم بالمنهج ويلتزم به ، فإنه مبتدع** ، ومن كان لا يعلم المنهج ، وهو يظن أنه ينصر الإسلام والمسلمين ، فيعتبر مخطئًا ... **فدعوة الإخوان المسلمين تعتبر نكبة على الدعوات** ؛ لأن أكبر أعدائها هم أهل السنَّة ، فهم يتحالفون مع الشيوعي والبعثي والناصري والعلماني والرافضي ، ولكن لا يمكن أن يتعاونوا مع السّني ، فهو خطير وقد قال قائلهم : لو أن لي من الأمر شيئًا لبدأنا بكم يا أهل السنَّة قبل الشيوعية . وشاهد ذلك ما حصل لأهل ( كُنَر ) في أفغانستان ، الشيخ جميل ومن كان معه ، وأبادوا الدعوة وأفنوها في ( كُنر ) وذبحوا رجالها .

---

[١٨] شريط : ( الأسئلة السُّنية لعلامّة الديار اليمنية ) نقلاً عن كتاب ( حوار هادئ مع إخواني ، ص : ٣٤ ــ ٣٥ ) .

**__فدعوة الإخوان المسلمين نكبة على الدعوة__** ، دعوة سياسية فهم يأتون السّني بالوجه السني إذا احتـاجوا إليـه ، والبعثي بالوجه البعثي إذا احتاجوا إليه ، والشيوعي بالوجه الشيوعي )) [١٩] .

**واته : هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە بەرامبەر بە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ئەوەیە کە حوکم لە سەر پەیڕەوەکانیان دەدەن بەوەی کە پەیڕەوێکی داهێنراوە ، وە لە سەر تاکەکانیان بەوەی کە ئەوەیان کە پەیڕەوەکە دەزانێت و پابەند دەبێت پێیەوە ئەوا ئەویش بیدعەکارە ، و ئەو کەسەش کە پەیڕەوەکە ناناسێت ، وە گومانیشی وایە کە ئیسلام و موسڵمانان سەر دەخات ، ئەوا بە هەڵەکار دەژمێردرێت ... بەڕاستی بانگەشەی کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) بە کارەسات و بەڵا دادەنرێت بە سەر بانگەوازەکانەوە ، چونکە گەورەترین دوژمنیان ئەهلی سوننەیە ، ئەوەتا دەبینیت هاوپەیمانی دەکەن لە گەڵ ( شيوعي ) ، و ( بعثي ) ، و ( ناصري ) ، و ( علماني ) ، و ( رافضي ) یەکان ، بەڵام نابێت هاریکاری سوننەکان بکەن !!! بەڕاستی زۆر ترسناکە ، ئەوەتا یەکێکیان ووتوویەتی : ئەگەر شتێکم بەدەست ببایە ئەوا بەئێوەی ئەهلی سوننە دەستم پێدەکرد پێش شیوعیەکان ، بەڵگەی ئەوەش ئەوەبوو کە بۆ خەڵکی ( كُنَر ) لە ( أفغانستان ) دا ڕووی دا ، واتە : بۆ شێخ ( جميل ) ، و ئەوانەی کە لە گەڵیدا بوون ، دەبینیت بانگەشەیان لە ناودا و لە ( كُنَر ) دا مراندیان ، و پیاوەکانیان سەربڕین .**

**بۆیە ئەوە دووپات دەکەمەوە کە بەڕاستی بانگەشەی کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) بە کارەسات و بەڵا دادەنرێت بە سەر بانگەوازەوە ، و بانگەوازێکی ڕامیاریە ، دەبینیت بە ڕوویەکی سوننیانەوە دێن بۆ لای سوننەیەکان ئەگەر پێویستیان پێببێت !! و بۆ لای بەعسیش بە ڕوویەکی بەعسیانەوە ئەگەر پێویستیان پێببێت !!! وە بۆ لای شیوعیش بە ڕوویەکی شیوعیانەوە ئەگەر پێویستیان پێببێت !!!!**

**پێنجەم : هەروەها شێخ ( مُقبل الوادعي ) . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە بونی موسڵمانان لە ڕیزەکانی هەریەك لە حزبی ( التبليغ ) ، و ( الإخـوان ) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چونە ڕیزی ئەو دوو حزبە دروست نیە ، وخاوەنەکەی دەخاتە ڕیزی بیدعەکارانەوە ، هەروەکو فەرموویەتی : (( __أمَّا أن يَنظم__**

---

[١٩] ( شريط : أسئلة البريطانيين من مدينة بارمنغهام عن جمعية إحياء التراث وحزب التحرير ) ، تم التسجيل في ٢١ شوال ١٤١٧ ، نقلا عن ( تحفة المجيب على اسائلة الحاضر والغريب : السؤال ١٦٨ ) .

**إلى التبليغ ، أو الإخوان ، أو إلى غيرهم ، فهذه جماعات مُبتدَعة لا يَجوزُ أن يَنظم إليها** )) [٢٠] ، واته : بەڵام سەبارەت بەوەی کە بچێتە ڕیزی ( تەبلیغ ) یان ( ئیخوان ) یان جگە لە ئەوان ، و پەیوەندیان پێوە بکات ، ئەوا ئەم کۆمەڵانە بیدعە و داهێنراون ، و دروست نیە بچێتە ڕیزیانەوە و پەیوەندیان پێوە بکات .

**شەشەم** : لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا کە تێیدا هاتووە : (( **هل الإخوان المسلمون يدخلون تحت مسمى الفرقة الناجية ، والطائفة المنصورة ، أهل السنة والجماعة منهجًا وأفرادًا أم لا** ؟ )) ، واتە : ئایا کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) دەچنە ژێر ناوی کۆمەڵی ڕزگاربوو و سەرخراو ئەهلی سوننە و جەماعە ، وەکو کۆمەڵ یان وەکو تاکەکانیان ؟

فەرموویەتی : (( **أمـا المنهج فمنهج مبتدع من تأسيسه ومن أول أمره ، فالمؤسس كان يطوف بالقبور وهو حسن البنا ، ويدعو إلى التقريب بين السنة والشيعة ، ويحتفل بالموالد ، فالمنهج من أول أمره منهج مبتدع ضال** .

أما الأفراد فلا نستطيع أن نجري عليهم حكمًا عامًا ، **فمن كان يعرف أفكار حسن البنا المبتدع ثم يمشي بعدها فهو ضال** ، ومن كان لا يعرف هذا ودخل معهم باسم أنه ينصر الإسلام والمسلمين ولا يعرف حقيقة أمرهم فلسنا نحكم عليه بشيء ، لكننا نعتبره مخطئًا ويجب عليه أن يعيد النظر حتى لا يضيع عمره بعد الأناشيد والتمثيليات ، وانتهاز الفرص لجمع الأموال )) [٢١] .

واتە : سەبارەت بە پەیڕەویان پەیڕەوێکی بیدعەکارانەیە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانیەوە ، و سەرەتای کاریان ، چونکە دامەزرێنەر تەوافی بەدەوری گۆڕدا دەکرد ، کە حەسەن بەنایە ، وە بانگێشی نزیک بوونەوەی دەکرد لە نێوان سوننە و شیعەدا ، و ئاهەنگی دەگێڕا بە بۆنەی لە دایک بوونی پێغەمبەرەوە ﷺ ، کەواتە پەیڕەوەکە هەر لەسەرەتای کاری بیدعەکاری و گومڕایی بووە .

بەڵام سەبارەت بە تاکەکانی ئەوە ناتوانین حوکمێکی گشتی بەسەریاندا بدەین ، جا ئەو کەسەیان کە برۆچکەکانی حەسەن بەنای بیدعەکار بزانێت و لە گەڵیشیاندا بڕوات ئەوا ئەو کەسە بە گومڕا دەژمێردرێت ، وە ئەوەش کە ئەمە نازانێت و چووبێت لە گەڵیاندا بەناوی سەرخستنی ئیسلام و

---

[٢٠] ( غارة الأشرطة : ١ / ٢٢٠ ــ ٢٢١ ) .

[٢١] ( تحفة المجيب على اسائلة الحاضر والغريب : السؤال٧٧ ) .

موسڵمانان ، و ڕاستیەکەیان نازانێت ئەوە ئێمە هیچ حوکمێکی بەسەردا نادەین ، بەڵام بە هەڵەی دەزانین ، و پێویستە لەسەری چاوێك بە خۆیدا بخشێنێتەوە بۆ ئەوەی هەموو تەمەنی بەفیڕۆ نەدات لە سروود و تەمسیلیەکان و قۆستنەوەی هەلەکان بۆ کۆکردنەوەی پارە .

**حەوتەم** : وە کۆمەڵێك لە لاوانی سودان پێی دەفەرموون : (( الـذي نراه أن قيام الأحزاب خطأ ، لكن إذا اضطر الإنسان لذلك ، مثل أن يكون في بلد لابد مـن قيام الأحزاب ، فـلا بأس أن يكون حزبا ضـد هـذه الأحـزاب المخالفة للإسلام ، ونحـن كمـا نعلم الحزبيات محرمة ولكن نريد تفصيلا وبرهانا وحجة على ذلـك ؟ ))

واتە : ئەوەی کە ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە دامەزراندنی حزبەکان هەڵەیە ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ ناچار بوو بەو شتە ، وەکو ئەوەی کە لە وڵاتێکدا بێت پێویست بکات کە حزب دابمەزرێنێت ، ئەوا ئەو کاتە هیچیان لە سەر نیە حزبێك دروست بکەن دژبە ئەو حزبانەی کە پێچەوانەی ئیسلامن ، وە ئێمە هەروەکو دەزانین کە حزباەتی حەرامە بەڵام دەمانەوێت زیاتر بەڵگەکانمان بۆ ڕوون بکرێتەوە لە سەر ئەوە .

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا دەفەرمووێت : (( المسلمون كلهم يجب أن يكونوا حزبا واحدا [ كما قال تعالى ] : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ، ويقول : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) .... [ و ] روى أبو داود في ( سننه ) من حديث محمد بن عمرو بن علقمـة عن أبي سلمة عن أبي هريرة ﷺ قال : قال رسول الله ــ صلى الله عليه وعلى آله وسلم ــ : " افترقت اليهود علـى إحدى أو ثنتين وسبعين فرقة ، وتفرقت النصارى على إحدى أو ثنتين وسبعين فرقة ، وتفترق أمتي على ثلاث وسـبعين فرقة " .

وزاد في حديث معاوية ﷺ وهو في ( سنن أبي داود ) و ( مسند أحمد ) : " كلها في النار إلا فرقة " قالوا : فمـن هي يا رسول الله ؟ قال : " الجماعة " .

**فهل أَذِنَ لنا الله بهذا التَّفَرُّق ؟! وهل كان هناك أحزاب في زمن النبي ـ صلى الله عليـه وعلـى آلـه وسلم ـ ؟! وفي زمن الخلفاء الراشدين ، وبني أمية ، وبـني العبـاس ، وزمـن الخلافـة العثمانيـة ؟! ولعلـه حـصل في آخـر الخلافـة العثمانية** .

**فهذا تقليد لأعداء الإسلام** ، يقول النبي ــ صلى الله عليه وعلى آله وسلم ــ : " لتتبعن سنن من قبلكم ، حـذو القذة بالقذة ، حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه " .

**<u>فالصحيح أن الحزبية تعتبر باطلة</u>** ، **<u>وأنه لا يجوز لمسلم أن يدخل في الحزبية</u>** ، بل نحن وجميع المسلمين من حزب الله إن شاء الله . وبعد ذلك ما الذي يُتَوَقَّع من هذه الحزبيات ، كل حزب يؤهل نفسه للوثوب على السلطة ، قتل وقتال ، وفتن كما هو مشاهد ؛ **<u>فنحن نبرأ إلى الله ، ونعوذ بالله من الحزبية</u>** ، **<u>وإنني أحمد الله سبحانه وتعالى فقد أصبح الناس يكرهون هذه الحزبيات</u>** ، ولا يريدون إلا الكتاب والسنة ، ومن دعا إلى الحزبية سقط من أعينهم . **<u>وماذا عمل الحزبيون للإسلام</u>** ؟ **<u>الاعتراف بأعداء الإسلام</u>** ؟!! **<u>والمساومة بالإسلام</u>** ؟!! **<u>وهذا هو الذي حدث وحصل</u>** !! )) [٢٢] .

**واته : هەموو موسڵمانان دەبێت یەك حزب بن ، هەروەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ، **وە دەفەرمووێت :** ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) .

**وە** ( أبو داود ) **لە** ( سنن ) **دەكەیدا لە فەرموودەی** ( محمد بن عمرو بن علقمة ) **ەوە لە** ( أبو سلمة ) **و ئەویش لە** ( أبو هريرة ) ﷺ **وە ، دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا** ﷺ **فەرموویەتی :** " افترقت اليهود على إحدى أو ثنتين وسبعين فرقة ، وتفرقت النصارى على إحدى أو ثنتين وسبعين فرقة ، وتفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة " .

**وە لە فەرموودەكەی** ( معاوية ) **دا** ﷺ ، **كە لە** ( سنن أبي داود ) **و** ( مسند أحمد ) **دا هاتووە زیادەیەكی گێڕاوەتەوە كە پێغەمبەری خوا** ﷺ **فەرموویەتی :** " كلها في النار إلا فرقة " قالوا : فمن هي يا رسول الله ؟ قال : " الجماعة " .

**جا ئایا خوای پەروەردگار ڕێی پێداوین بەم پەرتەوازەییە ؟! وە ئایا لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا** ﷺ **چەندەها حزب هەبوونە ؟!!! یان لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشدین ، بەنی ئومەییە ، و بەنی عەباس ، و سەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا هەبوون ؟! لەوانەیە لە كۆتایی خەلافەتی عوسمانی بووبێت .**

**ئەمە . واتە : حزبایەتی . لاسایی كردنەوەی دوژمنانی ئیسلامە ، پێغەمبەری خوا فەرموویەتی :** " لتتبعن سنن من قبلكم ، حذو القذة بالقذة ، حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه " ، **واتە : شوێنی ڕێبازی**

---

[٢٢] ( أسئلة الشباب السوداني للعلاّمة مقبل بن هادي الوادعي ــ رحمه الله ــ السؤال ١٨٧ ) .

ئوممەتانی پێش خۆتان دەکەون بە هەموو شێوەیەك ، تەنانەت ئەگەر بڕۆنە کونی بزن مژەکێکەوە ئێوەش دەڕۆنە ناویەوە !!!

ئەوەی ڕاست بێت ئەوەیە کە حزبایەتی شتێکی ناڕەوایە ، و نابێت موسڵمان بڕواتە ناو حزبایەتیەوە ، بەڵکو ئێمە و هەموو موسڵمانانیش لە حزبی خوای پەروەردگارین . إن شا و الله . .

وە دوای ئەوەش چاوەڕوانی چی دەکرێت لەم حزبایەتیانە ، هەموو حزبێك خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بڕواتە سەر کورسی دەسەلات ، بە کوشتن و کوشتار ، بە ئاشووب هەروەکو چۆن دەبینرێت ، بۆیە ئێمە بەرین لێی لەلای خوای پەروەردگار ، و پەنای پێدەگرین لە حزبایەتی ، وە من شوکر و ستایشی خوای پەروەردگار دەکەم کە خەڵکەکە وای لێهاتووە ڕقیان لەم حزبایەتیانە بێتەوە ، و جگە لە قورئان و سوننەتیان ناوێت ، و ئەوەش کە بانگەشە بۆ حزبایەتی بکات بێ ڕێز دەبێت لە پێش چاویان .

باشە حزبیەکان چیان بۆ ئیسلام کردووە ؟ دان نان بە دوژمنانی ئیسلام ؟! یان مساوەمە کردن یە ئیسلام ؟! هەر ئەوەشە کە ڕووی داوە !!!

**هەشتەم** : وە لە ووتەیەکی زێڕینیدا سەبارەت بەو بنەوایانەی کە حزبایەتی لە سەر داهەزراوە دەفەرمووێت : (( **أركان الحزبية ثلاثة** : **التلبيس** ، **والخداع** ، **والكذب** )) [٢٣] .

واتە : بنەوا و کۆڵەکەکانی حزبایەتی سێن : چەواشەکاری ، و هەڵخەڵەتاندن ، و درۆدان .

**نۆیەم** : وە ئەم شێخە بەڕێزە هۆکاری پەرتەوازەیی و لاواز بوونی موسڵمانان دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆری ئەم کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیانەی ئەمڕۆ ، کە دەفەرمووێت : (( **نرى هذه الجماعات المعاصرة المتكاثرة سبب لفرقة المسلمين وإضعافهم** )) [٢٤] .

---

[٢٣] ( كتاب رحلات دعوية للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ومقتطفات من أقواله وفتاويه : ص ١١٠ ــ ١١٧ ، تأليف : أبي رمـزي ناصر بن علي محمد الدب الوادعي . تقديم ومراجعة : الشيخ يحيى بن علي الحجوري . مكتبة صنعاء الأثرية باليمن ــ الطبعة الأولى ١٤٢٥ هـ ) .

[٢٤] ( كتاب رحلات دعوية للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ومقتطفات من أقواله وفتاويه : ص ١١٠ ــ ١١٧ ، تأليف : أبي رمـزي ناصر بن علي محمد الدب الوادعي . تقديم ومراجعة : الشيخ يحيى بن علي الحجوري . مكتبة صنعاء الأثرية باليمن ــ الطبعة الأولى ١٤٢٥ هـ ) ، وانظر : ( " هذه دعوتنا " لشيخ مقبل الوادعي : ضمن كتاب : ترجمة أبي عبد الرحمن مقبل بن هادي الوادعي بقلم صاحب الترجمة رحمه الله : ص ))

واتـه : ئێمـه ئـهم هـهموو کۆمهڵـه هاوچـهرخه زۆرانـه بـه هۆکـاری پهرتـهوازهیی موسـڵمانان و لاواز بوونیان دهبینین .

**دهیهم** : وه له بۆچوونێکی تریدا دهفهرمووێت : (( **نرى دعوة الإخوان المسلمين : غير قادرة وغير صالحة لإصلاح المجتمع " إذ قد أصبحت دعوة سياسية لا روحية** .

**وأيضا دعوة مبتدعة " لأنها دعوة إلى مبايعة مجهول** .

**ودعوة فتنة " لأنها قائمة على جهل ، وسائرة على جهل** )) [٢٥] .

واته : ئێمه وا دهبیـنین کـه بانگـهوازی کۆمـهڵی ( الإخوان المسلمين ) نـهتوانای هـهیـه نـهش گونجاوه بۆ چاککردنهوهی کومهڵگا ، چونکه تهنها بوونهته بانگهوازێکی ڕامیاری ، نهك ئاییـنی .

ههروهها بانگهوازێکی بیدعهکارانهیه ، چونکه بانگهشه دهکات بۆ بهیعهت دان به نادیار .

وه بـه بـانگــهوازی ئـاشـوبی دهزانیین ، چـونکه لـه سـهر نـهزانیین ڕاوهسـتاوه ، وه لـه سـهر نـهزانین دهڕواتـه ڕێـوه .

**یانزهیـهم** : وه شێخ ( حزبایـهتی ) بـه هۆکـاری کـهڕی و کوێری موسـڵمانان بـه رامبـهر بـه ڕهوایـی داناوه ، ههروهك فهرموویـهتی : (( **الحزبيةُ تَمْسَخُ ، والحزبيةُ تُعْمي وتُصِمُّ ، فلا تـركن إلى حزبـي أن ينـصر الله به الإسلام ، حتى ولو فعل شيئًا " فسيفعله من أجل أن يجتمع الناس حوله** !!! )) [٢٦] .

---

[٢٥] ( كتاب رحلات دعوية للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ومقتطفات من أقواله وفتاويه : ص ١١٠ ــ ١١٧ ، تأليف : أبي رمــزي ناصر بن علي محمد الدب الوادعي . تقديم ومراجعة : الشيخ يحيى بن علي الحجوري . مكتبة صنعاء الأثرية باليمن ــ الطبعة الأولى ١٤٢٥ هــ ) و انظر : ( " هذه دعوتنا " لشيخ مقبل الوادعي : ضمن كتاب : ترجمة أبي عبد الرحمن مقبل بن هادي الوادعي بقلم صاحب الترجمة رحمه الله : ص ) .

و قال : (( **أما دعوة أهل السنة فهم يهتمون بالعلم والتعليم ، وينكرون كل بدعة ، فنحن الآن ننكر البدع والحزبية ، لكن لا نكفر مسلمًا ، أنا أتحدى مَنْ يقول : إن أهل السنة ، أو إنني وعلماء السنة الأفاضل يكفرون مسلمًا** !!! )) ( كتاب : رحلات دعوية للــشيخ مقبل بن هادي الوادعي ومقتطفات من أقــواله وفتاويه ) ص ١١٠ ــ ١١١ ، تأليف : أبي رمزي ناصر بن علي محمد الدب الــوادعي . تقديم ومراجعة : الشيخ يحيى بن علي الحجوري . مكتبة صنعاء الأثرية باليمن – الطبعة الأولى ١٤٢٥ هــ ) .

[٢٦] ( كتاب : رحلات دعوية للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ومقتطفات من أقواله وفتاويه ) ص ١١٠ ــ ١١١ ، تأليف : أبي رمــزي ناصر بن علي محمد الدب الوادعي . تقديم ومراجعة : الشيخ يحيى بن علي الحجوري . مكتبة صنعاء الأثرية باليمن – الطبعة الأولى ١٤٢٥ هــ ) .

واته : حزبایەتی مرۆڤەکان دەگۆڕێت بۆ خراپ ، حزبایەتی مرۆڤ کوێر و کەڕ دەکات ، بۆیە هەرگیز متمانە مەکە سەر کەسێکی حزبی کە خوای پەروەردگار ئیسلام بەهۆیەوە سەربخات ، تەنانەت ئەگەر هەر شتێکیش بکات ، ئەوا بۆ ئەوە دەیکات کە خەڵکەکە لە دەوری کۆبێتەوە !!

**دووانزەیەم** : وە سەبارەت بە چۆنێتی هەڵسوکەوتی سەلەفیەکان ، لە گەڵ کۆمەڵی ئیخوان و سروری و تەبلیغیەکان ئەم پرسیارەی ئاراستە کرا : (( عندنا الإخوان والسرورية وجماعة التبليغ كثيرون ، والسلفيون قليلون ، فكيف يتعامل السلفيون مع هؤلاء الجماعات ؟ )) ، واته : ئێمە ئیخوان و سروری و کۆمەڵی تەبلیغمان لەلایە بەزۆری ، لە گەڵ سەلەفیەکانیش بەڵام سەلەفیەکان کەمن ، جا نازانم سەلەفیەکان دەبێت چۆن مامەڵە بکەن لە گەڵ ئەو کۆمەڵانەدا ؟

بەڕێزیشیان . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمووی : (( **تقدم التنبيه على ذلك ، وهو الإبتعاد عنهم ،** وأما جماعة التبليغ فأنصح باقتناء كتاب الشيخ الفاضل حمود التويجري ــ رحمه الله ــ ( القول البليغ في التحذير من جماعة التبليغ ) [٢٧] .

واته : لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، کە مامەڵەکە بریتیە لە دوورکەوتنەوە لێیان ، بەڵام بەتایبەت کۆمەڵی تەبلیغەوە ئامۆژگاری ئەوە دەکەم بە هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی پەرتۆکی شێی بەرێز ( حمود التويجري ) . بە ڕەحمەت بێت . لە ژێر ناونیشانی ( القول البليغ في التحذير من جماعة التبليغ ) .

**سیانزەیەم** : وە لە فەتوایەکی تریدا کە سەبارەت بە حزبیەك لێی کراوە ، چەند هۆکارێکمان بۆ دەخاتەڕوو بۆ بیدعەکاربوونی کەسێك ، و حوکم دان لە سەری ، کە ئەمە دەقی پرسیارەکەیە : (( **هل عبدالرحمن عبدالخالق مبتدع** ؟ )) ، واته : ئایا ( عبدارحمن عبدالخالق ) بیدعەکارە ؟

ئەویش . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامدا فەرمووی : (( **نعم مبتدع** ، **مادام يدعو إلى الحزبية** ، ورب العزة يقول : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ... **فالتعصب لهذه الحزبيات الساقطة يعتبر بدعة** ، وكذلك محاربته لإخوانه من أهل السنة وتنقصه لهم ، ... ، **والذي ينكر على أهل السنة لا يقولون بالعمل الجماعي ، فهو صاحب هوس ، وإلا فمن الذي ينكر العمل الجماعي** ؟!! ورب العزة يقول في كتابه الكريم : ﴿ وَتَعَاوَنُواْ

---

[٢٧] ( مجموع فتاوى علماء السنة الصادرة في التحذير من الفرق والأحزاب والجماعات المعاصرة : لأبي عبدالرحمن المصري : ص ٣٧ ) .

عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ﴾ ( المائدة : ٢ ) ، والنبي يقول : " المؤمن للمؤمن ... بعضا " ، **لكن في حدود الكتاب والسنة** ، ... )) [٢٨] .

واتـه : بـەڵێ بیدعـەکارە ، مـادام بانگەشـە بـۆ حزبايـەتی دەکـات ، خـوای بـەتوانا و دەسـەڵات فـەرمـوويـەتی : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ ... بـۆيـە دەمارگيری بـۆ ئـەم حـزبايەتيە بێ نرخ و کەوتووانە بە بيدعە دادەنرێت ، و هـەروەهـا دژايەتی کردنی بۆ براياني لە ئەهلی سوننە و بێڕێزی کردنی بۆيان ، ... ، وە ئـەو کـەسەش کە تانە دەدات لە ئەهلی سوننە بەوەی کە کاری بەکۆمەڵ بـە نادروست دەزانن ، ئـەو کەسە خـاوەن ئـارەزووە ، ئـەگـەرنـا کێيە کاری بەکۆمەڵ ڕەت دەکاتـەوە ؟! لە کاتێکدا خوای بەدەسەڵات و بەتوانا لە قورئانە پيرۆزەکەيدا فەرموويەتی : ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ﴾ ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموويەتی : " المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضهم بعضا " .

## ❑ فتوی شێخ و زانانە گەورە ( د ـ صالح الفوزان ) :

**يەکەم** : پرسيار لە شێخ و زانانەی گەورە ( د ــ صالــح الفــوزان ) کرا سـەبارەت بـەوەی کە حزب و کۆمەڵە ئيسلاميەکان لافی لێدەدەن ، کە گوايە حزبايەتی پەيڕەوێکی ئيسلاميە ، و پێچەوانەی ئايين نيە !! کە ئەمە دەقی پرسيارەکەيە : (( فضيلة الشيخ ؛ إضافة لحالة التردي ، تعيش الأمة الإسلامية حالة اضطراب فكـري خصوصاً في ما يتعلق بالدين ، فقد كثرت الجماعات والفرق الإسلامية التي تدعي أن نهجها هو النهج الإسلامي الصحيح ، الــواجب الاتباع !!! حتى أصبح المسلم في حيرة من أمــره أيها يتبع وأيها على الحــق ؟ )) ، واتـە : شێخی بەڕێز : سەرەرای خراپی بارودۆخەکە ، دەبينين ئوممەتی ئيسلامی لە بارودۆخێکی شڵەژاوە ڕۆشنبيريدا دەژێت ، بەتايبەت لە بواری ئايينيەوە ، ئەوەتا دەبينيت کۆمـەڵ و فيرقەيـەکی ئيسلامی زۆر بوونە ، و هەريەکەشيان لافـی ئـەوە لێـدەدات کـە پـەيڕەوی ئـەويان پـەيڕەوی ئيـسلامی دروسـتە ، و شـوێنکەوتنی پێويـستە ، گەشتووەتە ئەوەی کە موسڵمان تووشی سەرلێشوان بووە لە کاريدا ، نازانێت شوێنی کامـەيان بکـەوێت ، و کامەيان لە سەر ڕەواييە ؟!!

---

[٢٨] ( تحفة المجيب على أسئلة الحاضر والغريب ) ( نقلا عن : ( مجموع فتاوى علماء السنة الصادرة في التحذير من الفرق والأحــزاب والجماعــات المعاصرة : لأبي عبدالرحمن المصري : ص ٤٢ ــ ٤٣ ) .

ئەويش لە وەڵامدا فەرمووى : (( **التفرق ليس من الدين ، لأن الدين أمرنا بالاجتماع وأن نكون جماعة واحدة وأمة واحدة على عقيدة التوحيد وعلى متابعة الرسول الله ﷺ** ، يقول تعالى : ﴿ إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ ﴾ ( الأنبياء : ٩٢ ) . ويقول تعالى : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ، وقال سبحانه وتعالى : ﴿ إِنَّ الذينَ فَرَّقُوا دينهم وكَانُوا شِيَعَاً لستَ مِنْهُم في شَئٍ إنما أَمْرُهُم إلى الله ثُمَّ ينبئهم بِمَا كانوا يَفعَلُون ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) ، **فديننا دين الجماعة ودين الألفة والاجتماع** ، **والتفرق ليس من الدين** ، **فتعدد الجماعات هذه ليس من الدين ، لأن الدين يأمرنا أن نكون جماعة واحدة** ، والنبي ﷺ يقول : " المسلم للمسلم كالبنيان يشد بعضه بعضاً " ، ويقول : " مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد " ، فمعلوم أن البنيان وأن الجسد شئ واحد متماسك ليس فيه تفرق ، لأن البنيان إذا تفرق سقط ، كذلك الجسم إذا تفرق سقط ، كذلك الجسم إذا تفرق فقد الحياة ، فلا بد من الاجتماع وأن نكون جماعة واحدة أساسها التوحيد ومنهجها دعوة الرسول ﷺ ومسارها على دين الإسلام ، قال تعالى : ﴿ وأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعوهُ ولا تتبعُوا السُبُلَ فَتَفَرَّقَ بكم عَن سَبِيْلِه ذَلِكم وَصَّاكم به لعَلكم تَتَّقون ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ، **فهذه الجماعات وهذا التفرق الحاصل على الساحة اليوم لا يقره دين الإسلام** ، بل ينهى عنه أشد النهي ويأمر بالاجتماع على عقيدة التوحيد وعلى منهج الإسلام جماعة واحدة وأمة واحدة كما أمرنا الله سبحانه وتعالى بذلك .

**والتفرق وتعدد الجماعات إنما هو من كيد شياطين الجن والإنس لهذه الأمة** ، **فما زال الكفار والمنافقون من قديم الزمان يدسون الدسائس لتفريق الأمة** ، قال اليهود من قبل : ﴿ آمِنوا بالذي أُنزلَ عَلى الذِيْنَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ واكفرُوا آخِرَهُ لَعَلَهُمْ يَرْجِعُون ﴾ أي يرجع المسلمون عن دينهم إذا رأوكم رجعتم عنه ، وقال المنافقون : ﴿ لا تُنفِقوا عَلى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ الله حَتى يَنْفضُوا ﴾ ﴿ والذينَ اتَّخَذوا مَسْجِداً ضِرَاراً وكُفْراً وَتَفْرِيقاً بينَ المؤمنين ﴾

أقول : **وفي الجملة فعلماء الإسلام وعلماء السنة في السابق واللاحق لا يجيزون هذا التفرق ولا هذا التحزب ولا هذه الجماعات المختلفة في مناهجها وعقائدها** ؛ **لأن الله قد حرم ذلك وكذلك رسوله ﷺ** ، **والأدلة كثيرة وقد سبق سردها في مواطنها** )) [٢٩] .

---

[٢٩] ( انظر ص (٤٤ــ٤٥) من كتاب مراجعات في فقه الواقع السياسي والفكري للدكتور الرفاعي ) .

واته : تەفریقە لە ئاییندا نیە ، چونکە ئایین فەرمانی پێکردووین بەوەی کە کۆبین و یەك کۆمەڵ و یەك ئوممەت بین ، لە سەر بیروباوەڕی یەکخوپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إنّ هذه أمّتكم أمّةً واحدةً وأنا ربّكم فاعبدون ﴾ ، وە خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی : ﴿ واعتصموا بحبل اللّه جميعاً ولا تفرّقوا ﴾ ، وە پاك و بێگەرد فەرموویەتی : ﴿ إنّ الذين فرّقوا دينهم وكانوا شيعاً لست منهم في شيء إنما أمرهم إلى الله ثمّ ينبّئهم بما كانوا يفعلون ﴾ ، وە بزانن کە ئایینەکەی ئێمە ئایینی کۆمەڵ بوون و ئایینی هۆگری و کۆبوونەوەیە لە گەڵ یەك ، تەفریقەش لە ئاییندا نیە ، جا ئەم فرە کۆمەڵیە لە ئایین نیە ، چونکە ئایین فەرمانمان پێدەکات بەوەی کە یەك کۆمەڵ بین ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : موسڵمان بۆ موسڵمان وەکو بنیاتێکە بەشەکانی یەکتر پتەو بکەن ، وە فەرموویەتی : نموونەی موسڵمانان لە خۆشەویستی و ڕەحم و بەزەیی هاتنەوەیان بەیەکتر وەکو یەك جەستە وان ، ئاشکراشە کە بنیات و جەستە یەك شتی پەیوەستن بەیەکەوە و تەفریقەیان تێدا نیە ، چونکە بنیات ئەگەر کە تەفریقەی تێکەوت دەکەوێت ، هەروەها جەستەش ئەگە تەفریقەی تێکەوت دەکەوێت ، بەهەمان شێوەش جەستە ئەگەر تەفریقەی تێکەوت ژیان لە دەست دەدات ، بۆیە کۆبوونەوە پێویستە ، و دەبێت یەك کۆمەڵ بین ، کۆمەڵێك کە بنەواکەی یەکخواپەرستی بێت ، پەیڕەوی بانگەشەکەی پێغەمبەر بێت ﷺ ، ڕێڕەوەکەی لە سەر ئاینی ئیسلام بێت خوای بڵند و بالاّ دەست فەرموویەتی : ﴿ وأنّ هذا صراطي مستقيماً فاتّبعوه ولا تتّبعوا السّبل فتفرّق بكم عن سبيله ذلكم وصّاكم به لعلّكم تتّقون ﴾ ، بۆیە ئەم کۆمەڵانە و ئەم تەفریقەیەش کە لە ڕۆژگاری ئەم ڕۆدا نراوەتەوە لە گۆڕەپانەکەدا ، ئایینی ئیسلام ڕازی نیە لە سەری و ئیقراری ناکات ، بەڵکو زۆر بەتووندی یاساغی لێدەکات ، و فەرمان دەکات بە کۆبوونەوە لە سەر بیروباوەڕی یەکخواپەرستی و لە سەر پەیڕەوی ئیسلام ، بە یەك کۆمەڵ و یەك ئوممەت ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین بەوە .

تەفریقە و فرە کۆمەڵی تەنها لە تەڵەکەی شەیتانەکانی جنۆکە و مرۆڤە بۆ ئەم ئوممەتە ، بەردام بێ باوەڕان و دووڕوان لە دێری زەمانەوە دەست دەخەنە کاروباری موسڵمانانەوە بۆ ئەوەی تەفریقە لەم ئوممەتەدا بنەنەوە ، هەروەکو خوای پەروەردگار سەبارەت بە جولەکە فەرموویەتی کە لە پێشدا دەیانووت : ﴿ آمنوا بالذي أنزل على الذين آمنوا وجه النّهار واكفروا آخره لعلّهم يرجعون ﴾ ، واتە : بۆ ئەوەی موسڵمانان لە

ئایینەکەیان پاشگەز ببنەوە کە ئێوە دەبینن پاشگەز دەبنەوە ، وە سەبارەت بە دووڕوان فەرموویەتی :

﴿ لا تُنفِقوا عَلى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ الله حَتى يَنفضُوا ﴾ وە فەرموویەتی : ﴿ والذينَ اتخَذوا مَسْجداً ضِراراً وكُفْراً وتَفْرِيقاً بينَ المؤمنين ﴾ .

لە کۆتاییدا دەڵێم : بە شێوەیەکی گشتی زانایانی ئیسلام ، و زانایانی سوننە پێشینان و پاشینانیشیان ئەم تەفریقە و حزبایەتیە بەدروست نازانن ، و نەش ئەم کۆمەڵە جیاوازانە لە پەیڕەو و بیروباوەڕیاندا بەدروست نازانن ، چونکە خوای پەروەردگار ئەوەی حەرام قەدەغە کردووە ، هەروەها پێغەمبەرەکەشی ﷺ بەڵگەکانیش زۆرن و لە پێشیشدا و لە شوێنی خۆیدا هەندێکیمان باس کردووە .

**دووەم** : وە سەبارەت بەوەی کە ئایا دروستە کە ئەم حزب و کۆمەڵە ئیسلامیانە بدرێتە پاڵ ئیسلام ، یان بەوە وەسف بکرێن کە ئیسلامین ؟ پرسیاری لە بەڕێزیان کرا کە ئەمە دەقی پرسیارەکەیە : (( فضيلة الشيخ : **ما وجه صحة نسبة الجماعات الموجودة اليوم إلى الإسلام أو وصفهم بالإسلامية** ؟ **وما صحة إطلاق لفظ الجماعات عليهم وإنَّما جماعةُ المسلمين واحدة** كما في " حديث حذيفة " رضي الله عنه ؟ )) ، واتە : ڕووی ڕاستێتی خۆدانەپاڵی ئەو ( کۆمەڵانەی ) کە لەم ڕۆژگارەدا هەن بۆ لای ئیسلام لە چی دایە یان وەسف کردنیان بەوەی کە ( ئیسلامین ) ؟ وە ئایا ڕاستە لەفزی ( جماعات ) یان بۆ بەکار بهێنرێت لە کاتێکدا کە ( کۆمەڵی موسڵمانان ) یەک کۆمەڵە ، وەك لە فەرموودەکەی ( حـذيفة ) دا هاتووە خوای لێ ڕازی بێت ؟

بەڕێزیشیان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمووی : (( الجماعات توجد في كُلِّ زمانٍ ومكان ، والفِرَق توجد في كُلِّ زمانٍ ومكان ، ليس في هذا الزمان فقط ، قال النبي ﷺ : " افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة ، وستفترقُ هذه الأمَّة على ثلاثٍ وسبعين فرقة كُلُّها في النار إلاَّ واحدة ... " ، فوجود الجماعات ووجود الفِرَق هذا أمرٌ معروف وأخبرنا عنه رسول الله ﷺ ، وقال ﷺ : " من يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً ... " ، **ولكن الجماعة التي يجب السير معها والاقتداءُ بها والانضمام إليها : هي جماعةُ أهل السنة والجماعة الفرقةُ الناجية** ، لأنَّ الرسول ﷺ لَمَّا بيَّنَ هذه الفِرَق قال : " كُلُّها في النار إلاَّ واحدة ، قالوا : من هي يا رسول الله ؟ قال : مَنْ كان على مثلِ ما أنا عليه وأصحابي " **هذا هو الضابط ، فالجماعات إنَّما يجب اعتبار**

**من كان منها على ما كان عليه الرسول ﷺ وأصحابهُ من السلف الصالح** [٣٠] ، واللهُ تعالى يقول : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ ( التوبة : ١٠٠ ) ، فهؤلاء هُم الجماعة : **جماعةٌ واحدة ليس هنا تعدد ولا انقسام** [٣١] **من أول الأمة إلى آخرها** ، جماعة واحدة : ﴿ وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ ( الحشر : ١٠ ) ، **هذه هي الجماعة من وقت الرسول ﷺ وإلى قيام الساعة ، وهُم أهل السنة والجماعة** [٣٢] ، **وأمَّا ما خالفها من الفِرَق والجماعات فإنَّها لا اعتبارَ بها وإنْ تسمَّت بالإسلامية أو تسمَّت بجماعة الدعوة أو غير ذلك** ، **فكل ما خالفَ الجماعةَ التي كان إمامها الرسول ﷺ وما كان على ما كانَ عليه الرسول ﷺ وأصحابهُ فإنَّها من الفِرَق المُخالفة المُتفرقة التي لا يجوزُ لنا أنْ ننتمي إليها أو ننتسب إليها ، فليس عندنا انتماء إلا لأهل السنة والتوحيد** : ﴿ اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ ﴾ **والذين أنعمَ اللهُ عليهم بيَّنهم في قوله** : ﴿ وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا ﴾ ( النساء : ٦٩ ) ، **فالجماعة التي اتخذت منهجها كتابَ الله وسنة رسولهِ ﷺ وعمِلَتْ بقولهِ ﷺ : " فإنَّهُ من يعش منكم سيرى اختلافاً كثيراً ، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ ، وإياكم ومُحدثات الأمور ... "** [٣٣]

---

[٣٠] قال الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ــ رحمه الله ــ (( كل الجماعات التي تدَّعي الانتساب إلى السلف ، إذا لم يعملوا بما كان عليه السلف ، فإنما هي دعوى يدعونها )) ( من كتاب : فتاوى العلماء الأكابر ، لعبدالمالك الجزائري : ص ٩٨ ) .

[٣١] وقال الشيخ بكر أبو زيد ــ رحمه الله ــ : (( جماعة المسلمين على منهاج النبوة لا تقبل التشطير ولا التجزئة ، فالنبي ﷺ ثم أصحابه رضي الله عنهم ، كانت دعوتهم لتكوين جماعة المسلمين حاملة راية التوحيد ، ( لا لجماعة من المسلمين ) وأنهم هم المسلمون ، وهم الطائفة المنصورة ، وهم الفرقة الناجية وهم السلف الصالح ، وهم من كان على مثل ما عليه النبي ﷺ وأصحابه ، وأمر بلزومهم ، ونهى عن مفارقتهم والشذوذ عنهم ، كما نهى عن تفرقهم )) ( حكم الانتماء : ص ٦٠ ) .

[٣٢] وقال أيضا : (( أهل الإسلام ليس لهم سوى الكتاب والسنة ، والسير في الدعوة إليهما على مدارج النبوة ، وهم كما وصفهم النبي ﷺ بقوله : ( من كان على مثل ما أنا عليه وأصحابي ) ، وهم الذين سماهم ﷺ : الجماعة وهم الطائفة المنصورة ؛ كما وصفهم النبي ﷺ بذلك ، وهم الفرقة الناجية ، كما وصفهم النبي ﷺ بذلك لما ذكر الفرق الضالة ، وهم المنتسبون لسنته وطريقته ، وهم السلف الصالح . ومن هنا : لما ظهرت البدع والأهواء المضلة ، قيل لمعتقدهم : السلفي ، أو العقيدة السلفية )) ( حكم الانتماء : ص :١١٢ ــ ١١٣ ) .

[٣٣] ( رواه الإمام أحمد في " مسنده " ( ١٢٦/٤، ١٢٧ ) ، ورواه أبو داود في " سننه " ( ٢٠٠/٤ ) ، ورواه الترمذي في " سننه " ( ٣١٩/٧، ٣١٠ ) ؛ كلهم من حديث العرباض بن سارية رضي الله عنه ) .

هؤلاء هُم الجماعة المعتبرة ، وما عداها من الجماعات فإنَّها لا اعتبارَ بها ، بَلْ هي جماعات مُخالفة ، وتختلفُ في بعدها عن الحق وقربها من الحق ، ولكن كُلَّها تحت الوعيد : " كُلُّها في النار إلاَّ واحدة " ، نسألُ اللهَ العافية والسلامة )) [٣٤] .

واتە : چەندەها کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێك و شوێنێکدا بوونیان هەبووە و هەیە ، و فیرقەکان بوونیان هەیە لە هەموو سەردەمێك و شوێنێکدا ، نەك تەنها لەم سەردەمەدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : جوولەکەکان پارچە پارچە بوون بۆ (٧١) حەفتاویەك فیرقەوە ، و خاچ پەرستانیش پارچە پارچە بوون بۆ (٧٢) حەفتاودوو فیرقە ، و ئەم ئوممەتەش پارچە پارچە دەبێت بۆ (٧٣) حەفتاوسێ فیرقە ، هەمووی لە ئاگردایە تەنها یەك فیرقەیان نەبێت ، جا هەبوونی چەندین کۆمەڵ و هەبوونی چەندین فیرقە ئەمە شتێکی زانراوە و پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێ داوین ، وە فەرموویەتی : هەر کەسێك لە ئێوە بژێت ئەوا جیاوازیەکی زۆر دەبینێت ... ، بەڵام ئەو کۆمەڵەی کە پێویستە لە گەڵیدا بڕۆیت و چاوی لێ بکەیت و لەگەڵیدا ببیت و پەیوەندی پێوە بکەیت بریتیە لە کۆمەڵی ( ئەهلی سوننە و جەماعە ) ( کۆمەڵی ڕزگار بوو) ، چونکە پێغەمبەر ﷺ کاتێك ئەم فیرقانەی ئاشکرا کردەوە فەرمووی : هەموویان لە ئاگردان تەنها یەك دانەیان نەبێت ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کۆمەڵە ڕزگار بووە کێن ؟ ئەویش فەرمووی : ئەوانەن کە لە سەر هاوشێوەی ئەوەن کە من و هاوەڵانمی لە سەرە ، ئا ئەمەیە پێوەر ، جا بۆ هەموو کۆمەڵەکان دەبێت ئەوەی تێدا ڕەچاو بکرێت کە لە سەر ئەوە بن کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لە سەر بووە ، لە سەلەفی صالح [٣٥] ، خوای بڵند و پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ ئا ئەوانە ( الجماعة ) تەنها یەك کۆمەڵن ، لێرەدا فرە حزبێتی نیە [٣٦] ، لە

---

[٣٤] ( تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة " تسجيلات منهاج السنة النبوية " بعنوان : " فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين " الوجه الأول ) .

[٣٥] قال الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ــ رحمه الله ــ (( كل الجماعات التي تدَّعي الانتساب إلى السلف، إذا لم يعملوا بما كان عليه السلف ، فإنما هي دعوى يدعونها )) ( من كتاب : فتاوى العلماء الأكابر ، لعبدالمالك الجزائري : ص ٩٨ ) .

[٣٦] وقال الشيخ بكر أبو زيد ــ رحمه الله ــ : (( جماعة المسلمين على منهاج النبوة لا تقبل التشطير ولا التجزئة ، فالنبي ﷺ ثم أصحابه رضي الله عنهم ، كانت دعوتهم لتكوين جماعة المسلمين حاملة راية التوحيد ، ( لا لجماعة من المسلمين ) وأنهم هم المسلمون ، وهم الطائفة المنصورة ، وهم الفرقة الناجية وهم السلف الصالح ، وهم من كان على مثل ما عليه النبي ﷺ وأصحابه ، وأمر بلزومهم ، ونهى عن مفارقتهم والشذوذ عنهم ، كما نهى عن تفرقهم )) ( حكم الانتماء : ص ٦٠ ) .

سەرەتای ئوممەتەوە تا کۆتاکەی یەك کۆمەڵن ، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ ، ئا ئەمە ( الجماعة ) لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ تا هاتنی ڕۆژی قیامەت ، کە بریتین لە ( ئەهلی سوننە و جەماعە ) [٣٧] ، بەڵام ئەو فیرقە و کۆمەڵانەی کە پێچەوانەی ئەوون . واتە : پێچەوانەی ئەهلی سوننە و جەماعەن . ئەوا هیچ نرخپێدانێکیان بۆ نیە ، ئەگەرچی نـاوی خـۆشیان بنەن ( ئیسلامی ) !!! یان ناوی خۆیان بنێن ( کۆمەڵی بانگەواز ) !!! یان جگە لەم ناوانەش ! جا ئەوەی پێچەوانەی ( الجماعة ) بێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێشەوایان بووە ، و ئەوەی کە لە سەر ئەوە بووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ وهاوەڵانی لە سەری بووە ، ئا ئەوانە یەکێکن لە فیرقە پێچەوانە و پەرتەوازەکان کە دروست نیە بۆ ئێمە و حەرامە پەیوەندیان پێوە بکەین ، و نیسبەتی خۆمانی بدەینە پاڵ ، ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان نیە تەنها بۆ ئەهلی سوننە و یەکخواپەرستی نەبێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ ﴾ ، وە خوای پەروەردگار ئەوانەی دیاری کردووە کە نیعمەتی خۆیی بە سەردا ڕشتوون ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقًا ﴾ ، جا ئەو کۆمەڵەیەی کە قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە بە پەیڕەو و بەرنامەی خۆی و کردەوەی دەکات بەووتەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : هەر کەسێك لە ئێوە بژێت ئەوا جیاوازیەکی زۆر دەبینێت ، جا پابەند بن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە کاملْ هیدایەت دراوەکانم لە دوای خۆم ، دەستی پێوە بگرن و قەپی لێ بگرن بە کاکیلەکانتان ، وە ئامان وریای کارە داهێنراوەکان بن ... ئا ئەوانە بریتین لەو کۆمەڵەی کە حیسابی بۆ دەکرێت ، وە کۆمەڵانی تر جگە لەو هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت ، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵانێکی پێچەوانەن ، وە جیاوازن لە نێوان خۆیاندا بەپێی دوور و نزیکیان لە حەقەوە ، بەڵام هەموویان لە ژێر ئەو هەڕەشەیەدان کە لە

---

[٣٧] وقال أيضا : (( أهل الإسلام ليس لهم سوى الكتاب والسنة ، والسير في الدعوة إليهما على مدارج النبوة ، وهم كما وصفهم النبي ﷺ بقوله : ( من كان على مثل ما أنا عليه وأصحابي ) ، وهم الذين سماهم ﷺ : الجماعة وهم الطائفة المنصورة ؛ كما وصفهم النبي ﷺ بذلك ، وهم الفرقة الناجية ، كما وصفهم النبي ﷺ بذلك لما ذكر الفرق الضالة ، وهم المنتسبون لسنته وطريقته ، وهم السلف الصالح . ومن هنا : لما ظهرت البدع والأهواء المضلة ، قيل لمعتقدهم : السلفي ، أو العقيدة السلفية )) ( حكم الانتماء : ص :١١٢ ـــ ١١٣ ) .

فەرموودەکەدا هاتووە : هەموویان لە ئاگردان ، تەنها یەك کۆمەڵیان نەبێت . داواکارم لە خوای پەروەردگار تەندروستی و سەلامەتیمان پێ ببەخشێت .

**سێیەم** : پاشان ئەم پرسیارەی لێدەکرێت کە (( **ما حكم وجود أمثال هذه الفِرَق " كالتبليغ ، و الإخوان ، و حزب التحرير ، و غيرها في بلادنا خاصة ، و بلاد المسلمين عامة** ؟ )) ، واتە : ئایا حوکمی بوونی ئەم فیرقانە چیە ، وەك ( تەبلیغ ) و ( ئیخوان ) و ( تەحریر ) و جگە لەمانەش لەم وولاتەی خۆماندا بە تایبەت و وولاتی موسڵمانانیش بە گشتی ؟

شێخ لە وەڵامیدا دەفەرمووێت : (( **أمَّا هذه الجماعات الوافدة : فيجبُ أنْ لا نتقبلها لأنَّها تُريد أنْ تنْحرِفَ بنا أو تُفَرِّقَنا** ... **يجعل هذا تبليغي وهذا إخواني وهذا ما أدري كَيتْ** ؟!! لماذا هذا التفَـرُّق ؟! **هـذا كُفْرٌ بنعمـةِ الله سبحانهُ وتعالى** ! نحنُ على جماعة وعلى وحدة وعلى بَيِّنَةٍ من أمرنا ، فلماذا نستبدل الذي هو أدنى بالذي هو خَـير ؟!! **لماذا نتنازل عمَّا أكرمنا اللهُ سبحانه وتعالى بهِ من الاجتماع والألفة والطريق الصحيح** ؟!! **وننتمي إلى جماعاتٍ تُفَرِّقُنا وتُشَتِّتُ شَمْلَنا و تجعل العداوة بيننا** ؟!! **هذا كُفْرٌ بنعمةِ الله** )) [٣٨] .

واتە : بەڵام ئەم کۆمەڵانە کە لە دەرەوە هاتوون : ئەوا واجب و پێویستە ئێمە وەریان نەگرین و قەبوڵیان نەکەین چونکە دەیانەوێت لە ڕێی ڕاست لامان دەن و پارچە پارچەمان بکەن .. دەیانەوێت ئەمە بکەن بە ( تەبلیغ ) ی و ئەوی تر بکەن بە ( ئیخوان )ی و ئەوی تر نازانم بکەن بە کێ ؟!! بۆچی ئەم تەفریقە و پارچە پارچەگەرێتی یە ؟! ئەمە کوفرە بە نیعمەتی خوای پاك و پایە بەرز ! ئێمە یەك کۆمەڵین و یەك ڕیزین و لە سەر ڕووناکین بۆ حاڵی خۆمان ، باشە ئیتر بۆ چی ئەوەی کە خێر و چاکە بیگۆڕینەوە بەوەی کە کەم و سوکە ؟!! بۆ چی دەست بەردار ببین لەوەی کە خوای پاك و پایە بەرز ڕێزی پێ لێناوین و کردوویەتی بە مایەی ڕێز لێنانمان لە کۆبوونەوە و یەك کۆمەڵی و نێوان کراوەی و خۆشەویستی و ڕێڕەوی ڕێگای ڕاست ؟! وە بچینە ڕیزی چەند کۆمەڵانێکەوە کە پارچە پارچەمان بکات و شیرازەمان پەرتەوازە بکات و دوژمنایەتی بخاتە نێوانمانەوە! ئەمە کوفرە بە نیعمەتی خوای پەروەردگار !!

**چوارەم** : دوای ئەوەی کە زانیمان شێخ تەفریقە و حزبایەتی لە ئیسلام نازانێت ، و بەپێویستی دەزانێت کە موسڵمانان لێی دوور بن ، ئەمجارەیان پرسیاری ئەوەی لێدەکرێت کە ئایا ئەم حزب و

---

(٣٨) ( تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة " تسجيلات منهاج السنة النبوية " بعنوان : " فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين " الوجه الأول ) .

**کۆمەڵانە لە حەفتاو دوو کۆمەڵە گومڕاکەن یان نە ؟ ئەوەش بەم شێوەی خوارەوە کە لە پرسیارێکدا هاتووە : (( هل هذه الجماعات تدخلُ في الاثنتين وسبعين فِرقة ؟ )) ، واتە : ئایا ئەم کۆمەڵانە دەچنە ڕیزی (٧٢) حەفتاودوو فیرقەکەوە ؟**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرموویەتی : (( نَعَم ، كُلُّ مَنْ خالفَ أهل السنَّة والجماعة ـ ممَنْ ينتسبُ إلى الإسلام ـ في الدعوة ، أو في العقيدة ، أو في شيءٍ من أصول الإيمان : فإنَّهُ يدخلُ في الاثنتين وسبعين فِرقة ، ويشملهُ الوعيد ، ويكونُ لهُ من الذم والعقوبة بقدر مُخالفته ))** [٣٩] .

**واتە : بەڵێ ، هەموو ئەوانەی کە پێچەوانەی ( ئەهلی سوننە و جەماعە ) دەکەن لەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام : لە بانگەواز کردندا یاخود لە بیروباوەڕدا یاخود لە شتێك لە بنەما و بنچینەکانی ئیماندا : ئەوا ئەوانە دەچنە ڕیزی ئەو (٧٢) حەفتاودوو فیرقە و تاقمانەوە ، وە هەڕەشەی خوا دەیان گرێتەوە ، وە سەرزەنشت دەکرێت و سزا دەدرێت و تۆڵەشی لێ دەسێنرێتەوە بە گوێرەی سەرپێچی کردنەکەی .**

**لە بەر ئەوەی کە ئەم حزب و کۆمەڵانە لاڕێن و لە کۆمەڵی ڕزگاربوو نین ، و لاڕێبوون ، دەبینین شێخ تەبەڕای خۆی لێیان دەکات ، ئەوەش کە دەفەرمووێت : (( من خالف هذا المنهج ـ يعني منهج السلف ـ وسار على منهج آخر ، فإنه ليس منا ولسنا منه ، ولا ننتسب إليه ، ولا ينتسب إلينا ، ولا يسمى جماعة ، وإنما يسمى فرقة من الفرق الضالة : لأن الجماعة لا تكون إلا على الحق ، فهو الذي يجتمع عليه الناس ، وأما الباطل فإنه يفرق ولا يجمع ، قال تعالى : ﴿ وَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ ﴾ ( البقرة : ١٣٧ ) ))** [٤٠] .

**واتە : ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەم پەڕەوە ـ واتە : پەیڕەوی سەلەف ـ دەبنەوە و لە سەر پەیڕەوێکی تر دەڕۆن ، ئەوا ئەوانە لە ئێمە نین و ئێمەش لەوان نین ، وە نیسبەتی خۆمان نادەینە پاڵیان و نیسبەتی خۆیان نەدەنە پاڵمان ، پێشیان ناووترێت ( الجماعة ) ، بەڵکو پێیان دەووترێت فرقەیەك لە فیرقە گومڕاکان ، چونکە ( الجماعة ) لە سەر حەق نەبێت نابێت ، ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی لە سەر کۆدەبێتەوە**

---

[٣٩] الأجوبة المفيدة على أسئلة المناهج الجديدة ، للشيخ صالح الفوزان ص : (١٦) الطبعة الأولى ، **ئەم کتێبە شوکر بۆ خوا هەمووی بە دەرس ووتراوەتەوە لە لایەن ( مامۆستا عبدالكريم ) ەوە ، و هەمووشی لەسەر ( CD ) تۆمارکراوە .**

[٤٠] ( ص : ٧ ) .

، بەڵام ناڕەوايى ئەوا تەفريقە دەنەنەوە و كۆناكەنەوە ، خواى پەروەردگار فەرموويەتى : ﴿ وَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ ﴾ .

**پێنجەم** : وە لە وەڵامى پرسيارێكى تردا كە تێيدا هاتووە : (( فضيلة الشيح : يقول الرسول ﷺ : " ستفترقُ أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ... " ، فهل العدد محصورٌ أو لا ؟ )) ، واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرموويەتى : ئوممەتەكەم پارچە پارچە دەبێت بۆ حەفتا و سێ فيرقەوە ، ئايا ئەم ژمارەيە كورت هەڵچێنراوە و زياد و كەمى تێدا دەبێت يان نا ؟

شێخ لە وەڵامى ئەم پرسيارەدا ئەفەرمووێت : (( ليس هذا من باب الحصر ، لأنَّ الفرقَ كـثيرةٌ جـداً ، إذا طالعتم في ( كتب الفرق ) وجدتم أنهم فِرَقٌ كثيرةٌ ، لكن ــ والله أعلم ــ أنَّ هذه الثلاث والسبعين هي أصولُ الفِرَقِ ، ثُمَّ تشعبتْ منها فِرَقٌ كثيرةٌ .

**وما الجماعات المعاصرة الآن ، المُخالِفة لجماعة أهل السنة ، إلاَّ امتدادٌ لهذه الفِرَقِ وفروعٌ عنها** )) [٤١] .

واتە : ئەم ژمارەيە هەر ئەوەندە نيە و كورتهەڵچێنرا بێت ، چونكە فيرقە و تاقمەكان زۆر زۆرن ، ئەگەر ئێوە ئەو كتێبانەى كە سەبارەت بە سەرژمێرى و بيروباوەڕى فيرقەكانەوە نووسراون بخوێننەوە ئەوا دەبينن كە فيرقە و تاقمى زۆر هەيە ، بەڵام ـ خواش زاناترە ـ ئەم (٧٣) حەفتا و سێيە و بنچينەى فيرقە و تاقمەكانن ، پاشان لەمانەوە كۆمەڵانێكى زۆر كەوتووەتەوە و چەندين فيرقە و تاقمى ترى زۆريان لێ جيابووەتەوە .

وە ئەم كۆمەڵە هاوچەرخانەى ئێستا كە پێچەوانەى كۆمەڵى ئەهلى سووننەن : هيچ شتێك نين تەنها درێژ بوونەوەيەكى ئەو فيرقانەن و لقن لێيانەو .

**شەشەم** : وە سەبارەت بە حوكمى ئەو كەسانەى ـ كە بەزانينەوە ـ پەيوەندى دەكەن بەم حزب و كۆمەڵانەوە ، پرسيارى لێكرا بەم شێوەيە : (( **هل من انتمى إلى هذه الجماعات يعتبر مبتدعا** ؟ )) ، واتە : ئايا ئەو كەسانەى كە پەيوەيندى دەكەن بەم كۆمەڵانەوە ، بە بيدعەكار دەژمێردرێن ؟

---

[٤١] لَمْحَةٌ عن الفِرَق الضالّة ، للشيخ صالح الفوزان ص : (٥٩ ــ ٦٠) .

ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : (( **هذا حسب الجماعات ، فالجماعات التي عندها مخالفات للكتاب والسنة ، يعتبر المنتمي إليها مبتدعاً** )) [42] ، واتە : ئەو کۆمەڵانەی کە لە لای ئێمە پێچەوانەی قورئان و سوننەتن ، ئەو کەسەی کە پەیوەندی پێیاوەیە بە بیدعەکار دادەنرێت .

**حەوتەم** : وە لە وەڵامی پرسیارێك کە ئایا دروستە زانایان مەترسی ئەم حزب و کۆمەڵە ئیسلامیانە ئاشکرا بکەن یان نە ، کە تێیدا هاتووە : (( **هل يجوز للعلماء أن يبيّنوا للشباب وللعامة خطر التحزب والتفرق والجماعات** ؟ )) ، واتە : ئایا دروستە زانایان ترسناکی حزبایەتی و تەفریقە و ئەم کۆمەڵانە بۆ لاوان و خەڵکی بەگشتی ئاشکرا بکەن ؟

فەرموویەتی : (( **نعم يجب بيان خطر التحزب وخطر الانقسام والتفرق** ؛ **ليكون الناس على بصيرة لأنه حتى العوام الآن ا نخدعوا ببعض الجماعات** ! **يظنون أنها على الحق ، فلا بد أن نبين للناس المتعلمين والعوام خطر الأحزاب والفرق لأنهم إذا سكتوا قال الناس : العلماء كانوا عارفين عن هذا وساكتين عليه ، فيدخل الضلال من هذا الباب ، فلا بد من البيان عندما تحدث مثل هذه الأمور ، والخطر على العوام أكثر من الخطر على المتعلمين ، لأن العوام مع سكوت العلماء يظنون أن هذا هو الصحيح وهذا هو الحق** )) [43] .

واتە : بەڵێ ، پێویستە ترسناکی حزبایەتی و ترسناکی دابەش بوون و تەفریقە و ئاشکرا بکرێت ، بۆ ئەوەی خەڵك لە سەر چاوڕۆشنی بن ، چونکە تەنانەت خەڵکە عامیەکەش بە هەندێ کۆمەڵ هەڵخوڵەتاوون !! گومانیان وایە کە لەسەر حەقن ، بۆیە پێویستە ترسناکی حزبایەتی و ئەو کۆمەڵانە بۆ خەڵکی خوێندەوار و خەڵکە عامیەکەش ڕوون بکەینەوە ، چونکە ئەگەر زانایان بێدەنگ بن ، ئەو کاتە خەڵکەکە دەڵێن : زانایان بەمە دەیانزانی ، کەچی بێدەنگ بوون لێی ، ئا لێرەوە . لەم دەرگایەوە . گومڕایی دێتە ناو خەڵکەوە ، بۆیە ئاشکراکردن پێویستە ئەگەر ئەم شتانە ڕوویاندا ، ترسی توشبوونی خەڵکە عەوامەکە زیاترە تاکو کەسە خوێندەوارەکە ، چونکە خەڵکە عەوامەکە لە گەڵ بێدەنگ بوونی زانایان وادەزانن کە ئەمە ڕاست و ڕەوایە !!!

---

[42] ( من كتاب الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة ص (١٩) .

[43] ( الأجوبة المفيدة ص (٦٨) .

**هەشتەم : وە لە یەکێك لە پرسیارەکاندا داوا لە بەڕێزیان دەکرێت کە ئامۆژگاریەك ئاراستەی ئەو لاو و کەسانە بکات کە تووشی فیتنە بوون بەم حزب و کۆمەڵانەوە ، کە ئەمە دەقی پرسیارەکەیە : ((** هل لكم من كلمة أبوية لأبنائكم الشباب الذين اغتروا بهذه الجماعات ، ومنهم مَنْ انضم إليها أو دعا بدعوتها ؟ )) ، **واتە : ئایا ووتەیەکی باوك ئاساتان هەیە بۆ کوڕە کەنجەکانتان ئەوانەی کە هەڵخەڵەتاون بەم ( حزب و کۆمەڵانەوە ) ، وە هەندێکیان چوونەتە ڕیزیانەوە یان بانگەشەیان کردووە بە پێی بانگەوازیان ؟**

شێخ ( صالح الفوزان ) **یش بەم جۆرە ئامۆژگاری دەکات ، و دەفەرموێت : ((** <u>**ندعو جميع شباب المسلمين أنْ يرجعوا عن الخطأ ، وأنْ ينضموا إلى جماعة ( أهل السنة والجماعة والفرقة الناجية )**</u> ... <u>**ننصحُ شبابنا أنْ يسيروا على هذه الدعوة وعلى هذه الجماعة التي تسيرُ على المنهج الصحيح ، وأنْ لا يلتفتوا إلى الفِرَقِ وإلى الجماعات وإلى الحزبيات وإلى المُخالفات ، لأنَّ هذا يُشَتِتُ جماعتنا ويُفَرِّقُ قلوبنا ، كما هو الحاصل الآن**</u> .

هذا التباغض الذي بين الشباب الآن وبين الكثير من المنتسبين إلى الدعوة في هذه البلاد هذا إنَّما نشأ من النظر إلى هذه الجماعات والاغترار بها وترويج أفكارها ، هذا هو الذي يُسبِّبُ التباغض بين شبابنا وبين بعض طلبة العلم منَّا ، أمَّا لو أنَّهم شكروا نعمةَ الله عليهم وتمسكوا بما أعطاهم الله من البصيرة والدعوة إلى الله عَزَّ وجل التي قادها وأقامها في هذه البلاد المُجَدِد شيخُ الإسلام ( محمد بن عبدالوهاب رحمهُ الله ) على بَيِّنَة وعلى بصيرة ونجحتْ ، الآن كمْ لها ؟ الآن لها أكثر من مئة سنة وهي ناجحة لمْ يختلف فيها أحد وتسير على الطريق الصحيح قائمةٌ دولةً قائمةً على الكتاب والسنة ، دعوةٌ ناجحةٌ لا شكَّ في ذلك ، حتى اعترف الأعداءُ بذلك ، الأعداء الآن يعترفون بأنَّ هذه البلاد تعيش ـــ ولله الحمد ـــ أرقى أنواع الأمن والاستقرار في العالم ... والسلامة من الأفكار كُلٌّ يعرفُ هذا .

فلماذا نستبدل هذه النعمة ونتطلع إلى أفكار الآخرين التي ما نجحتْ في بلادها ولا كوَّنتْ في بلادها جماعة إصلاحية ولم تنفع ولم تُحولها من بلادٍ قانونية أو وثنية أو قبورية ! لمْ تُحولها إلى جماعة إسلامية صحيحة ، هذا دليلٌ على عدم نجاحها ، فلماذا نحنُ نَعجَبُ بها ونُرَوِّجُها وندعو لها ؟! )) (٤٤) .

**واتە : داوا لە هەموو لاوانی موسڵمان دەکەین کە واز لە هەڵە بێنن و بگەڕێنەوە ، و بچنە ڕیزی کۆمەڵی ( ئەهلی سوننە و جەماعە ، و کۆمەڵی ڕزگاربوو ) ەوە ... وە ئامۆژگاری لاوانمان دەکەین کە لە سەر ئەم بانگەوازە و لە گەڵ ئەم کۆمەڵەدا بڕۆن کە لە سەر پەیڕەوی ڕاست دەڕوات ، وە ئامۆژگاریان**

---

(٤٤) ( تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة " تسجيلات منهاج السنة النبوية " بعنوان : " فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين " الوجه الأول ) .

دەکەین ڕوونەکەنە لای ئەو فیرقە و جەماعەتانەوە یان بۆ لای ئەو حزبایەتی و پێچەوانەکاریانەوە ، چونکە ئەمە یەك کۆمەڵی و یەك ڕیزی دڵەکانمان پەرتەوازە دەکات هەروەکو چۆن ئێستا ڕووی داوە ، ئەم ڕقەبەرایەتیە کە ئێستا لە نێوان لاوانماندا و زۆربەی ئەوانەی کە دەدرێنە پاڵ بانگەواز لەم وولاتەدا هەیە ، ئەم ڕقەبەرایەتیە لە ئەنجامی چاولێکردنی ئەم کۆمەڵانە و هەڵخەڵەتان پێیان و ڕەواج دان بە بۆچوونەکانیانەوە پەیدا بووە و سەری هەڵداوە ، ئا ئەمەیە بووەتە هۆی ڕقەبەرایەتی نێوان لاوانمان و نێوان هەندێك لە فێرخوازانی زانستی شەرعیمان ، بەڵام ئەگەر سوپاس و شوکری ئەو نیعمەتانەی خوای پەروەردگاریان بکردایە و دەستیان پێوە بگرتبایە بەوەی کە خوا پێ ی بەخشیون لە زانست و چاوڕۆشنی و بانگەوازکردن بۆ لای خوای پەرەردگار ، ئەو بانگەوازەی کە تازەکەرەوەی ئایین شێخی ئیسلام ( مُحمَّد بن عبدالوهاب ) . بە ڕەحمەت بێت . لەم وولاتەدا دای مەزراندووە و سەرکردایەتی کردووە لە سەر بەڵگە و چاوڕۆشنی ، و سەرکەوتووش بووە ، ئێستا چەند ساڵی بە سەردا چووە ؟ ئێستا زیاد لە سەد ساڵی بە سەردا چووە هێشتا هەر سەرکەوتووە و هیچ کەسێك جیاوازی تێدا نەکردووە ، و لە سەر ڕێگای ڕاست دەڕوات ، شێخ دەوڵەتێکی دامەزراند و لە سەر بنەوای ( قورئان و سوننەت ) ڕایگرتووە ، هیچ گومانێکی تێدا نیە کە بانگەوازێکی سەرکەوتووی هەبووە ، بەڕادەیەك تەنانەت دووژمنانیش دانیان بەمەدا ناوە ، ئێستا دووژمنان دان بەوەدا دەنێن کە ئەم وولاتە . سوپاس بۆ خوا . لە بەرزترین ئاستی ئاسایش و سەقامگیریدا دەژێت لە جیهاندا و پارێزرا و سەلامەتیشە لە هەموو بۆچوونێك ، هەمووان ئەمە دەزانن .

جا بۆچی ئەم نیعمەتە بگۆڕینەوە ، و چاو بڕوانین بۆ بۆچوونی کەسانی تر کە سەرکەوتوو نەبووە لە وولاتەکەی خۆیدا ، و نەیتوانیە نە و ئەم جەماعاتانە سەرکەوتوو نەبووە لە وولاتەکانی خۆیاندا و نەشیتوانیوە لە وولاتەکەی خۆیدا کۆمەڵێکی چاکەکار پێك بێنێت ، و سوودیشیان نەبووە و نەیانتوانیوە وڵاتەکەی خۆیان لە وڵاتێکی یاساییە مرۆڤ کردەکانەوە ، یان لە بت پەرستی ، یان لە گۆڕ پەرستیەوە بگۆڕن ، نەشیگواستووەتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ئیسلامی تەندروست ، ئەمە بەڵگەیە لە سەر سەرنەکەوتنیان ، باشە ئتیر بۆچی ئێمە سەرمام بین پێ ی ؟! و ڕەواجی پێ بدەین و بانگەشەی بۆ بکەین ؟!

**نۆیەم** : وە شێخ ( صالح الفوزان ) فەرموویەتی : (( قال الله تعالى : ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾ ، **فجعل الصنف الأول مُنعماً عليه** ، **والصنف الثاني مغضوباً عليه** ، **والصنف الثالث ضالاً** ، **وهذان الصنفان الأخيران** : **يُمثلان الفرق المُنحرفة اليوم** ، **وإنْ كانت تنتسبُ إلى الإسلام** )) [٤٥] .

واتە : **خوای گەورە فەرموویەتی** : ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾ ، **لەم ئایەتەدا دەبینین خوای پەروەردگار کۆمەڵی یەکەمی داناوە بەوانەی کە نیعمەت و بەخششی خۆی ڕژاندووە بەسەریاندا ، وە کۆمەڵی دووەم ئەوانەن کە لێیان توڕە بووە ، وە کۆمەڵی سێیەمیش گومڕابووانن ، وە ئەم دوو کۆمەڵەی کۆتایی تاقم و فیرقە لە ڕێ دەرچووەکانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە ، ئەگەرچی خۆیان نیسبەت دەدەنە پاڵ ئیسلام .**

**دەیەم** : **وە سەبارەت بە دروستی و یان نادروستی دەرچوون لە گەڵ کۆمەڵی تەبلیغ ئەم پرسیارەی ئاراستە کرا کە تێیدا هاتووە** (( أحسن الله إليكم صاحب الفضيلة ، يقول ؛ هل الخروج لمدة أشهر أو أسابيع أو أيام كما تفعله جماعة التبليغ سنة أم بدعة ، وهل يجوز الخروج مع هذه الجماعة إذا كان الشخصُ متعلماً العلم الشرعي ؟ )) ، **واتە : خوا چاکەتان بۆ بکات ، خاوەن شکۆ ، دەڵێت : ئایا دەرچوون بۆ ماوەی چەند مانگێك یان چەند هەفتەیەك یان چەند ڕۆژێك ، وەکو کۆمەڵی تەبلیغ دەیکەن سوننەتە یان بیدعەیە ؟ وە ئایا دروستە دەرچوون لەگەڵ ئەم کۆمەڵەدا ، ئەگەر کەسەکە مامۆستا و شارەزا بێت لە زانستی شەرعیدا ؟**

**بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی** : (( **هذا لا يجوز ، هذا بدعة ، هذا الخروج الذي هو أربعون يوماً أو أربعة أشهر أو أربعة أيام هذا بدعة** ، **وهذه جماعة صوفية معروفة** ، **ثبت أنها جماعة صوفية من ديوبنديين تسربوا إلى بلادنا و غيرها لأجل أن ينشروا الصوفية** ، **فلا يجوز لصاحب السنة و صاحب التوحيد أنه يخرج معهم** ، **لأنه إذا خرج معهم أعانهم على نشر البدعة** ، وإحتج الناس به قالوا فلان خرج معهم أو الناس ( خرجوا ) معهم أو أهل البلد ، فيجب أن يرفض هؤلاء ، يجب ان يرفضوا ولايلتفت إليهم لأجل أن يرجعوا ببدعتهم إلى بلادهم و لاينشروها بيننا ، ولا يُضلل الإنسان إن اخرج معهم من أجل تعليمهم ، هذه حيلة هم ما يقبلون التعليم ، لأنهم أصحاب مبدأ و أصحاب

---

[٤٥] ( الأجوبة المفيدة على أسئلة المناهج الجديدة : ص : ١٤٦ ) .

المنهج ، هم جاءوا ليعلموك ما جاءوا ليتعلموا منك جاءوا ليعلموك صوفيتهم و مذهبهم ، ما جاءوا ليتعلموا منك لو كانوا يريدون التعلم لجلسوا عند العلماء في المساجد و قرءوا الكتب ، هذه مغالطات لا يجوز الإنخداع بها ، نعم )) [٤٦]

.

واتە : ئەمە دروست نیە ، ئەمە بیدعەیە ، ئەم دەرچوونە بۆ چل ڕۆژ ، یان بۆ چوار مانگ ئەمە بیدعەیە ، وە ئەم کۆمەڵە کۆمەڵێکی ناسراوی سۆفیگەرن ، سەلمێنراوە کە ئەم کۆمەڵە کۆمەڵێکی سۆفیگەری دیوبەندین [٤٧] دزەیانکردووەتە ناو وڵاتی ئێمە و وڵاتانی تردا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی سۆفییگەریتی ، بۆیە دروست نیە بۆ کەسانی خاوەن سوننەت و خاوەن تەوحید دەرچێت لە گەڵیاندا ، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەرچێت لەگەڵیاندا ئەوە یارمەتیان دەدات بۆ بڵاوکردنەوەی بیدعە ، وە خەڵکی ئەو کەسانە دەکەنە بەڵگە ، و دەڵێن : فلانە کەسیان لەگەڵدا دەرچووە ، یان خەڵکی ئەو شارە دەرچوو لەگەڵیان ، بۆیە پێویستە ئەوانە ڕەت بکرێنەوە ، پێویستە قبوڵ نەکرێن و ئاوڕیان لێ نەدرێتەوە بۆ ئەوەی بەبیدعەکەیانەوە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و بیدعە بڵاوی نەکەنەوە لە نێوانماندا ، وە ئەوە نەکرێتە بیانوو و خەڵك خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت کە لە گەڵیان دەردەچێت بە مەبەستی فێرکردنیان ، ئەمە فێڵە ، ئەوان فێرکردن قبوڵ ناکەن ، لەبەرئەوەی ئەوان خاوەن بنەما و پەیڕەون ، ئەوان هاتوون بۆ ئەوەی فێرت کەن ، بۆ ئەوە نەهاتوون تۆ فێریان بکەیت ، هاتوون بۆ ئەوەی سۆفیگەری و مەزهەبی خۆیانت فێرکەن ، بۆ ئەوە نەهاتوون لەتۆوە فێر بن ، ئەگەر ئەوان فێربوونی زانستیان مەبەست بوایە ئەوا لە مزگەوتەکاندا لە پێش زانایاندا دادەنیشتن ، وە پەرتووکیان دەخوێندەوە ، ئەمانە هەمووی هەڵەیە ، دروست نیە موسڵمان پێی بخەڵەتێت ، بەڵێ .

**یانزەیەم** : وە پرسیاریاری لێکرا (( أحسن الله إليكم صاحب الفضيلة هذا سائلٌ يقول : أنا شابٌ في بداية الإستقامة و أُماشي جماعة التبليغ وأريد السفر معهم إلى باكستان ، فبماذا تنصحونَني ؟ )) ، واتە : خوا چاکەتان بۆ بکات خاوەن شکۆ ، ئەم پرسیارکارە دەڵێت : من گەنجێکم لەسەرەتای دینداری و بەردەوامیدام ، وە

---

[٤٦] ( كتاب " الإجابات المهمة في المشاكل الملمة " للشيخ صالح الفوزان ، جمع وإعداد محمد بن فهد الحصين ١٤٢٥هـ ) .

[٤٧] تەریقەتێکی صۆفیەکانە ، کە لەوڵاتی هیندستاندا هەیە .

لەگەڵ کۆمەڵی تەبلیغدا هەڵسوکەوت دەکەم و دەمەوێت سەفەریان لەگەڵدا بکەم بۆ پاکستان ، بۆیە بەچی ئامۆژگاریم دەکەیت ؟

شێخ ( الفوزان ) یش لە وەڵامدا فەرمووی : (( **ننصحكُم [ أن ] لا تسافر معهم و لا تطلع معهم من بيتك إلى مسجدٍ آخر** ، **لا تمشي معهم أبداً** ، **لأنهم مبتدعة لأنهم جماعة بدعة** ، وإذا صار فيك خير و محبة ؛ للدَّعوة و أمر بالمعروف و النهي عن المنكر ، الأبواب مفتوحة ، إلى كيت !! إلى جماعة التبليغ !! أُدع إلى الله وأمر بالمعروف وانه عن المنكر بدون أن تصاحب هؤلاء . نعم )) [٤٨] .

واتە : ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی سەفەریان لەگەڵ مەکە ، وە لەگەڵیاندا دەرمەچۆ لەماڵی خۆتەوە بۆ مزگەوتێکی تر ، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵیان مەگەڕێ ، چونکە بیدعەچین ، لەبەر ئەوەی ئەوان کۆمەڵێکی بیدعەن ، وە ئەگەر تۆ خێر و چاکەت تێدابوو ئەوا بزانە کە دەرگاکانی بانگەواز و فەرمان بەچاکە و قەدەغەکردنی خراپە کراوەیە ، بەڵام بانگەوازکردن بۆ لای فلان !! یان بۆ لای جەماعەتی تەبلیغ !!! بانگەواز بکە بۆ لای خوای پەروەردگار و فەرمان بکە بە چاکە و ڕێگری بکە لە خراپە ، بەبێ ئەوەی هاوڕێیەتی ئەوان بکەیت . بەڵێ .

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز ( د . ربيع بن هادي المدخلي ) :

ئەم پێشەوایە لە زۆر لە کتێبەکانی ئاماژەی بە حەرامێتی حزبایەتی و تەفریقە داوە و ئەوەشی دووپات کردووەتەوە کە ئەو دژی حزبایەتی و تەفریقەیە ، نەك پشتیوانی بێت ، وە کتێبێکی زۆر بە پێزی لەو بارەیەوە نووسیوە کە هەر ناوەنیشانەکەی بەڵگەیە لە سەر ئەوە ، ناونیشانەکەشی : ( جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات ) ، وە لە نووسینەکانیدا سەبارەت بە حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان دواوە ، و ڕەخنەی لێگرتوون ، بۆ نموونە لە کتێبی ناوبراویدا ، و لە چەند شوێنێکدا تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە حزب و کۆمەڵە ئیسلامیيە هاوچەرخەکان وەك : ( التبليغ والإخوان

---

[٤٨] ( ملتقى أنصار الهدى ، قسم زاد طالب العلم الشرعي ، منتدي الصوتيات ، تجميع صوتيات أقوال العلماء في جماعة التبليغ ( الصوفية العصرية ) ، ١٠- العلامة الفوزان يحذر من السفر مع جماعة التبليغ . الرابط : http://www.el-houda.net/vb/showthread.php?t=326 ) .

والقطبيون الحركيون ) لە ئەهلی سوننە نین ، بەڵکو بەرنامە و ئامانجی جیاوازیان هــەیە کە پێچەوانەی ڕێباز و بەرنامەی ( کۆمەڵی ڕزگاربوو و سەرکەوتوو ) ـە ( الفرقة الناجية والطائفة المنصورة ) ، لەوانەش :

**یەکەم** : (( إنَّ هذا الكلام يُعطي : أنَّ جماعة التبليغ وجماعة الإخوان همُ الطائفة المنصورة والفرقة الناجيـــة ! وأنَّ عقائدهم وأعمالهم المعروفة حَقٌّ ! وهذا أمرٌ خَطيرٌ ... )) ، واتە : ئەم قسەیە . ئەوەی کە بووترێت : ئەو حزب و کۆمەڵە ئیسلامییە هاوچەرخانە بەشێکن لە کۆمەڵی ڕزگاربوون !!! [٤٩] . ئەو مانایە دەبەخشێت کەوا : کۆمەڵـەکانی ( تـەبلیغ و ئیخـوان ) بـریتین لـە کۆمـەڵی سـەرکەوتوو و ڕزگـار بـوو ، هـەروەها بیروبـاوەڕ و کردەوە زانراوەکانیان ڕاستە ! وە ئەمەش بڕیارێکی زۆر ترسناکە .

**دووەم** : وە لــە کتێبی ( النصر العــزيـــــز ) دا فــەرمــوویەتی : (( **<u>إنَّ الخـلاف بـين عبـدالرحمن وبـين علماء المنهج السلفي وعلى رأسهم الشيخ ( ابن بـاز والألباني ) إنَّمـا هـو في تحـريم التفـرُّق أو جـوازه ، فالكتـاب والسنـة والإجمـاع ، ومـا عليه أهـل المنهج السلفي ومنهم ( ابن بـــاز والألبـاني ) تحـرم التفـرُّق والتحـزُّب في هـذه الأمَّـة</u>** )) [٥٠] .

واتە : جیاوازی نێوان ( عبـــد الــرحمن ) و زانایانی بەرنامە و مەنهەجی سەلەفی‌یەت وە لە سەروی هەموویانەوە شێخ ( ابن بـــاز والألبـــاني ) لەوەدایە ئایا پەرتـەوازەی و پارچە پارچەگەرێتی حەرامە یان دروستە ، جا ( قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان ) و ئەو بەرنامەیەی کە ئەهلی مەنهەجی سەلەفییەتی لە سەرە لەوانەش ( ابن باز والألباني ) بەڵگەن لە سەر حەرامێتی پەرتەوازەی و پارچە پارچەگەرێتی لە نێو ئەم ئوممەتەدا .

وە لە هەمان سەرچاوەدا فەرموویـەتی : (( **<u>وفي كل هذه الكتب دعوة إلى التحزُّب وتعدد الجماعات والأحزاب ، ودفاعٌ عن هذه الأحزاب والجماعات المُخالفة لأهل السنة والجماعة</u>** )) [٥١] .

واتە : لە هەموو ئەم کتێبانەیدا بانگەواز دەکات بۆ حزبایەتی و بوونی فرە کۆمەڵی و فرە حزبی ، وە بەرگیریشی تێدایە لە پێناو ئەم (ئەحزاب و جەماعاتانە) کە پێچەوانەن بۆ (ئەهلی سوننە و جەماعە .

---

[٤٩] **بڕوانە کتێبی** : ( جماعة واحدة لا جماعات : **لاپەڕە** : ٧٤ ــ ٧٥ ) .

[٥٠] ( النصر العزيز ، ص : ١٦٩) .

[٥١] انظر : " النصر العزيز " ص : (٥٢ ــ ٥٣) .

**سێیەم** : هەروەها شێخ ( ربیع ) لە یەکێك لە ووتەکانی سەبارەت بە مەنهجی خۆی بەرامبەر بە ( حزبایەتی و پەرتەوازەی و پارچە پارچەگەرێتی ) بە ڕاشکاوی فەرموویەتی : (( **<u>إنَّ ربيعاً يُحاربُ الفُرقةَ والتفرُّق والحزبية والتحزُّب ويدعو ـ من أول حياتهِ إلى أنْ يموت إنْ شاء الله ـ إلى الاعتصام بالكتاب والسنَّة وإلى منهج السلف الصالح</u>** )) [٥٢] ، واتە : بە تەئکیدی شێخ ( ڕەبیع ) دژایەتی ( پەرتەوازەی و پارچە پارچەگەرێتی ) و ( حزبایەتی ) دەکات ، وە بانگەواز دەکات . لە سەرەتای ژیانیەوە تا مردنی بە ویستی خوا . بۆ دەست گرتن و پەیوەست بوون بە ( قرئان و سوننەت و بەرنامەی سەلەفی صاڵحەوە ) .

**چوارەم** : وە شێخ لە کۆتایی کتێبی ( جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات : ١٧٦ ـ ١٨٤ ) دا ، و دوای هێنانەوەی فەتوای زانایان و پێشەوایان شێخ : ( ابن باز و الألباني و ابن العثيمين والفوزان ) سەبارەت بە حەرامێتی بوونی چەند حزب و کۆمەڵێك لە ئیسلامدا و ئەمانە لە سەر ڕێگای ڕاست نین ، بەڵکو لە سەر ڕێچکە کورتە پەرتەوازکارەکانن ، هەروەکو چۆن شێخ ( الألباني والفوزان ) بە ڕاشکاوی ئەم باسەیان کردووە و فەرموودەکەی ( ابن مسعود ) و جگە لەویشیان کردووە بە بەڵگە .

پاشان لە دوای باس کردن و هێنانەوەی ئەو فەتوایانە فەرموویەتی : (( أقول : **<u>وفي الجُملة فعلماءُ الإسلام وعلماء السنة في السابق واللاحق لا يُجيزون هذا التفرُّق ولا هذا التحزُّب ولا هذه الجماعات المُختلفة في مناهجها وعقائدها ، لأنَّ اللهَ حرَّمَ ذلك وكذلك رسوله ﷺ ، والأدلة كثيرة</u>** ، وقد سبقَ سردها في مواطنها )) [٥٣] ، واتە : دەڵێم : بە کورتی زانایانی ئیسلام و سوننەت لە کۆن و تازەدا نە ڕێگەیان داوە بەم پارچە پارچەیەوە نە ڕێگەیان داوە بە حزبایەتی وە نە ڕێگەشیان داوە بەم چەندین کۆمەڵە جیاوازانە لە بەرنامە وبیروباوەڕیاندا ، چونکە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ﷺ ئەمانەیان هەموو حەرام کردووە ، وە بەڵگە لە سەر ئەمەش زۆرە و پێشتر لە شوێنی خۆیدا باسمان کردووە .

**پێنجەم** : وە پرسیاری ئەوەی لێکرا کە (( هل جميع الجماعات التي في الساحة اليوم داخلة في حديث الثنتين وسبعين فرقة الهالكة ، وهل جماعة الإخوان المسلمين ، والتبليغ معهم أيضاً ؟ )) ، واتە : ئایا هەموو ئەو کۆمەڵانەی کە لە گۆڕەپانی ئەم ڕۆژدا هەن ، فەرموودەی حەفتا و دوو فیرقە لەناوچووەکە دەیانگرێتەوە ، وە ئایا کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ، و کۆمەڵی ( التبليغ ) یش لەوانن .

---

[٥٢] " النصر العزيز على الرد الوجيز " ص : (١١٨) .

[٥٣] جماعة واحدة لا جماعات ص : (١٨٤) .

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( **كل من لم يكن في عقيدته ومنهجه ودعوته على ما كان عليه رسول الله وأصحابه فهو من الفرق الضالة** ، والإخـــوان المسلمون يجمعون فرقــاً إذ هم فتحوا أبوابهم على مصارعها للروافض والخـــوارج والزيدية والمعتزلة بل والنصارى ، **فهم مجمع للفرق الضالة** ، **ما نسميهم فرقة ضالة** ، **بل هم مجمع فرق** ، وكذلك التبليغ قريبين منهم إذ يبايعون على أربع طرق صوفية وفتحوا الأبواب لمن هب ودب ، فـــلا شك أنهم من الفرق الضالة **وقد سئل الشيخ** ( **ابن باز** ) ــ رحمه الله ــ **فقال** : (( **إنهم من الفرق الأخرى ، وليسوا من أهل السنة والجماعة** )) ، إذ أهل السنة والجماعة هم من كان عليه الرسول وأصحابه هذا الميـــزان للإخـــوان المـــسلمين ولغيرهم هل هم في عقائدهم ومناهجهم ودعوتهم وولائهم وبرائهم على ما عليه الرسول وأصحابه ولا لهم مناهج أخرى ، الجواب لهم مناهج أخرى تختلف تماماً عما كان عليه الرسول وأصحابه في عقيدته ومنهجه وولائه وبرائه ، **نعـــم** )) ،

**واتە : هەموو کەسێك کە لە بیروباوەڕ و پەیڕەو و بانگەشەیدا لە سەر ئەوە نەبێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لە سەر بووە ، ئەوا لە کۆمەڵە گومڕاکانە ، کۆمەڵەی ( الإخوان المسلمون ) چەندەها فیرقەی گرتووەتە خۆ ، دەبینیت دەرگای بۆ والآ کردوون لەوانەش : ( الروافض ) ، و ( الخوارج ) ، و ( الزيدية ) ، و ( المعتزلة ) بەڵکو بۆ خاچ پەرستانیش ، کەواتە ئەوان کۆمەڵگەیەکن بۆ فیرقە گومڕاکان ، هەر ئەوە نیە پێیان بڵێین : فیرقەی گومڕان ، بەڵکو ئەوان کۆمەڵگەیەکن بۆ فیرقە گومڕاکان ، هەروەها کۆمەڵی ( التبليغ ) یش کە نزیکن لەوانەوە ، کە بەیعەت دەدەن لە سەر چوار تەرقەی سۆفیگەرێتی ، و دەرگایان کردووەتەوە بۆ هەر کەسێك هەبێت ، بۆیە گومان لەوەدا نیە کە ئەوانە لە کۆمەڵە گومڕاکانن ، و پرسیاریش کرا لە شێخ ( ابـــن بـــاز ) فەرمووی : (( ئەوانە لەو کۆمەڵانەی ترن ، و لە ئەهلی سوننە و جەماعە نین )) ، چونکە ئەهلی سوننە و جەماعە ئەوانەن کە لە سەر ئەوەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لە سەر بوونە ، ئەم پێوەرەش بۆ کۆمەڵێ ( الإخوان المـــسلمون ) ، و جگە لەوانیشە ، ئایا لە بیروباوەڕ و لە پەیڕەو و بانگەشە و خۆشویستن و بەرائەتیان لە سەر ئەوەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لە سەر بووە ؟ یان پەیڕەوی تریان هەیە ؟ وەڵامیش ئەوەیە کە : پەیڕەوی تریان هەیە بەتەواوی جیاوازە لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لە سەر بووە لە بیروباوەڕ و پەیڕەو و خۆشویستن و بەرائەتیان ، بەڵێ .**

❑ **فەتواى شێخی پایەبەرز ( محمد بن إبراهيم آل الشيخ ) :**

**شێخ** ( محمد بن إبراهيم آل الشيخ ) **لە فەتواییەکیدا ، و لە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵی** ( التبليغ ) **دا فەرموویەتی** : (( من محمد بن إبراهيم إلى حضرة صاحب السمو الملكي الأمير خالد بن سعود رئيس الديوان الملكي الموقر ، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ، وبعد : فقد تلقيت خطاب سموكم ( رقم ٣٦ / ٤ / ٥ ـ د في ٢١ / ١ / ١٣٨٢هـ ) وما برفقه ، وهو الالتماس المرفوع إلى مقام حضرة صاحب الجلالة الملك المعظّم من محمد عبدالحامد القادري ، وشاه أحمد نوراني ، وعبد السلام القادري ، وسعود أحمد دهلوي حول طلبهم المساعدة في مشروع جمعيتهم التي سموها (( كلية الدعوة والتبليغ الإسلاميّة )) ، وكذلك الكتيبات الثلاثة المرفوعة ضمن رسالتهم ، **وأعرض لسموكم أن هذه الجمعية لا خير فيها** ؛ **فإنها جمعية بدعة وضلالة** ، **وبقراءة الكتيبات المرفقة بخطابهم** ؛ **وجدناها تشتمل على الضلال والبدعة** ، **والدعوة إلى عبادة القبور والشرك** ، **الأمر الذي لا يسعُ السكوت عنه** ، **ولذا فسنقوم إن شاء الله بالرد عليها بما يكشف ضلالها ويدفع باطلها** ، ونسأل الله أن ينصر دينه ويعلي كلمته ، والسلام عليكم ورحمة الله )) [54] .

**واتە : لە** ( محمد ) **ی کوڕی** ( إبراهيم ) **ەوە بۆ بەڕێز خاوەن شکۆ میر** ( خالد ) **ی کوڕی** ( سعود ) **سەرەك دیوانی میرنشینی پایەدار** ، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ، **پاش ئەمە : ئەوەت پێڕادەگەیەنم کە ووتاری شکۆدارت بە ژمارە** ( ٣٦ / ٤ / ٥ ـ د ) **لە** ( ٢١ / ١ / ١٣٨٢هـ ) **پێگەیشت لە گەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە گەڵیدا ڕاپێچکرابوو ، کە بریتیە لە داواکاریەك کە بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی بەرزی خاوەن شکۆ میری گەورەمان لە لایەن** ( محمد عبدالحامد القادري ، وشاه أحمد نوراني ، وعبد السلام القادري ، وسعود أحمد دهلوي ) **سەبارەت بە یارمەتی داواکردنیان بۆ ئەو پرۆژەیەی کە ناویان لێناوە** (( كلية الدعوة والتبليغ الإسلاميّة )) **لە گەڵ ئەو کتێبۆکانەی کە ڕاپێچکراوە لە گەڵ نووسراوەکەتان ، جا من ئەوە دەخەمە پێش شکۆتان کە ئەم کۆمەڵەیە هیچ خێرێکی تێدا نیە ، و کۆمەڵەیەکی داهێنراو و گومڕاییە ، وە بە خوێندنەوەی ئەو کتێبۆکانەی کە لە گەڵ ووتارتاندا ڕاپێچکراوە ، بۆمان ئاشکرا بوو کە**

---

[54] ( فتاوى ورسائل الشيخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ ، جمع و ترتيب وتحقيق محمد بن عبدالرحمن بن قاسم ، مكتبة ابن تيمية ، الجزء الأول / م ١ ، ص ٢٦٧ ـ ٢٦٨ ، تحت عنوان : كلية الدعوة والتبيغ الإسلامي ، برقم : ٢٠٢ ) ، و راجع كتاب : القول البليغ في التحذير من جماعة التبليغ ( للشيخ حمود التويجري (ص:٢٨٩ ) .

**گـومڕایی و بیدعـه دەگرنەخـــۆ ، و بانگەشـەی تێدایــە بـــۆ گۆڕپەرسـتی و هـــاوەڵ بڕیـــاردان ، بــەشێوەیەك كــە جێگەی ئـەوەی تێدا نیــە كــە لێی بێدنگ بین ، لــەبەر ئەوە ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لــە سـەر بێت هەڵدەستین بــە بـەرپەرچ دانەوەی ، بــە شێوەیەك كــە گومڕاییەكانی ئاشكرا بكات ، و ناڕەواییەكانی ڕەت بكاتەوە ، وە داواكارین لە خوای پەروەردگار ئایینەكەی خۆی سەربخات ، ووتەی خۆی بڵند بكاتەوە** ، والسلام عليكم ورحمة الله .

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز ( عبد العزيز آل الشيخ ) :

**شێخی پایەبـەرز فـەتوادەری ئێستای وڵاتـی سعودیە ئـەم پرسیارەی ئاراستـەكرا سـەبارەت بـە فرە كۆمەڵی و حزبایەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا كە تێیدا هـاتووە :** (( ما حكم تعدد الفرق في الساحة من ( إخوان ) و ( تبليغ ) و ( هجرة ) و ( جهاد ) و ( تكفير ) ، وغير ذلـــك ؟ )) ، **واتـە : حوكمی ئـەم فرە كۆمەڵیە كە لـە گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆدا هەن وەك ئیخوان و تەبلیغ و هیجرە و جیهاد و تەكفیر و جگە لەوانەش چیە ؟**

**ئەم زانا پایەبەرزە لە وەڵامدا فەرمووی :** (( **يقول الله جل جل وعلا :** ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ ( الحجرات : ١٠ ) ، **ويقول جل وعلا :** ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ﴾ ( التوبة : ٧١ ) ، **أيها الإخوة ، إن ديننا يدعونا إلى أن نكون أمة واحدة ، ويدعونا ويدعو المؤمنين أن نكونوا يداً واحدةً ، ويقول ﷺ : " المؤمن للمـؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا " وشبك بين أصابعه ، وقد أمر الله بالإعتصام بحبله ، فقال :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا ﴾ ( آل عمران : ١٠٣ ) ، **ويقول جل وعلا ذامًّا لأئك المفرقين لعقيدتهم :** ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ) ، **فما يجري في الساحة الإسلامية من هذه الأحزاب : تبليغيون ، إخوانيون ، جهاد ، تكفير ، ونحو ذلك ، كل هذه سبب لتفريق كلمتنا ، وتشتيت شملنا ، وتسلط العدوِّ علينـا ؛ ليضرب بعضنا ببعض ، الواجب علينـا أن ينصح بعضنا بعضاً ، وإذا رأى أحد من أحد خطأ وجَّهَه وأرشده وبين له الخطأ وهداه إلى الصراط المستقيم ، وعلى من يُنْصَح أن يستمع وينصت ويقبل الحق ، وأما أننا نبقى بهذا التقسيم دليل على أن كل فرقة لها منهج غير منهج الأخرى ، فإن كان هذا هو الهدف فذاك الخطأ الكبير** )) [٥٥] ، **واتـە : خـوای پـەروەردگـــار فـــەرمـــوویەتی :**

---

[٥٥] ( من برنامج نور على الدرب إذاعة القرآن الكريم : ١١ ي محرم : ١٤٢٠ هـــ ، نقلا عن : فتاوى علماء .... ص ٦٩ ) .

﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ ، **وه فـەرموویەتی :** ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ﴾ ، **بەڵێ برایان : ئایینەکەمان بانگمان لێ دەکات بۆ ئەوەی کە یەك ئوممەت ببین ، و بانگمان لێ دەکات و لە باوەڕدارانیش کە یەك دەست بین ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : بباوەڕدار بۆ برای باوەڕداری وەکو خانویەکە هەندێکی هەندەکەی تری گرتبێ ، وە پەنجەکانی دەستی کرد بەیەکدا ، وە خـوای پـەروەردگار فـەرمانیشی کردووە بە دەستگرتن بە پەتی پتەویەوە کە فەرموویەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا ﴾ **، وە خوای بەرز و بڵند لە سەرزنشتی کەسانی پەرتەوازکاردا لە بیروباوەڕیاندا فەرموویەتی :** ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ **، جا ئەوەی کە لە گۆڕەپانی ئیسلامی ڕوودەدات لە بوونی ئەم حزبانە : تەبلیغیەکان ، و ئیخوانیەکان ، و جیهاد و تەکفیر ، و هاوشێوەی ئەوانە ، هەموو ئەمە هۆکار و فاکتەرن بۆ پەرتەوازەیی ووتەمان ، بڵاوەپێکردنی یەك کۆمەڵیمان ، و زاڵبوونی دوژمنیش بەسەرماندا ، بۆ ئەوەی هەندێکمان بدەن بەگژ هەندێکی ترماندا ، وە ئەگەر یەکێك لەوی تر هەڵەیەکی بینی ئاراستەی دەکات و ڕێنمووی دەکات ، و هەڵەکەی بر ئاشکرا دەکات ، و هیدایەتی دەدات بۆ ڕێگای ڕاست ، وە پێویستە لە سەر ئەوەی کە ئامۆژگاری دەکرێت گوێ بگرێت و بێدەنگ بێت ، و ڕەوایشی پێ قەبووڵ بێت ، بەڵا سەبارەت بەوەی کە هەروەها بمێنینەوە بەو شێوە پەرتەوازیە ، ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵێك پەیڕەوێکی جیاوازی هەیە لەوی تریان ، بۆیە ئەگەر ئەمە ئامانج و مەبەست بێت ئەوا ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە .**

### ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز ( عبد المحسن العباد البدر ) :

پرسیار کرا لە شێخی فەرموودەناس ( عبدالمحسن العباد البدر ) سەبارەت بە هەریەك لە دوو كۆمەڵی ( التبليغ ) ، و ( الإخـــوان المسلمين ) ، كە تێیدا هاتووە : (( **<u>هنـاك جمـاعـات مُحدَثـة مثـل جماعـة الإخـوان وجماعـة التبليغ وغيرهـا ، هل هـذه الجماعات من أهـل السنة ؟ ومـا نصيحتكم حـول هذا الـموضوع ؟</u>** )) ، واتە : چەندین جەماعاتی داهێنراو هەیە بۆ نموونە ( جماعة الإخوان ) و ( جماعة التبليغ ) و جگە لەمانەش ، ئایا ئەم جەماعاتانە لە ئەهلی سوننەن ؟ وە ئایا ئامۆژگاریتان چییە سەبارەت بەم بابەتە ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( **<u>هذه الفرق المختلفة الجديدة : أولاً هي مُحدثـة</u>** ، ميلادها في القرن الرابع عشر ، قبل القرن الرابع عشر ما كانت موجودة ، هي في عالم الأموات و وُلدت في القرن الرابع عشر .

أما المنهج القويم والصراط المستقيم فميلاده أو أصله من بعثة الرسول الكريم ﷺ ، ما كان عليه رسـول الله ﷺ وأصحابه من حين بعثته عليه الصلاة والسلام ، فمن اقتدى بهذا الحق والهدى فهذا هو الذي سَلِمَ ونجا ، ومن حاد عنه فإنه منحرف .

**<u>تلك الفرق أو تلك الجماعات من المعلوم إن عندها صواب وعندها خطأ ، لكن أخطاؤها كبيرة وعظيمة ، فيُحذَر منها ، ويُحرَص على إتباع الجماعة الذين هم أهل السُنة والجماعة</u>** ، والذين هم على منهج سلف هذه الأمة ، والذين التعويل عندهم إنما هو على ما جاء عن الله وعن رسوله عليه الصلاة والسلام ، وليس التعويل على أمور جاءت عن فلان وفلان ، وعلى طرق ومناهج أُحدثت في القرن الرابع عشر الهجري .

فإن تلك الجماعات ، أو الجماعتين ، اللتين أشير إليهما ، إنما وُجدتا و وُلدتا في القرن الرابع عشر ، على هـذا المنهج ، وعلى هذه الطريقة المعروفة التي هي الالتزام بما كانوا عليه ، مما أحدثه من أحدث تلك المناهج ، و أوجد تلك المناهج ، فالاعتماد ليس على أدلة الكتاب و السُنة ، وإنما هو على آراء ، وأفكار ، ومناهج جديدة مُحدثة ، يبنـون عليها سَيرهم ومنهجهم ، ومِن أوضح ما في ذلك أن الولاء و البراء عندهم إنما يكون لمن دخل معهم ومن كان معهم .

فمثلاً جماعة الإخوان ؛ من دخل معهم فهو صاحبهم يوالونه ، ومن لم يكن معهم ، فإنهم يكونون على خلاف معه ، أما لو كان معهم ـــ ولو كان من أخبث خلق الله ولو كان من الرافضة ـــ فإنه يكون أخاهم ويكون صاحبهم ، ولهـذا من مناهجهم أنهم يجمعون من هب ودب !!! حتى الرافضي الذي هو يبغض الصحابة !! ويكره الصحابة !!! ولا يأخـذ

باالحق الذي جاء عن الصحابة !! إذا دخل معهم في جماعتهم ، فهو صاحبهم ، ويعتبر واحد منهم ، له مالهم وعليه ما عليهم )) (٥٦) .

واته : ئەم گروپە جیاواز و نوێیانە : سەرەتا ئەمانە داهێنراون ، مێژووی لە دایك بوونیان سەدەی چواردەیە ، ئەمانە بوونیان نەبوو ، ئەمانە لە جیهانی مردووەکاندا بوون و لە سەدەی چواردەدا لە دایك بوون .

بەڵام پەیڕەوە تەواوەکە و ڕێگا ڕاستەکە ، مێژووی لە دایك بوونی یان بنەواکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی هاتنی پێغەمبەر ﷺ ، و بۆ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لەسەری بوون لە کاتی هاتنیدا ، جا هەر کەسێك شوێنی ئەم حەق و ڕێنماییە بکەوێت ئەوە ئەو کەسەیە کە پارێزراو دەبێت و ڕزگاری دەبێت ، وە هەر کەسێك لێی لابدات ئەوا لادەر و گومڕایە .

زانراوە کە ئەو گروپانە یان ئەو کۆمەڵانە ڕاستیان هەیە و هەڵەشیان هەیە ، بەڵام هەڵەکانیان گەورە و مەزنن ، بۆیە دەبێت موسڵمانان لێیان ئاگادار بکرێتەوە و پەرۆشی شوێنکەوتنی ( الجماعة ) بن کە بریتین لە ئەهلی سوننە و جەماعەیە ، و ئەوانەی کە لەسەر پەیڕەوی سەلەفی ئەم ئوممەتەن ، ئەوانەی کە پشت دەبەستن تەنها بەوەی کە لە خوا و لە پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ هاتووە ، نەوەك پشت ببەسترێت بە شتانێك کە لە فلان و فلانەوە هاتوون ، وە نەك پشت ببەسترێت بە ڕێگە و پەیڕەوێلێك کە لە سەدەی چواردەی کۆچیدا داهێنراون !!

چونکە ئەو کۆمەڵانە یان ئەو دوو کۆمەڵەیە کە ئاماژەیان پێکرا . مەبەستی شێخ : کۆمەڵی ( التبليغ ) و ( الإخوان المسلمين ) ە . لە سەدەی چواردەدا پەیدا بوون و لە دایك بوون لەسەر ئەم پەیڕەوە و لەسەر ئەم ڕێگا زانراوە کە بریتیە لە پابەند بوون بەوەی کە لەسەری دەڕۆن ، لەوەی کە داهێنراوی ئەو کەسانەیە کە ئەو پەیڕەوەیان داهێناوە ، و ئەو بەرنامانەی هێناوەتە بوون ، ئەوان پشت نابەستن بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت ، بەڵکو پشت دەبەستن بەو ڕاوبۆچوون و بیر و بەرنامە نوێیە داهێنراوانەی کە ڕێڕەو و پرۆگرامیانی لەسەر بنیات دەنێن ، وە لە ڕوون ترین شت کە لەوەدا هەیە ئەوەیە کە

---

(٥٦) ( من شريط : فتاوى العلماء في الجماعات وأثرها على بلاد الحرمين ، الوجه الثاني ، الدقيقة : (٥٢) ، الثانية : (١٤) ، وكتاب : فكر التكفير ص : (٢٧٩ ــ ٢٨١) ) .

دۆستایەتی و بێبەری بوون لە لای ئەوا تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە لەگەڵ ئەواندا دەچنە نێویانەوە و بۆ ئەوانەیە کە لەگەڵ ئەواندان .

بۆ نموونە کۆمەڵی ( الإخوان ) ئەو کەسەی بچێتە ڕیزەکانیانەوە ئەوا هاوەڵیانەو خۆشیان دەوێت ، وە ئەوەش کە لە گەڵیاندا نەبێت ، ئەوا دەکەونە پێچەوانە بوونەوەی ، بەڵام ئەگەر لە گەڵیاندا بێت . ئەگەر پیسترین دروست کراوی خوای پەروەردگار بێت ، ئەگەر لە شیعەش بێت . ئەوا برایانە و دەبێت بە هاوەڵیان ، لەبەر ئەمە لە پەیڕەویاندا ئەوە هەیە کە هەرکەسێك بێت کۆی دەکەنەوە !! تەنانەت کەسانی ( رافـــضة ) ش کە دژایەتی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن !! و رقی لە هاوەڵانە !!! وە ئەو ڕەواییەش وەرناگرێت کە هاوەڵان پێی هاتوون !!! ئەگەر بچێتەڕیزەکانیانەوە ، دەبێت بە هاوەڵیان ، و بەیەکێك لە خۆیانی دەزانن ، ئەوەی بۆ ئەوان هەیە بۆ ئەویش هەیە ، و ئەوەشی لەسەرە کە لە سەر ئەوان هەیە .

❁ ❁ ❁ ❁

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز ( أحمد محمد شاكر ) بە ڕەحمەت بێت :

زانای فەرموودەناس شێخ ( أحمد شاكر ) . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمون ) فەرموویەتی : (( **الإخوان المسلمون خوارج العصر** )) [٥٧] .

واتە : کۆمەڵی ( الإخوان المسلمون ) خەوارجی ئەم سەردەمەن .

❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز و فەرموودەناس ( أحمد بن يحيى النجمي ) . بە ڕەحمەت بێت . :

شێخی پایە بەرز و فەرموودەناس ( **أحمد بن يحيى النجمي** ) . بە ڕەحمەت بێت . لە زرێك لە ووتەکانی باسی لە بیدعەییێتی و حەرامێتی حزبایەتی ، و زیانەکانی کردووە ، بۆیە لێرەدا هەندێك لە ووتەکانەی دەخەینە ڕوو ، لەوانەش :

---

[٥٧] ( مجلة الأصالة ، العدد : ٤٠ ، ص : ١١ ) .

**یەكەم** : شێخ . بە ڕەحمەت بێت . لە وتەیەكیدا ئەوە ڕادەگەیەنێت كە حزبایەتی بیدعە ، هەروەكو فەرموویەتی : (( **ومما سبق نعلم أن الحزبية بدعة** ؛ لأن الله عزوجل ساقها مساق الذم في مواضع كثيرة من كتابه ، ونهى عنها رسول الله ﷺ وحذر منها في أحاديث كثيرة ، منها ماكتب هنا ومنها مالم يكتب ، **وما توارد عليه كتاب ربنا وسنة نبينا من ذم التفرق والحزبية هو ماجرى عليه سلفنا الصالح من الصحابة والتابعين ومن بعدهم من أئمة الدين** )) (٥٨) .

واتە : وە لەوەی كە لە پێشدا باسكرا دەزانین كە حزبایەتی بیدعە و داهێنراوە ، چونكە خوای پەروەردگار وەكو سەرزنشت باسی لێوە كردووە لە زۆرێك لە ئایەتەكانی كتێبەكەیدا ، وە پێغەمبەری خواش ﷺ لە زۆرێك لە فەرموودەكانیدا یاساغی لێكردووە ، و ئاگاداری كردووینەتەوە لێی ، هەندێكی ئەوانەن لە لێرەدا نووسراونەتەوە و هەندێكیشی نەنووسراوەتەوە ، وە ئەوەش كە قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ باسیان لێوە كردووە ، و پێی هاتوون ، و باسیان لێوە كردووە ، هەر ئەوەیە كە سەلەفی صاڵحی لەسەر ڕۆشتوون ، لە هاوەڵان و شوێنكەوتوانیان لە پاش ئەوان لە پێشەوایانی ئایین .

**بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی :** (( مسألة الجماعات وما يتعلق بِها : هذا الأمر قد كتب فيه وبيَّن العلماء حياله ما يَحتاج إلى بيان ابتغاء مرضاة الله عز وجل ونُصرة الحق ومَحبة أبنائنا الشَّباب ، لأنَّ الشَّباب عنده رغبة في أنْ يُقدم لهذا الدِّين ما ينفع ويفيد وما تبرأُ بِهِ الذِّمة ، ولكن قد يسلك غير الطريق ، ومن هنا يتعين السعي الحثيث في تَحصيل العلم والتحصن بِهِ حتى يستطيع الإنسان أنْ يُميِّزَ بين الخطأ والصواب ، وبين ما تدعو إليه الجماعات المتعددة ، إذ لا يستطيع أنْ يُميِّزَ إلاَّ من آتاهُ الله بصيرةً وآتاهُ حكمةً ، وفي كُلِّ زمان تقع أنواع من البدع وتظهر أنواع من البدع تُخالِف السُّنَن ، فهيَّأ الله تبارك وتعالى لها العُلماء الرَّبانيين الذين آتاهم الله حكمةً وبصيرةً فيَردُّون على أهل البدع ويُحذِّرون منها ، وينذرون الناس لما فيها من الخطر ، ويكفي في خطرها أنَّ النبي ﷺ قال : " وإيَّاكم ومُحدثات الأُمور ، فإنَّ كُلَّ مُحدثةٍ بدعة ، وكلَّ بدعةٍ ضلالة ، وكلَّ ضلالةٍ في النار " .

**<u>فقضية تعدد الجماعات أمرٌ لا يَجوز عقلاً وشرعاً</u>** ، **<u>وإنَّما الحق أنْ يكونوا جماعة واحدة</u>** ، وهذا هو الذي أجاب به رسولنا ﷺ عندما سُئِلَ عن الطائفة الناجية المنصورة فقال : " هم الجماعة " ، هذه الجماعة هم الذين اهتموا بكتاب ربِّهم تلاوةً وفهماً للمعنَى وعملاً بالمقتضى ، وبصحيح سنة نبيهم ﷺ وترسموا خُطَى السلف الصالح وإنْ تباعدت أقاليمهم وهم على هذا النهج ، فهم الجماعة .

وأيُّ جماعةٍ تأتي بمنهج له بنود وله أعمال تُخالفُ منهج أهل السنة والجماعة : السلف الصالح فإنَّهُ يَجب أنْ يُبيَّن ما فيهِ من خطَر ، وأنْ يُحذِّر الأُمَّـــة منه وبالدرجة الأولى الشَّباب الذين نُحبُّ لهم كلَّ خير ، ونكره أنْ يرتكسوا في أدنَى بدعةٍ من البدع ، لما في البدع من الشَّر الخطير .

فإن كانت قد ظهرت في الساحة في الزمن الماضي بل في الأزمان الماضية بدعٌ ابتدعها رجل ، كبدعة القول بنفـــي القَدر في آخر عهد الصحابة الذين قالوا : لا قَدرَ ، وبدعة الرفض ، وبدعة الاعتزال ، وبدعة التجهم ، وبدعة التصوف ، وبدعة الأشعرية ، والكلابية ، والماتريدية ، ونِحَلٌ متعددة ومُختلفة ، هذه البدع كلُّها جاءت تُخالِفُ طريقة الـــسلف الصالح الذين انطلقوا بالفهم الصحيح من كتاب ربِّهم وصحيح سنة نبيهم ﷺ ، فهل تُرِكَتْ في تلـــك العـــصور ؟ أم انبرَى لها في كل زمن وفي كل مكان رجال من أهل العلم الشرعي وبيَّنوا بُطلانَها وبيَّنوا مُخالفتها ، وحذَّروا الأمَّة مـــن الوقوع فيها .

وهذا هو الواجب على الناس كلَّما نَجمت بدعة في زمن من الأزمنة أو في مكان من الأمكنة وجبَ على من آتاهم الله علماً وبصيرةً أنْ يَردُّوا البدعة حتى يُقضَى عليها في مهدها ، أو يُخفَّف من شرها رحمةً بالأُمَّة ونُصرةً للحق ودحـــضاً للباطل وقمعاً لدابر الابتداع .

وفي عصرنا الحاضر لا شكَّ قد وفدت جماعات على هذه البِلاد أعني المملكة العربية السعودية التي لا نعرف إلاَّ أنَّها جماعة واحدة قامت على ذلك علماء وحُكام ، وهو أمر مسلَّمٌ بهِ عند جميع العُقلاء أهل الإنصاف ، أمَّا أهل الإســـراف وأهل الجحد فلا حِلَةَ لنا فيهم ، والواجب الإنصاف ، قامت جماعة واحدة على نَهج الكتاب والسنة عقيدةً ، وشعائر ، ومعاملةً ، ومنهجَ دعوةٍ ، ومنهجَ جهادٍ ، ومنهجَ أدبٍ وسلوكٍ ، وأخلاقٍ ، ونصيحةٍ ، وأمرٍ بمعروفٍ ونَهي عن منكرٍ ، ونَحنُ لا ندعي الكمال لنا ولا لعلمائنا ولا لحُكامنا فالكمالُ لله عز وجل ولمن منحهُ الله من خلقهِ ، ولكن هـــذه هـــي الحقيقة ، فلَّما وفدت جماعات من الخارج : جماعة الإخوان المسلمين مؤسسها معلوم ومشهور للخاص والعام وبالدرجة الأولى طُلاب العلم هو حسن البنا ( ت ١٣٦٨ هـــ ) وقع في أخطاء ، أخطاء تتعلق بمنهج الدعوة ، وأخطـــاء تتعلـــق بمنهج الوَلاء والبَراء ، أخطاء تتعلق بأمورٍ متعددة ، قام بعض العلماء ـــ بارك اللهُ في جهودهم وحياتِهم ورحمهـــم بعـــد مَماتِهم ـــ وقالوا : أخطأ رحمه الله في كذا وكذا ، وفي بيانِهم من الخير للناس ما لا يُحصَى ، بل وتَخفيفٌ عمَّن أخطـــأ وأفضى إلى الله عز وجل ، فكُلَّما عُمِلَ بالبدع التي أحدثها من مات كلَّما عَمِلَ بِها الناس وأكثروا من العمل بِها ، اشتدَّ الخطرُ على من ابتدع وورَّث ، وكُلَّما قَلَّ العاملون أو انتهت هذه البدعة وقُضِيَ عليها خَفَّ عمَّن أسَّسها الخطـــر والإثم

، سواءً أحدثها بِحُسن نيَّة أو بغير ذلك ، وأنا واحدٌ مِمَّن تتبَّع الأخطاء بعد أنْ غفلتُ عنها مدة طويلة من الزمن ، لكن لَّما رأينا الخطأ وعندنا ــ ولله الحمد ــ القُدرة على بيانه بيَّناهُ بالأسلوب العلمي لا بالتفسيق ولا بالهجوم ولا بالسَّب ولا بالشَّتم ولا بشيءٍ من ذلك ، بل قُلنا : أخطأ في كذا بدليل كذا ، وأخطأ في كذا بدليل كــذا ، والكُتــب موجــودة ومنشورة لا أستطيع أنْ أُحصي لكم نقاط الخطأ وكيفية الرَّد .

والحاصل أنَّ هذه [ أي الإخوان المسلمين ] جماعةٌ جاءتْ بمنهج لَّما عُرِضَ على منهج الكتاب والسنة وُجِدَ في جُــلِّ بنودهِ ما يُخالِفُ منهج الكتاب والسنة في الدعوة إلى الله وغيرها ، وفي ذلك خطرٌ على عقيدة المسلمين وبالأخص العوام منهم الشَّباب ...

وخُلاصة القول : أنَّ الدعوة إلى الله عملٌ شريف ، ووظيفةُ رسل الله الكِرام ، وأنبيائِه العِظام ، وكُلٌّ من تأسَّى بِهم من الأنام ، ولكنَّها توقيفية يَجب أنْ نسيرَ فيها في الطريق والمنهج الذي رسمهُ الله عز وجل في كتابهِ وأوضحه النبي ﷺ في سنتهِ ، ولا نعمَدُ يُمنة ولا يُسرةً فنقع في الخطأ ونضلُّ فنهلك .

والحديث يطول واقرءوا ما كُتِبَ حيال هذه الجماعات بحسن النيَّة وحسن القصد ، واتصلوا بالعلماء الــذين هــم أتباع السلف ، وانبذوا هذا التحزب والتعصب ، وطَهِّروا القلوب من أنْ تُبغِضَ عالِماً يُصحح الخطأ ليكــون صــواباً ويُحيي السنة ويُميت البدعة ، لا يريد إلاَّ وجه الله ، وقد صبر واحتسب على ما يناله في عرضهِ وفي نفسهِ مــن أجــل إقامة السُّنن وإماتة البدع ، هذا ما أُوصي به نفسي وأُوصيكم بهِ ، وأسألُ اللهَ أنْ يُبارِكَ لنا ولكم في الأعمــال والأرزاق والعلم إنَّه سميع مُجيب )) [٧٩] .

**واته : بابەتی کۆمەڵ و ئەوەی کە پەیوەندە پێیانەوە : ئەم بابەتە چەندین زانا ئەوەی پێویست بووە لەبارەیەوە نووسیویانە و ڕوونکردووەیان هەبووە ، ئەوەی کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە کردبێت ، بە مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە ، وسەرخستنی حەق وخۆشەویستی ڕۆڵەی لاومان ، چونکە لاوان خواستی ئەوەیان تێدایە کە ئەوەی بەسوود و سوودبەخشە و گەردنی پێ بۆبەری دەکرێت پێشکەشی بکات بۆ ئەم ئاینە ، بەڵام لەوانەیە جگە لە ڕێگای ڕاست بگرێتەبەر ، جا لێرەوە پێویستە هەوڵێکی بە کۆشش بدرێت لە پێناو دەست خستنی زانستی شەرعی و خۆپتەو پێکردنی ، تاکو مرۆڤ بتوانێت**

---

[٧٩] ( العقد المنضد الجديد في الإجابة على مسائل في الفقه والمناهج والتوحيد " ص : (١١٤) وما بعدها ، نقلاً عن : " رسالة إلى منتظم في جماعة الإخوان المسلمين " ص : (٦٦ ــ ٦٧) ) .

جیاوازی بکات لە نێوان هەڵە و ڕاستدا ، وە لە نێوان ئەوانەی ئەو هەموو کۆمەڵانە بانگەوازی بۆ دەکەن ، چونکە مرۆڤ . جگە لەوانە نەبێت کە خوا بەرچاوڕۆشنی و دانایەتی پێبەخشیوون . ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان هەڵە و ڕاستدا ، وە لە هەموو سەردەمێکدا چەندین جۆر بیدعە سەرهەڵدەدات و چەندین جۆر لە بیدعە دەردەکەوێت و کە پێچەوانەی سوننەتەکانن ، خوای تبارك و تعالا زانایانی بۆ خواسوڵحاو ئەوانەی کە خوا دانایەتی و بەرچاوڕۆشنی پێبەخشیوون بۆ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی وەڵام و بەرپەرچی بیدعەکاران بدەنەوە ، و خەڵکیان لێئاگادار بکەنەوە ، وە خەڵکی لێ ئاگادار دەکەنەوە لەبەر ئەو مەترسییانەی کە تێیدایە ، وە بۆ مەترسیەکانی ئەوە بەسە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ئامان وریای شتە داهێنراوەکان بن ، چونکە هەموو تازە داهێنراوەك بیدعەیە ، و هەموو بیدعەیەکیش گۆمڕاییە ، و هەموو گۆمڕاییکیش لە ئاگردایە .

کەواتە فرە کۆمەڵی شتێکە بە پێی عەقڵ و شەرع دروست نیە ، بەڵکو حەق ئەوەیە کە هەموویان یەك کۆمەڵ بن ، ئەمەش ئەوەیە کەوا پێغەمبەرمان ﷺ وەڵامی پێی داوەتەوە لە کاتێکدا کە پرسیاری لێکرا سەبارەت بە کۆمەڵی ڕزگاربووی سەرکەوتوو ، لەو فەرموودەیەی کە تێیدا فەرموویەتی : بریتیە بە ( الجماعــة ) ، ئەم کۆمەڵەیەش ئەوانەن کە بایەخ دەدەن بە کتێبی پەروەردگاریان بە خوێندنەوە و تێگەیشتن لێی و کردەوە کردنیش بە داخوازییەکانی ، هەروەها گرنگی و بایەخ دەدەن بە فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەرەکەیان ﷺ و شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی سەلەفی صالحن ، ئەگەرچی وڵاتەکانیان لە یەکەوە دووریش بن ئەوان هەموویان لەسەر ئەم پەیڕەوەن ، ئا ئەوانە ( الجماعة ) ن .

وە هەر کۆمەڵێکیش پەیڕەوێك بێنێت کە چەندین بەند و کردەوەی تێدا بێت پێچەوانەی بەرنامەی ئەهلی سوننە و جەماعە سەلەفی صالح بێت ، ئەوا پێویستە ئەو مەترسییانەی کە تێیدایە ڕوون بکرێتەوە ، وە پێویستە ئوممەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە ، لە پلەی یەکەمیشدا لاوان ، کە ئێمە هەموو خێرێکمان بۆیان دەوێت ، وە پێمان ناخۆشە بکەونە نێو کەمترین بیدعە لە بیدعەکان ، لەبەر بوونی خراپەی مەترسیدار لەو بیدعانەدا .

ئەگەرچی لە گۆڕەپانەکەدا و لە سەردەمی ڕابردوودا بەڵکو لە سەردەمانی ڕابردوودا چەندین بیدعە دەرکەوتبێتن و سەریانهەڵدابێت کە لە دایهێنانی پیاوێلێك بوون ، وەکو بیدعەی باوەڕبوون بە

ڕەتکردنەوەی قەدەر لە کۆتایی سەردەمی هاوەڵاندا ئەوانەی کە دەیانووت : خوای پەروەردگار هیچ قەدەرێکی نەکردووە ، و بیدعەی شیعەکان ، و بیدعەی موعتەزیلەکان ، و بیدعەی جەهمیەکان ، و بیدعەی سۆفیگەرێتی ، و بیدعەی ئەشعەریەت ، و کوللابیە ، و ماتوریدیە ، و چەندین گروپی جیاوازی تر ، ئەم بیدعانە هەموویان هاتوون و پێچەوانەی ڕێبازی سەلەفی صاڵحیان کردووە ، ئەوانەی کەوا بە تێگەیشتنی ڕاست لە کتێبەکەی پەروەردگاریان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەرەکەیانەوە ﷺ تێگەیشتوون ، ئایا لەو سەردەمانەدا هەموو ئەو بیدعانە وازیان لێهێنرا ؟ یان لە هەموو سەردەمێك و لە هەموو شوێنێکدا پیاوانێك لە ئەهلی عیلم بەڕوویاندا هەڵساونەتەوە و بەرپەرچیانیان داونەتەوە و پووچەڵێتی و پێچەوانەبوونیان ڕوونکردووەتەوە و ئوممەتیان ئاگادارکردووەتەوە لە کەوتنە نێو ئەو بیدعانەوە .

ئا ئەمە لەسەر خەڵك پێویستە ، کە هەر کاتێك بیدعەیەك دەرکەوت لە سەردەمێك لە سەردەمەکاندا یان لە شوێنێك لە شوێنەکاندا پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە خوای پەروەردگار عیلم و بەرچاوڕۆشنی پێداون بەرپەرچی ئەو بیدعەیە بدەنەوە ، تاکو هەر لە لانکدا لەناو ببرێت ، یان بۆ ئەوەی زیان و خراپەی کەم بکرێتەوە ، وەکو بەزەیی هاتنەوەیەك بە ئوممەت و سەرخستنی حەق و پووچەڵکردنەوەی ناڕەوایی ، و سەرکوت کردنی بنەبڕکردنی بیدعەکردن .

وە لەم سەردەمەی ئێستاماندا بێگومان کۆمەڵەیەکی زۆر هاتوونەتە وڵاتەوە . مەبەستم شانیشینی عەرەبی سعودیە . کە جگە لە یەك کۆمەڵ نەبێت هیچمان پێنەدەزانی تێیدا هەبێت ئەوەش بە سەرپەرشتی زانایان و کاربەدەستان ، و ئەوەش شتێکی دانپیانراوە لە لایەن هەموو خەڵکانێکی ژیری خاوەن ویژدانەوە ، بەڵام کەسانی زیادڕەویکار و ئینکارکاران ئێمە هیچ ڕێگە چارەیەکمان نیە بۆیان ، وە پێویستە یەکسانی و داپەروەری هەبێت ، تەنها یەك کۆمەڵ لەسەر پەیڕەوی قورئان و سوننەتن لە ڕووی : بیروباوەڕ و دروشمەکان و مامەڵەکردن و پەیڕەوی بانگەواز و پەیڕەوی جیهاد و پەیڕەوی ئەدەب و هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ئامۆژگاری و فەرمان کردن بە چاکە و یاساغی کردنی لە خراپەوە ، وە ئێمە لاف کامڵێتی ناکەین نە بۆ خۆمان نە بۆ زانایانمان و نە بۆ کاربەدەستانیشمان ، چونکە کامڵێتی تەنها بۆ خوای گەورە و ئەو کەسانەیە کە خوا کامڵێتی پێ بەخشیون لە دروسکراوەکانی ، بەڵام ئەمە

حەقیقەتە ، کاتێك کە چەندین کۆمەڵ لە دەرەوە هاتن بۆ نێو ئەم وڵاتەمان بۆ نموونە : کۆمەڵی ( الإخوان المسلمین ) کە دامەزرێنەرەکەی زانراوە و بەناوبانگە لە لای کەسانی تایبەت و گشتیشدا و بە پلە یەکیش بە لای فێرخوازانی زانستی شەرعیەوە کە ( حسن البنا ) یە کە لە ساڵی ( ١٣٦٨ ك وەفاتی کردووە ) ئەم کەسە کەوتووەتە چەندین هەڵەوە ، هەڵەی وا هەیە پەیوەندی بە پەیڕەوی بانگەوازەوە ، وە هەڵەی وا هەیە پەیوەندی بە پەیڕەوی دۆستایەتی و ڕقلێبوونەوە هەیە ، وە هەڵەی وا هەیە پەیوەندی بە چەندین بواری ترەوە هەیە ، هەندێك لە زانایانی ئەهلی سوننە . خوا بەرەکەت بخاتە نێو هەوڵەکان و ژیانیانەوە و ڕەحمیشیان پێ بکات لە پاش مردنیان . هەستاون و فەرموویانە : ئەم پیاوە . بە ڕەحمەت بێت . هەڵەی کردووە لەوە و لەوەدا ، وە ئەوەندە خێر لەم ڕوونکردنەوانەیاندا هەیە بۆ خەڵك لە ژماردن نایەت ، بەڵکو سووك کردنەوەیە لەسەر ئەو کەسەی کە هەڵەی کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ لای خوای گەورە ، چونکە هەرچەنێك کردەوە بکرێت بەو بیدعانەی کە کەسە مردووەکە دایهێناون هەرچەنێك خەڵك کردەوەیان پێبکەن و زۆر تر کردەوەیان پێبکەن ئەوا مەترسییەکەی سەخت و تووند تر دەبێت لەسەر ئەو کەسەی کە دایهێناون و بە میرات بەجێی هێشتوون ، وە هەرچەنێك ئەنجامدەرانی ئەو بیدعانە کەم ببنەوە یان بیدعەکە کۆتایی پێبێت و بنەبڕکرا ئەوا مەترسی و تاوان سووك دەبێتەوە لەسەر دامەزرێنەرەکەی ، بەبێ جیاوازی لە نێوان ئەوەی کە بە نیازێکی چاکەوە یان بە بێ ئەو نیازە دایانیهێنابێت ، وە من یەکێکم لەو کەسانەی کە بە دوای ئەو هەڵەنەدا ڕۆیشتووم و گەڕاوم بە دوایاندا لە پاش ئەوەی کە بێئاگا بووم لێیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ، بەڵام کاتێك کە هەڵەمان بینی و . سوپاس بۆ خوا . تواناشمان هەیە بەسەر ڕوونکردنەوەیدا ڕوونمان کردەوە بە شێوازێکی زانستیانە نەك بە تاوانبار کردن و هێرشکردنە سەر و جنێو پێدان و قسە پێوتن و بە شتێك لەمانە ، بەڵکو ووتومانە : لەوەدا هەڵەی کردووە بە بەڵگەی ئەوە ، وە لەوەدا هەڵەی کردووە بە بەڵگەی ئەوە ، وە کتێبەکان هەن و بڵاون و ناتوانم خاڵە هەڵەکان و چۆنێتی بەرپەرچدانەوەیان بژمێرم بۆتان .

دەرئەنجام ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم جەماعتە کۆمەڵێکن پەیڕەوێکیان هێناوە ئەگەر بخرێنەڕوو بۆ قورئان و سوننەت دەبینرێت زۆرینەی بەندەکانی پێچەوانەن بە پەیڕەوی قورئان و سوننەت لە

بانگەوازکردندا بۆ لای خوای پەروەردگار و لە جگە لەمەشدا ، وە ئەمەش ترسناکی تێدایە بۆ سەر بیروباوەڕی موسڵمان و بەتایبەت خەڵکانی عەوامی سادە و لە نێویشیاندا لاوان .

پوختەی ووتە ئەوەیە : کە بانگەوازکردن بۆ لای خوا کارێکی پیرۆزە ، وە ئەرکی پێغەمبەرە ڕێزدارەکان و هەواڵپێدراوە گەورەکانی خوایە ، هەروەها ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە لە خەڵکی کە چاویان لێ دکەن ، بەڵام بانگەواز کردن بۆ لای خوا دیاری کراوە ، بۆیە پێویستە کە تێیدا لەسەر ئەو ڕێگا و پەیڕەوە بڕۆین کە خوای گەورە دایناوە لە کتێبەکەیدا و پێغەمبەریش ﷺ ڕوونی کردووەتەوە لە سوننەتەکەیدا ، وە نابێت بە لای ڕاست و چەپدا بڕۆین ، ئەگینا دەکەوینە هەڵەوە و گومڕا دەبین و تیادەچین .

وە ئەم باسە درێژە دەکێشێت ، بۆیە ئەو کتێب و نووسراوانە بخوێننەوە کە سەبارەت بەمکۆمەڵانە نووسراون بە نیاز و مەبەستی باشەوە ، وە پەیوەندی بکەن بەو زانایانەوە کە شوێنکەوتەی سەلەفن ، وە ئەم حزبایەتی و دەمارگیریە بەلاوە بنێن ، وە دڵەکان پاك بکەنەوە لەوەی کە ڕقی بێت لە زانایەك کە هەڵە ڕاست دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕاست ببێتەوە و سوونەت زیندوو دەکاتەوە و بیدعە دەمرێنێت ، و هیچ مەبەستێکیشی نیە لەمەدا تەنها پاداشتی خوای پەروەردگار نەبێت ، وە ئارامی گرتووە و چاوەڕوانی پاداشتی خوایە لە بەرامبەر ئەوەی کە تووشی دەبێت لە لەکەدار کردنی شەرف و ناموسی لە خوودی خۆیدا لە پێناو جێگیر کردنی سوننەت و مردانـدنی بیدعەکاندا ، ئەمەیە کە ئامۆژگاری خۆم و ئامۆژگاری ئێوەشی پێ دەکەم ، وە داواکارم لە خوای پەروەردگار کە بەرەکەت بخاتە کردەوە و ڕۆزی و زانستی ئێمە و ئێوەشدا ، بەڕاستی ئەو بیسەری ڕەها و وەڵامدەرەوەی داواکاریەکانمانە .

## تاوتوێکردنی فەتوای پێشەوایان ( ابن باز ) و ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بن ـ لە گەڵ ئەو لێکدانەوانانەی کە چەواشەکاریانەی بۆ فەتواکانی ئەو دوو بەڕێزە دەکرێت

### تاوتوێکردنی فەتواکانی ( ابن باز ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ
### لە گەڵ ئەو لێکدانەوەی کە چەواشەکاران بۆ فەتواکانی دەیکەن

**چەواشەکاران دوو لە فەتواکانی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . ، لە ووتار و دەرسەکانیاندا دەکەن بە بەڵگە لە سەر ڕەوایی کاری حزبایەتی !!! و تەفریقەی موسڵمانان !!! کە ئەمە هەردوو فەتواکەیە لە گەڵ واتاکانیان :**

**فەتوای یەکەم : ئەم پرسیارە لە پێشەوا ( ابن باز ) دەکرێت :** (( في الساحة مَنْ يقول : إنَّ الفِرَقَ التي ورد الأمرُ باعتزالِها في حديث حذيفة هي الجماعات الإسلامية ، كالسلفيين والإخوان والتبليغيين ، فما قول سماحتكم في ذلك ؟ )) **واتە : لە گۆڕەپانی ئەمڕۆدا کەسانێك هەن دەڵێن : ئەو گروپانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەکەی ( حذيفة ) دا رضي الله عنه فەرمانی پێکردووین کە دووربین لێیان و تێکەڵیان نەبین بریتین لە کۆمەڵ وحزبە ئیسلامییەکان ، وەکو : سەلەفی و ئیخوان و تەبلیغییەکان ، ئایا وتەی بەڕێزتان چییە سەبارەت بەمە ؟**

**ئەویش لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەفەرمووێت :** (( النبي ﷺ قال لِحذيفة لَمَّا قال : يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ ، فَجَاءَنَا اللهُ بِهَذَا الْخَيْرِ ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ ؟ قَالَ : " نعم " ، قُلْتُ : وَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ ؟ قَالَ : " نَعَمْ ، وَفِيهِ دَخَنٌ " ، قُلْتُ : وَمَا دَخَنُهُ ؟ قَالَ : " قَوْمٌ يَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي ويستنُّون بغير سنتي تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ ، فقال حذيفة : فَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ ؟ قَالَ : " نَعَمْ ، دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ ، مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا " ، قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللهِ صِفْهُمْ لَنَا ؟ قَالَ : " هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا ، وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا " ــ يعني من العرب ــ ، قُلْتُ : يا رسولَ الله فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ ؟ قال : " تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ " ، قُلْتُ : فَإِنْ لَمْ يَكُنْ

لَهُمْ جَمَاعَةٍ وَلاَ إِمَامٌ ؟ قَالَ : " فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا ، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ على أَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ " [1] .

هذا الحديث العظيم يُبين لنا أنَّ الواجب على المسلم : لزوم جماعة المسلمين ، والتعاون معهم في أي مكان ، سواء كانت جماعة توجد في الجزيرة العربية ، أو في مصر ، أو في الشام ، أو في العراق ، أو في أمريكا ، أو في أوربا ، أو في أي مكان .

فمتى وجد المسلم جماعةً تدعو إلى الحق ساعدهم وصار معهم وأعانَهم وشجعهم وثبتهم على الحق والبصيرة ، فإذا لَمْ يَجد جماعة بالكلية فإنَّهُ يَلزمُ الحق وهو الجماعة ولو كان واحداً ، كما قال ابن مسعود رضي الله عنه لعمرو بن ميمون : (( الجماعة ما وافق الحقَ وإنْ كُنْتَ وحدكَ )) .

فعلى المسلم أنْ يطلب الحق ، فإذا وجد مركزاً إسلامياً يدعو إلى الحق ، أو جماعةً في أي مكان يدعون إلى الحق ــ أي : إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ وإلى العقيدة الطيبة ــ في أوربا أو في أفريقيا أو في أي مكان فليكن معهم يطلب الحق ويلتمس الحق ويصبر عليه ويكون من أهلهِ ، هذا هو الواجب على المسلم ، فإذا لَمْ يَجد مَنْ يدعو إلى الحق لا دولة ولا جماعة لَزِمَ الحق وحده واستقام عليه فهو الجماعة حينئذٍ كما قال ابن مسعود رضي الله عنه لعمرو بن ميمون .

وفي زماننا هذه ــ والحمدُ لله ــ توجد الجماعات الكثيرة الداعية إلى الحق ، كما في الجزيرة العربية : الحكومة السعودية ، وفي اليمن والخليج ، وفي مصر والشام ، وفي أفريقيا وأوربا ، وفي الهند وباكستان ، وغير ذلك من أنحاء العالَم ، توجد جماعات كثيرة ومراكز إسلامية وجمعيات إسلامية تدعو إلى الحق وتُبشِّر بهِ وتُحذِّر من خلافهِ .

فعلى المسلم الطالب للحق في أي مكان أنْ يَبحث عن هذه الجماعات ، فإذا وجد جماعة أو مركزاً أو جمعية تدعو إلى كتاب الله عز وجل وسنة رسوله ﷺ تبعها ولزمها ، كأنصار السنة في مصر والسودان ، وجمعية أهل الحديث في

[1] ( رواه البخاري ومسلم ) .

باكستان والهند ، وغيرهم ممن يدعــو إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ ، ويَخلص العبادة لله وحده ، ولا يدعــو معــه سواه من أصحاب القبور ولا غيرهم )) [٢] .

واته : كاتێك ( حُذيفة ) فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە لە ناو نەفامی و خراپەدا بووین خوای پەروەردگار ئەم خێرەی بۆ هێناین ، ئایا دوای ئەم خێرە شەڕ و خراپە هەیە ؟

پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : بەڵێ .

ووتم : ئایا دوای ئەو شەڕ و خراپەیە خێر و چاكە هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، بەڵام لە ناویدا خەڵتە و ڕق و قین هەیە .

ووتم : ئەی خەڵتەكەی چیە ؟ فەرمووی : خەڵكانێك دەبێت لە سەر پەیڕەو و سوننەتی من ناڕۆن و چاكە و خراپەشیان لێدەبینیت .

ووتم : ئایا دوای ئەو خێرە شەڕ هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، بانگەوازكارانێك كە لە سەر دەرگاكانی دۆزەخ ڕاوەستاون ، هەركەسێك وەڵامیان بداتەوە فڕێی دەدەنە ناویەوە .

ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفیان بكە بۆمان ؟ فەرمووی : ئەوانە لە خۆمانن و بە زمانی خۆمان قسە دەكەن .

ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر گەیشتم بەو سەردەمە بە چ شتێك فەرمانم پێ دەكەیت ؟ فەرمووی : پەیوەست ببە بە كۆمەڵی موسڵمانان و پێشەواكەیانەوە .

ووتم : ئەی ئەگەر موسڵمانان نە كۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا ؟ فەرمووی : دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرقانەی ئەو سەردەمە ، ئەگەر بە قەپ گرتنیشت بێت بە ڕەگی درەختێكەوە تاكو مردن پێت دەگات تۆ هەر لەسەر ئەوە بە .

ئەم فەرمووده گەورەیە بۆمانی روون دەكاتەوە كەوا پێویستە لەسەر موسڵمان پەیوەست بێت بە ( كۆمەڵی موسڵمانان ) ـەوە ❁ ، و هاوكاری بكات لە گەڵیاندا لە هەر شوێنێكدا بن ، جا یەكسانە

---

[٢] مجموع فتاوى ومقالات متنوعة للشيخ ابن بــاز : (٨ / ١٧٩ ــ ١٨١) ، وە بۆ زانیاریت ئەم فەتوایە بریتیە لە وەڵامی شەشەمین پرسیار كە ( مجلة الإصلاح ) لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانیدا ئاراستەی شێخ ( ابن باز ) ی كردووە ، وە دەقی چاوپێكەوتنەكە لە ژمارە (٢٤١)ی ڕۆژی پێنج شەمەی ڕێكەوتی (٢٧ / ١٢ / ١٤١٣)ی ك بڵاوكراوەتەوە ، بڕوانە : (٨ / ١٧١) .

کۆمەڵەکە لە ( دوورگەی عەرەبی ) دا یان لە ( میصر ) یان لە ( شام ) یان لە ( عێراق ) یان لە ( ئەمریکا ) یان لە ( ئەوروپا ) یان لە هەر شوێنێکی تردا بێت .

جا هەر کاتێك موسڵمان کۆمەڵێکی بینی بانگەواز دەکات بۆ لای حەق ، ئەوا یارمەتیان دەدات و لەگەڵیاندا دەبێت ، وە هاوکاریان دەکات و هانیان دەدات و جێگیریان دەکات لەسەر حەق و بەرچاو ڕۆشنی ، وە ئەگەر بە گشتی کۆمەڵێکی نەدۆزیەوە ئەوا پەیوەست دەبێت بە ( حەق ) ـەوە و ئەو کاتە بریتیە لە ( الجماعة ) ئەگەرچی خۆی بە تەنهایش بێت ، هەر وەکو چۆن ( ابن مسعود ) ﵁ بە ( عمرو ) ی کوڕی ( میمون ) ی فەرموو : ( الجماعة ) بریتیە لەوەی کە لەگەڵ حەقدا دەگونجێت ، ئەگەر چی خۆت بە تەنهایش بیت .

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان کەوا بە دوای حەقدا بگەڕێت ، جا ئەگەر بنکەیەکی موسڵمانانی بینی بانگەواز دەکات بۆ لای حەق ، یان کۆمەڵێکی بینی لە هەر شوێنێکدا بانگەوازیان دەکرد بۆ لای حەق . واتە : بۆ لای کتێبەکەی خوای پەروەردگار و فەرموودەی پێغەمبەرەکەی ﷺ وە بانگەوازیان دەکرد بۆ لای بیروباوەڕی پاك . لە ئەوروپادا یان لە ئەفریقیادا یان لە هەر شوێنێکی تردا بێت ، ئەوا با لەگەڵیاندا بێت و داوای حەق بکات و بە دوای حەقدا بگەڕێت و ئارام بگرێت لەسەری و لەگەڵ ئەهلی حەقدا بێت .

ئا ئەمە پێویستە لەسەر موسڵمان ، وە ئەگەر کەسی نەدۆزیەوە بانگەواز بکات بۆ لای حەق نە دەوڵەت و نە هیچ کۆمەڵێك ئەوا بە تەنها پەیوەست دەبێت بە حەقەوە و بەردەوام دەبێت لەسەری ، لەو کاتەدا ئەوە ( الجماعة ) یە هەر وەکو چۆن ( ابن مسعود ) ﵁ بە ( عمرو ) ی کوڕی ( میمون ) ی فەرموو .

وە لەم سەردەمەی خۆماندا . سوپاس بۆ خوا . چەندین کۆمەڵی زۆر هەن کە بانگەواز دەکەن بۆ لای حەق ، هەروەکو لە دوورگەی عەرەبیدا : حکومەتی سعودیە هەیە ، وە لە ( اليمن والخليج ) دا ، وە لە ( مصر والشام ) دا ، وە لە ( أفريقيا وأوربا وأمريكا ) دا ، وە لە ( الهند وباكستان ) دا ، وە لە جگە لەوانەیشدا

---

❁ کۆمەڵی موسڵمانان نەك کۆمەڵی ئیسلامی !!! جا وریابە . ( ماموستا عبدالکریم ) .

**لــە هــەموو لایـەکی جیهانـدا ، چـەندین کۆمـەڵی زۆر و بنکـەی ئیسلامی و کۆمەڵـەی ئیسلامی هــەن بانگەواز دەکەن بــۆ لای حــەق و موژدەی پێدەدەن و خەڵکی وریـا دەکەنەوە لــە پێچەوانەی حەق .**

**بۆیـە پێویستە لەسـەر ئـەو موسڵمانەی کـە حـەق خـوازە لـە هـەر شـوێنکدا بێـت کـەوا بـە دوای ئـەم کۆمەڵانەدا بگەڕێت ، جا ئەگەر کۆمەڵێك یان بنکەیەك یان کۆمەڵەیەکی دۆزیەوە بانگەوازی دەکرد بۆ لای کتێبەکـەی خـوای گـەورە و سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی ﷺ ئـەوا شـوێنی دەکـەوێت و پەیوەسـت دەبێـت پێیـەوە ، وەکو** ( أنصار السنَّة ) **لــە** ( مصر والسودان ) **، وە** ( جمعية أهل الحديث ) **لە** ( باكستان والهند ) **دا ، وە جگە لەوانەیش لەوانەی کە بانگەواز دەکەن بۆ لای کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و بـە پاك و پوختی پەرستن ئەنجام دەدەن بە تەنها بۆ خوا ، و لەگەڵ خوادا لە جگە لەو ناپاڕێنەوە لـە خـاوانی گۆڕەکان و جگە لەوانیش .**

**فەتوای دووەم : هەر دوا بەدوای پرسیاری یەکـەم ئـەم پرسیارەشـی لێدەکرێت :** (( إذاً يا شيخنا الكريم : الذي يقول : بأنَّ هذه الجماعات الإسلامية من الفِرَق التي تدعو إلى جهنَّم ، والتي أمر النبي ﷺ باعتزالها ، فهمهُ علــى كلامكم غير صحيح ؟ )) **، واتە : کـەواتـە شێخی بەڕێزمان : ئەو کەسـەی کە دەڵێت : ئـەم کۆمـەڵ و حزبـە ئیسلامیانە لەو گروپانەن کەوا بانگەشە دەکەن بۆ دۆزەخ ، و هـەر ئەوانەشن کـە پێغەمبـەر ﷺ فـەرمانی کردووە بەوەی کە دووربین لێیان و تێکەڵیان نەبین ، بە پێی وتەی بەڕێزتان تێگەیشتنەکەی ڕاست نیە ؟**

**بەڕێزیشیان لە وەڵامیدا فـەرمووی :** (( الذي يدعو إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ ليس من الفِرَق الــضالة ، بل هو من الفرقة الناجية المذكورة في قوله ﷺ : " افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، وافترقت النصارى علــى اثنتين وسبعين فرقة ، وستفترقُ أُمَّتي على ثلاثٍ وسبعين فرقة كُلُّها في النار إلاَّ واحدة " قيل : ومن هي يا رســول الله ؟ قال : " من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي " ، وفي لفظٍ : " هي الجماعة " .

والمعنَى : أنَّ الفرقة الناجية هي الجماعة المستقيمة على ما كان عليه النبي ﷺ وأصحابه ﷺ من توحيــد الله وطاعــة أوامره وترك نواهيه والاستقامة على ذلك قولاً وعملاً وعقيدةً ، هم أهل الحق وهم دُعاة الهُدى ولو تفرقــوا في الــبلاد ، يكون منهم في الجزيرة العربية ، ويكون منهم في الشام ، ويكون منهم في أمريكا ، ويكون منهم في مصر ، ويكون منهم في دول أفريقيا ، ويكون منهم في آسيا ، فهم جماعات كثيرة يُعرفون بعقيدهم وأعمالهم ، فإذا كانوا علــى طريقــة التوحيــد

والإيمان بالله ورسوله ، والاستقامة على دين الله الذي جاء به الكتاب وسنة رسوله ﷺ فهم أهل السنَّة والجماعة وإن كانوا في جهاتٍ كثيرة ، ولكن في آخر الزمان يَقِلُّون جداً .

فالحاصل : أنَّ الضابط هو استقامتهم على الحق ، فإذا وُجِدَ إنسانٌ أو جماعة تدعو إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ وتدعو إلى توحيد الله واتباع شريعته فهؤلاء هم الجماعة ، وهم الفرقة الناجية .

وأمَّا من دعا إلى غير كتاب الله أو إلى غير سنة الرسول ﷺ فهذا ليس من الجماعة بل من الفِرَق الضالة الهالكة ، وإنَّما الفرقة الناجية : دُعاة الكتاب والسنَّة ، وإن كانت منهم جماعة هنا وجماعة هناك ما دام الهدف والعقيدة واحدة [3] ، فلا يضر كون هذه تُسمَّى : أنصار السنَّة ، وهذه تُسمَّى : الإخوان المسلمين ، وهذه تُسمَّى : كذا ، المُهم عقيدتهم وعملهم ، فإذا استقاموا على الحق وعلى توحيد الله والإخلاص له واتباع رسول الله ﷺ قولاً وعملاً وعقيدةً فالأسماء لا تضرهم ، لكن عليهم أنْ يتقوا اللهَ ، وأنْ يصدقوا في ذلك ، وإذا تسمَّى بعضهم بأنصار السنَّة ، وتسمَّى بعضهم بالسلفيين ، أو بالإخوان المسلمين ، أو تسمَّى بعضهم بجماعة كذا ، لا يضرُّ إذا جاء الصدق واستقاموا على الحق باتباع كتاب الله والسنَّة وتحكيمهما والاستقامة عليهما عقيدةً و قولاً وعملاً ، وإذا أخطأت الجماعة في شيء فالواجب على أهل العلم تنبيهها وإرشادها إلى الحق إذا اتضح دليله .

---

[3] قال الشيخ الألباني رحمه الله : (( ... لا يَخفى على كلِّ مُسلمٍ عارفٍ بالكتاب والسنة وما عليه سلفنا الصالح ﷺ ، أنَّ التحزُّبَ والتكتل في جماعات مختلفة الأفكار أولاً والمناهج والأساليب ثانياً ، فليس من الإسلام في شيء ، بل ذلك مِمَّا نَهَى عنه ربنا عَزَّ وجل في أكثر من آيةٍ في القرآن الكريم ... هذه الأحزاب : لا نعتقدُ أنَّها على الصراط المستقيم ، بل نَجْزِمُ بأنَّها على الطُرُق التي على رأسِ كُلِّ طريقٍ منها شيطانٌ يدعو إليهِ ... )) إحدى أشرطة ( سلسلة الهُدى والنور ) رقم : ( ٦٠٨ / ١ ) تم تسجيلهُ سنة (١٤١٢ هـ ـــ ١٩٩٢ م ) ، ونقلهُ بتمامه فضيلة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي في كتابهِ الجليل : (جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات ) ص : (١٧٨ ـــ ١٨١) ، **واته : شێخ ئەلبانی لەم بارەیەوە فەرموویەتی : شاراوە نیە لای هیچ موسڵمانێكی شارەزا لە قورئان و سوننەت و ئەو بەرنامەیەی كە سەلەفی صاڵحی لەسەر بووە ﷺ كەوا حزبایەتی كردن و كۆبوونەوە لە چەند كۆمەڵێكی جیاواز لە بیر و بۆچونیاندا یەكەم شت ، دووەم : پاشان جیاواز لە بەرنامە و ڕێبازەكانیاندا ئەمە لە ئیسلامدا نیە ، بەڵكو خوای گەورە لە زیاتر لە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزدا قەدەغەی ئەم شتەی كردووە ... ئەم حزبانە : باوەڕمان وانیە كە لە سەر ڕێگا ڕاستەكەی خوای گەورە بن ، بەڵكو یەكلای دەكەینەوە و بە دڵنیاییەوە دەڵێین : كە لە سەر ئەو ڕێچكانەن كە لە سەر هەر ڕێچكەیەكیان شەیتانێك هەیە بانگەوازی بۆ دەكات .**

والمقصود : أنَّهُ لا بُدَّ أنْ نتعاون على البِرِّ والتقوى ، وأنْ نعالِجَ مشالكنا بالعلم والحكمة والأسلوب الحسن ، فمَـنْ أخطأ في شيء من هذه الجماعات أو غيرهم مِمَّا يتعلق بالعقيدة أو بِما أوجب الله أو ما حرَّم الله نُبِّهوا بالأدلـة الـشرعية بالرفق والحكمة والأسلوب الحسن ، حتَّى ينصاعوا إلى الحق وحتَّى يقبلوه وحتَّى لا ينفروا منه ، هذا هو الواجب علـى أهل الإسلام أنْ يتعاونوا على البِرِّ والتقوى ، وأنْ يتناصحوا فيما بينهم ، وأنْ لا يتخاذلوا فيطمع فيهم العدو )) [٤] .

واتـه : ئـەو كەسـەی كـە بانگـەواز دەكـات بـۆ لای كتێبەكـەی خـوای پـەروەردگار و سـوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ لە گرووپە گومڕاكان نیە ، بەڵكو ئەو كەسە لە كۆمەڵی ڕزگاربووە كە باس كراوە لە ووتەی پێغەمبەردا ﷺ : جوولەكە پارچە پارچە بوون بۆ (٧١) حەفتاویەك فیرقە ، و خاچ پەرستانیش پارچە پارچە بوون بۆ (٧٢) حەفتاودوو فیرقە ، وە ئوممەتەكەی منیش پارچە پارچە دەبێت بۆ (٧٣) حەفتاوسێ فیرقە ، هەمووی لە ئاگردایە تەنها یەك فیرقەیان نەبێت ، ووترا : ئەوانە كێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ فەرمووی : ئەوانەن كە لەسەر هاوشێوەی ئەوەن كە ئەمڕۆ من و هاوەڵەكانمی لەسەرە ، وە لە لەگۆیەكی تردا هاتووە : ئەوانە ( الجماعة ) ـن .

واتە : بەڕاستی كۆمەڵی ڕزگاربوو ئەو كۆمەڵەیە كەوا بەردەوامە لەسەر ئەوەی كە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەكانی رضي الله عنهم لەسەری بوون ، لە تەنها خواپەرستی و گوێڕایەڵی كردنی فەرمانەكانی و وازهێنان لە قەدەغەكراوەكانیدا ، وە بەردەوام بوون لەسەر ئەوە بە ووتە و كردەوە و بیروباوەڕەوە ❁ ، ئا ئەوانە ئەهلی حەقن و بانگەوازكارانی هیدایەتن ئەگەر چی پەرتەوازەش بووبێتن بە ولاتاندا ، هەندێكیان لە ( الـجزيرة العربية ) دا هەن ، وە هەندێكی تریان لە ( الشام ) دا هەن ، وە هەندێكی تریان لە ( مصر ) دا هەن ، وە هەندێكی تریان لە ولاتانی ( أفريقيا ) دا هەن ، وە هەندێكی تریان لە ( أمريكا ) دا هەن ، وە هەندێكی تریان لە ( آسيا ) دا هەن ، ئەوانە چەندین كۆمەڵی زۆرن بە بیروباوەڕ و كردەوەكانیانەوە دەناسرێنەوە ، جا ئەگەر لەسەر ڕێبازی یەكخواپەرستی و باوەڕبوون بە خوا و پێغەمبەرەكەیەتی ﷺ و ڕاست بوون و لەسەر ئەو ئاینەی خوا بڕۆن كە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ پێی هاتوون ، ئەوا ئەوانە ( ئەهلی سوننە و جەماعە ) ن ئەگەرچی لە چەندین ولاتیشدا بن ، بەڵام ئەوانە لە ئاخر زەماندا زۆر كەم دەبنەوە .

---

[٤] مجموع فتاوى ومقالات متنوعة للشيخ ابن باز : (٨ / ١٨١ ــ ١٨٣) .

❁ ئایا حزب و كۆمەڵە ئیسلامیەكان وان ، یان نە ؟!!!!!

بەهەرحاڵ : بەڕاستی بەردەوام بوونیانە لەسەر حەق پێوەرە ، جا ئەگەر موسڵمانێك یان كۆمەڵە موسڵمانێك بینرا بانگەوازی دەكرد بۆ لای كتێبەكەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ ، وە بانگەوازی دەكرد بۆ لای تەنها خواپەرستی و شوێنكەوتنی شەریعەتەكەی ئا ئەوانە ( الجماعة ) ـن ، وە ئەوانە كۆمەڵی ڕزگاربوون .

بەڵام ئەوەی كە بانگەواز بكات بۆ لای جگە لە قورئان یان بۆ لای جگە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ئەوا ئەو كەسە لە ( الجماعة ) نیە ، بەڵكو لە گروپە گومڕابوو و تیاچووەكانە ! بەڕاستی كۆمەڵی ڕزگاربوو تەنها بانگەوازكارن بۆ لای قورئان و سوننەت ، ئەگەرچی كۆمەڵێكیان لێرەدا بێت و كۆمەڵێكی تریان لەوێدا بێت ، مادام ئامانج و بیروباوەڕیان یەكێكە ، ئەو كاتە زیانی تێدا نیە كە ئەمەیان ناونرابێت ( أنصار السنَّة ) ، وە ئەمەشیان ناونرابێت ( الإخوان المسلمین ) ، و ئەوەشیان ناونرابێت فلانە شت ، گرنگ بیروباوەڕ و كردەوەكانیانە ، جا ئەگەر بەردەوام بوون لەسەر حەق و لەسەر تەنهاخواپەرستی و نییەت پاكی و شوێنكەوتنی پێغەمبەرەكەی ﷺ بە ووتە و كردەوە و بیروباوەڕەوە ئەوا ناوەكان زیانیان پێ‌ناگەیەنێت .

بەڵام پێویستە لەسەریان كەوا لە خوا بترسن و لەوەدا ڕاست بكەن ، وە ئەگەر هەندێكیان ناوی خۆیان بنێن بە ( أنصار السنَّة ) ، وە هەندێكی تریان ناوی خۆیان بنێن بە ( السلفیین ) ، یان هەندێكی تریان ناوی خۆیان بنێن بە ( الإخوان المسلمین ) ، یان هەندێكی تریان ناوی خۆیان بنێن بە فلانە كۆمەڵ ، ئەمە زیانی نیە ئەگەر ڕاستی لەگەڵدا بێت و بەردەوام بن لەسەر حەق : بە شوێنكەوتنی كتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و كردنیان بە دادوەر و بەردەوام بوون لەسەریان بە بیروباوەڕ و ووتە و كردەوە ، وە ئەگەر ئەو كۆمەڵە لە شتێكدا هەڵەی كرد ئەوا پێویستە لەسەر ئەهلی عیلم وریایان بكەنەوە و ڕێنماییان بكەن بۆ حەق ئەگەر بەڵگەكەی ڕوون بویەوە .

مەبەست ئەوەیە : پێویستە بەڕاستی هاوكاری یەكتر بكەین لەسەر چاكە و لە خواترسان و خۆپاراستن لە تاوان ، وە كێشەكانمان بە زانست و دانایی و شێوازی باش چارەسەر بكەین ، جا هەر كەسێك لەم كۆمەڵانە یان جگە لەوانیش لە شتێكدا هەڵەی كرد لەوەی كە پەیوەندی هەیە بە

بیروباوەڕەوە یان بەوەی کە خوای پەروەردگار پێویستی کردووە یان بەوەی کە خوا حەرامی کردووە ، ئەوا بە بەڵگە شەرعیەکان و بە نەرمونیانی و دانایی و شێوازی باش وریا دەکرێنەوە ، بۆ ئەوەی ملکەچی حەق بن و قەبوڵی بکەن و لێی ڕانەکەن و نەسڵێنەوە ، ئا ئەمە پێویستە لەسەر ئەهلی ئیسلام کە هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکە و لە خوا ترسان ، وە ئامۆژگاری یەکتر بکەن لە نێو خۆیاندا ، وە پشتی یەکتر بەرنەدەن بەوەش دوژمن تەماحیان تێبکات .

ئەم دوو فەتوایە ئەو فەتوایانەن کە چەواشەکاران لە ووتار و دەرسەکانیاندا ، بۆ درووستی تەفریقە و حزبایەتی دەیانخەنە ڕوو !!! کە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار لەم بەشەدا بە چەند خاڵێك چەواشەکاری چەواشەکارانی تێدا دەخرێتە ڕوو و ئاشکرا دەبێت .

## ئاشكراكردنی چەواشەكاری چەواشەكاران
## سەبارەت بەو دوو فەتوایەی پێشەوا ( ابن باز ) بە ڕەحمەت بێت

لە سەرەتای ئەم نووسینە و لە دەستپێكدا ئەوە ئاشكرا كرا كە بەڵگەكانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە گەڵ ووتە و كۆڕای زانایان هاودەنگن لە سەر ئەوەی : (( دەستگرتن بە كۆمەڵی گەورەی موسڵمانان ( لزوم الجماعة ) و دەرنەچوون لێی ( عدم الخروج ) بنەوایەكە لە بنەواكانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، بۆیە پێچەوانە بوونەوەی دەرچوونە لە ئەهلی سوننە و جەماعە )) ، ئەوەش ئەوە پێویست دەكات كە (( ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی یەكە و نابێت بە دوو ، چ جای بكرێت بە سەد !!! )) وە ئاشكرایشە بۆ دۆزینەوەی ئەو تەنها ڕاستە ڕێگایە و رزگار بوون لە ڕێچكەكان : (( زانایان هۆكار و پارێزەرن لە لاڕێبوون و تیاچوون )) ، بەڵام دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ووتە و فەتواكانیان پەیڕەو ئەم بنەوایە بێت : (( ( أهل السنة يقولون مالهم وما عليهم ، ولكن أهل البدعة لا يقولون إلا ما لهم ) واتە : ئەهلی سوننە هەموو ئەوەی لە سەریانە و ئەوەش بۆیانە دەگێڕنەوە ، بەڵام ئەهلی بیدعە جگە لەوەی كە بۆیانە ناگێڕنەوە )) ، وە دەبێت ئەوەش بزانین كە : (( ووتەی زانایان بە بەڵگە ناهێنرێتەوە بەڵكو دەبێت بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە ( أقوال أهل العلم يستدل له ولا يستدل به ) )) ، وە (( كۆكردنەوەی ووتەی تازە و كۆن ( القول الجديد و القديم ) ی زانایان باشترین ڕێگەیە بۆ تێگەیشتن لە فەتواكانیان )) بەم پێیەش بۆمان ئاشكرا دەبێت كە . سەرەڕای ئەوەی كە كەسانێكی چەواشەكار لافی ئەوە لێدەدەن كە گوایا سەلەفین ، و واش نیە !!! . چونكە (( سەلەفیەت : شوێنكەوتنە بۆ قورئان و سوننەت بەتێگەیشتنی سەلەفی صاڵح ، نەك تەقلیدی كوێرانەی جگە لە قورئان و سوننەت )) ، بەمەش موسڵمانان پارێزراو دەبن لە كەوتنە تەقلید و لاسای كوێرانەی ووتە ئەم و ئەو ، با مەنزیلە و پلەیان هەرچیەك بێت وهەركێیەك بن .

هەموو ئەوانەی پێشوو كۆمەڵە ڕاستیەكن چەواشەكاران لێی بێ ئاگان !! یان خۆیان لە نەزانین دەدەن ، و خۆیانی لێ گێل دەكەن !!!!

جا لێرەدا و دوای خستنە ڕووی بەڵگەكانی قورئانی پیرۆز و ڕاڤەكردنیان و فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ و لێكدانەوەیان ، لە گەڵ فەتوای گەورە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، لە سەر

حـەرامێتی حزبایـەتی و تەفریقـە ، ئـەوە مـاوە کـە بەرپەرچـی ئـەو چەواشـەکاریانە بدرێتـەوە ، کـە چەواشەکاران دەیخەنە ڕوو بۆ پاڵپشت کردن و متمانە پێبەخشینی گومڕاییەکانیان !!!

بۆیە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەڵێم : ئاشکراکردنی چەواشەکاری چەواشەکاران لەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت :

**خـاڵی یەکـەم** : **ئـەو فەتوایانـەی کـە چەواشـەکاران دەیانکـەن بـە بەڵگـە بـۆ دروستی حزبایـەتی و پەرتەوازەیی موسڵمانان ، ووتەی کۆنی پێشەوا ( ابن باز ) ن ، و بە ووتە نوێکانی لە کار کەوتوون ، و گـۆڕاوون ، ئەمە ئەگەر ووترا فەتواکان بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە کراونەتە بەڵگە بۆی ❀ !!**

بەڵگە نەویستە کە : (( کۆکردنەوەی ووتـەی تـازە و کـۆنی زانایـان باشترین ڕێگەیـە بۆ تێگەیشتن لـە فەتواکانیان )) ، چـونکە زانایـان لـە بەر ئـەوەی مـرۆڤن ، و لـە لایـەن خـوای پـەروەردگارەوە عیصمەتیان پێنەبەخشراوە ، هەروەکو بە پێغەمبەران بەخشراوە ـ علیهم السلام ـ ، بۆیە دەبینین کە ئەمڕۆ ووتەیەك دەڵێن ، ڕەنگە سبەینی یان دواتر بیگۆڕن ، و لێی پەشیمان ببنـەوە ، کـە لـە زاراوەی زانایانن شـەریعەت بـە ووتەی تازە و کۆن ( القول الجدید و القدیم ) ناوزەد کراوە ، کە هاوشێوەی بابەتی ( الناسخ و المنسوخ ) ە لـە گەڵ هەندێك جیاوازی کە ئێرە شوێنی ئاماژە پێکردنیان نیە ، خوێنەری بەڕێزیش دەتوانێت ـ نموونـەی ئەم باسە ـ لە زۆرێك لـە فـەتواکانی پێشەوامان شافعی ـ بە ڕەحمـەت بێت ـ بەرچاوی بکـەوێت ، ئـەوەش کاتێك کە ڕۆشتە میصر هەنـدێك لـە فـەتواکانی گـۆڕی ، کـە پێشتر لـە عیراق دابوونی ، ئـەوەش لـە بەر چەندەها هۆکار وەکو دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی بەڵگەی تـری ڕاسـت ، ... هتـد ، ئـەم ڕاستیەش خـودی زانایان و پێشەوایانمان بە ووتە بۆ شوێنکەوتووانیان ڕایانگەیاندووە ، ئەوەتا پێشەوا ( أبـو حنیفـة ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوانیش وەکو هەموو مرۆڤەکانی تر ڕەنگە ئەمڕۆ ووتەیـەك بڵێن سبەینی لێی پەشیمان ببنـەوە ، کـە فەرموویـەتی : " فإننا بشر نقول القول الیوم ، ونرجع عنه غدا " ، واتـە : بێگومان چونکە ئێمەش مرۆڤین ، ڕەنگە ئەمڕۆ ووتەیەك بڵێین کەچی سبەینێ لێی پەشیمان ببینەوە .

وە لە ووتەیەکی تریـدا فەرموویـەتی : (( ویحك یا یعقوب ــ کـە ( أبو یوسف ) ی قوتابییـەتی ــ لا تکتب کل ما تسمع مني ، فإني قد أرى الرأي الیوم وأترکه غدا ، وأرى الرأي غدا وأترکه بعــد غــد )) ، واتـە : وەی بـە

---

❀ هەرچەند وانیە بەڵام ناچارین وەڵامی بدەینەوە .

**حاڵت ئەی یەعقوب هەموو شتێك كە لە منەوە دەیبیستی مەینووسە ، چونكە لەوانەیە من ئەم ڕۆ ووتەیەك بە چاك دەزانم ، و سبەینێ وازی لێدێنم ، و سبەینێ ووتەیەك بە چاك دەزانم ، و پاش سبەینێ وازی لێدێنم .**

**بۆیە ـ هەر سەبارەت بەم بابەتە كە زانایان ڕەنگە ووتەی كۆن و تازەیان لە بابەتێكدا هەبێت ئەوا ووتەی دواتر ووتەی پێشتریان لە كار دەخات ـ دەبینین پێشەوا** ( أبــو عمرو عثمان ) **ی كوڕی** ( عبدالرحمن ) **ی كــوڕی** ( عثمان ) **ناســراو بە** ( ابن صلاح الشهرزوي ) **لــەم بــارەیەوە فەرموویەتی :** (( **<u>لـيس للمنتـسب إلى مذهب الشافعي في المسألة ذات القولين أو الوجهين أن يتخير فيعمل أو يفتي بأيهما شاء</u>** [٥] ، **<u>بل عليه في القولين إن علم المتأخر منها كما في الجديد مع القديم أن يتبع المتأخر ، فإنه ناسخ للمتقدم</u>** )) [٦] **، واتە : بۆ هیچ كەسێك لە ئەو كەسانە نیە كە خۆ بە پابەند بوو دەزانێت بە مەزهەبی پێشەوا شافعیەوە ، لەو بابەتانەی كە دوو بۆچوونیان تێدایە ، یان دوو ڕووی هەیە ، بێت و بە كەیفی خۆی یەكێكیان هەڵبژێرێت ، و كردەوەی پێبكات یان فەتوای پێبدات ، ، بەڵكو پێویستە لە سەری لە هەردوو ووتەكەدا ئەگەر دواییینیانی زانی ، هەروەكو لە ووتەی تازەیدا لە گەڵ ووتەی كۆنیدا ، پێویستە شوێنی ووتەی تازەیان بكەوێت ، چونكە ئەوەیان ناسخە بۆ پێشینیان .**

**وە خودی پێشەوا** ( ابن بــاز ) **یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ووتەیەكی زێڕینی سەبارەت بەم باسە فەرموویەتی :** (( **<u>ومعلوم أن مذهب العالم هو ما مات عليه ، معتقدا له ، لا ما قاله سابقا ثم رجع عنه ، فيجب التنبه لذلك ، والحذر مما يلبس الأمور ، ويضعها في غير موضعها</u>** !! والله المستعان )) [٧] .

**واتە : زانراوە كە مەزهەب و بۆچوونی زانا ئەوەیە كە لەسەری مردووە ، و باوەڕی پێ بووە ، نەك ئەوەی كە پێشتر ووتوویەتی و پاشان لێی گەڕاوەتەوە ، بۆیە پێویستە ئاگامان لەوە بێت ، و ئاگاداری**

---

[٥] **چەواشەكارێك لەم بارەیەوە دەڵێت : (( ئەگەر قسەیەكی ـ واتە : پێشەوا ابن باز ـ لەلای تۆ هەیە مخالەفەت هەیە تۆ بۆ خۆت بۆ ڕازیت ئەوی وەربگرە !!! بۆ براكەشت ڕازی بە ئەمی وەربگرێ )) !!!! واتە : بە ووتەیەكی تر : ئۆخەی ئۆخەی هەركێ و بۆ خۆی !!!!!**

[٦] ( أدب المفتي والمستفتي : ج ١ / ص ٦٠ ) .

[٧] ( مجموع فتاوى ابن باز (٣٠) جزءا – ٣ / ٧٣) و ( تنبيهات هامة على ما كتبه الشيخ محمد علي الصابوني في صفات الله عز وجل – ١ / ٢١) .

بكەین لەوەی كە تێكەڵاوی لە شتەكاندا دروست دەكات ، و شتنەكان لە جێگەیەك دادەنات كە جێگەی خۆی نیە ... تەنها خوای پەروەردگاریش پشت و پەنایە .

ئەم باسە بۆ ئەوەیە كە ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە ووتە و فەتوای زانایەك تێبگەین و بۆچوونی كۆتا و دوایینی بزانین ، ووتەی كۆن و تازە ( پێشتر و دواتر ) ی كۆ بكەینەوە ، نەك ئەوەی ووتەی كۆنی بێنینەوە ، و ووتەی نوێی پەراوێز بخەین !!! بەنەزانین بێت !! یان بە هەر مەبەستێك بێت !!! وەكو بە ئاشكرا لە كردەوەی چەواشەكاراندا دەبینرێت ، جا ئەگەر خوێنەری بەڕێزی موسڵمان بە شێوەیەكی جوان لەم باسە تێبگات ، ئەوا هەرگیز ووتەی چەواشەكاران و لاڕێ بووان كاریگەریان لە سەری نابێت ، لێرەشدا دوای خستنە ڕووی ئەو دوو فەتوایەی پێشووی پێشەوا ( ابن باز ) كە چەواشەكاران لە ووتار و دەرسەكانیاندا دەیانخەنە ڕوو هەندێك لەو فەتوایانەی پێشەوا ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەخەینە ڕوو كە دواتر فەرموویەتی ، و فەتواكانی پێشووی پێ هەڵوەشێنراوەتەوە ، و لە كار خراوون ، و گۆڕیوویەتی ، و لێیان پەشیمان بووەتەوە ، ئەوەش بۆ ئەوەی موسڵمانان چەواشەكاری چەواشەكارنیان بۆ ئاشكرا بێت ، و ڕەوایی و ناڕەوایی ووتەكانی دەركەوێت ، و لەوە زیاتر لاوانی موسڵمانی پێ فریو نەدرێت ، و كاری نادروست و قەدەغەكراویان بۆ نەڕازێنرێتەوە و بەرەو هەڵدێر نەبرێن ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

## فەتوا دواترەكانی پێشەوا ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیەوە :

**فەتوای یەكەم :** كەسێك تیلیفۆن دەكات بۆ شێخ پرسیارێكی لێ دەكات كە ئەمە دەقی عەرەبی پرسیارەكە و وەڵامەكەی شێخە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە گەڵ وەرگێڕانی :

(( المتصل : السلام عليكم . پەیوەندیكار : السلام عليكم .

الشيخ ابن باز : عليكم السلام ورحمة الله وبركاته . شێخ ( ابن باز ) : عليكم السلام ورحمة الله وبركاته .

المتصل : سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز ؟ پەیوەندیكار : بەڕێز شێخ ( عبد العزيز بن باز ) ە ؟

الشيخ : نعم ، شێخ : بەڵێ .

المتصل : يا شيخ عندي سؤال مهم ، ئەی شێخ پرسیارێكی گرنگم هەیە .

الشيخ : أسأل الله أن ييسر ، دواكارم خوا ئاسانی بكات .

المتصل : سؤالي هو يا شيخ : أسألك بالله الذي لا إله إلا هو أن تقول لي كلمة الحق والعدل في الجماعات الإسلامية الموجودة على الساحة من سلفيين وتبليغ وإخوان المسلمين وغيرهم من الجماعات الإسلامية ، حيث أنهم يتجاذبونني فيما بينهم والذي قد عانيت منه الكثير والكثير ، وكل جماعة من هذه الجماعات تضايقني وتريد مني أن أكون في صفها وعلى منهجها وطريقتها التي رسمتها واختصتها لنفسها وأتباعها ، لأنها تعتقد كل جماعة من هذه الجماعات أن الحق معها وأن منهجها هو الصواب .

وأنا أريد أن أنضم مع أهل الحق منهم ، فبأي جماعة يا سماحة الشيخ تنصحني أن أنضمّ وأنتمي إليها ؟

وكذلك أريد منكم أن تذكروا لنا علماء الجماعة التي تنصحوننا بالانضمام والانتماء إليها .

**واته : ئەی شێخ پرسیارەکەم بریتییە لە : سوێندت دەدەم بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ئەو نەبێت کەوا وتەی حەق و دادپەروەریم پێبڵێیت سەبارەت بەو ( جەماعاتە ئیسلامییانەی ) کە بوونیان هەیە لە گۆڕەپانەکەدا لە سەلەفییەکان و تەبلیغ و ئیخوان موسلمین و جگە لەمانەش لە جەماعاتە ئیسلامییەکان ، چونکە ئەمانە لە نێو خۆیاندا ڕامدەکێشن بۆ لای خۆیان بە شێوەیەك کە زۆر زۆرم چەشتووە بەدەستیەوە ، وە هەموو جەماعەتێك لەم جەماعەتانە تەنگم پێهەڵدەچنێت و لێمی دەوێت کەوا بچمە ڕیزیەوە و لەسەر ئەو بەرنامە و ڕێبازەی بم کە دایڕەشتووە و تایبەتی کردووە بە خۆی و شوێنکەوتەکانیەوە ، چونکە هەموو جەماعەتێك لەم جەماعەتانە باوەڕی وایە کەوا حەق لەگەڵ ئەودایە و بەرنامەکەی ئەو ڕاستە ، وە من دەمەوێت بچمە ریزی ئەهلی حەقەوە و لەگەڵ ئەهلی حەقدا بم لە نێو ئەمانەدا .**

**ئەی شێخی بەڕێز : ئایا بە کام جەماعەت ئامۆژگاریم دەکەیەت کەوا بچمە ریزیەوە و لایەنگیری بم ؟**

**وە هەروەها لێتانم دەوێت کەوا زانایانی ئەو جەماعەتەم پێبڵێن کەوا ئامۆژگاریم دەکەن بە چوونە ریزیەوە و لایەنگیری بۆ کردنی ؟**

الشيخ : أنت من أي بلد ؟ **واته : تۆ لە کام وڵاتیت ؟**

المتصل : نعم ؟ **واته : بەڵێ ؟**

الشيخ : من أي بلد ؟ **واته : لە کام وڵاتیت ؟**

المتصل : أنا ؟ **واته : من ؟**

الشيخ : نعم ، واته : بەڵــێ .

المتصل : أسكن في أي بلد ؟ ولا الآن بكلم ( أين أتحدث ) ؟ واته : له كام وڵات نیشتەجێم ؟ یان ئێستا له كوێوه قسه دەكەم ؟

الشيخ : من الطائف ؟ واته : له ( طائف ) یت ؟

المتصل : لا ، الكلام ؟ نەخێر ، مەبەستت له كوێوه قسه دەكەم ؟

الشيخ : نعم ، واته : بەڵێ .

المتصل : من الأنطاوية ، واته : له ( أنطاوية ) وه .

الشيخ : الأنطاوية ، على كل حال التقيد بجماعة معينة لا يَجوزُ ، لابدَّ للإنسان أن يتقيد بالشرع ، قال الله وقال الرسول ﷺ ، أي : يتقيد بالكتاب والسنة ، لكن أحسن الجماعات الإسلامية اليوم السلفيون وأنصار السنة ، المنتسبين للسلف الصالح ، مثل أنصار السنة في مصر وأنصار السنة في السودان ، وأشباههم ممن يتعلق بالسنة ويعظمها ، يعني يتعلق بالكتاب والسنة ، سواء سموهم بأنصار السنة أو سموهم بالسلفيين أو سموهم بأي شيء ، المهم أن يكون همّهم التعلق بالكتاب والسنة ، وتحكيمهما والحرص على العمل بهما ، أما مجرد التحزب لجماعة يرضى لرضاها ويغضب لغضبها !!! فهذا ما يصلح ، لابد من تحكيم الأدلة الشريعة ، الذي لا يعرف ما عندهم يسأل عمّا أشكل عليه ولا ينضمّ إلى هؤلاء بالإيمان الكلي ، بل ينضم معهم بالحق والخير والهدى ، أمّا الإخوان المسلمين وجماعة التبليغ لا ، هؤلاء عندهم بعض الأخطاء ، لكن مثل السلفيين الذين يعتنون بالكتاب والسنة ، مثل أنصار السنة في البلاد المعروفة ، فالحاصل أن تنظر الإخوان الذين يعتنون بالقرآن والحديث ابق معهم ، الذين يعتنون بالقران والحديث كن معهم ، تبحث معهم ، تدرس معهم ، تبحث عن الأثر معهم .

شێخ ابن باز : له ( أنطاوية ) وه ، به هەر حاڵ : پابەندبوون به جەماعەتێكی دیاری كراوەوە ڕاست نیه و دروست نیه ، لەپێشتر بۆ مرۆڤ ئەوەیە كەوا پابەندببێت به شەرعەوە : خوا فەرموویەتی و پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ، واته پابەندببێت به قورئان و سوننەتەوە ، بەڵام باشترینی جەماعاتە ئیسلامییەكانی ئەمڕۆ بریتیه لــه : سەلەفییەكان و ئەنصار السُّنه ( السلفيون وأنصار السنة ) ئەوانەی كه خۆیان دەدەنه پــاڵ سەلەفی صاڵــح ، وەكو ( أنصار السنة ) له ( مصر ) و ( أنصار السنة ) له ( سودان ) و هاوشێوەكانیان لەوانەی كه پەیوەستن به سوننەتەوە گەورەی ڕادەگرن ، واته : پەیوەستن بــه قــورئان و سوننەتەوە . یەكسانه ئەوەی كه ناوبنرێن به ( أنصار السنة ) یان ناوبنرێن به ( سەلەفیەكان ) ، یان به هەر شتێكی تر .

گرنگ ئەوەیە کە ئەمانە خەمیان پەیوەست بوونە بە قورئان و سوننەت و دادوەری بۆ لاکردنیان و سوور بوونە لەسەر کردەوە کردن بە هەردووکیان ، بەڵام تەنها حزبایەتی و لایەنگیری بکات بۆ کۆمەڵ و جەماعەتێکی دیاری کراو ، ڕازی بوونی بەپێی ڕازی بوونی ئەو بێت ، تووڕە بوونیشی لە بەر تووڕە بوونی ئەو بێت !!! ئا ئەمە نابێت و دروست نیە ، پێویستە کەوا دادوەری بکات بۆ لای بەڵگە شەرعیەکان و پەیڕەویان بکات ، وە ئەوەش شتێکیانی نەزانی ئەوا پرسیار دەکات لەوەی کە بووەتە جێ گومانی ، نەك ئەوەی بە هەموو باوەڕێکەوە لە گەڵیاندا بێت ، لە هەموو شتێکیاندا ، بەڵکو لە گەڵیاندا بێت لە هەموو ڕەوایی و چاکە و هیدایەتێکدا ، وە سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ جەماعەتی ( الإخوان المسلمين ) یان ( التبليغ ) بيت ؟ نەخێر ، ئەوانە هەندێك هەڵەیان هەیە ، بەڵام وەکو سەلەفیەکان ئەوانەی کە خەریکی قورئان و سوننەتن ، وەکو ( أنصار السنة ) لە زۆرێك لە وڵاتە ناسراوەکاندا ، دەرئەنجام : پێویستە بڕوانیتە ئەو برایانەی کە بایەخیان بە قورئان و فەرموودەیە لەگەڵ ئەواندا بمێنەوە ، ئەوانەی کە گرنگی و بایەخ دەدەن بە قورئان و فەرموودە لەگەڵیاندابە و توێژینەوەیان لە گەڵدا بکە و دەرسیان لەگەڵدا بخوێنە ، وە بەدواگەڕانیان لە گەڵدا بکە .

المتصل : **<u>يعني ياشيخ أنضم - يعني - إلى المنهج السلفي</u>** ؟ واتە : لایەنگیری بکەم بۆ بەرنامە و پەیڕەوی سەلەفییەت ؟

الشيخ : **<u>نعم</u>** ، واتە : بەڵێ .

المتصل : نعم ؟ واتە : بەڵێ ؟

الشيخ : **<u>أصحاب النبي ﷺ واتباعهم بإحسان هذه هي السلفية</u>** ، واتە : سەلەفیەت بریتیە لە : هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ، و شوێنکەوتنیان بەچاکە .

المتصل : طيب ، يا شيخ : مُمكن أن توجهوا لنا أسماء مشايخ نتعاون معهم ونتكاتف على إحياء منهج السلف الصالح ؟ واتە : باشە ، ئەی شێخ : ئایا دەکرێت ڕێنماییمان بکەیت بۆ ناوی ئەو شێخانەی کەوا هاوکاری و پشتگیری و هەماهەنگیان لەگەڵدا بکەین بۆ زیندووکردنەوەی بەرنامەی سەلەفی صالح ؟

الشيخ : كأمثال الشيخ محمد بن صالح العثيمين وصالح الفوزان ، وصالح الغديان ، وعبدالعزيز آل الشيخ ، وجماعة كثيرة ، **واته : وەكو شێخ** ( محمد بن صالح العثيمين ) و ( صالح الفوزان ) و ( صالح الغديان ) و ( صالح آل الشيخ ) ، **كۆمەڵێكی زۆرن .**

المتصل : جزاك الله خيرا ياشيخ ... أثابك الله ياشيخ )) [٨] ، **واته : خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە ئەی شێخ ، خوا پاداشتت بداتەوە ئەی شێخ .**

**ئەمەش دوای ئاشكرا بوونی حاڵ و بار و دۆخی كۆمەڵە ئیسلامیەكانە لە لای شێخ ، و دەركەوتنی هەڵەكانیانە ، بۆیە شێخ ئامۆژگاری پرسیاركار دەكات كە لە كۆمەڵی ئیخوان و تەبلیغ دوور بكەوێتەوە ، و لە گەڵ سەلەفیەكان و زاناكانیاندا بێت لە بانگەشە و كاری بۆ ئیسلام .**

**فەتوای دووەم : پرسیار كرا لە شێخ** ( عبد العزيز بن باز ) **. بە ڕەحمەت بێت . كە :** (( حديث النبي ﷺ في افتراق الأمم : قوله : " ستفترقُ أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، إلاَّ واحدة " ، فهل جماعة التبليغ على ما عندهم من شركيات وبدع ، وجماعة الإخوان المسلمين على ما عندهم من تحزب وشق العصا على ولاة الأمور ، وعدم السمع والطاعة ، هل هاتين الفرقتين تدخل ؟

**واته : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ئوممەتكەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ فیرقە و گروپ ، و هەموویان لە ئاگری دۆزەخن تەنها یەكێكیان نەبێت " ، ئایا كۆمەڵی** ( التبليغ ) **لە سەر ئەو هەموو هاوەڵبڕیاردان و بیدعەیانەی كە هەیانە ، و كۆمەڵی** ( الإخوان المسلمين ) **لە سەر ئەو حزبایەتی و تەفریقە و دەرچوونەی كە هەیانە دژ بە كاربەدەستانی وڵات ، و گوێڕایەڵی و تاعەت نەكردنەیان ، ئایا ئەم دوو فیرقەیە لەو حەفتادوو فیرقەیەن ؟**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (( **<u>تدخل في الثنتين والسبعين ، مَنْ خالف عقيدة أهل السنة والجماعة دخل في الاثنتين وسبعين فرقة</u>** . المراد بقوله ( أمتي ) أي : أمة الإجابة ، أي : استجابوا له وأظهروا اتباعهم له ، ثلاث وسبعين فرقة : الناجية السليمة التي اتبعته واستقامة على دينه ، واثنتان وسبعون فرقة فيهم الكافر وفيهم العاصي وفيهم

---

[٨] شبكة سحاب السلفية ــ المنابر ــ المنبر الإسلامي : مادة صوتية : بماذا نصح الشيخ ابن باز ــ رحمه الله ــ السائل الذي استفسر لأي جماعة ينظم ( سلفية أو تبليغ أو الإخوان ) ؟! والمادة الصوتية موجودة على الرابط : ( ٧٣٣٠٠٧ = http://www.sahab.net/FORUMS/showthread.php?p ) .

وراجع : ( مجالس الأفلاج ، تحت عنوان : من آخر فتاوى ابن باز ــ رحمه الله تعالى ــ : أحسن الجماعات اليوم السلفيون ، و الرابط : [ httpwww.alaflaj.comvbshowthread.phpp=٨٦٦٠٤ ] ) .

**المبتدع أقسام )) ، واته : بەڵێ دەچنە ئەو حەفتا و دوو فیرقە و کۆمەڵانەوە ، وە هەر کەسێك پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بکات ، ئەوا دەچێتە ڕیزی ئەو حەفتاو دوو کۆمەڵ و فیرقەیەوە .**

**پرسیارکار : یعني : هاتین الفرقتین ـ التبلیغ والإخوان ـ من ضمن الثنتین والسبعین ؟ واتە : ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دوو فیرقەیە ( واتە : تەبلیغ و ئیخوان ) لە حەفتا ودوو فیرقەکەن ؟**

**بەڕێزیشان دووبارە لە وەڵامدا فەرمووی : (( نعم ، من ضمن الثنتین والسبعین والمرجئة وغیرهم ، المرجئة والخوارج** ، بعض أهل العلم يرى الخوارج من الكفار خارجين ، لكن داخلين في عموم الثنتين والسبعين )) [9] **، واتە : بەڵێ لە ڕیزی ئەو حەفتا و دوو کۆمەڵ و فیرقەیەن ، لە گەڵ ( مورجیئە ) و جگە لەوانیش ، ( مورجیئە ) و ( خەوارج ) یش ، هەرچەندە هەندێك لە زانایان ( خەوارج ) یان بە کافر زانیوە و بەڵام بەگشتی دەچنە ڕیزی حەفتا ودوو فیرقەکەوە .**

**کەواتە دوای دەرکەوتن ئاشکرابوونی ئەم دوو کۆمەڵە و پەیڕەویان ، شێخ دەیانخاتە ڕیزی حەفتا و دوو تاقم و فیرقە گومڕاکانەوە ، نەك ئەوەی لە کۆمەڵی ڕزگاربوویان بزانێ !!!!**

**فەتوای سێیەم : پرسیار لە شێخی پایە بەرز شێخ ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . کرا کە :** (( ما واجب علماء المسلمين حيال كثرة الجمعيات والجماعات في كثير من الدول الإسلامية وغيرها ، واختلافها فيما بينها حتى إن كل جماعة تضلل الأخرى . ألا ترون من المناسب التدخل في مثل هذه المسألة بإيضاح وجه الحق في هذه الخلافات ، خشية تفاقمها وعواقبها الوخيمة على المسلمين هناك ؟ )) .

**واتە : چی پێویستە لە سەر زانای موسڵمانان بەرامبەر بە زۆری ئەم جەمعیە و کۆمەڵە ئیسلامیانەی ، لە وڵاتانی ئیسلامیدا ، و جگە لەوانیش ، و بەرامبەر بە جیاوازیان لە نێوان خۆیاندا . تاکو گەشتۆتە ئەوەی کە هەموو کۆمەڵێکیان ئەوەتریان بە گومڕا دەزانێت !! ئایا بە پێویست و شایستەی نازانن کە لە**

---

[9] أسئلة الطائف في ( شريط مسجل ) سنة ( ١٤١٩ هـ ) ( ضمن دروسه في شرح المنتقى في الطائف وهي في شريط مسجّل وهي قبل وفاته رحمه الله بسنتين أو أقل ) . أنظر ( حقيقة المنهج الواسع عند أبي الحسن ، ص ٣٨ ـ ٣٩ للإمام ربيع حفظه الله ) ، ط . الأولى مجالس الهدى ـ الجزائر ، وأيضا مذكرته حفظه الله : ( أقوال علماء السنّة في جماعة التبليغ ) اهـ .

وانظر : ( فتاوى العلماء السلفيين : وجوب تحذير الشباب والعوام من الجماعات والأحزاب والفِرَق ، لأنّها من الاثنتين وسبعين فرقة ) رسالة من إصدارات ( مكتبة الفرقان ) .

لایان زانایانەوە دەستی تێبخرێت ، لەم بابەتەدا ئەوەش بە ڕوونکردنەوەی ڕووی ڕەوایی لەم جیاوازیانەدا ، لە ترسی ئەوەی نەکو پەرەبسێنێت و عاقیبەتێکی خراپتری هەبێت لە سەر موسڵمانان .

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( **إن نبينا محمداً ﷺ بين لنا درباً واحداً يجب على المسلمين أن يسلكوه وهو صراط الله المستقيم ومنهج دينه القويم** ، قال الله تعالى : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ، **كما نهى رب العزة والجلال أمة محمد ﷺ عن التفرق واختلاف الكلمة** ؛ **لأن ذلك من أعظم أسباب الفشل** ، **وتسلط العدو** كما في قوله جل وعلا : ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ، وقوله تعالى : ﴿ شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ﴾ ( الشورى : ١٣ ) **فهذه دعوة إلهية إلى اتحاد الكلمة وتآلف القلوب** .

والجمعيات إذا كثرت في أي بلد إسلامي من أجل الخير والمساعدات ، والتعاون على البر والتقوى بين المسلمين ، دون أن تختلف أهواء أصحابها ، فهي خير وبركة ، وفوائدها عظيمة ، أما إن كانت كل واحدة تضلل الأخرى وتنقد أعمالها ، فإن الضرر بها حينئذ عظيم والعواقب وخيمة .

فالواجب على علماء المسلمين توضيح الحقيقة ، ومناقشة كل جماعة أو جمعية ، ونصح الجميع بأن يسيروا في الخط الذي رسمه الله لعباده ودعا إليه نبينا محمد ﷺ ، ومن تجاوز هذا و استمر في عناده لمصالح شخصية أو لمقاصد لا يعلمها إلا الله ، فإن الواجب التشهير به والتحذير منه ممن عرف الحقيقة ، حتى يتجنب الناس طريقهم ، وحتى لا يدخل معهم من لا يعرف حقيقة أمرهم ، فيضلوه ويصرفوه عن الطريق المستقيم الذي أمرنا الله باتباعه في جل وعلا : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ، **ومما لاشك فيه أن كثرة الفرق والجماعات في البلد المسلم مما يحرص عليه الشيطان أولاً** ، **وأعداء الإسلام من الإنس ثانياً** ، **لأن اتفاق كلمة المسلمين ووحدتهم وإدراكهم الخطر الذي يهددهم ويستهدف عقيدتهم يجعلهم ينشطون لمكافحة ذلك والعمل في صف واحد من أجل مصلحة المسلمين ودرء الخطر عن دينهم وبلادهم وإخوانهم** ، **وهذا مسلك لا يرضاه الأعداء من الإنس والجن** ، **فلذا**

**هم يحرصون على تفريق كلمة المسلمين وتشتيت شملهم وبذر أسباب العداوة بينهم** ، نسأل الله أن يجمع كلمة المسلمين على الحق ، وأن يزيل من مجتمعهم كل فتنة وضلالة ، إنه ولي ذلك والقادر عليه )) [١٠] .

**واته : بێگومان پێغەمبەرمان مُحمد ﷺ تاکە ڕێگایەکی بۆ ڕوون کردووینەتەوە ، کە پێویستە موسڵمانان بیگرنەبەر کە ئەویش ڕێگا ڕاستەکەی خوای پەروەردگارە و پەیڕەوی ئاینە تەواوەکەیەتی ، خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ، **هەروەها پەروەردگاری بەدەسەڵات یاساغی لە ئوممەتی مُحمد ﷺ کردووە لە پەرتەوازەیی و جیاوازی لە ووتەدا ، چونکە ئەوە یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی شکست و زاڵبوونی دووژمنان بەسەریاندا ، هەروەکو لە فەرمایشتی خوای گەورە و بەرز و بڵندا هاتووە کە فەرموویەتی :** ﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ ، **وە فەرموویەتی :** ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ﴾ ، **ئەمە بانگەشەیەکی خواوەندیە بۆ یەکگرتنی ووتە و یەکخستنی دڵەکان .**

**وە ئەگەر زۆربوونی کۆمەڵەکان ( الجمعيات ) لە هەر وڵاتێکی ئیسلامیدا لە پێناوی چاکەکاری و یارمەتی دان و هاریکاری کردنی یەکتر بێت لەسەر چاکەکاری و لە خواترسان لە نێو موسڵماناندا ، بەبێ جیاوازی ویست و ئارەزووی خاوەنەکانیان ، ئەوا چاکە و پیز و بەرەکەتی خوای پەروەردگارە و سوودی گەورەیان هەیە ، بەڵام ئەگەر هەر یەکێکیان ئەوی تر بە گومڕا و هەڵە بزانێت و ڕەخنە لە کارەکانیان بگرێت ، ئەوا بەڕاستی لەو کاتەدا زەرەر و زیانیان گەورەیە و سەرئەنجامەکانیشیان مەترسیدار و خراپە .**

**بۆیە پێویستە لەسەر زانای موسڵمانان ڕاستییەکان ئاشکرا بکەن و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو کۆمەڵ ( جماعة ) و کۆمەڵە ( جمعية ) یەك بکەن ، و ئامۆژگاری هەموویان بکەن بەوەی کەوا لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن کە خوای پەروەردگار دیاریکردووە بۆ بەندەکانی و پێغەمبەرمان مُحمد ﷺ بانگەوازی بۆ کردووە ،**

---

[١٠] ( مجموع فتاوى الشيخ عبدالعزيز بن باز ، ج ٥ ، ص ٢٠٢ ـــ ٢٠٤ هذه الأسئلة والأجوبة تابعة لمحاضرة ألقاها سماحته في جامعة أم القرى بمكة المكرمة في شهر رجب ١٤٠٩هـــ ) .

وه هەر کەسێکیش لەمە لایدا ، یان لە سەر کەللە ڕەقی خۆی بەردەوام بوو ، لەبەر بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی ، یان لەبەر چەندین مەبەستی تر کە کەس نایانزانێت جگە لە خوای پەروەردگار نەبێت ، ئەوا بێگومان پێویستە لەسەر ئەوانەی کە ڕاستیەکان دەزانن ئاشکرایان بکەن ، و خەڵکیان لێ ئاگادار بکەنەوە : بۆ ئەوەی خەڵکی دووربکەونەوە لە ڕێگاکەیان ، وە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە ڕاستیەکانیان نازانن نەچنە ناویانەوە ، چونکە ئەگەر بچەنە ناویانەوە گومڕایان دەکەن و دووریان دەخەنەوە و لایان دەدەن لەو ڕێگا ڕاستەی کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین بە شوێنکەوتنی لەم فەرمایشەییدا کە فەرموویەتی : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ﴾ .

وە یەکێك لەوانەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە : کە زۆری گروپ و کۆمەڵەکان لە ناو کۆمەڵگای موسڵمانانا ، لەو شتانەیە کە شەیتان سورە لە سەر پەیدابوونی ، ئەمە خاڵی یەکەم ، دووەمیش : دووژمنانی ئیسلام سورن لە سەری نانەوەی ، چونکە ڕێك کەوتنی ووتەی موسڵمانان و یەکبوونیان و هەست کردنیان بەو مەترسییەی کە هەڕەشەیان لێدەکات و بیروباوەڕیان دەکاتە ئامانجی پێکاندنی خۆی وایان لێدەکات گورج ببنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نەهێشتن و لەناوبردنی ئەوانە ، و کاربکەن لە یەك ڕیـــــزدا لە پێناو بەرژەوەندی موسڵمانان ، و دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر ئایین و وڵات و براکانیان ، وە ئەمەش ڕێڕەوێکە دووژمنان ـ مرۆڤ بن یان جنۆکە ـ پێی ڕازی نابن ، بۆیە ئەوان هەمیشە سوورن لەسەر پەرتەوازەیی جیاوازی ووتەی موسڵمانان ، و پەرتەوازەکردنی شیرازەیان و چاندنی تۆوی هۆکارەکانی دووژمنایەتی لە نێوانیاندا . داواکارین لە خوای پەروەردگار کە ووتەی موسڵمانان لەسەر ڕەوایی کۆبکاتەوە ، و هەموو ئاشووب و گومڕاییەك لە نێو کۆمەڵگاکەیاندا بنبڕ بکات ، بەڕاستی هەر ئەو خاونی ئەوەیە و بەتواناشە بەسەریدا .

کەواتە پێشەوا ( ابـــن بـــاز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم حزبایەتی و تەفریقە بە شتێك دەزانێ کە شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە و دوژمنانی ئیسلام سورن لە سەری .

**فەتوای چوارەم :** وە لە وەڵامی پرسیارێکدا دەفەرمووێت : (( **لا يجوز أن يتفرق المسلمون في دينهم شيعاً وأحزاباً يلعن بعضهم بعضا ويضرب بعضهم رقاب بعض** ، **فإن هذا التفرق مما نهى الله عنه** ، **وذم من أحدثه أو تابع أهله** ، **وتوعد فاعليه بالعذاب العظيم** ، **وقد تبرأ الله ورسوله ﷺ منه** ، قال الله تعالى : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً

وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾ إلى قوله : ﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران :١٠٣ ـــ ١٠٥ ) ،

وقال تعالى : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٩ ــ ١٦٠ ) .

وثبت عن النبي ﷺ أنه قال : " لا ترجعوا بعدي كفارا ، يضرب بعضكم رقاب بعض " ( رواه البخاري و مسلم ) .

والآيات والأحاديث في ذم التفرق في الدين كثيرة .

أما إن كان ولي أمر المسلمين هو الذي نظمهم ووزع بينهم أعمال الحياة ومرافقها الدينية والدنيوية ليقوم كل بواجبه في جانب من جوانب الدين والدنيا فهذا مشروع ، بل واجب على ولي أمر المسلمين أو يوزع رعيته على واجبات الدين والدنيا على اختلاف أنواعها ، فيجعل جماعة لخدمة علم الحديث من جهة نقله وتدوينه وتمييز صحيحه من سقيمه ... إلخ ، وجماعة أخرى لخدمة فقه متونه تدوينا وتعليما ، وثالثة لخدمة اللغة العربية قواعدها ومفرداتها وبيان أساليبها والكشف عن أسرارها ، وإعداد جماعة رابعة للجهاد وللدفاع عن بلاد الإسلام وفتح الفتوح وتذليل العقبات لنشر الإسلام ، وأخرى للإنتاج صناعة وزراعة وتجارة ... إلخ .

فهذا من ضرورات الحياة التي لا تقوم للأمة قائمة إلا بها ولا يحفظ الإسلام ولا ينتشر إلا عن طريقه ، هذا مع اعتصام الجميع بكتاب الله وهدي رسوله ﷺ وما كان عليه الخلفاء الراشدون وسلف الأمة ووحدة الهدف وتعاون جميع الطوائف الإسلامية على نصرة الإسلام والذود عن حياضه ، وتحقيق وسائل الحياة السعيدة ، وسير الجميع في ظل الإسلام وتحت لوائه على صراط الله المستقيم ، وتجنبهم السبل المضلة والفرق الهالكة ، قال الله تعالى : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ))[١١] .

واته : نابێت موسڵمانان لە ئایینەکەیاندا پەرتەوازە بن بۆ چەند پارچە و حزبێکەوە ، هەندێکیان نەفرین لە هەندێکی تریان بکەن ، یان هەندێکیان لە گەردنی هەندێکی تریان بدات ، بێگومان ئەم پەرتەوازەیی و تەفریقەیە ، لەو شتانەیە کە خوای پەروەردگار یاساغی لێکردووە و زەمی ئەو کەسەی کردووە کە دایهێناوە ، و شوێنی خاوەنەکانی کەووتووە ، و پەیمانی تۆڵە سەندنەوەی داوە بۆ

---

[١١] ( في فتوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء برئاسة الشيخ /عبدالعزيز بن عبدالله بن باز، وعضوية نائبه في الإفتاء الشيخ/ عبدالرزاق عفيفي والشيخ عبد الله بن غديان ، والشيخ عبد الله بن حسن بنقعود، برقم١٦٧٤ في ١٣٩٧/١٠/٧هـ ) .

ئەنجامدەرانی بە تۆڵەیەکی گەورە ، و پێغەمبەرەکەشی ﷺ لەوە بەدوور گرتووە و بەری کردووە لێی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ تاکو دەگاتە ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿ وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ( آل عمران : 103 ـــ ١٠٥ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعاً لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ ﴾ ، ( الأنعام : ١٥٩ ـــ ١٦٠ ) .

وە لە پێغەمبەری خواشەوە ﷺ جێگیر و سەلمێنراوە کە فەرموویەتی : " لا ترجعوا بعدي كفارا ، يضرب بعضكم رقاب بعض " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتە : پاش من جارێکی تر نەچنەوە سەر خووی بێ باوەڕان بەوەی هەندێکتان لە گەردنی هەندێکی ترتان بدات !! وە ئایەت و فەرموودەیەکی زۆر هاتوون لە بارەی زەمکردنی تەفریقە لە ئاییندا .

بەڵام ئەگەر کاربەدەست و سەرکردەی موسڵمانان خۆی هەستابێت بە ڕێکخستن و دابەشکردنی کار و کردەوەکانی ژیان ، و بەرژەوەندیە ئایینی و دونیایەکان لە نێوانیاندا ، بۆ ئەوەی هەر یەکە و هەستن بە واجبی سەر شانیان ، لە بوارێك لە بوارەکانی ئایین و ژیان ، ئا ئەم جۆرە ڕەوایە و ڕێپێدراوە ، بەڵکو پێویستە لە سەر خودی کاربەدەست و سەرکردەی موسڵمانان یان ئەوەی کە ژێردەستەکانی دابەش بکات بە سەر پێویستیەکانی ئایین و ژیاندا بە هەموو جۆرەکانیەوە ، ئەوەش بەوەی کە کۆمەڵێکیان لە خزمەت کردنی فەرموودەدا بن لە لایەنی گێڕانەوە و نووسینەوەی ، و جیاکردنەوەی ( صحيح ) ەکانی لە نادروستەکانیەوە ... هتد ، وە کۆمەڵێکی تریان لە خزمەتکردنی فیقهو نووسراوەکانی و کۆکردنەوە و فێرکردنی ، وە سێیەمیانیش بۆ خزمەت کردنی زمانی عەرەبی و ڕێزمانەکەی بێت یان زاراوەکانی ، لە گەڵ ئاشکرا کردنی شێوەکانی و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ، وە ئامادە کردنی کۆمەڵی چوارەمیان بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوای پەروەردگار و پارێزگاری کردن لە وڵاتی ئیسلام ، وە دەست کردنەوە بە فتوحات و ئاسانکردن و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام ، وە یەکێکی تریان بۆ بەرهەم هێنان ، جا بواری پیشەسازی بێت یان کشتوکاڵ و بازرگانی ... هتد .

ئائەمانە پێویستیەکانی ژیانە کە هیچ ئوممەتێك دانامەزرێت بەمانە نەبێت ، و ئیسلامیش ناپارێزرێت و بڵاونابێتەوە لە ڕێگەی ئەمەوە نەبێت ، ئەمە لە گەڵ دەست گرتنی هەمووان بە

**پەرتوکەکەی خوای پەروەردگار و سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ ئەوەش کە خەلیەفە کامڵ و هیدایـەت دراوەکـانی ، و پێـشینی ئـەم ئوممەتـەی لەسـەر بـووە ، لـە گـەڵ یەکخـستنی ئامانجـەکان و هاریکاری کردنی هەموو کۆمەڵە ئیسلامیەکان لە سەر سەرخستنی ئیسلام و پاراستن و بەرگیری کردن لە ژێردەستەکانی ، و بەدیٚ هێنانی ڕێگەکانی ژیانێکی بەختـەوەر ، و بەڕێوە ڕۆشـتنی هـەمووان لـە ژێـر سـیبەری ئیـسلام ، و لـە ژێـر بەیداخیـدا ، و لـە سـەر ڕێگـا ڕاسـتەکەی خـوای پـەروەردگار ، لـە گـەڵ دوورکەوتنەوە لە ڕێکە گومڕاکارەکان ، و گروپە لە ناوچووەکان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) .

**ئەمەش یەکێکە لەو فەتوایانەی کە لە دوادواییەکانی تەمەنیدا فەرموویەتی .**

**فەتوای پێنجەم : وە پرسیاری لێکرا کە** (( طُلاَّب العلم يرجعون إليكم وإلى العُلماء الكِبار يسألونهم : فبماذا تنصحونَهم ؟ هل تُقِرُّون الدخول مثل في هذه الجماعات : جماعة الإخوان ، جماعة التبليغ ، جماعة الجهاد جماعة كذا ؟ أو تنصحونهم بالبقاء على طلب العلم مع طُلاَّب العلم من الدعوة السلفية ؟ )) .

**واتـە : قوتابیـانی زانـستی شـەرعی دەگەڕێنـەوە بـۆ لای ئێـوە و بـۆ لای گـەورە زانایـان و پرسیاریان لـێ دەکەن : ئایا بە چی ئامۆژگاریان دەکەن ؟ ئایا چوونە ناو ئەم کۆمەڵانەوە وەك : کۆمەڵی ئیخوان ، و کۆمـەڵی تـەبلیغ ، و کۆمـەڵی جیهـاد بـەباش دەزانـن ، و ڕێـی پێـدەدەن ، یـان ئامۆژگـاری ئـەوەیان دەکـەن کـە لـە گـەڵ فێرخوازانی زانستی شەرعی بن لە بانگەشەی سەلەفیەت ؟**

**بەڕێزیشیان بە ڕاشکاوی فەرمووی :** (( ننصحهم جميعاً بالاجتماع على كلمةٍ واحدة ، وهي طلـب العلـم والتفقُّه في الكتاب والسُنَّة والسير على منهج أهـل السُنَّة والجماعة ، ننصحهم جميعاً بأن يكون هـدفهم هـو اتبـاع الكتاب والسُنَّة والسير على منهج أهـل السُنَّة والجماعة ، وأن يكونوا جميعاً يُسَمُّون أنفسهم أهل الـسُنَّة ، أو أتبـاع السلف الصالح .

**<u>أمَّا التحزُّب للإخوان المسلمين أو جمعية التبليغ ، أو كذا وكذا ، لا ننصح به ، هذا غلط</u> ،** ولكن ننـصحهم بـأن يكونوا كتلة واحدة وجماعة واحدة يتواصون بالحق والصبر عليه ، وينتسبون لأهل السُنَّة والجماعة .

هذا هـو الطريق السويّ الذي يمنع الخلاف ، وإذا كانوا جماعات على هذا الطريق مـا يضر كونهم جماعـة في ( إب ) وجماعة في ( صنعاء ) ، لكن كلهم على الطريقة السلفية اتِّباع الكتاب والسُنَّة يدعون إلى الله وينتسبون إلى أهـل السُنَّة والجماعة ، **من غير تحزُّب ولا تعصُّب** ، هذا لا بأس بـه وإن تعدَّدت الجماعات ، لكن يكون هـدفهم واحـد وطريقهم واحد )) [١٢] .

واته : ئامۆژگاری هەموویان دەکەم بە کۆبوونەوە لەسەر یەك ووتە ، کە بریتیە لە خوێندنی زانستی شەرعی و شارەزابوون لە قورئان و سوننەت ، و ڕۆشتن لە سەر پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعە ، وە ئامۆژگاری هەموویان دەکەین بەوەی کە ئامانجیان بریتی بێت لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت و ڕۆشتن لە سەر پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعە ، وە هەموویان ناوی خۆیان بنێن ئەهلی سوننە یان شوێنکەوتوانی سەلەفی صاڵح .

بەڵام حزبایەتی کردن و لایەنگیری بۆ ( الإخـوان المسلمين ) يان ( جمعيـة التبليـغ ) يان فلاّن و فلاّن ! ئامۆژگاری بەمە ناکەین ، ئەمە هەڵەیە ، بەڵکو ئامۆژگاریان بەوە دەکەین کە یەك پارچە و یەك جەماعەت بن ، ئامۆژگاری یەکتر بکەن بە شوێنکەوتنی ڕەوایی و ئارامگرتن لەسەری ، وە نیسبەتی خۆیان بدەنە پاڵ ئەهلی سوننە و جەماعە .

ئا ئەمە ڕێگا ڕاستەکەیە کە دەبێتە ڕێگر لە جیاوازی ، وە ئەگەر چەندین کۆمەڵ بن لەسەر ئەم ڕێگایە ئەوا زیانی نیە کۆمەڵێکیان لە ( إب ) بێت و کۆمەڵێکی تریان لە ( صـنعاء ) بێت ، بەڵام هەموویان لەسەر ڕێبازی سەلەفییەت بن ، واتە : شوێنکەوتەی قورئان و سوننەت بن ، و بانگەواز بکەن بۆ لای خوای پەروەردگار ، و نیسبەتی خۆیان بدەنە پاڵ ئەهلی سوننە و جەماعە ، بەبێ حزبایەتی و دەمارگیری ، ئەمە هیچی تێدا نیە ئەگەرچی چەندین جەماعەتیش بن ، **بەلاّم دەبێت ئامانجیان یەك بێت و ڕێگایان یەك بێت** .

بـە هـەمان شێوەی فەتواکانی پێشووی لـە دوادواکـانی تەمەنیدا فـەرموویەتی ، کـە تیایدا ئامۆژگاری ناکـات بـە پەیوەندی کردن و کارکردن لـە گەڵ کۆمەڵی ئیخوان و تەبلیغ ، و ئـەو کـارەش بـە هـەڵە دەزانێت .

---

[١٢] ( من شريط : أسئلة أبي الحسن للشيخين ابن باز وابن العثيمين ، سُجِّل بمكَّة المكرَّمة في السادس من ذي الحجة عام ١٤١٦ هـ ) .

**فەتوای شەشەم : هەروەها شێخ ( ابن بـــــاز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە کتێبی : ( زانستی شەرعی و ڕەوشتی هەڵگرانی ) دا فەرموویەتی :** (( **ولا يَجوزُ التفرُّق والاختلاف ، ولا الدعوة إلى حزب فلان وحزب فلان ، ورأي فلان وقول علان ، وإنَّما الواجب أنْ تكون الدعوة واحدة إلى الله ورسوله ﷺ ، إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ ، لا إلى مذهب فلان أو دعوة فلان أو إلى الحزب الفلاني والرأي الفلاني** ، يَجب على المسلمين أن تكون طريقتهم واحدة ، وهدفهم واحداً ، وهو اتباع كتاب الله وسنة رسوله عليه الصلاة والسلام )) [١٣] ، **واتە : پارچە پارچە بوون و جیاوازی و بانگەواز کردن بۆ حزبی فلاَن و حزبی فیسار و بۆچوونی فلاَن و قسەی فلاَنە کەس دروست نیە ، بەڵکو پێویستە بانگەواز یەك بێت بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆ قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نەك بۆ مەزهەبی فلاَن یان بانگەوازی فلاَن یان بۆ فلاَنە حزب و فلاَنە بۆچوون ، پێویستە لە سەر موسڵمانان یەك ڕێگەیان (١٤) هەبێت و ئامانجیان یەك بێت کە ئەویش بریتیە لە : شوێنکەوتنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .**

**دوا فەتواشی لەم باسەدا حزبایەتی و پەیوەندی کردن بە کۆمەڵی ئیخوان و تەبلیغ بە هەڵە دەزانێت ، و بەڵکو دەبێت مەبەست یەك بێت و بانگەشە بۆ لای قورئان و سوننەت بێت ، لە گەڵ شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ .**

**جا نازانم چەواشەکاران بەگشتی !! سەبارەت بەم فەتوایانەی شێخ چی دەڵێن ؟!! ئەم جارەشیان ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە لە کۆتایی ئەو دوو فەتوایەدا دەتانووت : (( ئەگەر تا ئێستا ئەم فەتوات نەبیستووە بڵێ : (** الحمد لله **) من خۆ ئەوە نەبوو عینادی لەگەڵ حەق بکەم ، حەق لەهەرکوێ بێت من وەری دەگرم )) ؟!! یان ئەو ووتانەتان تەنها ووتەیەکە بۆ قایل کردنی بەرامبەر و خەڵکانی حەق ویست دەیڵێن !!! دیارە ئەوەت لـە بیر چووە کە خوای گەورە فەرموویەتی :** ﴿ أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ

---

[١٣] كتاب ( العلم وأخلاق أهله ) للشيخ ابن باز رحمه الله ، مجموع فتاوى ومقالات متنوعة للشيخ ابن باز : (٢ / ٣١٠) .

[١٤] **لە فەتواکەی پێشوودا شێخ ( ابن باز ) فەرمووی :** (( إنَّ نبينا مُحمداً ﷺ بيَّن لنا **درباً واحداً** يَجب على المسلمين أنْ يسلكوه : **وهو صراط الله المستقيم** ... )) .

**واتە : بەڕاستی پێغەمبەرمان مُحمد ﷺ یەك ڕێگای بۆ ڕوون کردووینەتەوە پێویستە لەسەر موسڵمانان بیگرنە بەر و لەسەری بڕۆن : ئەویش ڕێگای ڕاستی خوایە .**

تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ ﴾ ( البقرة : ٤٤ ) ، **داواکارم هەست و ڕووحیەتی ئەوەت تیا مابێت کە ئەو ووتەیەی کە بۆ بەرامبەری دەڵێیت بۆ خۆشت بە شێوەیەکی پراکماتیکی بەدیان بهێنیت ، و لە واقیعدا پیادەی بکەی ، نەك هەر دروشمی بێ ناوەڕۆك بن ، ئەگەر نە ئەو کاتە ووتەی شاعیرم بە بیردا دێت کە دەڵێت :**

لقــد أسمعتَ لــو نــاديتَ حياً　　ولكن لا حيــاةَ لمن تنــادي

ولــو نــاراً نفختَ بها أضاءتْ　　ولكن أنتَ تنفــخُ في رمــادِ

**بەمەش چەواشەکاری کەسانی چەواشەکارمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چۆن ووتەی زانایان بۆ مەبەست و مەرامەکانی خۆیان بە کاردەهێنن ، و لاوانی موسڵمانانی ئیسلام پەروەری پێ چەواشە دەکەن !!! و بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن ، و لە تاکە ڕێگای ڕاستی ئیسلام لایان دەدەن ... جـا پێویستە چیتر بە ووتەکانیان نەخەڵەتێن ، چونکە ئەوانە بــە پێچەوانەی ئەهلی سوننە کــە هەمــوو ئەوەی لــە سەریانە و ئەوەش بۆیانە دەگێڕنەوە . ئەگەرچی لافی ئەوەش لێبدەن کــە لــەوانن !! ـ ، بەڵکو ئــەو کارەیان تــەباو هــاوشێوەی ئەهلی بیدعەیە کــە جگە لەوەی کــە بەرژەوەندی خۆیانە ناگێڕنەوە !!!**

## خاڵی دووەم : سەرەڕای خاڵی پێشوو چەواشەکاران لـە لێکدانـەوەیان بـۆ فـەتواکان ئەمانەتی عیلمی نەپاراستووە ، و گوێگرانی لە ڕاستیەکان چەواشـە کـردووە ، هـەروەکو لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**١ ـ گــەورەترین چــەواشەکاری چەواشەکاران و خیانەتیان لە لێکدانەوەی فەتواکانی پێشەوا ( ابـن بـاز ) ، لەوەدا ئاشکرا دەبێت کە ئەو مەرجانەی کە بۆ فەتواکە دانراوون ڕوون ناکەنەوە ، چونکە پێچەوانەی حاڵی حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمەیە !!!**

**ڕاستیەکی بەڵگە نــەویستە ئەوەی کــە چــەواشەکاری چەواشەکاران لە لێکدانەوەیان بۆ فـەتـواکـان بـاس نەکردنی ئــەو مەرجانەیە کە پێشەوا ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بۆ فەتواکانی داینـاوە ، کە پێچەوانەی حاڵی حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمەیە ، کە ئەمـەش بە نەپاراستنی ئەمانەتی عیلمی و کەم و کوڕی لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستیەکاندا دادەنرێت ، بۆیە لێرەدا بۆ ئاشکراکردنی**

ئەو کارە ئەو مەرجانە دەخەمە ڕوو کە پێشەوا ( ابـن بـاز ) ـ بـە ڕەحمەت بێت ـ لــە فــەتواکانیدا خستوونەیە ڕوو ، ئـەمەش دوو سـوود بــە خوێنەری ڕەوا ویست دەگەیەنێت :

**یەکـەم :** ئاشکرا بـوونی ڕووی ڕاسـتی فـەتواکان لـە لای خوێنـەر لـەوەی کـە ئایا ئـەو دوو فەتوایـە دەکرێت بکرێنە بەڵگە بۆ ئەوەی کە چەواشەکاران کردوونیان بە بەڵگە بۆی ؟!

**دووەم :** حەقیقـەت و دەرخـستنی ڕاسـتی کـاری چەواشـەکارانەی چەواشـەکاران بـۆ گەشـتن بـە مەبەستەکانیان !!

جا با بڕۆینـە خزمـەت ئـەو دوو فەتوایـەی کـە پێشەوا ( ابــن بـــاز ) فەرموویـەتی و چەواشـەکاران کردوویانە بەبەڵگە بۆ کاری قێزەوون و نادروستی تەفریقە و حزبایەتی :

پێشەوا ( ابن باز ) لە فەتوای یەکەمیدا باس لەم مەرجانەی خوارەوە دەکات :

١ / **دەست گرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە :** هەروەکو پێشەوا شێخ ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمـەت بێت ـ فەرموویـەتی : (( أنَّ الواجب على المسلم : لزوم جماعة المسلمين ، والتعـاون معهـم في أي مكـان )) ، واتـە : پێویستە لەسەر موسڵمان پەیوەست بێت بە ( کۆمەڵی موسڵمانان ) ـەوە ، و هاوکاری بکات لـە گەڵیانـدا لە هەر شوێنێکدا بن .

٢ / **بانگەشە کردنی ئەو کۆمەڵە بۆ ڕەوایی ( الحق ) :**

مەبەستیش بە ڕەوایی ( **الحق** ) لە لای شێخ ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بریتیە لە :

- قورئانەکەی خوای پەروەردگار ( إلى كتاب الله ) .
- سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ( وسنة رسوله ﷺ ) .
- لە گەڵ بیروباوەڕی ڕاست و دروست ( إلى العقيدة الطيبة ) .
- پابەند بـوون بە یەکخـوا پەرستی ، و تـەوحیـدەوە ( ويَخلص العبادة لله وحده ) .
- دوورکەوتنـەوە لـە هـاوەڵ بڕیـاردان بـۆ خـوای تـاك و تـەنها ، وەك : هـاوارکردن بـە مـردووان و هاوشێوەکانی تری هاوەڵ بڕیاردان ، ( ولا يدعو معه سواه من أصحاب القبور ) .

ئەم مەرجە و بەشەکانیشی بە ئاشکرا لەم دوو ووتەیەی پێشەوا ( ابـن بـاز ) . بە ڕەحمەت بێت . دەردەکەوێت کە فەرموویەتی : (( إلى الحق ـ أي : ( ١ ) إلى كتاب الله ، ( ٢ ) وسنة رسـوله ﷺ ، ( ٣ ) وإلى العقيدة الطيبة )) ، واتە : بۆ لای حەق . واتە : ( ١ ) بۆ کتێبەکەی خوای پەروەردگار ، ( ٢ ) و فەرموودەی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، ( ٣ ) وە بانگەوازیان دەکرد بۆ بیروباوەڕێکی پاك . ، وە فەرموویەتی : (( ممـن يدعـو : ( ١ ) إلى كتاب الله ، ( ٢ ) وسنة رسوله ﷺ ، ( ٤ ) ويَخلص العبـادة لله وحـده ، ( ٥ ) ولا يدعـو معه سـواه من أصحـاب القبور ، ولا غيرهم )) ، واتە : کە بانگەواز دەکەن بۆ ( ١ ) کتێبەکەی خوا ( ٢ ) و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ( ٤ ) و بە پاك و پوختی پەرستن ئەنجام دەدەن بۆ خوا بە تەنها ، ( ٥ ) و لەگەڵ خـوادا لە جگە لەو ناپاڕێنەوە لە خاوەنی گۆڕەکان و جگە لەوانیش .

پێشەوا ( ابن باز ) لـە فەتـوای یەکەمیدا نزیکەی ( ٢٠ ) جـار یـان زیـاتر ، ووشەی ڕەوایی ( الحق ) و ڕانـاوی ئـەم ووشـەیە ، و پێناسـەکەی بـەکار هێنـاوە ، لـەو ووتانـەش کـە سـەبارەت بـەم مەرجـە فەرموویـەتی : (( فمتى وجد المسلم جماعةً تدعو إلى الحق )) واتـە : جا هـەر کاتێك موسڵمان کۆمـەڵێکی بینی بانگەواز دەکات بۆ لای حـەق ، وە فەرموویـەتی : (( فإذا لَمْ يَجد جماعة بالكلية فإنَّهُ يَلزمُ الحق ، وهو الجماعـة ، ولو كان واحداً ، كما قال ابن مسعود رضي الله عنه لعمرو بن ميمون : (( الجماعة ما وافق الحقَ وإنْ كُنْتَ وحـدكَ )) واتـە : وە ئەگەر بە گشتی کۆمـەڵێکی نەدۆزیـەوە ئـەوا پەیوەسـت دەبێت بە ( حـەق ) ـەوە و ئـەو کاتـە ئـەو بریتیە لـە ( الجمـاعة ) ئەگەرچی خـۆی بـە تەنهایش بێت ، هەر وەکـو چۆن ( ابن مـسعود ) رضي الله عنه بە ( عمرو ) ی کوڕی ( میمون ) ی فـەرموو : ( الجمـــاعة ) بریتیـە لـەوەی کە لەگەڵ حەقدا بێت ، ئەگـەر چی خۆت بە تەنهایش بیت ، وە فەرموویـەتی : (( فعلى المـسلم أنْ يطلـب الحـق )) واتـە : پێویستە لە سـەر موسڵمان داکۆکی و داوای ڕەوایی حەق بکات ، وە فەرموویەتی : (( فإذا وجد مركزاً إسلامياً يدعو إلى الحق ، أو جماعةً في أي مكان يدعـون إلى الحق ــ أي إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ وإلى العقيـدة الطيبـة )) واتـە : جا ئەگـەر بنکەیـەکی موسڵمانانەی بینی بانگـەواز دەکـات بـۆ لای حـەق ، یـان کۆمـەڵێکی بینـی لـە هـەر شـوێنێکدا بانگـەوازیان دەکـرد بـۆ حـەق . واتـە : بـۆ کتێبەکـەی خـوای پـەروەردگار و فـەرموودەی پێغەمبەرەکەی ﷺ وە بانگەوازیان دەکرد بۆ بیروباوەڕی پاك . ، وە فەرموویـەتی : (( فإذا وجد جماعـة أو مركزاً أو جمعية تدعو إلى كتاب الله عز وجل وسنة رسوله ﷺ تبعها ولزمها ، كأنصار السنة في مـصر والـسودان ،

وجمعية أهل الحديث في باكستان والهند ، وغيرهم ممن يدعو إلى كتاب الله وسنة رسوله ﷺ ، ويَخلص العبادة لله وحده ، ولا يدعو معه سواه من أصحاب القبور ولا غيرهم )) **واته : جا ئەگەر كۆمەڵێك یان بنكەیەك یان كۆمەڵەیەكی دۆزیەوە بانگەوازی دەكرد بۆ كتێبەكەی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ ئەوا شوێنی دەكەوێت و پەیوەست دەبێت پێیەوە ، وەكو** ( أنصار السنَّة ) **لە** ( مصر والسودان ) **دا ، وە** ( جمعية أهل الحديث ) **لە** ( باكستان والهند ) **دا ، وە جگە لەوانەیش لەوانەی كە بانگەواز دەكەن بۆ كتێبەكەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەكەی ﷺ و بە پاك و پوختی پەرستن ئەنجام دەدەن بۆ خوا بە تەنها ، و لە جگە لەو ناپاڕێنەوە لە خاوانی گۆڕەكان و جگە لەوانیش ، وە فەرموویەتی :** (( توجد الجماعات الكثيرة الداعيــة إلى الحق )) **واته : چەندین كۆمەڵی زۆر هەن كە بانگەواز دەكەن بۆ لای حەق ، وە فەرموویەتی :** (( فليكن معهم يطلب الحــق ويلتمس الحــق ويصبر عليه ويكون من أهله ، هــذا هــو الواجب على المــسلم )) **واته : ئەوا با لەگەڵیاندا بێت و داوای حەق بكات و بە دوای حەقدا بگەڕێت و ئارام بگرێت لەسەری و لەگەڵ ئەهلی حەقدا بێت .**

**٣ / دەبێت هاوكاریەكە بۆ جێگیربوونیان بێت لە سەر ڕەوایی ( الحق ) : پێشەوا** ( ابن بــاز ) **. بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( وثبتهم على الحق والبــصيرة )) **، واتە : جێگیریان دەكات لەسەر حەق ، و بەرچاو ڕوونی .**

**٤ / لە كاتی نەبوونی ئەو كۆمەڵەیەی كە بانگەشە دەكات بۆ ڕەوایی ( الحق ) ، دەبێت موسڵمان دەست بگرێت بە ڕەوایی ( الحق ) ئەگەر خۆی تەنهاش بێت : پێشەوا** ( ابن باز ) **. بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( فإذا لَمْ يَجد مَنْ يدعو إلى الحق لا دولة ولا جماعة لَزِمَ الحق وحده واستقام عليه فهو الجماعة حينئذٍ كما قال ابن مــسعود رضي الله عنه لعمرو بن ميمون )) **واته : وە ئەگەر كەسی نەدۆزیەوە بانگەواز بكات بۆ لای حەق نە دەوڵەت و نە هیچ كۆمەڵێك ئەوا بە تەنها پەیوەست دەبێت بە حەقــەوە و بەردەوام دەبێت لەسەری ، لەو كاتەدا ئەوە** ( الجمــاعة ) **یە هەر وەكــو چۆن** ( ابن مسعود ) رضي الله عنه **بــە** ( عمرو ) **ی كــوڕی** ( ميمون ) **ی فــەرمــوو .**

**وە بەڕێزیان . بە ڕەحمەت بێت . لە فەتوای دووەمدا بۆ ئەوەی كەس و كۆمەڵێك لــە كۆمەڵەی ڕزگاربوو** ( الفرقة الناجية ) **بێت چەند مەرجێكی بۆ داناوە ، كە ئەم مەرجانەی خوارەوەن :**

١ / بانگەشە کردن بۆ قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار .

کە فەرموویەتی : (( الذي يدعو إلى كتاب الله و سنة رسوله ﷺ ليس من الفِرَق الضالة )) ، واتە : ئەو کەسەی کە بانگەوازدەکات بۆ کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ لە گروپە گومڕاکان نیە .

وە فەرموویەتی : (( أنَّ الضابط : هو استقامتهم على الحق ، فإذا وُجِدَ إنسانٌ أو جماعة تدعو إلى كتاب الله ، وسنة رسوله ﷺ ، و تدعو إلى توحيد الله ، و اتباع شريعته ، فهؤلاء هم الجماعة ، وهم الفرقة الناجية )) واتە : بەڕاستی پێوەر بەردەوام بوونیانە لەسەر حەق ، جا ئەگەر مرۆڤێك یان کۆمەڵێك بینرا بانگەوازی دەکرد بۆ کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە بانگەوازی دەکرد بۆ لای تەنهاخواپەرستی و شوێنکەوتنی شەریعەتەکەی ئا ئەوانە ( الجماعة ) ن ، وە ئەوانە کۆمەڵی ڕزگاربوون .

وە فەرموویەتی : (( وإنَّما الفرقة الناجية : دُعاة الكتاب والسنَّة )) ، واتە : بەڕاستی کۆمەڵی ڕزگاربوو تەنها بانگەوازکارن بۆ لای قورئان و سوننەت .

٢ / بانگەشە کردن بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .

وە سەبارەت بەم مەرجە فەرموویەتی : (( وإنَّما الفرقة الناجية : دُعاة الكتاب و السنَّة ، وإن كانت منهم جماعة هنا وجماعة هناك ما دام الهدف والعقيدة واحدة )) ، واتە : بەڕاستی کۆمەڵی ڕزگاربوو تەنها بانگەوازکارن بۆ لای قورئان و سوننەت ، ئەگەرچی کۆمەڵێکیان لێرەدا بێت و کۆمەڵێکی تریان لەوێدا بێت ، مادام ئامانج و بیروباوەڕیان یەکێکە .

وە فەرموویەتی : (( الذي يدعو إلى كتاب الله ، و سنة رسوله ﷺ ليس من الفِرَق الضالة )) ، واتە : ئەو کەسەی کە بانگەوازدەکات بۆ کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ لە گروپە گومڕاکان نیە .

وە فەرموویەتی : (( أنَّ الضابط : هو استقامتهم على الحق ، فإذا وُجِدَ إنسانٌ أو جماعة ؛ تدعو إلى كتاب الله ، و سنة رسوله ﷺ ، و تدعو إلى توحيد الله ، و اتباع شريعته ؛ فهؤلاء هم الجماعة ، وهم الفرقة الناجية )) واتە : بەڕاستی پێوەر بەردەوام بوونیانە لەسەر حەق ، جا ئەگەر مرۆڤێك یان کۆمەڵێك بینرا بانگەوازی دەکرد بۆ کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە بانگەوازی دەکرد بۆ تەنهاخواپەرستی و شوێنکەوتنی شەریعەتەکەی ئا ئەوانە ( الجماعة ) ن ، وە ئەوانە کۆمەڵی ڕزگاربوون .

**٣ / شوێنکەوتنی ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ﷺ لە سەری بوون ، و پابەند بوون و بەردەوام بوون لە سەری ، لە بورای یەکخوا پەرستی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی و دوورکەووتنەوە و وازهێنان لە یاساغی کراوەکانی .**

**هەروەك فەرموویەتی :** (( والمعنَى : أنَّ الفرقة الناجية : هي الجماعة المستقيمة على ما كـان عليـه الـنبي ﷺ وأصحابه ﷺ من توحيد الله ، و طاعة أوامره ، وترك نواهيه ، والاستقامة على ذلك : قولاً وعملاً وعقيدةً ، هم أهـل الحق ، وهم دُعاة الهُدى ، ولو تفرقوا في البلاد ، ... ، فهم جماعات كثيرة يُعرفون بعقيدهم وأعمالهم ، فإذا كانوا على طريقة التوحيد والإيمان بالله ورسوله ، والاستقامة على دين الله الذي جاء به الكتاب وسنة رسوله ﷺ فهم أهل السنَّة والجماعة )) ، **واتە : بەڕاستی کۆمەڵی ڕزگاربوو ئەو کۆمەڵەیە کەوا بەردەوامە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵـەکانی ﷺ لەسـەری بـوون ، لـە تـەنها خواپەرسـتی و گوێڕایـەڵی کردنـی فەرمانـەکانی و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانیدا ، وە بەردەوام بوون لەسـەر ئەوە بە ووتـە و کـردەوە و بیروباوەڕەوە ، ئا ئەوانە ئەهلی حەقن و بانگەوازکارانی هیدایەتن ئەگەرچی پەرتەوازەش بووبێتن بە وڵاتاندا ، ... ، ئەوانە چـەندین کۆمـەڵی زۆرن دەناسـرێنەوە بـە بیروبـاوەڕ و کردەوەکانیانـەوە ، جـا ئەگـەر لەسـەر ڕێبـازی یەکخواپەرستی و باوەڕبوون بە خوا و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ و ڕاست بوون لەسەر ئەو ئاینەی خوا بڕۆن کە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ پێی هاتوون ، ئەوا ئەوانە ( ئەهلی سوننە و جەماعە ) ن .**

**٤ / یەك پەیڕەوی و یەك بیروباوەڕی لە نێوان ئەو کۆمەڵانە .**

**هەروەکو لەم ووتەیـەدا دەردەکـەوێت کـە فەرموویـەتی :** (( ما دام الهدف و العقيـدة واحـدة )) ، **واتـە : مادام ئامانج و بیروباوەڕیان یەکێکە .**

**٥ / کردنی قورئان و سوننەت بە دادوەر لە هەموو بار و حاڵێکیاندا .**

**لە فەتواکەدا هاتووە کە فەرموویەتی :** (( باتباع كتاب الله والسنَّة وتحكيمهما والاستقامة عليهمـا عقيـدةً و قولاً وعملاً )) ، **واتە : بـە شوێنکەوتنی کتێبی خـوا و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و کردنیـان بـە دادوەر و بـەردەوام بوون لـە سەریان بـە بیروباوەڕ و ووتـە و کـردەوە .**

**٦ / لەخواترسان و ڕاستگۆیی لە هەموو شتێکدا .**

**لەو ووتەیەیدا کە فەرموویەتی : (( لكن عليهم أنْ يتقـوا اللهَ ، وأنْ يـصدقوا في ذلـك )) ، واتە : بەڵام پێویستە لەسەریان کەوا لـە خوا بترسن و لەوەدا ڕاست بکەن ، وە فەرموویەتی : (( لا يـضرُّ إذا جـاء الصدق )) ، واتە : ئەمە زیانی نیە ئەگەر ڕاستی لـــە گەڵدا بێت .**

**٧ / هاوکاری و هاریکاری لە سەر چاکە و لەخواترسان .**

**هەروەك فەرموویەتی : (( أنَّهُ لا بُدَّ أنْ نتعاون على البِرِّ والتقوى )) ، واتە : پێویستە بەڕاستی هاوکاری یەکتر بکەین لەسەر چاکە و لە خواترسان و خۆپاراستن لە تاوان .**

**کەواتە لە کۆی هەردوو فەتواکەی شێخەوە ئەم مەرجانەمان بەکورتی بەرچاو دەکەوێت :**

**١ / مەرجی دەست گرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە .**

**٢ / بانگەشە کردن بۆ قۆرئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار .**

**٣ / بانگەشە کردن بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .**

**٤ / لە گەڵ بیروباوەڕی ڕاست و دروست .**

**٥ / شوێنکەوتن و پابەند بوون بەوەی کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ﵃ لە سەری بوون ، لە بورای یەکخوا پەرستی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی و دوورکەووتنەوە و وازهێنان لە یاساغی کراوەکانی .**

**٦ / یەك پەیڕەوی و یەك بیروباوەڕی لە نێوان ئەو کۆمەڵانە .**

**٧ / کردنی قورئان و سوننەت بە دادوەر لە هەموو بار و حاڵێکیاندا .**

**٨ / لەخواترسان و ڕاستگۆیی لە هەموو شتێکدا .**

**٩ / دوورکەوتنەوە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاك و تەنها ، وەك : هاوارکردن بە مردووان و هاوشێوەکانی تری هاوەڵ بڕیاردان .**

**١٠ / هاوکاری و هاریکاری لە سەر چاکە و لەخواترسان .**

**١١ / دەبێت هاوکاریەکە بۆ جێگیربوونیان بێت لە سەر ڕەوایی ( الحق ) .**

**١٢ / دەست گرتنی موسڵمان بە ڕەوایی ( الحق ) ئەگەر بە تەنهاش بێت ، لە کاتی نەبوونی ئەو کۆمەڵەیەی کە بانگەشەدەکات بۆ ڕەوایی ( الحق ) .**

جا دوای خستنه ڕووی ئەو مەرجانە ، خوێنەری حەق ویست دەکەم بە دادوەر بۆ ئەوەی خۆی بۆ خۆی بەراوردێك بكات لە نێوان فەتواكەی پێشەوا ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت . لە گەڵ کۆمەڵ و حزبە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە بەگشتی ، ئەوانەی کوردستانی خۆشمان بەتایبەتی ، بۆ ئەوەی دەرکەوێت کە فەتواكەی شێخ دادەبزرێنرێت لە سەریان ، و دەیانگرێتەوە ؟!! یان جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانیان لە نێواندایە ؟!! وە لە کۆتاییشدا هۆی بە ڕوونی نەخستنە ڕووی مەرجەکانمان لە لایەن چەواشەکارانەوە بۆ ئاشکرا دەبێت !!

بەمەش ڕاستی ئەو ووتەیەی پێشەوا ( ابن بـــاز ) . بە ڕەحمەت بێت . مان بۆ ئاشکرا دەبێتەوە کە فەرموویەتی : ناوەڕۆکی حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان حیسابە نەك ناوەکانیان ، بۆیە ( لا مـــشاحة في الاصطلاح ) کێشە لە ناو و زاراوەدا نیە ، لێرەشدا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار بە کورتی پێناسە و هەندێك لە هەڵە زەقەکانی هەر یەك لە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ، و کۆمەڵی ( التبليغ ) دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی زیاتر نەگونجانی کردنە بەڵگەی فەتواكەی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . مان بۆ ئاشکرا بێت بۆ ئەو کۆمەڵە ناوبراوانە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

## پێناسە کۆمەڵی

## ( الإخوان المسلمين )

## و هەندێك لە هەڵەکانی

کۆمەڵی ( الإخــوان المسلمين ) یەکێکە لەو کۆمەڵ و گروپانەی کە بەسەرچاوە سەرەکی هەموو کۆمەڵ و گروپە ئیسلامیەکان دادەنرێت ، بەڵکو بە دایکی هەموویان دەژمێردێت لەم سەردەمەدا ، وە یەکەمین کۆمەڵی دروست بووە لە دوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی ، و لەسەدەی بیستدا دروست بووە ، بەشێوەیەکی دیاریتر لە ساڵی ( ١٣٤٦ ك ) کە بەرامبەرە بە ( ١٩٢٨ ز ) داهێنراوە لە لایەن کەسێکی میسریەوە بەناوی ( حسن البنا ) وە .

دوای مردنی دامەزرێنەر زنجیەرە کەسێکی مسری ڕابەرایەتی ئەم کۆمەڵەیان گرتووەتە ئەستۆ ، ئەوەش بەم ڕیزبەندیە : ( حسن الهضيبي ) ، دوای ئەویش ( عمر التلمساني ) ، و پاشان ( حامد أبو النــصر ) دواتر ( مصطفى مشهور ) ، و دوای ئەویش ( مأمون حــسن الهــضيبي ) ، پاشان ( مهــدي العــاكف ) بووە بەڕابەری ئەم گروپە .

لە لای ئەم کۆمەڵە ( حــسن البنــا ) باشترین کەسێکە کە چۆنێتی پەیوەندی نێوان بەندەکان و پەروەردگاریان دیاری بکات ، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا !!! و هەر ئەویشە کە پێی موسڵمانانی خستووەتە سەر ڕێگای ڕاست !!!! و تەنها ڕابەریش بۆ موسڵمانان بۆچوونەکانی ئەوە !!!! و دوورکەوتنەوە لێی کەم و کوڕیە لە سەرخستنی ئیسلامدا !!!

وە موسڵمانان بە هیچ شێوەیەك و هەرگیز سەرناکەون بە بیروباوەڕی ئەو نەبێت !!! و هیچ کۆمەڵێك تەواو و تێروتەسەل نیە ئەگەر بەپێی بیروبۆچونی ئەو نەبێت !!! و ڕەخنە لێگرتنی نەخۆشیە لە دڵدا !!! [1] .

وە ئەوەش لەم کۆمەڵە لابدات بە کەسێك دادەنرێت کە کۆتی ئیسلامەتی لە گەردنی خۆی دامڵکاندبێت !!! [2] و ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە تانەو تەشەرە دەدەن لە هەموو کۆمەڵێکی ئیسلامی تر

---

[1] ( بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی ئەم ووتانە بڕوانە : الجماعات الإسلامية في ضوء الكتاب و السنة وفهم سلف الأمة : لاپەڕە : ٢٠٢ بۆ ٢٠٤ ) .

[2] ( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٠٥ ) .

**جگە لە خۆیان ، چونکە خۆیان بە بنەوا و ڕەوا دەزانن و جگە لە خۆشئیان بە ناڕەواو دۆڕاو دەزانن !!!** [٣] .

**هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە لە سەر بەرهەڵستی کاربەدەستان و دەرچوون لێیان دامەزراوون ، و سەدان لاویان لە لاوانیان کردووەتە قۆچی قوربانی لە دژایەتی کردنیان بۆ گەشتن بە کۆشك و کورسی حوکم ڕانێتی ، لە ناودارترینیان ( سید قطب ) ە کە دواتر بە دەستی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە سێدارە دراوە و کوژراوە .**

**گەورەترین هەوڵیان دابڕکردنی موسڵمانانە لە زانایانی ئیسلام بەتایبەت ئەوانەی کە هاوبیر نین لە گەڵیاندا و خەڵکی لە حەرامێتی حزبایەتی ئاگادار دەکەنەوە ، وەکو پێشەوا و فەرمووددەناسی سەردەم (** محمد ناصرالدين الألباني **) هەروەك لە (** الجماعات الإسلامية في ضوء الكتاب و السنة وفهم سلف الأمة **: لاپەڕە : ٢٠٩ بۆ ٢١٥ ، وە بڕوانە :** الأضواء السلفية على الجماعة الإخوانية **، نووسینی :** لأم أيوب نورة بنت أحسن غاوي **، و پێداچوونەوەی :** الشيخ ربيع بن هادي المدخلي ، والشيخ فالح بن نافع الحربي **: لاپەڕە : ١٥٨ . ٢٠٨ ) دا هاتووە !!!**

**ئەم کۆمەڵە بەیعەت لە ئەندامانی وەردەگرێت !!! ئەو بەیعەتەی کە تایبەتە بە پێشەوای موسڵمانان !!! وە ئەو کەسەی کە ئەم کۆمەڵە بەجێ بێڵێت ئەوا بە ( خەواریج ) ... هتد ناوزەد دەکرێت !!!** [٤] .

**وە لە بیروباوەڕدا بیروباوەڕێکی توند و تۆڵیان نیە ، بۆیە دەبینیت کەوتوونەتە چەندەها پێچەوانە بوونەوەی بنەواکانی ئەهلی سوننە و جەماعە ... وە گرنگیشیان بە یەکخوا پەرستی نیە ، و بە شتێکی لاوەکی دەزانن !!!** [٥] **بگرە باسکردنی هاوەڵ بڕیاردان بە پەرتەوازکاری موسڵمانان دەزانن ، بۆیە دەبینیت کۆکەرەوەی چەندەها بیروباوەڕن لە ئەشعەریەت و ماتوریدی و صۆفی ... هتد !!!** [٦] **و**

---

[٣] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٠٨ ) .**

[٤] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢١٥ . ٢١٦ ) . وە بڕوانە : (** الأضواء السلفية على الجماعة الإخوانية **، نووسینی :** لأم أيوب نورة بنت أحسن غاوي **، و پێداچوونەوەی :** الشيخ ربيع بن هادي المدخلي ، والشيخ فالح بن نافع الحربي **: لاپەڕە : ٢١١ . ٢٢٣ ) .**

[٥] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢١٦ . ٢٢٣ ) .**

[٦] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٢٣ . ٢٢٦ ) .**

**سۆفیگەرێتی و پابەند بوون بە تەریقەت ، و زیندوکردنەوەی یاد و بۆنەکانانیان زۆر باوە تیایاندا هەر لە سەردەمی مورشیدی و پێشەوایانەوە ( حسن البنا ) تاکو ڕۆژگاری ئەم سەردەمەیان !!! [7] .**

**بانگەشەی گۆڕ پەرستی بە بانگەشەکەیانەوە ئاشکرا و دیارە ، هەروەکو لە یادەوەریەکانی دامەزرێنەریانەوە دهاتووە ، بە گەواهی و شایەتی خۆی !!! [8] .**

**بیروباوەڕیان لە ناووسیفەتەکانی خوای پەروەردگار شلەژاو و دانەمەزراوە هەروەکو لە ووتەی مورشید و دامەزرێەریانەوە دەردەکەوێت !!! [9] بگرە بەدەمی خۆی دەڵێت ئێمە ( تفویض ) ی واتا و چۆنێتی سیفاتەکانی خوای پەروەردگار دەکەین بۆ لای خوای پەروەردگار !!! وە بە بیروباوەڕی ئەو هەر ئەمەشە بیروباوەڕی سەلەف !!! کە واش نیە [10] .**

**یەکێکی تر لە بەڵگەکانی دانەمەزراندنی بیروباوەری ئەم کۆمەڵەیە ئەوەیە کە هەوڵیان نزیک بوونەوەی مەزهەب و کۆمەڵە گومڕاکانە لە گەڵ ئەهلی سوننەدا . مەبەست لێرەدا نزیك بوونەوەی شیعە و سوننەیە سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازیەی کە لە نێوانیاندا هەیە !!! کە دەتوانرێت بووترێت دوو ئایینی جیاوازن !!! . ئەم کارەش هەر لە سەرەتادا دامەزرێنەریان هەوڵی تێدا داوە تاکو ئەندامانی ئێستەیان !!! [11] .**

---

[7] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٢٦ ـ ٢٥٠ ) . وە بڕوانە :** ( الأضواء السلفية على الجماعة الإخوانية ، **نووسینی :** لأم أيوب نورة بنت أحسن غاوي ، **و پێداچوونەوەی :** الشيخ ربيع بن هادي المدخلي ، والشيخ فالح بن نافع الحربي : **لاپەڕە : ٣٤ ـ ٥٨ ) .**

[8] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٥٠ ـ ٢٥٣ ) . وە بڕوانە :** ( الأضواء السلفية على الجماعة الإخوانية ، **نووسینی :** لأم أيوب نورة بنت أحسن غاوي ، **و پێداچوونەوەی :** الشيخ ربيع بن هادي المدخلي ، والشيخ فالح بن نافع الحربي : **لاپەڕە : ٥٩ ـ ٦٧ ) .**

[9] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٥٧ ) .**

[10] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٦٠ ـ ٢٦١ ) . وە بڕوانە :** ( الأضواء السلفية على الجماعة الإخوانية ، **نووسینی :** لأم أيوب نورة بنت أحسن غاوي ، **و پێداچوونەوەی :** الشيخ ربيع بن هادي المدخلي ، والشيخ فالح بن نافع الحربي : **لاپەڕە : ٢٢ ـ ٣٣ ) .**

[11] **( هەمان سەرچاوە : لاپەڕە : ٢٩١ ـ ٣١٨ ) .**

## فەتوای گەورە زانایانی ئەهلی سوننە

# سەبارەت بە كۆمەڵی ( الإخوان المسلمين )

**❑ فەتوای شێخی پایە بەرز شێخ ( عبداللّه بن عبدالعزيز بن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :**

**یەكەم : پرسیار كرا لە شێخ** ( عبد العزيز بن باز ) **ـ بە ڕەحمـەت بێـت ـ :** قال النبي ﷺ : (( ... وستفترقُ أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، كلها في النار إلاَّ واحدة ... )) ، فهل جماعة التبليغ ... وجماعة الإخوان المسلمين ... ، هل هاتين الفرقتين من الفرق الاثنتين وسبعين ؟

**واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ... وە ئوممەتكەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ تاقم و فیرقە ، هەموویان لە ئاگری دۆزەخ دان تەنها یەكێكیان نەبێت ... ، ئایا كۆمەڵی** ( تبليغ ) **... و كۆمەڵی** ( الإخوان المسلمين ) ... ، **ئایا ئەم دوو فیرقەیە لە حەفتاودوو تاقم و فیرقەكەن ؟**

**وەڵامی شێخ** ( ابن باز ) **یش ـ بە ڕەحمـەت بێت ـ بەم جۆرە بوو :** (( **<u>مَنْ خالفَ عقيدة أهل السنة والجماعة دخل في الاثنتين وسبعين فرقة</u>** ... .

السائل : هل هاتين الفرقتين ـــ التبليغ والإخوان ـــ من الاثنتين وسبعين فرقة ؟

فأجاب سماحتهُ : **<u>من الاثنتين وسبعين فرقة</u>** ... والمرجئة والخوارج من الاثنتين وسبعين فرقة ... ))[١٢] ، **واتە : هەر كەسێك پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بكات ئەوا دەچێتە ناو ئەو حەفتاو دوو تاقم و فیرقەیەوە ...**

**پرسیاركار : ئایا ئەو دوو تاقم و فیرقەیە ( تەبلیغ و ئیخوان ) لە حەفتاودوو فیرقەكەن ؟**

**بەڕێزیان وەڵامیان دایەوە : بەڵێ لە حەفتاودوو تاقم و فیرقەكەن ... وە مورجیئە و خەوارجیش لە (٧٢) حەفتاودوو فیرقەكەن .**

**دووەم : وە لە وەڵامی پرسیارێكدا كە سەبارەت بە كۆمەڵی** ( الإخوان المسلمين ) **لێی دەكرێت و ئەمە دەقەكەیەتی :** (( سماحة الشيخ : حركة الإخوان المسلمين دخلت المملكة منذ فترة ، وأصبح لها نشاط بين طلبة العلم

---

(١٢) أسئلة الطائف في (شريط مسجل) سنة (١٤١٩ هـ) ( ضمن دروسه في شرح المنتقى في الطائف وهي في شريط مسجّل وهي قبل وفاته رحمه الله بسنتين أو أقل ) . نقلاً عن رسالة من إصدارات (مكتبة الفرقان) منشورة بعنوان : (فتاوى العلماء السلفيين : وجوب تحذير الشباب والعوام من الجماعات والأحزاب والفِرَق ، لأنها من الاثنتين وسبعين فرقة) .

، ما رأيكم في هذه الحركة ؟ وما مدى توافقها مع منهج السُنة والجماعة ؟ )) ، **واته : شێخی بەڕێز : بزووتنەوەی ( الإخوان المسلمين ) بۆ ماوەیەکە هاتوونەتە نێو ( مەملەکەتی سعودێی ) وە ، و چالاکیان هەیە لە نێو فێرخوازانی زانستدا ، ئایا ڕاتان چیە سەبارەت بەم بزووتنەوەیە ؟ وە ئایا تا چ ئاستێك گونجاون لەگەڵ پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعەدا ؟**

**فەرمووی :** (( **حركة الإخوان المسلمين ينتقدها خواص أهل العلم ، لأنه ليس عندهم نشاط في الدعوة إلى التوحيد وإنكار الشرك وإنكار البدع** .

لهم أساليب خاصة ينقصها : عدم النشاط في الدعوة إلى الله ، ودعم التوجيه إلى تصحيح العقيدة الصحيحة التي عليها أهل السنة والجماعة ، فينبغي للإخوان المسلمين أن تكون عندهم عناية بالدعوة السَلفية ، الدعوة إلى توحيد الله ، وإنكار عبادة القبور ، والتعلق بالأموات والاستغاثة بأهل القبور كالحسين أو الحسن أو البدوي ، أو ما أشبه ذلك ، يجب أن يكون عندهم عناية بهذا الأصل الأصيل ، بمعنى لا إله إلا الله ، التي هي أصل الدين ، وأول ما دعا إليه النبي ﷺ في مكة دعا إلى توحيد الله ، إلى معنى لا إله إلا الله ، فكثير من أهل العلم ينتقدون على الإخوان المسلمين هذا الأمر ، أي : عدم النشاط في الدعوة إلى توحيد الله ، والإخلاص له ، وإنكار ما أحدثه الجهال من التعلق بالأموات والاستغاثة بهم ، والنذر لهم والذبح لهم ، الذي هو الشرك الأكبر ، وكذلك ينتقدون عليهم عدم العناية بالسنة : تتبع السنة والعناية بالحديث الشريف وما عليه سلفُ الأمة في الأحكام الشرعية ، وهناك أشياء كثيرة أسمع الكثير من الإخوان ينتقدونهم فيها ، ونسأل الله أن يوفقهم ويعينهم ويصلح أحوالهم )) [١٣] .

**واتە : بزووتنەوەی** ( الإخوان المسلمين ) **چەندین زانای بەناوبانگ ڕەخنەیان لێدەگرن ، چونکە هیچ چالاکیەکیان نیە لە بانگەوازکردن بۆ یەك خواپەرستی و بەرهەڵستی کردنی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە و بەرهەڵستی کردنی بیدعە .**

**شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە ، و کەم وکوڕی تێدایە ، لەوانەش : نەبوونی چالاکی لە بانگەوازیاندا بۆ لای خوای گەورە ، وە نەبوونی پشتیوانی بۆ ئاراستەکردن ڕاست کردنەوەی ئەو بیروباوەڕە ڕاستەی کە ئەهلی سوننە و جەماعەی لە سەرە ، بۆیە پێویستە لە سەر** ( الإخوان المسلمين ) **کە بایەخ دانیان**

---

(١٣) مجلة المجلة ، العدد (٨٠٢) صفحة (٢٤) تاريخ (٢٥ / ٢ / ١٤١٦) ، نقلاً عن ( المجلة السلفية ) العدد (٧) ص : (٤٦ — ٤٧) ، ( نقلاً من مجلة المجلة عدد ٨٠٦ ) آخر فتوى لسماحة الإمام في التحذير من جماعة التبليغ ) .

**هەبێت بەبانگەشەی سەلەفیەت ، و بانگەشەکردن بۆ یەکخواپەرستی ، وئینکارکردنی گۆڕپەرستی ، و خۆپەیوەست کردن بە مردوانەوە ، و هاناپێبردن بە مردوانی ناو ئەو گۆڕانە ، وەك ( حسن ) و ( حسين ) ﵄ ، یان ( البدوي ) و هاوشێوەکانیان ، پێویستە لە سەریان بایەخدانیان هەبێت بەم بنەوا پتەوە ، بەواتای : ( لا إلـه إلا الله ) کە بنەوای ئایینە ، و یەکەمین شتێکە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەدا بانگەشەی بۆ کردبێت ، بانگەشەی بۆ یەکخواپەرستی کرد ، بۆ واتای ( لا إله إلا الله ) ، زۆرێك لە زانایان ڕەخنەی ئەمەیان لە ( الإخوان المسلمين ) هەیە ، واتە : نەبوونی کۆششیان لە بانگەشەکردن بۆ یەکخوا پەرستی ، و ئیخلاص و تەنها ئەنجامدانی هەموو شتێك تەنها لە بەر ئەو ، لە گەڵ ئینکارکردنی ئەو شتانەی کە نەزانکاران دایانهاوردووە ، لە پەیوەست بوون بە مردوان و داوای یارمەتی لێکردنیان ، و نەزر بۆکردن و سەربڕین بۆیان ، کە هاوەڵبڕیاردانی گەورەیە ، وە هەروەها ڕەخنەی ئەوەشیان لێدەگرن کە گرنگی نادەن بە سوننەت : شوێنی سوننەت ناکەون و گرنگی نادەن بە فەرموودە پیرۆزەکان و ئەوەی کە سەلەفی ئەم ئوممەتەی لە سەر بووە ، لە ئەحکامە شەرعیەکان ، وە زۆر شت دبیستم کە زانایان ڕەخنەیان لێدەگرن تیایدا ، دواکارم لە خوای پەروەردگار سەرکەوتوویان بکات ، و یارمەتی دەریان بێت ، و بار وحاڵیان چاك بکات .**

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز و فەرموودەناسی سەردەم ( محمد ناصرالدين الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

**یەکەم : شێخ سەبارەت بە کۆمەڵی** ( الإخوان المسلمون ) **فەرموویەتی :** (( ... إنَّ الإخوانَ المسلمين قد يكون فيهم أُناسٌ طيبين وصالحين ومخلصين ، ولكنْ شُبِّهَ لهم ... **فنحنُ نُعَبِّر عن واقعهم** : **أنَّهم ليسوا على المنهج السلفي القائم على الكتاب والسُّنَّة وعلى منهج السلف الصالح** ... )) [١٤] .

**واتە : ڕەنگە هەندێك جار لە نێوان** ( الإخوان المسلمون ) **دا کەسانێکی دڵ پاك و صاڵح و نیەت پاك هەبن ، بەڵام چەواشەکراون بە شوبهە ... بۆیە ئێمە واقع و حاڵی ئەوان دەردەبڕین : کە ئەم کۆمەڵە لە**

---

[١٤] ( الشريط رقم : (٦٠٠) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور" ) .

سەر پەیڕەوی سەلەفیەت نین ، کە بنیات نراوە لە سەر قورئان و سوننەت و بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح . بە ڕەحمەت بن . .

دووەم : هەروەها شێخ . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەتیان فەرموویەتی : (( **ليسَ صواباً أنْ يُقال إنَّ الإخوان المسلمين من أهل السنة ، لأنَّهم يُحاربونَ السنَّة** )) [١٥] ، واتە : ڕاست نیە بووترێت ( الإخوان المسلمين ) لە ئەهلی سوننەن ، چونکە ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن .

❑ **فەتوای شێخی ئوصوڵی و شەرع زان ( محمد بن صالح العثيمين ) . بە ڕەحمەت بێت . :**

یەکەم : شێخ پرسیاری لێکرا کە (( **هل المنتمي إلى حزب الإخوان أو التبليغ في بلادنا على صواب أم على خطأ** ؟ )) ، واتە : ئایا ئەو کەسەی کە هالە ڕیزەکانی حزبی ئیخوان یان تەبلیغ لە وڵاتی خۆماندا ڕاستە یان لەسەر هەڵە ؟

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : (( **الذي أرى أنَّهُ على خطأ ، وأنَّهُ لا ينبغي أن تُفرِّق الأمة** ... )) [١٦] ، واتە : ئەوەی کە من بۆی دەچم ئەو کەسە لەسەر هەڵەیە ، وە نابێت ئوممەتی ئیسلام پارچەپارچە بکرێت .

❑ **فەتوای زانا و فەرموودەناسی یەمەن ( مقبل بن هادي الوادعي ) . بە ڕەحمەت بێت . :**

یەکەم : شێخ لە فەتوایەکیدا فەرموویەتی : (( **الأمر الذي نعتقده** : **أن الإخوان المسلمين مبتدعة** ، **وأن جماعة التبليغ مبتدعة** ، **وأن أصحاب سلفية عبدالرحمن عبدالخالق مبتدعة** ، **وأي دعوة تريد أن تجمع مجموعة من الناس وتترك الباقين** ، **أو من انضم إليها تعتبر على بدعة** ... )) [١٧] .

واتە : ئەوەی کە بیروباوەڕمانە : کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) بیدعەکارن ، وە کۆمەڵی ( التبليغ ) یش بیدعەکارن ، و ئەو کەسانەی کە لەسەر سەلەفیەتەکەی ( عبدالرحمن عبدالخالق ) ن بیدعەکارن ، و هەر

---

[١٥] ( " سلسلة الهُدى والنور " الشريط رقم : (٣٥٦) ) . من شريط مسجّل بعنوان (فتوى حول جماعة التبليغ والإخوان) تسجيلات (( مناهج السنة )) في الرياض .

[١٦] ( الصحوة الإسلامية ص : ٢٦٥ ) .

[١٧] ( ص ٤٠٨ ــ ٤٠٩ : إجابة السائل ) .

بانگەوازێك كە بیەوێت كۆمەڵێك لە خەڵكی كۆبكاتەوە و ئەوانی تر وازلێبێنێت ، یان ئەوانەی كە پەیوەندیان پێوە بكەن و بچنە ڕێزەكانیانەوە لەسەر بیدعەن .

دووەم : هەروەها شێخ . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە بونی موسڵمانان لە ڕیزەكانی هەریەك لە كۆمەڵی ( التبليغ ) ، و ( الإخـوان ) ئەوە دووپات دەكاتەوە كە چونە ڕیزی ئەو دوو حزبە دروست نیە ، وخاوەنەكەی دەخاتە ڕیزی بیدعەكارانەوە ، هەروەكو فەرموویەتی : (( **أمَّا أن يَنظم إلى التبليغ ، أو الإخوان ، أو إلى غيرهم ، فهذه جماعات مُبتدَعة لا يَجوزُ أن يَنظم إليها** )) [١٨] ، واتە : بەڵام سەبارەت بەوەی كە بچێتە ڕیزی كۆمەڵی ( تەبلیغ ) یان كۆمەڵی ( ئیخوان ) یان جگە لە ئەوان ، و پەیوەندیان پێوە بكات ، ئەوا ئەم كۆمەڵانە بیدعە و داهێنراون ، و دروست نیە بچێتە ڕیزیانەوە و پەیوەندیان پێوە بكات .

سێیەم : وە بەڕێزیان پرسیارێكی تری هەر لەم بارەیەوە لە لایەن موسڵمانانی كوردستان ئاراستەكراوە كە ئەمە دەقەكەیەتی : (( سـؤال ٦ : **هل هذه الفرق المعاصرة كالإخوان والنهضة والسرورية وغيرها تعد من الفرق الخارجة عن جماعة المسلمين ( أهل السنة والجماعة ) أم أنها من فرقة الناجية ؟ وجودها شرعي والمبايعين بها هم من أهل السنة ؟** )) ، واتە : ئایا ئەم فیرقە هاوچەرخانە وەكو : ( الإخـوان ) ، و ( النهضة ) ، و ( السرورية ) ، و جگە لەوانەشە لە ڕیزی ئەوانە دەژمێردرێن كە لە كۆمەڵی موسڵمان ( أهـل السنة والجماعة ) دەرچوون یان لە كۆمەڵی ڕزگاربوون ؟ بوونیان شەرعیە و بەیعەت پێدەرانیان لە ئەهلی سوننەن ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( **أقول هذه الفرقة وغيرها لا تُعَدُّ من أهل السنة ولا كرامة** ، بقي الحكم على الأفـراد ؛ لا نستطع أن نحكم على فـرد من الأفراد في أنـه خارج عن الفرقة الناجية ، فربما يكون جـاهلاً لا يفرق ، **[ فأما ] الرأس الذي يفرق دعوة الأخوان المفلسين أوالدعوة السرورية أو ... دعوة الجماعات الأخرى التي هي مخالفة لسنة ، ويدعوا إليها وينتسب إليها ، نستطيع ان نقول : أنه ليس من الفرقة الناجية** ، والله المستعان )) [١٩] ، واتە : دەڵێم ئەم فیرقانە و جگە لەمانەش لە ئەهلی سوننە و جەماعە ناژمێردرێن ، و هیچ ڕێزێكیان نیە ، بەڵام دەمێنێتەوە حوكم دان لە سەر تاكەكان ، ناتوانین حوكم بدەین لە سەر تاكێك

---

[١٨] ( غـارة الأشرطة : ١ / ٢٢٠ ــ ٢٢١ ) .

[١٩] ( شريط : التبيان في أجوبة أسئلة أهل كوردستان : للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ) .

له تاكه‌كان به‌وه‌ی كه له كۆمه‌ڵی ڕزگاربوو ده‌رچووه ، چونكه له‌وانه‌یه نه‌زان بێت ، و جیاوازی نه‌كات ، به‌ڵام سه‌باره‌ت ئه‌وانه‌ی بانگه‌شه‌ی ( الأخوان المفلسين ) یان ( الدعوة السرورية ) ، یان كۆمه‌ڵه‌كانی تر جیاده‌كه‌نه‌وه ، كه كۆمه‌ڵانێكن پێچه‌وانه‌ی سوننه‌تن ، و بانگه‌شه‌شی بۆ ده‌كات ، و خۆی ده‌تا پاڵ ، ئه‌وا ده‌توانین بڵێین : ئه‌وه له كۆمه‌ڵی ڕزگاربوو نیه ، خوای په‌روه‌ردگاریش پشت و په‌نایه .

**چواره‌م :** وه له وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره‌دا كه تێیدا هاتووه : (( هل جماعة الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين من أهل السنة والجماعة أو لا ؟ )) ، واته : ئایا كۆمه‌ڵی ( الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين ) به‌شێكن له ئه‌هلی سوونه و جه‌ماعه یان نا ؟

فه‌رموویه‌تی : (( **أمَّا جماعة الإخوان والتبليغ والقطبيين** ، **فالأولى أنْ يُحكمَ على مناهجهم** ، **فمناهجهم ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة [ أي : الفرقة الناجية ]** ، أمَّا الأفراد فأنتم تعرفون أنَّ بعض الناس مُلَّبسٌ عليه ويكون سلفياً ويأتونه من باب نصر دين الله ويمشي معهم لا يدري ما هم عليه ، فهم خليط ، الأفراد خليط لا يُستطاع الحكم عليهم بحكم عام ، **لكن المناهج ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة** )) [٢٠] .

واته : كۆمه‌ڵی ( الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين ) چاكتر وایه كه بڕیار و حوكم بدرێت به سه‌ر په‌یڕه‌و و به‌رنامه‌كانیاندا ، جا په‌یڕه‌ویان په‌یڕه‌ی ئه‌هلی سوننه و جه‌ماعه [ واته : كۆمه‌ڵی ڕزگاربوو ] نیه ، به‌ڵام تاكه‌كانیان ئێوه ده‌زانن كه هه‌ندێك له خه‌ڵكی لێی تێك دراوه و خه‌ڵه‌تێنراوه و بێ ئاگایه له په‌یڕه‌وه‌كانیان و له‌وانه‌یه سه‌له‌فیش بێت و ئه‌وان بۆی دێن و هه‌ڵی ده‌خه‌ڵه‌تێنن له ڕێگای سه‌رخستنی ئاینی خوای په‌روه‌ردگاره‌وه و ئه‌ویش شوێنیان ده‌كه‌وێت و له گه‌ڵیاندا ده‌ڕوات و نازانێت ئه‌وانیش له سه‌ر چ په‌یڕه‌وێكن .

ئه‌ندامه‌كانیان تێكه‌ڵن ، بۆیه ناتوانرێت بڕیار و حوكمێكی گشتی بدرێت به سه‌ریاندا ، به‌ڵام په‌یڕه‌وه‌كان په‌یڕه‌وی ئه‌هلی سوننه و جه‌ماعه نیه .

## ❑ فه‌تواى شێخی پایه‌به‌رز ( عبد المحسن العباد البدر ) :

پرسیار كرا له شێخی فه‌رمووده‌ناس ( عبدالمحسن العباد البدر ) سه‌باره‌ت به هه‌ریه‌ك له دوو كۆمه‌ڵی ( التبليغ ) ، و ( الإخوان المسلمين ) ، كه تێیدا هاتووه : (( هناك جماعات مُحدَثة مثل جماعة الإخوان

---

[٢٠] شريط : ( الأسئلة السُّنية لعلامّة الديار اليمنية ) نقلاً عن كتاب ( حوار هادئ مع إخواني ، ص : ٣٤ ــ ٣٥ ) .

وجماعة التبليغ وغيرها ، هل هذه الجماعات من أهل السنة ؟ وما نصيحتكم حول هذا الموضوع ؟ )) ، **واتە : چەندین جەماعاتی داهێنراو هەیە بۆ نموونە ( جماعة الإخوان ) و ( جماعة التبليغ ) و جگە لەمانەش ، ئایا ئەم جەماعاتانە لە ئەهلی سوننەن ؟ وە ئایا ئامۆژگاریتان چییە سەبارەت بەم بابەتە ؟**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (( **هذه الفرق المختلفة الجديدة : أولاً هي مُحدثة** ، ميلادها في القرن الرابع عشر ، قبل القرن الرابع عشر ما كانت موجودة ، هي في عالم الأموات و وُلدت في القرن الرابع عشر ... تلك الفرق أو تلك الجماعات من المعلوم إن عندها صواب وعندها خطأ ، لكن أخطاؤها كبيرة وعظيمة ، فيُحذَر منها ، ويُحرَص على إتباع الجماعة الذين هم أهل السُنة والجماعة ، والذين هم على منهج سلف هذه الأمة ، والذين التعويل عندهم إنما هو على ما جاء عن الله وعن رسوله عليه الصلاة والسلام ، وليس التعويل على أمور جاءت عن فلان وفلان ، وعلى طرق ومناهج أُحدثت في القرن الرابع عشر الهجري .

فإن تلك الجماعات ، أو الجماعتين ، اللتين أشير إليهما ، إنما وُجدتا و وُلدتا في القرن الرابع عشر ، على هذا المنهج ، وعلى هذه الطريقة المعروفة التي هي الالتزام بما كانوا عليه ، مما أحدثه من أحدث تلك المناهج ، و أوجد تلك المناهج ، فالاعتماد ليس على أدلة الكتاب و السُنة ، وإنما هو على آراء ، وأفكار ، ومناهج جديدة مُحدثة ، يبنون عليها سَيرهم ومنهجهم ، ومِن أوضح ما في ذلك أن الولاء و البراء عندهم إنما يكون لمن دخل معهم ومن كان معهم .

فمثلاً جماعة الإخوان ؛ من دخل معهم فهو صاحبهم يوالونه ، ومن لم يكن معهم ، فإنهم يكونون على خلاف معه ، أما لو كان معهم ــ ولو كان من أخبث خلق الله ولو كان من الرافضة ــ فإنه يكون أخاهم ويكون صاحبهم ، ولهذا من مناهجهم أنهم يجمعون من هب ودب !!! حتى الرافضي الذي هو يبغض الصحابة !! ويكره الصحابة !!! ولا يأخذ بالحق الذي جاء عن الصحابة !! إذا دخل معهم في جماعتهم ، فهو صاحبهم ، ويعتبر واحد منهم ، له مالهم وعليه ما عليهم )) [٢١] .

**واتە : ئەم گروپە جیاواز و نوێیانە : سەرەتا ئەمانە داهێنراون ، مێژووی لە دایك بوونیان سەدەی چواردەیە ، ئەمانە بوونیان نەبوو ، ئەمانە لە جیهانی مردووەکاندا بوون و لە سەدەی چواردەدا لە دایك بوون .... زانراوە کە ئەو گروپانە یان ئەو کۆمەڵانە ڕاستیان هەیە و هەڵەشیان هەیە ، بەڵام هەڵەکانیان**

---

(٢١) ( من شريط : فتاوى العلماء في الجماعات وأثرها على بلاد الحرمين ، الوجه الثاني ، الدقيقة : (٥٢) ، الثانية : (١٤) ، وكتاب : فكر التكفير ص : (٢٧٩ ــ ٢٨١) ) .

گـــــەورە و مـــــەزنن ، بۆیـــە دەبێت موسڵمانان لێـیان ئاگـادار بكرێتـەوە و پــەرۆشی شوێنكەوتنی ( الجماعــة ) بین كـه بریتین لـه ئەهلی سوننه و جەماعەیه ، و ئەوانـەی كه لەسـەر پەیڕەوی سەلەفـی ئەم ئوممەتـەن ، ئەوانـەی كـه پشت دەبەستن تـەنها بەوەی كه لـه خوا و لـه پێغەمبەرەكەیـەوە ﷺ هـاتووه ، نەوەك پشت ببەسترێت به شتانێك كه لـه فلان و فلانـەوە هـاتوون ، وه نـەك پشت ببەسترێت به ڕێگـە و پەیڕەوێلێك كه له سەدەی چواردەی كۆچیدا داهێنراون !!

چونكه ئەو كۆمەلانه یـــان ئەو دوو كۆمەڵەیه كـــه ئاماژەیـان پێكرا . مەبەستی شێخ : كـۆمەڵی ( التبليغ ) و ( الإخوان المسلمين ) ە . له سەدەی چواردەدا پەیدا بـوون و لـه دایك بوون لەسـەر ئەم پەیڕەوە و لەسەر ئەم ڕێگا زانراوە كه بریتیه له پابەند بوون بەوەی كه لەسەری دەڕۆن ، لـەوەی كه داهێنـراوی ئەو كەسانەیە كه ئەو پەیڕەوەیان داهێنـاوە ، و ئـەو بەرنامانـەی هێناوەتـە بـوون ، ئـەوان پشت نابەستن بـه بەڵگەكانی قورئان و سوننەت ، بەڵكو پشت دەبەستن بەو ڕاوبۆچوون و بیر و بەرنامه نوێیه داهێنراوانەی كـه ڕێـڕەو و پرۆگرامیـانی لەسـەر بنیـات دەنـێن ، وه لـه ڕوون تـرین شـت كـه لـەوەدا هەیـە ئەوەیـە كـه دۆستایەتی و بێبەری بوون له لای ئەوا تەنها بۆ ئەو كەسانەیە كه لەگەڵ ئەواندا دەچنه نێویانەوە و بۆ ئەوانەیە كه لەگەڵ ئەواندان .

بۆ نموونه كۆمەڵی ( الإخوان ) ئەو كەسەی بچێتە ڕیزەكانیانـەوە ئـەوا هاوەڵیانـەو خۆشیان دەوێت ، وه ئـەوەش كـه لـه گـەڵیانـدا نـەبێت ، ئـەوا دەكـەونـه پێچەوانه بوونـەوەی ، بـەڵام ئەگـەر لـه گـەڵیانـدا بێت . ئەگەر پیسترین دروست كراوی خوای پەروەردگار بێت ، ئەگەر له شیعەش بێت . ئەوا برایانه و دەبێت بە هاوەڵیان ، لەبەر ئەمە له پەیڕەویاندا ئەوە هەیە كه هەركەسێك بێت كۆی دەكەنەوە !! تەنانەت كەسانی ( رافــضة ) ش كـه دژایـەتی هـاوەڵانی پێغەمبـەر ﷺ دەكـەن !! و ڕقـی لـه هاوەڵانـه !!! وه ئـەو ڕەواییـەش وەرناگرێت كه هاوەڵان پێی هاتوون !!! ئەگەر بچێتەڕیزەكانیانەوە ، دەبێت بە هاوەڵیان ، و بەیـەكێك لـه خۆیانی دەزانن ، ئەوەی بۆ ئەوان هەیە بۆ ئەویش هەیە ، و ئەوەشی لەسەرە كه له سەر ئەوان هەیە .

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز ( أحمد محمد شاكر ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

زانای فەرمووودەناس شێخ ( أحمد شاكر ) . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمون ) فەرموویەتی : (( **الإخوان المسلمون خوارج العصر** )) [٢٢] .

واتە : کۆمەڵی ( الإخوان المسلمون ) خەوارجی ئەم سەردەمەن .

## ❑ فەتوای شێخ ( صالح السحيمي ) ـ خوا بیپارێزێت ـ :

شێخ ( **صالح السحيمي** ) سەبارەت بە کۆمەڵی ( **الإخوان المسلمين** ) فەرموویەتی : (( **صوفية** : **حصافية** ، **سياسية** ، **فكرية** ، **تهتم بالمظهر ولو على حساب المخبر** ، وتجمع في صفوفها من هب ودب فينتمي إليها **السني** ، **والصوفي** ، **والرافضي** بدعوى [ نتعاون فيما اتفقنا عليه ، ويعذر بعضنا بعضاً فيما اختلفنا فيه ] )) [٢٣] .

واتە : کۆمەڵێکی سوفیگەری سەر بە تەریقەی ( الحصافية ) ن ، هەوڵیان بۆ سیاسەتە ، و کۆمەڵێکی فیکرین ، زیاتر هەوڵیان بە ڕووکەشە ئەگەر لە سەر حیسابی هەواڵەکانی ئاییینیش بێت ، هەموو کەسێك لە ڕیزەکانیاندا کۆدەکەنەوە ، بۆیە دەبینیت کەسی سوننی ، و سۆفی ، رافیزەش !!! ئەوەش بە بیانووی ئەوەی کە : هاریکاری یەکتر دەکەین لەوەی کە هاودەنگین تێیدا ، و لەوەش کە جیاواز و پێچەوانەین بەهانە بۆیەکتر دەهێنینەوە !!!!

❁ ❁ ❁ ❁ ❁

---

[٢٢] ( مجلة الأصالة ، العدد : ٤٠ ، ص : ١١ ) .

[٢٣] ( حقيقة الدعوة إلى الله تعالى وما اختصت به جزيرة العرب وتقويم مناهج الدعوات الإسلامية الوافدة إليها للشيخ سعد الحصين : ص ٣٤ ) .

## پێناسه كۆمەڵی ( التبليغ )

## و هەندێك له هەڵكانی ئەم كۆمەڵەیه و ووتەی زانایان سەبارەتیان

دامەزرێنەری ئـەم كـۆمەڵە ( محمد إلياس ) ی كوڕی ( محمد ) ی كوڕی ( إسماعيل ) ( الكاندهلوي الديوبندي الجشتي )[1] یه ، و لـه ساڵی ( ١٣٠٣ ك ) لـه وڵاتی هیند ، و لـه دێی ( كاندهلة ) لـه دایك بـووه ، و لـه ساڵی ( ١٣٦٤ ك ) كۆچی دوایی كردووه ، و دوای خۆی كوڕەكەی ( محمد يوسف ) بووه به جێنشینی ، و له ساڵی ( ١٣٨٥ ك ) ئەویش كۆچی دوای دەكات ، و پاش ئەویش ( إنعام الحسن ) دەبێت به جێنشینی كه لەو ساڵی ( ١٤١٦ ك ) كۆچی دوای دەكات ، بەڵام كەسی تر نابێت به جێنشینی !!! هۆكارەكانیش نادیارن ، ئەگەرچی هەندێك له ئەندامانی ئەم كۆمەڵەیه دەڵێن : گوایا ئەوان چاوەڕێی مەهدین !! وه هەندێكیشیان شتەكه دەگێڕنەوه بۆ بوونی جیاوازی له نێوان ئەندامانی كۆمەڵەكه له سەر ئەو جێنشینیه[2] !!!

دامەزرێنەری ئەم كۆمەڵە ( محمد إلياس ) دەڵێت شەوێكیان له خەومدا دوای بیستنی ئەم ئایەته : ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴾ ( آل عمران : ١١٠ ) ئەوەم پێ ووترا كه تۆش وەكو پێغەمبەران . عليهم السلام . هاتووی بۆ خەڵكەكه نێردراوی ، چونكه ووشەی ﴿ أُخْرِجَتْ ﴾ ئاماژه بەوه دەدات كه دەبێت دەرچی بۆ گەیاندنی ئایین و نابێت له تەنها شوێنێك بمێنیتەوه ، ئەمەش له كاتێكدا بووه كه سەرۆك له شاری مەدینه بووه ، له كاتی حەج كردنیدا[3] !!! هەر بۆیه دەبینیت له ئاشكراترین سیفەتی كۆمەڵەكەی دەرچوونی به كۆمەڵ بۆ گەیاندنی پەیڕەو و بۆچوونەكانیان !!!

---

[1] ( الديوبندية ) نیسبەته بۆ ( ديوبند ) كه یەكێكه له گەورەترین قوتابخانەكانی مەزهەبی ( الحنفية ) له ( شبه القارة الهندية ) دا ، كه له ساڵی ( ١٢٨٣ ك ) دا دامەزراوه ، و دامەزرێنەرەكەی گومانی وایه : كه گوایا پێغەمبەری خوا ئەو قوتابخانەیەیه ، و ئامادەی كۆڕی مامۆستایانی دەبێت ، و دەستی له ژمێریاریەكانیدا هەیه !!!!

وه ( الجشتي ) ش نیسبەته بۆ تەریقەتێكی سۆفیگەری كه پێی دەووترێت : ( الجشتية ) سەراوی ئەم تەریقەته له هیندا دەگەڕێتەوه بۆ ( معين الدين الجشتي ) .

[2] ( الجماعات الإسلامية في ضوء الكتاب والسنة بفهم سلف الأمة ، للشيخ سليم الهلالي : ٤٧١ ــ ٤٧٨ ) .

[3] ( جماعة التبليغ عقيدها وأفكارها ومشايخها : ١٤ ) .

**پەیڕەوەکەیان لە سەر شەش بنەوا دامەزراوە [٤] ، ئەوانیش :**

**١ ـ بەدی هێنانی ووشەی** ( لا إلــه إلا الله محمــد رســول الله ) : **کە تەنها مەبەستیان باوەڕبوونە بەیەکخواپەرستی لە پەروەردگاریدا** ( توحید الربوبیة ) ، **واتە : باوەڕ بەوەی کە خوڵقێنەر ، و ڕۆزیدەر ، و مرێنەر ، زیندوکەرەوە تەنها هەر خوایە و هیچی تر !!! وە دوورن هیچ بایەخێکیان بە یەکخواپەرستی نیە لە بواری ناو سیفەتەکانیدا** ( توحید الأسماء والصفات ) ، **و لە بواری پەرستندا** ( توحید الألوهیة ) ، **چونکە باسکردنی ئەم شتانە بە هۆکاری پەرتەوازەیی و تەفریقە دەزانن !!!! بۆیە دەبینیت گۆڕ پەرست و سۆفی و ئەشعەری و ماتوریدی و جەهمی و حلولیان تێدایە !!!!**

**٢ ـ ئەنجامدانی نوێژ بە خشوع و ملکەچیەوە : ئەم کارەش لە لای ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە نایەتە دی جگە بە نوێژکردن نەبێت لە لای گۆڕ !!! بۆیە ناوەندی سەرەکی ئەم کۆمەڵە لە** ( دلهي ) **کە ناوی** ( نظام الدین ) **ە چوار قەبری تێدایە !!! قەبری** ( محمد إلیاس ) **ی سەرکردە و کورەکەی** ( محمد یوسف ) **لە گەڵ دووانی تردا !!!!**

**٣ ـ زانین لە گەڵ یاد و زیکری خوا : زانین لە لای ئەم کۆمەڵەیە دوو جۆرە :**

**یەکەم : زانینێك بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی شەریعەت کە یەکخواپەرستی و فیقهو پەیڕە و شتەکانی ترە دەگرێتەوە ... هتد ، و پێی دەڵێن :** ( علم المسائل ) **!!! ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە ئەم زانستەیان لە لا زۆر بێ بایخە و هیچ هەوڵێکیان نیە بۆی !! چونکە ـ بە گومان و بیروڕای لاری ئەوان ـ ئەم جۆرە زانستە موسڵمانان دوور دەخاتەوە لە کردەوەی چاك و تەفریقە و پەرتەوازەیی دەناتەوە لە نێوان موسڵمانان !!!!**

**دووەم : زانستی چاکەکان** ( علم الفضائل ) **: کە تێیدا سەدان فەرموودەی بێ بنەوا و هەڵبەسترا و** ( ضعیف ) **و ئەفسانە و خەو شتی پڕوپوچی تێدا یاس دەکەن و متمانەی دەکەنە سەر !!!!**

**٤ ـ ڕێزگرتن لە موسڵمانان : مەبەستیشیان لەم بنەوایەیان ئەوەیە کە تەنها ڕێزبگرن لەو موسڵمانانەی کە وەکو ئەوان دەردەچن و ئایین دەگەیەنن !!! نەك ئەوەی کە ڕێز لە هەموو موسڵمانێك بگیردرێت کە کەس نکوڵی لەمە نیە !!!**

---

[٤] ( الجماعات الإسلامیة في ضوء الکتاب والسنة بفهم سلف الأمة ، للشیخ سلیم الهلالي : ٤٩٤ ــ ٥٢١ ) .

**٥ ـ چاككردنەوەی نیەت :** كە ئەمەش بەكردەوە پێچەوانەیەن !!! چونكە كردەوە سۆفیگەریێتیەكان ئەنجام دەدەن كە دڵ دەمرێنێت ، و كردەوەكانیش پوچەڵ دەكاتەوە !!! و چوێنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ناكەون لە كار و كردەوە و گوفتاریاندا !!!

**٦ ـ دەرچوون لە پێناوی خوا :** كە ئەمەش بەو شێوەیەی كە ئەوان ئەنجامی دەدەن كارێكی بیدعەكارانە و بێ بنەوایە ، و پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ !!!!

## فەتوای گەورە زانایانی ئەهلی سوننە

## سەبارەت بە كۆمەڵی ( التبليغ )

### ❑ فەتوای شێخی پایە بەرز شێخ ( عبدالله بن عبدالعزيز بن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

**یەكەم :** پرسیار كرا لە شێخ ( عبد العزيز بن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ : قال النبي ﷺ : (( ... وستفترقُ أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، كلها في النار إلاَّ واحدة ... )) ، فهل جماعة التبليغ ... وجماعة الإخوان المسلمين ... ، هل هاتين الفرقتين من الفرق الاثنتين وسبعين ؟

واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ... وە ئوممەتكەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ تاقم و فیرقە ، هەموویان لە ئاگری دۆزەخ دان تەنها یەكێكیان نەبێت ... ، ئایا كۆمەڵی ( تبليغ ) ... و كۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ... ، ئایا ئەم دوو فیرقەیە لە حەفتاودوو تاقم و فیرقەكەن ؟

وەڵامی شێخ ( ابن بــاز ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بەم جۆرە بوو : (( **مَنْ خالفَ عقيدة أهل السنة والجماعة دخل في الاثنتين وسبعين فرقة** ... .

السائل : **هل هاتين الفرقتين ـ التبليغ والإخوان ـ من الاثنتين وسبعين فرقة** ؟

فأجاب سماحتهُ : **من الاثنتين وسبعين فرقة** ... والمرجئة والخوارج من الاثنتين وسبعين فرقة ... ))[٥] ، واتە : هەر كەسێك پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بكات ئەوا دەچێتە ناو ئەو حەفتاو دوو تاقم و فیرقەیەوە ...

---

[٥] أسئلة الطائف في (شريط مسجل) سنة (١٤١٩ هـ) ( ضمن دروسه في شرح المنتقى في الطائف وهي في شريط مسجّل وهي قبل وفاته رحمه الله بسنتين أو أقل ) . نقلاً عن رسالة من إصدارات (مكتبة الفرقان) منشورة بعنوان : (فتاوى العلماء السلفيين : وجوب تحذير الشباب والعوام من الجماعات والأحزاب والفِرَق ، لأنها من الاثنتين وسبعين فرقة) .

**پرسیارکار : ئایا ئەو دوو تاقم و فیرقەیە ( تەبلیغ و ئیخوان ) لە حەفتاودوو فیرقەکەن ؟**

**بەڕێزیان وەڵامیان دایەوە : بەڵێ لە حەفتاودوو تاقم و فیرقەکەن ... وە مورجیئە و خەوارجیش لە (٧٢) حەفتاودوو فیرقەکەن .**

## ❑ فەتوای شێخی پایەبەرز و فەرموودەناسی سەردەم ( محمد ناصرالدین الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :

**یەکەم : پرسیار لە شێخی پایەبەرز ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کرا سەبارەت بە کۆمەڵی ( التبليغ ) ، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە : (( <u>مارأيك في جماعة التبليغ</u> ؟ )) ، واتە : بیروڕات چیە سەبارەت بە کۆمەڵی تەبلیغ ؟**

**شێخی ( الألباني ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمووی : (( <u>جماعة التبليغ : صوفية عصرية</u> ، <u>صوفية عصرية</u> ، <u>فإذا كان عندك معرفة عن الصوفية وأنها منحرفة عن الشريعة الإسلامية</u> ، <u>فهي صوفية ولكن مبرزفة شوي في عصر الحاضر</u> )) [٦] ، واتە : کۆمەڵی تەبلیغ سۆفیگەریەکی سەردەمین ، سۆفیگەریەکی سەردەمین ، بۆیە ئەگەر شارەزاییت هەیە دەربارەی سۆفیگەریەت و بەوەی کە لەشەریعەتی ئیسلام لایان داوە ، ئا ئەمانە کۆمەڵێکی سۆفین بەڵام سۆفیگەریەکەیان ڕازاندوەتەوە و گونجاندویانە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا .**

**دووەم : وە لە وەڵامی پرسیارێکی تر سەبارەت بە کۆمەڵی ( التبليغ ) دا هاتووە : (( <u>ما رأيكم في جماعة التبليغ ، هل يجوز لطالب العلم أو غيره أن يخرج معهم بدعوى الدعوة إلى الله</u> ؟ )) ، واتە : ڕاتان چیە سەبارەت بە کۆمەڵی تەبلیغ ، وە ئایا دروستە بۆ فیرخوازانی زانستی شەرعی یان جگە لەوان لە گەڵیاندا دەرچن بەبیانووی بانگەشەکردن بۆ لای خوای پەروەردگار .**

**فەرموویەتی : (( <u>جماعة التبليغ لا تقوم على منهج كتاب الله</u> ، <u>وسنّة رسوله</u> ـ عليه السلام ـ ، <u>وما كان عليه سلفنا الصالح</u> . <u>وإذا كان الأمر كذلك</u> ؛ <u>فلا يجوز الخروج معهم</u> ؛ <u>لأنه ينافي منهجنا في تبليغنا لمنهج السلف الصالح</u> .... وهم ــ أي جماعة التبليغ ــ لا يعنون بالدعوة إلى الكتاب والسنّة كمبدأ عام ؛ بل إنهم يعتبرون هذه**

---

[٦] ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٨٣ ، دقيقة ٨ ، ثانية ٥٧ ) .

الدعوة مفرقة ، ولذلك فهم أشبه ما يكونون بجماعة الإخوان المسلمين ... فهم يقولون إن دعوتهم قائمة على الكتاب والسنَّة ، ولكون هذا مجرد كلام ، فهم لا عقيدة تجمعهم ، فهذا ماتريدي ، وهذا أشعري ، وهذا صوفي ، وهذا لا مذهب له ... فدعوة جماعة التبليغ صوفيّة عصريّة ، تدعو إلى الأخلاق أما إصلاح عقائد المجتمع ؛ فهم لا يحركون ساكناً ؛ لأن هذا ــ بزعمهم ــ يفرق ... وقد جرت بين الأخ سعد الحصين وبين رئيس جماعة التبليغ في الهند أو في باكستان مراسلات ، تبيّن منها أنّهم يقرون التوسل والاستغاثة وأشياء كثيرة من هذا القبيل ، ويطلبون من أفرادهم أن يبايعوا على أربع طرق ، منها الطريقة النقشبنديّة ، فكل تبليغي ينبغي أن يبايع على هذا الأساس ... فجماعة التبليغ ليس لهم منهج علمي ، وإنما منهجهم حسب المكان الذي يوجدون فيه ، فهم يتلونون بكل لون !!! )) (٧) .

واتە : کۆمەڵی تەبلیغ دانەمەزراوە لە سەر پەیڕەوی قورئانەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ، وە لە سەر ئەوەی کە سەلەفی صاڵحی لەسەر بوونە ، جا ئەگەر کارەکە وابوو ، ئەوا دەرچوون لە گەڵیاندا دروست نیە ، چونکە پێچەوانەی پەیڕەوی ئێمەیە لە گەیاندنمان بۆ پرەیڕەوی سەلەفلا صاڵح ... بەڵام ئەوان . واتە : کۆمەڵی تەبلیغ . بایەخ نادەن بە بانگەشە بۆ لای قورئانی پیرۆز و سوننەت ، وەکو ڕێسایەکی گشتی ، بەڵکو ئەوان ئەو جۆرە بانگەشەیە بە پەرتەوازەکار دادەنێن !! بۆیە ئەوان زیاتر لە کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) دەچن !!! .... ئەوان ئەوە دەڵێن گوایا بانگەشەکەیان دامەزراوە لە سەر قورئان و سوننە ، وە لە بەر ئەوەی کە ئەمە تەنها گوفتارە ، بۆیە هیچ بیروباوەڕێك بەیەکیانەوە نابەستێتەوە ، دەبینیت ئەمەیان ماتوریدیە ، و ئەویان ئەشعەریە ، ئەویتریان صۆفیە ، ئەمەشیان هەر بێ مەزهەبە !!! ... بانگەشەی کۆمەڵی تەبلیغ سۆفیگەرێتیەکی سەردەمە ( مۆدرنە ) !! بانگەشە دەکات بۆ چاکسازی لە ڕەوشت ، بەڵام سەبارەت بە چاکسازی بیروباوەڕی کۆمەڵگا ، ئەوا ئەوان وەستاوێك ناجوڵێننەوە ، چونکە بەپێی گومانی ئەوان ئەمە پەرتەوازکارە !!!!!

وە لە نێوان برای بەڕێز ( سعد الحصين ) ، و پێشەوای کۆمەڵی ( التبليغ ) لە هنددا ، یان لە پاکستاندا نامەگۆڕینەوەیەك کرا ، لەو کارەوە ئاشکرابوو کە لایان ئاساییە کە تەوەسل بکرێت ، یان هاوار بکرێت بە جگە لە خوای پەروەردگار ، و چەندەها شتی تر کە هەر لەم بارەیەوە بوون ، وە داوا لە ئەندامەکانیان

(٧) ( الفتاوى الإماراتية للألباني : س٧٣ ، ص ٣٨ ) .

دەکەن بەیعەت بدەن لە سەر چوار تەریقەی سۆفیگەریّتی !!! لەوانە تەریقەی نەقشەبەندیە ، وە هەموو کەسێکی پەیوەندیکار بە کۆمەڵی تەبلیغەوە دەبێت لە سەر ئەم بنەوایە بەیعەت بدات .

❑ **فەتوای شێخی ئوصوڵی و شەرع زان ( محمد بن صالح العثیمین ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :**

**یەکەم** : وە هەروەها پرسیاری لێکرا کە (( **هل المنتمي إلى حزب الإخوان أو التبليغ في بلادنا على صواب أم على خطأ** ؟ )) ، واتە : ئایا ئەو کەسەی کە هالە ڕیزەکانی حزبی ئیخوان یان تەبلیغ لە وڵاتی خۆماندا ڕاستە یان لەسەر هەڵە ؟

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : (( **الذي أرى أنَّهُ على خطأ ، وأنَّـهُ لا ينبغي أن تُفرَّق الأمة** ... )) [٨] ، واتە : ئەوەی کە من بۆی دەچم ئەو کەسە لەسەر هەڵەیە ، وە نابێت ئوممەتی ئیسلام پارچەپارچە بکرێت .

**دووەم** : سەبارەت سەرکردە و ئەمیرەکانی کۆمەڵی ( التبلیغ ) فەرموویەتی : (( **كذلك بلغني عن زعماء لهؤلاء الجماعة في الأقطار الإسلامية ، خارج بلادنا ، أنهم على ا نحراف في العقيدة ، فإذا صح ذلك ، فإن الواجب التحذير منهم ، والإقتصار على الدعوة داخل بلادنا على الوجه المشروع** )) [٩] .

واتە : هەروەها پێمگەیشتووە کە سەرانی ئەو کۆمەڵانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا . لە دەرەوەی وڵاتی خۆمان . لاریان هەیە لە بیروباوەڕدا ، جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ، پێویستە خەڵکیان لێ ئاگادار بکرێتەوە ، وە خۆسەرقاڵکردن بەبانگەشە بە شێوازە شەرعیەکەی لە وڵاتی خۆماندا .

❑ **فەتوای زانا و فەرموودەناسی یەمەن ( مقبل بن هادي الوادعي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ :**

**یەکەم** : شێخ لە فەتوایەکیدا فەرموویەتی : (( **الأمر الذي نعتقده : أن الإخوان المسلمين مبتدعة ، وأن جماعة التبليغ مبتدعة ، وأن أصحاب سلفية عبدالرحمن عبدالخالق مبتدعة ، وأي دعوة تريد أن تجمع مجموعة من الناس وتترك الباقين ، أو من انضم إليها تعتبر على بدعة** ... )) [١٠] .

---

[٨] ( الصحوة الإسلامية ص : ٢٦٥ ) .

[٩] ( جماعة التبليغ ( ص٤٣٥) .

[١٠] ( ص ٤٠٨ ـــ ٤٠٩ : إجابة السائل ) .

واته : ئەوەی کە بیروباوەڕمانە : کۆمەڵی ( الإخوان المسلمین ) بیدعەکارن ، وە کۆمەڵی ( التبلیغ ) یش بیدعەکارن ، و ئەو کەسانەی کە لەسەر سەلەفیەتەکەی ( عبدالرحمن عبدالخالق ) ن بیدعەکارن ، و هەر بانگەوازێك کە بیەوێت کۆمەڵێك لە خەڵکی کۆبکاتەوە و ئەوانی تر وازلێبێنێت ، یان ئەوانەی کە پەیوەندیان پێوە بکەن و بچنە ڕیزەکانیانەوە لەسەر بیدعەن .

**دووەم :** هەروەها شێخ - بە ڕەحمەت بێت - سەبارەت بە بونی موسڵمانان لە ڕیزەکانی هەریەك لە حزبی ( التبلیغ ) ، و ( الإخوان ) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چونە ڕیزی ئەو دوو حزبە دروست نیە ، وخاوەنەکەی دەخاتە ڕیزی بیدعەکارانەوە ، هەروەکو فەرموویەتی : (( **أمَّا أن يَنظم إلى التبليغ ، أو الإخوان ، أو إلى غيرهم ، فهذه جماعات مُبتدَعة لا يَجوزُ أن يَنظم إليها** )) [11] ، واتە : بەڵام سەبارەت بەوەی کە بچێتە ڕیزی کۆمەڵی ( تەبلیغ ) یان کۆمەڵی ( ئیخوان ) یان جگە لە ئەوان ، و پەیوەندیان پێوە بکات ، ئەوا ئەم کۆمەڵانە بیدعە و داهێنراون ، و دروست نیە بچێتە ڕیزیانەوە و پەیوەندیان پێوە بکات .

## فەتوای زانای بەڕێز ( صالح بن فوزان آل فوزان ) - خوا بیپارێزێت - :

**یەکەم :** شێخ ( الفوزان ) سەبارەت بە دروستی و یان نادروستی دەرچوون لە گەڵ کۆمەڵی تەبلیغ ئەم پرسیارەی ئاراستە کرا کە تێیدا هاتووە (( **أحسن الله إليكم صاحب الفضيلة ، يقول " هل الخروج لمدة أشهر أو أسابيع أو أيام كما تفعله جماعة التبليغ سنة أم بدعة ، وهل يجوز الخروج مع هذه الجماعة إذا كان الشخصُ متعلماً العلم الشرعي** ؟ )) ، واتە : خوا چاکەتان بۆ بکات ، خاوەن شکۆ ، دەڵێت : ئایا دەرچوون بۆ ماوەی چەند مانگێك یان چەند هەفتەیەك یان چەند ڕوژێك ، وەکو کۆمەڵی تەبلیغ دەیکەن سوننەتە یان بیدعەیە ؟ وە ئایا دروستە دەرچوون لەگەڵ ئەم کۆمەڵەدا ، ئەگەر کەسەکە مامۆستا و شارەزا بێت لە زانستی شەرعیدا ؟

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : (( **هذا لا يجوز ، هذا بدعة ، هذا الخروج الذي هو أربعون يوماً أو أربعة أشهر أو أربعة أيام هذا بدعة ، وهذه جماعة صوفية معروفة ، ثبت أنها جماعة صوفية من ديوبنديين تسربوا إلى**

---

[11] ( غارة الأشرطة : ١ / ٢٢٠ ـ ٢٢١ ) .

**بلادنا و غيرها لأجل أن ينشروا الصوفية** ، **فلا يجوز لصاحب السنة و صاحب التوحيد أنه يخرج معهم** ، **لأنه إذا خرج معهم أعانهم على نشر البدعة** ، ... )) (١٢) .

**واتە : ئەمە دروست نیە ، ئەمە بیدعەیە ، ئەم دەرچوونە بۆ چل ڕۆژ ، یان بۆ چوار مانگ ئەمە بیدعەیە ، وە ئەم کۆمەڵە کۆمەڵێکی ناسراوی سۆفیگەرن ، سەڵمێنراوە کە ئەم کۆمەڵە کۆمەڵێکی سۆفیگەری دیوبەندین دزەیانکردووەتە ناو وڵاتی ئێمە و وڵاتانی تردا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی سۆفییگەرێتی ، بۆیە دروست نیە بۆ کەسانی خاوەن سوننەت و خاوەن تەوحید دەرچێت لە گەڵیاندا ، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەرچێت لەگەڵیاندا ئەوە یارمەتیان دەدات بۆ بڵاوکردنەوەی بیدعە .**

**دووەم : وە پرسیاریاری لێکرا** (( أحسن الله إليكم صاحب الفضيلة هذا سائلٌ يقول : أنا شابٌ في بداية الإستقامة و أُماشي جماعة التبليغ وأريد السفر معهم إلى باكستان ، فبماذا تنصحوني ؟ )) ، **واتە : خوا چاکەتان بۆ بکات خاوەن شکۆ ، ئەم پرسیارکارە دەڵێت : من گەنجێکم لەسەرەتای دینداری و بەردەوامیدام ، وە لەگەڵ کۆمەڵی تەبلیغدا هەڵسوکەوت دەکەم و دەمەوێت سەفەریان لەگەڵدا بکەم بۆ پاکستان ، بۆیە بەچی ئامۆژگاریم دەکەیت ؟**

**شێخ** ( الفوزان ) **یش لە وەڵامدا فەرمووی :** (( ن**نصحكُم [ أن ] لا تسافر معهم و لا تطلع معهم من بيتك إلى مسجدٍ آخر** ، **لا تمشي معهم أبداً** ، **لأنهم مبتدعة لأنهم جماعة بدعة** ، وإذا صار فيك خير و محبة ؛ للدَّعوة و أمر بالمعروف و النهي عن المنكر ، الأبواب مفتوحة ، إلى كيت !! إلى جماعة التبليغ !! أُدع إلى الله وأمر بالمعروف وانه عن المنكر بدون أن تصاحب هؤلاء . نعم )) (١٣) .

**واتە : ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی سەفەریان لەگەڵ مەکە ، وە لەگەڵیاندا دەرمەچۆ لەماڵی خۆتەوە بۆ مزگەوتێکی تر ، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵیان مەگەڕێ ، چونکە بیدعەچین ، لەبەر ئەوەی ئەوان کۆمەڵێکی بیدعەن ، وە ئەگەر تۆ خێر و چاکەت تێدابوو ئەوا بزانە کە دەرگاکانی بانگەواز و فەرمان بەچاکە و قەدەغەکردنی خراپە کراوەیە ، بەڵام بانگەوازکردن بۆ لای فلان !! یان بۆ لای جەماعەتی**

---

(١٢) ( كتاب " الإجابات المهمة في المشاكل الملمة " للشيخ صالح الفوزان ، جمع وإعداد محمد بن فهد الحصين ١٤٢٥هـ ) .

(١٣) ( ملتقى أنصار الهدى ، قسم زاد طالب العلم الشرعي ، منتدي الصوتيات ، تجميع صوتيات أقوال العلماء في جماعة التبليغ ( الصوفية العصرية ) ، ١٠ ـ العلامة الفوزان يحذر من السفر مع جماعة التبليغ . الرابط :
( http://www.el-houda.net/vb/showthread.php?t=326 ) .

تەبلیغ !!! بانگەواز بکە بۆ لای خوای پەروەردگار و فەرمان بکە بە چاکە و ڕێگری بکە لە خراپە ، بەبێ ئەوەی هاوڕێیەتی ئەوان بکەیت . بەڵێ .

ئا لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چ کاتێك ئەم ڕێسایە بەکاردەهێنرێت کە پێشەوا ( ابن باز ) هێناویەتیەوە ، و فەرموویەتی : ( لا مشاحة في الاصطلاح ) کێشە لە ناو و زاراوەدا نیە ؟!

خوێنەری بەڕێز لە دوو توێی ئەم نووسراوەدا ئەو فەرموودەیەی بەرچاو کەوتووە کە تێیدا هاتووە کە دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بینی ناوی پشتیوانان ( الأنصار ) و کۆچەران ( المهاجرين ) . کە دوو ناون لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون ، و دوو ناوی شەرعین . بوون بە شوێنی دەمارگیری و دووبەرەکی و تەفریقە ، و دابەستنی خۆشەویستی و ڕقەبەری لە نێوان موسڵماناندا ، و کردنی بە دوو کۆمەڵی دژ یەك فەرمووی : (( يا معشرَ المسلمين ، الله الله ، أبدعوى الجاهلية وأنا بين أظهُرِكم ؟! بعد إذْ هداكم الله إلى الإسلام وأكرمكم به ، وقطع به عنكم أمرَ الجاهلية ، واستنقذكم به من الكفر ، وألَّف به بينكم ، ترجعون إلى ما كنتم عليه كفارًا ؟ )) [١٤] .

واتە : ئەی کۆمەڵی موسڵمانان ، ( الله الله ) بانگێشی نەفامی دەکەن کە هێشتا من لە نێوانتانم و زیندووم ؟! دوای ئەوەی کە خوای پەروەردگار هیدایەتی دان بۆ ئایینی ئیسلام ، و بەهۆیەوە ڕێزی لێگرتن ، و کرداری نەفامی لێدوورکردنەوە ، و ڕزگاری کردن لە بێباوەڕی ، و خۆشی خستە نێوانتانەوە ، کەچی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە لە سەری بوون لە بێباوەڕێتی ؟!

بەم فەرموودەیەش ئەوە دەردکەوێت کە ناولێنانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەو کارەی کە لە نێوان پشتیوانان و کۆچەران ڕووی دا بە ( بانگێشی نەفامی ) بۆ ئاشکراکردنی قێزەونی کارەکەیانە ، نەك بۆ ڕێپێدانی کارەکەیان ، هەروەکو پێشەوا ( النووي ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( وَأَمَّا تَسْمِيَته ﷺ ذَلِكَ دَعْوَى الْجَاهِلِيَّة فَهُوَ كَرَاهَة مِنْهُ لِذَلِكَ )) [١٥] .

---

[١٤] الأثر : ٧٥٢٤ سيرة ابن هشام ٢ : ٢٠٤ ــ ٢٠٦ ، وهو بقية الآثار السالفة التي كان آخرها رقم : ٧٣٣٣ ، ٧٣٣٤.
( تفسير الطبري : ج ٦ / ص ٥٥ ــ ٥٦ ، برقم : ٧٥٢٤ ) ، وانظر : ( تفسير البغوي : ج ٢ / ص ٧٥ ) ، و ( تفسير ابن كثير : ج ٢ / ص ٩٠) ، و ( فتح القدير : ج ٢ / ص ٥) .

[١٥] ( شرح النووي على مسلم : ج ٨ / ص ٣٩١ ) .

بۆیه ناو و زاراوەکان ئەگەر بنەواشیان لە سەرچاوەکانی شەریعەتدا هاتبێت . کە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەرە ﷺ . کە بوون بە جێگە و هۆکاری تەفریقە و لاسایی کوێرانە و دەمارگیری ، کار و کرداری سەردەمی نەفامیە ، هەروەکو شێخ ( صالح آل الشيخ ) لەو بارەیەوە فەرموویەتی : (( **أنَّـهُ لا يُحدَثُ ألفاظ وأسماء يُجْمَعْ الناس عليها ويَتَعَصَّبُونَ لها** ، **وهي ليست من الألفاظ الشّرعية** ؛ **لأنَّ هذا نوع من الفُرْقَـةْ والخلاف والافتراق** .

ولهذا قال العلماء : الله ــ عز وجل ــ سَمَّى أتباع محمد ﷺ مسلمين ومؤمنين ، وَسَّمى منهم المهاجرين ، وسَمَّى منهم الأنصار ، وسَمَّى منهم الأعراب ، وسَمَّى منهم إلى آخره ، وهذه التسميات لأجل مجيئها في القرآن فهي شرعية ، **وهذه التسميات الشرعية إذا تُعُصِّبَ لها مع أنَّهَا شرعية صارت مذمومةً حاشا اسم الإسلام والإيمان** . لهذا لما قام رجل من المهاجرين لأجل خلاف وقال : يا للمهاجرين . ينتخي بهم !! وقام غلام من الأنصار فقال : يا للأنصار . ينتخي بهم !! فقال النبي ﷺ : أبدعوى الجاهلية وأنا بين أظهركم [١٦] )) [١٧] .

واته : کە نابێت گۆ و ناوێك دابهێنرێت بەهۆیانەوە خەڵکێکی لە سەر کۆبکرێتەوە ، و دەمارگیری بۆ بکرێت ، کەچی ناوێکی شەرعیش نەبن ، چونکە ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی جیابوونەوە و جیاوازی و تەفریقە نانەوە .

بۆیە زانایان فەرموویانە : خوای پەروەردگار ناوی شوێنکەوتوانی محمدی ناوە بە موسڵمانان و باوەڕداران ، وە هەندێکی بە کۆچەران ناوبردووە ، و هەندێکی تریشیان بە پشتیوانان ، و هەندێکیان بە دەشتەکی ( الأعراب ) ناوبردووە ، وە ناوی هەندێکی تری ناوە بە ... هتد ، وە ئەم ناولێنانانەش لە بەر هاتنی لە قورئانی پیرۆز بە شەرعی دادەنرێن بەڵام ئەگەر ئەم ناونانە شەرعیانە دەمارگیری لە سەر کرا ، سەرەڕای ئەوەی کە شەرعیشن ، ئەو کاتە لۆمەکراوون جگە لە ناوی ئیسلام و باوەڕ ، بۆیە ئەو کاتەی کە پیاوێك لە کۆچەران . لە بەر جیاوازی . ووتی : ئەی کۆچەران ، و فەخری پێوە دەکردن ، و لاوێك لە پشتیوانان هەستا و ووتی : ئەی پشتیوانان ، و فەخری پێوە دەکردن ، پێغەمبەری خواش ﷺ لەوکاتەدا فەرمووی : بانگێشی نەفامی دەکەن !! کەچی هێشتا من لە نێوانتانم و نەمردووم .

---

[١٦] ( البخاري (٤٩٠٥) ، و مسلم (٦٧٤٨) ) .

[١٧] ( شرح العقيدة الطحاوية للشيخ صالح آل الشيخ : ج ١ / ص ٥٠٠ ) .

له کۆتایی ئەم تاوتوێیەدا بەوە دەگەین کە (( **كُلُّ مَا خَرَجَ عَنْ دَعْوَةِ الْإِسْلَامِ وَالْقُرْآنِ : مِنْ نَسَبٍ أَوْ بَلَدٍ أَوْ جِنْسٍ أَوْ مَذْهَبٍ أَوْ طَرِيقَةٍ** : **فَهُوَ مِنْ عَزَاءِ الْجَاهِلِيَّةِ** ؛ بَلْ لَمَّا اخْتَصَمَ رَجُلَانِ مِنْ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ فَقَالَ المهاجري : يَا لِلْمُهَاجِرِينَ وَقَالَ الْأَنْصَارِيُّ : يَا لِلْأَنْصَارِ ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ : " أَبِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ وَأَنَا بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ ؟ " . وَغَضِبَ لِذَلِكَ غَضَبًا شَدِيدًا )) [18] .

**واتە : هەموو ئەوەی کە لە بانگێشی ئیسلام و قورئان بەدەر بێت : جا ئەوە دانەپاڵ و نیسبەت بێت ، یان شارێك بێت ، یان ڕەگەز یان بۆچوون یان ڕێچکەیەك بێت ، ئەوا لە بانگێشی نەفامیە ، بەڵكو كاتێكیان دوو پیاو لە كۆچەران و پشتیوانان دووبەرەكییەكیان نایەوە ، و كۆچەرەكە ووتی : ئەی كۆچەران ، و پشتیوانەكەش ووتی : ئەی پشتیوانان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بانگێشی نەفامی دەكەن !!! كەچی هێشتا من لە نێوانتانم و نەمردووم ، و زۆر بەو شتە توڕەبوو .**

**۳ ـ ئەو كۆمەڵانەی كە پێشەوا ( ابن باز ) بە نموونە هێناونەتیەوە كێن ، و پەیڕەویان چیە ؟**

**یەكێكی تر لە هەوڵە نەزۆك و چەواشەكاریانەی چەواشەكاران بریتیە لە ئاشكرا نەكردنی ئەو كۆمەڵانەی كە پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . لە فەتواكەیدا هێناونەتیەوە ، لەو ڕووەی كە كێن ؟ و پەیڕویان چیە ؟ ئەم كارەش بۆ ئەوەی گوێگر ئەوەی بۆ ئاشكرا نەبێت كە مەبەستی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . لە نموونەكانیدا ئەو كۆمەڵانەیە كە سەلەفین ، و پەیڕەوێكی سەلەفیانەیان هەیە ، واتە : پەیڕەویان قورئانە پیرۆزەكەی خوای پەروەردگار ، و سوننەتە ( صحيح ) ەكانی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح ، هەر ئەو كۆمەڵانەشن كە پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . شوكری خوایان لە سەر دەكات نەك كۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ، و كۆمەڵی ( التبليغ ) ... هتد !!**

**پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحەت بێت . لە فەتواكەیدا فەرموویەتی :** (( وفي زماننا هذه ـ والحمدُ لله ـ توجد الجماعات الكثيرة الداعية إلى الحق ، كما في الجزيرة العربية : ( ۱ ) الحكومة السعودية ، ... فعلى المسلم الطالب للحق في أي مكان أنْ يَبحث عن هذه الجماعات ، فإذا وجد جماعة أو مركزاً أو جمعية تدعو إلى كتاب الله عز وجل وسنة رسوله ﷺ تبعها ولزمها ، ( ۲ ) كأنصار السنة في مصر و السودان ، ( ۳ ) وجمعية أهل الحديث في باكستان والهند ، و غيرهم ، ممن يدعو إلى : كتاب الله و سنة رسوله ﷺ ، و يَخلص العبادة لله وحده ، و لا يدعو

---

[18] ( مجموع فتاوى ابن تيمية : ج ٦ / ص ٣٨٨ ) .

معه ســواه من أصحاب القبور ولا غيرهم )) ، واتە : وە لەم سەردەمی خۆماندا . سوپاس بۆ خوا . چەندین کۆمەڵی زۆر هەن کە بانگەواز دەکەن بۆ لای حەق ، هەروەکو لە دوورگەی عەرەبیدا : حکومەتی سعودیە هەیە ... بۆیە پێویستە لەسەر ئەو موسڵمانەی کە حەق خوازە لە هەر شوێنکدا بێت کەوا بگەڕێت بە دوای ئەم کۆمەڵانەدا ، جا ئەگەر کۆمەڵێك یان بنکەیەك یان کۆمەڵەیەکی دۆزیەوە بانگەوازی دەکرد بۆ لای کتێبەکەی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەوا شوێنی دەکەوێت و پەیوەست دەبێت پێیەوە ، وەکو ( أنصار السنَّة ) لە ( مصر والسودان ) دا ، وە ( جمعية أهل الحديث ) لە ( باكستان والهند ) دا ، وە جگە لەوانەیش کە بانگەواز دەکەن بۆ لای کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و بە پاك و پوختی پەرستن بە تەنها بۆ خوا ئەنجام دەدەن ، و لەگەڵ خوادا لە جگە لەو ناپاڕێنەوە لە خاوانی گۆڕەکان و جگە لەوانیش .

دەبینین شێخ تەنها سەلەفییەکان بە نموونە دێنێتەوە بۆ ئەوانەی کە بانگەواز دەکەن بۆ ڕەوایی ( الحق : کە کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیە ﷺ ) وەکو حکومەتی سعودیە لە دوورگەی عەرەبیدا ، و ( أنصار السنَّة ) لە ( مصر والسودان ) دا ، وە کۆمەڵەی ( أهل الحديث ) لە ( باكستان والهند ) دا کە ئەمانە هەر هەموویان سەلەفین و تەنها بانگەواز دەکەن بۆ لای حەق بە بێ حزبایەتی و لادان لە ڕێگای ڕاست ، باشە ئەگەر چەواشەکاران کەسانی حەق خواز و بە دوای حەقدا دەگەڕێن بۆچی ئەو کۆمەڵانەی کە پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . لە فەتواکەیدا هێناونەتیەوەیان ئاشکرا نەکردووە ؟!! لەو ڕووەی کە کێن ؟ و پەیڕەویان چیە ؟ بۆ ئەوەی گوێگر ئەوەی بۆ ئاشکرا بایە کە مەبەستی پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . لە نموونەکانیدا ئەو کۆمەڵانەیە کە سەلەفین ، و پەیڕەوێکی سەلەفیانەیان هەیە ، واتە : پەیڕەویان قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار ، و سوننەتە ( صحيح ) ەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح ، هەر ئەو کۆمەڵانەشن کە پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . شوکری خوایان لە سەر دەکات نەك کۆمەڵی ( الإخوان المسلمين ) ، و کۆمەڵی ( التبليغ ) ... هتد !!!

کەواتە شێخ ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەڕاشکاوانە تەنها سەلەفییەکانی بە نموونە دهێناوەتەوە بۆ ئەوانەی کە بانگەواز دەکەن بۆ لای حەق ، کە کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ وەکو حکومەتی سعودیە لە

دوورگـەی عــەرەبیدا ، و ( أنصار السنَّة ) لـــە ( مصر والسودان ) دا ، وە کـۆمـەڵــەی ( أهل الحديث ) لـە ( باکستان والهند ) دا .

**٤ ـ تێکـەڵکردنی ووتـەی پرسیارکار بـە ووتـەی پێشەوا ( ابـن بـاز ) بـۆ قایـل کردنـی گـوێگر بـەوەی کـە سەلەفیەتیش حزبێکە وەکو باقی حزبەکانی تر !!! :**

بێگومان خـوای پـەروەردگار کە سیفەتی هـاوەڵ بڕیاردەران ، یـان جولەکە ، و خـاچ پەرستانمان لـە قورئانەکەیدا بۆ دەگێڕێتەوە ، بۆ ئەوەیە کە موسڵمانان پـێی سوود مەند بن ، و لێی دوور بکەونـەوە ، لەوانەش سیفەتی : حەزی یەکسان بوونیان ، لەو سەرپێچیانەی کە خۆیان ئەنجامی دەدەن ، لـە تـاوان ، و کـوفر و بـێ بـاوەڕی ، بۆیـە دەبێـت موسڵمان ئـەو سیفەتەی تێدا نـەبێت ، کـە خـوای پـەروەردگار لـە قورئانەکەیدا بۆی گێڕاوینەتەوە کە دەفەرموێت : ﴿ وَدُّوا۟ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا۟ فَتَكُونُونَ سَوَآءً ﴾ ( النساء : ٨٩ ) ، ئەمـە لـەو ڕووەی نـە باسـەکە باسـی بـێ باوەڕیـە ، لـەو ڕووەی کـە ئـەوان حـەزی ئـەوەیان هـەبوو کـە موسڵمان بکەونە هەمان هەڵەی خۆیانەوە !!!

کەچی بەداخـەوە دەبیـنین چەواشـەکاران لێرەدا هـەمان پـەیڕەو پیـادە دەکـەن ، بـێ ئاگـا لـەوەی کـە پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ ئەوەی پێ ڕاگەیاندووین ، کە دەبێت ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە بـۆ براکەشمان پێمان خۆش بێت ، هـەروەکو فەرموویـەتی : " لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ [ مِن الخير ] " [١٩] ، ســەرەڕای ئــەوەی کـە خــۆیان لـە لێکدانـەوەی فەتواکـەدا دەڵێن : (( ئـەو برایـە ئـەبێ ڕاست بکرێتەوە ، برامانـە ئـەبێ خۆشمان بوێ ، ئـەبێ حـەتتا ( حـــسن الظــن ) مـان هەیـە بەرامبـەر ئـەو شەخسە ، کاکە ئەم شەخسە وا لەدین تێگەیشتووە ( إن شـــاء الله مـــأجورة ) بـەڵام پێویستە بگـەڕێتـەوە ، چونکە ئینسان ئەبێ خۆی بەهەڵە بزانێ ئـەبێ دڵسۆزی خـەڵك بێـت ، ئـەبێ خـۆی بـە بەشێك لـەو خـەڵکە بزانێت : " لا يؤمن أحـــدكم حتى يحـــب لأخـــيه في الخير ما يحـــب لنفـــسه " ، ئیمــاندار نیت هــەتـاوەکـو ئــەوەی بــۆ خــۆت پێت خــۆشە لــە خــێر بــۆ بــراکەشت پێت خــۆش بێت )) !!! جا نازانم ئەم بان و دوو هەوانە چیە ؟! یان ئەو ووتەیەتان لێرەدا لە بیر چووەتەوە و دەتانەوێت پـەیرەوی بێ بـاوەڕان پیادە بکەن ؟!!!

[١٩] ( متفق عليه ، والزيادة صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : برقم : ٧٣ ) .

چەواشەکاران لە ووتەکانیاندا زۆر هەوڵ دەدەن کە سەلەفیەکانیش بکەن بە حزب وەکو خۆیان !!! و هاوبەشی ئەو تاوانەیان بکەن کە خۆیان و هاوحزبەکانی تریان باوەڕیان پێیەتی ، بەوەش لە ناو خەڵکی موسڵمان و لاوانی ئیسلام پەروەردا سەلەفیەکانیش وەکو ئەوان بە حزب بناسرێن !!! هەروەکو دەڵێن : (( ئەویش کۆمەڵێکە خەڵکی لە دوورەوە تەماشا بکا ، بڵێ : کاکە ئەدەی ئەو کۆمەڵە کێن ئیش بۆ ئیسلام دەکەن ؟! تۆش ئەڵێی : کاکە ئەوە کۆمەڵێك بران ئیخوانن ، ئەوانە کۆمەڵێك بران سەلەفیەکانن ، ڕێك دیارە کۆمەڵێك خەڵکن ، چۆن لە دوورەوە ئەڵێی : فلان کەس ئیخوانە ، و فلان کەس فلان جەمعە ، ئەوانیش ڕێك لە دوورەوە وەك ئەو خەڵکە بەشێکن لەو پارچە ، ... بۆیە لێرەش بە زەقی بە شێخ ( ابن باز ) دەفەرموون : ( هي جماعة كالسلفيين ) ، ئێمە ووتمان : جەماعەت : ( طائفة من الناس يجمعهم غرض واحد ) بەشێکن لە خەڵکی غەرەزێك کۆی کردونەتەوە ، ... لێرە ئەو خەڵکەش کە دەیان بینی چەند کەسێکن لەکاتی پرس و ڕا دەگەڕێنەوە بۆ لای چەند کەسێك و قسە لە چەند کەسێکەوە وەردەگرن ... )) !!!

وە دەڵێن : (( ئا لێرە مەبەستم چی بوو ؟ کەوایە برا بەڕێزەکانم ئەو برایانەش جەمعێکن وەکو باقی ئەو خەڵکە دیارن ، وەکو باقی جەماعەتەکانی تر جەمعێکن ، بۆیە ئەفەرموێ : ( كالسلفيين والإخوان و التبليغ ) )) !!!

هەروەها دەڵێن : (( ئا لێرە بە ڕوونی پرسیار لە شێخ ئەکەن و ئەڵێن : ئەی شێخ هەندێك کەس هەن ڕەئیان وایە : ( إن الفرق التي ورد الأمر باعتزالها في حديث حذيفة هي الجماعات الاسلامية ) ئەڵێ : کە لە فەرموودەی ( حذيفة ) ئەمر کراوە ئینسان پشت هەڵکات لە هەندێك جەماعات ، وەکو چی ؟ وەکو ( كالسلفيين والإخوان والتبليغيين ) تەماشای ئەم پرسیارە بکەن ، چۆن باسی ئیخوان ئەکات بە جەمع و حزب باسی سەلەفیش ئەکات بە جەمع و حزب باسی تەبلیغین ئەکات بە جەمع و حزبن !!! ئەفەرمووێ : ( فما قول سماحتكم في ذلك ) ئەی شێخ تۆ ڕەئیت چی یە ؟ بۆ ؟ لەبەر ئەوەی ئەویش حزبێکە برا بەڕێزەکانم ، بەڵام حزبێکە ( ئیجابيات ) ی حزبی تیانییە تەحەزوب و تەعەصوب و هەموو شتێکی تیایە )) !! ئەوەش بەوەی خۆیان ئاڵکاندووە بە ووتەیەکی پرسیارکارەوە کە دەڵێت : (( كالسلفيين والإخوان و التبليغ )) ، یان (( كالسلفيين والإخوان والتبليغيين )) !

**هەروەك دەڵێن : (( لێرەش بە زەقى بە شێخ ( ابن باز ) دەفەرموون : ( هي جماعة كالـسلفيين ) )) ، وە دەڵێن : (( بۆیە ئەفەرمویَ : ( كالسلفيين والإخوان و التبليغ ) )) !!! )) وە دەڵێن : (( تەماشای ئەم پرسیارە بكەن ، چۆن باسی ئیخوان ئەكات بە جەمع و حزب باسی سەلەفیش ئەكات بە جەمع و حزب باسی تەبلیغین ئەكات بە جەمع و حزبن !!! ئەفەرمووێ : ( فما قول سماحتكم فى ذلـك ) ئەی شێخ تـۆ ڕەئیت چی یە ؟ بـۆ ؟ لـەبەر ئـەوەی ئەویش حزبێكە برا بەڕێزەكانم ، بەڵام حزبێكە ( ئیجابیـات ) ی حزبی تیانییە تەحەزوب و تەعەصوب و هەموو شتێكی تیایە )) !!!!**

**بەم چەواشەكاریە هەوڵی ئەوە دەدەن كە وەكو خۆیان سەلەفیەكانیش بە حزب بناسێنن ، بۆ ئەوەی سەلفیەكان ئەگەر باسی حەرامێتی ئەو كارەیان كرد ، خەڵكی بڵێت : سەلەفی خۆشتان حزبن !!!! ئەی بۆ ئینكاری ئەو كارە دەكەن لە خەڵكی تر ؟!!!**

**بەڵام كورد وەتەنی دەڵێم : مانگ بە چاو دیارە و بە پەنجە ئیشارەتی بۆ دەكرێت !!!**

**وە بۆ زیاتر دڵنیابوونی خوێنەران لەوەی كە سەلەفیەت ئایا وەكو هەموو حزبەكان حزبە یان نە ؟! ووتەی هەندێك لە گەورە زانایان دەخەینە ڕوو ، لەو بارەیەوە :**

**١ : پرسیار كرا لە شێخ** ( الدكتور صالـح بن عبدالله فوزان الفوزان ) : (( **<u>هل السلفية حزبٌ من الأحزاب</u> ؟ <u>وهل الانتساب إليها مذموم</u> ؟ <u>ومن هُم علمائها</u> ؟ )) ، واتە : ئایا سەلەفییەت حزبێكە لە حزبەكان ؟ وە ئایا خۆ دانە پاڵ سەلەف [ واتە : بڵێیت من سەلەفیم ] خراپە ؟ وە زاناكانی سەلەفیەت كێن ؟ شێخ ( صالـح ) لە وەڵامی ئەوەی كە ئایا سەلفیەت حزبێكە وەكو باقی حزبە ئیسلامیەكانی تر فەرمووی : (( <u>السلفية هي الفرقةُ الناجية وهم أهل السنة والجماعة</u> ، <u>ليست حزباً من الأحزاب التي تُسمَّى الآن أحزاباً</u> ، <u>وإنَّما هم جماعةٌ</u> ، <u>جماعةٌ على السنة والدين</u> ، <u>وهم أهل السنة و الجماعة</u> ... <u>السلفية طائفة على منهج السلف على ما كان عليه الرسول ﷺ وأصحابهُ</u> ، <u>وهي ليستْ حزباً من الأحزاب العصرية الآن</u> ، <u>وإنَّما جماعةٌ قديمةٌ من عهد الرسول ﷺ متوارثة مستمرة لا تزالُ على الحق ظاهرة إلى قيام الساعة كما أخبر الرسول ﷺ</u> ))** [٢٠] .

---

[٢٠] ( تمَّ تفريغ هذا القول من إحدى أشرطة : تسجيلات منهاج السنة النبوية " بعنوان : " فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين " الوجه الأول ) .

**و قال الشيخ العلامة المحدث مقبل بن هادي الوادعي ــ رحمه الله تعالى ــ في** ( مقدمة كتاب : إرشاد البرية إلى شـرعية الانتـساب للسلفية ، للشيخ حسن بن قاسم الريمي ) : (( **فإن السلفي وكذا السني اسمان مترادفان لمن تمسك بكتاب الله وبسنة رسول الله صلى الله**

واته : سەلەفیەت بریتین لە کۆمەڵی ڕزگاربوو هەر ئەوانیشن ئەهلی سوننە و جەماعە ، سەلەفیەت حزبێك نیە لەو حزبانەی کە ئێستا ناودەبرێن بە حزبەکان ، بەڵکو ئەوان کۆمەڵێکن ، کۆمەڵێکن لە سەر سوننەت و ئایین ، وە هەر ئەوانن ئەهلی سوننە و جەماعە ، ... ، سەلەفیەت کۆمەڵێکە لە سەر پەیڕەوی سەلەفن لە سەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لە سەری بوون ، وە حزبێك نیە لەو حزبانەی ئەم سەردەمەی ئێستای خۆمان ، بەڵکو کۆمەڵێکی دێرینە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ پشتاوپشت هاتووە و بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت لەسەر حەق و ئاشکرا و سەرکەوتوون تا هاتنی ڕۆژی دوایی ، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێ داوە .

٢ : وە شێخ ( محمد ناصرالدين الألباني ) . بە ڕەحمەت بێت . لە ووتەیەکدا هاتووە کە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (( <u>بناءً على معرفتي بكلِّ الجماعات والأحزاب القائمة اليوم على الأرض الإسلامية : أنَّهم جميعاً إلاَّ جماعةً واحدةً ولا أقول حزباً واحداً لأنَّ هذه الجماعة لا تتحزَّب ولا تتكتَّل ولا تتعصَّب إلاَّ للأصل المذكور آنفاً ألاَ وهو ( كتاب الله وسنة رسول الله ﷺ ومنهج السلف الصالح )</u> ، <u>فأنا أعرفُ جيداً أنَّهُ سِوى هذه الجماعة لا تدعو إلى هذا الأصل الذي وضَّحتهُ آنفاً وكرَّرتهُ مِراراً وتَكراراً على مسامعكنَّ</u> ، ... )) [٢١]

.

واتە : بە متمانەکردنە سەر زانیاریم بەهەموو ئەو کۆمەڵ و حزبانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەن لە سەر زەوی موسڵمانان ، هەموو ئەوانە جگە لە کۆمەڵەیەك ، ناڵێم جگە لە حزبێك نەبێت ، چونکە ئەم کۆمەڵە حزبایەتی و پارچەگەرێتی و دەمارگیرییان بۆ جگە لەو بنەوایە نیە کە بریتیە لە ( قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح ) .

بەدڵنیاییەوە زۆر بەباشی دەزانم کە جگە لەم کۆمەڵەیە بانگەشە ناکات بۆ ئەم بنەوایە کە لە پێشدا ڕوونم کردەوە ، چەندەها جار دووبارەم کردەوە و دام بە گوێتاندا .

---

عليه وآله وسلم على فهم السلف الصالح فعلى هذا لا تصدق هتان التسميتان على الحزبيين ولا على المبتدعة ﴿ لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ ﴾ ( سورة النساء : ١٢٣ ) )) .

[٢١] ( قالهُ رحمه الله في جوابه عن ( حزب التحرير ) ضمن إحدى أشرطة ( سلسلة الهُدى والنور ) رقم : (٧٤٠) تَمَّ تسجيلهُ في (٢٧ / شوال / ١٤١٣ هـ ــ ٢٠ / ٤ / ١٩٩٣ م ) .

٣ : وه لەم بارەیەوە پرسیار کرا لـه شێخ ( زید بن عمیر المدخلي ) پرسیارەکەش بـەم شێوەیە بوو : (( فضيلة الشيخ : **نسمع كثيراً عمَّا يُسمَّى بالجماعات الإسلامية في هذا العصر** ، **في مُختلف أنحاء العالم** ، **فما أصل هذه التسمية** ؟ **وهل يَجوز الذهاب معهم** ، **ومشاركتهم إذا لَم يكن لديهم بدعة** ؟ )) ، واتـه : شێخی بەڕێز : زۆر دەبیستین سەبارەت بەوانەی کە ناودەبرێن بە کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەم سەردەمەدا ، و لە هەموو شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا ، ئایا بنچینەی ئەم ناونانە لە کوێوە هاتووە ؟ وە ئایا دروستە لەگەڵیاندا بڕۆیت و بەشدارییان بکەیت ئەگەر بیدعەیان تێدا نەبێت ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرموویەتی : (( **وأمَّا المنهج السلفي والسلفيَّة والسلفيون فلا يدخلون في هذه الأحزاب** ، **ولا يَجوز أن يُطلَق عليهم بأنَّهم إحدى تلك الجماعات ولا حزبٌ من الأحزاب المذمومة كما سمَّاها المغرضون** ، **وإنَّما هي منهج وعقيدة وعمل** ، **والانتساب والاعتزاء فيه إلى السلف الصالح حق** ، **وهذه الجماعات لها مؤسسون بينما المنهج السلفي** ، **والجماعة السلفية ليس لها مؤسس كالجماعات الأخرى** ، **وإنَّما هي الأخذ بالوحي الذي جاء به النبي** ﷺ ، **فلا يَجوز أنْ تُقحَم وتُعتَبر إحدى تلك الجماعات ثُمَّ تكون عرضة للأخذ والرد والنقد** ، **بل السلفية هي التي اجتمع عليها الصحابة الكِرام من المهاجرين والأنصار وتبعهم على ذلك التابعون** ، **وهكذا كلُّ من تأسَّى بِهم ونَهَجَ نَهْجَم فهو من تلك الجماعة ووارثُ تلك الجماعة ويُطلق عليه سلفي وصاحب عقيدة سلفية وإنْ عاش في هذا العصر** )) [٢٢] .

واتە : بەڵام سەبارەت بە پەیڕەوی سەلەفی و سەلەفییەت و سەلەفییەکان ناچنە ڕیزی ئەم حزبانەوە ، وە دروستیش نیە پێیان بووترێت ئەمانیش کۆمەڵێکن لەو کۆمەڵانە یان حزبێکن لەو حزبە سەرزنشت کراوانە ، هەروەکو چۆن ناحەزەکان ناویان دەبەن ، بەڵکو سەلەفییەت بریتیە لە پەیڕەو و بیروباوەڕ و کردەوە ، وە خۆدانەپاڵ سەلەفی صاڵح و شانازی کردن پێیەوە حەقە ، وە ئەم کۆمەڵە ئیسلامییانە دامەزرێنەریان هەیە ، لە کاتێکدا پەیڕەوی سەلەفی و کۆمەڵەی سەلەفیەت دامەزرێنەری نیە وەکو کۆمەڵەکانی تر ، بەڵکو سەلەفییەت بریتیە لە وەرگرتنی ئەو سروشەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی ، بۆیە دروست نیە بخرێتە نێو ئەمانەوە و بە یەکێك لەو کۆمەڵانە دابنرێت ، پاشان ببێتە شوێنی لێوەرگرتن و ڕەتکردنەوە و ڕەخنە لێگرتن ، بەڵکو سەلەفییەت بریتیە لەو پەیڕەوەی کە هاوەڵە

---

[٢٢] ( العقد المنضد الجديد في الإجابة على مسائل في الفقه والمناهج والتوحيد : ص : (١١٤) وما بعدها ، نقلاً عن : " رسالة إلى منتظم في جماعة الإخوان المسلمين " ص : (٦٦ ــ ٦٧) ) .

ڕێزدارەکان لە کۆچەران و پشتیوانانیانی لەسەر کۆ بوونەوە و شوێنکەوتوانیش لەوەدا شوێنیان کەوتن ، وە بەهەمان شێوە هەر کەسێك کە چاو بکات لە ئەوان و پەیڕەوی ئەوان بگرێتەبەر ، ئەوا ئەویش لەو کۆمەڵە و میراتگرانی ئەو کۆمەڵانەن ، و پێی دەوترێت سەلەفی ، و خاوەنی بیروباوەڕی سەلەفیانەیە ئەگەرچی لەم سەردەمەشدا بژێت .

بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە سەلەفیەت حزب نیە وەکو هەموو ئەو حزبانەی کە ئەم ڕۆ لە گۆڕەپانەکدا هەن ، هەروەك چەواشەکاران تۆمەتباری سەلەفیەکانی پێ دەکەن بە پێچەوانەی ووتەی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، بەڵکو : خودی چەواشەکاران و زۆربەی خەڵکیش دەزانن کە ( سەلەفییەت ) : درێژبوونەوەیەکی سروشتی ( إمتداد طبيعي ) یە بۆ ئیسلام و بریتیە لەو ئیسلامە دێرینەی کە ( سەلەفی صاڵح ) ی لە سەر بووە نەك دینێکی تازە یان گروپێکی حزبی داهێنراو !!!

وە ( سەلەفییەکان ) یش هەڵگر و شوێنکەوتەی ئەو بەرنامەیەن کە لە ( سەلەفی صاڵح ) ـەوە بۆیان بە جێ ماوە و پشتاوپشت لە ڕێگای زانایانی میراتگری پێغەمبەرانەوە . عليهم السلام . پیان گەیشتووە و بانگەوازی بۆ دەکەن ، بۆیە دەبینین ( سەلەفییەت ) و ( سەلەفییەکان ) تەنها خۆیان نیسبەت دەدەنە پاڵ ( سەلەفی صاڵح ) و پێشەوا و ڕابەریان تەنها بریتیە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی و شوێنکەوتوانی ئەوانیش بە چاکە تا سێ سەدە زێڕینە دێرینەکەی سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامی پیرۆز .

**٥ ـ داهێنانی چەندین بنەوا لە لایەن چەواشەکارانەوە و دانی بە پاڵ زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، و سەلەفی ئەم ئوممەتە :**

**بنەوای یەکەم : ئۆخەی ئۆخەی هەرکێ بۆ خۆی !!!**

ڕەنگە ئەم ناونیشانە و بەم ڕاشکاویە شوێنی سەرسورمانی هەندێك بێت ، و بڵێت چۆن کەسێك هەیە ووتەی وا دەڵێت ؟! بەڵام کاتێك ئەم دوو ووتەیەی دەبیسترێت ، بەڵام بەشێوەیەکی ئەدبیانەتر ، ئەگەرنا هیچ جیاوازیەکی نیە لە گەڵ ئەو ناونیشانەی کە لە سەردێڕی ئەم باسەدا نووسراوە ، کە بریتیە

لە (( **ئۆخەی ئۆخەی هەرکێ بۆ خۆی !!!** )) ، **جا با بزانین چەواشەکاران چیمان پێ دەڵێن و دەیانەوێت چیمان فێربکەن ، و ئوممەت زیاتر بەرەو کوێ بەرن :**

**چەواشەکارێك دەڵێت :** (( ( شيخ الإسلام ) . **بە ڕەحمەت بێت . ئەفەرمووێ :** ( كل يعبد الله بما ظهر لـه ) **واتە : هەمووکەس خوای پەروەردگار چۆن ئەپەرستێ ؟ بەوەی کە بۆ ئەم ، ئەم بە دین تێگەیشتووە** )) !!!

**وە دەڵێت :** (( **هەرکەس چۆن لەدین تێگەیشتووە ئەبێ وا خوا بپەرستێت** )) !!!!

**سوێندت دەدەم بە خوا خوێنەری دادوەر و ڕەوا ویست ، ئەم دوو ووتەیە ئەگەر ئەو واتایە نەدات ، ئەتوانی پێم بڵێت کە چی تر دەخوازێت ؟!!**

**بەهەر حاڵ وەڵامەکەت هەرچیەك بێت ، تۆ ئازادی لە وەڵام دانەوە و وەڵام نەدانەوەت ، بەڵام بۆ ئەوەی بە ڕوونی بۆت ئاشکرا بێت کە ئەم بنەوایە شێخی پایەبەرزی ئیسلام** ( ابن تيمية ) **فەرموویەتی یان نە ؟ داواکارم ئەم ووتانەی بخوێنیتەوە و بەراوردیان بکەیت لە گەڵ ئەو دوو ووتەیەی سەرەوە کە دەکرێن بە بنەوا و دەدرێتە پاڵ پێشەوا** ( ابن تيمية ) . **بە ڕەحمەت بێت . بێ ئەوەی ترسی ئاشکرا بوونی ئەو کارەیان هەبێت** !!!!!!

**شێخی پایەبەرزی ئیسلام** ( ابن تيمية ) . **بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( وقد اتفق المسلمون على أنه ليس لأحد أن يعبد الله بما سنح له وأحبه ورآه ، بل لا يعبده إلا بالعبادة الشرعية )) [٢٣] ، **واتە : موسڵمانان کۆڕا و هاودەنگن لە سەر ئەوەی کە بۆ هیچ کەسێك نیە کە خوای پەروەردگار بپەرستێ بەوەی بۆی ڕەخساوە و حەزی لێ دەکات ، و بەباشی دەبینێت ، بەڵکو دەبێت تەنها بە پەرستنی شەرعی بیپەرستێ .**

**ئەمە بۆچی ؟ هەر ئەم پێشەوایە . بە ڕەحمەت بێت . خۆی وەڵامی ئەوەمان بۆ دەداتەوە ، کە فەرموویەتی :** (( والعبادة مبناها على : السنة ، والاتباع ، لا على الأهواء ، والابتداع ، وإنما يعبد الله بما شرع ، لا يعبد بالأهواء والبدع ، قال تعالى : ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ﴾ ( الشورى : ٢١ ) )) [٢٤] ، **واتە : پەرستن بنیات نراوە لە سەر : سوننەت و شوێنکەوتن ، نەك بە پێی ئارەزووەکان ، و داهێنان ، بەڵکو**

[٢٣] ( الرد على البكري : ج ١ / ص ١٧٤ ) .
[٢٤] ( زيارة القبور : ج ١ / ص ٤٤ ) ، و ( مجموع الفتاوى : ج ٢٧ / ص ٨٦ ) .

تەنها بە گوێرەی شەریعەت خوای پەروەردگار دەپەرسترێت ، نەك بە بە پێی ئارەزوو و بیدعەكان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ﴾ .

چونكە ئەگەر وانەبێت . واتە : بەو شێوە بێت كە دەووترێت و دەدرێتە پاڵ پێشەوا ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . !!! . ئەوا ئەو كاتە شەیتانەكان دەبنە پشتیوان و پاڵ پشت و دۆستی ئەو كەسە ، ئەوەتا ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( وقال الشيطان فيما أخبر الله عنه : ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴾ ( ص : ٨٢ ــ ٨٣ ) ، وقال تعالى : ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ ﴾ ( الحجر : ٤٢ ) ، والمخلصون : هم الذين يعبدونه وحده لا يشركون به شيئا ، وإنما يعبد الله بما أمر به على السنة رسله ؛ فمن لم يكن كذلك تولته الشياطين )) [٢٥] ، واتە : لەو ئایەتەی كە خوای پەروەردگار بۆی گێڕاوینەتەوە لێیەوە شەیتان دەڵێت : ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴾ ( ص : ٨٢ ــ ٨٣ ) ، وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ ﴾ ، ﴿ الْمُخْلَصِينَ ﴾ ئەوانەن كە بەتاك و تەنها دەیپەرستن و هیچ هاوەڵێكی بۆ بڕیار نادەن ، و تەنها بەوە خوای پەروەردگار دەپەرستن كە فەرمانی پێكردووە لە سەر زمانی پێغەمبەرانی . عليهم السلام . ، جا هەر كەسێك بەو شێوە نەبێت شەیتانەكان دەبنە پشتیوان و پاڵ پشت و دۆستی ئەو كەسە .

بەمە . بە پشتیوانی خوای پەروەردگار . ڕاستی و ناڕاستی باسەكە بۆ خوێنەر ئاشكرا بوو ، ئەوەش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەروەكو ووتراوە : (( بەناوی ( شێخ ... ) وە زۆر شت دەوترێت ! بەڵكو ئێمە بتوانین لە كتێبەكەی خۆیەوە نەقڵی بكەین باشترە تا ئەوەی كە كەسێك بۆمان نەقڵ بكات !!! یان لە شوێنێكی كە ببینین )) !!! خوای پەروەردگار لە چەواشەكاری و ئاوەژووكردنی ڕاستیەكان بمان پارێزێت .

---

[٢٥] ( مجموع الفتاوى : ج ١٠ / ص ٤٠٠ ) .

**بنەوای دووم : براییمان برایی و کیسەی فەتوامان جیایی :**

**هەر کەسێك ئەم ووتەیەی چەواشەکاران ببیستێت ، ساتەکانی ناو عەلوەی بە بیر دێتەوە ، یان وا دەزانێت فەتواادان دەست کردنە بە کیسەیەکدا ، یان بە گیرفانی جبەدا ، و هەرشتێکی تیابوو ئەوا بە کەیفی خۆی لێی دەردەهێنێت !!! ڕەنگە لە لای کەسانێك ئەم ووتەیە جێی سەرسوڕمان بێت ، بەڵام دوای بیستنی ئەم ووتەیەی کە دێت ئەو سەرسوڕمانەی نامێنێت و دەڕەوێتەوە ، ئەوەتا چەواشەکارێك دەڵێت : (( یان ئەگەر قسەیەکی لەلای تۆ هەیە مخالەفەت هەیە تۆ بۆ خۆت بۆ رازیت ئەوی وەربگرە بۆ براکەشت ڕازی بە ئەمی وەربگرێ )) !!!!**

**ئەمەش ئەگەر بەڵگە نەبێت لە سەر هیچ ، بەڵگەیە لە سەر بێ ئاگایی ، یان گوێنەدانی بێژەرەکەی بە جیاوازی و پیادەکردنی فەرمایشەکانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ لەم بارەیەوە ، خــوای پەروەردگار فەرمــوویەتی :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ﴾ ( النساء : ٥٩ ) ، **واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوڕتان هێناوە گوێڕایـەڵی خـوای پـەروەردگار بکـەن ، گوێڕایـەڵی پێغەمبـەر ﷺ بکـەن ، لــە گــەڵ کاربەدەسـت و زانایانتان ، وە ئەگـــەر لــە شتێکدا دووبەرەکی کــەوتە نێوانتانەوە ، ئــەوا بیگێڕنەوە بۆ لای خوای پەروەردگــار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەگەر ئێوە باوڕتان بــە خــوای پەروەردگار و بــە ڕۆژی دوایی هەیە ، ئــەو گەڕانەوەیەش باشترە بۆتــان و باشترین ئاکـام و ئەنجامی دەبێت .**

**وە فەرمووویەتی :** ﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴾ ( الشورى : ١٠ ) ، **واتە : هــەر شتێك كــە جیاوازیتـان تێیدا هەبوو ، ئەوا دەبێت بیگەڕێننەوە بۆ لای خــوای پەروەردگار ، ئــەوەش پەروەردگــاری منە ، پشت و پەنــای پێ دەبەستم ، و گەڕانەوەشم تەنها هــەر بـۆ لای ئەوە .**

**کەواتـە : بـرای موسڵمان لـــە کـاتی بـوونی جیاوازی لـە بابـەتێکی شـەرعیدا ، نابێت بووترێت : (( ئەگەر قسەیەکی لەلای تۆ هەیە مخالەفەت هەیە تۆ بۆ خۆت بۆ رازیت ئەوی وەربگرە بۆ براکەشت ڕازی بە ئەمی وەربگرێ )) !!!! بەڵکو دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی باسەکە و نەهێشتنی ئەو جیاوازیە بیگێڕنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار کە قورئانەکەیەتی ، بۆ لای پێغەمبەرەکەی ﷺ کە مەبەست فەرموودەکانیەتی**

، جا نازانم ئەم بنەوایەی کە چەواشەکاران باسی لێوە دەکەن و دەیدەن بە گوێی موسڵمانان لە کوێی شەریعەت جێی دەبێتەوە ؟!!

وە لەو فەرموودانەش کە لەم بارەیەوە هاتوون فەرموودەی ( العرباض ) ی کوڕی ( سارية ) یە ﷺ کە بۆمان دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : (( وَعَظَنَا رَسُولُ الله ﷺ مَوْعِظَةً ذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ وَوَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ ، فَقُلْنَا يَا رَسُولَ الله إِنَّ هَذِهِ لَمَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَمَاذَا تَعْهَدُ إِلَيْنَا قَالَ : " قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاءِ لَيْلِهَا كَنَهَارِهَا لاَ يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِى إِلاَّ هَالِكٌ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلاَفًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِى وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ [ تمسكوا بها و ] [٢٦] عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَعَلَيْكُمْ بِالطَّاعَةِ وَإِنْ عَبْدًا حَبَشِيًّا فَإِنَّمَا الْمُؤْمِنُ كَالْجَمَلِ الأَنِفِ حَيْثُمَا قِيدَ انْقَادَ ، وإيَّاكُم ومُحدثات الأمور ، فإنَّ كُلَّ مُحدثةٍ بدعة ، [ وكُلَّ بدعةٍ ضلالة ] [٢٧] " )) [٢٨] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری و وەعزی کردین ، ئامۆژگاریەك کە فرمێسك بە چاوەکاندا دابارین ، و دڵەکان کەوتنە ترسەوە ، ئێمەش پێمان ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو بڵێی ئامۆژگاری ماڵئاوایی کارێکە ، جا ئامۆژگاری چیمان پێ دەکەیت ؟ ئەویش فەرمووی : بەجێم هێشتوون لە سەر بەرنامە و دینێکی ڕوون و ئاشکرا ، شەوی وەکو ڕۆژی ڕووناکی وایە ، هیچ کەسێك لە پاش من لێی لا نادات تەنها کەسێك نەبێت کە بە هیلاکدا چووبێت ، وە هەر کەسێك لە ئێوە ئەگەر بژێت ئەوا جیاوازییەکی زۆر دەبینێت ، ئا لەو کاتەدا دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە کامڵ و هیدایەت دراوەکانم ، و دەستی پێوە بگرن و بە ددانی کاکیلەتان قەپی لێبگرن و بیگرن ، وە گوێڕایەڵی

---

[٢٦] هذه الزيادة جاء في رواية أبي داود ، انظر : صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٦٠٧) .

[٢٧] صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٦٠٧) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٣٥) ، والزيادة في صحيح سنن النسائي رقم : (١٥٧٨) من حديث جابر بن عبد الله ﷺ .

[٢٨] رواه أحمد في مسنده : (١٢٦/٤) ، (١٢٧/٤) ، والترمذي : (٢٦٧٦) ، وأبو داود : (٤٦٠٧) ، وابن ماجه : (٣٤) في المقدمة ، والدارمي في سننه : (٩٥) ، وابن حبان في صحيحه : (٥) ، والطبراني في الكبير : (٦١٧/١٨، ٦١٨، ٦١٩، ٦٢٢، ٦٢٣، ٦٢٤، ٦٤٢) ، والآجري في الشريعة ص : (٤٦ - ٤٧) ، وابن أبي عاصم في السنة : (٢٧، ٣٢، ٥٧، ٥٤) ، وابن بطة العكبري في الإبانة الكبرى : (١٤٢) (٣٠٥/١) ، واللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : (٨١) ، ومحمد بن نصر المروزي في السنة ص: ٢١ ، والبغوي في شرح السنة : (٢٠٥) وفي تفسيره : (٢٠٩/٣) ، والطحاوي في مشكل الآثار : (٦٩/٢) ، والبيهقي : (٥٤١/٦) ، والحاكم في المستدرك : (٩٦/١ - ٩٧) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٤٣) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٩٣٧) .

کاربەدەستانتان بن ، ئەگەر کاربەدەستەکەتان بەندەیەکی حەبەشیش بێت ، چونکە باوەڕدار وەکو ووشتری حەڵقە لە لووتن ، بۆ هەرکوێ ببرێت دەڕوات ، وە ئامان نەکەن توخنی تازەگەریەکان بکەون ، چونکە هەموو تازەگەریەك بیدعەیە و هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە .

ئەم فەرموودەیەش ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە لە کاتی ڕوودانی جیاوازی پێویستە دەست بگرین بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و سوننەتی جێنیشینە کامڵ و هیدایەت دراوەکانی ، بە دەست و ددان بیانگرین نەك بڵێین : (( ئەگەر قسەیەکی لەلای تۆ هەیە مخالەفەت هەیە تۆ بۆ خۆت بۆ رازیت ئەوی وەربگرە بۆ براکەشت ڕازی بە ئەمی وەربگرێ )) !!!! بەواتایەکی تر : برامان برایی کیسەمان جیایی !!!

**بنەوای سێیەم : هەر جەمع و کۆمەڵێك ئەگەر چاکە و ( برّ ) یان تیابوو ـ بچوك بێت یان گەورە ـ ئەوا پێویستە هاوکاریان بکرێت [29] !!**

لەو باوەڕدا نیم هیچ موسڵمانێك هەبێك ئەم ئایەتی خوای پەروەردگاری بیستبێت ، کە فەرموویەتی : ﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ ، واتە : لە چاکە و لەخوا ترساندا هاریکاری یەکتر بکەن ، پاشان بڵێت : من باوەڕم نیە بەوەی کە هاریکاری لە گەڵ چاکەکاراندا بکەم !!! بەڵکو . هەموو موسڵمانێك . دەبێت بڵێت : ئامادەی هاریکاریم بەڵام لە سنوری شەریعەت ، ئەو پێوەرانەی کە زانایانی ئەهلی سوننە دایانناوە و فێریان کردووین !!! نەك بەو شێوە ڕەهایەی کە ئەگەر هەر جەمع و کۆمەلێك !!! هەبن بەس تەنها لەبەر بوونی ( برّ ) ـ واتە : چاکە . ئەگەرچی ئەو کۆمەڵە گروپی ڕافیزەی گومڕاش بێت !! ئەمە نەك لە بەر ئەوەی کە شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تیمیة ) ـ بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی ، حاشا وللە کە ئەو پایە بەرزە شتی وا بلێت ، بەڵکو لەبەر جیاوازی نەکردنی کەسانی چەواشەکار لەوەی کە حەق و ڕەوایی

---

[29] (( أنا أريد من أهل السنة أن يتركوا الحزبيين ، فلماذا تُكثِّرون سوادهم ؟!! وهم يقتلون إخوانكم ، ويضربون إخوانكم ، ويأخذون المساجد من تحت أيديكم ، ويسحبون ضعاف الأنفس من شبابكم بالمادة .

والسني الذي يقول : نتعاون فيما اتفقنا عليه وليعذر بعضنا بعضًا فيما اختلفنا فيه ، أعتبره مغفلاً )) ( كتاب رحلات دعوية للشيخ مقبل بن هادي الوادعي ومقتطفات من أقواله وفتاويه : ص ١١٠ ـ ١١٧ ، تأليف : أبي رمزي ناصر بن علي محمد الدب الوادعي . تقديم ومراجعة : الشيخ يحيى بن علي الحجوري . مكتبة صنعاء الأثرية باليمن ـ الطبعة الأولى ١٤٢٥ هـ ) .

لە بیدعەکاریشەوە وەردەگیرێت ، بەڵام دروست نیە کە هاریکاریان لە گەڵدا بکرێت !! هەروەکو چەواشەکاران هێناویانەتەوە و داویانەتە پاڵ پێشەوا ( ابن تيمية ) . بە ڕەحمەت بێت . !!!

ئەم باس و بنەوایە بە ڕوونی لە ووتەی یەکی لە چەواشەکاران دەخوێنرێتەوە و بەرچاو دەکەوێت ، ئەویش لەو ووتەیەی کە تێیدا دەڵێت : (( ئینجا خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ خوای گەورە ئەفەرمووێ : تعاون لەسەر بڕ و تەقوا بکەن ، قابیل ئەو جەمعە هیچ ( برّ ) ی تیا نیە ؟! هیچ خێری تیا نیە ؟! یانی هیچ خێری تیا نیە تۆ کوللەن لێی نزیك نابیتۆ ؟! دین وانیە ، دین وانیە براکانم ، پرسیار لە شێخ ( الإسلام ) ئەکەن ، ئەڵێن : ئایا حەق لە ڕافیزە وەرئەگیرێت ؟ ئەفەرمووێ : حەق لە یەهود و نەصاراش وەردەگیرێ ( فضلا عن الروافض ) پرسیاری لێدەکەن دەربارەی فیرەقی ( ضال ) .

ئەفەرمووێ : زۆر لە موسوڵمانە مبتدعەکان ئەڕۆن بۆ وولاَتە کافرەکان لەوێ ئەبنە سەبەب هیدایت دانی خەڵکی ئەم موسوڵمانە مبتدعە باشترە لە کافر , ئەوە ( عقیدەی ئەهلی سنە و جماعەیە ) )) !!!!

ئێمە بۆ زیاتر ئاشنا بوونی خوێنەر بەم ووتە بێ سەر و بەرەی ئەم چەواشەکارە چەند وەستان و پرسیارێکمان لە گەڵیدا دەبێت :

**وەستان و پرسیاری یەکەم :** دەبێت چ پەیوەندیەك هەبێت لە نێوان هاریکاری و هاوکاری کردن لە گەڵ بیدعەکاران و وەرگرتنی حەق لێیانەوە ؟!!

**وەستان و پرسیاری دووەم :** لە کوێی ووتەکەی پێشەوا ( ابن تيمية ) دا هاتووە کە دروستە هاریکاری و هاوکاری بیدعەکار بکرێت ؟!!! سەرەڕای ئەوەی کە فەرموویەتی کە حەقیان لێ وەردەگیرێت ، ڕەنگە هۆکاری هیدایەتی بێباوەڕانیش بن .

**وەستان و پرسیاری سێیەم :** ئایا بێژەری ئەم ووتەیە دەتوانێت کەسێکمان پێ بڵێت لە زانایان و بانگەواز خوازانی سەلەفیەت کە کافری لە موسڵمانی بیدعەکار بە باشتر دانابێت ، یان لەوەش زیاتر بە یەکسانیانی بزانێت ؟!

**وەستان و پرسیاری چوارەم :** کێ لە پێشەوا و زانایانی ئەهلی سوننە ئەوەیان فەرمووە : کە ئەگەر هەر جەمع و کۆمەڵێك بەڕەهایی ئەگەر بڕ یان خێریان تیا بوو بەڕەهای پێویستە هاوکاری بکرێن ، و هاریکاریان لە گەڵدا بکرێت ؟!

ئەم هەموو پرسیار و وەستانانە لەو ووتانەوە دەخوێنرێنەوە ، و هیچیان حاشا هەڵگر نین ، بێژەری ئەو ووتەیە ناتوانێت نکوڵی لە هیچیان بکات ، چونکە ووتەکەی ئەوە دەگەیەنێت ، هەروەکو لە لای هەمووان ئاشکرایە .

بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە خاوەنی ئەو ووتانە چەندەها بنەوا لە خۆیەوە دادەهێنێت ، و دەیانداتە پاڵ پێشەوا و زانایانی ئەهلی سوننە !!!! و بە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعەیان دادەنێت !!! پەروەردگار هەمووان لە چەواشەکاری بپارێزێت .

**٦ ـ هەڵەیکی نەحوی لە لێکدانەوەی فەتواکان :**

**شێخ ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە فەتواکەیدا فەموویەتی :** (( فمتى وجد المسلم جماعةً تدعو إلى الحق ، ساعدهم ، وصار معهم ، وأعانهم ، وشجعهم ، وثبتهم على الحق والبصيرة ، .... أو جماعةً في أي مكان يدعون إلى الحق ــ أي : إلى كتاب الله و سنة رسوله ﷺ و إلى العقيدة الطيبة ــ ... الخ )) ، **واتە : جا هەر کاتێك موسڵمان کۆمەڵێکی بینی بانگەواز دەکات بۆ لای حەق ، ئەوا یارمەتیان دەدات و لەگەڵیاندا دەبێت ، وە هاوکاریان دەکات و هانیان دەدات و جێگیریان دەکات لەسەر حەق و بەرچاوڕۆشنی ، ... ، یان کۆمەڵێکی بینی لە هەر شوێنێکدا بانگەوازیان دەکرد بۆ لای حەق ـ واتە : بۆ لای کتێبەکەی خوای پەروەردگار و فەرموودەی پێغەمبەرەکەی ﷺ وە بانگەوازیان دەکرد بۆ لای بیروباوەڕی پاك ـ ... هتد .**

**شێخ لەم ووتەیەیدا : باسی کۆمەڵێك دەکات کە ئەمە سیفەتیەتی :** (( جماعةً تدعو إلى الحق : **کۆمەڵێك بانگەواز دەکات بۆ حەق** )) ، **واتە : ئەبێت سیفەتیان بانگەوازکردن بێت بۆ حەق ، نەك هەموو کۆمەڵێك بە ڕەهایی .**

**پاشان شێخ حەقەکەش ئاشکرا دەکات کە دەبێت ئەو کۆمەڵە بانگەشەی بۆ بکەن کە فەرموویەتی :** (( يدعون إلى الحق ــ أي : إلى كتاب الله و سنة رسوله ﷺ و إلى العقيدة الطيبة : **بانگەوازیان دەکرد بۆ حەق ـ واتە : بۆ کتێبەکەی خوای پەروەردگار و فەرموودەی پێغەمبەرەکەی ﷺ وە بانگەوازیان دەکرد بۆ بیروباوەڕی پاك** )) .

سەرەڕای ئەو دوو خاڵەی سەرەوەش پێشەوا ( ابن بـــاز ) . بە ڕەحمەت بێت . نموونەشمان بۆ ئەو کۆمەڵەیە یان ئەو کۆمەڵانە ئەهێنێتەوە کە بانگەشە کارن بۆ ڕەوایی و بەڕێزیان بەباشیان دەزانێت ، بۆ ئەوەی موسڵمانان بیانناسنەوە و هاوکاریـان بکـەن و هانیـان بـدەن و جێگیریـان بکـەن لەسـەر حـەق و بەرچاوڕۆشنی ، ئەوەتا لـە کۆتـایی فەتواکەیدا فەرموویەتی : (( كما في الجزيرة العربية : الحكومة الــسعودية ... كأنصار السنة في مصر و السودان ، و جمعية أهل الحديث في باكستان والهند ، وغيرهم ممن يــدعو إلى كتــاب الله وسنة رسوله ﷺ ، ويَخلص العبادة لله وحده ، ولا يدعو معه سواه من أصحاب القبــور ولا غيرهــم )) ، واتـــە : هـــەروەکو لـــە دوورگەی عەرەبیدا : حکومەتی سعودیٚ هـــەیـە ، ... ، وەکو ( أنصار السنَّة ) لـــە ( مـــصر والسودان ) دا ، وە ( جمعية أهل الحديث ) لە ( باكستان والهند ) دا ، وە جگە لەوانەیش لەوانەی کە بانگەواز دەکەن بۆ لای کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و بە پاك و پوختی پەرستن ئەنجام دەدەن بۆ خوا بە تەنها ، و لەگەڵ خوادا لە جگە لەو ناپاڕێنەوە لە خاوانی گۆڕەکان و جگە لەوانیش .

کەسانی توێژەر و لێکۆڵــەر و عـــەودالانی دوای ڕاستیەکان لـــە کـــۆی ئـــەم ووتانەی پێشەوا ( ابـــن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . وا تێدەگەن کە ئەوانەی بەڕێزیان مەبەستێتی بریتیە لە کۆمەڵە سەلەفیەکانن نـەك کۆمـەڵ و حزبـە ئیـسلامیەکان هـەروەکو کـاکی چەواشـەکار لێـی تێـدەگات ، و لـە کـۆی گـشتی ووتارەکـانی ئەیـەوێت گوێگرانی ووتارەکـەی وا تێبگەیـەنێت ، لـە هەنـدێك ووتـەی بەتایبـەت هـەروەکو دەڵێت : (( پرسیارەکەش پرسیاری چی یە ؟ پرسیاری سەلەفی و ئیخوان و تەبلیغی یە ، یانی مەجالی ئەوە هەڵناگریٚ بلێٚ کاکە ئەمە ، چونکە خەڵکی واهەیە دێت ئەیەویٚ ئەمەش هەروا تأویل بکات بۆ ئەوەی خۆی )) .

باشترین گومـــانیش کـــە ببرێت لێرەدا بـــەم کـــارەی کاکی چەواشەکار لـــەم بۆچوونەیدا ئەوەیە کـــە بووترێت :

ئەو کەوتووەتە ئەم هەڵەیەوە لە سەر هەڵەیەکی زمـانـەوانی کە دەڵێت : (( شێخ ئەفەرمووێ : ( فمتى وجد المسلم جماعة ) ئەوەش ناگرێتەوە من بێم تأویلی بکەم بلێٚ و الله چی یە ؟ یانی هەر جەماعەتێك بە ( نكرة ) ی هاتووە بە بیٚ ( ألف ولام ) ، هەرکاتێك جەماعەتێکت بینی ، بە مەرجیٚ ئەم جەماعەتە مەنهەجی چی یە ؟ بانگی خەڵکی ئەکات بۆ چی ؟ خەڵك لەسەر چی کۆ ئەکاتەوە ؟ تـەمـاشاکـەن ( فمـتى وجـد

المسلم جماعة تدعو إلى الحق ساعدهم و صار معهم ) لەگەڵیاندا ( وأعانهم ) یارمەتیان بدە ( وشجعهم ) تەشجیعیان ئەکات ( وثبتهم على الحق والبصيرة ) بەڵکو دایان ئەمەزرێنیٚ و یارمەتیان ئەدات و کۆمەکیان ئەکات و ڕێگەیان بۆ ڕوون ئەکاتەوە )) !!!!

وە دەڵێت : (( بزانم شێخ برا بەڕێزەکانم پاش ئەوەی فەرموودەکە نەقڵ ئەکات ئەفەرمووێ : ئینسانی موسوڵمان لەهەر شوێنێکدا جەمعێکی بینی ، تەماشای ئەم قسەبکەن ( فمتى وجد المسلم جماعة تدعو إلى الحق ساعدهم ، وصار معهم ، و أعانهم ، و شجعهم ، و ثبتهم على الحق ، والبصيرة ) لە هەر شوێنێکدا جەماعەتێکتان بینی بە بیٚ ( ألف و لام ) هێناویەتی دەستی بگرن و یارمەتی بدەن و سەری بخەن و تەشجیعی بکەن )) .

هەڵەکەش لەوەدایە کە کاکی بێژەر جیاوازی ناکات لە نێوان ( النكرة ) ، و ( النكرة الموصوفة ) دا ، وە وا دەزانێت کە ( المعرفة ) تەنها ئەوەیە کە ( أل ) پێوە بێت ، و ئەوەش بە ( النكرة ) دادەنرێت کە ( أل ) ی پێوە نەبێت ئەگەر چیش وەصف کراویش بێت بەوەی پاش خۆی !!!!

وە نازانێت کە ( النكرة الموصوفة ) ، لە ڕووی گشت گیری و تایبەتیەوە وەکو ( المعرفة ) مامەڵەی لە گەلدا دەکرێت !!! واتە : لەوەی کە ( النكرة ) گشتیە و ( النكرة الموصوفة ) ش تایبەتە بەپیٚی ئەو صیفەتەی کە پێیوە پەیوەست کراوە ، هەروەکو لە ووتەکەی پێشەوا ( ابن باز ) دا هاتووە ، کە فەرموویەتی : (( فمتى وجد المسلم جماعةً تدعو إلى الحق )) .

ئەوەتا لە ( مغني اللبيب عن كتب الأعاريب ) دا هاتووە : (( لأن النكرة الموصوفة كالمعرفة )) [٣٠] ، واتە : لە بەر ئەوەی ( النكرة الموصوفة ) وەکو ( المعرفة ) یە .

وە لە ( شرح الرضي على الكافية ) دا هاتووە : (( وأجاز الأخفش وصف النكرة الموصوفة بالمعرفة )) [٣١] ، واتە : وە ( الأخفش ) بە دروستی زانیوە کە بە ( النكرة الموصوفة ) بووترێت ( المعرفة ) یان بەو ناوە وەصف بکرێت .

---

[٣٠] ( مغني اللبيب عن كتب الأعاريب ) دا هاتووة ــ (ج ١ / ص ١٦٦) و مغني اللبيب ــ (ج ١ / ص ٥٧٨) .

[٣١] (شرح الرضي على الكافية : ج ١ / ص ٨١١) و (ج ٢ / ص ٣٠٧) .

**کەواتە : ووشەی ( جماعـــةً ) کە لـە فەتواکـەی پێشەوا ( ابن بــــاز ) دا . بە ڕەحمـەت بێت . هـاتووە ( النكرة ) نیە بەو شێوەیەی کە ئەو لێی تێگەیشتووە !!! بەڵکو ( النكرة الموصوفة ) یە ، و مــامــەڵەی ( المعرفة ) ی لە گەڵدا دەکرێت ، لە تایبەتی و گشت گیریدا ، ئەوەش بەپێی ئەو وەصفەی کە پەیوەستە پێیەوە ، وەصفەکەش لـە ووتەکـەی پێشەوا ( ابن بــاز ) دا . بە ڕەحمـەت بێت . بریتیە لـە (( تــدعو إلى الحـــق )) ، بەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کـە ( جماعـــةً ) ووشـەیەکە لـە زمانەوانیدا پـێی دەووترێت ( النكـــرة الموصوفة ) نەك ( النكرة ) بەتەنها ، واتەکەشی گشتی نیە بەڵکو تەنها ئەو کۆمەڵانـە دەگرێتـەوە کـە (( تدعو إلى الحـــق )) ، واتـە : بانگەشـە بـۆ ڕەوایـی و حـەق دەکـەن ، کـە ئەمـە ڕوون بوویـەوە ، خوێنـەری بـەڕێز دەتوانێت بە سوود وەرگرتن لـەو باسانەی کە سـەبارەت بە هەڵـەکانی هەندێك لـە کۆمەڵـە ئیسلامیەکان بـاس کـراوە ، وە بـەوەش کـە بـە چـاوی خـۆی دەیبینێـت لـە واقـع و حـاڵ و بـاری ئـەو کۆمـەڵ و حزبـە ئیسلامیانە ، ئایا ئـەو کۆمەڵانـە ئەوانـەن کـە پێشەوا ( ابـــن بــــاز ) . بە ڕەحمـەت بێت . لـە فەتواکـەیدا مەبەستیەتی ؟!!! یان نە ؟!!**

**لــە کۆتــایی ئەم بــاسەدا داواکــارم کەسێك نەبێت بڵێت : (( ئەوەش ناگرێتـەوە من بیّم تأویلی بکەم بڵـێ والله چـی یـە ؟!!!! )) چـونکە ووتـەکە ڕوونـە وەکـو خـۆر لـە نیـوەی ڕۆژدا ، یـان مـانگ لـە شـەوی چواردەیدا .**

**کەواتە ئەو کۆمەڵانەی کە پێشەوا ( ابن باز ) . بە ڕەحمەت بێت . مەبەستیەتی ئەوانەن کە بانگـەوازیان بۆ لای ڕەوایی و حەقە ، حەقیش بریتیە لە : قورئان و سوننە و بیروباوەڕی دروسـت ، هـەروەکو پێشەوا خۆی دیاری کردووە لە فەتواکەیدا .**

**ڕەنگە یەکێك بڵێت پێشەوا ( ابن باز ) ـ بــە ڕەحمـەت بێت . لـــە فەتواکـەی تـــردا فـــەرموویەتی :** (( ... ، فلا يضر كون هذه تُسمَّى : أنصار السنَّة ، وهذه تُسمَّى : الإخوان المسلمين ، وهذه تُسمَّى : كـــذا ، ... ، وإذا تسمَّى بعضهم بأنصار السنَّة ، وتسمَّى بعضهم بالسلفيين ، أو بالإخوان المسلمين ، أو تسمَّى بعضهم بجماعة كـــــذا ، ... )) **، واتە : ئەو کاتە زیانی تێدا نیە کە ئەمەیان ناونرابێت** ( أنصار السنَّة ) **، وە ئەمەشیان ناونرابێت** ( الإخوان المسلمين ) **، و ئەوەشیان ناونرابێت فلانە شت ، ... وە ئەگـەر هەندێکیان نـــاوی خۆیـــان بنێن**

بــه ( أنصار السنَّة ) ، وه هەندێکی تریان نــاوی خــۆیان بنێن به ( الــسلفيين ) ، یان هەندێکی تریـان نــاوی خــۆیان بنێن بــه ( الإخوان المسلمين ) ، یان هەندێکی تریان ناوی خۆیان بنێن به فلانه کۆمەڵ .

**شوێنی نموونه هێنانەوەی یەکەم** : نموونەی ئەو کۆمەڵانەن بانگەشه دەکەن بۆ ڕەوایی و حەق ، **بەڵام شوێنی نموونه هێنانەوەی لەم ووتەیەیدا** بریتیه لەوەی که ئەگەر ناوەڕۆك : بانگەشه بێت بۆ ڕەوایی ، که قورئانه پیرۆزەکەی خوای گەورەیه ، و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ ، له گەڵ بیروباوەڕی دروست ، و بەردەوام بوون له سەر ئەوه و پابەند بوون پێوەی به ووته و کردەوه و بیروباوەڕەوه ، که ئەمه ئەو پەڕی ڕاستیه ، و هیچ موسڵمانێك لاری لێ نیه ، لەم کاتەدا ووتەکانی پێشەوا ( ابن بـــاز ) . به ڕەحمەت بێت . دادەبەزێنرێت ، هەروەکو فەرموویەتی : (( ... ، فلا يضر كون هذه تُسمَّى : أنصار الــسنَّة ، وهــذه تُــسمَّى : الإخوان المسلمين ، وهذه تُسمَّى : كذا ... ، وإذا تسمَّى بعضهم بأنصار السنَّة ، وتــسمَّى بعــضهم بالــسلفيين ، أو بالإخوان المسلمين ، أو تسمَّى بعضهم بجماعة كـــذا ، ... )) .

بۆیه هێنانەوەی شوێنی نموونه هێنانەوەی یەکەم و نموونه هێنانەوەی دووەم زۆر جیاوازن هیچ پەیوەندیەکی . دوور یان نزیکیان . به یەکەوه نیه .

**٧ ـ ئەو لافانەی که چەواشەکاران له لێکدانەوەیان بۆ فەتواکانی ( ابــن بــاز ) دەیدەن ، کەچی خۆیان پێچەوانەیانن :**

ئەمه و له کۆتایی تاوتوێکردن و خستنه ڕووی هەندێك له ووتەکانی مەسانی چەواشەکار سەبارەت به فەتواکانی پێشەوا ( ابن باز ) ئەم لاف و ووتانه بەبیری خوێنەران دێنینەوه که له ووتارەکەیدا باسی لێکردوون ئەوەش بەم پێیەی خوارەوه :

١ / چەواشەکار دەڵێت : (( **هەوڵدانمان (( بۆ گەڕانەوه و ئیشکردنه به قورئان ))** !!!

**منیش دەڵێم** : ئەوه بەڵگەکانی قورئانی پیرۆزه له گەڵ ڕاڤه و لێکدانەوەی ده بزانین : چۆن دەگەڕێیتەوه بۆ قورئان ، و چۆن ئیشی پێ دەکەیت ؟! یان ئەو ووتانه تەنها ووتەی بێ کردەوەن !!! و تەنها بۆ فریودانه و هیچی تر ؟!!

٢ / وه دەڵێت : کۆششی بۆ ئەوەیه که (( **خزمەتی باشتر بەدینی خوای گەوره بکەین** )) !!

**منیش دەڵێم :** دوای دەرکەوتنی ئەوەی کە حزبایەتی حەرامە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و ووتەی زانایان بە تایبەت ئەو زانایانەی کە خۆت فەتوا کۆنەکانیانت هێنابووەوە بۆ حەڵاڵکردنی ئەو کارە ، ئادەی : ئەوە گورز و ئەوەش مەیدان !! بابزانین چۆن (( **خزمەتی باشتر بەدینی خوای گەورە بکەین** )) ؟!! یان ئەمەشیان هەر ووتەی بێ کردەوەیە ؟!!!

٣ / داواکارم بێژەر خۆشی وەکو ئەوانە نەبیت کە دەڵێت : (( **لێرە ئەو خەڵکەش کە دەیان بینی چەند کەسێکن لەکاتی پرس و ڕا دەگەڕێنەوە بۆ لای چەند کەسێك و قسە لە چەند کەسێکەوە وەردەگرن** )) !!! بەڵکو جەنابت ووتە و فەتوای زانایانی سەلەفیش وەرگریت سەرەڕای سەلەفی نەبوونیشت ، بۆ ئەوەی ووتەی پێشووت خۆشت نەگرێتەوە ، ﴿ فَتَكُونُونَ سَوَاءً ﴾ !!!

٤ / لەبەر ئەوەی کە باسەکە . حەرامێتی حزبایەتی . مەجالی ئەوە هەڵناگرێت کە ئەم لاو ئەو لای لەگەڵ بکەی !! یان تەئویلی ئایەتەکان بکەیت !!! بۆ ئەوەی خۆت یان موسڵمانان هەڵخەڵەتێنیت ، داواکارم دان بەهەڵەی خۆتدا بنێیت و تۆبە لەو هەڵانەت بکەی ، بۆ ئەوەی ئەو ووتەیەت کە بەرامبەری پێ تاوانبار دەکەیت خۆت نەگرێتەوە ، ووتەکەش ئەوەیە کە دەڵێیت : (( **قسەکانی مەجالی ئەوە هەڵناگرێت خەڵکی خۆی هەڵخەڵەتێنێت** )) !! وە ئەوەی کە دەڵێت : (( **یانی مەجالی ئەوە هەڵناگرێ بڵێ کاکە ئەمە ، چونکە خەڵکی واهەیە دێت ئەیەوێ ئەمەش هەروا تأویل بکات بۆ ئەوەی خۆی** )) !!

٥ / لە هەمووشی گەورەتر ئەوەیە کە ئێمەی سەلەفی لە کۆن و تازەشدا هەر ووتوومانە و دەیڵێین : کە دەبێت قورئان و سوننەت پێش هەموو ووتەیەك بخرێت ، کەچی جەنابت لە ووتارەکانتدا دەتووت ( ابن باز و الألباني ) فەرموویانە !!! پاشان دێیت سەلەفیەکانیش بەوەی خۆت تاوانبار دەکەیت ، ئەوەش لەو ووتەیەتدا کە ووتووتە : (( **کاتی خۆی ئێمە قسە ئەکەین ئەڵێم : خوا و پێغەمبەر ئەفەرمووێ ، ئەو ئەڵێ : ئەبو بەکر ئەفەرمووێ ، ( واللە ئەترسم بەردباران بکرێین ) صەحابە وایان ئەفەرموو** )) ؟؟؟

٦ / لەو باوەڕەدام و دەشی بینم کە زۆر شت بەدەم پێشەوا ( ابن باز ) ەوە دەووترێت ، هەروەکو خۆت دەڵێیت : (( **بە ناوی ( شێخ بن باز ) ەوە زۆر شت دەووترێت** )) !! بەڵام با من و تۆش خوێنەری ڕەواویست و بێژەری حەق دەکەین بەدادوەر بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕاستیە ، کە ئەوانە کێن بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان

بەدەم شێخ ( ابن باز ) وە شت دەڵێن ؟!!! بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە دەڵێیت : (( **چونکە جاری واهەیە لە هەندێ ناميلکە و شت ئەبینم : فەتواکان هەندێکی قرتاوە** )) !!! یان ئەوەش کە ووتووتە : **فەتواکان** (( **وەك خۆی باسی ناکەن** )) !!!

٧/ دوا خاڵیشم ئەوەیە کە بزانیت ئەم نووسینەم ئامۆژگاریە بۆ خۆم تۆش کە ووتووتە : (( **لە هەر شتێکیشدا هەڵەمان کردبوو ـ** إن شاء الله **ـ سوپاسی هەرکەسێك ئەکەین کە ڕاستمان ئەکاتەوە** )) !!! جا داواکارم ئەمەشت ووتەی بێ کردەوە نەبێت ؟!!!

## خاڵی سێیەم : ئەگەر ئەمە و ئەوەش هەر نەخوات ، ئەوا ـ جەدەلەن ـ دەووترێت : پێشەوا ( ابن باز ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم فەتوایەیدا نەیپێکاوە ، چونکە فەتواکەی پێچەوانەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ .

لەو باوەڕەدام لەم سەردەمانەی خۆشمان کەسانێك هەبن کە ئەگەر بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بێنیتەوە بۆ لە سەر حەرامێتی شتێك کردار بێت یان گوفتار ، ئەوان لە بەرامبەردا بەڵگە بە ووتەی زانایان بێننەوە . ئەمەش نە بە ووتە ئاشکراکانیان بەڵکو بە کۆمەڵە ووتەیەك کە هیچ بەڵگە نیە بۆ کردار و گوفتارەکانیان !!! ـ هەروەکو لە سەردەمانی کۆنیشدا هەبووە ، ئەوەتا ( ابن عباس ) . ڕەزا و ڕەحمەتیان لێ بێت . سەبارەت بەوانەی کە بەرهەڵستی فەرموودەکان دەکەن بە ووتەی ( أبو بکر و عمر ) . ڕەزا و ڕەحمەتیان لێ بێت . دەفەرمووێت : (( يُوشكُ أَنْ تَنْـزِلَ عَليكُم حِجارة من السماءِ ؛ أَقولُ لَكُم : قالَ رسولُ الله ـــ صلى الله عليه وعلى آله وسلمَّ ـــ وتقُولونَ : قالَ أَبو بكر وعُمر !!! )) [1]

---

[1] ( رواه عبد الرزاق في : مصنفه بسند صحيح وهو في " مسند أحمد " : ( ١ / ٣٣٧ ) بلفظ : (( أُراهم سيهلكون ، أقول : قال النبي ﷺ ، ... ويقول : نهى أبو بكر وعمر )) وصحح إسناده الشيخ أحمد شاكر ، رقم : ( ٣١٢١ ) ، وأخرجه الخطيب في : الفقيه والمتفقه : ١ / ١٤٥ ) ، وانظره في : " الآداب الشرعية " لابن مفلح : ٢ / ٦٦ ) .

، واتە : نزیکە لە ئاسمانەوە بەرتان بەسەردا دابارێت ، من پێتان دەڵێم : پێغەمبەری خوا ﷺ وای فەرمووە ئێوەش دەڵێن : ئەبو بەکر و عومەر فەرموویانە !!!

بەڵام لە گەڵ جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەو جۆرە کەسانەوە کە لە خۆشویستنیان بۆ هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، و شوێنکەوتنیان بۆیان وای لێکردبوون بەو کارە هەستن ، لە گەڵ ئەوانەی سەردەمی خۆمان کە هەڵبژاردنیان بۆ ووتە و فەتوای ئەو زانایانە و هێنانەوەیان بە بەڵگە تەنها بۆ گەشتنە بە مەرامەکانیان ، چونکە دەبینیت تەنها لەوەدا ووتەی زانایان بەباش دەزانن کە گونجاوە و دێتەوە لە گەڵ مەبەستەکانیان !!! کەچی لە سەدەها فەتوای تریاندا پێچەوانەیانن ، بەڵکو هیچ نرخێك بۆ فەتواکانیان نازانن ... وەکو لە باسی باوەڕ ، و حاکمیەت ، و بەکافردانان و مەرجەکانی ، و دیاری کردنی ( دار الإيمـــان ) و ( دار الكفـــر ) دا ، و دەرچوون لە کاربەدەستان ، ڕۆشتنە پەرلەمان ، و پەرتەوازەیی و حزبایەتی ، ئەو بابەتانەی کە ئەولەویەتیان پێ دەدرێت لە بانگەشەدا ، و حوکمی گۆرانی و موسیقا ، و تێکەڵاوی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ، و بەشداری کردنی ئافرەتان لە بواری ڕامیاری ، و دەرکەوتنیان لە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ، و سەدان باس و بابەتی تر !!!

تەنانەت کارگەشتۆتە ئەوەی کە سەرەڕای ئەوەی کە لە هەندێك بابەتدا ووتە و فەتوایان بهێننەوە ، و وەسفیان بکەن !!! کەچی ژێر بەژێر لە کۆڕە تایبەتەکانیان تانە و توانج لە زانایان دەدەن !!! هەر جارە و بە شتێك تۆمەت باریان دەکەن : جارێکیان دەڵێن : ئەو زانایانە زانای حەیز و زەیسانین !!! جارێکی تر دەڵێن : ئەوانە بەکرێ گیراوی کاربەدەستان ، و ماستاویان بۆ دەکەن !!!! وە لەوەش زیاتر دەڵێن : ئەمانە غولاتی ( مەرجەئەن !!!! ) . کەسێك ناوەکە بە هەڵە بڵێت تۆ بڵێی لە ناوەڕۆکەکەی تێگەشتبێت ؟!!! . یان لە ژێر کاریگەری مورجیئەدان !!!! یان ... و هەزاران یانی تر !!!!

بەڵام ئەوەی پێویستە لە سەر موسڵمانان کە بەڵگەی قورئان و سوننەتیان بۆ ئاشکرا بوو لە سەر باسێك گوفتار بێت یان کردار ، ئەبێت بڵێن : ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ ( النور : ٥١ ) ، نەك ئەوەی هەڵە نەکردن بە زانایان ببەخشن و ووتەکانیان وەکو قورئان فەرمووده وەربگرن !!!! بەڵکو پێویستە ووتەی زانایان و جگە لەوانیش بە پێوەری قورئان و سوننەت

**بپێون و هەڵەیان ڕەت بکەنەوە لە گەڵ ڕێزگرتن و مانەوەی پلە و پایەیان لە دڵەکانیان ، ئەگەر نەشیان پێکابێت .**

**ئەوەتا پێشەوا** ( ابن باز ) **. بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی :** (( **<u>فأقوال العلماء واجتهاداتهم رضي الله عنهم ورحمهم ، تُعرض على الكتاب والسنة ، فما وافق الكتاب والسنة منها قُبل ، وما خالف الكتاب والسنة ، من أقوالهم وآرائهم ، وجب أن يُرد</u>** ، **قال الله تعالى :** ﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ ( النساء : ٥٩ ) **وقال سبحانه :** ﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ﴾ ( الشورى : ١٠ ) ، **هذا هو** الواجب على أهل العلم ، أن يردوا ما تنازع فيه الناس إلى حكم الله ورسوله ، حتى ينتهي النزاع ، وحتى تجتمع الأمة على الحق والهدى الذي ينفعها ولا يضرها ))[٢] .

**واتە : ووتە و ئیجتیهاداتی زانایان . ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێ بێت . دەبێت بە قورئان و سوننەت بپێورێت ، جا ئەوەی کە هاوکۆك و گونجاو بوو لە گەڵ قورئان و سوننەتدا وەربگیرێت ، و ئەوەش کە پێچەوانە بێتەوە لە گەڵ قورئان و سوننەتدا ئەوا ، لە ووتە و بۆچوونەکانیان ، ئەوا پێویستە ڕەت بکرێتەوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ ( النساء : ٥٩ ) ، **وە فەرموویەتی :** ﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ﴾ ( الشورى : ١٠ ) ، **ئائەمەیە پێویست لە سەر زانایان ، ئەوەی کە ئەو شتانە کە جیاوازیان تێدایە بگەڕێننەوە بۆ حوکمی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، بۆ ئەوەی دوبەرەکی و جیاوازی نەمێنێت ، و ئوممەتیش کۆبێتەوە لە سەر ڕەوایی و هیدایەت ، کە سودی پێ دەگەیەنێت و زەرەری پێ ناگەیەنێت .**

**وە پێشەوا** ( ابن عثيمين ) **یش . بە ڕەحمەت بێت . هەمان بنەوامان بۆ دووپات دەکاتەوە و دەفەرمووێت :** (( **<u>وقد اتفق سلف الأمة وأئمتها على أن كل واحد يؤخذ من قوله ويترك إلا رسول الله ﷺ وهذا من الفروق بين الأنبياء وغيرهم</u>** ، فالأنبياء صلوات الله عليهم وسلامه يجب لهم الإيمان بجميع ما يخبرون به عن الله عز وجل وتجب طاعتهم فيما يأمرون به ، بخلاف الأولياء فإنهم لا تجب طاعتهم في كل ما يأمرون به ، ولا الإيمان بجميع ما يخبرون به بل يعرض أمرهم وخبرهم على الكتاب والسنة فما وافق الكتاب والسنة وجب قبوله ، وما خالف الكتاب

---

[٢] ( مجموع فتاوى ابن باز ( ٣٠ ) جزءاً : ٢٠ / ٢٨٣ ) .

والسنة كان مردوداً ، وإن كان صاحبه من أولياء الله وكان مجتهداً معذوراً فيما قاله ، له أجر على اجتهاده ، **لكنه إذا خالف الكتاب والسنة كان مخطئاً وكان من الخطأ المغفور إذا كان صاحبه قد اتقى الله ما استطاع** )) (٣) .

واته : وه پێشنی ئەم ئوممەتە و پێشەوا کۆڕان لە سەر ئەوەی کە هەموو کەسێك لە ووتەکانی وەردەگیرێت و ڕەتیش دەکرێـەوە ، جگە لە پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ ، وە ئەمەش یەکێکە لە جیاوازیەکانی نێوان پێغەمبەران و جگە لەوان ، چونکە پێغەمبەران ـ علیهم السلام ـ پێویستە باوەڕ بە هەموو شتێکیان بهێنرێت لەوەی کە هەواڵمان دەدەنێ لە خوای پەروەردگارەوە ، وە پێویستە گوێڕایەڵی بکرێن لە هەموو ئەوەی کە فەرمانمان پێ دەکەن ، بە پێچەوانەی ئەولیاکانەوە کە گوێڕایەڵیان پێویست نیە لە هەموو ئەوەی کە فەرمانی پێ دەکەن ، و نەش بە هەموو ئەوەی کە هەواڵی پێ دەدەن ، بەڵکو پێویستە ووتە و هەواڵەکانیان لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە بپێورێن ، جا ئەوەی کە هاوکۆك و گونجاو بوو لە گەڵ قورئان و سوننەتدا وەربگیرێت ، ئەوەش کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت ڕەت کراوەیە ، با خاوەنەکەشی یەکێك بێت لە ئەولیاکانی خوای پەروەردگار ، و ئیجتیهادی کردووە و عوزری شەرعی هەیە لەوەی کە ووتوویەتی ، و پاداشتێکیشی بۆ دەنووسرێت لە سەر ئیجتیهادەکەی ، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی قورئان و سوننەت بوو ئەوا نەیپێکاوە و هەڵەکەشی لەو هەڵانەیە کە خوای پەروەردگار لێی خۆش بووە ، ئەگەر خاوەنەکەی بەپێی توانای خۆی لە خوا ترسابێت .

وە فەرموویەتی : (( **والحجة فيما قاله الله ورسوله ﷺ** ، **أو كان عليه السلف الصالح** )) (٤) .

واتە : بەڵگە لەوەدایە کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرکەی ﷺ فەرموویانە ، و ئەوەی کە پیاو چاکانی پێشینی لەسەر بووە .

هەروەها فەرموویەتی : (( **وكل ما خالف الكتاب والسنة فهو خطأ** ، **يجبُ رَدُّه على قائله** ، **ولا يجوز العمل به** ، **وإن كان قائله قد يكون معذورًا مجتهدًا فيؤجر على اجتهاده ، لكن غيره العالم بخطئه لا يجوز له قبوله** )) (٥).

---

(٣) ( مجموع فتاوى ورسائل ابن عثيمين : ٧ / ١٠٥ ) .

(٤) ( مجموع فتاوى الشيخ محمد بن صالح العثيمين : السؤال : ٥٠٨ ) .

(٥) ( رسالة في الدماء الطبيعية للنساء : ١ / ٦٠ ) .

واتـه : وه هـهموو ئـهوهی کـه پێچهوانهی قورئـانی پـیرۆز و سـوننهت بێـت هـهڵهیـه ، و پێویسـته ڕهت بکرێتهوه و بدرێت به ڕووی خاوهنهکهیدا ، وه نابێت کردهوهی پێ بکرێت ، سـهرهڕای ئـهوهی کـه ڕهنگـه بێژهرهکهی له لای خوای پهروهردگار عوزری ههبێت ، و موجتههید بێت و پاداشتی خـۆی بگـات لـه سـهر ئیجتیهادهکهی ، بهڵام جگه له خۆی ئهوهی که زانایه به ههڵهکهی نابێت ههڵهکهی پێ قهبوڵ بێت .

وه لیژنهی ههمیشهیی بۆ توێژینهوه و فهتوا له وڵاتی سعودیه فهرموویانه : (( **ثانيا : ليست الحجة في عمل العلماء وأقوالهم ، لأنهم يخطئون ويصيبون** ، ... ، **وإنما الحجة في كلام الله تعالى وفي سنة رسول الله ﷺ الثابتة** )) [٦] .

واتـه : دووهم : بهڵگـه لـه کـردهوهی زانایـان و ووتهکانیانـدا نیـه ، چـونکه زانایـان ههڵـهش دهکـهن و دهشـی پـێکن ، ... ، بـهڵکو لــه ووتــهی خــوای پــهروهردگار و ســوننهته جــێگیر و ســهڵمێنراوهکانی پێغهمبهرهکهیدایه ﷺ .

## تاوتوێکردنی فهتواکهی ( الألباني ) . بهڕهحمهت بێت .
## له گهڵ ئهو لێکدانهوهی که چهواشهکاران بۆ فهتواکه دهیکهن

ههندێك جار لێره و لهوێ دهبینین و دهبیسین . له وهرهقهی استنساخ کراودا یان له ووتار و دهرسدا . کهسانێك فهتوایـهکی کـۆنی شـێخ ئـهلبانی لـه نـاو خـهڵکانی موسـڵمانی ئیسـلام پـهروهر و گوێڕایـهڵ بـۆ زانایان باس دهکهن ، که تێیدا هاتووه شێخ ئهلبانی ڕێیداوه به دامهزراندنی حزبی ئیسلامی و کار کردن له گهڵیاندا !! بۆ ئهوهی شهرعیهت بدهن بهکارهکانی خۆیان !!! بێ ئاگا لـه دوایین فـهتواکانی ئـهم شـێخه پایـه بـهرزه ! یـان بـه خـۆ لـه بـێ ئاگایی دان !! ئـهمـهش چهواشـهکاریهکی گـهورهیـه بهرامبـهر موسـڵمانان دهکرێـت بـهم فـهتوا کۆنهیـهی شـێخ ، و گومـان دروسـت دهکـات بـۆ موسـڵمانان و چهواشـهیان دهکـات لـه دهیـان فـهتوای شێخ ئهلبانی که تێیاندا ڕاشکاوانه حزبایـهتی بـه نادروسـت و نـاڕهوا و خـراپ و حـهرام دهزانێـت ، و زۆر بـه جـوانی ئـهو باسـهی ڕوون کردووهتـهوه : ئـهم حزبانـهی کـهوا ئـهمڕۆ پێکهێنـراون

---

[٦] ( اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : فتوى رقم : ٦١٥٤ ، عبد الله بن قعود ، عبد الله بن غديان ، عبد الرزاق عفيفي ، عبد العزيز بن عبد الله بن باز ) .

هەموویان لە سەر پێچەوانەکردنەوەی شەرع دامەزرێنراوون لە زۆربەی ئەحکامەکانیاندا لەوانە ، کە لە باسەکانی پێشوودا کۆمەڵێك لەو فەتوایانەمان خستووەتە ڕوو ، جا لێرەدا وەکو پاراستنی ئەمانەتی علمی لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا ، ئەو فەتوایەی شێخ دەخەینە ڕوو پاشان بە چەند ڕوونکردنەوەیەك هەڵە و نادروستی کردنە بەڵگەی ئەو فەتوایە دەخەینە ڕوو ، کە چەندەها کەسی حزبی لە ووتار و وانەکانیان دەیخەنە ڕوو ، جا بە پشتیوانی خوای پەورەردگار دەووترێت :

دەقی فەتواکەی پێشەوا ( الألبـــاني ) . بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە دروستی دامەزراندن حزبی ئیسلامی وکارکردن تیایدا هاتووە : (( **<u>إنَّني أُؤَيِّدُ قيام الجماعات الإسلامية</u>** ، و أُؤَيِّدُ تَخصص كل جماعة منـــها بدور اختصاصي سواء أكان سياسياً أم اقتصاديا أم اجتماعيا ، أو نَحو ذلك ، **<u>ولكني اشترطتُ أن تكون دائرة الإسلام هي التي تَجمع هذه الجماعات كلها</u>** ❁ .

وذكرت أنَّنا نَحن معشر السلفيين لا نعمل إلاَّ في سبيل أهم ما نزل به كتاب الله عز وجل ، وبعث من أجله رسلـــه ، ألاَ وهو التوحيد ، وتوضيحه للناس بِما يجعله خالصاً من كل شرك ، ومنيعا أمام كل وثنية ، ودعـــوتُ إلى أنْ تَحـــل الجماعات الإسلامية خصوماتِها وخِلافاتِها بالعودة إلى كتاب الله وإلى حديث رسول الله ﷺ ؛ تحقيقاً لقوله تعـــالى : ﴿ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ﴾ .

---

❁ **خوێنەری ئازیز :** بەڕێز ( **مامۆستا عبدالكريم** ) لە کاتی پێداچوونەوەی بۆ ئەم پەرتوکەی بەردەستی بەڕێزتان ، لە بەرواری ( ٩ / ١١ / ٢٠٠٩ ) دا و لە کاتژمێری یەك و سی و پێنج خولەکی نیوەڕۆ پرسیارێکی ئاراستەی شێخ ( علـــي الحلبي ) کردووە کە یەکێکە لە قوتابیانی شێخی پایەبەرز ( محمد ناصرالدين الألبـــاني ) ـ بە ڕەحمەت بێت . کردووە ئەمە دەقەکەیەتی : (( السؤال : إلى الشيخ علي الحلبي : الحزبيون يستدلون بقول لشيخنا الألباني ــ رحمه الله ــ على حزبيتهم وهو : (( إنني أُؤَيِّدُ قيام الجماعات الإسلامية !!! )) فما جواب فضيلتكم ؟ )) ، واتە : حزبییەکان ووتەیەکی شێخمان شێخ ( ئەلبانی ) دەکەن بە بەڵگە بۆ حزبایەتی کردنەکەیان ! ووتەکەشی ئەوەیە کە فەرموویەتی : من پشتگیری دەکەم لە پێکهێنانی کۆمەڵە ئیسلامیەکان !!! جا بەڕێزتان وەڵامی چیە ؟

بەڕێزیشیان لە بەرواری ( ١٠ / ١١ / ٢٠٠٩ ) دا و لە کاتژمێری نۆ و چل و نۆ خولەکی ئێوارەدا بەم شێوەیە وەڵامی مامۆستای دایەوە : (( الجواب : عشرات الأقوال منه تخالف هذا القول !! وحتى الفتوى مقيدة بشروط لا توجد واقعا !!! )) ، واتە : دەیان ووتەی هەیە کە پێچەوانەی ئەم ووتەیەیەتی !! وە ئەگەر واش نەبێت فەتواکە سنورداری کراوە بە چەندەها مەرج کە لە واقعدا نین !!!

فنحن لا ندعو الجماعات إلى آرائنا ، الجماعات إلى اتباعنا في آرائنا واجتهاداتنا التي قد يكون فيها أكثر من قول ، ولكننا ندعوهم إلى أمر التوحيد وهو أمر لا يختلف فيه مسلمان ، فكيف يكون فيه خلاف بين جماعتين أو أكثر ؟!! هذا هو المرفوض .

أعود ثانية فأدعو المسلمين جميعاً إلى أن يرجعوا إلى دينهم الصحيح ، و إلى الاعتماد في ذلك على الكتاب أولاً وعلى السنة الصحيحة ثانياً ، وأصر على هذه الدعوة ، ولن نتراجع عنها مهما كانت الادعاءات والافتراءات ، أقول هذا وأنا أتذكر السنوات الطوال التي عشتها في سورية ، كان يَحضر دروسي خلالها أعضاء من الإخوان ، ومن حزب التحرير ، ومن جماعة التبليغ ، ومن المذهبيين ، وفي هؤلاء من يصرح بتتلمذه عليَّ ويقر بالفضل ، فكيف نُتهم بعد ذلك بِمحاربة الجماعات الإسلامية ؟

كل ما نُخالف به تلك الجماعات إنَّما هو الخروج على الكتاب والسنة في تربية أعضاء تلك الجماعات ، وفي غير ذلك من القضايا التي اختُلِف فيها قديما وحديثا لا نختلف معهم ولا ننقدهم فهم أحرار في ذلك ، فالأمر كما قال تبارك وتعالى : ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ﴾ ، فالعدل العدل أيها الناقدون ومراعاة الله وحقه وحق رسوله إن كنتم مؤمنين )) [(١)] .

**واته : من پشتگیری دەكەم لە پێكهێنانی كۆمەڵە ئیسلامیەكان ، وە پشتگیری لەوەش دەكەم كە هەر كۆمەڵێكیان ڕۆڵێكی تایبەتی بدرێتی جا ڕامیاری بێت یا ئابووری یان كۆمەڵایەتی بێت ، یان هاوشێوەی ئەوانە ، بەڵام من ئەوە بە مەرج دەگرم كە بازنەی ئیسلام كۆكەرەوەی ئەو كۆمەڵانە بێت .**

**وە ئەوەشم باسكرد كە ئێمەی سەلەفی كار ناكەین لە ڕێگەی گرنگترینی ئەوانە نەبێت كە خوای پەروەردگار قورئانەكەی بۆ دابەزاندووە ، و پێغەمبەرانی بۆ ناردووە ، كە ئەویش یەكخوا پەرستیە ، لەگەڵ ڕوونكردنەوەی بۆ خەڵك بەشێوەیەك كە تەنها بۆ خوای پەروەردگاری ئەنجام بدات دوور لە هەموو هاوەڵ بڕیاردانێك ، و ڕێگریەك لە پێش هەموو بانگەشەیەكی بت پەرستی ، وە بانگەشەی ئەوەشمكردووە كە بۆ ئەوەی كە كۆمەڵە ئیسلامیەكان بەرەنگاری و جیاوازیەكانیان چارەسەر بكەن بە گەڕانەوەیان بۆ قورئانی**

---

**(١) ئەم فەتوایە لە كتێبی ( حیاة الألباني وآثاره وثناء العلماء علیه ) دا لاپەڕە (٣٩٥) بۆ (٣٩٦) بڵاوكراوەتەوە كە لە ساڵی (١٩٨٧) دا چاپ كراوە ) .**

**پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوەش وەکو پیادەکردنێك بۆ ووتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی :**

﴿ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً ﴾ .

خۆ ئێمە بانگی کۆمەڵە ئیسلامیەکان ناکەین بۆ بۆچوونەکانی خۆمان ، یان بانگیان بکەین بۆ شوێنکەوتنی ئێمە لە بۆچوون ، و ئیجتیهادەکانمان ، ئەوانەی کە ڕەنگە لە ووتەیەك زیاتری تێدا هەبێت ، بەڵکو ئێمە بانگیان دەکەین بۆ گرنگی دان بە یەکخوا پەرستی ، کە لەو گومانەدا نیم کە دوو موسڵمان جیاوازیان تێیدا هەبێت ، جا نازانم چۆن جیاوازی تێدا هەبێت لە نێوان دوو کۆمەڵدا ، یان زیاتر ؟! ئا ئەوەیە کە پێویستە هەبێت .

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر باسەکەم و دەڵێم : بانگی هەموو موسڵمانان دەکەم بەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ ئایینە ڕاست و دروستەکەیان ، وە بۆ متمانە کردن و پشت بەستن لەوەیاندا ، یەکەم : لە سەر قورئانی پیرۆز و دووەمیش : لە سەر سوننەتی ( صــحیح ) دا ، وە سوریشم لە سەر ئەم بانگەوازە ، و لێشی پاشگەز نابینەوە پڕوپاگەندە و درۆکان هەرچەندیەك بن ، لەم کاتەی کە ئەمە دەڵێم ئەوەم بیر دەکەوێتەوە کە ساڵانێکی درێژە کە لە سوریا ژیاوم ، کە چەندەها ئەندامی ئیخوان و حزبی تەحریر و کۆمەڵی تەبلیغ ، و کەسانی مەزهەبی ئامادەی دەرسەکانم دەبوون ، وە لەوانەشدا چەندەها کەس هەن دان بە قوتابێتیان و چاکەی ئێمەدا دەنێن ، جانازانم بۆ پاش ئەوەش هەر تۆمەت بار بکرێین بەوەی کە دژایەتی کۆمەڵە ئیسلامیەکان دەکەین ؟!!!

هەموو ئەوەی کە ئێمە پێچەوانەی ئەو کۆمەڵانەین ، ئەوەیە کە ئەوان لە پەروەردەکردنی ئەندامەکانیان لە قورئان و سوننەت دەردەچن ، وە لە جگە لەو بابەتانەدا کە جیاوازیان تێدایە لە کۆن و تازەدا ، جیاوازیمان لە گەڵیاندا نیە ، و ڕەخنەشیان لێ ناگرین ، خۆشیان لەوەدا ئازادن ، باسەکە بەو شێوەیەیە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ﴾ ، جا دادوەری بکەن ئەی ئەو کەسانەی کە ڕەخنە دەگرن ، خوای پەروەردگارتان لە یاد بێت ، لەگەڵ مافەکانیدا ، و مافی پێغەمبەرەکەشی ﷺ ، ئەگەر خۆتان بە باوەڕدار دەزانن .

خوێنەری موسڵمان پێش ئەوەی دەست بکەم بە نووسینی لێکدانەوەم بۆ فەتواکە ڕەچاوی چەند خاڵێکی گرنگ بکە :

**یەکەم :** لەوە بە ئاگابە کە ئەم فەتوایەی شێخ کە کەسانی چەواشەکار لە باسەکانیاندا دەیکەن بە بەڵگە !!! لە کتێبی ( حياة الألباني وآثاره وثناء العلماء عليه ) دا ، و لە لاپەڕە ( ٣٩٥ ) بۆ ( ٣٩٦ ) بڵاوکراوەتەوە ، و لە ساڵی ( ١٩٨٧ ز ) یشدا لە چاپ دراوە ، زانینی ئەوەش یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بتوانی ووتەی کۆن و تازەی ئەم پێشەوایە بزانیت ، و بە ووتەی تازەی کار بکەیت و واز لە کۆنەکانی بهێنیت ، هەروەکو زانایان باسیان لێوە کردووە .

**دووەم :** ڕاستە شێخی پایەبەرز ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە ڕاشکاوانە ڕێگە دەدات بە دامەزراندنی کۆمەڵە ئیسلامیەکان ، هەروەکو فەرموویەتی : (( إنَّني أُؤَيِّدُ قيام الجماعات الإسلامية ... )) ، واتە : من پشتگیری دەکەم لە دامەزراندنی کۆمەڵە ئیسلامیەکان ، بەڵام هەر لە پاش ئەو ووتەیەی جەخت دەکات لە سەر مەرجێك کە دەڵێت : (( ولكني اشترطتُ أن تكون دائرة الإسلام هي التي تَجمع هذه الجماعات كلها ... )) ، واتە : بەڵام من ئەوە بە مەرج دەگرم کە بازنەی ئیسلام کۆکەرەوەی هەموو ئەو کۆمەڵانە بێت ، جا بە ئاگابە لەم مەرجە !!!

**سێیەم :** باشە کەسانی چەواشەکار بۆ بڕگەی یەکەمی فەتواکەی شێخ وەردەگرن ، کە حەڵاڵ کردنی حزبایەتیە ؟!! کەچی بەشی کۆتایی فەتواکە پشت گوێ دەخەن ، کە دەفەرمووێت : (( وە بانگەشەی ئەوەشمکردووە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵە ئیسلامیەکان بەرەنگاری و جیاوازیەکانیان چارەسەر بکەن بە گەڕانەوەیان بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوەش وەکو پیادەکردنێك بۆ ووتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی : ﴿ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ )) !!!!!

**پاش ئەم سێ خاڵە بە کورتی لە چەند خاڵێکدا وەڵامی ئەم شوبهەیە دەخەینە ڕوو :**

**خاڵی یەکەم** : **دەتوانرێت بووترێت :** ئەو فەتوایە کە حزبیەکان دەیکەن بە بەڵگە ووتەی کۆنی شێخ ئەلبانی بووە ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بە دەیان ووتەی نوێی ئەو فەتوایەی گۆڕیوە و لەکاری خستووە ، ئەوەش بەدەرخستن و زانینی مێژووی زۆرینەی فەتواکان ، چونکە هەروەکو پێشەوا ( ابن باز ) یش ـ بە

ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی : (( **<u>ومعلوم أن مذهب العالم هو ما مات عليه ، معتقدا له ، لا ما قاله سابقا ثم رجع عنه ، فيجب التنبه لذلك ، والحذر مما يلبس الأمور ، ويضعها في غير موضعها</u>** !! والله المستعان )) [٢] .

واتە : زانراوە کە مەزهەب و بۆچوونی زانا ئەوەیە کە لەسەری مردووە ، و باوەڕی پێ بووە ، نەك ئەوەی کە پێشتر ووتوویەتی و پاشان لێی گەڕاوەتەوە ، بۆیە پێویستە ئاگامان لەوە بێت ، و ئاگاداری بکەین لەوەی کە تێکەڵاوی لە شتەکاندا دروست دەکات ، و شتنەکان لە جێگەیەك دادەنات کە جێگەی خۆی نیە ... تەنها خوای پەروەردگاریش پشت و پەنایە .

جا پێش خستنە ڕووی فەتوا نوێکانی ئەم پێشەوایە ، ئەوە وەبیری خوێنەری بەڕێز دێنمەوە کە دوای خوێندنەوەی دەسپێکی ئەم نووسینە ، دڵنیام لەوەی کە هاودەنگ دەبیت لە گەڵماندا لەوەی کە (( کۆکردنەوەی ووتەی تازە و کۆن ( القول الجديد القديم ) ی زانایان باشترین ڕێگەیە بۆ تێگەیشتن لە فەتواکانیان )) کە لە خاڵی سێیەمی دەسپێکدا بەتێر و تەسەلی باسی لێوە کراوە ، جا ئەگەر ئێمە لەم بابەتە بەچاکی تێگەیشتبێتین ، بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەتوانین لە پیادەکردنیدا سەرکەوتوو بین ، لەمەشەوە دانایی زانایانمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە بۆچی ئەوەیان بە شوێنکەوتووانیان ڕاگەیاندووە ، کە ئەوانیش وەکو هەموو خەڵکانی تر مرۆڤن و قابیلی هەڵەن وە ڕەنگە ئەمڕۆ ووتەیەك بڵێن سبەینێ لێی پەشیمان دەبنەوە ، ئەوەتا پێشەوا ( أبو حنيفة ) . بەڕەحمەت بێت . ئاماژە بەوە دەدات و دەفەرمووێت : " فإننا بشر نقول القول اليوم ونرجع عنه غدا " ، واتە : چونکە ئێمەش مرۆڤین ، ئەمڕۆ ووتەیەك دەڵێین و سبەینێ لێی پەشیمان دەبینەوە .

وە لە ووتەیەکی تریدا فەرموویەتی : (( ويحك يا يعقوب ـــ کە ( أبو يوسف ) ی قوتابییەتی ـــ لا تكتب كل ما تسمع مني ، فإني قد أرى الرأي اليوم وأتركه غدا ، وأرى الرأي غدا وأتركه بعد غد )) ، واتە : وەی بە حاڵت ئەی یەعقوب هەموو شتێك کە لە منەوە دەیبیستی مەینووسە ، چونکە لەوانەیە من ئەم ڕۆ ووتەیەك بە چاك دەزانم ، و سبەینێ وازی لێدێنم ، و سبەینێ ووتەیەك بە چاك دەزانم ، و پاش سبەینێ وازی لێدێنم .

---

[٢] ( مجموع فتاوى ابن باز (٣٠) جزءا : ٣ / ٧٣ ) و ( تنبيهات هامة على ما كتبه الشيخ محمد علي الصابوني في صفات الله عز وجل : ١ / ٢١ ) .

بێگومان ئەمە لە دانایی و پڕ حیکمەتی ئەو پێشەوایانەیە ، و لە هەست کردنیان بە بەرپرسیاریان بەرامبەر بەو گوفتار و فەتوایانەی کە دەیدەن .

وە پێشەوا ( أبو عمرو عثمان ) ی کوڕی ( عبد الرحمن ) ی کوڕی ( عثمان ) ناسراو بە ( ابن صلاح الشهرزوي ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (( **ليس للمنتسب إلى مذهب الشافعي في المسألة ذات القولين أو الوجهين أن يتخير فيعمل أو يفتي بأيهما شاء بل عليه في القولين إن علم المتأخر منها كما في الجديد مع القديم أن يتبع المتأخر فإنه ناسخ للمتقدم** )) [٣] .

واتە : بۆ هیچ کەسێك لە ئەو کەسانە نیە کە خۆیان بە پابەند بوو دەزانێت بە مەزهەبی پێشەوا شافعیەوە ، لەو بابەتانەی کە دوو بۆچوونیان تێدایە ، یان دوو ڕووی هەیە ، بێت بە کەیفی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت ، و کردەوەی پێبکات یان فەتوای پێبدات ، ، بەڵکو پێویستە لە سەری لە هەردوو ووتەکەدا ئەگەر دوایینیانی زانی ، هەروەکو لە ووتەی تازەیدا لە گەڵ ووتەی کۆنیدا ، پێویستە شوێنی ووتەی تازەیان بکەوێت ، چونکە ئەوەیان ناسخە بۆ پێشینیان .

ئەم باسە بۆ ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە ووتە و فەتوای زانایەك تێبگەین و بۆچوونی کۆتا و دوایینی بزانین ، ووتەی کۆن و تازەی کۆبکەینەوە ، نەك ئەوەی ووتەی کۆنی بێنینەوە ، و ووتەی نوێی پەراوێز بخەین !!! بەنەزانین بێت !! یان بە هەرمەبەستێك بێت !!!

بۆیە لێرە دوای زانینی ئەو فەتوا کۆنەی کە دەخرێتە ڕوو و دەکرێتە بەڵگە بۆ کاری حزبایەتی و تەفریقە و پەرتەوازەیی موسڵمانان و پارچەپارچەکردنیان ، با بزانین فەتوا دوایینەکانی ئەم پێشەوایە چیە ؟ بۆ ئەو مەبەستەش چەند فەتوایەکی تری دەخەینە ڕوو ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە ، جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەڵێم :

هەڵوێست و ڕا و بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی . بە ڕەحمەت بێت . دەربارەی تەفریقە و حزبایەتی بەگشتی زۆر ئاشکرا و ڕوونە ، وەکو ڕوونی ڕۆژی ڕووناك ، و مانگی چوادرە لە ئاسمانێکی ساماڵی بێ هەوردا ، بەڵام بڵێین چی لە گەڵ ئەوەشدا چەواشەکاران بە هەر شێوەیەك بێت دەیانەوێت بۆ مەبەستەکانی خۆیان سوود لە ووتەکانی وەرگرن !!! بەڵام ئەو کەسەی بە ناو گوڵزاری فەتواکانی ئەم

---

[٣] ( أدب المفتي والمستفتي : ج ١ / ص ٦٠ ) .

**زانا پایه بەرزە بەدوا داچوونێکی ئاسای بکات دەبینێت ڕاستیەکان پێچەوانەی کار و گوفتاری چەواشەکارانە !!! بۆنموونە لەم ووتە و پرسیارانەدا هاتووە :**

**یەکەم : هەروەها لە ووەتەیەکی تریدا بە ڕاشکاوی ئەوە دەفەرمووێت : کە دوور و نزیك دەزانێت کە بانگەشەی سەلەفیەت و زانایانی ڕازی نین بە کاری حزبایەتی ، چونکە پێچەوانەی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی ، هەروەکو لە پێشەکی کتێبێکدا فەرموویەتی :** (( و القاصي و الداني **<u>يعلم أننا لا نؤيد كل هذه التكلات الحزبية</u>** ، بل نعتقد أنها مخالفة لنصوص الكتاب والسنة ... )) [٤] .

**واتە : دوور و نزیك دەزانێت کە ئێمە پشتگیری ئەم هەموو پارچەگەری و حزبایەتیانە ناکەین ، بەڵکو بیروباوەڕمان وایە کە پێچەوانەن لەگەڵ دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتدا .**

**دووەم : وە شێخی فەرموودەناس و زانای پایە بەرز ( الألبـاني ) ـ بە ڕەحمەتی بێت ـ لە ووتەیەکی زێڕینی تریدا فەرموویەتی :** (( ولأن كثيراً من الناس اليوم ممن ينتمون إلى حزب من الأحـزاب الإسـلامية ، **<u>ولا يجوز في الإسلام أن يكون هناك أحزاب</u>** ؛ لأن الله يقـول : ﴿ فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ ( المائـدة : ٥٦ ) ، فالمسلمون يجب عليهم جميعـاً أن يكون حزبـاً واحداً ، لكن مـع الأسف الظروف التي عاشها المسلمون تحـت الإستعمـار المتنوع في الأجناس من الإستعمـار البريطاني إلى الإستعمـار الفرنسي ، هولندي ، إسبانيولي إلى أخـره ، كل هـذه الإستعمارات أوحت بتقاليد المستعمر و بعاداتهم ، وهـذه العادات قد يختلفون في بعضها و يتفقون في قسمٍ كبيرٍ منها ؛ من ذلك الأحـزاب إلا في ضلالة الشيوعين الذين عطلوا بُرهاً من الزمن التحزب إلا حزباً واحداً ، وهـو الشيوعية ، ثم بدا لهم بعد ... مصداق قـوله تعالى : ﴿ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ ﴾ ( فـصلت : ٥٣ ) ، أن الشيوعية بـاطلٌ من أصلها ، ولعلكم جميعـاً تستمعون الأخبار الآن في تراجـع الشيوعيين عن ضلالهم .

الشاهد ؛ لكنهم جمهورهم وقبل الشيوعية يُقِّرون الحزبيات ، بل يعتقدون ذلك من الديمقراطية ، التي يسمونها أي : العدالة .

---

[٤] ( مقدمة كتاب : ماذا ينقمون من الشيخ الألباني / ب ) .

الشاهد ؛ لا يوجد في الإسلام إلا حزبٌ واحد ، وهم الذين يتمسكون بما قلنا آنفاً بكتاب الله و بحديث رسول الله ﷺ وعلى منهج السلف الصالح )) [٥] .

واتە : لەبەرئەوەی زۆرێك لە خەڵكی ئەم ڕۆژگارە لەوانەی كە خۆیان داوەتە پاڵ حزبێك لە حزبە ئیسلامیەكان ، وە ناشبێت لە ئیسلامدا چەند حزبێك هەبێت ، چونكە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ . بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان هەموویان یەك حزب بن ، بەڵام بەداخەوە ئەو بارودۆخەی كە موسڵمانان تێیدایە لەژێر دەستی داگیركەرە جۆراو جۆرەكاندا بە چەندەها ڕەگەز ژیاون ، جا داگیركەری بەریتانی تا داگیركەری فەرەنسی ، هۆڵەندی ، ئیسپانی ... هتد ، هەموو ئەم داگیركەرانە داب و نەریتی خۆیان هێناوەتە ناو موسڵمانانەوە ، لە گەڵ ئەوەی كە ئەو داب و نەریتانە جیاوازن لە نێوان یەكتردا لە هەندێك جۆریاندا ، وە كۆكن لەبەشێكی زۆری ئەو عاداتانەدا لەناویاندا حزبایەتیە ... ئەوەی مەبەستە : هەموو ئەو داگیركەرانە لە پێش شیوعیەكاندا دان بە فرە حزبیدا دەنێن و بڕوایان پێیەتی ، بەڵكو بڕوایان وایە فرە حزبی یەكێكە لە بنەماكانی دیموكراسیەت كە خۆیان پێی دەڵێن و ناوی دەبەن بە دادپەروەری .

جگە لە گوڕایی شیوەعیەكان نەبێت كە دەمێك لە مێژوو بوو كە حزبایەتیان لە كار خستبوو جگە لە تەنها حزبێك نەبێت ، كە بریتیە لە شیوعیەت ، پاشان ڕاستی ووتەی خوای پەروەردگاریان بۆ ئاشكرا بوو كە فەرموویەتی : ﴿ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ ﴾ ، وە ئەوەیان بۆ ئاشكرا بوو كە شیوعیەت هەر لە بنەوایدا بەتاڵە ، ڕەنگە هەمووتان گوێبیستی هەواڵەكان بن كە ئێستا شیوعیەكان لە گومڕایی خۆیان دەگەڕێنەوە .

شوێنی مەبەست لە ووتەكەم : ئەوەیە كە زۆرینەیان و پێش شیوعیەكانیش دانیان بە فرە حزبایەتیدا دەنا ، بەڵكو لەو باوەڕەدا بوون كە ئەو كارە بەشێكە لە دیموكراسیەت ، كە بە دادپەروەری دەزانن و ناوزەد كراوە !!

ئەوەی كە زیاتر مەبەستم بێت ئەوەیە كە : حزبایەتی لە ئیسلامدا نیە ، تەنها یەك حزب نەبێت ، كە ئەویش ئەوانەن پێش كەمێك باسمان لێوەكرد : كە ئەوانەن دەستیان گرتووە بە

---

[٥] ( سلسلة الهدى والنور : شريط رقم ٣٠٦ ، دقيقة ٩ ، ثانية ٣٤ ) .

**قورئانەکەی خوای پەروەردگار و فەرموودەی پێغەمبەرەوە ﷺ ، وە لەسەر پەیڕەوی پێشینی چاکی ئەم ئوممەتە .**

**سێیەم :** (( ما هو حكمُ الشرع في تعدد هذه ( الجماعات والأحزاب والتنظيمات الإسلامية ) مع أنها مُختلفة فيما بينها في مناهجها وأساليبها ودعواتها وعقائدها والأسس التي قامت عليها ، وخاصةً أنَّ جماعةَ الحق واحدة ، كما دلَّ الحديث على ذلك ؟ )) ، **واتە : حوکمی شەرع چیە دەربارەی چەندین بوونی ئەم ( کۆمەڵ و حزب و ڕێکخستنە ئیسلامیانە ) لە گەڵ ئەوەی کە جیاوازن لە نێوان خۆشیاندا لە بەرنامە و شێوازی کار و بانگەواز و بیروباوەڕ و ئەو بنەمایانەی کە لە سەری دامەزراون ، بە تایبەت کە کۆمەڵی حەق یەکە ، هەروەك فەرموودەکە ئاماژەی بۆ کردووە و بەڵگەیە بۆی ؟**

**بەڕێزیان . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمویەتی :** (( لا يَخفى على كلِّ مُسلمٍ عارفٍ بالكتاب والسنة وما عليه سلفنا الصالح ﷺ ، **__أنَّ التحزُّبَ والتكتل في جماعات مختلفة الأفكار أولاً والمناهج والأساليب ثانياً ، فليس من الإسلام في شيء__** ، بل ذلك مِمَّا نَهى عنه ربنا عَزَّ وجل في أكثر من آيةٍ في القرآن الكريم ؛ منها قوله تعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( الروم : ٣١ ـــ ٣٢ ) .

فربنا عزوجل يقول : ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ ( هود : ١١٨ ـــ ١١٩ ) ، فالله تبارك وتعالى استثنى من هذا الخلاف الذي لا بد منه كونياً وليس شرعياً ، استثنى من هذا الاختلاف الطائفة المرحومة حين قال ﴿ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ﴾ ، ولا شك ولا ريب أن أي جماعة يريدون بحرص بالغ وإخلاص لله عزوجل في أن يكونوا من الأمة المرحومة المستثناة من هذا الخلاف الكوني ، إن ذلك لا سبيل للوصول إليه ولتحقيقه عملياً في المجتمع الإسلامي إلا بالرجوع إلى الكتاب وإلى سنة الرسول عليه الصلاة والسلام ، وإلى ما كان عليه سلفنا الصالح رضي الله عنهم .

ولقد أوضح رسول الله ﷺ المنهج والطريق السليم في غير ما حديث صحيح عن النبي ﷺ أنه خط ذات يوم على الأرض خطاً مستقيماً وخط حوله خطوطاً قصيرة عن جانبي الخط المستقيم ثم قرأ قوله تبارك وتعالى : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ ( الأنعام : ١٥٣ ) ومر بأصبعه على الخط المستقيم ، وقال هذا

صراط الله ، وهذه طرق عن جوانب الخط المستقيم ، قال عليه السلام : " وعلى رأس كل طريق منها شيطان يدعو الناس إليه " .

**<u>لا شك أن هذه الطرق القصيرة هي التي تمثل الأحزاب والجماعات العديدة</u>** . ولذلك فالواجب على كل مسلم حريض على أن يكون حقاً من الفرقة الناجية أن ينطلق سالكاً الطريق المستقيم ، وأن لا يأخذ يميناً ويساراً ، وليس هناك حزب ناجح إلا حزب الله تبارك وتعالى الذي حدثنا عنه القرآن الكريم : ﴿ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ ( المجادلة : ٢٢ ) . فإذاً ، كل حزب ليس هو حزب الله فإنما هو من حزب الشيطان وليس من حزب الرحمن ، ولا شك ولا ريب أن السلوك على الصراط المستقيم يتطلب معرفة هذا الصراط المستقيم معرفة صحيحة ، ولا يكون ذلك بمجرد التكتل والتحزب الأعمى على كلمة هي كلمة الإسلام الحق لكنهم لا يفقهون من هذا الإسلام كما أنزل الله تبارك وتعالى على قلب محمد .

لهذا كان من علامة الفرقة الناجية التي صرح النبي ﷺ بها حينما سئل عنها ، فقال : " هي ما أنا عليه وأصحابي " . فإذاً هذا الحديث يشعر الباحث الحريص على معرفة صراط الله المستقيم أنه يجب أن يكون على علم بأمرين اثنين هامين جدا .

الأول : ما كان عليه الرسول ﷺ .

والآخر : ما كان عليه أصحابه عليه الصلاة والسلام .

ذلك لأن الصحابة الكرام هم الذين نقلوا إلينا ؛ أولا : هديه ﷺ وسنته ، وثانياً : هم الذين أحسنوا تطبيق هذه السنة تطبيقاً عملياً ، فلا يمكننا والحالة هذه ان نعرف معرفة صحيحة سنة النبي ﷺ إلا بطريق أصحابه ... فالشاهد من هذا وذاك أن فهم الإسلام فهماً صحيحاً لا سبيل إلا بمعرفة سير الصحابة وتطبيقهم لهذا الإسلام العظيم الذي تلقوه عنه ﷺ إما بقوله وإما بفعله وإما بتقريره .

لذلك نعتقد جازمين أن كل جماعة لا تقوم قائمتها على هذا الإساس من الكتاب والسنة ومنهج السلف الصالح دراسة واسعة جداً محيطة بكل أحكام الإسلام كبيرها وصغيرها أصولها وفروعها ، فليست هذه الجماعة من الفرقة الناجية من التي تسير على الصراط المستقيم الذي أشار إليه الرسول ﷺ في الحديث الصحيح .

وإذا فرضنا أن هناك جماعات متفرقة في البلاد الإسلامية على هذا المنهج ، فهذه ليست أحزاباً ، وإنما هي جماعة واحدة ومنهجها منهج واحد وطريقها واحد ، فتفرقهم في البلاد ليس تفرقاً فكرياً عقديا منهجياً ، وإنما هو تفرق بتفرقهم في البلاد بخلاف الجماعات والأحزاب التي تكون في بلد واحد ومع ذلك فكل حزب بما لديهم فرحون .

**هذه الأحزاب لا نعتقد أنها على الصراط المستقيم بل نجزم بأنها على تلك الطرق التي على رأس كل طريق منها شيطان يدعو الناس إليه** . ولعل في هذا جواباً لما سبق )) [٦] .

**واته : له لای هیچ موسڵمانێکی شارەزا بە قورئان و سوننە و ئەوەی کە سەلەفی ساڵحی ئێمەی لەسەر بووە . خوای پەروەردگار لێیان ڕازی بێت . شاراوە نیە کەوا :**

**یەکەم : حزبایەتی کردن و پارچەگەرێتی لە چەندەها کۆمەڵی جیاواز لە بیر و بۆچوندا ی ، و دووەم : جیاوازیان لە بەرنامە و شێوازی کاریاندا ، لە هیچ شتێکدا لە ئیسلامدا نیە ، بەڵکو لەو شتانەیە کە خوای پەروەردگار لە چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆزدا یاساغی لێکردووە و قەدەغەی کردووە ، لەوانەش ووتەی خوای پەروەردگارە کە فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( الروم : ٣١ ــ ٣٢ ) .

**وە پەروەردگارمان فەرموویەتی :** ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ﴾ **ئا لێرەدا خوای پەروەردگار لەم جیاوازیەی کە دەبێت ببێت بە قەدەرێکی کەونی نەك بە قەدەری شەرعی ، لەم جیاوازیەدا کۆمەڵەیەکی هەڵاوێرد ( استثناء ) کردووە کە بەر بەزەیی و ڕەحمی خوای پەروەردگار دەکەون ، ئەوەش کە فەرموویەتی :** ﴿ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ﴾ **، وە گومانیش لەوەدا نیە کە ئەو کۆمەڵەی کە دەیانەوێت و زۆر سورن لە گەڵ ئیخلاصیان بۆ پەروەردگاریان کە لەو کۆمەڵەیە بن کە پەروەردگار ڕەحمی لێکردوون ، و هەڵاوێردەکراوون لەو جیاوازیەی کە قەدەرێکی کەونی خوای پەروەردگارە ، ئا ئەوە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ پێگەیشتنی بە شێوەیەکی پراکتیکی و بەدیهاتنی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا جگە لە گەڕانەوە نەبێت بۆ**

---

[٦] إحدى أشرطة ( سلسلة الهُدى والنور ) رقم : (٦٠٨ / ١) تم تسجيلهُ سنة (١٤١٢ هـ ــ ١٩٩٢ م ) ، ونقلهُ بتمامه فضيلة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي في كتابهِ الجليل : ( جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات) ص : ( ١٧٨ ــ ١٨١ ) . انظر ص (١٠٦ــ١١٤) من كتاب (فتاوى الشيخ الألباني) لعكاشة عبدالمنان الطيبي ، الطبعة الأولى . مكتبة التراث الإسلامي .

قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ ، وە بۆ ئەوەش كە سەلەفی صالْحی ئەم ئوممەتەی لە سەر بووە ﭫ .

پێغەمبەری خواش ﷺ ئەو پەیڕەو و ڕێگە دروستەی لە چەندەها فەرموودەی ( صحيح ) دا بۆ ڕوون كردووینەتەوە ، لەوانەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ كە ڕۆژێكیان بە دەستی خۆی لە سەر زەویدا هێڵكی ڕاستی بۆ ڕاكێشاین ، وچەند هێڵكی تری بە هەردوو لای هێڵەكەدا ڕاكێشا ، و پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ ، و پەنجەی بە سەر هێڵە ڕاستەكەدا هێنا و فەرمووی : ئەمە ڕێگا ڕاستەكەی خوای پەروەردگارە ، وە ئەمانەش ڕێچكەكانن لەم لاو ئەو لای ڕێگە ڕاستەكە ، وە فەرمووی : لە سەر هەر ڕێچكەیەكیان شەیتانێك هەیە بانگەوازی خەڵكی بۆ دەكات .

وە گومانی تێدا نیە كە ئەم هێڵە كورتانە ئەم حزب و كۆمەڵە جۆراو جۆرە زۆرانە دەنوێنن . بۆیە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك كە پەرۆشە بە ڕاستی لە ( كۆمەڵی ڕزگار بوو ) بێت ، ئەوا دەست پێبكات و ڕێگا ڕاستەكە بگرێتە بەر ، و بە لای ڕاست و چەپدا نەڕوات ، وە هیچ حزبێكی سەركەوتوو نیە جگە لە حزبەكەی خوای پەروەردگار نەبێت كە قورئانی پیرۆز بۆی باس كردووین : ﴿ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ .

كەواتە هەر حزبێك حزبەكەی خوای پەروەردگار نەبێت ئەوا لە حزبەكەی شەیتانە و نەك لە حزبی ڕەحمان بێت ، وە گومانیش لەوەدا نیە كە شوێنكەوتن و گرتنەبەری ڕێگاری ڕاست ئەوە پێویست دەكات كە ئەم ڕێگا ڕاستە بە ڕاستی بناسرێت ، وە ئەوەش تەنها بە پارچەگەرێتی و حزبایەتی كوێرانە نابێت لە سەر ناوێك كە ناوی ئیسلامی ڕەوایە ، كەچی لەو ئیسلامە تێناگەن كە خوای پەروەردگار دایبەزاندووەتە سەر دڵی محمد ﷺ .

لە بەر ئەمەیە كە نیشانەی كۆمەڵی ڕزگاربوو كە پێغەمبەری خوا بە ڕاشكاوی باسی كردووە لە كاتێكدا كە پرسیاری لێكرا سەبارەتی ، و فەرمووی : ئەوانەی كە لە سەر ئەوەن كە من و هاوەڵانمی لەسەرن . كەواتە ئەم فەرموودەیە توێژەرەوەی پەرۆشە لە سەر ئەوەی كە ڕێگا ڕاستەكەی خوای پەروەردگار بناسێت وا فێردەكات كە پێویستە شارەزا هەبێت بە دوو شتی زۆر گرنگ كە ئەمانەن :

**یەكەم** : بەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەری بووە .

**ئەویتریان ( دووەم )** : بەوەی کە هاوەڵانی لەسەری بوونە ﷺ .

ئەوەش لەبەر ئەوەی کە هاوەڵە بەڕێزەکان بوون : **یەکەم** : ڕێگە و سوننەتی پێغەمبەریان ﷺ بۆ گواستینەوە . **دووەم** : ئەوان بوون کە پیادەکاری ئەم سوننەتە بوون بە جوانی و بە شێوەیەکی پراکتیکی ، بۆیە . کە وای لێهات . ناتوتنین بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ تێبگەین جگە لە ڕێگەی هاوەڵانەوە نەبێت ... شوێنی مەبەستیش لەمە و لەوەدا ئەوەیە کە تێگەیشتنی تەواوی ئیسلام بە تێگەیشتنێکی دروست ، هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ پێگەیشتنی جگە لە زانینی ژیاننامە و سەرگوزەشتەی هاوەڵان نەبێت ، پاشان پیادەکردنی ئەم ئیسلامە گەورەیە کە ئەوان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەریان گرتووە ، لە ووتەیەوە یان لە فەرمان ، یان بە بێدەنگ بوونەکانی لێیان ( التقرير ) .

بۆیە لەو باوەڕەدام بێ گومان کە هەموو کۆمەڵێك کە دامەزراندنی لە سەر قورئانی پیرۆز و سوننەت و بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح دانەمەزرابێت ، بە خوێندنەوەیەکی زۆر بەربلاو کە هەموو ئەحکامەکانی ئیسلام بگرێتەوە . وورد و درشتی ، بنەواکانی و فروعەکانی . ئەوا ئەو کۆمەڵەیە لە کۆمەڵی ڕزگار بوو نیە کە ڕێگا ڕاستەکەی گرتووەتەبەر ، ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی پێکردووە لە فەرموودەی ( صحيح ) دا .

وە ئەگەر وا دابنەین کە چەندەها کۆمەڵ هەن لە سەر ئەم پەیڕەوە و لە وڵاتانی ئیسلامدا بڵاوبوونەتەوە ، ئا ئەمانە بە حزب ناژمێردرێن ، بەڵکو ئەمانە یەك کۆمەڵن و پەیڕەو و ڕێگەیان یەکە ، چونکە بڵاوبوونەوەیان بە وڵاتانی ئیسلامدا بڵاوبوونەوەیەکی فیکری و بیروباوەڕی وپەیڕەوی نیە ، بەڵکو تەنها بەبڵاوبوونەوە دادەنرێت بەبڵاوبوونەوەیان بە وڵاتاندا ، بە پێچەوانەی کۆمەڵ و حزبەکانەوە کە لە یەك وڵاتدا دەبن ، و لە گەڵ ئەوەشدا هەریەك لەو حزبانە بەوەی کە هەیانە دڵخۆشن .

ئەم حزبانە : ئێمە لەو باوەڕەدا نین کە لە سەر ڕێگا ڕاستەکە بن ، بەڵکو یەکلای دەکەینەوە کە لە سەر ئەو ڕێچکانەن کە لە سەر هەر ڕێچکەیەکیان شەیتانێك هەیە بانگەوازی خەڵك دەکات بۆی . ڕەنگە لەم ووتەیەدا وەڵامی پرسیاری پێشووم دابێتەوە .

**چوارەم** : هەڵوێست و ڕا و بۆچوونی پێشەوا ئەلبانی . بە ڕەحمەت بێت . دەربارەی تەفریقە و حزبایەتی بەگشتی زۆر ئاشکرا و ڕوونە ، وەکو ڕوونی خۆری ڕۆژی ڕووناك ، و مانگی چوادرە لە

**ئاسمانێکی ساماڵی بێ هەوردا ، بەڵام چی بڵێین لە گەڵ ئەوەشدا چەواشەکاران بە هەر شێوەیەك بێت دەیانەوێت سوود لە ووتەکانی وەرگرن بۆ مەبەستەکانی خۆیان !!! بەڵام ئەو کەسەی کە بەدوادا چوونێکی ئاسایی بکات بە ناو گوڵزاری فەتواکانی ئەم زانا پایە بەرزە دەبینێت ڕاستیەکان پێچەوانەی کار و گوفتاری چەواشەکارانە !!! بۆ نموونە پرسیار لە شێخ کرا دەربارەی هەڵوێستی موسڵمان سەبارەت بە حزبایەتی و تەفریقە ، کە ئەمە دەقی پرسیارەکەیە :** (( ما موقف المسلم من التحزب وتجمع الدعوي من ناحية الولاء والبراء والمحبة ؟ )) ، **واتە : هەڵوێستی موسڵمان چۆن بێت بەرامبەر بە حزبایەتی و بانگەوازی بەکۆمەڵ ، لە ڕوانگەی خۆشەویستی و ڕق لێبونەوە ؟**

**شێخ ( الألباني ) یش . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامدا فەرمووی :** (( قد تكلمنا عن هذه القضية في جلسة سابقة ولا أرى الوقت الآن مناسب لنقول فيه أيضاً بتفصيل وربما يكون تفصيلا أخر ، **ولكننا نقول بأن الحزبية في الإسلام** ؛ **أقول الآن بعبارة صريحة هي بدعة ضلالة فيما يتعلق بالبدعة فيه تفصيل دقيق** . البدعة الضلالة هي كل أمر حادث يقصد به التقرب والتعبد به إلى الله تبارك وتعالى ، هذه البدعة إذا حدثت ولن تكون مخالفة للشرع من جهة أخرى ، فيكفي في بدعيتها أن يكون المقصود بها زيادة التقرب إلى الله تبارك و تعالى ، فتكون بدعة ضلالة ؛ لأن التعبد إلى الله عزوجل قد انتهى أمره بنزول قوله تعالى : ﴿ اليَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلَامَ دِينًا ﴾ ( المائدة : ٣ ) ، و ببيانه ﷺ في مثل قوله كما في ( صحيح مسلم ) : " **ما بعث الله نبياً إلا كان حقاً عليه أن يدل أمته على خير ما يعلمه لهم** " )) [٧] .

**واتە : لە دانیشتنێکی پێشودا لەسەر ئەم کێشەیە قسەمان کردووە ، وانابینم ئێستا کاتەکە گونجاو بێت کە بەدرێژی قسەی لەسەر بکەین ، بەشێوەیەکی تر درێژەی پێ بدەین ، بەڵام بە هەرحاڵ ئێستا بە ڕاشکاوی دەڵێین : حزبایەتی لە ئیسلامدا بیدعەیەکی گومڕاییە ، ئەوەی پەیوەستە بەبیدعەوە تەفصیلێکی وردی تێدایە .**

**بیدعەی گومڕا هەموو ئەو کارە داهێنراوانەیە بەمەبەستی عیبادەت و نزیك بوونەوە لەخوای پەروەردگار ئەنجام دەدرێت ، ئەم بیدعەیە ئەگەر دابهێنرێت ، وە پێچەوانەی شەرع نەبێت لەڕوانگەیەکی ترەوە ، ئەوەندە بەسە بۆ بیدعەیەتی ئەم کارە داهێنراوە کە مەبەست پێی زیاتر نزیك بوونەوەیە لە**

---

[٧] ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٤٠٠ ، دقيقة صفر ، ثانية ٨ ) .

خوای بەرز و بڵند ، لەبەر ئەمەیە بیدعەیەکی گومڕاییە ، لە بەر ئەوەی دانانی عیبادەت کۆتای هاتووە بە دابەزینی ئەو وتەیەی پەروەدگار کە دەفەرموێت : ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾ ە ، و ڕوونکردنەوەی ئەوەش لە هاوشێوەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەردایە ﷺ کە لە ( صـحيح ) ی ( مسلم ) دا هاتووە کە فەرموویەتی : خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووە ، ئیلا پێویست بووە لەسەر ئەو پێغەمبەرە کە ئوممەتەکەی خۆی ڕێنموی بکات بۆ هەموو ئەو خێر و چاکانەی کە دەیانزانێت بۆیان .

**پێنجەم** : وە لە وەڵامی پرسیارێکی تردا سەبارت بە حزبایەتی . کە لە بەڕێزیان کرا . و ئەمە دەقەکەیەتی : (( ما قول الإسلام في الحزبية و الديمقراطيـة ؟ )) ، واتە : ڕای ئیسلام دەربارەی حزبایەتی و دیموکراسیەت چیە ؟

فەرمووی : (( **ما الحزبية في الإسلام** ، ولا الديمقراطية في الإسلام ، **الإسلام غنيٌ** ، **غنيٌ عن كل المبادىء وكل الحزبيات و التكتلات** ، فما عنـد الله خـيرٌ و أبقـى )) [8] ، واتە : حزبایەتی لە ئیسلامدا نیە ، هەروەها دیموکراسیەتیش لە ئیسلامدا نیە ، ئیسلام دەوڵەمەندە ، پێویستی بە هیچ بەرنامە و پەیڕەوێك نیە ، وە بە هیچ حزبایەتی و پارچەگەرێتیەك نیە ، وە بێگومان ئەوەی لەلای خوای پەروەردگاردا هەیە چاکتر و نەبڕاوەیە .

**شەشەم** : هەروەها بە ڕاشکاوی لە ووتەیەکیدا سەبارەت بە حزبایەتی دەفەرموێت : (( **نحن نقولها بصراحة : إننا نحارب الحزبية** ؛ **لأن التحزبات هـذه ينطبق عليها قـول الله تبـارك و تعـالى** : ﴿ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٥٣ ) . **ولأن التحزب فعلاً قـد فرق شمـل المسلمين** ، وأضعفهم على ما هـم عليه من ضعف ، فازدادوا ضعفاً على ضعف .

**لا حزبية في الإسلام** ، وهناك حزب واحدٌ بنص القرآن ، قال الله تعالى : ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ ( المائدة : ٥٦ ) .

---

[8] ( سلسلة الهدى و النور : شريط رقم ٣٠٨ ، دقيقة ٢٠ ، ثانية ٢ ) .

ولكن من هم حزب الله ؟ هم جماعة رسول الله ﷺ ، فبقدر ما يقترب المسلم في هذا الزمان الى هدي رسـول الله ﷺ على منهج الصحابة ، كما في حديث الفرقة الناجية ، بقدر ما يكون في أمان ، و العكس بالعكس )) [٩] ، **واته : ئێمه به ڕاشكاوی دەیڵێین : ئێمـه دژایـەتی حزبایـەتی دەكـەین ، چونكه ئـەم حزبایەتیانـه ووتـەی خـوای پـەروەردگار دیانگرێتەوه كه فەرموویەتی :** ﴿ فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ، **وه لەبەر ئـەوەی كه بەكردەوه حزبایـەتی كۆی موسڵمانانی پەرتەوازه كردووه ، سەرەڕای ئەو لاوازیـەی كـه تیایـدان لاوازتـری كردوون ، بۆیه دەبینیت لاوازیەكی زیاتر چوەته سەر لاوازیەكەیان .**

**هیچ حزبایەتیەك لە ئیسلامدا نیه ، بەڵكو تەنها یەك حزب هەیه به پێی دەقی قورئانی پیرۆز ، خوای پـەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ .

**بـەڵام كـێن حـزب و كۆمـەڵی خـوای پـەروەردگار ؟ بێگومـان كۆمـەڵی پێغەمبـەری خـوان ﷺ ، بۆیـه چەندێك موسڵمان لەم سەردەمەدا نزیك بێتەوه له ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ به تێگەیشتنی هـاوەڵانی ، هـەروەكو لـه فـەرموودەی كۆمـەڵ و فیرقەكانـدا هـاتووه ، ئەوەنـده لـه ئەمانـدا دەبێت ، بـه پێچەوانەش پێچەوانەكەی دەبێت .**

**حەوتەم : هەر ئەم پێشەوایه له ووتەیەكیدا بـه ڕاشـكاوی ئـەوەمان بـۆ ئاشـكرا دەكـات كـه بانگـەوازی سـەلەفیەت دژایـەتی حزبایـەتی دەكـات ، بـه هـەموو شـێوە و شـێوازێكیەوه ، نـەك پـشتگیری بێـت ، وەكـو چەواشەكاران باسی لێوه دەكەن ، هەروەكو فەرموویـەتی :** (( ولذلك فنحن نؤيِّدُ كلَّ مَن يدعو إلى الرَدِّ علـى هؤلاء الخارجين على الحُكَّام ، والذين يحُثُّون المسلمين على الخروج على الحُكَّام ؛ لأنَّ هذا الخروج خروجٌ عن الإسلام

.

مَن ادَّعى السلفيَّةَ والتي هي الكتاب والسنَّة ، فعليه أن يسير مسيرةَ السلف ، وإلاَّ الاسم لا يُغني عن حقيقة المسمَّى . قد ذكرتُ آنفاً بأنَّ مِن دعوة العلماء قاطبة أنَّه لا يجوز الخروج ، ولا يجوز التكفير ، فمَن خرج عن دعوة هـؤلاء لا نُسمِّيه بأنَّه ( سلفي ) ! كذلك المسلم الذي يُسمِّي نفسَه مسلماً ، ولكنَّه لا يعمل بالإسلام ، ولذلك قال ربُّنـا تبـارك

---

[٩] ( الأسئلة الشامية : للشيخ علي الحلبي ) .

وتعالى : ﴿ وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ ( التوبة : ١٠٥ ) .

**الدعوةُ السلفية هي تُحاربُ الحزبية بكلّ أشكالِها وأنواعهـا** ، والسببُ واضحٌ جدًّا ، الدعوة السلفية تنتمـي إلى شخص معصوم وهو رسول الله .

أمَّا الأحزابُ الأخرى فينتمون إلى أشخاصٍ غير معصومين ، قد يكونون في أنفسهم صالحين ، قد يكونون في ذواهم من العلماء العاملين ، ولكن أتباعهم ليسوا كذلك .

**أخيراً وختاماً ، فلان سلفي أو الجماعة الفلانية سلفية ، لكنهم لا يعملون بالدعوة السلفية التي هي الكتاب والسنة والتمسك بمـا كان عليه السلف** ، **وإلاّ فهم خارجون عن الدعوة السلفية** ؛ والدليل الـذي أختم بـه هـذا الجـواب هـو قوله تبارك وتعالى : ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ ( النساء : ١١٥ ) ، **ولذلك فكلُّ الجماعات التي تدَّعي الانتساب إلى السلفِ** ، **إذا لَم يعملوا بمـا كان عليه السلف** ، **ومِن ذلك مـا نحن بصددِه أنَّه لا يجوز تكفير الحُكَّام ولا الخروج عليهم** ، **فإنَّما هي دعـوى يدَّعونها** ... [١٠] )) .

**واته : بۆیه له بەر ئەوە ئێمه پشتگیری هەموو کەسێك دەکەین کە بانگێشی بەرپەرچ دانەوەی ئەو دەرچـوانه دەکـات لـه کاربەدەسـتان ، و ئەوانـەی کـه هـانی موسـڵمانان دەدەن بـۆ دەرچـوون لـه کاربەدەستان ، چونکه ئەو دەرچوونه دەرچوونه له ئیسلام .**

**وه ئەوەش که بانگێشی سەلەفیەت دەکات ، کە بریتیه لـه قورئـان و سوننەت ، پێویسته لـه سـەری ڕێڕەوی پێشینەی بگرێتەبەر ، ئەگەرنا ناو هیچ له ڕاستی ناوەڕۆك ناگۆڕێت ، پێشتریش ئەوەم باسکرد**

---

[١٠] فتاوى العلماء الأكابر : لعبد المالك الرمضاني ـ وفقه الله ـ ص : ٩٨ .

**وه له یەکێك له ڕۆژنامەکاندا به ناوی :** ( الخبر الأسبوعي ) **، و لـه ( ژماره :** ١٦ ـ ٢٣ إلى ٢٩ جـوان ١٩٩٩م **) دا ، وه لـه وەڵامی هەندێك پرسیاردا که ئەمه هەندێك لەو پرسیارانەیه ، کە تیایاندا هـاتووه :** (( .... ، **2** ــ الملاحظ أنَّ أتباع المنهج السلفيِّ الصحيح لم يقوموا بتأطير العمل السلفيِّ ضمن إطار حزبيٍّ ما ، فما حكم هذه التنظيمات التي تصف نفسها بأنَّها ذات منهج سلفيٍّ ؟ **3** ــ ما الحكم الشرعي لتلك التنظيمات التي تنتهج ما تسميه بالعمل الجهادي ضدَّ أنظمة الحكم ، التي هي بنظرها تعتبرها كافرة ؟ وما تقوم به من أعمالِ ذبح وتقتيل للأطفال والشيوخ والنساء ؛ وذلك بحجة أنَّهم كفار وموالون لهذه الأنظمة ، على حدِّ زعمهم ؟ ... )) .

كه بانگه‌شه‌ی زانایان به‌گشتی ئه‌وه‌یه كه ده‌رچوون له كاربه‌ده‌ستان دروست نیه ، و ته‌كفیركردنیش دروست نیه ، وه ئه‌و كه‌سه‌ش كه له بانگه‌شه‌ی ئه‌وانه ده‌رچێت و لابدات ئه‌وا ئێمه ناوی لێ نانه‌ین سه‌له‌فی !! هاوشێوه‌ی ئه‌وه‌ش موسڵمانه كه به خۆی ده‌ڵێت موسڵمان ، و كه‌چی كار به ئیسلام ناكات ، له‌به‌ر ئه‌وه‌یه خوای په‌روه‌ردگارمان فه‌رموویه‌تی : ﴿ وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ .

بانگه‌شه‌ی سه‌له‌فیه‌ت دژایه‌تی حزبایه‌تی ده‌كات به هه‌موو شێوه و جۆرێكیه‌وه ، هۆكاره‌كه‌ش زۆر ئاشكرایه ، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه كه بانگه‌شه‌ی سه‌له‌فیه‌ت په‌یوه‌نده به كه‌سێكی مه‌عصومه‌وه كه ئه‌ویش پێغه‌مبه‌ری خوایه ﷺ .

به‌ڵام حزبه‌كانی تر ئه‌وان په‌یوه‌ندن به كه‌سانێك كه مه‌عصوم نین ، ئه‌گه‌رچی خۆیان له خۆیاندا صاڵحان بن ، یان له زانایانی كرده‌وه‌كار بن ، به‌ڵام شوێنكه‌وتوانیان به‌و شێوه نین .

دوایین ووته و له كۆتادا ، ئه‌گه‌ر ووترا : فلانه كه‌س سه‌له‌فیه !! یان فلانه كۆمه‌ڵ سه‌له‌فیه !! كه‌چی كارناكه‌ن به‌وه‌ی كه بریتیه له قورئان و سوننه‌ت ، و ده‌ست گرتن به‌وه‌ی كه سه‌له‌فی صاڵحی له‌سه‌ر بووه ، ئا ئه‌وانه ده‌رچوونه له بانگه‌شه‌ی سه‌له‌فیه‌ت و لایان داوه لێی ، ئه‌و به‌ڵگه‌یه‌ش كه كۆتایی ئه‌م وه‌ڵامه‌ی پێ ده‌هێنم ، ووته‌ی خوای په‌روه‌ردگاره كه فه‌رموویه‌تی : ﴿ وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ ، له‌به‌ر ئه‌وه هه‌موو كۆمه‌ڵێك كه لافی خۆدانه‌پاڵ پێشین ده‌دات ، ئه‌گه‌ر كار به‌وه نه‌كه‌ن كه پێشین له سه‌ری بوونه ، له‌وانه‌ش كه له باسیاندا‌ین ، ته‌كفیری كاربه‌ده‌ستان بكرێت ، و ده‌رچوون لێیان نابێت ، ئا ئه‌و لاف و نیسبه‌ت دانه‌پاڵه‌یان بۆ پێشین ته‌نها لاف لێدانه .

**هه‌شته‌م** : وه له یه‌كێك له زنجیره ده‌رسه‌كانی ( سلسلة الهدى والنور ) دا كه زنجیره‌یه‌كی پڕ له زانسته و ده‌نگی شێخ ( الألباني ) تێدا تۆمار كراوه . له وه‌ڵامی پرسیارێكدا ده‌رباره‌ی ( حوكمی بوونی چه‌ند كۆمه‌ڵ و حزبێكی ئیسلامی ) فه‌رموویه‌تی : (( ... **أنَّ الأحزاب ليس على منهج الإسلام** الذي يمثلهُ قوله عزَّ وجل

: ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ... **وقــال** : ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ ، **فالأحزابُ كثيرة والسُّبُلُ عديدة ، فالآية الأولى كالآية الأخرى تلتقيــان في ذم التعــدد الحزبي والتعدد الطُرقي ))** [١١] .

**واته : ئەم حزبانە لە سەر بەرنامەی ئیسلام نین کە خۆی دەبینێتەوە لەم ئایەتەدا کە خوای گەورە فەرموویەتی :** ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ... **وە فەرموویەتی :** ﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ﴾ ، **حزبەکان زۆرن و ڕێگاکان جۆراوجۆرن ، ئایەتی یەکەم وەکو ئایەتی دووەم وایە ، یەك دەگرنەوە لە زەم کردنی بوونی چەند حزب و ڕێچکەیەك .**

**نۆیەم : وە لە بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەی کە دەڵێن کۆمەڵێ ( الإخــوان المــسلمين ) لە ئەهلی سوننە و جەماعەیە فەرموویەتی : (( <u>ليسَ صواباً أنْ يُقال إنَّ الإخوان المسلمين من أهل السنة ، لأنَّهم يُحاربونَ السنَّة</u> ))** [١٢] **، واتە : ڕاست نیە بووترێت کۆمەڵی ( الإخوان المــسلمين ) لە ئەهلی سوننەن ، چونکە ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن .**

**دەیەم : وە بە تەلەفون ئافرەتێك لە وڵاتی ( جەزائیر ) ەوە ئەم پرسیارە ئاراستەی شێخ ( ئەلبانی ) دەکات . بە ڕەحمەت بێت . کە باس لە دروستی و نادروستی پەیوەندی کردن و کارکردن دەکات لە گەڵ حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان ، وە ئەمەش دەقەکەیەتی : (( هُناك جماعة من المسلمين لهم أمــير قد أعطوهُ بيعةً بالسمع والطاعة** [١٣] **ما زالت في طاعة الله عَزَّ وجل ، ولها نفس الأصول التي تقوم عليها جماعة الإخوان**

---

[١١] ص : (٣٢) من المصدر السابق .

[١٢] ( سلسلة الهُدى والنور : الشريط رقم : (٣٥٦) ) . و شريط مسجّل بعنوان ( فتوى حول جماعة التبليغ والإخوان ) تسجيلات (( مناهج السنة )) في الرياض .

[١٣] **وە لە فەتوایەکدا هاتووە** : (( مما يتساهل به الناس قضيّة البيعة ؛ فهناك من يرى جواز أخذ البيعة لجماعة من الجماعات مع وجــود بيعة أخرى ، وقد لا يكون المُبايع في هذه الجماعات معروفًا بدواعي السّرّيّة ؛ ما حكمُ هذا ؟ ثم هل يختلف الحكم في بلاد الكفّار أو تلك التي لا تحكم بما أنزل الله ؟ البيعة لا تكون إلا لوليّ أمر المسلمين ، وهذه البيعات المتعدِّدة مبتدعة ، وهي من إفرازات الاختلاف ، والواجب على المسلمين الذين هم في بلد واحد وفي مملكة واحدة أن تكون بيعتهم واحدة لإمام واحد ، ولا يجوز المبايعات المتعدّدة ، وإنما هذا من إفرازات تجوّزُ المبايعات من اختلافات هذا العصر ، ومن الجهل بالدّين )) ( المنتقى من فتاوى الفوزان : ج ٢٦ / ص ٦) .

ولها الأمير ، ولهذا الأمير سُلطة مُطلقة على الأفراد ، ويُطبقون على بعضهم البعض أصل الولاء والبراء ، ولا يجوزُ لأحدٍ من الأفراد أنْ يقوم بأيِّ عملٍ إلاَّ يستأذن الاستئذان . فهل يجوز الانضمام إلى هذه الجماعة ؟ وما حكم هذه الجماعة شرعاً ؟ )) .

**واته : لاى ئێمه له ( جەزائیر ) دا كۆمەڵە موسڵمانێك هەن ئەمیرێكیان هەیە پەیمان و بەیعەتیان پێداوە بەوەی گوێی بۆ بگرن و گوێڕایەڵی بكەن تا له گوێڕایەڵی خوای گەورەدا بێت ، وە ئەم ( جەماعەیە ) هەمان بنمایان هەیە كە كۆمەڵ و جەماعەتی ئیخوانی لە سەر بنیات نراوە ، وە ئەمیریان هەیە و ئەم ئەمیرەش دەسەڵاتی تەواوی هەیە بە سەر تاكەكاندا ، وە هەندێكیان لە گەڵ هەندێكیاندا بنەمای ( دۆستایەتی و دورەپەرێزی ) بە سەر یەكتردا جێبەجێ دەكەن ، وە ڕەوا نیە و نابێت هیچ تاكێك هەڵبسێت بە هیچ كردارێك ئیللا دەبێت ڕێپێدان بخوازێت بۆ ئەنجام دانی .**

**ئایا دروستە بچیتە ڕیزی ئەم ( جەماعەتە ) و پەیوەندیان پێوە بكەیت ؟ وە ئایا حوكمی شەرعی ئەم ( جەماعەتە ) چیە ؟**

**بەڕێزیشیان لەوەلامی ئەم پرسیارەدا بە ڕاشكاوی دەفەرمووێت : (( لا يجوزُ الانضمام إلى جماعةٍ يلتزمون مثل هذه الأحكام التي خصَّها الشارع الحكيم بالإمام الأعلى وهو الخليفة ، أمَّا أميرٌ يُبايَع هُنا وأميرٌ يُبايَعُ عندكم هُناك وهكذا ، ويشترطون ما ذكرت من الطاعة العَمياء ! فهذا ليسَ من الإسلامِ في شيء ، ولا يجوزُ الانضمام إليهم ))** [١٤] .

**واته : دورست نیە پەیوەندی كردن بە كۆمەڵێكەوە كە پابەند بن بەم ئەحكامانەی كە شەرع دانەری دانا تایبەتی كردوون بە گەورە پێشەواوە كە مەبەست پێی خەلیفەیە ، بەڵام ئەمیرێك لێرەوە بەیعەتی پێبدرێت و ئەمیرێكی تر لە لای ئێوەوە بەیعەتی پێبدرێت وە بەم شێوە بڕوات ! و گوێڕایەڵیەكی كوێرانەش بە مەرج دابنێن هەروەكو باست كرد ! ئا ئەمە لە ئیسلامدا نیە بە هیچ شێوەیەك ، وە دورستیش نیە پەیوەندیان پێوە بكرێت .**

**یانزەیەم : هەروەها لە پرسیارێكی تردا پرسیار كراوە لە شێخ** ( محمد ناصر الدين الأباني ) **. بە ڕەحمەت بێت . كە ئەمە دەقەكەیەتی :** (( ما هو حكمُ الشرع الحنيف فيما نراه من بعض إخواننا المنتسبين إلى السنة في بعض

---

(١٤) ( سلسلة الهُدى والنور : برقم : ٣٣٨ ) .

البلاد إذْ أسسوا أحزاباً وجبهات وتنظيمات إسلامية لمواجهة القِوى المعادية للإسلام ــ كما يقولون ــ ، وبخاصة أنَّهم يستدلون أحيانا بقاعدة فقهية تقول : "ما لا يتم الواجب إلاَّ به فهو واجب" ، فهل هناك أدلة شرعية من كتاب ربنا سبحانه وسنة نبينا ﷺ تُجيز لهم مثل هذا التحزب ؟ )) .

**واته : فەرمایش و حوکمی شەریعەتی پاك و بێگەرد چیە سەبارەت بەوەی کە دەیبینین کە هەندێك لەو برایانەمان کە دراونەتە پاڵ سوننەتەوە لە هەندێك وڵاتدا حزب و بەرە و ڕێکخراوی ئیسلامی دروست دەکەن بۆ بەرەنگار بوونەوەی هێزە بەرەنگاربووەکانی ئیسلام . هەروەکو خۆیان دەڵێن . بەتایبەت ئەوان هەندێك جار ڕێسایەکی فیقهی بەبەڵگە دێننەوە بۆ کارەکەیان :** (( ما لا يتم الواجب إلاَّ به فهو واجب )) **ئایا هیچ بەڵگەیەکی شەرعی هەیە لە قورئانەکەی پەروەردگارمان و لە سوننەتی پێغەمبەرمان ﷺ ڕێگە بدات بەو شێوە حزبایەتیە ؟**

**ئەو پێشەوایەش . بە ڕەحمەت بێت . لە وەڵامی پرسیارەکەدا فەرموویەتی :** (( الحمد لله ، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين .

**<u>لا يوجد ـ كما هو معلوم عند أهل العلم ـ أي دليل في كتاب الله أو في سنة رسول الله ﷺ ما يُجيز للمسلمين أنْ يتفرقوا شيعاً وأحزاباً ، وإنَّما يوجد في الكتاب والسنة خلاف ذلك تَماماً</u>** ، حيث قال تعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ( الروم : ٣١ ــ ٣٢ ) ، وقال ﷺ : " افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة ، وستفترقُ هذه أمَّتي على ثلاثٍ وسبعين فرقة كُلُّها في النار إلاَّ واحدة ، قالوا : من هي يا رسول الله ؟ قال : هي التي تكون على ما أنا عليه وأصحابي " ، وفي رواية أشهر : " هي الجماعة " .

وإنَّما تكون الجماعة جماعة حقيقية إذا كانت تتمسك بالكتاب والسنة تَمسكاً فعلياً وليس تَمسكاً قولياً ، ولذلك هنا لا بُدَّ من النظر إلى حقيقةٍ طالما أصبحا اليوم تتكرر ألفاظها وتخفى حقائقها ، وهي أنَّ من موضة العصر الحاضر اليوم صار ينتمي إلى الكتاب والسنة بعد أنْ لم يكن للكتاب والسنة ذِكرٌ على ألسنتهم قبل نحو ربع قرن من الزمان ، ولكن بفضل الله ورحمته لما بدأت دعوة الكتاب والسنة تعلو على كل الدعوات وأصبحت لها الهيمنة والسيطرة على كل الدعوات صار من مصلحة الدعوات الأخرى أن يتبنوا الانتساب إلى الكتاب والسنة ، ولكن شتَّان بين من ينتسب إلى

الكتاب والسنة اسماً ، وبين من ينتسب إليها اسماً وفعلاً ، ولذلك فلا ينبغي لنا أن نظن أنَّ كل مَنْ كان يدعو أو يقول نحن على الكتاب والسنة أنَّهم كذلك على الكتاب والسنة ، وإنَّما علينا أنْ نُقارن بين القول والفعل ، فمَنْ كان فعلهُ يصدق قوله فنحن معهُ ليس حزباً وإنَّما جماعةً واتباعاً للحديث السابق : قالوا : مَنْ هي ؟ أي الفرقة الناجية ، قال : (( هي التي تكون على ما أنا عليه وأصحابي )) ، فمن كان فعله يُطابق قوله كنَّا معه وكنَّا جماعة واحدة ، وليس فِرَقاً وأحزاباً ، كُلُّ حزبٍ بما لديهم فرحون .

هذه الملاحظة يجب أن نلاحظها ؛ لأننا نسمع اليوم دعوات كثيرة بينها اختلاف كبير جداً ، ومع ذلك فكل منهم يدعي أنه على الكتاب والسنة ، وكما قيل قديماً :

وكلٌ يدعي وصلاً بليلى ⠀⠀ وليلى لا تقر لهم بذاك

وربنا عز وجل يقول في الكتاب الكريم كما هو معلوم : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾ ( الصف : ٢ ــ ٣ ) ، تجد مثلاً على سبيل المثال ، تجد كثيرا من الناس يقولون : نحن على الكتاب والسنة ، ونحن على منهج السلف الصالح ، لكنك إذا نظرت إلى مظهرهم رأيت مظهرهم لا ينبئ عن شيءٍ من ذلك الإتباع للمنهج منهج السلف الصالح ، فكثير منهم يتزيون بزي الأجانب ، كثير منهم لا يتشبهون بنبيهم مثلاً كان يقول : " حفوا الشارب وأعفوا اللحى وخالفوا اليهود والنصارى " فتجد الكثير من هؤلاء المدعين الانتساب إلى الكتاب والسنة أو الانتساب إلى السلفية يخالف فعلهم قولهم ، يخالف مخبرهم خبرهم ، فلذلك هؤلاء ينبغي نحن أن لا نحشرهم في زمرة الجماعة التي لا تفرق فيها ، ولا أحزاب فيها ، **وإذا عرفنا هذه الحقيقة سَهُل علينا تماماً أن نفهم أن من كان يدعي الانتساب إلى الكتاب والسنة ومع ذلك فهم فرق وشيع وأحزاب ، فليسوا على الكتاب والسنة ؛ لأنه هذا التفرق وهذا التحزب ، خلاف الكتاب والسنة** )) .

واته : واته : شوكر و ستایش بۆ خوای پەروەردگار ، صەڵات و سەلامیش لە سەر پێغەمبەری خوا ، وە لە سەر هەموو ئال و بەیت و هاوەڵانی .

هەروەکو زانراوە لە لای زانایان هیچ بەڵگەیەك نیە لە کتێبەکەی خوای پەروەردگار یان لە سوننەتی پێغەمبەرەکەی کە ڕێگە بدات بە موسڵمانان کە پەرتەوازە ببن بۆ چەندەها کۆمەڵ و حزبەوە ، بەڵکو ئەوەی کە لە قورئان و سوننەتدا بەتەواوی پێچەوانەی ئەوە هەیە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾ ، وە پێغەمبەری خواش ﷺ

فەرموویـەتی : " افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة ، وسـتفترقُ هذه أمَّـتي على ثلاثٍ وسبعين فرقة كُلُّها في النار إلاَّ واحدة ، قالوا : من هي يا رسول الله ؟ قال : هي التي تكون على ما أنا عليه وأصحابي " ، وە لە ڕیوایەتێکی ئاشکرا تریشدا هـاتووە کە فەرموویـەتی : " هي الجماعـة " . وە تـەنها لـەو کاتـەدا کۆمـەڵ ( الجماعـة ) کۆمـەڵێکی ڕاسـت دەبێت ئەگـەر پابەنـد بێـت بـە قورئانی پیرۆز و سوننەتەوە پابەند بوونێکی کردەوەیی ، نەك تەنها هـەر بـە ووتـە ، لەبـەر ئـەوە لێرەدا پێویسـتە بڕوانینـە ڕاستیەك کە زۆرجار دەبیـنین ووشـەکانیان دووبارە دەکرێنـەوە دوور لـە ڕاستی و ناوەڕۆکیـان ، ئـەویش ئەوەیە کە یەکێك لە مۆدەکانی ئەم سـەردەمە ئەوەیـە کـە هەرکەسێك و دێت نیسبەتی خۆی دەداتـە پـاڵ قورئـان و سـوننەت ، دوای ئـەوەی کـە سـەردەمانێکە پـێش نزیکـەی چارەکە سـەدەیەکە نـاوی قورئـان و سوننەت هەر نەبوو ، بەڵام فەزڵ و ڕەحمەتی خوای پەروەردگارە بانگەشەی قورئان و سوننەت ئاشکرا و بەرز بووەتەوە ، بە سەر هەموو بانگەشەیەکدا ، و دەسەڵاتی بە سەر هەموو بانگەوازێکدا کردووە ، بۆیـە دەبینین لە بەرژەوەندی هەموو بانگەوازەکانی تردایە کە نیسبەتی خۆیان بدەنە پاڵ قورئـان و سـوننەت ، بـەڵام چـەند جیاوازی هەیـە لـە نێوان ئەوانـەی کـە تـەنها بـە نـاو نیسبەتی خۆیـان دەدەنـە پـاڵ قورئـان و سوننە ، لە گەڵ ئەوانەی کە بە ناو و کردەوەش نیسبەتی خۆیان دەدەنە پاڵیان !! بۆیە لەبەر ئەوە نابێت گومانمان وا بێت کە هەر کەسە و لافی ئەوە لێدەدات یان دەڵێت : من لـە سـەر قورئـان و سـوننەتم ، وا بزانین ئەوان وان و لـە سـەر قورئـان و سـوننەن ، بەڵکو پێویسـتە لـە سـەرمان بـەراورد بکـەین . نـەك وەکو حزبێك . لە نێوان گوفتار و کرداریان ، جا ئەو کەسەیان کردەوەکەی ڕاستی ووتـەکانی دەردەخست ئـەوا ئێمـە لـە گـەڵیا دەبین ، بەڵکو وەکو ئەو کۆمەڵـەی کـە لـە فـەرمودەی پێشوودا هـاتبوو ، ووتیـان : ئـەو کۆمەڵەیـە کێن ؟ واتـە : کۆمـەڵی ڕزگـار بـوو ، ئـەویش فـەرمووی : ئەوانـەن کـە لـە سـەر ئـەوەن کـە مـن و هاوەڵانمی لە سەرە ، جا هەر کەس کردەوەکەی هاوکۆك و هاودەنگ بوو لە گەڵ ووتەکەیدا ، ئەو کاتە لـە گەڵیـدا دەبین ، هـەموومان یـەك کۆمـەڵ دەبین ، نـەك چـەندەها فیرقـە و حـزب ، چونکە ئـەو کاتـە هـەموو حزبێك بەوەی کە لە سەریەتی دڵخۆشن !!!!

ئەم تێبینیە پێویستە ڕەچاو بکرێت ، چونکە ئێمە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بانگەوازێکی زۆر دەبیستین کە جیاوازیەکی زۆر گەورەیان لە نێواندایە ، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان لاقی ئەوەی لێ دەدات کە لە سەر قورئان و سوننەتن !!!! هەروەکو لە کۆندا ووتراوە :

وكلٌ يــدعي وصلاً بليلى وليلى لا تقر لهــم بــذاك

پەروەردگاریش . هەروەك زانراوە . لە کتێبەکەیدا فەرموویەتی : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ ( الصف : ٢ ــ ٣ ) . دەبینیت وەك نموونەیەك ، دەبینیت زۆرێك لە خەڵك دەڵێن : ئێمە لە سەر قورئان و سوننەتین ، و بە تێگەیشتنی سەلەفی صاڵح !!! بەڵام ئەگەر بڕوانیتە ڕواڵەتیان دەبینیت ڕواڵەتیان هیچ لەو شتانە دەرناخات ، لە شوێنکەوتنیان بۆ پەیڕەو ، پەیڕەوی سەلەفی صاڵح ، دەبینیت زۆریان پۆشاکی بیانی دەپۆشن ، و زۆرێکیان لاسایی پێغەمبەرەکەیان ﷺ ناکەنەوە ، بۆ نموونە کە فەرموویەتی : سمێڵتان کەم بکەنەوە ، و ڕیش بێڵنەوە ، و پێچەوانەی جولەکە و خاچ پەرستان بکەنەوە . کەچی دەبینیت زۆرینەی ئەوانەی کە لافی ئەوە لێدەدەن کە پابەندن بە قورئان و سوننەتەوە ، یان پەیوەستن بە سەلەفیەتەوە ، کردەوەکانیان پێچەوانەی ووتەکانیان دەبێـەوە ، هەواڵپێدراویان پێچەوانەی هەواڵەکانیانە ، بۆیە نابێت ئێمە ئەوانە بخەینە ڕیزی ئەو کۆمەڵەی کە تەفریقە و پەرتەوازەیی تێدا نیە ، و نەش فرە حزبی تێدایە ، جا ئەگەر ئەم ڕاستیەمان زانی بەتەواوی ئاسان دەبێت لە سەرمان ئەوەی کە تێبگەین لەوانەی کە لافی پەیوەست بوون بە قورئان و سوننەت لێدەدەن ، لە گەڵ ئەوەشدا چەندەها کۆمەڵ و حزبن !!! ئا ئەوانە لە سەر قورئان و سوننەت نین ، چونکە ئەم تەفریقە و حزبایەتیە پێچەوانەی قورئان و سوننەتە .

شێخ ( الألباني ) . بە ڕەحمەت بێت . لە درێژەی باسەکەیدا و دوای خستنە ڕووی ئەو وڵامە ئاشکرا و ڕوونە دەڵێت : (( مـا أدري أنـه إذا كـان كـأنه في بقية للسؤال لـو ذكرتني حتى ندندن حولـه )) ، واتە : نازنم ئەگەر پرسیارەکەی لێی مابێتەوە ، ئەگەر بتوانی بیرم بخەیتەوە بۆ ئەوەی لە سەری بدوێین .

پێشکەش کاریش دەڵێت : (( إذاً إذا أسسوا أحزاب وجبهات وتنظيمات إسلامية لمواجهــة القــوى المعاديــة للإسلام ـــ كما يقولون ـــ وبخاصة أنهم يستدلون أحياناً بقاعدة تقول : ( ما لم يتم الواجب إلا به فهو واجـب ) )) ، واتە : کەواتە ئەگەر حزب و بەرە و ڕێکخراوی ئیسلامیان دروست کرد بۆ بەرنگار بوونەوەی ئەو

**هێزانەی کە دژایەتی ئیسلام دەکەن . هەروەك دەڵێن !! . بەتایبەت هەندێك جار بەڵگە بە ڕێساو بنەوایەك دێننەوە کە تێیدا هاتووە ( ئەو شتەی کە شتە پێویستەکان تەواو نەبێت ئیللا بەو نەبێت ئەوا ئەویش هەر پێویستە ) .**

**وە شێخیش . بە ڕەحمەت بێت . جارێکی تر لە وەڵامدا فەرمووی : (( طيب ، محاربة القوى المحاربة للإسلام لا تكون بالتفرق ، وإنما تكون بالتجمع ، وهو ما أشرنا إليه آنفاً أن يكونوا جماعة واحدة ويربطهم منهج واحد ، وليس هناك منهج إلا منهج الكتاب والسنة وما كان عليهم سلفنا الصالح** ، كما اشتهر عن الإمام ابن قيم الجوزيّة رحمه الله أنه كان يقول ــ ونعم ما كان يقول ــ :

العلم قال الله قال رسوله     قال الصحابة ليس بالتمويه

ما العلم نصبك للخلاف سفاهة     بين الرسول وبين رأي فقيه

كلا ولا جحد الصفات ونفيها     حذرا من التشبيه والتمثيل

نحن نجد هؤلاء الأحزاب أكثرهم لا يهتمون بتصحيح عقائدهم وأفكارهم ، لا يهتمون بتصليح عباداتهم و صيامهم ومناسك حجهم ، وإنما الحقيقة كلُّ حزبٍ منهم يتحزب للمذهب الذي عاش عليه ، فعندكم مثلاً ، يغلب التحزب للإمام مالك رحمه الله ، في بلاد أخرى كتركيا مثلاً لا يعرفون الإسلام إلا من زاوية مذهب أبي حنيفة فقط ، وفي بلاد أخرى كسوريا مثلاً ومصْر مثلاً وهذه بلاد يعرفون مذهبين اثنين وهو الشافعي والحنفي ، وعلى العكس من ذلك مثل في النجد مثلاً ما يعرفون مذهباً إلا المذهب الحنبلي ، في الحجاز يعرفون المذهب الشافعي وهكذا ، هذا ليس هو منهج السلف الصالح ، منهج السلف الصالح كما أسمعناكم آنفاً من قول ابن القيم رحمه الله : العلم قال الله قال رسوله .

هؤلاء الأحزاب من كان يقول نحن على الكتاب والسنة ويصدق فعله قوله كما قلنا آنفاً فهو من الجماعة ونحن معهم أين ما كانوا ومن كانوا [15] ، أما استغلال هذه الدعوة في سبيل تجميع الناس وتكتيلهم وتحزيبهم ، ولو في زعم

---

**[15] ئەم بڕگەیە لە ووتەکەی پێشەوا ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت . ئەوەیە کە چەواشەکاران لە ئەڵقەکانی بەرنامە چەواشەکاریەکانیاندا خستویانەتە ڕوو بە قرتاوی و دابڕکردنی پێش و پاشی فەتواکە لەم بڕگەیەی !!!! سەرەڕای ئەو هەموو لاف و گەزافەی کە دەیدا لەوەی کە ئەمانەتی عیلمی دەپارێزێت !!!! و سەرەڕای ئەو هەموو تانەیەش کە دەیدا لە سەلەفیەکان کە گوایە فەتواکان دەقرتێنن ، و بە تەواوی نایگێڕنەوە !!! ( رمتني بدائها وانسلت ) !!! و حوکمیش بۆ خوێنەر دەهێڵینەوە .**

محاربة القوى المحاربة للإسلام ، وهي قوى إما أن تكون كافرة كفراً محضاً ، وإما أن تكون منحرفة عن الإسلام كثيراً أو قليلاً ، **فما يكون أبداً محاربة القوى التي تعادي الإسلام إلا بالرجوع إلى الكتاب والسنة في كل شؤون الحياة** .

ونحن نعلم من واقع الجماعات والأحزاب المعروفة اليوم على وجه الأرض أنها فقط تهتم بالكلام ، ولا تهتم بمعرفة الإسلام وفهمه فهماً صحيحاً أولاً ، ثم بتطبيق هذا الإسلام على أنفسهم وعلى ذويهم و أهليهم ثانياً ، هذا نادر جداً و هذا الذي نحن نهتم به من أن يكون فهمنا للإسلام فهماً صحيحاً ، على منهج قال الله قال رسول الله قال سلفنا الصالح ، ثم تطبيق ذلك في كل شؤون حياتنا فيما استطعنا إليه سبيلاً . هذا هو جواب هذا السؤال )) .

**واته : باشه ، بەرنگاربوونەوە و دژایەتی کردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئیسلام بە پەرتەوازەیی نابێت ، بەڵکو بە کۆبوونەوە دەبێت ، هەر ئەوەشە کە ئێمە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە موسڵمانان دەبێت یەك کۆمەڵ بن یەك پەیوەندی بەیەکیانەوە ببەستێت ، وە هیچ پەیڕەوێکیش نیە جگە لە پەیڕەوی قورئان و سوننەت ، وە ئەوەی کە پێشینە پیاوچاکانی ئەم ئوممەتەی لەسەر بوونە ، هەروەکو بەربڵاوە کە ( ابن القيم الجوزية ) . بە ڕەحمەت بێت . فەرموویەتی . و باشترین ووتەشی فەرمووە . :** العلم قال الله قال رسوله قال الصحابة ليس بالتمويه

ما العلم نصبك للخلاف سفاهة بين الرسول وبين رأي فقيه

كلا ولا جحد الصفات ونفيها حذرا من التشبيه والتمثيل

**ئێمە ئەو حزبانە دەبینین زۆربەیان بایەخ بە ڕاست کردنەوەی بیروباوەڕ و فیکریان نادەن ، بایەخ بە ڕاست کردنەوەی پەرستشەکانیان نادەن ، بە ڕۆژووەکانیان ، بە ئادابەکانی حەجکردنیان ، بەڵکو دەبینیت هەر یەك لەو حزبانە خۆیان پابەند دەکەن بەو مەزهەبەی کە لەسەری ژیاوە ، بۆ نموونە لە لای ئێوە مەزهەبی پێشەوا ( مالك ) . بە ڕەحمەت بێت . باوە ، وە لە وڵاتانی تردا وەکو تورکیا ئیسلام ناناسن لە تەنها گۆشەی مەزهەبی ( أبو حنيفة ) ەوە نەبێت . بە ڕەحمەت بێت . ، وە لە وڵاتی ترەوە بۆ نموونە سوریا و میسر ، جگە لە دوو مەزهەبی پێشەوایان ( الشافعي ) ، و ( الحنفي ) نەبێت هیچ مەزهەبێکی تر ناناسن !!! وە بە پێچەوانەی ئەوەشەوە لە ( نجد ) دەبینین وەك نموونەیەك جگە لە مەزهەبی ( الحنبلي ) نەبێت هیچ مەزهەبێکی تر ناناسن ، وە لە ( الحجاز ) دا مەزهەبی ( الشافعي ) دەناسن ، و هەموو وڵاتانی**

تریش بەو شێوەیە دەبن !!! ئائەمە پەیڕەوی پێشینە پیاو چاکانی ئەم ئوممەتە نیە ، پەیڕەوی پێشینە پیاو چاکانی ئەم ئوممەتە ئەوە بوو کە دامان بەگوێتاندا لە ووتەکانی ( ابن القیم ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ : زانستی شەرعی ئەوەیە کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرموویانە .

ئائەم حزبانە هەرکامەیان بڵێ ئێمە لە سەر قورئان و سوننەتین ، و کردەوەکانی ڕاستی ووتەکانیان بسەلمێنیت ، هەروەکو ئێمە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، ئەوە لە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانە و ئێمەش لە گەڵیاندایین ، لە هەر کوێیەك بن ، و هەر کێیەکیش بن ، بەڵام ئەگەر ئەو ووتەیەیان تەنها ئیستیغلال کردن بێت ، بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی و کردنیان بێت بە حزبی ، با بەبیانووی بەرهەڵسکاری و دژایەتی کردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئیسلام بێت ، ئەو هیزانەش ئێمە دەزانین لەوانەیە بێ باوەڕێکی تەواو بێت ، یان لاڕێ بوو بێت ـ کەم یان زۆر ـ لە ئایینی ئیسلام ، بەڵام هەرگیز بەرهەڵستکاری و دژایەتی ئەو هێزانە ناکرێت کە بەرهەڵستکاری ئیسلام دەکەن جگە بە گەڕانەوە نەبێت بۆ قورئان و سوننەت ، لە هەموو بوارەکانی ژیان .

وە ئێمە ئەوەش دەزانین لە بار و حاڵی ئەو کۆمەڵ و حزبانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناسراوون ، کە هەموویان تەنها بایەخ بە ووتە دەدەن ، و بایەخ بە ناسینی ئیسلام نادەن بۆ ئەوەی یەکەم جار : بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لێی تێبگەن ، و پاشان ـ دووەم جار : ـ بەسەر خۆیان و کەس و کاریاندا پیادەی بکەن ، ئەمە زۆر بەدەگمەنە ، وە هەر ئەمەشە کە ئێمە بایەخی پێ دەدەین کە تێگەشتنمان بۆ ئیسلام تێگەیشتنێکی دروست و ڕاست بێت ، لە سەر پەیڕەوی : خوای پەروەردگار فەرمووی ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ، پێشینە پیاوچاکان فەرموویانە ، پاشان پیادەکردنی ئەوەش لە هەموو بوارەکانی ژیانماندا ، ئەوەندەی لە توانامانداا بێت . ئەمەش وەڵامی ئەم پرسیارەیە .

پێشکەشکار : (( سیدنا لو تكلمت عن القاعدة ( ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجـــب ) )) ، واتە : بەڕێزم ئەگەر سەبارەت بە ڕێسا و بنەوای ( ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب ) بدوێیت .

شێخیش دەفەرمووێت : (( صحيح : ( ما لم يتم الواجب إلا به فهو واجب ) ، هذه قاعدة معترف فيها بين أهل العلم ، **<u>لكنهم يتغافلون عن الحقيقة التي سبقت الإشارة إليها ، وهي أن التجمع والتكتل لمحاربة القوى المحاربة للإسلام والمعادية له يجب أن يكون على أساس الكتاب والسنة</u>** ، فيجب قبل كل شيء أن نتدارس الكتاب والـــسنة ،

وأن يظهر فقهه في ذوات أنفسنا ، وهذا هو الذي يجمعنا بعضنا إلى بعض ، وهذه القوة هي التي تستطيع من قريب إن شاء الله أن تحارب القوى المعادية للإسلام **وليس بمجرد التحزب والتكتل** ، والدليل على ذلك أن بعض الجماعات الإسلامية المعروفة اليوم مر عليها قرن من الزمان وهي تدعو إلى الإسلام اسماً ، ولكنها لم تستطيع أن تزرع الإسلام في صدور المنتسبين إليها فضلاً أن يتمكنوا من محاربة أعداءهم ، لأن فاقد الشيء لا يعطيه ، الذي يفقد السلاح لمحاربة الأعداء لا يستطيع أن يحاربهم ، والسلاح هنا في محاربتهم ليس إلا فهم الإسلام فهماً صحيحاً ، وتطبيقه تطبيقاً صحيحاً )) [16] .

**واته : بەڵێ ڕاستە کە ( ما لم يتم الواجب إلا به فهو واجب ) ڕیسا و بنەوایەکە کە زانایان دانیان پیا ناوە ، بەڵام حزبیەکان غافڵن لەو ڕاستیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ، کە ئەویش ئەوەیە : کۆبوونەوە و کۆمەڵ بەستن بۆ دژایەتی کردنی ئەو هێزانەی کە بەرهەڵستی ئیسلام دەکەن دەبێت لە سەر بنەوای قورئان و سوننەت بێت ، بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێك لە قورئان و سوننەت بکۆڵینەوە ، و تێگەشتن و فیقهەکەشیان لە جەستەماندا دەرکەوێت ، وە هەر ئەمەشە کە هەموومان دەکات بەیەك ، و هەر ئەو هێزەشە کە دەتوانێت . بە ویستی خوای پەروەردگار . لەم نزیکانە بەرهەڵستکاری هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئیسلام بێتەوە ، نەك هەر تەنها بە کۆبوونەوە ، وکۆمەڵ بوونمان ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە کە هەندێك لە کۆمەڵە ئیسلامیەکان کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناسراوون ، چەند سەردەمێکە بەسەریاندا تێپەڕیوە بانگەشە تەنها بۆ ناوی ئیسلام دەکەن ، کەچی نەیتوانیوە حەقیقەتی ئیسلام لە سینگی ئەوانەدا بچێنێت کە پەیوەندیان پێوەیە ، چ جای بتوانن دژایەتی دوژمنانیان بکەن !!! چونکە ئەو کەسەی کە شتێکی پێ نەبێت ناتوانێت ئەو شتە ببەخشێت ، ئەو کەسەی کە چەکی دژایەتی کردنی دوژمنی پێ نەبێت ناتوانێت دژایەتیان بکات ، چەکیش لێرەدا هیچی تر نیە جگە لە تێگەیشتنێکی ڕاست نەبێت بۆ ئیسلام ، و پیادەکردنی بە شێوەیەکی دروست .**

---

(١٦) ( سلسلة الهدى والنور ، برقم : ٢٣٠ ، ٠٠:٠١:٣٥ ) .

**دووانزەیەم : هەروەها لە ووتەیەکیدا کە سەرزەنشتی ( عبدالرحمن عبدالخالق ) ی تێدا دەکات ، لە سەر ئەوەی کە کار لە سنوری حزبدا دەکات ، و پەیڕەوی ئیخوانیانەیە ، فەموویەتی :** (( **<u>هذا التحزُّب وهذا التكتُّل ليس على المنهج السلفي الذي نحنُ ندعو إليهِ</u>** ... )) [١٦] .

**واتە : ئەم حزبایەتیە و پارچەگەرێتیەش لە سەر پەیڕەوی ئەو سەلەفیەتە نیە کە ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین .**

**<u>سیانزەیەم</u> : وە شێخ** ( الألباني ) **ـ بە ڕەحمەت بێت . سەبارەت بە فەرموودەکەی** ( حذيفة ) رضي الله عنه **کە تیایدا هاتووە :** (( فاعتزِل تلك الفرق كُلّها )) **فەرموویەتی :** (( في هذا الحديث : **<u>أنّ المسلم إذا أدرك مثل هذا الوضع ، فعليه حينذاك ألاّ يتحزَّب ، وألاّ يتكتَّل مع أي جماعة أو مع أي فرقة</u>** ، مادام أنَّه لا توجد الجماعة التي عليها إمام مبايع من المسلمين )) [١٧] ، **واتە : وە لەم فەرموودەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە : بێگومان ئەگەر هەر موسڵمانێك گەشتە ئەم بارودۆخە ، پێوستە لە سەری لەو کاتەدا لە گەڵ هیچ کۆمەڵ و هیچ فیرقەیەکدا حزبایەتی نەکات ، و پارچەگەرێتی نەکات ، ، مادام کۆمەڵی خاوەن پێشەوای لە لایەن موسڵمانان بەیعەت پێدراو نیە .**

**چواردەیەم : هەروەها سەبارەت بە فەرموودەی** ( حذيفة ) **وە لە** ( سلسلة الأحاديث الصحيحة ) **دا و لە ژێر ناونیشانی** ( **<u>لا فِرَقَ ولا أحزابَ في الإسلام وإنَّما جَماعة وخليفة</u>** : **لە ئیسلامدا چەندین گروپ و حیزب نییە بەڵکو کۆمەڵی موسڵمانان و خەلیفە هەیە** ) **دا ، فەرموودەکەی** ( حُذيفة ) **ی بە تەواوی هێنانەوەتەوە و فەرموویەتی :** (( قلتُ : هذا حديثٌ عظيمُ الشأنِ من أعلام نبوتهِ ونصحهِ لأمتهِ ﷺ ، **<u>ما أحوجَ المسلمينَ إليهِ للخَلاص من الفُرقة والحزبية التي فَرَّقَتْ جمعَهم وشَتَّتْ شملَهم وأذهبَتْ شوكتَهم</u>** ، فكان ذلك من أسباب تَمَكُّن العدو منهم ، مِصداقَ قولهِ تباركَ وتعالى : ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ )) [١٨] .

---

[١٦] ( من شريط مسجل مع ناصر العمر ) .

[١٧] ( الدَّعوة إلى الله لعلي الحلبي الأثري (٩٨) .

[١٨] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٦ / ٥٤١) . **هەروەها شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی [** سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٦ / ٥٣٩ ــ ٥٤١) **] دا لە فەرموودەی ژمارە : (٢٧٣٩) دا کە لەساڵی (١٩٩٦)دا چاپی یەکەمی لە چاپ دراوە فەرموودەکەی** ( حُذيفة ) **ی باس کردووە .**

**واتــه : دەڵـێم : ئـەم فەرموودەيــە پلــەو پايەيــەكی گــەورەی هەيــە و يەكێكــە لــە نيـشانەكانی پێغەمبەرايەتی پێغەمبەر ﷺ و ئامۆژگاريەكيشه بۆ ئەممەتەكەی .**

**ئاخۆ موسڵمانان چەندێك پێويستيان بەم فەرموودەيە هەيە بۆ ڕزگار بوونيان لە پارچە پارچەگەرێتی و حزبايەتی كەوا يەك ڕيزی موسڵمانانی پارچە پارچە كردووە و شيرازەيانی پەرتـەوازە كـردووە و توانا و هێزيـانی نەهێشتوە ، وە ئەمـەش بۆتـە هۆيـەك لـە هۆكارەكـانی زاڵ بـوونی دوژمنـان بـە سـەريانەوە و ڕاستێتی ئەم فەرموودەيەی خوای كار پڕ بەرەكەت و پايە بـەرز جێبـەجێ بووە :** ﴿ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ .

**وە ئەوەش كە زياتر ئەم ووتەيە بسەڵمێنێت كە ووتەی كۆتـای شێخ ئەلبانی . بە ڕەحمەت . لـە سـەر حزبايەتی ئەوەيە كە حەرامە نەك حەڵاڵ ، ووتەی يەكێكە لە فێرخوازانی شێخ كە ناوی شێخ ( مشهور ) ەوە فەرموويەتی لەم ووتوو وێژەدا كە تێيدا هـاتووە :** (( السائل : شيخي عندنا الأخ ( أبو سنة ) يكتب كتابـاً عن الأحزاب وحكم التحزب .

الشيخ : من هو الأخ ؟

السائل : أبو سنة ، أبو سنة الكوردي في كوردستان العراق . قال لي هذا الأخ أن أسأل الشيخ ـ إذا أمكـن إن شاء الله ـ : هل للشيخ الألباني رأي على التحزب ؟

الشيخ : طبعاً ، طبعا آراء كثيرة ، و مجموع كلامه ، عندنا مجموع كلام الشيخ مكتوب ، مجموع كلامـه المحكـي عندنا مكتوب .

السائل : لا يا شيخ ، **أعني الرأي الأخير للشيخ الألباني على التحزب ، هل هو حرام أم حلال ؟**

الشيخ : **لا ، لا : حرام ، الشيخ يرى أنه حرام** .

السائل : لأن بعض الحزبيين يثيرون شبهة على حكمه عن التحزب .

الشيخ : **الذي يقول أن الشيخ الألباني لا يرد على التعصب و التحزب يكذب على الشيخ الألباني** .

فيه [ أي : في كلامه ] كلمات موهمة ، تحتاج أن تضبط من كلام الشيخ و توضع الكلمة الصحيحة في مكانهـا ، وأنا لي كتاب اسمه ( قاموس البدع ) **وقد ذكرت من البدع : التحزب ، ذاك كلام الشيخ ، والذي عندي أكثر من المكتوب ، وكلها نقلا عن كتب الشيخ** .

و فيه ــ أي : في كلامه ــ أقوال للشيخ يلووها ، يلووها ويقولون بالجواز ، لا الشيخ ما يرى جواز التعــصب و التحزب .

السائل : بارك الله فيكم )) .

**واتـه : پرسيارکار : شێخی بەڕێزم برایـەکمان هەیـە ( بـاوکی سـوننە ) ەی نـاوە و دەیـەوێت کتێبێك لەسەر حزبەکان و حوکمی حزبایەتی بنووسێت .**

**شێخ پـێی دەڵێت : ئەو برایە ناوی چیە ؟**

**پرسیارکار دەڵێت : باوکی سوننە ، بـاوکی سـوننە لـە کوردسـتانی عـیراق , ئـەم برایـە پـێی ووتم کـە ئەگەر بتوانم بەپشتیوانی خوای پەروەردگار پرسیار لە جەنابتان بکەم : کە ئایا شـێخ ئـەلبانی هـیچ ڕا و بۆچوونێکی لە سەر حزبایەتی هەیە ؟**

**شێخیش فەرمووی : بەڵێ ، بەڵێ ڕا و بۆچوونێکی زۆری هەیە ، و کۆی ووتـەکانی ، کۆی ووتـەکانی لە لای ئێمە نووسراوەتەوە ، کۆی ئەو ووتانەی کە دەگێردرێتەوە لە لای ئێمە نووسراوەتەوە .**

**پرسیارکار : نە شێخ ! من مەبەستم ئەوەنیە ، مەبەستم دوا ڕا و بۆچوونی شـێخ لـە سـەر حزبایـەتی چیە ؟ ئایا حزبایەتی حەرامە یان حەڵاڵ ؟**

**شێخیش فەرمووی : نەخێر ، نەخێر ، شێخ بە حەرامی دەزانێت .**

**پرسیارکار : پرسیارەکەم لە بەر ئەوەیە کە هەندێك لە حزبیـەکان گومانێك دەخەنـە ڕوو سـەبارەت بـە حوکمی شێخ ئەلبانی سەبارەتبە حزبایەتی !!**

**شـێخیش فـەرمووی : ئـەو کەسـەی کـە دەڵێـت : شـێخ ئـەلبانی بەرپەرچـی دەمـاگیری ، و حزبایـەتی ناداتەوە ، ئەوە درۆ بە دەم شێخ ئەلبانیەوە دەکات .**

**ڕاستە لە ووتەکانیدا ووشەی واهەیە کە گومانی ئەوەی لێ بکرێت ، بەڵام پێویستی بـەوە هەیـە کـە لـە ڕوانگـەی ووتـەکانی تریـەوە ، ووشـەی گونجـاوی بـۆ هەڵبـژێردرێت و لـە جێگـەیـدا دابنرێـت ، وە منـیش پەرتوکێکم هەیە ناوی ( قاموس البدع ) ە و تیایدا باسی حزبایەتیم کردووە وەك بیدعەیەك ، ئائەوە ووتەی شێخە سەبارەت بە حزبایەتی ، و ئەوەش کە لامە زیاترە لە نووسراوەکە ، و هەمووشـی لـە پەرتوکـەکانی شێخەوە هێنراوەتەوە .**

وه هەندێك لە ووتەكانی شێخ مل بادەدەن بۆ ئەوەی بڵێن حزبایەتی دروستە ، نەخێر شێخ دەمارگیری و حزبایەتی بە دروست نازانێت .

پرسیاركار : خوای پەروەردگار پێز و بەرەكەتی خۆی بەسەرتاندا بڕێژێت .

جا نازانم چەواشەكاران ئەم هەموو ڕاستیانەی كە لە ووتە و فەتواكانی پێشەوا ( الألباني ) دا هەن . بە ڕەحەت بێت . ، نەبینیوە ؟!! یان بینیویانە و خۆیان لە كەودەنی داوە ؟!! وەكو تەیری ووشترمل ( النعامة ) كە دڕندەیەك دەبینێت ، سەر دەكات بە ناو خۆڵ بۆ ئەوەی دڕندەكە نەیبینێت !!! لەو باوەڕەشدا نیم هیچ كەسێكی دادپەروەر و ڕەوا ویست هەبێت ئەم ووتانەی بەرچاو بكەوێت ، وبێت و بڵێت : ئەی بۆ فلانە یان فیسارە چەواشەكار وا دەڵێت ؟! چونكە ئاشكرایە كە چەواشەكاران ئەگەر بە ساختەش بێت . خوا پەنامان دات . تەنها دەیانەوێت بگەنە مەرام و مەبەستەكانیان !! ئەگەر وانەبێت ئەبێت دوای بیستنی ئەم ووتە و فەتوایانە ناڕەوایی خۆیان بۆ موسڵمانان ئاشكرا بكەن و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان بە پەشیمانی و تۆبەكاری بەڵكو خوای پەروەردگار لێیان خۆش بێت ، ئەگەر نە ئەوا ڕاستی مەبەستەكان بۆ موسڵمانان ئاشكرا دەبێت .

كەواتە دەتوانین بڵێین ئەو فەتوایەی كە فلانە یان فیسارە چەواشەكار بڵاوی دەكاتەوە ( قەولی قەدیمی ) شێخ ئەلبانیە . بە ڕەحمەت بێت . ، و بە دەیان فەتوای كە بە ( قەولی جەدید ) ی دادەنرێن ئەو فەتوایە گۆڕدراوە و حەرامێتی حزبی ئیسلامی و كاركردن لە گەڵیاندا دراوە .

ئەتوانین هۆكاری ئەو گۆڕینە لە فەتواكانی شێخ بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی كە ئەو كاتەی كە شێخ ئەلبانی ئەو فەتوایەی دابوو . فەتوای یەكەمی . حزبە ئیسلامیەكان پەیڕەو و بەرنامە و پرۆژەی كار و ئامانجەكانی خۆیان ئاشكرا نەكردبوو ، بۆیە شێخ گومانی باشی پێ بردوون و فەتوای داوە بە كار كردن لە گەڵیاندا ! بەڵام لە پاش ئەوەی كە بۆ هەموو لایەك ڕوون بووەوە كەوا " بەرنامە و پرۆژەی كار و ئامانجەكانی ئەو حزبە ئیسلامییانە " پێچەوانەی دەقەكانی قورئان و سوننەتن ، دەبینین شێخ ئەلبانی ڕاشكاوانە فەتوای بە حەرامێتی پەیوەندی كردنی بەو حزبانەوە دا .

ئەم شێوە مامەڵە كردنە لە گەڵ ووتە لە ڕواڵەت دژیەكەكانی زانایان هاودەنگە لە گەڵ ئەو بنەوایانەی كە زانایانی فەرموودەناس دایانناوە بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ فەرموودەكانی پێغەمبەری خۆشەویستمان

ﷺ ئەگەر لە ڕواڵەتدا وا دەرکەوتن کە ووتە و فەرموودەی دژیەکن ، ئەوەتا پێشەوا ( الحافظ ابن حجـــر ) فەرموویـەتی : (( فصارَ ما ظاهِرُهُ التَّعارُضُ واقِعاً على هذا التَّرتيبِ : (١) الجمعُ إِنْ أَمكَنَ . (٢) فاعْتِبـــارُ النَّاسِــخِ والمَنْسوخِ . (٣) فالتَّرْجيحُ إِنْ تَعيَّنَ . (٤) ثمَّ التوقُّفُ عنِ العَمَلِ بأَحدِ الحَديثينِ ))[19] واتــه : کـەواتە ئەوەی لـــە ڕواڵەتدا نەســازیٚ و دژیــەکی پێوە دیــاربــوو بــەم ڕیزبەندە ڕێکدەخرێت : (١) کـۆ کردنـەوە هــەردوو دەقەکە ئەگــەر توانرا . (٢) ئەگەر نە ، پاشان : حیساب بـۆ ( ناسخ ومنسوخ ) دەکرێت ، بەپێی مێژووی دەقـەکان . (٣) ئەگـەر نـە ، پاشـان : دەقێکیـان دەدرێت و پێش دەخرێت لـەوی تریـان ( واتـە : تـەرجیح کردن ) . (٤) ئەگەر ئەمەش هەر نەکرا : ئەوا لە کارکردن بە هەردوو دەقەکە دەوەستین .

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە ووتەیەکی پڕ واتای شێخ ئەلبانی باس دەکەم کە فەرموویەتی :

(( طالبُ الحقِ يكفيهِ دليل واحد .. وصاحِبُ الهَوى لا يكفيهِ ألفُ دليلٍ ، الجاهِلُ يُعَلَّم .. وصاحِبُ الهَوى ليسَ لنا عليهِ سبيل .. فنسألُ اللهَ إمَّا أنْ يهديَهُ .. وإمَّا أنْ يُقصِمَ ظهرَهُ )) .

واتە : ئەو کەسەی حەق ویستە تەنها یەك بەڵگەی بەسە ... بەڵام ئەو کەسـەی شوێنکەوتەی هـەوا و ئارەزووە هەزار بەڵگەش بۆی بەس نیە ، نەزان دەبێت فێر بکرێت ... و شوێنکەوتەی هـەوا و ئـارەزوو ئێمە هیچ ڕێگە چارەیەکمان بۆی نیە ... بۆیە داوا لـە خوا دەکـەین یـان ڕێگـای ڕاستی پیشان بدات و هیدایەتی بدات ... یان پشتی بشکێنێت .

کەواتە دەبێت بوترێت ئەو فەتوایەی کە تێیدا شێخ پشتگیری لە پێکهێنانی کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەکات ووتەی کۆنی شێخ ئەلبانیە و بە ووتـەکانی دوواتـری گۆڕاوە و حوکمەکەی گۆڕاوە و کاری پێ ناکرێت چونکە مێژووی ووتنی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ( ١٩٨٧ز ) کە ساڵی چاپکردنی ئەو کتێبەیە کـە فەتواکـەی تێـدا بڵاوکراوەتـەوە لـە سـاڵی ( ١٩٨٧ز ) دا چـاپی یەکـەمی لـە چـاپ دراوە ، کەچـی فەتواکانی تری بەڕێزیان دەگەڕێتەوە بۆ دووا ساتەکانی تەمەنی .

**خاڵی دووەم** : ئەگەر بڕوانینە فەتواکەی شێخ دەبینین شێخی پایەبەرز ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ بـە ڕاشکاوانە ڕێگـە دەدات بــە دامەزراندنی کۆمــەڵە ئیسلامیەکان ، هەروەکـو فەرموویەتی : ((

[19] ( نُزْهَةِ النَّظَر في تَوْضِيحِ نُخْبَةِ الفِكَر في مُصْطَلحِ أَهلِ الأَثَر : ج ١ / ص ١٨ ) .

إنّي أُئيِّدُ قيام الجماعات الإسلامية ... )) ، واتە : من پشتگیری دەکەم لە دامەزراندنی کۆمەڵە ئیسلامیەکان !!!

بەڵام خوێنەری فەتواکە ئەگەر بە ووردی بڕوانێتە فەتواکە دەبینێت ، شێخ لە پاش ئەو ووتەیەی جەخت دەکات لە سەر مەرجێك کە فەموویەتی : (( ولكني اشترطتُ أن تكون دائرة الإسلام هي التي تَجمع هذه الجماعات كلها ... )) ، واتە : بەڵام من ئەوە بە مەرج دەگرم کە بازنەی ئیسلام کۆکەرەوەی هەموو ئەو کۆمەڵانە بێت !!!

ئەوەی جێگەی تێڕامان و پرسیارە دەبێت لەو جۆرە چەواشەکارانە بکرێت ئەوەیە :

ئایا کاکی چەواشەکار ئەم مەرجەت نەبینیوە ؟!!! بۆ ئەوەی بیخەیتە ڕوو بۆ موسڵمانان بۆ ئەوەی لە ڕوانگەیەوە سەیری فەتواکەی شێخ بکەن ، و بەراوردی بکەن لە گەڵ واقعی کۆمەڵە ئیسلامیەکان لە گەڵ یەکدا ❋ ، خۆیان حوکمی ئەوە بدەن کە (( بازنەی ئیسلام کۆکەرەوەی هەموو ئەو کۆمەڵانە )) یە ؟! یان نە ؟!! یان دەتوانێت بەدەردی فەتواکانی لەگەڵ بکەیت و خەڵکی بەهۆیانەوە چەواشە بکەیت و قایلیان بکەی بە کارە نادروستەکانت ؟!!

## کۆتایی

دوا ووتەی ئەم نووسینە ووتەیەکی زێڕینی پێشەوا و زانای پایە بەرز ( ابن باز ) ە . بە ڕەحمەت بێت . پێشکەش دەکرێت بەو کەسانەی کە تاکو ئێستا ووتەی زانایان نرخ و بەهای خۆی لە لایان لە دەست نەداوە ، و کاریگەری چەواشەکاران نەکەوتووەتە سەریان ، ئەو پێشەوا گران قەدر و بەڕێزە فەرموویەتی : (( وكل فرقةٍ عندها شيء يُخالف الشرع المطهر فعليها أن تتوب منه ، وترجع إلى الصواب ،

---

❋ چونکە ئەگەر چەواشەکاران تەنها ئەو فەتوایەیان ببیستایە کە لە کاتی جیابوونەوەی ( کۆمەڵی ئیسلامی !!! ) لە ( بزوتنەوەی ئیسلامی !! ) درا ، لە لایەن نەزان و موفتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵی ئیسلامی کە تێیدا هاتووە : (( برایان ( مەبەستی موجاهیدەکانی کۆمەڵە ) !! ئەگەر هاتنە سەرتان ( واتە : پێشمەرگەکانی بزووتنەوە ) ئەوا تەقە بکەن بەم لاو ئەو لایاندا ، ئەگەر هەر هاتن ئەوا بیانکوژن !!!! )) ... ئەوا هەرگیز ڕووی ئەوەی نەدەبوو کە ئەم فەتوایەی زانای پایەبەرز ئەلبانی بکات بە بەڵگە ، چونکە تێیدا هاتووە : دەبێت بازنەی ئیسلام کۆکەرەوەی هەموو ئەو کۆمەڵە ئیسلامیانە بێت !!! نەك ئەوەی کە لە فەتواکەدا هاتووە !! جا خوێنەری بەڕێز ئەمە ببیستە و بزانە فەتواکە لە کوێ‌ی و واقعی گروپ و حزبە ئیسلامیەکان لە کوێ !!

وإلى الحق الـذي جـاء به نبينا محمد ﷺ ، وبهذا تنجو من الوعيد ، أمَّا إذا بقيت على البدع الـتي أحـدثتها في الـدين ولم تستقم على طريقة الرسـول ﷺ فإنَّها داخلة في الفِرَق المتوعدة بالنـار ... بـسبب ابتداعـه في الـدين وشرعه في الدين مـا لم يأذن به الله سبحانه وتعـالى )) [1] ، واتـه : هـەموو گروپێك ئەگـەر شتێكی هـەبێت پێچەوانەی شـەرعی پـیرۆزی ئیسلام بێـت ئـەوا پێویـستە لەسـەری تەوبـەی لـێ بكـات و بگەڕێتەوە بۆ لای ڕاستی و بۆ لای ئەو حەقەی كە پێغەمبەرمان محمد ﷺ پـێی هـاتووە ، بـەڵام ئەگـەر لەسـەر ئـەو بیدعانـەی مایـەوە كـە دایهێنـاوە لـە دینـدا و ڕاسـت نەڕۆیـشت لەسـەر ڕێگـا و ڕێبـازی پێغەمبەر ﷺ ئەوا دەچێتە ڕیزی ئەو گروپانـەوە كـەوا هەڕەشـەی چوونە نێو ئاگریان لـێكراوە ... ئەمەش بە هۆی بیدعە كردنی لە دیندا و بڕیاردان لە دیندا بە شتانێك كەوا خوای پاك و گـەورە ڕێی پێ نەداوە .

لە گـەڵ ئامـۆژگاریەكی بەنرخی ( أبـو العالية ) . بە ڕەحمـەت بێـت . بـۆ موسـڵمانان بەگشتی ، كـە تێدا فـەرموویەتی : (( تعلموا الإسلام فـإذا تعلمتموه فلا ترغبـوا عنه ، وعليكم بالصراط المستقيم ، فإنـه الإسلام ، ولا تحرفـوا يميناً ولا شمالاً ، وعليكم بسنة نبيكم ومـا كـان عليه أصحابه ... وإيـاكم وهـذه الأهـواء التي تلقي بين الناس العداوة والبغضاء )) ، واتە : فێری ئیسلام بن ، وە كە فێری بوون لێی لامەدەن ، وە شوێنی ڕێگا ڕاستەكە بكەون ، چونكە هـەر ئەوەیە ئیسلام ، وە بـەلای ڕاست و چـەپدا لامـەدەن ، وە دەست بگرن بە سوننەتی پێغەمبەرەكەتانەوە ﷺ ئەوەی كە هـاوەڵانی لە سـەر بـووە ... وە ئامـان دوركەونەوە لـەو كۆمـەڵە لاڕێ بـووانە كە دژایەتی و ڕقەبەری دەخەنە نێـوان موسـڵمانـانـەوە .

جا كە پێشەوا ( الحسن البصري ) ئەم ئمۆژگاریەی گێڕایەوە فەرمـووی : (( رحمـه الله : صـدق ، ونصح )) [2] ، واتە : بە ڕەحمەت بێت : ڕاستی فەرموو ، وە ئاموژگاریەكی باشی كردن .

---

[1] فتاوى نور على الدرب للشيخ ابن باز : ( ١ / ١٢ ــ ١٣ ) .

[2] أخرجه ابن وضاح في ( البدع والنهي عنها : ص ٣٢ ) ، وهو عند عبدالرزاق ( ١ / ٣٦٧ ) ، وأخرجه ابن نصر في ( السنة : ص ٢٦ ) ، و الآجري في ( الشريعة : ص ١٣ ــ ١٤ ) ، و اللالكائي في ( شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : ١ / ٥٦ ) ، و ابن بطة في ( الإبانة : ١١ / ٢٩٩ ) .

وە شوکر و ستایشی خوای پەروەردگار دەکەم کە زانایانی کردووەتە فاکتەری پاراستنی موسڵمانان لە هەموو کات و سەردەمێك ، بۆ ئەوەی ئێمەی فێرخوازانی زانستی شەرعی بتوانین ووتە بەنرخ و پڕ داناییەکانیان لە پەرتوکێکی ئاوادا کۆبکەینەوە ، بۆ ئەوەی ببێت بە ئامۆژگاری بۆ خۆمان و هەموو موسڵمانان ، هەروەکو پێشەوا و زانای پایەبەرز ئەحمەدی کوڕی حەمبەل . بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( الحمدُ للهِ الذي جعلَ في كُلِّ فَترَةٍ من الرُّسل بقايا من أهل العلم : يدعُونَ مَنْ ضَلَّ إلى الهُدى ... ويصبرونَ منهم على الأذى ... يُحيونَ بكتاب اللهِ المَوتى ... ويُبصرونَ بنورِ اللهِ أهلَ العَمى ، فكم مِنْ قَتيلٍ لإبليسٍ أَحيَوهُ ... وكم مِنْ ضالٍّ تائهٍ قد هَدَوهُ ... فما أحسنَ أثرُهُم على الناس وأقبحَ أثرُ الناسِ عليهم !!! ينفَونَ عن كتابِ اللهِ تحريفَ الغالين ، وانتحالَ المُبطلين ، وتأويلَ الجاهلين )) [٣] .

واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە لە دوای پێغەمبەران . عليهم السلام ـ لە هەموو سەردەمێکدا هەندێکی هێشتووەتەوە لە زانایان : بانگەوازی گومڕا بووان دەکەن بۆ سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەت ... وە ئارام دەگرن لە سەر ئازاردانی ئەوان بۆیان ... بە کتێبەکەی خوا دڵ مردووەکان زیندوو دەکەنەوە ... وە بە ڕووناکی ئاینەکەی خوا کەسانی کوێر و کوێرەوەر چاو ڕۆشن دەکەنەوە .

جا چەندین کوژراوی دەستی شەیتانیان زیندوو کردووەتەوە ... وە چەندین گومڕا و سەرگەردان و سەرلێشێواویان ڕێپیشانداوە .

ئای چەند جوانە شوێنەواری هەوڵەکانی زانایان لە سەر خەڵکی ... وە چەند ناشیرینە شوێنەواری خەڵکی لە سەر ئەوان !!!

گۆڕان کاری زیادەڕەوەکان ، و ئەو شتانەی کە پوچەڵ کارەکان دەیدەنە پاڵ دین ، و بە هەڵە مانا کردنی نەزان و نەفامەکان : لە کتێبەکەی خوا دوور دەخەنەوە .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

[٣] قالهُ إمامُ أهل السنَّة الإمام أحمد في مُقدمة كتابهِ : " الردُّ على الجهمية " .

بەم زووانە چاوەڕوان بن :

## فەرموودەی

# ( الفرقة الناجية )

## و

# ووتویێژیکی زانستیانە

## لە گەڵ ڕەتکەرەوانی ئەم فەرموودەیە

نووسینی : باوکی سوننە

**عدنان بارام کەلاری**